شوناس و هەڕەشە

کورد و بەغدا دوو ئاراستەی پێچەوانە

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

ناوی کتێب: شوناس و هەڕەشە.. کورد و بەغدا دوو ئاراستەی پێچەوانە

نووسەر: شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

بابەت: کۆمەڵەوتاری سیاسی

دیزاین: ئامەد

نۆرەی چاپ: یەکەم-٢٠٢٥

تیراژ: ٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٣٠٣٣) ساڵی ٢٠٢٥ی پێ دراوە

شوناس و هەڕەشە

کورد و بەغدا دوو ئاراستەی پێچەوانە

کۆمەڵەوتاری سیاسی
٢٠١١-٢٠٢٥

شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

پێڕست

- پێشەکی: ---------- ١٣

(٢٠١١-٢٠١٢) ---------- ١٩
-ئەجێندای سەرقاڵکردنی کورد لە ڕێگەی داگرتنی ئاڵاکەیەوە ----------٢١
-دەوڵەتی کوردستان و وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان---------- ٢٤
-دیکتاتۆرییەت.. دەردە کوشندەکەی عێراق ---------- ٢٩
-مالیکی.. پیاوی دروستکەری قەیرانەکان ---------- ٣٣
-کورد لە ململانێ سیاسییەکانی عێراقدا ---------- ٣٧
-ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و میدیای ئۆپۆزسیۆن ---------- ٤٠

(٢٠١٣-٢٠١٤) ---------- ٤٥
-کورد و گوتاری پارانەوە ---------- ٤٧
-عێراقییەکان لەنێو ململانێی تایەفەگەریدا ---------- ٥١
-کورد کام دەوڵەتی دەوێت؟ ---------- ٥٦
-خوێن بە خوێن.. شوناسی خێڵەکییانەی مالیکی ---------- ٥٨
-کورد براوەی ململانێکان دەبێت ---------- ٦٤
-لە ئێستاوە پیرۆزبایی لە براوەی هەڵبژاردنەکان ---------- ٦٩
-شوناسی داعش و مەترسی لەسەر ناوچەکەدا ---------- ٧٥
-سەرۆکی کوردستان چی بە جیهان و عێراقییەکان گوت ---------- ٨٢
-گرنگیی یەکڕیزی بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان ---------- ٨٨
-ئایندەی داعش ---------- ٩٦
-هەرێمی کوردستان و مەترسییەکانی دوای داعش ---------- ٩٩
-کێشەی کورد لەگەڵ مالیکی و عەبادی نییە ---------- ١٠٣

-پرسی سەربەخۆییی کوردستان دوای ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا ----- ١٠٧
-گرنگی وادەی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شنگال ---------- ١١١

(٢٠١٥) ---------- ١١٥
-نوکتەکەی ئەرشەد سالّحی ----------١١٧
-عێراق چی دەوێت؟ ---------- ١٢١
-هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکە! ---------- ١٢٥
-دەنگی تۆپەکانی داعش لە ژووڕەکەی عەبادی دەبیسترێن ---------- ١٣٠
-دەوڵەتی عێراق ماوە؟ ---------- ١٣٤
-دۆخی پاریس.. ئاماژەیەک بۆ پاشەکشەی داعش ---------- ١٣٨

(٢٠١٦) ---------- ١٤١
-کورد شەڕی کام لایەنانەی ناوچەکە بکات ---------- ١٤٢
-داعش خۆی مووسڵ جێدەهێڵێت ---------- ١٤٦
-کورد لە قۆناغی دۆنالّد ترەمپدا ---------- ١٤٩
-مووسڵ لە قۆناغی دوای داعشدا ---------- ١٥٣
-دەبێت کورد هەولێری هەبێت ---------- ١٥٧
-سێ سیناریۆ ئەمەریکییەکە بۆ ئایندەی مووسڵ ---------- ١٦٠
-ئۆپەراسیۆنی سەرتاسەری دژی فیکری داعشی ---------- ١٦٤
-عەبادی عەبادی عەبادی! ---------- ١٦٧
-بارزانی بەتەنیا جێمەهێڵن! ---------- ١٧٢
-دامەزراندنی حەشدی شەعبی ---------- ١٧٦

(٢٠١٧) ---------- ١٨١
-بەرژەوەندیی ئەنقەرە لە نێوان هەولێر و بەغدا ---------- ١٨٣
-کورد لەنێو گەرەلاوژەی بەغدا ----------١٨٧
-عێراق لە خراپەوە بەرەو خراپتر! ---------- ١٩٠
-هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی بازنەی ململانێ مەزهەبییەکاندا ------ ١٩٢

-لە خوێنەوە بۆ ڕیفراندۆم ---------- ١٩٦
-ڕیفراندۆم چیدیکەشە ---------- ١٩٩
-بۆچی کوردستان ڕیفراندۆم ئەنجام دەدات؟ ---------- ٢٠٢
-گەلی کوردستان بەغدای تاقیکردووەتەوە ---------- ٢٠٦
-دەوڵەت بە دیموکراسییەت دروست دەبێت؟ ---------- ٢١٠
-ڕیفراندۆمی کوردستان و دیموکراسییەتی ئەمەریکا و بەریتانیا ------- ٢١٦
-سیاسەت ئەنجامە ---------- ٢٢٢
-ڕیفراندۆم یان عەقڵییەتی بەغدا؟ ---------- ٢٢٥
-حەشدی شەعبی بەرەو کوێ! ---------- ٢٢٨
-شەڕی سەرمێزی دیالۆگ ---------- ٢٣٣
-پڕۆژەی حکوومەتی ڕزگاریی نیشتمانی ---------- ٢٣٧
-پاریس بەستەڵەکی قۆناغە سەختەکەی تواندەوە ---------- ٢٤١
-شازدەی ئۆکتۆبەر.. خیانەت و بێئاگایی ---------- ٢٤٤
-گەڕێکی دیکەی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە ---------- ٢٤٩
-بەرژەوەندیی هاوبەشی کورد و مالیکی ---------- ٢٥٣
-ڕیفراندۆم.. مۆتەکەی سەرشانی عەبادی ---------- ٢٥٨

(٢٠١٨) ---------- ٢٦٣
-خەونی کورد دەوڵەتە نەک پاراستنی لە هەڕەشەکان ---------- ٢٦٥
-بارزانی و ١٦ی ئۆکتۆبەر ---------- ٢٧٠
-هەڵبژاردنەکەی کەرکووک و بایکۆتەکەی پارتی ---------- ٢٧٦
-گەمە دیپلۆماسییەکانی هەولێر ---------- ٢٨٢
-دیالۆگ تەسلیمبوون نییە ---------- ٢٨٦
-پارەکە هی گیرفانی عەبادییە؟ ---------- ٢٩٠
-عەبادی خێر بە کورد ناکات! ---------- ٢٩٤
-بەغدا نەیتوانی هەولێر بکاتە دووڕگەیەکی پەراوێزخراو ---------- ٢٩٨
-عەبادی نایەوێت کێشەکان لەگەڵ هەولێر چارەسەر بکات ---------- ٣٠١
-هەولێر دەتوانێت قەرەبووی شکستەکان بکاتەوە ---------- ٣٠٥

-فرەلیستی.. ئازارێکی دیکەی دوای ئۆکتۆبەر ---------- ٣٠٩
-حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردەی شەڕ و دیالۆگدا - ٣١٤
-غروری ئێستای بەغدا و ئەگەری ئەنجامێکی پێچەوانە ----------٣١٩
-عەبادی نییەتی ڕێککەوتنی نییە ---------- ٣٢٦
-هەڵاتن لە بەرپرسیارێتی و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن---------- ٣٣١
-تێپەڕاندنی فۆبیای ئۆکتۆبەر ---------- ٣٣٤
-بۆچی پارتی؟ ---------- ٣٣٩
-ئەمەریکا نیگەرانییەکانی کورد دەڕەوێنێتەوە---------- ٣٤٤
(خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق)زنجیرە وتار: --- ٣٤٨
-گوشار دروستکردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناسەقامگیری لە عێراقدا دروست دەکات - ٣٤٨
- بەغدا بۆچی بودجەی بڕی و کام لایەنە دەتوانێت شەڕی بودجە بکات--- ٣٥٣
-پێشێلکردنی دەستوور.. ناسەقامگیری و دابەشبوونی عێراق ---------- ٣٥٩
-گەڕانەوە بۆ بەغدا و شەڕێکی سەختی دەستووری ---------- ٣٦٥
-ڕۆڵی کورد لەبەردەم پرۆژەی بەمەزهەبیکردنی عێراقدا ---------- ٣٧٠
-ڕووبەڕووبوونەوەی بەرنامەی پاککردنەوەی عێراق لە پێکهاتەکان ----- ٣٧٥
-گرنگیی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق ---------- ٣٧٩
-پاراستنی ئارامیی کوردستان لەنێو گەڕەلاوژەی عێراقدا ---------- ٣٨٢
-ڕیفراندۆمەکەی پارتی و بەشداریی هەڵبژاردنی عێراق ---------- ٣٨٦
-ئینجا نۆرەی یەکڕیزیيە ---------- ٣٩٠
-ئەمەریکا و سەدرییەکان ---------- ٣٩٣
-بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق و ئاماژەیەکی مەترسیدار ---------- ٣٩٥
-پاراستنی سەقامگیری.. ڕۆحی گەشەکردنی وڵات ---------- ٣٩٨
-شازدەی ئۆکتۆبەر لە خیانەتی سیاسییەوە بۆ زیانێکی گەورەی ئابووری ٤٠٢
-هەوڵی بەهەرێمکردنی پارێزگەی کەرکووک ---------- ٤١٣
-بەشێکی داهاتی نەوت بۆ لۆبیی کوردی ---------- ٤١٨
-کورد بچێتە نێو چ جۆرە هاوپەیمانێتییەکەوە؟ ---------- ٤٢٣
-شۆڕشی برسییەکان دژی حکوومەتێکی مەزهەبی ---------- ٤٢٧
-عەبادی و سۆشیاڵمیدیا ---------- ٤٣٠

-کورد له نێوان دوو تیمساحەکەدا ---------- ٤٣٤
-دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار ---------- ٤٣٨
-وەڵامێک بۆ وتاری هەوڵی ترازان و پێویستی سازان ---------- ٤٥٠
-کلیلی نەوتی کەرکووک ---------- ٤٥٧
-ڕۆبۆتەکان ئەمەریکا لە عێراق دەردەکەن؟---------- ٤٦١

(٢٠١٩) ---------- ٤٧١
-هەوڵێر و گوشاری عێراقییەکان لە دژی ئەمەریکا ---------- ٤٧٣
-جنێودەرەکان و ڕێککەوتنی حیزبەکان ---------- ٤٧٦
-داعش و خەلافەتەکەی ---------- ٤٧٩
-عەبادی لە نێوان عەبدولمەهدی و پارتیدا ---------- ٤٨١
-وزە و ئایندەی کوردستان ---------- ٤٨٤
-ئەمەریکا و شەڕی گرووپە تۆندڕۆ ئیسلامییەکان ---------- ٤٨٨
-ڕاسیزم ---------- ٤٩١
-ڕاسیزمی کوردی ---------- ٤٩٦
-عێراق.. ژینگەی لەبار بۆ بیری تۆندڕۆیی ---------- ٥٠٠
-هەڵبژاردنی کەرکووک.. مەترسییەک دەبێت بەهەند وەربگیرێت -------- ٥٠٦
-ئامانجەکە ڕوونە ---------- ٥١٠
-ڕیفراندۆمچی---------- ٥١٤
-یەکلیستییەکەی کورد لە کەرکووک---------- ٥١٧
-خۆپێشاندان و حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ---------- ٥١٩
-جیهان و ئازاری نەتەوەیەک ---------- ٥٢٢
-عێراق و ئەگەرەکان ---------- ٥٢٥
-ناسەقامگیری و ئایندەی عێراق ---------- ٥٢٩
-پۆرتریتی کوشتارگەی عێراق ---------- ٥٣٣

(٢٠٢٠-٢٠٢١) ---------- ٥٣٩
-دۆخی عێراق و پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ---------- ٥٤١
-شەڕەکە دەچێتە پەرلەمانی عێراق ---------- ٥٤٤
-عێراقی دوای بڕیارەکەی پەرلەمان ---------- ٥٤٧
-کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق ---------- ٥٥١
-محەمەد عەللاوی و بەغدای ئاڵۆز---------- ٥٥٤
-هەولێر و عەلاوی دووەم ---------- ٥٥٧
-گریمان کابینەکەی محەمەد عەللاوی متمانەی وەرگرت ---------- ٥٦١
-کورد لە گێژاوی سەردەمی مستەفا کازمیدا ---------- ٥٦٤
-عێراقییەکان و ئەزموونی سووریا ---------- ٥٦٩
-پارەکەی بەغدا! ---------- ٥٧٢
-پەلکانە.. داستانی سێیەم ---------- ٥٧٥
-ڕەهەندێکی باشی بڕیارەکەی بەغدا ---------- ٥٨١
-ئیمانوێل ماکرۆن.. دووپاتکردنەوەی دۆستایەتی و پاڵپشتی ---------- ٥٨٥

(٢٠٢٣) ---------- ٥٨٩
-ئەگەر بەغدا پڕۆژەیاساکەی پەسەند کرد و هەولێریش ڕەتی کردەوە--- ٥٩١
-پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشایەوە!---------- ٥٩٧
-پڕۆژە سیاسی و یاساییەکەی بەغدا ---------- ٦٠١
-یاسای نەوت و غاز.. مەترسییەکی چاوەڕوانکراو ---------- ٦٠٥
-پارتی و کەرکووک ---------- ٦١٠
-دیوەکەی تری قەرەچووغ ---------- ٦١٣
-کەرکووک دوای هەڵبژاردن ---------- ٦١٦
-دادگەی فیدراڵی و هەڵبژاردنی کوردستان ---------- ٦١٩

(٢٠٢٤) ---------- ٦٢٣
-یەکێتی و پۆستی پارێزگاری کەرکووک ---------- ٦٢٥
-مۆدێلی نوێی هەڕەشەکان ---------- ٦٢٨

-نەوتی عێراق و پەیکەرەکەی سەددام ---------- ٦٣٣
-بەغدا و پرۆژەی ڕاسیزمیانەی دژە کورد ---------- ٦٣٧
-دەنگدەری پارتی ---------- ٦٤٠
-پارێزگارە یەکێتییەکە لەژێر هەژموونی پۆستاڵدا ---------- ٦٤٦
-فرۆشتنی نەوت ---------- ٦٤٩
-حەلبووسی و پێشمەرگە ---------- ٦٥٣

(٢٠٢٥). ---------- ٦٥٧
-ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستان لەلایەن بەغداوە ---------- ٦٥٩
-یاسای گەڕاندنەوەی زەویوزار ---------- ٦٦٢
-مارکێتینگی نەوت و بەغداش چی لە هەولێر دەوێت؟ ---------- ٦٦٤
-تابووری پێنجەم ---------- ٦٦٩
-کۆنەکەی گۆڕان و تازەکەی سوودانی ---------- ٦٧٣

پێشەکی

کتێبی "شوناس و هەڕەشە.. کورد و بەغدا دوو ئاراستەی پێچەوانە" کۆمەڵەوتارێکی سیاسییە، لە نێوان ساڵانی (٢٠١١ تا ٢٠٢٥) پەیوەست بە کێشە بەردەوامەکانی نێوان هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بەغدای پایتەختی کۆماری عێراق نووسراون و بەشی زۆریان لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکان و چەند وتارێکیشیان لە ئەکاونتی تایبەتی خۆم، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا بڵاو کراونەتەوە.

شوناس و هەڕەشە، تەنیا ئەو وتارە بڵاوکراوانەی تێدان کە پەیوەندیدارن بە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەداخەوە زۆرینەی زۆری ئەو کێشانەی لەم کۆمەڵەوتارەدا تیشکیان خراوەتە سەر، ئێستاش بەردەوامن، مەزەندە دەکەم لە ئایندەشدا بەشێوەیەک لە شێوەکان بەردەوام بن، چونکە بەغدا نایەوێت کێشەی کورد بەپێی دەستوور و ڕێککەوتنەکان و دیالۆگ و بنەماکانی دیموکراسی

چارەسەر بکات. دەوڵەتێکە لەبری ئەوەی قەرەبووی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و کۆمەڵکوژکردنی کورد بکاتەوە، پرۆسەی سەرکوت و پێشێلکاریی بەرانبەر کورد و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بەردەوام تۆختر بووەتەوە.

کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی ئەم کۆمەڵەوتارە، دەکرێت سوودیان هەبێت، هەر هیچ نەبێت نەوەی داهاتوو، بزانن دەسەڵاتدارانی دوای سەددام حوسێن، ئەوانیش لە ستەمکاریی بەرانبەر کورد هەمان ڕەفتاریان هەبووە، بەڵام بە شێوازی جیا.

بەوپێیەی شوناس و هەڕەشە، دیدێکی ڕۆژنامەنووسییانەیە بۆ کێشە و دۆخی کورد لە کۆماری عێراقی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنەوەی دامودەزگەکانی عێراق و نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستووری عێراق و ناساندنی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا وەک قەوارەیەکی دەستووری، شوناس و هەڕەشە دیدی ڕۆژە و ڕووداوەکانی زیندوون و ئەوەی ڕوویان داوە تۆمار کراون و شیکردنەوەی سیاسییان بۆ کراوە، دیارترینیان پێشێلکردنی دەستوورە کە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، لە هەلومەرجی جیاواز و بەشێوەی جۆراوجۆر کاری پێنەکرا، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، تا ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقیش بڕوات.

بۆچی شوناس و هەڕەشە؟ دوای ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، عێراقییەکان بە کوردیشەوە دڵخۆش بوون بەوەی سەردەمێکی نوێ

و خۆشگوزەرانی بۆ هاوواڵاتییانی عێراق بە عەرەب و کورد و تورکمان و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەیشەوە دێتەدی، کەچی عێراق نەک هەر خۆشگوزەرانی بەخۆیەوە نەدیت و هاوواڵاتییانی ئاسوودە نەبوون، بەڵکوو دووچاری زۆرترین ئازار و ئاوارەیی و پێشێلکردنی مافەکانیان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی بوونەوە، کوردیش زیاتر لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق ڕووبەڕووی هەڕەشە کرایەوە، هەڕەشەی سڕینەوەی شوناسی کوردبوون و بەعەرەبکردنی خاکەکەی لەلایەن حکوومەتی بەغدا، سەرەڕای ئەوەی لە دەستووردا عێراق بە کۆمارێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراسی پێناسە کراوە، کەچی کێشەکان بە دەستوور چارەسەر نەکران و دەستوور تەنیا ڕووکەش و ئامرازێک بووە بۆ سەرکوتکردنی کورد و پێشێلکاریی بەرانبەر مافە نەتەوەیی و یاسایی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆماری عێراقدا.

لە شوناس و هەڕەشەدا، دەبینین حکوومەتی بەغدا بە هاوکاری و پاڵپشتیی گرووپە چەکدارە میلیشیاکان زۆرترین گوشاری جۆراوجۆری لە کورد کردووە، هەر کاتێکیش پێویست بووبێت، سوپا و حەشدی شەعبی و گرووپە میلیشیاکان بەرانبەر هەرێمی کوردستان بەکار هێناوە و ئاستی هەڕەشەکانی بە قۆناغ بۆ تۆندوتیژیش بەرز بووەتەوە. لە نموونەی هێرشکردنە سەر کورد لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە وێڕای ئەوەی خاکی کوردستانی بە کەرکووک و بەشێکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی داگیر کرد، پرۆسەی بەعەرەبکردن و دەرکردنی کورد و سەرکوتکردن لە دوای ئەم ڕووداوەوە بە بەرنامەی ڕێکخراو

دریژەی پێدرا بۆ ئەوەی کورد کەرکووک و سنووری ماددەی ١٤٠ی دەستوور چۆڵ بکەن.

ئەگەر ئەو عەقڵییەتە فاشیستییەی دەسەڵاتدارانی بەغدا خۆی نەگۆڕێت و بە دیموکراسی و ڕێزگرتن لە کورد مامەڵە لەگەڵ هەولێردا نەکات، بێگومان دەوڵەتی عێراق بۆ کورد جارێکی دیکە دەبێتەوە چوارچێوەیەکی دەوڵەتی ستەمکار بۆ گەمارۆدان و زیندانیکردنی نەتەوەیەکی دێرینی وەک کورد لەسەر خاکەکەی خۆیدا، ئەمەیش پەرچەکرداری کوردی بەدوادا دێت و ئەگەری پێکدادانی هەولێر و بەغدای لێدەکەوێتەوە.

شوناس و هەڕەشە، توێژینەوەی ئەکادیمی نییە، بەڵکوو بەڵگەنامەیەکی زیندووی ڕۆژنامەنووسییە و لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵەوتارەوە، ساتەوەختی پێشهات و ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان شیکردنەوەیان بۆ کراوە و تۆمار کراون. شوناس و هەڕەشە سەلمێنەری ئەوەیە عێراقی نوێ لە دوای (٢٠٠٣)ەوە، لەگەڵ بەهێزبوونەوەی و دامەزراندنەوەی دامودەزگەکانی دەوڵەت، حکوومەتی بەغدا هەموو هەوڵێکی داوە شوناسی کورد بسڕێتەوە و لە مامەڵەیشیدا لەگەڵ کورد، هەست دەکرێت لە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستانیش پاشگەزبووەتەوە، کاری جدی بۆ بچووککردنەوە و دەستوەردانی لە کاروباری هەرێمی کوردستاندا کردووە و بە قۆناغ و بە هێواشی وەک هەڕەشەیەک بەرانبەر کورد ڕەفتاری کردووە. سەرەڕای داگیرکردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان، شەڕێکی سەختی ئابووری و یاسایی بەرانبەر

کورد دەستپێکرد بەمەبەستی دروستکردنی هەڕەشە لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و سڕینەوەی شوناسی کوردبوون لە عێراقدا، تەنانەت لە زۆر قۆناغیشدا دادگەی فیدراڵی لە دژی کورد بەکار هێناوە.

لە سۆنگەی دیدی ئەم کۆمەڵەوتارەدا، دەبینین بەو عەقڵییەتە فاشیستییە، دەسەڵاتدارانی بەغدا ناتوانن دان بە ماف و بوون و شوناسی کورددا بنێن، هەتا ئەو عەقڵییەتە بەغدای پایتەخت بەڕێوە ببات و کارەکتەرەکانی بمێنن و دەسەڵاتدار بن، کێشەکانی کورد لە باشووری کوردستان لە کۆماری عێراقدا بەردەوام دەبن و بە جۆر و مامەڵە و ڕەفتاری جیاواز، هەڕەشە لە کورد و شوناسەکەی بەردەوام دەبێت و خۆی ئەبدێت دەکاتەوە. لەکاتێکدا عێراق و عێراقییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکە دەزانن کێشەی کورد تەنیا بە ڕێگەی دیموکراسی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان چارەسەر دەبێت نەک بە زەبروزەنگ و ڕەتکردنەوەی نەتەوەیەکی دێرینی وەک کورد!

(٢٠١٢-٢٠١١)

ئەجێندای سەرقاڵکردنی کورد لە ڕێگەی داگرتنی ئاڵاکەیەوە

هەرکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تەواوی بەرپرسان و نوێنەرانی کوردی لە حکوومەتی ناوەندی بانگهێشت کرد بەمەبەستی تاوتوێکردنی ڕەوشی سیاسیی عێراق و پرسی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، پێشبینیی کاردانەوەیەکی توندی حکوومەتەکەی مالیکم کرد کە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی شێواندنی ئەجێندای نەتەوەیی ئەو کۆبوونەوەیە بدرێت بەمەبەستی زیانگەیاندن و سەرقاڵکردنی شەقامی کوردی تاوەکو نەپرژێتە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا.

هێشتاکە بەتەواوی ئەجێندای ئەو شاندە باڵایەی کوردستان کە بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرسی کورد ڕۆیشتنە بەغدا بۆ هاووڵاتییان ڕوون نەببووەوە، نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بەهۆی پێداگری دووبارە بۆیەوە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، بڕیاری داگرتنی ئاڵای کوردستانی دەرکرد لە خانەقین و دەوروبەریدا و ئەمەش لەم ڕووانگەیەوە دێت مالیکی بەم بڕیارەی کە خودی خۆی و حکوومەتەکەی درکیان بەوە کردووە بڕیارێکی لەم جۆرە نە قابیلی قەبووڵکردنە و نە لەلایەن هاووڵاتییانی کوردی خانەقین و هیچ

ناوچەیەکی دیکەی دابڕاو لە کوردستان جێبەجێ دەکرێت، کەچی مەبەست لە دەرکردنی بڕیارێکی نایاسایی لەم شێوەیە تەنیا سەرقاڵکردنی کورد بۆ ئەوەی کورد نەپڕژێنە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی وەک پرسی مادەی ٠٤١ و پێشمەرگە و یاسای نەوت و زۆر بڕیار و پرسی دیکەش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیان و ماف و ئازادیی خەڵکی کوردستانەوە هەیە و مالیکی دەیەوێت لەگەڵ کۆتایی هێنانی کابینەکەی چارەسەریان نەکات یاخود بڕیار و ماددە دەستوورییەکان کە لە بەرژەوەندیی کورددان جێبەجێ نەکات و وەک ئاریشەیەکی زیندوو لەدوای خۆیەوە بە هەڵپەسێردراوی بیانهێڵێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بڕیارە کاردانەوەی دەرەکی لێکەوتەوە، مەبەست لە کاردانەوەی دەرەکی ئەوەیە لەسەر ئاستی عێراق دەنگدانەوەی جۆراوجۆری هەبووە، ئەوا بەپێچەوانەوە لەسەر ئاستی کوردستان کاریگەرییەکان بەشێوەیەکی دیکە بوون کە لە دهۆک ئالای عێراق داگیرایە خوارەوە و چەندین خۆپیشاندانیش دژ بەم بڕیارەی مالیکی ئەنجامدران.

کەواتە مالیکی توانی بەجۆرێک لە جۆرەکان هەرێمی کوردستان سەرقاڵ بکات، ئەم سەرقاڵییە بەهیچ جۆرێک لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا نییە و ئەمەش لەکاتێکدایە خودی مالیکی خۆی زۆرباش دەیزانی ئەم بڕیارەی جێبەجێ ناکرێت و تەنیا مەبەستی ئەو سەرقاڵکردن و لەبیربردنەوەی پرسە چارەنووسسازەکانی دیکەی پەیوەست بە خەڵکی کوردستانە بۆ ئەوەی خۆی لە جێبەجێکردنیان بدزێتەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان و بە شەقامی عەرەبی ڕابگەیەنێت:

من هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە بەشەکەی عێراق نادەم و تەنیا کاتیان پێ دەکوژم تا ئەو کاتەی دەوڵەتی عێراق و سوپاکەی دروست دەبنەوە و توانای بەرگریکردنیان دەبێت، ئینجا بەڕاشکاوی سیاسەتی عێراق بەرانبەر بە کورد و پرسەکەی بۆ ڕای جیهانی و عەرەبی و عێراقی ڕادەگەیەنم!

بۆیە باشتر وایە کورد بەتایبەتی دەزگەکانی ڕاگەیاندن وەک چۆن بایەخ بەم پرسە واتە داگرتنی ئاڵای کوردستان دەدەن، ئاواش دۆسیە چارەنووسسازەکانی دیکەی کورد بوروژێننەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و بەرپرسانی عەرەبی عێراق لەمە تێبگەن ئیدی ئێستاکە کورد ئەو نەتەوە هوشیارەیە بە بڕیارێکی لەم جۆرە کە بەهیچ شێوەیەک جێگەی قەبوولکردن نییە سەرقاڵ ناکرێت و پرسە گرنگەکانی نەتەوەیی خۆی هەمیشە لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبینێت و هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ڕووداوە سیاسی و دۆزمنکارەکاندا دەکات و هەرکاتێکیش ناوچە دابڕاوەکان هاتنەوە سەر هەرێم ئیدی وەک چۆن لە هەولێر و سلێمانی ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە، ئەوکاتە لە خانەقین و کەرکووک و تەواوی ناوچەکانی کوردستان بی هیچ بەربەستێکی عەرەبی و سیاسی دەشەکێتەوە و هەروەها پێویستە بەرپرسانی کورد لە بەغدا ئەوە بۆ لایەنی عێراقی و بەتایبەتی لیستی دەوڵەتی یاسا کە مالیکی سەرۆکایەتی دەکات ڕوون بکەنەوە مادام هەرێمی کوردستان لە دەستووردا دانیپێدانراوە، کەواتە ئاڵاکەشی فەرمییە و وەک ئاڵای عێراق ئەویش ئاڵای عێراقە و دەکرێت لەسەر باڵەخانەکانی بەغدا و بەسڕەش لە تەک ئاڵای عێراقدا هەڵبکرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٣٩٠١ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١١/١٠/١٨

دەوڵەتی کوردستان و وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەر لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە نەورۆزی ئەمساڵدا پێشکەشی هاوواڵاتییانی کوردستانی کرد، دەزگا و ڕۆژنامەنووسانی ئەهلی و ڕۆشنبیران و بەتایبەت کارەکتەرە سیاسییەکانی نێو ئۆپۆزسیۆن، بە توندی ڕەخنەی ئەوەیان ئاراستەی سەرکردە سیاسییەکانیان دەکرد و بەوەش تۆمەتباریان دەکردن گوایە لە ئاست کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا سیاسەتی شەرمنانە و ناشەفاف پەیڕەو دەکەن و بە ئاشکرا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ناکەن و هەوڵی جیدی نادەن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و زۆر وتار و قسەی دیکەش کە سەرلەبەریان دیدی ڕەخنەیی بوون.

ئەمەیش بەلای منەوە ئەوپەڕی ئازادیی قسەکردن و ڕادەربڕین دەگەیەنێت و بە دیوەکەی دیکەیشەوە بنەمایەکی گرنگە بۆ گەیشتنمان بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و مەدەنی کە پێویستە ئامانجی هەموو تاکێکی کوردستانی بێت بە کورد و نەتەوە جیاوازەکانی دیکەیشەوە.

وتارەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە زمانی کوردی پێشکەشی کرد، تێیدا بە توندی گوشاری خستە سەر

حکوومەتی عێراق و کابینەکەی نووری مالیکی بەوە تۆمەتبار کرد نەیتوانیوە چارەسەری کێشەکانی کورد بکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە خۆیان لە ئاست کێشەکاندا دزیوەتەوە، هاوکات هێشتاکە لایەن و دەزگا ڕۆژنامەوانییە عەرەبییەکان فریای تەرجەمەکردنی وتارەکەی بارزانی نەکەوتبوون بۆ سەر زمانی عەرەبی ئیدی لە میدیاکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانەوە لەبری ئەوەی داکۆکی و پشتگیری لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێم بکەن کە سااڵنێکە وەک ڕەخنەیەک ئاراستەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی دەکەنەوە، بەپێچەوانەوە کەوتنە ڕەخنەگرتن لە وتارەکەی و ئاماژەیان بەوە دەکرد کە جارێ هێشتا کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان نییە و وتارەکەی بارزانی هێندەی کێشەی شەخسییە لەگەڵ خودی نووری مالیکی، هێندە هەڵوێستی نەتەوەیی نییە بەرانبەر حکوومەتی ناوەند و بەتایبەتی مالیکی، ئەم بۆچوونە چ لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و چ لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ئەهلییەوە لە زیان گەیاندن بە دۆزی ڕەوای کورد لە باشوور هیچ سوودێکی نەبووە و دەکرا بەرانبەر کاردانەوەی عەرەبەکان پشتگیریان لە ئەجێندای وتارەکە بکردایە لەپێناو بەرژەوەندیی کوردستان. دواتریش بە ماوەیەکی کەم کاردانەوەی وتارەکە دەزە و ناوەندە سیاسی و میدیاییەکانی عەرەبی و نێودەوڵەتیشی گرتەوە و بۆچوون و دیالۆگی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بۆ چەند ڕۆژێک بووە مانشێتی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبیەکان و هاوکات خوێندنەوەی ئەوەش بۆ سەردانە فەرمییەکەی سەرۆکی هەرێم دەکرێت بۆ ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا، ڕاستەوخۆ سەردانەکەی پەیوەندی بەو وتارەوە هەبووە

کە بەدوای خۆیدا بەشێکی زۆری عەرەبەکانی عێراقی تووڕە کرد، چونکە لەو وتارەدا پێداگری لەسەر چارەسەرکردنی خێرای کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا کرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و ئەگینا میللەتی کورد لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بڕیاری خۆی دەدات، ئەمەیش مانای جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە بە هەرچی کەموکوڕی و پێشکەوتنەکانییەوە جا هەر ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە بۆچوونگەلێک هەن کە دەوڵەتێکی لاواز بە باشتر دەزانن لە خەونبینین بە دەوڵەتەوە، ئەمەش بەو مانایەی دواتر دەوڵەت بەپێی زەمەن و پرۆسەی چاکسازی و ئیدارەکردنەوە پێشدەکەوێت و ئەمەش هەروا ئاسان نییە و کارکردنی زۆری دەوێت، ڕەنگیشە لە سەرەتادا کورد لە باشوور دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنێت بۆ ماوەی چەند ساڵێک دووچاری کێشەی ئابووری و دەرەکی ببێتەوە لەگەڵ چوار دەوڵەتەکەی دراوسێی کوردستاندا، ئەوانیش ئێران کە ئێستاکە لەژێر گوشاری نێودەوڵەتی دایە و دواتریش تورکیا و سووریا و عێراقن، هەریەکە لە سوریا و عیراق بە درێژایی مێژووی کورد، هەمیشە هۆکارێکی سەرەکی بوونە لە نانەوەی ئاریشە و داگیرکردنی خاکی کوردستان بەبیانووی جۆراوجۆرەوە، جارێک بەبیانووی ئایینەوە کە وڵاتانی عەرەبی، وڵاتی ئیسلامین و ناکرێت پارچە پارچە بکرێن، جارێکی تریش بەهۆی ئەوەی کورد لە ناوچەکەدا مەترسین بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و هاوکاتیش ئەمە لە کاتێکدایە خودی وڵاتانی عەرەبی مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەر جارە و وڵاتێکیان ڕووبەڕووی گوشاری وڵاتانی نێودەوڵەتی

دەبێتەوە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە کە هیچیان لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و مەدەنی یەکناگرنەوە، واتە مەترسین بۆ سەر پێگەی دیموکراسی و مەدەنی لەسەر ئاستی جیهاندا و دواتریش مەترسیی ژیانی هاوواڵاتیان لە ناوچەکەدا.

لەگەڵ ئەوەی مالیکی لە هەڵبژاردنەکاندا شکستی هێنا، بەڵام بەهۆی پێداگری و دواتریش دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هاتنی لایەنە عەرەبییەکان بۆ هەولێر و پاشانیش ڕێککەوتن لەسەر هەندێک چارەسەر بۆ دەربازبوونی عێراق لەو قەیرانەی ماوەی زیاتر لە هەشت مانگ بوو نەدەتوانرا حکوومەت پێک بهێنرێت، ئەوەبوو ئەیاد عەلاوی بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی خراپی عێراق قبووڵی کرد نووری مالیکی ببێتەوە سەرۆکی حکوومەت و ئیدی دوای زیاتر لە هەشت مانگ حکوومەتێکی لەرزۆک و نەخۆش پێکهات و تاوەکو ئێستاکەش ئەم حکوومەتە وەک حکوومەتێک لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، بەڵکوو هەر لەو ساتەوەی پێکهاتووە لەژێر هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەدایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو شکستی زیاتر دەڕوات، بۆیەش لە ئێستاکەدا پێویستە کورد لە بەرانبەر حکوومەتی ناوەندی عێراقدا گوتارێکی یەکگرتووی هەبێت و هەوڵی ناشیرینکردنی یەکتری نەدەن بۆ زیادکردنی پێگە و نفوزی حیزبی خۆیان، ئەمەیش کاردانەوەی بۆ سەر عێراق دەبێت کە ڕەنگە بەهۆیەوە زۆرێک لەو کێشانەی کوردستان لەگەڵ ناوەنددا هەیەتی چارەسەر بکرێن، وەک جێبەجێکردنی ماددەی ٠٤١ و پێشمەرگە و مەسەلەی نەوت و گاز و گرێبەستەکانی و بودجە و گەڕانەوەی ئەو ناوچە کوردیانەی

داگیرکراون، خۆ ئەگەریش ئەمانە لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە چارەسەر نەکرێن، ئەوکاتە کوردیش هەڵوێستی خۆی دەبێت و هاوکات پێویستیشە ئیش بۆ دەوڵەتێکی کوردستانی بکرێت، نەک دەوڵەتێکی کوردی، چونکە ئێمە کاتێک دەڵێین دەوڵەتی کوردی، بەدڵنیاییەوە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەو نەتەوە و ئاینزا و مەزهەب و کەمایەتیانەی لە کوردستاندا دەژین، دووچاری نائومێدی دەبنەوە و ئەمەش کاردانەوەی خراپی بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتی کوردستان دەبێت و ڕەنگە بەهۆیەوە دەوڵەتێکی ئاڵۆزی دوور لە ژیان و پرەنسیپەکانی مەدەنی بێتە ئاراوە، ئەمەیش ئامانجی ئێمەی کورد نییە، بەڵکوو ئامانج و کارکردنی کورد بۆ دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنی و پێشکەوتووی بێ کێشەیە لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەک بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٠٤٧ لە ڕۆژی ٢٠١٢/٤/١٩

دیکتاتۆرییەت.. دەردە کوشندەکەی عێراق

هەرکە ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق بۆ عێراقییەکان لە زەمەنێکی هەستیاردا ڕاگەیەنرا و شکستی لیستەکەی نووری مالیکی پیاوە ئیسلامییەکە لە بەرانبەر لیستەکەی ئەیاد عەلاوی ،پیاوە عەلمانییە تەنیاکەی عێراق بووە مانشێت و هەواڵی زۆرێک لە ڕۆژنامە و ناوەندە میدیاییەکانی عێراقی و عەرەبی و بەشێکی زۆریشی لە میدیاکانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد کە پێشبینیی ئەوەیان دەکرد عێراق لە دیکتاتۆرییەت و داخراویەوە خەریکە بەهۆی عەلاوییەوە بەرەو کرانەوە و عەلمانیبوون دەڕوات، بەمەش ڕاستەوخۆ ئیسلامییەکان و بەتایبەتی لیستەکەی نووری مالیکی دووچاری هەڵچوونی سیاسی بوون و بێشەرمانە دووبارە داوای دەسەڵاتییان کردەوە، ئەمەیش هاوکات بوو لەگەڵ ئەو شکستەی مالیکی و لیستەکەی بەرانبەر بە عەلاوی دووچاری بوون و هیچ سەرەداوێکی ڕادەستکردنەوەی دەسەڵات لەلایەن مالیکییەوە بەدی نەدەکرا و چەندین قەیرانی سیاسیی گەورە گەورەی بەدوای خۆیدا

هێنا، تەنانەت سەرپێچی لە دەستووری عێراقیشدا کرا بۆ ڕازیکردنی عەلاوی بەوەی ئەنجوومەنێکیان دروستکرد بەناوی "ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان" و ئەو ئەنجوومەنە تەنانەت بەمردوویش لەدایک نەبوو، دەبوایە چاودێر بێت بەسەر سیاسەتە ستراتیژییەکانی عێراق و بەتایبەتی کەموکوڕییەکانی حکوومەتەکەی مالیکی.

دوای زیاتر لە هەشت مانگی لێوانلێو لە ململانێ و هێنان و بردنی یەکتری، لایەنە عێراقییە عەرەبییەکان و لە قۆناغێکی هەستیار و دیکتاتۆریانەدا نووری مالیکی سەرۆکایەتیی حکومەتێکی نەخۆشی گرتەدەست و زۆرێک لە وەزارەت و فەرمانگە ستراتیژی و ئەمنییەکانی عێراق بە وەکالەت ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر چنگی ئەو پیاوە و ئیدی لەو ڕۆژەوە عێراق دووبارە گەڕایەوە دۆخێکی مەترسیدار کە ماف و ئازادییەکانی ئینسانی عێراقی و لەولاتریشەوە بەتایبەتی کورد پێشێل کرایەوە لە چارەسەرنەکردنی ئاریشەی کورد لەگەڵ ناوەند و دروستکردنی کێشە و بەکەم سەیرکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و جێبەجێنەکردنی ماددەی١٤ کە بەهۆی جێبەجێ نەکردنییەوە ئایینەدەی کورد لە باشوور ناڕوون دەبێت و هەمیشە لەگەڵ عێراق لە کێشە و بەیەکداچوونی جۆراوجۆردا دەمێنێتەوە، لەوانەشە لە دواییدا کار بگاتە بەکارهێنانی چەک.

ئەو مەترسیانەش کەموزۆر سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارەکانیدا ئاماژەی پێداوە لەوەی مالیکی هەڕەشەی بەکارهێنانی چەک بەتایبەتی فرۆکەی ئێف١٦ دەکات کە هێشتاکە نەهاتووەتە

عێراق، ئیدی بەهۆیەوە هەڕەشە لە کوردستانییەکان دەکرێت، هاوکات کوردستانییەکان لە بەرانبەر ئەو هەڕەشانەدا وەکو پێویست هەڵوێست و گوتاری سیاسییان یەک نییە یاخود ڕێک نەخراوە، تەنانەت کەس و لایەنی کوردستانی هەن کە بەشداربوونە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، ئەو کێشانە بە کێشەی شەخسی نێوان نووری مالیکی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەزانن و ئەم جۆرە گوتارانە هێندەی تر زیان بە بەرژەوەندییەکانی کورد دەگەیەنێت و بەدیوەکەی تریشەوە لە بەرژەوەندیی عەرەبەکاندایە و وەک بەڵگەیەکیش بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنن.

یەکگوتاری و یەکهەڵوێستی سیاسی و ئابووری لە بەرانبەر عەرەبەکان و حکوومەتی ناوەند، باشترین چەکە کە کوردستان لە مەترسییە دەرەکییەکان دەپارێزێت، نابێت بەو مانایە بێت لە ناوخۆی کوردستاندا بۆچوون و ئاراستەی جیاوازی سیاسی نەبێت، بەپێچەوانەوە فرەبۆچوون و فرەحیزبی و فرەئاراستەیی لە سیاسەت لە چوارچێوەی وڵاتێکدا نیشانەی شارستانییەت و مەدەنیبوون و دیموکراسیەت و ڕێزگرتنە لە ئازادیی بیرکردنەوە و بەشداریی سیاسی و بۆچوونی جیاوازی سیاسی، هەموو ئەمانە بنەمان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگە و ڕژێمێکی دیموکراسی کە بۆ کوردستانییەکان زۆر پێویستە لە ناوچەکەدا، بەو دەلیلەی تەواوی وڵاتانی زلهێزی دونیا بەتایبەت ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنساو ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەش لە بواری جیاواز جیاوازدا چاودێریی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بە چ ئاراستەیەکی حوکمڕانیدا دەڕوات،

دیموکراسییە یان دیکتاتۆریەت، بەدڵنیاییەوە ئەو وڵاتانەش کە سیاسەتی بەشێکی زۆری دونیایان بەدەستەوەیە، پشتگیری لەوەی یەکەم دەکەن، واتە دیموکراسییەت و مەدەنییەت.

کەواتە لەسەر هاونیشتمانیانی کوردستان پێویستە شەڕی دیموکراسی لەگەڵ مالیکیدا بکەن و بە یەکگوتاری سیاسیی کوردستانییبانە وەڵامی هەموو ئەو هەڕەشە و پلانانە بدەنەوە کە هەست دەکرێت لە ئێستاکەدا دژی هەرێمی کوردستان لەئاراداان، هاوکات باشترواید پارتی و یەکێتی و ئەو لایەنە سیاسییانەی دیکەش کە لە حکوومەتدان فەزایەکی کراوە و دیموکراسییانە بۆ موناقەشەی سیاسی و ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بخوڵقێنن، بەمەش پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان دەستەبەر دەبێت، چونکە ئێستاکە عێراق بەیەکێک لە وڵاتە ترسناک و گەندەڵ و داخراوەکانی ناوچەکە دادەنرێت، کەمتر کوردستان لەم مەسەلاندا تێوەگلاوە و تاوەکو ئێستا متمانەی خۆی وەک هەرێمیکی جیاوازتر لە عێراق لەدەست نەداوە، واتە کاتێک باسی عێراق دەکرێت بە هەرێمی کوردستان دەگوترێت عێراقەکەی دیکە، ئەمەش دەلالەتی ئەوە دەگەیەنێت بەڕاستی کوردستان جیاوازتر بووە لە عێراق.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٠٥٦ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٢/٤/٣٠

مالیکی.. پیاوی دروستکەری قەیرانەکان

کاتێک ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیەندرا، شکستی لیستە ئیسلامییەکەی نووری مالیکی بەرانبەر لیستەکەی ئەیاد عەلاوی بووە مانشێتی ڕۆژنامە جیهانی و عێراقییەکان و خوێندنەوەی جیاواز بۆ عێراقی دوای هەڵبژاردنەکە دەکرا. هەندێک پێیانوابوو لەمەودوا عێراق بەرەو کرانەوە دەڕوات بەوپێیەی عەلاوی کارەکتەرێکی عەلمانی و کراوەیە، ئەمەیش هاندەرێک دەبێت تاوەکوو عێراقییەکان ئاشت بکاتەوە. لە بەرانبەریشدا بۆچوونێکی تری بەهێز هەبوو هەندێکی دیکە پێیانوابوو ئیدی مالیکی بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵات نابێت، ئەوەبوو بۆچوونەکەی دووەم ڕاست دەرچوو و دوای زیاتر لە هەشت مانگ، مالیکی سەرەڕای شکستە هەڵبژاردنییەکەی حکوومەتی قەیراناوی لە کاتێکی هەستیاردا پێکهێنا

و دەسەڵاتەکانی لە چەند وەزارەت و فەرمانگەی سیادی وڵاتدا چڕکردەوە بەتایبەتی ئاسایش و سەربازی.

ئەمەیش وایکرد ناڕەزایی عێراقییەکانی لێبکەوێتەوە و لەنێویشیاندا لایەنی کوردستانی پێداگریان لەسەر داوا ڕەواکانی قەزیەی کوردستانی کردەوە کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و پێشمەرگە و نەوت و بودجە و بەشداریپێکردنی لایەنی کوردی بووە لە دەسەڵاتەکانی عێراقدا وەکوو هاوبەش، ئەوەبوو هیچ یەکێک لەوانە بۆ کورد نەهاتنەدی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا لە نەورۆزی ئەمساڵدا ئەمەی بە کورد و عەرەبەکان ڕاگەیاند ئەگەر مالیکی بەخێرایی چارەسەری کێشەکان نەکات ئێمە بۆ گەل دەگەڕێینەوە.

لە ئێستادا مەسەلەی لێسەندنەوەی متمانە لە نووری مالیکی بووەتە دیارترین پرس و باس لە ناوەندی میدیایی و سیاسی لە عێراق و بەشێکی وڵاتانی جیهان و کاردانەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە و عێراقیش زیاتر بەرەو قەیران چووە و پرسیاری ئەوە دروست بووە چارەنووسی مالیکی وەک سەرۆکە شکستخواردوەکەی هەڵبژاردن بەرەو کوێ دەڕوات؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی دزەیان کردووە، لە کۆبوونەوەکەی دووکاندا لایەنە سیاسییەکان ڕێژەی دەنگەکانی خۆیان ئاشکرا کردووە

بەمەبەستی لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی، عێراقییە ٨٣ دەنگ و ڕەوتی سەدر ٤١ دەنگ و پەرلەمانتارانی پارتی ٣٣ دەنگ، ئەم ژمارەیەش دەکاتە ١٥٧ دەنگی پەرلەمانتاران و بەم ژمارەیەش ناتواندرێت متمانە لە مالیکی بسەندرێتەوە، بەڵکوو بۆ لێسەندنەوەی متمانە پێویستە ١٦٣ دەنگ بەسەرەوە هەبێت. هەر بەپێی زانیارییەکان لایەنی یەکێتی بەهیچ شێوەیەک باسی دەنگەکانی خۆیان نەکردووە، ئەمەیش گومان دروست دەکات یەکێتی هاوهەڵوێست نییە لەگەڵ پارتیدا لە مەسەلەی لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی، ئەمەیش لەکاتێکدایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەجدی ئیش لەسەر ئەو پرسە دەکات و لێدوانەکانی ئاماژەی سیاسیی بەهێزن بۆ متمانە سەندنەوە لە مالیکی و تاڕادەیەکیش زیرەکیی کورد لە دروستکردنی ڕەئی بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆکوەزیرانی عێراق دەرکەوتووە.

لەکاتێکدا مالیکی حکوومەتەکەی پێکهێنا، زیاتر لە هەشت مانگ ناڕەزایی هەبوو بۆ ئەوەی نەتوانێت حکوومەت پێک بهێنێت، چونکە لیستی عێراقییە براوەی هەڵبژاردن بووە و مافی پێکهێنانی کابینەکەیان بەخۆیان دەدا، ئەمەیش عێراقی دووچاری چەندین قەیرانی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورە کردووە و ئێستاکەش ناڕەزاییەکان بە ئاراستەیەکی تردا ڕۆیشتوون بە داواکردنی لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی، بەم شێوەیەش کابینەکەی مالیکی

سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و زۆربەی عێراقییەکان بە حکوومەتی خۆیانی نازانن، بەتایبەتی کورد، ئەمەیش دەلیلی ئەوەیە مانەوەی مالیکی سەرەڕای پێگە سیاسییە بەهێزەکەی کاتییە، گرنگ ئەوەیە کورد ستراتیژی دوای مالیکی بخوێنێتەوە و هەوڵبدات لەگەڵ لێسەنەندنەوەی متمانە لە مالیکیدا مافەکانی کوردستان بهێنرێتە دی و ئەمەیش بە یەکڕیزیی تەواوی لایەنە سیاسی و جەماوەری کوردستان دەبێت، هەروەها ڕێگە نەدرێت عێراق بە ئاراستەی داخراوی و دیکتاتۆریەت هەنگاو بهاوێت وەک ئەوەی ئێستاکە مالیکی ئیش لەسەر بەهێزکردنی ناوەند دەکات لەسەر حسابی بێهێزکردنی دامەزراوە سیاسی و ئابووری و ئەمنی و سەرەڕای هەموویان هەرێمی کوردستان. گرنگی لێسەندنەوەی متمانەش لە مالیکی لەوەدایە ئاماژەیەکە ئێستاکە کوردستان پێگەیەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێت سەرۆکوەزیرانی عێراق بگۆڕێت.

هەفتەنامەی پرس، ژمارەی ١٥٦ لە ڕۆژی ٢٠١٢/٦/٥

کورد لە ململانێ سیاسییەکانی عێراقدا

بەر لە داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا و ڕزگارکردنیشی لەلایەن هێزە کورددییەکانەوە، کورد لە ململانێکانی عێراقدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە کە ڕاستەوخۆ بتوانێت گوشاری بەهێز بخاتە سەر دەسەڵاتەکەی سەدام حوسێنی سەرۆکی ئەوکاتی عێراق، بەڵکوو ئەوەی هەبووە تا ئاستێکی زۆر پاراستنی کوردستان بووە بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە ئەگەر مەترسیی هێزە دەرەکییەکان نەبووایە، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نەبوو سەدام هێرشی دەکردە سەر ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستانی باشوور و بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە کوردیش خاوەنی ئەو هێزە بەتوانایە نەبوو بتوانێت لە بەرانبەر هێزە پڕ چەکەکەی سوپای سەدام بەرگری بکات، ئەمەیش بۆ لاوازی کورد ناگەڕێتەوە، بەڵکوو پەیوەندی بە نەبوونی چەکی بەهێز و دووبەرەکیی ناوخۆی هێزە

کورددییەکان و هەژاری خەڵکەوە هەبوو کە توانای گوشار و بەرگری کەم بووە، بەڵام لە ئێستادا کورد سەرەڕای هەموو هەڕەشەکان کە لەسەرێتی، تاکوو ئاستێکی باش توانیوێتی لەبەردەم هێزە چەکدارەکانی عێراق خۆڕاگر بێت کە ماوەی چەند ساڵە لەگەڵ هەرێمدا لە کێشەدان لەسەر هەندێک پرسی گرنگی هەرێم لەگەڵ بەغدا.

ئەوانیش مەسەلەی بودجەی پێشمەرگەی و جێبەجێکردنی ماددە ئەفسانەییەکەی ١٤٠ و بودجەی گشتی و نەگەڕانەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان و لە سەرووی هەموویانەوەش پرسی دەرهێنانی نەوت و کۆمپانیا بیانییەکانی تایبەت بە نەوت کە لە هەرێمدا کار دەکەن، ئەمانەش جاری وا هەبووە ململانێکان گەیشتوونەتە ئاستی هەڕەشەی سەربازی، وەک لە زوومار پێشمەرگە ڕێگری لە لەشکرکێشیی نووری مالیکی کرد و ئەوەبوو هاوسەنگییەکەی بەلای کوردەوە کەوتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستاکە لە ناوچەکانی تری وەک کەرکووک و سەڵاحەددین ڕوو دەدەن بەهۆی دروستبوونی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەوە، ئەوە شتێکی تڕە و مەبەست و مەغزای گەورەتری لەپشتەوەیە، پێموایە کورد لەمەشیاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، چونکە لە ئێستادا شەڕکردن بۆ مالیکی لە زیان بەوڵاوە هیچی تری پێنابەخشێت، ڕاستەوخۆش لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەدرێت، خودی مالیکیش ئەو ڕاستییە

دەزانێت، بەڵکوو ئەو جۆرە هەڕەشانەی بۆ زیادکردنی نفووزی خۆیەتی لە کەرکووک بۆ ئەوەی عەرەبەکان هەست و سۆزی نەتەوەییان بجووڵێت و لە هەڵبژاردنی ئایندەدا دەنگ بە مالیکی یان کاندیدی حیزبەکەی بدەن، کەواتە کورد لێرەدا دەتوانێت خۆڕاگر بێت، بەڵام بەیەکەوە و بۆ یەک ئامانج و ئەویش داکۆکیکردن بێت لە سەرخستنی دۆزەکەی.

بە دیوەکەی دیکەیشەوە ئەو ململانێیانەی ئێستاکە هەرێم لەگەڵ بەغدا دەیکات، سەرەڕای دروستکردنی ئاڵۆزییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی، سوودی بە بەهێزبوونی کوردیش گەیاندووە، چونکە کورد ئێستاکە دەتوانێت لە عێراقدا بڵێت نەخێر من ئەمەم قبوووڵ نییە. دەسەڵاتدارەکانی عێراقیش زۆرباش لەوە گەیشتوون کە پێگەی کورد بەهێزتر بووە و تەنانەت ئەمەریکا و هەندێک وڵاتی دیکەش نایانەوێت کورد لەدەست بدەن.

هەفتەنامەی میدیا، ژمارەی ٥٥٩ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٢/١٢/١١

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و میدیای ئۆپۆزسیۆن

یەکەم هەڵەی ستراتیژیی سەرکردە کوردستانییەکان لە کاتی نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری عێراقدا ڕەزامەندبوونیان بوو بە ناوهێنانی ناوچە کوردستانییەکان لە دەستووردا بە ناوچە کێشەلەسەرەکان، واتە ئەو ناوچانەی لە سەردەمی دەسەڵاتی سەددامدا دەکەوتنە دەرەوەی (هێڵی ٣٦)ەوە، کەواتە کورد لەو کاتەدا و بەهۆی ئەم هەڵەیەوە کەوتە ناو ململانێی ئاڵۆزییەکانی عێراقەوە، ئەمەیش لەکاتێکدا بوو کورد لەوکاتەدا دەیتوانی ناوچە کوردستانییەکانی سەردەمی هێڵی٣٦ بە گوشاری هێزی پێشمەرگە بگەڕێنێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام کە دیسانەوە دەیتوانی پێداگری بکات و ڕێگە نەدات لە دەستووری عێراقدا ئەو

ناوچە کوردستانییانە بە ناوچەی کێشەلەسەر ناوبهێنرێن، چونکە ئەمە فاکتەرێکی بەهێز بوو دەرگەی والّا کرد لەوەی عەرەبەکان دان بە کوردستانیبوونی کەرکووک و ناوچەکانی تردا نەنێن و لە ئێستادا بە ناوچەی تێکەڵاو ناوی بهێنن.

بڕیارەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە کاتێکی درەنگدا دەرچووە بۆ ناوهێنانی ناوچە کێشەلەسەرەکان، بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بڕیارێکی نەتەوەیی و بوێرانەیە، ئەگەرچی ئەو ناوچانە لە دەستووری عێراقدا بە ناوچەی کێشەلەسەر ناوهێنراون، بەڵام گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدایە لە ئێستادا عێراقییەکان ڕێز لە دەستوور ناگرن و پابەند نین پێوەی، پۆستەکەی ئەیاد عەلاوی کە لە دەستووردا نییە و دروستکردنی فەرماندە سەربازییەکان لە دەرەوەی پەرلەماندا پێشێلکارییی دەستوورین.

کورد بۆچی لە ئێستادا لەناو هەموو ئاڵۆزییەدا پابەند بێت بە دەستووریکەوە کە عێراقییەکان پێوەی پابەند نین؟ بگرە بە جۆرێک لە جۆرەکانیش ئەگەری پاشگەزبوونەوەیشی لێدەکرێت، بۆیە بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێکی وادا گرنگییەکەی لەوەدایە پەیامێک ئاراستەی عەرەبەکان دەکات ئەو ناوچانە کێشە لەسەر شوناسیان نییە و کوردستانین، بەڵام بەهۆی سیاسەتی داگیرکارییەوە کەوتوونەتە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی

کوردستانەوە، ئەمەیش جیاوازییەکەی لەوەدایە ئێمە جاران دەمانگوت ناوچەی کێشەلەسەر، کەواتە ئەگەر کورد ڕازی بێت لەسەر ناوهێنانی ناوچە کوردستانییەکانی خۆی، بە ناوچەی کێشەلەسەر، چەندە تۆ داوای کوردستانییبوونیان دەکەیت، ئەوەندەش عەرەبەکان داوای عەرەبییبوونیان دەکەن. بۆیە ئەم بڕیارە ڕاهێنانی عەرەبەکانە لەسەر داواکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ ناو ئیدارەی هەرێمی کوردستان و لە ئایندەدا کاریگەریی پۆزەتیڤی دەبێت و بەدڵنیاییەوە لەڕووی نەتەوەییەوە ئەگەر ئیشی لەسەر بکرێت دەرئەنجامەکانی دەردەکەوێت.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ڕێزنەگرتن و پابەندنەبوونی ئۆپۆزسیۆن و میدیاکەیەتی بەم بڕیارەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ئەمەیش بە زیانگەیاندن بە گوتاری یەکگرتوویی کوردستانییەکان و پرسی کوردستان لە عێراق و بەرژەوەندیی گشتیی کوردستانییەکان دەکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو شەڕەی ئۆپۆزسیۆن دەیکات و ئەو بڕیارەش بە بڕیارێکی نایاسایی ناودەبات، تەنیا لە بەرژەوەندیی نووری مالیکی و دارودەستەکەیدا دەکەوێتەوە، چونکە لە ئێستاکەدا کێ باسی دەستووری عێراق دەکات تاکوو منێکی کوردستانی باسی یاسا و دەستوور لەگەڵ عەرەبەکاندا بکەم! بەدڵنیاییەوە ئەمەیش مەبەست لێی زیادکردنی نفوزی سیاسیی خۆیانە لە هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی شەراکەتە لە

حکوومەتی ئایینده‌ی عێراقدا (ئەگەر نووری مالیکی براوە بێت) ئەگینا لە کۆمێدیا دەچێت من باسی دەستوور لەگەڵ عێراقییەکاندا بکەم کە خۆیان بە خەیاڵیش دەستووریان بیر ناکەوێتەوە.

عێراق بەپێی دەستوور فیدراڵییە، کەچی تەنیا ئێمەی کوردین دەڵێین عێراقی فیدراڵ! بۆچی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان شکایەتی یاسایی لەسەر میدیا و کەسایەتییە عێراقییەکان تۆمار ناکەن لەسەر ئەوەی دەستووریان پێشێل کردووە؟ بۆچی ئەوەی بارزانی نایاساییە و ئەوەی مالیکی نایاسایی نییە کە ناوچە کێشەلەسەرەکانی دەستووری بە ناوچە تێکەڵەکان وەسف کرد؟ ئەگەر بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم نایاسایی بێت کە ناوچە کێشەلەسەرەکانی کردووە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەوەی مالیکیش نایاساییە لەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکانی کردووە بە ناوچە تێکەڵەکان، حیکمەت لەوەدا چییە ئەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نایاسایی و ئەوەی مالیکیش بێدەنگی نواندن بەرانبەری!

من هیچ کاتێک خۆم بە کارەکتەرێکی ناسیۆنالیزم نەزانیوە، بەڵام هیچ کاتێکیش پێشهاتە سیاسییەکان کە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە بەرانبەریان بێدەنگ نەبوویمە، ئێمە پێمان خۆش بێت یان پێمان ناخۆش بێت، عەرەب شەڕی نەتەوەیی لەگەڵ ئێمەدا دەکات، ئەو شەڕەش چ مالیکی و چ عەلاوی و چ نوجەیفی بیکات، هەر هەمان شەڕی نەتەوەییە بەرانبەر کورد، بە دیوە کوردستانییەکەیشەوە چ

بارزانی و چ تاڵەبانی و چ نەوشیروان مستەفا ڕابەرایەتی ئەو شەڕە نەتەوەییە بکات بۆ کوردستانییەکان جیاوازی نییە و هەمان سوودی بۆ کوردستانییەکان و ستراتیژیەتی هاوبەشی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان گوشار بۆ سەر عەرەبەکان دروست دەکات، چەندە پێویست بوو بارزانی چووە ناو پێشمەرگەکانی بەرانبەر سەربازەکانی ئۆپەراسیۆنی دیجلە، ئاواش پێویست بوو نەوشیروان مستەفا بچووبایەتە ناو پێشمەرگەکان! ئەوکاتە عەرەبەکان بە یەک چاو و یەک هێزی تۆکمەی کوردستانی تەماشای هەرێمیان دەکرد و پێداچوونەوەیان بە سیاسەت و تێڕوانینی خۆیان دەکرد بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، کاک نەوشیروان نەک هەر نەچووە ناو پێشمەرگەکان، بەڵکوو ڕۆژانە لە میدیاکانی ئۆپۆزسیۆنەوە ئەو شەڕە بە شەڕی شەخی دەکرێت و دەگوترێت شەڕی نەوت و کۆمپانیاکانە، ئێ شەڕی نەوت و کۆمپانیاکان بنەمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

هەفتەنامەی میدیا، ژمارەی ٥٦١ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٢/١٢/٢٥

(٢٠١٣-٢٠١٤)

کورد و گوتاری پارانەوە

لە دوای ڕاپەڕینەوە کورد پێی نایە قۆناغێکی تری سیاسییەوە و دەیان دەرگەی بۆ خرایە سەرپشت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی وەکوو پێکهاتەیەک و میللەتێکی پێشکەوتوو و خاوەن ئیرادەی بەهێز نیشانی کۆمەڵگەکانی نێودەوڵەتی بدات، بەڵام بەداخەوە کورد ئەمەی نەکرد و بەپێچەوانەوە هەنگاوی هاویشت.

نامەوێت لێرەدا باس لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ و ئاڵۆزییەکانی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان لە بواری گرفتەکانی بەڕێوەبردن و کەمی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە ژیانی هاونیشتمانیان بکەم، چونکە ئەمە پرسێکی تر و قسەی زۆری لەبارەوە کراوە و ئەنجامەکانی ئەو ڕەخنانە کەموزۆر دیارن، بەڵکوو قسەکردنی ئەو گوتارە لاوازەی کوردیی بەرانبەر نەیارەکانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گوتاری کوردی لەسەر ئاستی سیاسی و میدیاییەوە گوتارێک بووە هەمیشە پارانەوەی پێوە دیار بووە، واتە ئەو گوتارە بووە بەردەوام نەتەوەی کوردی بە زەلیل و چەوساوە نیشان داوە،

ڕۆژانە بەبێ هۆ دەیان و سەدان جار گوێبیستی ئەوە دەبین: کورد ئەنفال کراوە، کارەساتی هەڵەبجەی بەسەردا هاتووە، گوندەکانی خاپوور کراون و ڕۆڵەکانی کوژراون و سووکایەتی بە شەرەف و ناموووسی ژن و کچانی کورد کراوە.

ئەمانە هەموویان ڕاستین و ناکرێت بیرمان بچێتەوە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەو باسکردنە بەردەوامەی میدیا و سەرکردەکانی کوردە کە وایکردووە نەوەی ئێستاکە خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزی نەتەوەیی نەبێت، بەڵگەش ئەمەیە نووری مالیکی بەڕۆژ وتاریک پێشکەش بکات، ئیدی شەو تاکی ئێمە ڕووبەڕووی ترس دەبێتەوە وا هەست دەکات هێرشی مالیکی و عەرەب بەڕێوەیە، ئەمەیش لەکاتێکدایە کوردستان ئێستاکە لەڕووی چەک و هێزەوە لەم قۆناغەدا کە عێراق بە قەیراندا تێدەپەڕێت لە عەرەب و مالیکی ئەگەر بەهێزتر نەبێت لاوازتر نییە. کەواتە ئەمە هۆکارەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کورد لە ڕێگەی سیاسی و میدیاکەیەوە هەمیشە خۆی زەلیل و غەدرلێکراو نیشان داوە، ئەمەیش کاریگەریی سایکۆلۆژیی خراپی بەسەر تاکی کوردەوە جێهێشتووە.

ئەو کارەساتە مرۆییەی بەسەر جووەکان هات لە ئەڵمانیا، وێنەی کەم بوو لە میژووی چەوساندنەوەکانی دونیادا، بەڵام جووەکان هەڵستان دەزگەی مۆسادیان دروستکرد بۆ بەرەنگاری و بەرگری لە جووەکان بێ ئەوەی ئەمڕۆ ئیسرائیل بپارێتەوە کە لەلایەن ئەڵمانیاوە غەدر لە جوو کراوە و لەلایەن عەرەبیشەوە کێشەیان بۆ دروست دەکرێت، بەپێچەوانەوە ئیسرائیل کاری خۆی دەکات و لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە ئیسرائیلییەکان وڵاتەکەیان بە بەهێزترین وڵات

نیشانی ناوخۆ و دەرەوە دەدەن، ئەمەیش بووەتە هۆی حسابکردن بۆ ئەم وڵاتە بەهێزە بچووکەی کیشوەرێکی کارەساتبار. کەواتە ئەوەندەی ئێمە لە ڕێگەی گوتاری زەلیلانەی خۆمانەوە زیانمان بە نەتەوەی کورد گەیاندووە، نیو ئەوەندە نەیارەکانمان زیانیان بۆمان نەبووە.

لەشکرکێشییەکەی نووری مالیکی بۆ زوومار و بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگە و ئامادەباشی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە و گوتاری تەنەزولنەکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەم قۆناغەدا فاکتەری بەهێزن لە هەڵستانەوەی کوردستانییەکان بەرانبەر نەیارەکانیان، چونکە دەیان ساڵە کورد لە ڕێگەی گوتاری خۆبەچەوساوە نیشاندانەوە نەیتوانیوە مەترسیی دەرەکی و ناوچەیی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. کەواتە ئەم گوتارە پێویست ناکات لەمەودوا لەلایەن میدیا و سەرکردە سیاسییەکانەوە دریژەی هەبێت، چونکە بە بەڵگە ئەمە دەرکەوتووە ئەوەندەی زیانی هەبووە نیو هێندە سوودی نەبووە، بۆیە باشترین شت نیشاندانی کوردستانە وەکوو پێکهاتەیەکی خاوەن ئیرادەی بەهێز و هاوکاتیش کارکردن بۆ گەشەپێدانی پرسی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە ئینسان و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و هاوشان بایەخدان بە بواری ئابووریییەکی تۆکمە و پەرەپێدان بە کەرتی پەروەردەیی و سەربەخۆیی دادگەکان، ئەمانە بەهێزترین فاکتەرن بۆ پشتگیریکردنی کورد لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووەوە، چونکە لەم سەردەمەدا هیچ نەتەوەیەک و وڵاتێک پشتگیری ناکرێت ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێت. بە مانایەکی دیکەش ئەم گوتارە پاڕانەوەی میدیا و سەرکردە کوردستانییەکان

نابێتە هۆی بەرگریکردن لە کورد لەلایەن نێودەوڵەتییەوە، بەڵکوو دەیکاتە کۆمەڵێک خەڵکی پەراوێزخراوی نێو جەنجاڵی دونیا، ئەوەی ئێستا نەتەوەیەک یان وڵاتێک لە هەڕەشەی دەرەکی وڵاتێکی دیکە دەپارێزێت، گوتاری پاڕانەوە نییە، بەڵکوو هەنگاونانە بە ئاڕاستەی کرانەوە و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا، ئەگەر ئیسرائیل پێگەی خۆی بەهێز نەکردبوایە، ئێستاکە ئەمەریکا و بەریتانیا بەم شێوەیە پشتگیریی ئیسرائیلییەکانیان نەدەکرد، ئەگەر یۆنان دەروازەیەک نەبێت بەڕووی تورکیای ئاسیادا، ئەڵمانیا بەم ڕادەیە هاوکاری پێشکەش بە یۆنان نەدەکرد. کەواتە بەهێزکردنی پێگەی کورد بە گوتارێکی جدی و واقیعی و بوێرانە بەرز دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە لە گوتارێکی زەلیل و پاڕانەوە زیاتر چەوساوە دەبێت.

میدیا، ژمارەی ٥٦٢ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٣/١/٨

عێراقییەکان لەنێو ململانێی تایەفەگەریدا

زۆرترین ئەو توێژینەوە سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسییانەی لەسەر کەسێتیی تاکی عێراقیدا ئەنجامدراون یاخود کتێبی لەبارەوە نووسراوە، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی تاکی عێراقی تاکێکی تێکشکاوە و لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردایە، لە هەر لەحزەیەکدا بۆی هەیە توندوتیژی بخوڵقێنێت، ئەمەش کاریگەری ئەو ناکۆکییە لەمێژینەیانە کە تاکی عێراقی (عەرەب) بەهۆیەوە دووچاری زۆرترین توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و دواکەوتوویی کردووەتەوە.
تاکی عێراقی هەمیشە لە ئامادەگیدایە بۆ ئەنجامدانی کردەی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی ژیانی تاکی بەرانبەر، ئەوە لە ئەنجامی بارودۆخی تێکشکاو و نەخۆشیی کەسێتی عێراقییەکان بوو هەڵەبجە و ئەنفال ڕوویاندا لەسەر بنەمای قبوولنەکردنی ئەوەی کەسانێکی غەیرە عەرەب لە تەک ئەواندا بژین و داوای سەروەریی خۆیان بکەن.

ئەو کوشتارە بێشوماردەی لە دوای هاتنی ئەمەریکییەکان بۆ عێراق و ڕووخانی دەسەڵاتداریێتیی بەعس بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن لەگەڵ هاتنی ئەو هێزە دەستی پێ نەکردووە، بەپێچەوانەوە ئەم تووندوتیژییە خۆی لە خۆیدا لە نەستی تاکی عێراقیدا وجودی هەبووە و ئیدی تەقیوەتەوە، لەمێژووی دەوڵەتی عێراقدا یەک سەرۆککۆمار بە ئاشتی کورسییەکەی جێنەهێشتووە، بەڵکوو بە کودەتا یان تووندوتیژی، دەسەڵات دەستاودەستی کردووە، ئەوەتا ڕۆژانە لە بەغدا و شارەکانی تری عێراقدا دەیان عێراقی دەکوژرێن و حکوومەت دەستەوەستانە لە کەمکردنەوەی کوشتارەکاندا، تەواوی ئاماژەکان ئەمە دەردەخەن خودی حکوومەتەکەی نووری مالیکی ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەو فەوزا و کوشتارەی دووچاری عێراقییەکان بووەتەوە هەیە، چونکە حکوومەتی عێراق هەنگاوەکانی بە ئاڕاستەی تاکڕەوی و لە بەرژەوەندیی مالیکی و شیعەدا ناوە و کارەکتەری مالیکی هێندەی لە خەمی تۆخکردنەوەی هەستی تایەفی و مەزهەبگەریدایە چارەگی ئەوەندە لە خەمی هاونیشتمانییانی عێراقە خوێناوییەکەیدا نییە، عێراق لە ئێستاکەدا لەژێر سایەی سیاسەتی مالیکی و سەرکردە عەرەبە عێراقییەکانی تردا بووەتە دۆزەخی سەرزەمین و کوشتن بووەتە ڕۆتینیاتی سەر شاشەکان و کولتووری کوشتنی بەرانبەر بە زەقی ئاماژەکانی دیارکەوتوون.

ئەمەیش وایکردووە تاک بەرانبەر بە تاکە هاونیشتمانییەکانی تر، هەیبەت و بەهای نەمێنێت، ئینسان ئەگەر بەهای لە کۆمەڵگەدا نەما، ئەوکاتە هەموو شت دەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەویش هەیە و پێویستە حیسابی بۆ بکرێت، نووری مالیکی لەو ماوە زۆرەی لەبەردەمی دابوو دەیتوانی زۆر شت بۆ هاونیشتمانییەکانی بکات بە ئاڕاستەی نەهێشتنی ئاسەوارەکانی تایەفەگەری و شەڕی سوننە و شیعە کە ئەم دوو مەزهەبە دەیان سەدەیە لە ناکۆکیدان بۆ سڕینەوەی یەکدی و زاڵبوون بەسەر یەکتردا، سەددام وەکو کارەکتەرێکی سوننە زۆرترین کاری کرد بۆ بەهێزکردنی کەمینەی سوننە بەسەر شیعەکاندا، ئەمەش وایکرد تاکی سوننەی عەرەب هەست بە شکۆ و گەورەیی خۆی بکات بەرانبەر بە تاکی شیعە، دوای ڕووخانی سەددامیش سوننەی عەرەب دووچاری شکست بوونەوە بەوپێیەی کەمینەی عێراقن، سوننە لە ماوەی حوکمڕانیی سەددامدا، حوکمڕانیی عێراقییان کرد و هەموو شتێکیان لەبەردەستدا بوو، ئەمەیش لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت سوننەکان بە ئاسانی ناتوانن دەست لە دەسەڵات هەڵگرن و قبوواڵی کەمینەبوون بکەن.

ئێمە باسی سوننە و شیعە دەکەین، چونکە حکوومەتی عێراق ئاماژەکانی ستراتیژیەتی دیارکەوتووە لەسەر بنەمای زۆرینەی شیعە و کەمینەی سوننە کار دەکات، ئەمەیش ناکۆکییەکانی زیاتر تۆخ

کردووەتەوە، ئەوەتا لەم چەند ڕۆژەدا لە سلێمان بەگ و حەویجە و چەند ناوچەیەکی تری سوننەنشین ئەو ئاماژە ترسناکانە دەرکەوتن تەواوی ناکۆکیی عەرەبە عێراقییەکان پەیوەندی بە شیعەبوون و سوننەبوونەوە هەیە و مەبەست لە ناکۆکییەکان کەمی خزمەتگوزاری و خراپی باری ژیانی هاوڵاتییان نییە، بەڵکوو بنچینەکەی وەک گوترا شیعەبوون و سوننەبوونە و ئەمەیش لە دونیای ئێستاکەدا دواکەوتووترین ئاماژەیەک لەسەر ئاستی دونیادا نیشان دەدات، ناکرێت ڕۆژانە لە وڵاتێکدا بەسەدان کەس بکوژرێت و کەس لەم کوشتارگەیە نەیەتە دەنگ و ڕۆژ دوای ڕۆژ مرۆڤ بێڕێزی بەرانبەر بکرێت و لە بەهای ئینسانی و مافی ژیانی بێبەش بکرێت.

ڕەنگە هۆکاری تر هەبن لە دروستبوونی ئەو قەیرانانەی ئێستای عێراق، بەڵام سەرەکیترین و بە پلە یەک ناکۆکیی نێوان هەستی شیعەبوون و سوننەبوونە ئەو بارودۆخەی ئێستاکەی هێناوەتەوە ئاراوە، بۆ ئەوەی کورد لەم ململانێیەدا زیان نەکات و بە قازانجی بکەوێتەوە، باشترین هەڵبژاردە بەشداری نەکردنێتی لەو ململانێیەدا لەسەر بنەمای مەزهەب، هەرچەندە عەرەبەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کورد وەکوو مەزهەب لە عێراقدا مامەڵەی لەگەڵ هیچ لایەکدا نەکردووە، بەڵکوو پرسی نەتەوەیی بەرزکردووەتەوە، واتە داماڵینی مەزهەب و زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد

بەرانبەر بە نەتەوەی عەرەب، ئەمەیش خاڵی بەهێزی کوردە لە عێراق و زەمانەتی هێشتنەوەی سەنگی کورد دەگەیەنێت.

ڕەنگە کورد لەو ململانێیانەدا هەروا بە ئاسانی دەربازی نەبێت، چونکە هەمیشە وا بووە کاریگەریی ئاریشەی شوێنێک یان لایەنێک یاخود شۆڕشێک کەموزۆر دەپەڕێتەوە بۆ شوێنان و سەر لایەنی دیکەش، ئەمەیش پێویستی بە هۆشیاریی کورد هەیە لەوەی ئەو ناکۆکییانە پەیوەندییان بە هەستی تایەفەگەری و مەزهەبییەوە هەیە و سوود بە پرس و قەزیەی کوردی ناگەیەنێت و دوورکەوتنەوە لەو ناکۆکییانە هەیبەت و پێگەی کورد لەسەر ئاستی جیهاندا بەتایبەت لای ئەمەریکا و ئەورووپادا بەهێزتر و پتەوتر دەکات، چونکە ئاماژەیەکی باش دەبێت لەوەی کورد لەگەڵ پرسی ئاشتیدایە و ڕێز لە هەیبەتی مرۆڤ دەگرێت و بەشداری لە ململانێی تایەفی و کوشتنی خەڵک بە ناهەق و لەسەر بنەمای مەزهەبدا ناکات، ئەمەیش کارتی بەهێزی سیاسیی کورد دەبێت و بەهۆیەوە پشتیوانییەکانی لەسەر ئاستی دونیادا زیاد دەکات و نموونەیەکی جوانیش پێشکەش دونیای دەرەوە دەکات لەبارەی پرسی حکومڕانییەوە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مرۆڤ و پێکەوەژیان.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٣٠٩ لە ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٣٠

کورد کام دەوڵەتی دەوێت؟

ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتانی پێشکەوتوودا خەریکە باوی دەوڵەتی نەتەوەیی نەمێنێت، چونکە دەرکەوت کە دەوڵەتێک ئەگەر لەسەر بنەمای زۆرینەی نەتەوەیی دروست بێت بە ژیانی ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، ئێران و عێراق و تورکیا نموونەی نائارامترین دەوڵەتی نەتەوەین لە کیشوەری ئاسیادا کە بەهۆی بوونی کوردەوەو داواکردنی مافەکانیان ئیدی جۆرێک لە نائارامی و توندوتیژی دروست بووە و بەهۆیەوە تاکەکان یەکدی دەکوژن، ئەنفال و هەڵەبجە ئەنجانی ناکۆکیی نەتەوەیی بوو، لە سێدارەدانی قازی و ستافەکەی دیسانەوە پێوەندی بە کوردبوونەوە هەبوو، زیندانیکردنی ئۆجەلال و نائارامی و کوشتن لە تورکیا ئەمیش هەر لە ئەنجامی ململانێی نەتەوەیی تورک و کوردە.

دەوڵەتی ئەڵمانیا لەسەر دەستی هیتلەری ناسیۆنالیست کارەساتی بۆ ئەوروپییەکان خولقاند تەنیا لەبەر ئەوەی هیتلەر پیاوێکی دەمارگیری نەتەوەیی بوو، بەمەش خۆی لە سەرووی هەموو نەتەوە و کەمایەتییەکانی تردە دەبینی و ئیدی ئەڵمانەکان تاکو ئێستاکەش باجی هەستی ناسیۆنالیست دەدەن، کەچی کورد تازە بە تازە شەڕی

دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات، بەڵێ من لەگەڵ کیانێکی سیاسیی سەربەخۆدام، بەڵام نابێت بیر لە دروستکردنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی بکەینەوە، ناوهێنانی دەوڵەتی کوردی، لەڕووی دەروونییەوە زەبرێکی کوشندە لە کەمایەتییەکانی ناو کوردستان دەدات، میدیای نەشارەزای کوردستان لەبری ئەوەی ناوێکی تر بۆ ئەو دەوڵەتە بدۆزێتەوە کە کورد ئیشی بۆ دەکات، بەردەوام و بەردەوام دەستەواژەی دەوڵەتی کوردی، دەوڵەتی کوردی، پەخش دەکات کە ئەم دەستەواژەیە لەبری ئەوەی سوودی هەبێت زیانی زۆرتر بووە، ئەم جۆرە دەستەواژەیە لەلایەن نەیارەکانی کوردەوە دژایەتی دەکرێت و وەک مەترسی سەیر دەکرێت.

گریمان توانیمان دەوڵەت دروست بکەین، بەڵام ئەگەر نەمانتوانی ڕێز لە کەمایەتییەکانی ناو کوردستان بگرین، ئەوکات گەرەنتی ئارامی و ئاسایش و تەبایی ناکرێت و کەمایەتییەکان هاوشێوەی کورد داوای سەربەخۆیی لە کوردستان دەکەن و ئێمەش تەقەبولی ناکەین، ئاماژەیەکی زۆر جوانی دیموکراسی و مەدەنی دەبوو ئەگەر لە ماوەی چەند کابینەکەی ڕابردوودا تورکمانێک یان کلد و ئاشوورییەک سەرۆکایەتیی پەرلەمان یان حکوومەتی بکردایە، یان جێگری سەرۆکی هەرێم یاخود جێگری حکوومەت لە تورکمان بووایە. ئەوکاتە سیاسییەکانمان نەوەی ئایندەیان لەسەر یەکترقبوولکردن ڕادەهێنا و لە داهاتوودا لەگەڵ دروستبوونی کیانی کوردستاندا ئاریشەکان کەمتر دەبوونەوە.

سالی ٢٠١٣

خوێن بە خوێن.. شوناسی خێڵەکییانەی مالیکی

لە ماوەی حکومڕانێتیی نووری مالیکیدا، عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ، دووچاری قەیران و ئاڵۆزیی سیاسی و ئابووری، کۆمەڵایەتی و مەزهەبگەرایی تازە دەبێتەوە. ڕۆژانە بەهۆی کردە تیرۆرییەکان دەیان هاوواڵاتی عەرەب لە شارەکانی عێراقدا جگە لە هەرێمی کوردستان گیانلەدەست دەدەن و بەغدای پایتەختیش بۆ ژیان لەسەر ئاستی جیهاندا بە یەکێک لە شارە مەترسیدارەکان هەژمار کراوە.

لە لایەکی دیکەوە داعش خەریکە چۆک بە مالیکی و جەیشە لەرزۆک و گەندەڵەکەی دادەدات و مالیکیش ناتوانێت بەرەنگاریان بێتەوە، هەر ڕۆژە گوندێک و ناحیەیەک لەدەست سەربازەکانی مالیکی دەستێنن و مالیکیش دەستەوەستانە. ئەمە سەرەڕای ناکۆکییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لەسەر پرسی هەناردەکردنی نەوت کە لێرەدا نامەوێت قسەی لەبارەوە بکەم، چونکە ڕۆژانە قسە و لێدوانی جۆراوجۆری لەبارەوە دەدرێت و مەبەستی ئەم وتارەش قسەکردن لەسەر نەوت نییە، بگرە زیاتر لایەنی ئەمنی و زیندووکردنەوەی

هەستی خێڵگەرایی و مەزهەبگەراییە لە ناو عەرەبە عێراقییەکاندا بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی.

ڕۆژانە لە عێراقدا بە سەدان کەس دەبنە قوربانیی کردە تیرۆرییەکان و مالیکیش هیچ پلانێکی ئەوتۆی بۆ کەمکردنەوەی کردە تیرۆرییەکان نییە، سەرباری نەتوانینی لە ڕێگریکردن لە ئاڵۆزی و کردە تیرۆرییەکان، بە ئاشکرا خۆی بووەتە کارەکتەرێکی بەهێز لە نانەوەی دووبەرەکیی مەزهەبی و نەتەوەیی لە نێوان مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکانی عێراقدا لە سەرووی هەموانەوە دروستکردنی کێشە لە نێوان کورد و عەرەب بەهۆی قۆستنەوەی کوشتنی ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکە لەلایەن ئەفسەرێکی بە ڕەگەز کوردی سەر بە گاردی نیشتمانیی عێراق کە ئەرکیان پاراستنی نووسینگەی سەرۆککۆمارە.

کوشتنی ئەو ڕۆژنامەنووسە کارێکی باش نەبوو، ئەگەرچی خودی ئەفسەرەکە لە کاتی ڕاپەراندنی ئەرکی خۆیدا بووە، بەڵام کوشتن هەر کوشتنە، بۆیە پێویستە لە پرسێکی وا یاسا لە سەرووی هەموو کەس و لایەن و شتێکەوە بێت، خراپترین گوتاری خێڵەکییانەی نووری مالیکی لە هەمبەر کوژرانی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەلایەن ئەفسەرێکی عێراقی بە ڕەگەز کوردەوە ئەوەبوو گوتی خوێن بە خوێن!

ئەمەش ئاشکرایە بۆ پیاوێکی وەک مالیکی کە بەردەوام بانگەشەی سەروەریی یاسا دەکات و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە لە قسەی سەرۆک هۆزێک دەچێت وەک لە قسەی پیاوێکی هوشیاریی شارەزا لە یاسا و پیاوی دەوڵەتداری، خوێن بە خوێن، ئەم دەستەواژەیە

حەقیقەتی بیرکردنەوەی مالیکی بۆ عێراقییەکان دەرخست، چونکە ئەم دەستەواژەیە زۆر مەبەست هەڵدەگرێت، لە سەرووی هەموویانەوە پێمان دەڵێت مالیکی لەبری ئەوەی سەرۆکی حکوومەت بێت، سەرۆکی خێڵە عەرەبەکانە و هێشتاکە لەناو چوارچێوەی بیرکردنەوەی خێڵگەراییدا دەخولێتەوە و بە دیوێکی دیکەیشەوە ئەوەمان پێدەڵێت ئەگەر مالیکی لە ڕێگەی دەستووریشەوە نەتوانێت هەندێک شت بەرانبەر کورد بکات، لە ڕێگەی خێڵ و هەستی تۆڵەکردنەوە دەیەوێت هەنگاوی دوژمنکارانە بەرانبەر کورد بهاوێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی ئەم ئەفسەرە سەر بە جەیشی عێراقە، تەنیا بە ڕەگەز کوردە، هەڵبەت مالیکی کە ئەم قسەیەی کردووە خۆی دەزانێت بۆچی مەبەستێک ئەمەی گوتووە، بۆ ئەوەی لەناو عەرەبە شۆڤێنی و خێڵەکییەکاندا بەرەی دوژمنایەتی کورد زیاد بکات.

خوێن بە خوێن، واتە بڕیاری کوشتنی ئەو کوڕە کوردە بە شێوەی تۆڵەکردنەوە، ئەمەیش بەر لەوەی تۆڵەکردنەوە بێت لەو کوڕە، پێشێلکردنی یاسایە و تۆڵەکردنەوەیە لە کورد، چونکە لە ماوەی ڕابردوودا بە سەدان ڕۆژنامەنووس تیرۆرکراون و کوژراون، کەچی مالیکی قسەی نەبووە، ئەی مالیکی بۆ بێدەنگە لە بەرانبەر خوێنی ئەو هەزاران کوردەی بەدەستی عەرەبەکانەوە لە پرۆسەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا کوژراون! کەواتە ئەمەش خوێن بە خوێن، لەکاتێکدا ئەو ئەفسەرە ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە کە پاراستنی نووسینگەی سەرۆککۆمارە، کەواتە کوشتنێکی بە ئەنقەست نییە و پێوەندی بە جێبەجێکردنی یاسا سەربازی و ئەمنییەکانی بەغداوە هەیە.

ئەگەرچی کوشتنی ئەو کەسە بە کارێکی خراپ دادەنرێت و دەکرا ئەمە ڕووی نەدایە، بەڵام کە ڕوویدا پێویستە یاسا سەروەر بێت و بەپێی یاسا سزای یاسایی خۆی وەربگرێت، نەک سەرۆکی حکوومەت دەستەواژەی خوێن بە خوێن لەبەردەم شاشەکانەوە بڵێت و عێراقییە عەرەبەکان بەتایبەت کەسوکاری کوژراوەکە هانبدات، چونکە ئەمە دەستوەردانە لە کاروباری یاسایی وڵاتدا و مەترسیدارە بۆ سەر مافی مرۆڤ.

لهڕوونکی دیکەشەوە ئەرکی مالیکی نییە بڕیار لەسەر کەیسێکی وا بدات، مادام عێراق دامەزراوەی یاسایی هەیە، هەتا ئەو دامەزراونە سەر لە مالیکیش بن، هەر دەبێت یاسا یەکلایی بکاتەوە، کەواتە مالیکی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بۆ عێراقییەکان دەرخست و ئەوەی پێمان گوت ئەو بەر لەوەی سەرۆکێکی یاسایی بێت، پیاوێکی خێڵەکییە و هیچی تر!

ئەگەر مالیکی دڵسۆزی عێراقییەکان و دژە ناکۆکی بووایە، هەرگیز قسەی لەم شێوەی نەدەکرد، چونکە بە جێبەجێکردنی ئەو قسەیە، هیچ گرەنتی ئەوە لە ئارادانییە کوردیش بێدەنگ بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان خۆش بێت یان ناخۆش بێت، ئەو کۆڕە کوردە و لەسەر میلاکی کورد لە بەغدایە و پارێزگاری لە سەرۆککۆماری عێراق کردووە کە ئەویش کوردە و لەسەر پشکی کورد لە بەغدایە.

کەواتە پێشێلکردنی مافی ئەویش لە دەرەوەی یاسا پروشکی بەر کورد دەکەوێت، واتە بە کوشتنی ئەو ئەفسەرە کوردە، بەرەی ناکۆکییەکان لە نێوان کورد و عەرەب، بە ئاقارێکی خراپدا دەڕوات و

مالیکیش ئەمەی دەوێت. واتە دەیەوێت لەناو ناکۆکیدا مانەوەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەگەر یاسا سەروەر بێت، ئەوکات مالیکی ناتوانێت یاری بە چارەنووسی عێراقییەکانەوە بکات لە زیندووکردنەوەی مەسەلەی مەزهەبگەرایی و جەنگی نێوان نەتەوەکان، ئەو ڕووداوەی ڕوویداوە، وەک هەر ڕووداوێکی تری ئاسایی ئەمینییە کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن، بە دیوەکەی دیکەوە ئەو کردەی کوشتنە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە فەشەل هێنانی مالیکییەوە هەیە لەوەی نەیتوانیوە ئاسایش بۆ عێراقییەکان دابین بکات.

ئەگەر عێراق ئارام بووایە، ئەو ئەفسەرەش بەم شێوەیە دەستی بۆ چەک نەدەبرد، یاخود بە گومانەوە لە هەموو کەسێکی نەدەڕوانی، وەک چۆن هەنووکە لە شارەکانی تری کوردستاندا هەڵسوکەوتی ئەفسەر و پێشمەرگە و ئاسایش جیاوازیان هەیە وەک لەوەی لە عێراقدا هەیە، ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت مەترسیدارترین دۆخێکە و متمانەی لەناو هێزە ئەمنی و سەربازییەکان نەهێشتووە بە ڕانبەر بە هاوولاتییان. تەنانەت متمانە لەناو خودی دامەزراوەکانی دەوڵەتیش نەماوە، بەڵام لە هەرێم دۆخەکە وانییە، بە ئاسانی ئاسایش و پۆلیس تەقە لە خەڵکی ناکەن، بگرە هەر نەکراویشە، مەگەر وەک ئەوەی لەبەردەم ئاسایشی هەولێر ڕوویدا، ئەویش تا دڵنیانەبوون ئاسایشەکان تەقەیان نەکرد، یەکەم جار تیرۆریستەکان هێرشیان هێنایە سەر بارەگەی ئاسایش و ئینجا وەڵامدرانەوە.

ئەمە پێوەندی بەوەوە هەیە ئەوەی لە عێراقدا واتە شارە عەرەبییەکان دەگوزەرێت زۆر جیاوازە وەک لەوەی لێرە لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت، لە شارە عەرەبییەکانی عێراقدا یەک تۆسقاڵ متمانە لە

ناو دامەزراوە ئەمنییەکان بەرانبەر هاووڵاتییان نەماوە، چونکە ڕۆژانە دەکرێنە ئامانج. کەواتە ئەو ئەفسەرە کوردە بۆ متمانەی هەبێت!

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ڕێگە نەدەن نووری مالیکی بە ئارەزووی خۆی و بۆ مەبەستی سیاسی و خێڵەکییانەی، ڕووداوەکان لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکار بێنێت. باشترین کارێک ئەوەیە کورد شەقامی عەرەبی هوشیار بکاتەوە لەوەی مالیکی دەیەوێت کێشە لە نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب دروست بکات، هاوکات داوای سزای یاسایی ئەو ئەفسەرە کوردە بکات بەپێی یاسا، هاوکات هەموو کارێک بکرێت بۆ ئەوەی پارێزەری ئەو ئەفسەرە کوردە بن تا ڕێگە نەدرێت لە تۆڵەی ئەو دکتۆرە ڕۆژنامەنووسەدا نەکوژرێت، ئەگەر ئەوە ڕوویدا ئەوکات مەسەلەکە بە ئاقارێکی مەترسیدار دەڕوات!

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٥٢٩ لە ڕۆژی ٢٠١٤/٣/٢٦

کورد براوەی ململانێکان دەبێت

لە دونیادا ئەو نەتەوەو وڵاتانەی خاوەنی حەقبوونە لە پرۆسەی ململانێ جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆییەکاندا سەرکەوتنیان بەسەر نەیارەکانیاندا بەدەست هێناوە و هەمیشەش زوومی وێژدانی مرۆڤایەتی ئەو نەتەوانە دەبینێت کە داوای حەقی خۆیان دەکەن یان دەیانەوێت بەرگری لە ماف و ژیانی خۆیان بکەن تا ئەوانیش لە تەک نەتەوە و مرۆڤەکانی تردا بەشداریی شارستانێتیی جیهانی بکەن.

ئەوەی نووکە نووری مالیکی لە عێراقدا بەرانبەر بە کورد دەیکات، تۆسقاڵێک ئومێدبەخش نییە و هەمان هەڵسوکەوتەکانی سەدداممان دەهێنێتەوە بەرچاو، بەڵام بە فۆرمێکی تر و لەژێر پەردەی یاسادا، لەکاتێکدا تەواوی شۆڕشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کورد بۆ ئەوە بووە خاوەنی کیانی خۆی بێت لەسەر ئەو خاکەی پێی دەگوترێت کوردستان، لە کاردانەوەشدا نەیارەکانی دژی وەستاونەتەوە و پیلانی تۆکمەیان داناوە بۆ کپکردنی شۆڕش و بزووتنەوەکانی، ڕاستە لە هەندێک ڕووەوە نەیارەکانی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە،

ئەمەیش بەهۆی یەکگرتنیان دژ بە کورد و پەرتەوازەیی کوردەکان لەنێوخۆیاندا و نەبوونی گوتارێکی سیاسیی نەتەوەیی کە تەعبیر لە ئیرادەی کورد بەبێ جیاوازی بکات.

سەرباری هەموو ئەمانە، کورد توانی چۆک بە سەددام دابدات و هەرێمێکی یاسایی دەستەبەر بکات، ئەگەرچی خەونی کورد زۆر لەوە گەورەترە، بەڵام دروستکردنی هەرێمی کوردستان، واتە داننان بە بوونی کورد لەڕووە یاساییەکەیەوە و گوتاری کوردیش لە دوای ڕاپەڕینەوە یاخود دروستتر لەدوای ڕووخانی سەددام و دامەزراندنی هەرێمی کوردستانەوە لەگەڵ پێشوودا جیاوازیی گەورەی بەخۆیەوە دیوە. هەنووکە کورد لە ڕێگەی هەرێمێکی یاساییەوە دەیەوێت زوومی جیهان بۆ لای خۆی کێش بکات و پێیان بڵێت ئێمەش خاوەنی هەموو شتێکین و هیچمان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە کە خاوەنی کیان و دەوڵەتن!

مالیکی کە هەنووکە تەعبیر لە سیاسەتی عێراق دەکات بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، هەر ڕۆژە و خەریکی دروستکردنی جۆرێک لە قەیرانە بۆ هەرێمی کوردستان تا پەکی ئەو کیانە تازەیەی کورد بخات و بە جیهان بڵێت ئەوەتا کوردەکات ناتوانن خۆیان بژیەنن و دەبێت لەلایەن نەتەوەی ترەوە سەرپەرشتی بکرێن. مالیکی بۆ ئەو مەبەستەشی لەم دوو خولەی سەرۆکایەتییەکەیدا چەندین هەنگاوی هاویشتووە تا دیسانەوە خەونی کورد لە چاڵ بنێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا هیچی بۆ نەچووەتە سەر و بگرە شکستخواردوو بووە، کاتێک سوپای هێنایە شنگال پێشمەرگە ڕێگریان کرد و ئەمەش پێگەی مالیکی ناشیرین کرد و کوردی لە بەرانبەر عەرەبەکان بە فۆرمێکی

گەورەتر نیشاندا، دوایی هات ئۆپەراسیۆنی دیجلەی دامەزراند و بەهۆیەوە بە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشمەرگە پێشڕەوی کرد و بگرە بە سوودی کورد کەوتەوە، چونکە پێشمەرگە چۆیە پێشەوە و نەگەڕایەوە، واتە پێشمەرگە کەرکووکی خستە ناو لەپی خۆیەوە و مالیکیش پاشان لەو هەڵەیەی خۆی بەئاگاهاتەوە.

لەکاتێکدا کە هەرێم خەریکی دەرهێنانی نەوت بوو، بەغدا هەڕەشەی دەکرد کە نابێت هەرێم یەک بەرمیل نەوت دەربهێنێت، ئەوەتا هەرێم لە ئێستاکەدا نەوتی لە بازاڕەکاندایە و هاکە فرۆشرا، کەواتە مالیکی ئەمەیشی بۆ نەچووە سەر و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی ئیدی کورد لە گۆڕەپانەکەدا یاریزانێکی شارەزایە لەنێو عێراقێکی پڕ لە کێشەی تایەفی و مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە، لە هەمووی مەترسیدارتر هەڕەشەکانی داعشە بۆ سەر دامەزراوەکانی عێراق کە تەحەدای مالیکی و سوپاکەی دەکەن و ئەویش هیچی بۆیان پێ نییە کە خۆی سەرۆکایەتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەکات و بگرە ترس یاخۆ گومانی ئەوەشی هەیە سوپا و هێزە چەکدارەکانی خۆیشی دەستیان لەگەڵ داعشدا تێکەڵە، واتە بەڵگەیە کە مالیکی نەیتوانیوە تەنانەت سوپاکەی خۆیشی ڕێکبخات کە هەڕەشەی پێ لە کورد دەکات، بە دیوەکەی تریشەوە ئەگەر مالیکی لە توانا سەربازی و مرۆییەکانی سوپاکەی خۆی ڕابیبنایە دەمێک بوو بەهۆی شکستە یاسایی و دیالۆگەکانی لەگەڵ هەرێمدا پەنای بۆ چەک دەبرد، بەتایبەت ئەوکاتانەی پێشمەرگە چوونە بەرەکانی پێشەوە دژ بە ئۆپەراسیۆنی دیجلە و دەڤەری شنگال، دواییں کارت مالیکی وێستی کێشەی کورد لە عێراق بە دیوە خراپەکەیدا زەق بکاتەوە بەکارهێنانی

کەیسی کوشتنی دکتۆر محەمەد بدێوی بوو کە بەدەستی ئەفسەرێکی جەیشی عێراقی بە ڕەگەز کورد لە کاتی ڕاپەراندنی ئەرکی فەرمی خۆیدا کوژرا، ئەوەبوو گوتی خوێن بە خوێن و ئەمەش نیەتی خراپی مالیکی بۆ دونیا و عێراقییەکان دەرخست کە بەڕاستی ئەم پیاوە مەدەنیانە بیر ناکاتەوە و بە نەفەسی خێڵەکییانەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر بیر دەکاتەوە، چونکە خێڵەکانی ئێستاکە قسەی وا ناکەن و دەگەڕێنەوە بۆ یاساکانی دەوڵەت بۆ یەکلاییکردنەوەی کەیسی لەم جۆرەدا، بەڵام مالیکی لەکاتێکدا سەرۆکی حکوومەتە و لیستەکەشی بەناوی دەوڵەتی قانوونە و نزیک ١٠ پۆستی بە وەکالەتی لە عێراقدا هەیە، ئەم قسەیەی قسەیەکی زۆر بازاڕییە و تەنیا شەرمەزاری بۆ دەمێنێتەوە، چونکە هەنووکە تەنانەت دەوڵەتە دواکەوتووەکانی دونیاش دەیانەوێت یاسا سەروەر بێت.

بە دیوەکەی تردەوە ئێستاکە سیاسەتی دونیا لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و سەروەریی یاسا و پێکەوەژیان بەڕێوە دەچێت، ئەوەی وا نەکات جێگەی نابێتەوە و وەک قاعیدە هەر ڕۆژە دەبنە ئامانجی کردە سەربازییەکان و لە شارەکان دوور دەخرێنەوە.

بەپێی خوێندنەوەیەکی لۆژیکییانە مالیکی شکستخواردوو دەبێت لە ململانێکانی لەگەڵ هەرێمدا، چونکە دنیا هاکە لێی هاتە دەنگ، لەبەر ئەوەی کورد هیچی داوا نەکردووە لە دەرەوەی یاسا و مافەکانی خۆی بێت، لەکاتێکدا کورد بەدەستی عێراقییەکان زیانی زۆری بەرکەوتووە، بەڵام هێشتاکە چاوپۆشی کردووە، لەبری ئەوەی قەرەبوو بکرێتەوە، کەچی نانی دەبڕدرێت و دووبارە هەڕەشەی

کوشتن و مافی ژیانی پێشێل دەکرێت و بەربەست دەخرێتە بەردەم پێشکەوتنەکانییەوە.

ئەوەی حکوومەتی بەغدا دەیکات، لەسەر ئاستی جیهاندا قبووڵ نەکراوە، لەبەر ئەوەی کوردیش دەتوانێت کێشەکانی بەرێتە دادگە نێودەوڵەتییەکان لە دژی سیاسەتی چەوتی مالیکی و حکوومەتەکەی، لە هەمووی گرنگتر هەنووکە لەسەر ئاستی گشتیی هەرێم و بەشەکانی تری کوردستان پرسی سەربەخۆیی وەک گوتارێکی یەکگرتوویی لێهاتووە و بێ ترس و شەرم ئاراستەی نەیارەکانی کورد دەکرێت، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنەکانی کوردە بەرانبەر بە نەیارەکانی و هاکە خەونەکانی بەدیهات، ئەویش سەربەخۆیی کوردستان.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٥٣٤ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٤/٤/٢

لە ئێستاوە پیرۆزبایی لە براوەی هەڵبژاردنەکان

دیموکراسی وەک چەمکێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردن و دیاریکردنی سیستەمی دەوڵەت، تەنیا خۆی لە هەڵبژاردندا نابینێتەوە، وەک لە پێناسە باوەکەیدا خەڵکی لێی تێگەیشتوون، بەڵکوو ڕێزگرتن لە کەمینە و سەروەریی یاسا و پێشێلنەکردنی مافی بەرانبەر و ئاڵۆگۆڕی دەسەڵات بەهۆی بڕیاری جەماوەرەوە و ئازادیی قسەکردن و چاپەمەنی و بوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هەروەها سەندیکا پیشەییەکان و ...، ئەمانە بەشێکن لە بنەماکانی دیموکراسی و لەنێو ئەوانەشدا هەڵبژاردن گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە پرسە پێوەندارەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی بڕیاری تاکەکانەوە یەکلایی دەکاتەوە، بەو مانایەی گەل خۆی حکومی خۆی دەکات، چونکە نوێنەری متمانەپێکراوی خۆی لەلایەن خۆیەوە دەستنیشان کراوە، ئەوکات ئەگەر ڕەخنەشی هەبێت ڕەخنەکانی ئاراستەی ئەو کەس و لایەنە دەکات کە دەنگی بۆی داوە و کۆی کۆمەڵگە و ڕێکخراوە سیاسییەکان تۆمەتبار ناکرێن.

ئەم پرۆسەیەش واتە چوونە ناو هەڵبژاردنەوە، شکست و سەرکەوتنی تێدایە، هەم بۆی هەیە براوە بیت هەمیش دەبێت چاوەڕێی متمانە پێنەبەخشینی جەماوەر بکەیت کە ئەمەشیان بە مانای شکست نایەت، بەڵکوو بە مانای ئەوە دێت هێز و ڕێکخراوی سیاسیی دیکە هەن کاری باشتریان کردووە بۆ ئەوەی زۆرینەی ناو کۆمەڵگە لە چواردەوری بەرنامە ستراتیژییەکان بۆ بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە کۆبکەنەوە، کەواتە قبوولکردنی ئەنجامەکان ڕێزگرتنە لە مافی دەنگدەر کە ئازادانە دەنگ بەم کاندیدە یاخود ئەو لیست و حیزبە دەدات و پێیوایە خەونەکانی بەدی دەهێنێت یاخود متمانەی پێی هەیە، ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن ناشیرین دەکات، ناڕەزایی ئەوانەیە براوەی پرۆسەکە نابن، ئەوکات کۆی پرۆسەکە دەدەنە بەر نەشتەری ڕەخنە و تەنانەت بیریان دەچێتەوە جەماوەر خاوەنی بڕیارە نەک ئارەزووی بردنەوەی ئەم حیزب و ئەو حیزب، چونکە ئارەزووی بردنەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای هەموو لایەنەکان لە ترۆپکدایە، بەڵام ناکرێت هەموان هەر براوەی زۆرینە بن، بۆیەش ڕێزگرتن و پیرۆزباییکردن لە لیستی براوە بە یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی پرۆسەی دیموکراسی هەژمار دەکرێت.

ئەگەرچی دیموکراسی لە بنەڕەتدا بەر لەوەی چەمکێکی سیاسی تازە بێت، کولتووری هەندێک لە کۆمەڵگەکانی بەشەریەتە، واتە ئەگەر دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا لە بنەڕەتدا کولتووری یەکترقبوولکردنی تاکەکان نەبێت، زەحمەتە پرۆسەکە بەبێ ئاریشە بچێتە پێشەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو کولتوورە لە باشووری کوردستاندا و بەگشتیش لەناو کورددا بەهۆی لەبارنەبوونی هەلومەرجە مێژوویی

و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەبوونی کیانی سەربەخۆ غیابە، کۆمەڵگەیەک لەوەتەی هەیە لەسەر دەستی نەیارەکانیدا دووچاری کێشەی جۆراوجۆر بووەتەوە و ئەمەش هۆکار بووە دیموکراسی لە کوردستان تازە بێت و هێشتاکە نەبووبێتە کولتووری تاکەکان، کەواتە قبوولکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن خاڵی بەهێزی پرۆسەکە دەبێت و هۆکاری پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە تێڕوانین و بۆچوون و ئینتیمای سیاسیی تاکەکان دەبێت و ئەمەش وا دەکات نموونەیەکی جوان بە نەیارەکانمان بدەین و بڵێین ئێمە دەمانەوێت بە ئاشتییانە بژین.

٤/٣٠ی ئەمساڵ لە سەرجەم عێراقدا هەڵبژاردن دەکرێت و باشووری کوردستانیش دەچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە، ئێمە لەوە دەگەین لەناو عەرەبەکاندا بەهۆی هەستی تایەفی و عەشیرەتگەرایی و ململانێی سوننە و شیعە ئەنجامەکان وەک پێویست قبوولْ ناکرێن و ڕەخنەبارانی یەکدی دەکەن بە مەسەلەی تەزویرکردن و داننەنان بە براوەنەبوون لە پرۆسەکەدا، خۆ ئەگەریش بزانن لایەنێک براوەی بێ تەزویریشە، هێشتاکە ڕێز لە براوەییەکەی ناگرێت، وەک چۆن نووری مالیکی شکستی هێنا لە هەڵبژاردن، بەڵام پێداگری زۆری کرد بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی حکوومەت و بەهۆیەوە عێراقی دووچاری دەیان قەیرانی سیاسی و ئابووری و ئەمنی کرد، بەڵام لە دواییدا بەهۆی ڕەچاوکردنی دۆخە مەترسیدارەکە، ئەیاد عەلاوی کە براوەی هەڵبژاردن بوو، تەنازولی بۆ نووری مالیکی کرد و مالیکیش وەک سەرۆکی حکوومەت دەستنیشان کرا و بەمەیش زەڕبەیەکی گەورە بەر هەیکەلی دیموکراسی کەوت لە عێراقدا و ئەوەتا مالیکی دەرکەوتە

دیکتاتۆرییەکانی بەدەرکەوتوون، لە ڕێزنەگرتن لە سوننەکان و زیندووکردنەوەی ململانێ تایەفی و دروستکردنی کێشە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دەستگرتن بەسەر زۆربەی دامەزراوە گرنگەکانی وڵات و ڕێزنەگرتن لە لایەنە سیاسییەکانی تری عێراق و بیرکردنەوەی تاکڕەوانە لە فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەتدا. بەڵام بەپێچەوانەوە دۆخەکە ڕەنگە لە باشووری کوردستاندا جیاوازتر بێت، چونکە ئێمە کێشەی عەشیرەت و مەزهەبگەرایی و تایەفیمان نییە، ئەوەی هەیە ململانێی سیاسیی حیزبەکانە.

گرنگترین شت ئەوەیە حیزبەکان لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکاندا پیرۆزبایی لە لیست و کاندیدی براوە بکەن جا ئەو لیست و کاندیدە هەر لایەن و کەسێک بێت، ئەوکات پرۆسەکە بۆ کورد سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێت و دەتوانین نموونەی جوان پێشکەش بکەین لەسەر ئاستی جیهاندا، بەڵام ئەگەر دوای ڕاگەیاندنی پرۆسەکە یەکتریمان بە تەزویرکردن و پێشێلکاری تۆمەتبار کرد، لەکاتێکدا ئەو تۆمەتبارکردنە یاسایی و لۆژیکی نەبوو، ئەوکات پرۆسەکە ناشیرین دەکەین و ناتوانین بە شەقامی جیهانی بڵێین ئێمەش خاوەنی کولتووری دیموکراسین و دەتوانین هاوشانی وڵاتە دیموکراسییەکان بڕۆینە پێشەوە و بەشدار بین لە شارستانێتی جیهانیدا لهڕووە پۆزەتیڤەکەیەوە، چونکە جیهان هەنووکە چاوی بڕیوەتە ئەو ناوچەیە، بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان کە لەڕووی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مەدەنییەوە لەژێر سفردان و گرنگە بۆ جیهان لەنێو ئەو

گەڕەڵاوژەیەدا میللەتێک دیموکراسییانە بیر بکاتەوە و بەشداری لە بونیادنانی شارستانێتی جیهانیدا بکات بەڵایەنە باشەکەیدا، ئەوکات ئێمە ئیشی بۆ بکەین و نەکەین پشتگیریی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنین، پشتگیریی نێودەوڵەتیش نموونەکەی ئیسرائیلە کە هەرچی وڵاتە ئیسلامییەکانە بەتایبەت ئێران و عەرەبەکان دژایەتی ئەزموونی ئیسرائیل دەکەن، بەڵام چونکە پشتگیریی نێودەوڵەتی هەیە، ناتوانن چۆکی پێدا بدەن و ئیسرائیلیش ڕۆژ دوای ڕۆژ پێشدەکەوێت، خۆ ئەگەر لە سەردەمی کۆماری مەهاباد، کورد پشتگیریی نێودەوڵەتی هەبووایە ئێستاکە کوردیش لە ناوچەکەدا خاوەنی دەوڵەتی خۆی دەبوو، هیچ گومانیش لەوەدا نییە زیاتر لە عەرەب و فارسەکان پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەدیت، ئەوەتا باشوور لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت نییە، بەڵام لەڕووی دیموکراسی و ئازادیی چاپەمەنی و یاساوە زۆر لە ئیران و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی باشترە، هیچ نەبێت لە هەرێمدا ڕۆژانە خەڵکی لەسێدارە نادرێن، وەک لە ئێراندا دەبینرێت کە ئەمەیش ڕەخنەی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناوە.

پیرۆزباییکردن لە لایەنی براوە و قبووڵکردنی ئەنجامەکان، بەقەد خودی پرۆسەکە گرنگە، ئەگەر هەموو ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام لەڵایەن هێزە سیاسییەکانەوە دان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە نەنرا، ئەوە هیچ نەبووە، بگرە دروستکردنی دۆخێکی مەترسیدار دێنێتە کایەوە و باری سایکۆلۆژیی تاکەکانیش بە

ئاڕاستەی دژایەتی و ناکۆکیدا دەبات لەوەی تاکەکان ناتوانن بە ئاسانی بینینی یەکدی لەسەر شەقام و لەنێو فەرمانگە و لە کۆڵان و لەناو مارکێت و لە سەیرانگەکان و شوێنە گشتییەکاندا قبووڵ بکەن، هەمووانیش دەزانین ئەمە سوود بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە ناگەیەنێت، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، ئەو کۆمەڵگانەن کە تاکەکانی یەکدی قبووڵ دەکەن و ڕێز لە بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی یەکدی دەگرن و بەیەکەوە دەژین.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٥٣٨ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٤/٤/٨

شوناسی داعش و مەترسی لەسەر ناوچەکەدا

لە ئێستاکەدا قسەکردن لەسەر ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ کورد گرنگترین پرسێکە بەوپێیەی هاوسنووورین لەگەڵ ئەو ناوچانەی سوننەنشینن و ئەو گرووپەش واتە داعش بەشێوەیەکی تۆندڕۆیانە سوننەچێتی و عەرەبچێتی دەکەن و هەنووکەش بوونەتە گەورەترین مەترسیی بەسەر مووسڵ و هەندێک ناوچەی عەرەبی سوننەنشین و لە بەرانبەریشدا سوپاکەی نووری مالیکی بێورەترین سوپایەکە و توانای بەرگری لە ناوچەکانی نییە، لەڕووی سایکۆلۆژییەوەش ورەیان نەماوە، هاوکات پێویستە گومانی ئەوەش بکەین کە چۆن دەبێت سوپایەکی زەبەلاح لە بەرانبەر چەند هەزار چەکدارێکی میلیشیادا چەک دابنێت! بەپێی زۆربەی زانیارییەکان داعش ویستبێتی بچێتە هەر شوێنێک سوپاکەی مالیکی بێ تەقەکردن چۆڵیان کردووە و ئەمەش بووەتە جێگەی گومانی ئەمنی و سیاسی بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیەش پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت!

ئەگەرچی هەنووکە ئاڵۆزییەکان لە ناوچە عەرەبییەکاندان، بەڵام هیچ گومان لەوەدانییە ئەگەر ئەو ئاڵۆزیانە و پێشڕەوی داعش بەردەوامی هەبێت، هەرێمیش بەهۆی نزیکی سنوورەکەیەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی داعش و کۆنە بەعسییەکانەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو مەترسیانەی لە ناوچە عەرەبییەکاندا هەیە لە هەرێمدا نەبێت بەهۆی بوونی دڵسۆزی بۆ خاکی کوردستان لەناو هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و خەڵکی کوردستان کە ئەم خۆشەویستییە لەناو جەیشی عێراقدا ئامادەگی نییە، بەڵکوو بە زەبری پارە خەڵک لە ناو سوپاکەی مالیکیدا کۆکراونەتەوە و ئەمەش گەرەنتی سەرکەوتنی لێ ناکرێت لە بەرانبەر داعشدا، بەداخەوە ئەمە واقیعە و خودی نووری مالیکی پیاوە قەیراناوییەکەی عێراق دەیزانێت، بەڵام لە بەرانبەریدا دەستەوەستانە، بگرە خۆی بەشێک بووە لە دروستکردنی ئاڵۆزییەکان، بەتایبەت زیندووکردنەوەی هەستی مەزهەبگەرایی و خێڵگەرایی لەنێو پێکهاتەکانی عێراقدا کە داعش و لاوازی سوپاکەی نموونەی زیندوون لەوەی مالیکی لە فەرمانڕەوایەتیکردنی عادیلانەی عێراقییەکاندا بە تەواوەتی شکستی خواردووە.

شوناسی داعس

داعش، کورتکراوەی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامە، گرووپێکی توندڕۆی چەکداری فێندەمێنتاڵی ئیسلامیی سیاسییە، ئایدۆلۆژیای سەرەکیی ئەو گرووپە، سەلەفی جیهادی، سوننەگەراییە، هاوکات زۆربەی چالاکییەکانیان سەرەتا لە ڕێگەی تووندوتیژییەوە وەک کوشتن و سەربڕین و تەقینەوە و هێرشی چەکداری بۆ سەر دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان ئەنجام دەدا و هەندێک جاریش بۆ

دروستکردنی ترس خەڵکی بێتاوان دەکەنە ئامانج، بەڵام ئێستاکە ستراتیژیی چالاکییەکانیان گۆڕیوە و ئیش لەسەر دەستبەسەرداگرتن و مانەوە لە شوێنان دەکەن. وەک نموونە ئەگەر زوو مووسڵ لە چنگ ئەو گرووپە دەرنەهێنرێت بۆی هەیە ئیماراتی ئیسلامی لەو شارەوە دروست بکەن، ئەمەش گەورەترین و مەترسیدارترین ڕەوشێک بۆ ناوچەکە دێنێتەکایەوە و ئاسایشی ناوچەکە بە تەواوەتی دەخاتە مەترسییەوە.

هاوپەیمانی لەگەڵ ئەلقاعیدە

سەرەتای چالاکی یان دروستبوونی ئەو گرووپە تیرۆریستییە، بۆ ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠٠٣) دەگەڕێتەوە کە لەسەر دەستی ئەبو موسعەب زەرقاوی دامەزراوە، دوای ئەویش ئەبو عومەر بەغدادی بووە بە سەرکردەی باڵای گرووپەکە و ئێستاکەش ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی باڵای داعشە لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریادا، لە کاتی دروستبوونیدا لەگەڵ ڕێخکراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە هاوپەیمانێتیان بەست لەژێر ناوی ئەلقاعیدە لە عێراق، ئەمەیش ئاماژەیەکە ئەوکات داعش لقێک بووە لە ئەلقاعیدە، بەڵام لە عێراقدا ئەو پەیوەندییە تا ٢٠١٣ بەردەوامی دەبێت و بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان بەتایبەتی ئەلجەزیرە، ئەیمەن ئەلزەواهیری کە دوای کوژرانی ئوسامە بنلادن بووە بە سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، داوای لە ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی ئێستاکەی داعش کردووە دەستەواژەی سووریا (شام) یاخود بەشی سووریا لە ڕێکخراوەکە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو سەرکردە باڵایەی داعش داواکەی ئەیمەن ئەلزەواهیری ڕەتدەکاتەوە، بەمەش کۆتایی بە

یەکگرتنەکەی نێوانیان دێت و خودی ئەلزەواهیریش ڕایگەیاندووە لەمەودوا پەیوەندییان لەگەڵ ئەو گرووپەدا نەماوە، ڕەنگە نەمانی ئەو پەیوەندییە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو داوایەی زەواهیری بووبێت لە ئەبوبەکر بەغدادی، بەڵام بە تێگەیشتن و خوێندنەوەی زیاتر دەگەینە ئەو قەناعەتەی لە ئێستاوە شەڕی ئەوانە لەناو خۆیاندا ئامادەگی هەیە لەسەر پۆست و پایەی تیرۆریستی، بەڵام ئەوەی تا نووکە قسەی لەبارەوە کرابێت داعش گرووپێکی ئاڵۆزی سەلەفی جیهادین و هیچ بەهایەکی ئەخلاقی و ئینسانی لەناو ئەندامانی ئەو گرووپەدا پەیڕەو ناکرێت، تەنانەت خودی خۆیانیش لەگەڵ یەکتریدا بە گومانن و لەنێو ترسدا دەژین، بۆیەش چاوەڕێی پەرشوبڵاوی ئەو گرووپە دەکرێت بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کێشەی ناوخۆییان هەیە بە خودی ناوخۆی عێراقیشەوە.

ئامانجی داعش

ئامانجی سەرەکیی گرووپ و ڕێکخراوە سیاسییە ئیسلامییەکان لە جەوهەردا یەک ئامانجە، بەڵام بەهۆی هەستیاری قۆناغەکە بە میکانیزمی جیاوازەوە کار دەکەن، ڕەنگە ڕۆڵ لە نێوانیاندا دابەش کرابێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان، هەندێکیان تەنیا لەسەر شێوازی پەروەردەیی خەڵک لە خۆیان کۆدەکەنەوە، بۆ نموونە: دەچنە ناو ناخی خەڵکانی سادەوە، چالاکییەکانیان دەبەنە ناو زانکۆ و قوتابخانە و مزگەوتەکان و گوندەکانەوە لە ڕێگەی گوتاری فێندەمێنتالیانەی ئەوتۆوە کە خەڵک قەناعەتیان پێ بکات، هەندێکی تریان ئیسلام بەکار دەهێنن وەک کەرەستەیەک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بۆ نموونە بەردەوام دەڵێن ئیسلام لە مەترسیدایە و پێویستە داکۆکی لێ بکرێت،

ئەم جۆرە گرووپانە زیاتر وەک حیزبی سیاسی خۆیان نمایش کردووە و زۆرجاریش دەچنە پەرلەمان و حکوومەتەکانەوە، بەڵام بە هەمان نەفەسی توندڕۆیانەی خۆیانەوە، ئاماجی سەرەکی ئەو گرووپە ئیسلامییانە بەتایبەتی داعش زیندووکردنەوە یاخود دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامییە لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی سوننە و ئازاردانی شیعەکان و سەپاندنی هەیمەنەی سوننەگەرێتی بەسەریاندا.

کەواتە لەگەڵ گەشەسەندی زیاتری ئەو گرووپەدا، ئیدی ژیانی خەڵک هاوشێوەی ئەفغانسان دەکەوێتە مەترسییەوە بەدەست توندڕۆی ئیسلامیی سیاسییەوە، بۆیەش ئەرکی هەر وڵاتێکە کە لە خەمی ئارامی هاووڵاتییانیدایە هەڵوێستی لە بەرانبەر ئەو گرووپەدا هەبێت، چونکە لەگەڵ دروستکردنی کیانی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای تونڕۆیی کە خۆیان ڕایانگەیاندووە ئیدی مەترسیی جیدی بۆ شوێنانی دیکەش چڕ دەبێتەوە، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە نزیکترین شوێنێکە لە هەیمەنەی داعش.

کورد و مەترسیی داعش

هاتنی ئەو لێشاوە لە پەنابەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئیستاکەش بەهۆی ئاڵۆزییەکانی مووسڵەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی هەرێم هەیبەتی خۆی پاراستووە لەڕووی ئەمنییەوە، زۆر جار پێناسەی ئەوەش کراوە هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی ترە لەنێو عێراقدا، ئەمانەش لەسەر دەستی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەی کوردستان بەدیهاتووە کە لەپاڵ دڵسۆزیان بۆ نیشتمان

بوێرانەش کاریان کردووە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو گرووپە توندڕۆیانە. لە ڕابردوودا داعش ویستوێتی ئارامی شارەکانی کوردستان بخاتە مەترسییەوە، بەڵام هەرزوو بەرنامەکەیان فەشەلی هێناوە، تازەترینیان هێرشکردنە سەر ئاسایش بوو لە هەولێر کە دەمودەست هێرشەکەیان بە کوژرانی خۆیان پووچەڵ کرایەوە، بەڵام ئەوەی ئێستاکە لە نزیکمانەوە ڕوو دەدات، جیاوازترە و بەهۆی غیابی توانا سەربازییەکانی سوپای عێراقەوە داعش بەهێزتر بووە بەتایبەت لە مووسڵدا.

پێویستە هەرێمی کوردستان بەوپەڕی ئامادەباشییەوە لەم ڕەوشە نالەبارە بڕوانێت و ئەگەرچی دەرفەتێکیش هاتووەتە پێشەوە تا پێشمەرگە ببڕێنە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە دەکەونە ناو سنووری ماددەی ١٤٠وە بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ سەر سنووری هەرێمی کوردستان، چونکە ئێستاکە ئەو ناوچانە بەتەواوی غیابن لەلایەن سوپاکەی مالیکییەوە، ئەگەر ئەمە لەلایەن کوردەوە ڕوو بدات، بۆی هەیە لە ئایندەدا وەک ئەمری واقیع سەیر بکرێت و بە ئاسانی بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

ئەگەر ئەو گرووپە بەخێرایی تێکنەشکێنرێن، دوور نییە پروشکی ئەو ئاگرە بەرەو باشووری کوردستانیش بپەڕیتەوە، بۆیە لە ئێستاوە ئەوەی لەسەر هەرێمی کوردستان پێویست بێت حسابکردنە بۆ ئەو گرووپە، دەکرێت ئەو گرووپە تیرۆریستییە بە بەرنامەی لایەنێکی نەیاری کورد بەم خێراییە هاتبنە نێو مووسڵەوە، ئەگینا کەی لۆژیکی سەربازی ئەمە قبووڵ دەکات شارێکی فراوانی وەک مووسڵ لە چەند کاتژمێرێکدا بەتەواوی بکەوێتە دەست ئەو گرووپە چەند هەزار

کەسییەوە کە ژمارەی سوپای عێراق لەو ناوچەیەدا پەنجا ئەوەندە زیاتر بووە بە بەرانبەر هێزی داعش. بۆیە ئەم شکستەی سوپا لە مووسڵ گوماناویە و حەقوایە کورد بە جیدی لەم مەسەلەیە وردبێتەوە و خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکات.

ئەگەرچی چاوەڕێ ناکرێت داعش ئەوەی بە سوپای عێراقی کردووە بتوانێت لە سەدا یەکیش بە پێشمەرگەی بکات، بەپێچەوانەوە تەسەوڕ دەکرێت لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیاندا لەگەڵ پێشمەرگە دووچاری شکستی گەورە دەبنەوە و خودی سەرکردەکانی داعش ئەم ڕاستییە دەزانن، بۆیە تا نووکە خۆیان دوورگرتووە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستاندا، بەڵام ئەمە بەس نییە، بەڵکوو ئەوەی بۆ هەرێم گرنگە شەڕی داعش نەکات لەسەر بنەمای سوننەگەرایی و سۆزداری بۆ عەرەبەکانی مووسڵ، بەڵکوو ئەوەی گرنگە پارێزگاری لە ناوچە کوردییەکان بکات بە ناوی پاراستنەوە لە دژی هەڕەشەی تیرۆری، بەمەش پشتگیریی وڵاتان بەدەست دەهێنێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٥٨٤ لە دووشەممە ٢٠١٤/٦/١٦

سەرۆکی کوردستان چی بە جیهان و عێراقییەکان گوت

ئەو ژینگە توندوتیژەی لە عێراقدا هەیە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی تیرۆرکردنی خەلیفەی موسڵمانەکان دەگەڕێتەوە بە دەستی خودی موسڵمانەکانەوە لەپێناوی گەیشتن بە دەسەڵات، مێژووی تیرۆر و کوشتن لەوساوە تا نووکە لە ناو زاکیرەی تاکی عەرەبیدا ئامادەگی هەیە و گەورە کۆمەڵناسی عەرەب، عەلی وەردی بە ڕوونی ئەم ئاماژەی بەمە کردووە، بەداخەوە توندوتیژییەکان پاڵنەری مەزهەبی لەپشتەوەیە و زیانی بە خەڵک و سەروەریی وڵاتانی دیکەش گەیاندووە بەتایبەت کورد کە هاوسنوورە لەگەڵ عێراقدا، سەرلەبەری ململانێی نێوان سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی و عێراق بەتایبەتی لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەرنامەی پۆزەتیڤی ئینسانیانە نین بۆ ئینسانەکان، بەپێچەوانەوە ململانێی نائینسانین و بەرژەوەندیی گشتی لەگەڵدا نییە و ئەوەی لێی سوودمەند دەبێت گرووپێک لەو سیاسییانەن کە خۆیان بە نوێنەری گشت ئینسانەکانی ئەو ناوچانە دەزانن و وەک فریادڕەسێک خۆیان

نمایش کردووە، بەڵام ئەو فریادڕەسییە وەهمییە تەنیا مالّوێرانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لەبری خۆشبەختیش، ترس و شۆکی لەناو هاونیشتمانیاندا پەخش کردووە، بەمەش جیهان هەمیشە زوومی کامێراکانی لەسەریانە تا خۆیان لە پرۆشکی ئەو ئاگرە بێ مانایانە بەدوور بگرن.

دوای ئازادکردنی عێراق (٢٠٠٣) لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی عێراق گەشبینبوون بەوەی ئیدی عێراقییەکان حەسانەوە و لەدەست ستەمکاریی سەدام و دارودەستەکەی ڕزگاریان دەبێت، بەڵام ئەمانە تەنیا خەون بوون و وەک سەراب بەهۆی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییەکان لەلایەن خودی عێراقییەکان خۆیانەوە دووبارە توانەوە و دیسانەوە عێراقییەکان کەوتنەوە ناو گەڕەڵاوژەی ململانێی سیاسییەکانیان.

نووری مالیکی وەک بەهێزترین کارەکتەری ناو ململانێکان، تاوانباری سەرەکییە لە زیندووکردنەوەی هەستی مەزهەبگەرایی و خێڵگەرایی بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی فاشیستانە عێراقییەکانی دووچاری مالّوێرانی و کوشتار و ئاوارەیی کردەوە، ئەوە سیاسەتی شکستخواردووی مالیکییە، وای کردووە داعش دەستبەسەر زۆرترین ناوچە سوننەنشینەکاندا بگرێت و وەک مەترسییەک مانۆڕی میلیشیایی خۆی پیشانی جیهان و عێراقییەکان بدات، ئەو سوپا خێڵەکیەی کە مالیکی هەڕەشەی پێ لە کورد دەکرد، نەیتوانی تەنانەت چەکەکانی دەستیشیان ڕزگار بکەن کە چەندین ساڵە بە پارەی خەڵکی عێراقییەکان دەکڕدرێن بەبیانووی پاراستنی

خەڵک لە مەترسیی دەرەکی و ناوەخۆیی، بەڵام ئەوەتا بە سانایی کەوتنەدەست گرووپێکی چەکداری تیرۆریست و عێراقییەکانی پێ دەکوژرێت، هۆکاری سەرەکیی شکستی سوپاکەی مالیکی نە ئابووریيە، نە کەمی چەک و خواردن و کەمی ژمارەی سەربازە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەموو ئەمانە بە زیادەوە لەبەردەستی ئەو سوپا ترسنۆکە دابووە، بەڵام ئەوەی وایکرد ئەو سوپا ترسنۆکە چەک دابنێت، نانیشتمانیبوونی ئەو هێزانە بووە کە بە هەستی تایەفەگەری و ململانێی ناشەریفانەی مالیکییەوە دژی سوننەکان و عێراقییەکان فاکتەری سەرەکی بووە.

کەواتە دەتوانین بڵێین مالیکی هۆکاری سەرەکییە لە هاتنەئارای هەر مەترسییەک لەسەر ناوچەکەدا لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو عێراق و چالاکیی ئەنجامدان دژ بە خەڵکی عێراق و کوردستان و ناوچەکە. ئەوەی بۆ کورد گرنگە ئێستاکە ئەو دەرفەتە زێڕینەی ساڵەهایە شەهید و قوربانی بۆ دەدەین، بە سانایی لەدەستی نەدەین، چونکە بەگوێرەی زانیاریيە میدیایی و سەربازییەکان، لە سەدا٩٥ی ناوچە کوردستانییەکان کەوتووەتەوە دەست پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان، ئەمەش واتە بەدەستهێنانەوەی خاکی کوردستان لە چنگی سیاسییە فاشیلەکانی عێراق، نووکە عێراق بە قەیرانێکی یەکجار گەورەدا تێپەڕ دەبێت و یاساکان کەوتوونەتە ژێر پێی چەکدارەکانی داعشەوە، لە بەرانبەریشدا کورد بەهێزترین هێزە دەتوانێت پارێزگاری لە خاکی خۆی بکات بەهۆی بوونی پێشمەرگەی دڵسۆز بۆ نیشتمان و یەکڕیزیی سیاسییە کوردستانییەکان لە مەسەلەی پرسی کوردەوە سەرباری ناکۆکییە ناوخۆییەکان.

چوونی مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکوک، چوونی سەرۆکێک نییە کە ئەرکی خۆی جێبەجێ کردبێت، بەپێچەوانەوە ڕۆحیەتی سەرۆک چووەتە ئەم شارە خۆشەویستەی کە بەناهەق داگیر کراوە، هاوکاتیش دەلالەتی سیاسیی قووڵ هەڵدەگرێت، من لێرەدا نامەوێت قسەکانی دووبارە بکەمەوە، چونکە ئێستاکە زوومی زۆرینەی کامێراکانی جیهانی لەسەرە، بە چرکە پەیام و قسەکانی بۆ جیهان دەگوازرێتەوە، بەڵکوو تەنیا مەبەست لە پرۆسەی سەردانیکردنەکەیەتی لە دۆخێکی وادا کە پێشمەرگە لە پێشڕەویدایە لەناو خاکی کوردستان، هاوکات پەیامی ئەوەی بە عێراقییە عەرەبەکان و شەقامی جیهانی گوت، ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچووە کەرکووک و خاکی کوردستان داگیر بکرێتەوە و یەک بست لە خاکی ئازادکراوی کوردستان ناکەوێتەوە دەست عەرەبی عێراقییەوە، هەروەها ئاماژەیەکیش بوو لەوەی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت و بێزار بووە لەدەست ئەو ستەمکاری و گەڕەڵاوژەییەی لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی تری بە جیهان گەیاند بەتایبەتی وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا کە کورد چیتر ناتوانێت لەناو ئەو گەڕەڵاوژەیەدا بمێنێتەوە و هەنگاوی سەربەخۆیی تاکە بژاردەی کورد دەبێت بۆ جیابوونەوەی لە عێراق.

ئەوەبوو دوای چەند کاتژمێرێک وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سەردانی لای بارزانی کرد، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە کورد لە ناوچەکەدا ژمارەیەکی بەهێزە و ناکرێت حسابی بۆ نەکرێت، هەر هیچ نەبێت هێز نییە کوردستان بخاتە ناو مەترسیی تیرۆرەوە، ئەمەش

شانازییە بۆ کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و تیرۆردا خۆی پاراستووە، لەکاتێکدا دژایەتی دەکرێت و هەوڵی جیدی لەئارادایە کوردستانیش بخرێتە ناو ململانێ تایەفی و تیرۆرییەکانەوە، بەڵام سەرکەوتنی کورد لەوەدایە شەڕی شیعە ناکات بۆ سوننە و هی سوننەش ناکات لەپێناوی شیعەی زۆرینەی عێراق، بەڵکوو کورد شەڕی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات لەسەر خاکی خۆی و نەچووەتە سەر خاکی کەس. کەواتە پرسی کورد پرسێکی شەرعی و ئینسانیانەیە و بەدڵنیاییەوە ئەمجارە کورد پێگە و کیانی خۆی بەدەست دەهێنێت، چونکە بەرژەوەندییەکانی جیهانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و ئێستاکە شەڕەکان لەسەر داگیرکردن نین، بەڵکوو شەڕی ئابووریی بەهێزە و کوردستانیش بووەتە ژمارەیەکی بەهێز لە هەناردەکردنی نەوتی خۆی. کەواتە عێراق لەمەودوا ناتوانێت بەرەنگاری هێزی کوردی ببێتەوە، چونکە پرسی کورد پرسێکی یاسایی و شەرعی و ئینسانییە و هوشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیش لەنێو کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە کە ئیدی کورد پێویستە گوتاری سەربەخۆیی بەرز بکاتەوە بۆ ڕزگاربوون لەدەست ئەو گەڕەڵاوژەییەی بەناوی شیعە و سوننە و سیاسەت لە عێراقدا دەگوزەرێت.

بۆ ئەوەی ناوچە گەڕاوەکان ببێتە ئەمری واقع، گەڕاندنەوەیان بۆ ناو ئیدارەی کوردستان بەکردەیی پێویستییەکی هەنووکەییە و هەنگاوی خێرای دەوێت، ئەگەرچی سەرۆک بارزانی گوتی تازە ئێمە باسی ماددەی ١٤٠ ناکەین، ئەمەش ئاماژەیەکە کوردستان سەربەخۆیی بەدەستهێناوە، بەڵام پێویستە بەکردەیی لەسەر ئاستی تەواوی

دامەزراوە سیاسی و حکومییەکانی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی قسەکەی سەرۆک ئیش بکرێت تا بە واقعی دەکرێت، چونکە سەرۆک خۆی باش درکی بەوە کردووە ئێستاکە کاتی ئەم هەنگاوەیە و باشترین قسەیەکیشە لەوەها دۆخێکدا کردوویەتی، هاوردەکردنی نەوتی کەرکووکیش لەلایەن هەرێمەوە یەکێکی تر دەبێت لە هەنگاوە بەهێزەکانی کوردستان و بە تەواوی بااڵنسی هێز دەگۆڕێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا بە قازانجی کورد دەکەوێتەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٥٩٥ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٤/٧/١

گرنگیی یەکڕیزی بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان

هەنووکە جیاوازتر لەو جارانەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هەلی دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆی هاتووەتە پێش و بە هەر هۆکارێکەوە بێت لەدەستی داوە، بەڵام هەلی زێڕینی ئەمجارە جیاوازترە، هەم لەڕووی ئیرادەی جەماوەری و هەم بەهێزی هەرێمی کوردستان لەبارەی توانا سەربازی و پێشمەرگەیی و چەکەوە تا ئاستی لاوازبوونی نەیارەکانی کە سەرسەختانە دژی کیانی کوردستانین، بەڵام خۆشبەختانە ئێستاکە بە شێوەی گشتی، پرسی سەربەخۆیی تەنانەت چووەتە سەر سفرە و نێت و شاشە و دانیشتنی خێزانی هەر ماڵێکی کوردستانەوە، چونکە ئیدی ئینسانی کوردستان بێزار بووە لەدەست ستەمی بەشەری و کولتووری و ئابووری و سیاسی نەیارەکانی.

ئەم تێگەیشتنەش دۆخێکی تازەتری هێناوەتە ئاراوە تا ئاستی ئەوەی هاونیشتمانی ڕەخنە لە سەرکردە و حیزبە کوردستانییەکان دەگرن لەوەی نابێت بەشداریی حکوومەتی تازەی عێراق بکەن، ئەمەش

گۆڕانکاریی گەورە و چاوەڕوانکراو دێنێتە کایەوە بە نیسبەت کوردەوە، ئەگەرچی سەرکردە باڵاکانی کورد لەسەر ئاستی سەرۆک و حیزبە سیاسییەکانەوە تا نووکە بڕیاری ئەوەیان نەداوە ئایا دەچنەوە بەغدا یان نا، بەڵام لە ناوچەکەدا دیفاکتۆیەک دروست بووە، کورد بەشێکی یەکجار زۆری ناوچەکانی لەڕووی سەربازی و ئەمنییەوە خستووەتەوە ژێردەستی خۆی و پێشمەرگە لەپێش چاوی زوومی کامێراکانی دونیادا ئالای کوردستانیان لەسەر دەشەکێنێتەوە و سوپاکەی مالیکش تا ئەوکاتەی خۆی پڕ چەک و ڕێکدەخاتەوە، ئیدی ئەو ناوچانە بە تەواوی لەدەستی پێشمەرگەدا پارێزراو دەبن و وەرگرتنەوەیان ئاستەم دەبێت و هەیمەنەی پێشمەرگەش وەک هێزێکی خۆمالّی باڵ بەسەر ئەو ناوچانەدا دەکێشێت، وەک چۆن لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە هەرێمی کوردستان بووە دیفاکتۆیەک و کەس نەیتوانی ڕەتی بکاتەوە، چونکە ئیرادەی خەڵکی لەگەڵدابوو، هاوکات چاوەڕێ دەکرێت ڕۆژ دوای ڕۆژ پشتگیریی جەماوەری زیاتر دەبێت بۆ مانەوەی پێشمەرگە لەو شوێنە کوردستانیانەی بەهۆی سیاسەتی داگیرکارییەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵام لە جەوهەردا لە ناحی هەر تاکێکی ئەو ناوچانەدا ئیرادەیەکی گشتی و بەهێز ئامادەگی هەیە بۆ جیابوونەوە لە خاکی عەرەبدا و تێکەڵبوونەوە بە خاکی کوردستانی گەورە بەتایبەتی هەرێمی ئێستاکەی کوردستان.

بۆچی دەرفەتەکە زێڕینە؟

ئەو دەرفەتە، واتە گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ بندەستی پێشمەرگە، هەلومەرجێکی تازەیە لە عێراق و ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە و دەبێت کوردیش بە قازانجی سیاسی و جوگرافیی خۆی

یەکلایی بکاتەوە، بۆ ئەمەش نابێت گوێ بەم وڵات و بەو سەرکردەی وڵاتان بدات کە بیانەوێت لە ڕێگەی سیاسەتی عاتیفەییەوە کورد پەشیمان بکەنەوە بە گەڕانەوەی پێشمەرگە، وەک چۆن لە٢٠٠٣ کورد باجی کشانەوەیدا لە کەرکووک و ئەو ناوچانەی ئێستاکە هاتوونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان بە ڕادەستکردنەوەیان بە هێزەکانی ئەمەریکا و دواتریش عێراقییەکان بە بیانووی دۆزینەوەی چارەسەری یاسایی و سیاسی کە دواتر ماددەی١٤٠ ی لێکەوتەوە، ئەم ماددەیەش تا مانگێک لەمەوبەر زۆرترین کێشەی بۆ تاکی کورد دروستکرد تا ئەو کاتەی بە فیعی کۆتایی هات کە پێشمەرگە چوونە ناوچەکانی سنووری ماددەی سەدوچلەوە، لەدەستدانی ئەو هەلەش دووبارەبوونەوەی وەها دەرفەتێکی تری بەدوا دانایەت، هاوکات زێڕینبوونی ئەو هەلومەرجە هۆکارەکەی ئەوەیە ئێستاکە ساڵی ١٩٩١ نییە تا کوردستان لەڕووی چەک و ژمارەی پێشمەرگە و توانای سەربازییەوە لەچاو سوپای عێراقدا لاواز بێت، بەپێچەوانەوە سوپای ئێستاکەی عێراق بە بەراورد بە هی ئێستاکە بەهێزتر بوو، چونکە بەمەبەستی شەڕکردن لەگەڵ ئێراندا لەلایەن هەندێک وڵاتی زلهێزی نەیاری ئێرانەوە هاریکاریی ماددی و کاڵای سەربازی دەکرا بەمەبەستی لاوازکردنی ئێران، بەڵام ئەوەی نووری مالیکی سوپایەکی نانیشتمانییە و لەسەر بنەمای تایەفەگەری ڕاهێنانی لەسەر کراوە و ئەوەتا نەیتوانی لەبەردەم چەند هەزار میلیشیایەکی داعشدا کە شوناسی سوننەی هەیە خۆی بگرێت، لەلایەکی تریشەوە هێزی کورد بەهێزترە لەوەی چەکی باش و پێشمەرگەی زۆری ڕاهێنراوی هەیە کە بەدڵنیاییەوە دەتوانێت بەرپەرچی دوژمنەکانی

بداتەوە، ئەمەیش زۆر ئاشکرایە لەبەر توانا ماددی و مەعنەوی و چەکدارییەکەیە زیاتر لە مانگێکە هێز نەبووە لە عێراق هێرشی ئەوتۆ بکاتە سەر پێشمەرگە دژی ئەو ناوچانە، چ سوپای مالیکی و چ چەکدارانی تیرۆریستی داعش، ئەو دوو هێزە بە نیسبەت کوردەوە وەک یەک وان، بەڵام بە فۆڕی جیاوازەوە، یەکەمیان لەژێر پەردەی یاسا و ئەوی دیکەیان لەژێر پەردەی یەک پارچەیی خاکی ئیسلامی و دینداریەوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو بیانووانە نەیتوانیوە چۆک بە پێشمەرگەدا بدات، چونکە ئەوەی پێشمەرگە شەڕی لەسەر دەکات، پرسێکی پیرۆزی نیشتمانی و خاکە کە هی هەمووانە.

گرنگیی یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

لێرەدا ئەوەی زۆر گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، یەکڕیزی و یەکگوتاری کوردستانییە لەهەمبەر نەیارەکانی، ئەگەر بێت و کوردستان لەڕووی توانای سەربازی و پێشمەرگەییەوە زۆر بەهێزیش بێت، بەڵام غیابی یەکگوتاری و یەکڕیزی هەبێت، بێشک دۆخەکە مەترسیدار دەبێت و دووبارە و چەندبارە پرسی سەربەخۆیی و کیانی سیاسیی نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆنە دەکەوێتەوە خاڵی سفرەوە، خۆشبەختانە من تا نووکە لەسەر ئاستی جەماوەر و حیزبە سیاسییەکاندا یەکڕیزیی باش دەبینم، ئەگەرچی هەندێک دەنگی کزیش هەیە لە هەوڵی ساردکردنەوەی ئەو گەرموگوڕییەی هەستی جەماوەر هەیەتی بۆ سەربەخۆیی و کیانی سیاسیی کوردستانی، بەڵام ئەو دەنگانە دەنگی ڕاستەقینەی حیزبە سیاسییەکان نین وەک بەرنامەی حیزب بەقەد ئەوەی دەنگی هەندێک کەسی ناو حیزبەکانن و دەکرێت وەک جیاوازی بیروڕا یاخود

بەرژەوەندیی شەخسی سەیر بکرێت، چ بەرژەوەندی و چ بیروڕا دەکرێت بەهۆی پرۆسەیەکی گرنگەوە فەرامۆش بکرێت، بۆ نموونە دەکرێت گوتارێکی زۆر توندی نەتەوەیی کوردی هەبێت بەرانبەر نەیاری دەرەکی و ناوەخۆیی تا ئەو کاتەی کورد دەگات بە خەونی خۆی و ئەوکات هەمان گوتار بە فۆرمێکی نەرمترەوە بگۆڕدرێت.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە حیزب نییە بە ئاشکرا خۆی لەو پرسی سەربەخۆیی و ئەو دۆخە باشەی بۆ کوردستان هاتووەتە ئاراوە بدزێتەوە، ئەو دۆخە چارەنووسی هەمووانە و بە یەکەوەش دەتوانین بیپارێزین، هەموانیش ئەگەر بە تەنیا یەک قسەش بێت خەباتیان بۆ پرسی ڕزگاریخوازی کردووە، بە فۆرم و شێوەی جیاوازەوە، تەنانەت لە ناو خودی حیزبی سیاسیی کوردستانی لە قۆناغی شاخدا ئەو فۆرمانە جیاوازیان هەبووە، خەڵکانێک بە چەک و هەندێکی تر لەڕووی هوشیاریی سیاسی و ڕۆشنبیری و تەنانەت کولتووری و شعیرییەوە خەباتی بۆ سەربەخۆیی کردووە، کێ هەیە ڕۆڵی هەژار موکریانی و شێرکۆ بێکەس فەرامۆش بکات بۆ سەربەخۆیی لە تەک بارزانی و تاڵەبانیدا، بەدڵنیاییەوە کەس ناتوانێت ئەو ڕۆڵە عەقڵی و کولتووریانە فەرامۆش بکات کە لەلایەن شاعیرانی کوردەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دراون، کەواتە پرسی سەربەخۆیی پرسێکی گشتگیرە و پێوەندی بە جیاوازی بیروڕای سیاسی و حیزبی و فەرهەنگییەوە نییە، ڕێک پرسێکە هەموان پێوەی پابەندن و گرنگ ئەوەیە خەبات و قسەمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێت، چونکە ناکرێت میللەتێک پەنجا ملیۆن بێت و خاکی خۆی و نەوتی خۆی و کولتووری خۆی هەبێت، بەڵام کیان یاخود دەوڵەتی خۆی نەبێت،

ئەمە لۆژیک قبووڵی ناکات و بوێری و یەک ئیرادەیی کوردی پێویستە بۆ ئەوەی بەدی بێت. یەکڕیزی و یەکگوتاری نیشتمانی کوردستانی، وەک هێزی پێشمەرگە گرنگە بۆ بەرپەرچدانەوەی نەیارەکانمان، کەواتە پاراستن و دروستکردنی یەکڕیزی ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکی کوردستانییە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاکە، دەکرێت ئێمە تێڕوانینی جیاوازمان بۆ سیاسەتکردن هەبێت، بەڵام نابێت ئەو تێڕوانینانە ببنە هۆی ئەوەی ئەو دەرفەتە مێژوویییە لەدەست بدەین.

گرنگیی هاوهەڵوێستی پارتی و یەکێتی بۆ ئەم قۆناغە

یەکهەڵوێستی پارتی و یەکێتی بۆ ئەم دۆخە بە قەد یەکهەڵوێستی کوردستانییان گرنگە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو دوو هێزە خاوەنی پێشمەرگەن و بە فیعلی پاراستنی کوردستان لەڕووی سەربازییەوە لە ئەستۆی ئەو دوو هێزەدایە، خەباتی ئەو دوو حیزبەش بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ هاتنی داعشدا دەستی پێ نەکردووە، بەپێچەوانەوە لە چلەکان و حەفتاکانەوە ئەو دوو حیزبە شەهید و قوربانی دەدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان. کەواتە ئەوەی بیەوێت نێوانی ئەو دوو هێزە سەرەکییە تێک بدات، لە خیانەتێک بەولاوە هیچی تری پێشکەش کوردستان نەکردووە، هاوکات لەسەر سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبەش پێویستە بەتایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە و حیزبەکەی گەورەترین حیزبی کوردستانە ڕێگە نەدەن کەسانێک دووبەرەکی لە ناو ماڵی کورد دروست بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو خەڵکانە لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبەشدابن، هیچ گومان لەوەدانییە وڵاتانی نەیار بە پرسی کورد و خاکەکەی، هەموو

هەوڵێکی سیخوڕی و ڕۆشنبیری و میدیایی دەدەن بەمەبەستی نانەوەی دووبەرەکی لەو قۆناغەدا تا پرسی سەربەخۆیی و ئەو دۆخە تازەیەمان لەدەست بچێت، لە بەرانبەریشدا پێویستە ئێمە یەکڕیزی و یەکگوتاری خۆمان بپارێزین، ئەمە بەهێزترین چەکی بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانمان دەبێت و ئایندەی گەش دیاری دەکات بۆ ئەو میللەتە ماندووەی دەستی ستەمی دوژمنان و نەیارانی کورد.

لە یەکڕیزییەوە بۆ ڕاپرسی

سەرجەمی ئەو حیزبە شۆڕشگێڕانەی لە باشووردا دامەزراون، سەرەکیترین دروشمیان خەباتکردن بووە بۆ سەربەخۆیی و کیانی سیاسی لە کوردستاندا، ئەوەتا هەنووکە دۆخێکی لەبار بۆ کوردستانییەکان هاتووەتە کایەوە و زۆرینەی زۆری ئەو خاکەی لە باشوور لەدەستی نەیارەکانیدا بووە ئیستاکە لەدەستی پێشمەرگەدان، کەواتە داواکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی باشترین داوایەکە و پێویستە پەرلەمان بە خێرایی ڕێکارە یاساییەکان بۆ ئەم ڕاپرسییە بگرێتەبەر و تەنانەت ئەگەر تاک لایەنەش بێت ئەو ڕاپرسییە ئەنجام بدەین بە یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان تا بە جیهان بڵێین ئێمە میللەتێکین دەمانەوێت بە دیموکراسی و ئازادی بژین و ئیتر بێزاربووین لەدەست ناکۆکی و ململانێ تایەفییەکانی عێراقییەکان و ئەو کێشانەش پێوەندی بە ئێمەی کوردەوە نییە، تەسەورپیش ناکرێت لەوەها قۆناغێکدا کە کوردستان خاوەنی هەناردەی نەوت و پێشمەرگە و پەرلەمان و حکوومەت و سەرۆکی خۆیەتی، دژایەتی

هەر هەوڵێکی سەربەخۆییمان بکەن، بەپێچەوانەوە ئیستاکە هەوڵی وڵاتان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە هەموو کات زیاتر بووە و هەندێک وڵاتیش بە ئاشکرا ئەو پشتگیریەیان ڕاگەیاندووە و چاوەڕێ دەکرێت بەهۆی پێداگری کوردەوە بۆ سەربەخۆیی، پشتگیرییەکان زیاتر بن، چونکە ئەوکات سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە دیفاکتۆ و لەو سۆنگەیەوەش مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٦٠٥ لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/١٥

ئایندەی داعش

قسەگەلی زۆر و جیاواز لەبارەی داعشەوە دەکرێن، ڕاستییەکەی ئەوەیە داعش هەرچیەک بێت، ئایندەی لەم ناوچەیەدا وەک هێزێکی تۆندڕۆی چەکدار پاشەکشە دەکات، چونکە داعش تەواو شوناسی خۆی ئاشکرا کرد لەوەی گرووپێکی تۆندڕۆی چەکداریە و ناتوانێت لەگەڵ ئینسانەکاندا خۆی بگونجێنێت. ئەو هێزە ئەوەندەی کردەوەی ناشیرین بەرانبەر خەڵکی سڤیل لە پێکهاتە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکان ئەنجام داوە کە جگە لە پاشکۆ جاهیلەکانیان لە ماوەیەکی تردا پێگەیان لاواز دەبێت، داعش ئەوەندە جاهیلانە هاتە عێراقەوە کە لەگەڵ خۆیدا ناڕەزاییەکانی سوننەی دژ بە سیاسەتی چەوتی نووری مالیکی سەرهەوژێر کرد، چونکە بەر لە هاتنی ئەو هێزە تیرۆریستییە، سوننەکانی موسڵ و دەوروبەری، خەریکی ناڕەزایی دەربڕین بوون دژ بە مالیکی و سیاسەتە خێڵگەرایی و مەزهەبگەراییەکەی کە عێراقییەکانی ڕووبەڕووی هاتنی داعش کردەوە، تەواوی گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکان بەهۆی شەڕ و ئاژاوە و ناعەدالەتی دەوڵەتەوە بەرانبەر خەڵک و پێکهاتەکان

گەشەیان کردووە و سەریان هەڵداوە بە قۆستنەوەی ناڕەزاییەکانی شەقام.

مالیکی، دۆخێکی فەوزەوی بەتایبەتی لە ناوچە سوننەنشینەکان خوڵقاند، ئەمەش وایکرد گرووپی تیرۆریستی داعش و بەعسییەکان دژ بە حکومەتەکەی نووری مالیکی و پاشان بەهۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەوە بەرانبەر پێشکەوتنەکانی کوردستان ئێستاکە شەڕ بە هەرێم دەفرۆشن، ئەوەی داعش دەیکات، بەشێک لە داواکارییەکانی سوننەی بەرانبەر شیعەکان بزر کرد، ڕەنگە تا ئاستێک سوننەی عەرەبی داواکارییەکانیان لە مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشوو، جێگەی خۆی بووبێت، بەڵام کاتێک داعش دێت و بەرگی ڕەش دەکات بە بەر داواکارییەکانی سوننە و دەیانخاتە سەر شەپۆلی تووندوتیژییەکانی خۆیەوە، ئیدی دۆسیەی سوننە، واتە کێشە ڕاستەقینەکە بزر دەبێت و شوناسی تیرۆر وەردەگرێت، چونکە بەڕاستی ئەوەی داعش دەیکات بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک کردەی تیرۆرییە و دونیاش هەستی بەو مەترسییە گەورەیە کردووە کە پێویستە داعش کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەگینا باڵی تووندوتیژی چ لەڕووی سەربازی و چ لەڕووی فیکرییەوە بۆ وڵاتانی دیکەش دەچێت، بۆیە ئێستاکە جیهان دەیەوێت داعش بەر لەوەی بپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی تری دونیا بەتایبەتی ئەورووپا، بە یەکجاری لەناوی بەرن.

کەواتە داعش ئایندەی لە عێراقدا نییە، چونکە ئەگەر عێراقییەکانیش نەیانەوێت کۆتایی بەو گرووپە بهێنن، ئەمەریکا و ئەورووپا ئیدی بڕیاری خۆیان داوە کە نابێت داعش جارێکی تر مێژووی دەوڵەتی

عوسمانی دووبارە بکاتەوە بە فۆرمە تازەکەی کە گەورەترین مەترسی بوو بەسەر ئەورووپا و جیهانی مەسیحیەتەوە، کەواتە ئەوەی گرنگە لەو ناوەدا ئەوەیە هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزەکانی هاوپەیمانان ئەو گرووپە توندڕۆیانە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەربکات، ئەگەرچی پێشبینی دەکرێت بەمزووانە داعش لاواز بێت و زیاتر هەیمەنەیان لە مووسڵدا کۆببێتەوە، بەڵام هێشتاکە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت داعش بمێنێت، ڕەنگە وەک فیکر لە زاکیرەی تاکی عەرەبیدا بمێنێتەوە، بەڵام وەک هێزێکی چەکدار دەبێت کۆتایی پێ بهێنرێت و ئەم کۆتاییەش پرسێکی جیدی دونیایە و خۆری داعش بەرەو ئاوابوون دەڕوات، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە سەرکەوتنی گەورە بۆ کوردستان تۆمار دەکرێت، چونکە تاکە هێز تا ئێستاکە بەرەنگاری ئەو گرووپە بووبێتەوە هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەکانی بووە، نەک سوپا ترسنۆکەکەی عێراق کە تاوانباری سەرەکین لە ڕادەستکردنی زۆرترین چەکی قورس و تەقەمەنی بە داعش، ئەمەش وایکرد داعش بەهۆی ئەو چەک و تەقەمەنیە پێشکەوتووانە زیاد لەوەی هەیە، بەهێزتر بێت.

نابێت بە ئاسانی و بەبێ دادگاییکردنی ئەو ئەفسەرە هەڵاتووانە کۆتایی بێت، چونکە هیچ گرەنتی نییە کە خۆیان دەستیان لەگەڵ داعشدا تێکەڵ نەبووبێت، ئەگینا خێرە لە چەند کاتژمێرێکدا چەندین سوپا هەڵاتن و یەک تەقەیان نەکرد، ئەمەش وایکرد داعش بە ئاسانی دەستبەسەر مووسڵدا بگرێت و چەندین ناوچەی ستراتیژیان دایە دەست چەند چەتەیەکی داعشەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٦٤٧ لە ڕۆژی ٢٠١٤/٩/١٨

هەرێمی کوردستان و مەترسییەکانی دوای داعش

ڕەنگە بەهۆی لاوازی سوپای عێراق و بەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنییەکی زۆری سوپا لەلایەن داعشەوە، چەند ناوچەیەکی تری عەرەبی دەستیان بەسەردا بگیرێت، بەڵام سەرئەنجام چارەنووسی ئەو گرووپە لەڕووی چەکداریییەوە بەهۆی گوشار و هێرشەکانی هاوپەیمانانەوە کۆتایی دێت، هاوکات پێشبینی ئەوەش دەکرێت دوای ئەو گرووپەی خۆی وەک دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) ناساندووە، گرووپگەلی دیکە و لەژێر ناوی تردا، جێگەی داعش بگرنەوە بۆ تەواوکردنی هەمان ئامانج و سیناریۆکانی داعش لە ناوچەکەدا.

ئەو سیاسەتە فاشیلەی نووری مالیکی لە عێراقدا پەیڕەوی کرد، بووە هۆکاری سەرهەڵدانی دەنگی ناڕازی لە شەقامی سوننە، هاوکات بۆ قۆستنەوەی ئەو ناڕەزاییانە و بەکارهێنانیان دژی مالیکی و دەسەڵاتی شیعەگەرایی، داعش هێرشەکانی لەو ناوچە سوننیانە دەستپێدەکات کە گیرانیان ئاسان بوو، وەک مووسڵ و کە بە پایتەختی سوننەکانی عێراق هەژمار دەکرێت. کەوایە داعش تەنیا گرووپێکی چەکداری تیرۆریست نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکە لە داعشییەکان و بەعسییەکان و سوننەی تووندڕۆ و عەشایەرە عەرەبەکان، بۆیە دوای نەمانی تایتڵی

داعش لە نەخشە سەربازییەکاندا کە هاوپەیمانان بەڵێنی ئەوەیان داوە ئەو گرووپە لەناوببەن و بە کردەوەش کاری بۆ کراوە، ئیدی پێشبینی دەکرێت هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو دەموچاوانەی تردا بکەوێتە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەسەر خاک و سنووردەکان، چونکە سنووری هەرێم لەگەڵ ئەو پێکهاتە داعشی و سوننی و بەعسی و عەشایەریەدایە و ئەمانەش بە کردەوە پاڵپشت بە داعش دژی پێشمەرگە جەنگاون، بە تێڕوانینی ئەو پێکهاتەیە پێشمەرگە گەورەترین کۆسپە لەبەردەمیاندا تا دەستبەسەر ناوچەکەدا بگرن بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هی کوردستانن، بەڵام جارێ کێشەیان لەسەرە.

ئێستا پێشمەرگە لە ناوچەکەدا تاکە هێزی شەڕکەرە سەرکەوتنی بەسەر داعشدا بەدەست هێنابێت بە بەراورد بە سوپای عێراق و دەزگە ئەمنییەکانی ترەوە. بۆیە پێشمەرگە خاڵی بەهێزی مانەوەی کوردستانە لە قۆناغی دوای داعشدا، نووری مالیکیش خۆی ئەو ڕاستییەی دەزانی بەهێزبوونی پێشمەرگە واتە مانەوەی کوردستان لە ناوچەکەدا. بۆیە کێشەی بودجە و پڕچەککردنی ئەو هێزە، کێشە بەردەوامەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بوو، گریمان کوردستان پشتی کردە بەغدا بەمەبەستی پڕچەککردنی پێشمەرگە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت هەرێم دەستەوەستان بوەستێت و تەماشای ڕووداوەکان بکات، ئینجا هەڵوێست وەربگرێت، هەڵبەت ئەگەری ئەو ئەگەرانە لەئارادان کە پێشمەرگە دوای داعش شەڕێکی قورستری لەبەردەمدایە، ڕەنگە ئەو گرووپ و تایتڵانەی پێشبینی دەکرێت لە ئایندەدا شەڕی پێشمەرگە بکەن لەلایەن عێراقەوە دانپێدانراویش بن

لەژێر تایتڵی پاسەوانی پارێزگەکان یان نیشتمانی کە ئێستاکە بەنیازن بۆ سوننەکان دروستی بکەن.

پێویستە هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە تەماشای قۆناغی دوای داعش بکات و هەست بەو مەترسییانە بکات کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، چونکە ئەوە یەکلایی بووەتەوە ئیدی ناهێڵن کورد بە ئازادی و ئارامی لە ناوچەکەدا بژیەت، لەبەر ئەم هۆکاری نزیکبوونەوەی کوردستان لە سەربەخۆیی، بۆیە تاکە بژاردەی پێکهاتە عەرەبییەکان سەرقاڵکردنی کوردە تاوەکوو بیر لە شتی تر نەکاتەوە، لەبەر ئەوە دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هێزێکی کوردستانیدا و مەشق و ڕاهێنان و کڕینی چەک و لێدانی سەنگەری بەهێز و لە سەرووی هەموویانەوە باشترکردنی بژێویی کەسوکاریان و هەروەها فەرامۆش نەکردنی سەنگەرەکان پێویستییەکی مێژوویییە بۆ مانەوەی کورد و ڕەنگە هۆکاری قەیرانە داراییەکانیش ڕێگری ئەوە بێت، بەڵام چەندی بکرێت ژمارەی پێشمەرگەی مەشقپێکراو زیاد بکرێت بە چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتووەوە، هەموو ئەمانە دەتوانن ئارامی کوردستان بپارێزن.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە عێراق ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، هەر ڕۆژەی لەگەڵ کێشەیەکدا ئاشنایەتی پەیدا دەکات و ئاڵۆزی سەرلەبەری جومگەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، بۆیە یەکڕیزی و یەکگوتاری کوردییانە لەهەمبەر مەترسییە سیاسی و سەربازییەکاندا باشترین کارتێک دەبێت دژی هەر هەنگاوێکی دوژمنکارانە بۆ سەر کوردستان، هەرێم دەبێت لە ناوچەکەدا خۆی وەک تاکە مەرجەعی کوردستان نیشان بدات و بە کردەوەش وابێت، ئەوکات لەسەر ئاستی

گۆڕەپانەکەدا حساب بۆ پێگەی کورد دەکرێت و بەپێچەوانەوە فرەگوتاری حیزبییانە و چەند بەشی، کارەسات بۆ کورد دەخوڵقێنێت.

عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە تەنیا بە یەکڕیزیی کوردان نیگەران دەبن و حساب بۆ پێگەی کوردبوون لە ناوچەکە دەکەن، ئەوان واتە عەرەبی عێراقی کە مەبەست سیاسییەکانە، کاری سەرەکییان دروستکردنی کێشەیە لەنێو کوردان بە ئامانجی بچووککردنەوەی پرسی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا، کەوایە ئامادەسازییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو بۆ قۆناغی دوای داعش پێویستییەکی مێژوویی و نیشتمانییە، چونکە کورد ئێستاکە هەلێکی باشی بۆ ڕەخساوە لە بەدەستهێنانی پاڵپشتیی وڵاتانی زلهێزی جیهان بەهۆی ڕەوایی پرسەکەیەوە، وڵاتانی جیهان باش دەزانن کوردستان تاکە شوێنە لە ناوچەکەدا ئومێدی جیهان بێت لەڕووی دیموکراسی و پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینی و ئاییزاکانەوە، لە بەرانبەریشدا کورد پێویستە نموونەی جوانر پێشکەشی جیهان بکات تا پاڵپشتیی زیاتری بکرێت، دەبێت کورد شانازی بە شەڕکردن لە دژی تیرۆریستانەوە بکات و وەک منەتێکیش بەسەر جیهاندا بیفرۆشێتەوە کە سیاسەتی فاشیلانەی وڵاتانی ناوچەکە تیرۆر بەرهەم دەهێنێت و کوردستانیش دژیان دەوەستێتەوە تاوەکوو وەک ڤایرۆسێک بۆ شوێنانی نەگوازرێنەوە، ئەم کارتە بەدەست کوردەوە هەیە بۆ ئەوی بە جیهان بڵێت من لەبری ئێوەش شەڕی تیرۆر و جەهلم کردووە، کەوایە پاڵپشتیی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی نموونەی جوانریش ببینن.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٦٦٢ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٤/١٠/١٦

کێشەی کورد لەگەڵ مالیکی و عەبادی نییە

کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا، پێوەندی بە سەرکردە کوردەکان و نووری مالیکی و حەیدەر عەبادیەوە نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەگەڵ عەقڵییەتی سیاسی و کولتووری شۆڤێنیستی عەرەبدایە کە ناتوانێت لەڕووی دەروونییەوە دان بە بوونی کورددا بنێت وەک نەتەوەیەکی خاوەن ماف و دێرین لە ناوچەکەدا، بۆیە عەبادیش ناتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، خۆ ئەگەر بشیەوێت دیسانەوە بەهۆی گۆشاری شۆڤێنیستی شەقامی عەرەبییەوە ناتوانێت نێوانی لەگەڵ کورد خۆش بکات و هەنگاوی جیاوازتر لە مالیکی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان بهاوێت بە تایبەتی لە مەسەلەی نەوت و ئەو بەشانەی خاکی کوردستان کە بەهۆی سیاسەتی داگیرکارییەوە خراونەتە ناو ماددەی١٤٠ ی دەستووری عێراقەوە.

ئەوەتا زیاتر لە دوو مانگە کابینەی حکومەت لەدەست مالیکی نەماوە کە بەشێکی زۆری کورد پێیانوابوو هۆکاری کێشەکان مالیکییە و بە نەمانی ئەو چارەسەر دەبن، بەڵام ئەوەتا عەبادی هات و هیچی جیاوازتری لە مالیکی ئەنجام نەدا و درێژەی بە قەیرانەکان دایەوە.

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا چارەسەر نابن و بەردەوامیان دەبێت، چونکە عەرەب ناتوانێت لەڕووی دەروونی و کولتووری و نەتەوەیی و هەتا دینییەوەش کورد وەک هاووڵاتی پلە یەک لە ناوچەکەدا قبووڵ بکات بەتایبەتی لە عێراق و سووریادا، هەر سەرکردەیەکی عەرەبیش دەسەڵات بگرێتە دەست دەیەوێت دڵی شۆڤێنیستی عەرەبی ڕازی بکات، ئەگینا ناتوانێت لەسەر کورسی بمێنێتەوە.

عەقڵییەتی شۆڤێسنی عەرەبی نەیشاردووەتەوە کە دەیەوێت کورد لەژێر دەستی خۆیدا بێت، ئەمەش پێچەوانەی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکەوێتەوە کە بۆ سەربەخۆیی هەزاران شەهید و قوربانی بەخشیوە، ئەم ڕاستییەش هەموو دونیا دەیزانێت کورد مافی خوراوە و بەردەوام کێشەی تازەی بە فۆڕمی جیاوازتر بۆ دروست دەکرێت تا نەگات بە ئامانجی نەتەوەیی خۆی کە سەربەخۆیی خاک و نەتەوە و بڕیاری سیاسییە، داعش سەرباری ئەوەی هێزێکی سەلەفی، جیهادی عەرەبی ئیسلامییە، هاوکات پاڵپشتی شۆڤێنیستی عەرەبیشی لەپشتەوەیە و زۆربەی چالاکییەکانیان خستووەتەگەڕ دژی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان تا کورد نەپڕژێتە سەر ئەوەی بیر لە پرسی گەورەتری نەتەوەیی بکاتەوە، بەتایبەتی ئێستاکە لە باشووردا کورد هەنگاوی گەورەی هاویشتووە لە بواری هەناردەی نەوت و بەدەستهێنانی فیدراڵی کە ئەو فیدراڵییەتە بۆ کورد وەک سەربەخۆییەک وایە، چونکە عەرەبەکانیش ئەو ڕاستییە دەزانن هیچ شتێکی هاوبەش کورد و عەرەب بەیەکەوە نابەستێتەوە، بۆیە فیدراڵییەکە وەک نیمچە

سەربەخۆییەک وایە، بەڵام بەبێ ئەو خاکە کوردستانییانەی خراونەتە ناو ماددەی١٤٠ ی دەستوورەوە، هەر کاتێکیش باسی گەڕانەوەی ئەو خاکانە دەکرێت، ئیدی کێشەکان زیاتر دەبن و کورد وەک نەتەوە و خاوەن ماف ڕەت دەکرێتەوە، کەوایە تا خاکە داگیرکراوەکان بە فەرمی نەگەڕێنەوە، کێشەی کورد وەک خۆی دەمێنێتەوە، بگرە زیاتریش دەبن.

خەریکە نزیک دەبینەوە لەو ٣ مانگەی هەرێمی کوردستان وەک نیازپاکی خستییە بەردەم عەبادی تا لەو ماوەیەدا بەشێک لە داواکاری و کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا چارەسەر و جێبەجێ بکات، بە تایبەت گەڕانەوەی بێ مەرجی بودجە و مووچەی هەرێم کە بە بڕیارێکی تاکڕەوانەی مالیکی وەستێنراوە، بەڵام خودی عەبادی و کابینەکەی تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنیان نەناوە، تەنانەت عەبادی ئامادە نییە ئەگەر بە قسەش بێت بڵێت مووچە ڕەوانە دەکەمەوە لەکاتێکدا مووچەی خەڵک ناکرێت تێکەڵ بە هاوکێشە سیاسییەکان بکرێت و لەسەر مێزی دانوستانەکانەوە دەیدەم و نایدەمی پێوە بکرێت، چونکە مووچە مافێکی ڕەوای هەر فەرمانبەرێکە کە دەوامی ئاسایی خۆی دەکات و هیچ منەتێکیشی تێدانییە، بەڵام ئاشکرایە شۆڤێنیستی عەرەبی ئەم پرسەی وەک گوشار بۆ سەر پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەنارەی نەوت دروست کردووە تا شەقامی کوردستانی دژی دەسەڵات هانبدات، بەمەش ئامانجەکەیان دەپێکن لە تێکدانی ناومالّی کوردستان، واتە سەرقاڵکردن و پەکخستنی بیرکردنەوەی کوردستانییان لە سەربەخۆیی و داواکردنی مافە یاساییەکانی خۆی.

خۆشبەختانە تا ئێستاکە ئەمەیان بۆ نەچووەتە سەر و هاوولاتی هەرێمی کوردستان تەحاملی کردووە، چونکە دەزانێت هەرێم لەسەر حەقە و ئەوەی دەیکات بۆ بەرژەوەندیی هاوولاتییانی کوردستانە بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی.

پێشبینی دەکرێت لەو ماوەیەی کورد خستووتییە بەردەم عەبادی وەک نیازپاکی، هیچ پێشکەوتنێک بەدی نەکرێت و کێشەکان وەک خۆیان بمێننەوە، بۆیە گرنگترین کارێکی هەرێمی کوردستان لەکاتی کۆتایی هاتنی ماوەی ٣ مانگەکەدا، بەبێ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوەیە بەغدا جێ بهێڵێت بێ هیچ ئەملاوئەولایەک و بە جیهانیش بڵێت ئێمە نیەتپاکی خۆمان نیشان دا، بەڵام بەغدا نایەوێت ئێمە لەگەڵ ئەواندا بمێنینەوە، بۆیە دەگەڕێینەوە هەرێم و مومارەسەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆمان وەک کوردستان دەکەین، ئەوکات هەڵوێستی کورد بۆ بەغدا ڕوون دەبێتەوە و بەم شێوەیەش دەتوانرێت پێگە بۆ هەرێم بگەڕێنرێتەوە، ئەگینا کورد بەبێ هیچ پێگەیەک لە بەغدا دەمێنێتەوە و تەنیا کاربەڕێکەر و مێکیاژی ناعەدالەتی و گەندەڵییەکانی بەغدا دەکات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٦٨١ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٤/١١/١٢

پرسی سەربەخۆیی کوردستان دوای ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا

دروستکردنی بەربەست لەبەردەم دەرهێنان و هەناردەی نەوت و پاشانیش بڕینی مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئامانج لێی برسیکردنی کورد بووە تا نەپرژێتە سەر پرسە نەتەوەییەکانی بە تایبەتی سەربەخۆیی کە ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بووەتە ڕۆژەڤی میدیا جیهانی و عێراقییەکان.

لەم یازدە مانگەی ڕابردوودا کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا گەیشتن بە لووتکە تا ئاستی ئەوەی هیچ هاوئاهەنگییەک لە نێوان هەولێر و بەغدا نەمایەوە، سەرباری ئەو ناکۆکیانەش داعش هێرشی کردە سەر عێراق و بەشێک لە خاکی عێراق و کوردستانیشی کەوتەدەست.

لەوەها دۆخێکدا عیراق لەبری ئەوەی هاوکاریی پێشمەرگە لەڕووی چەک و تەقەمەنی و پارەوە بکات تا هاوشانی سوپا ترسنۆکەکەی

عێراق شەڕی داعش بکات، بەپێچەوانەوە دژی هاوکاریکردنی پێشمەرگە بوو کە وڵاتانی هاوپەیمان چەک و تەقەمەنیان بۆ پێشمەرگە ڕەوانە دەکرد، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی عێراقییە عەرەبەکان کوردستان وەک بەشێکی جیاکراوە لە عێراقی عەرەبی سەیر دەکەن، بەڵام نایانەوێت دان بەو ڕاستییە دابنین کولتوور و خاک و بیرکردنەوە و سەرلەبەری کایەکانی کورد جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەواندا.

بەغدا ویستی لە ڕێگەی بڕینی مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستانەوە ئەو دەنگە زۆرەی خەڵک کپ بکات کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن لە عێراق، بەدڵنیاییەوە ئەو ئامانجەی عێراقیش تا ئاستێک کاریگەری کردە سەر باری دەروونیی تاکی کورد. ئەوەتا زۆربەی چاوەکان لەسەر ئەوەن کەی بەغدا مووچە ڕەوانە دەکات، ئەگەرچی ئەمە مافی ڕەوای خەڵکە، بەڵام بەمەبەستی سیاسی ئەم مووچەیە بڕاوە بۆ ئەوەی کورد بیر لە برسێتی بکاتەوە و نەپڕژێتە سەر پرسە نەتەوەییەکانی.

لە ماوەی ئەو یازدە مانگەدا کە بەغدا و هەولێر بەهۆی مووچە و بودجەوە کێشە لەنێوانیاندا هەبوو، جگە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کەسی دیکە باسی لە سەربەخۆیی نەدەکرد، ئەمەش ڕێک ئامانجی شۆڤێنیستی عەرەبی بوو، لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا هەولێر و بەغدا ڕێککەوتنیان واژوو کرد لەسەر پرسی هەنارده و بەرهەمهێنانی نەوت و مووچە و بودجەی کوردستان، ئەمەیش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ کورد کە توانی جگە لە نەوتی هەرێمی

کوردستان هی کەرکووکیش ڕەوانە بکات یان خۆی سەرپەرشتیی فرۆشتنی بکات و بەمەیش پارەی کوردستان دابین بکات.

ئەمە لە ڕووە ئابوورییەکەیەوە بە پەرەسەندن هەژمار دەکرێت و لە ئایندەدا هەنگاوی گەورەتری بەدوا دادێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لە دوای ئەم ڕێککەوتنەوە ئیدی کورد گوتاری سەربەخۆیی فەرامۆش نەکات و بە بەرنامەوە کاری بۆ بکات بە تایبەتی لە باری ئابووری و بازرگانییەوە کە ئێستا هەرێمی کوردستان دەیەوێت ببێتە ژمارەیەکی گەورەی هەناردەی نەوت بۆ جیهان.

کەوایە هەرێم دەتوانێت لە ساڵی تازەدا بە شێوەیەکی تر و بە ئامانجێکی ڕوونتر گوتاری سەربەخۆیی بەرز بکاتەوە، چونکە ناکرێت بەهۆی گەڕانەوەی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان ئیدی ئێمە پرسی سەربەخۆیی فەرامۆش بکەین بەو مانایەی لەگەڵ عێراقدا ڕێککەوتنمان هەیە، چونکە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا گوتی: گرەنتی ئەوە نییە کە چیتر مووچە نابڕدرێتەوە!

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی بۆی هەیە دیسانەوە هەوڵێر و بەغدا بکەونەوە کێشە، چونکە بەشێکی زۆری شەقامی عەرەبیی عێراق و سیاسییەکانیان بەوە ڕازی نین بەغدا مووچەی هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەڵکوو خۆشبەختن بەوەی داعش بووەتە مەترسی بەسەر هەرێمەوە و ئومێدی ئەوەش دەخوازن شتێک بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە نەمێنێت و هەوڵێر و سلێمانیش هاوشێوەی کەرکووک بگرە مووسڵ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت.

چەندی کورد گوتاری سەربەخۆیی بەرز بکاتەوە، ئەوەندە مافەکانی زیاتر بەدەست دەهێنێت لە ناوچەکەدا، چونکە ئاشکرایە وڵاتانی ناوچەکە نایانەوێت کورد سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، لەبەر ئەوەی هەر یەک لەم وڵاتانە، کورد بە کێشە بۆ سەر پێگەی خۆیان دەزانن بەتایبەتی ئەو چەند ساڵەی کە کورد جۆریک لە هاوپەیمانیتی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپادا هەیە و ئەمەیش لەگەڵ هێرشی داعشدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان باشتر دەرکەوت کە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەمەریکا داعشی بۆردومان کرد، بەڵام نزیکەی سی مانگ دەبوو چەکدارانی داعش تەنگیان بە سوپای عێراق هەڵچنی بوو، کەچی ئەمەریکییەکان قسەیەکی ئەوتۆیان لەبارەوە نەکرد. کەوایە وڵاتانی ناوچەکە نایانەوێت کورد بە ئاسانی پێگەی بەهێزتر بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کورد لە ساڵی ئایندەدا بە ڕووانینێکی تازەترەوە بەرەو ڕووی پرسەکان ببێتەوە بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٦٩٧ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٤/١٢/٤

گرنگی وادەی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شنگال

حکوومەتی عێراق ئێستاکە لەژێر گوشاری ئەمەریکادا سەرقاڵی دانانی پلانی سەربازییە بۆ ڕزگارکردنەوەی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە دەست داعشەوە، ئەگەرچی دەنگۆی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی سوپای عێراق دژی چەکدارانی داعش هەیە، هاوکاتی ئەو دەنگۆیە لەبری ئەوەی داعش دووچاری ترس بێتەوە و سڵ لە سوپای عێراق بکاتەوە، بەپێچەوانەوە تازە لە ناوچە عەرەبییەکاندا هێرشی دەستپێکردووە و شوێنی تری کەوتووەتە ژێردەست، ئەمەش متمانەی سوپای عێراقی هێندەی دیکە لاواز کردووە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و بەتایبەتی جیهان. ئەمانەیش وایانکردووە شکستی سوپای عێراق ببێتە مانشێتی میدیاکانی جیهان، بەڵام لە بەرانبەردا سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دونیای وروژاندووە و وەک تاکە هێزی شەڕکەر لە عێراق و ناوچەکەدا وەسف دەکرێت کە بە جیدی دژی چەکدارانی داعش وەستاوەتەوە و هەڕەشەکانی ئەو گرووپەی ڕاگرتووە.

ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری گرنگییەکەی لەوەدایە هێزی کوردی بەتەنیا بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنە دەکات دژی چەتەکانی داعش بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو ناوچانە دوای ڕزگاکردنەوەیان لەلایەن کوردەوە دەکەونەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و سوپای عێراق ناتوانێت بێتە ئەو شوێنانەوە کە پێشمەرگەی لێ جێگیر دەکرێت.

وادەی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شنگال و دەوروبەری لە کاتێکی باشدایە کە سوپای عێراق بەهۆی لاوازی خۆیەوە داوای ئەوە لە هەرێم ناکات بە هاوبەشی ئەو ناوچانە ڕزگار بکرێتەوە، چونکە کارەسات دەخوڵقێت ئەگەر هاتوو پێشمەرگە بە هاوبەشی سوپای عێراق یان میلیشیای عەرەبی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان شەڕی داعش بکات، چونکە دوای ڕزگارکردنی هەر ناوچەیەک ئیدی گرەنتی ئەوە لەئارادا نابێت سوپای عێراق ناوچەکە بۆ پێشمەرگە جێبهێڵێت، ئەوکات دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ سوپادا پێشمەرگە لەو شوێنانەدا بمێنێنەوە و ئەمەیش بە نیسبەت کوردەوە دیسانەوە مەترسیدارە و گەرەنتی دروست نەبوونی کێشە لەئارادا نابێت، بۆیە ئۆپەراسیۆنی کوردانەی ڕزگارکردنەوەی شنگال تەنیا لەلایەن هێزی کوردستانییەوە پەیامی ئەوە دەگەیەنێت ئیدی ئەو ناوچانە هاتنەوە ژێر ڕکێفی هەرێم و تاکە هێزیش دەسەڵاتی بەسەریاندا بشکێت هەرێمی کوردستان دەبێت نەک بەغدا، ئەمەیش سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەهۆی هاتنی داعش بۆ ناوچەکە بەتایبەتی هێرشکردنە سەر هەرێم، چەندین ڕۆڵەی قارەمانی شەهید و بریندارببوون، بەڵام کورد قازانجی گەورەی کرد لەوەی توانی بە خوێنی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێم، چونکە کاتێک داعش هات جگە لە پێشمەرگە، هیچ هێزێک بەری پێنەگرت و سوپای عێراق زۆربەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی جێهێشت و پێشمەرگە فریای ئەو شوێنانە کەوت، ئەگینا هاوشێوەی مووسڵ و تکریت و حەویجە دەکەوتنە دەست داعشەوە.

حکومەتی عێراق بە ئاسانی ناتوانێت داوای ئەو شوێنانە بکاتەوە، چونکە ئەوەی وایکردووە بمێنن و نەکەونە دەست داعشەوە، پێشمەرگەی هەرێم بووە نەک سوپای عێراق، لە لایەکی دیکەشەوە سوپای عێراق ئەو شوێنە کوردییانە بە هی خۆی نازانێت، بۆیە هەر زوو چۆڵیکردن تا کورد و داعش بکەونە شەڕەوە بەمەبەستی دوورکەوتنەوەی شەڕ لە ناوچە عەرەبییەکاندا کە ئەم بیرکردنەوەیە فەشەلی هێنا، چونکە کورد هۆکاری سەرەکی بوو لەوەی داعش لاواز بێت و هاوپەیمانیی جیهانی بەرانبەر داعش دروست ببێت، ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان وەک خاڵی سەرکەوتن هەژمار دەکرێت کە وایکرد جیهان هانبدات دژی داعش شەڕ بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە پێشمەرگە بچێتە کۆبانی، هاوکات بە ڕزگارکردنی یەکجارەکی شنگالیش ئیدی زۆربەی ناوچە کێشەلەسەرەکان دەگەڕێنەوە سەر هەرێم، هەر وەک ئاماژەش بەوە کرا کە گرنگی ئەو ئۆپەراسیۆنە لەوەدایە تەنیا پێشمەرگە و لایەنی کوردی بەشداری تێدا کردووە،

ئەمەش نیشانەی ئەوە دەگەیەنێت ئیدی شنگال و ناوچەکانی تری کوردستان کەوتنە دەست هەرێمی کوردستان.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٧١١ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٤/١٢/٢٤

(٢٠١٥)

نوکتەکەی ئەرشەد سالّحی

نامەوێت باس لە شوناسی کوردستانیبوونی پارێزگەی کەرکووک بکەم، ڕەنگە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە نەبێت و لەبارەی کوردستانیبوونی کەرکووکیشەوە زۆر گوتراوە و ڕاستییە مێژوویی و پێکهاتەی سەرەکیی شارەکەش کە زۆرینەی زۆری کوردن، ئەوە دەسەلمێنن کەرکووک هاوشێوەی هەولێر و سلێمانی، شارێکی کوردستانییە، بەڵام تەنیا جیاوازییەک هەبێت ئەوەیە کەرکووک بەهۆی نزیکی لە ناوچە عەرەبییەکانەوە دەستی بەعەرەبکردنی لەلایەن شۆڤێنیستی عەرەبییەوە زۆرتر و زووتر پێگەیشتووە، بەڵام ئەمەیش لە ئەنجامدا نەیتوانیوە شوناشی کوردستانیبوونی شارەکە بگۆڕێت، بەپێچەوانەوە هەستی کوردستانیبوونی شارەکە زیاتر ڕۆچووەتە زاکیرەی تاک تاکی کوردەوە.

کەوایە قسەکردنی ئێمە لەسەر کوردستانیبوونی ئەو شارە نییە، چونکە ئەمە بڕاوەتەوە و دونیاش ئەو ڕاستییە دەزانێت و خەباتی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانیش بەڵگەیەکی زیندووە لەوەی ئەم شارە پارچەیەکی دانەبڕاوە لە خاکی کوردستان.

دوای چڕکردنەوەی هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر کەرکووک و بە تۆندی وەڵامدانەوەی پێشمەرگەش بووە هۆی شکستێکی گەورەی داعش، هەڵبەت ئەمەیش پەیامی ئەوەی دایە لایەنەکان کە کورد بە جیدی بەرگری لە کەرکووک دەکات و ئامادەیە قوربانیی زۆر زیاتریشی بۆ بدات تا ئەو شارە چیتر داگیر نەکرێتەوە لەلایەن هەر کەس و لایەنێکی ترەوە بێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا، ئەرشەد سالحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی عێراقی گوتویەتی دەبێت دوای داعش پێشمەرگە لە کەرکووک بکێشتەوە، ئەم جۆرە قسەیە لەکاتێکدا دەکرێت داعش زۆربەی ناوچە سوننییەکانی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە کە ئەرکی پاراستنیان لە ئەستۆی سوپای عێراقدا بووە، بەڵام داعش تەنیا لەو ناوچانەدا شکستی خواردووە یان وەستێنراوە کە پێشمەرگەی لێ بووە، کاتێک داعش مووسڵی گرت، سوپای عێراق لەو ناوچانەی کەرکووکدا کشانەوە کە بە هاوبەشی لەگەڵ پێشمەرگەدا دەبووایە بپارێزرێن لە مەترسیی تیرۆریستان، هەموومان ئەو دیمەنانەمان لەبەرچاوە سوپا شکستخواردووەکەی عێراق مالئاواییان لە پێشمەرگە دەکرد و پاشەکشەیان دەکرد، بەڵام ئەوەی مایەوە و ڕێگری کرد لەوەی داعش بێتە ناو کەرکووکەوە تەنیا پێشمەرگە بوو، ئەمەیش بەڵگەیە لەوەی کەرکووک خاکی کوردستانە و سوپای عێراق نەیویست شەڕ لەسەر خاکی کوردستان بکات، ئەی ئەوکات ئەرشەد سالحی لە کوێ بوو، بۆ داکۆکی لەم شارە نەکرد! بۆچی لە بەرانبەر داعش هاوشانی

پێشمەرگە بەرگریان لە ناوچەکانی کەرکووک نەکرد؟ ئێستاکە دەزانێت ئەفسانەی داعش بەرەو پووکانەوە دەچێت و کەرکووکیش بە تەواوی لەلایەن پێشمەرگەوە دەپارێزرێت و ڕۆژانە دەیان شەهید و بریندارێشی بۆ دەدرێت ئینجا داوای کشانەوەی پێشمەرگە دەکات، خۆ سالّحی باش ئەو ڕاستییە دەزانێت ئەم جۆرە لێدوانەی بایەخی سیاسیی ئەوتۆی نییە لەلایەن کوردەوە و وەک نوکتیەکی سیاسی گوێی بۆ دەگیرێت، ئەمە ڕوون بووەتەوە کە پێشمەرگە چیتر ئەم شارە کوردستانییە بۆ کەس چۆڵ ناکات، چونکە پێشمەرگە نەچووەتە سەر خاکی کەس و مالّی کەسی داگیر نەکردووە، ئیتر ئەو سەردەمەش بەسەرچوو جارێکی تر بتوانرێت خاکی کوردستان داگیر بکرێتەوە.

لە لایەکی ترەوە کورد سیاسەتی ڕوون بووە لە مەسەلەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە شاری کەرکووکدا، هیچ کات کورد کاری لەسەر ئەوە نەکردووە دژایەتی پێکهاتەکانی تری کەرکووک بکات، پێچەوانەوە تورکمانەکانی کەرکووک لە سایەی دەسەلّاتی کوردییەوە لە شاری کەرکووک و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش ژیانیان پارێزراوتر بووە و مافەکانیان بەدیهاتووە، ئەم جۆرە لێدوانە ناهوشیاریی سیاسی و کۆمەلّایەتی ئەرشەد سالّحی دەگەیەنێت لەوەی نەیتوانیوە جوان خوێندنەوە بۆ دۆخەکە بکات کە ئایا تورکمانەکان لە سایەی پێشمەرگەدا باشتر دەپارێزرێن یان عێراق، هەڵبەت ئەم قسەیەی لەناو خودی تورکمانەکانی کەرکووکیش قبوولّکراو نییە، چونکە ئەوە دەرکەوتووە کە تورکمانەکان لە سایەی پێشمەرگەدا باشتر پارێزگاریان لێکراوە. بەدڵنیاییەوە زۆرینەی

زۆری تورکمانەکانی کەرکووک لەگەڵ ئەو(نوکتە) قسەیەی ئەرشەد سالّحی نین و دژی دەوەستنەوە، چونکە ئەوان لە سایەی دەسەلاّتی کوردیدا کێشەیان بۆ دروست نەکراوە و خۆیان بە ماف خوراو نەزانیوە و زۆر باشیش دەزانن سالّحی بۆچی ئەم جۆرە قسانە دەکات! هەلّبەت ئەمە لە بەرژەوەندیی خوردی تورکمانەکاندا نییە، چونکە بە کردەوە سەلماوە پێشمەرگە لە هەر کوێ بووبێت بە یەک چاو سەیری پێکهاتەکانی کردووە و جیاوازی نەکردووە لە پاراستنی هاولاّتیان و ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە کە پاراستنی ناوچەکان بووە لە تیرۆریستان.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٧٣٩ لە ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٥

عێراق چی دەوێت؟

کاتی خۆی کە نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، میدیای کوردستانی کێشەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستانیان بە کێشەی شەخسی نێوان مالیکی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەزانی. ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەی بەشێکی زۆر لە میدیای کوردستانی یان خۆدزینەوەبوو لە ڕاستییەکان یان تێنەگەیشتن و ناهۆشیاریی سیاسی ئەو تەرزە لە بەناو ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانە بوو کە خوێندنەوەیەکی دروستیان بۆ پرسەکە نەبوو. لەکاتێکدا کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا پەیوەندی بە خودی مالیکییەوە نەبووە وەک کارەکتەر، بەڵکوو هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ ئەو عەقڵییەتە ڕاسیستییە هەوو کە مالیکی سەرۆکایەتی دەکرد دژ بە گەلانی کوردستان.

ئەگەرچی کاتێک مالیکی لەژیر گوشاری سوننەی عەرەبی و بەشێک لە عەرەبی شیعە بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان دەستی لە خۆکاندیکردنەوە هەڵگرت، ئیدی خەڵکی پێیوابوو بە هاتنی حەیدەر عەبادی تەواوی کێشەکان بەرەو چارەسەری دەچن، بەڵام بەداخەوە ئەو تەسەوڕاتە ڕاست دەرنەچوو، کێشەکە شتێکی تر کە خەڵکی بەگشتی بۆی چووە، بگرە عەبادی خراپتریش لە مالیکی بیر دەکاتەوە، تەنیا شێوازی لەگەڵ مالیکیدا جیاوازە.

مالیکی بە هەڕەشە و دەنگی بەرز دژایەتی کوردی دەکرد، بەڵام عەبادی بە کەمترین قسە سیاسەتی ڕاسیستییانەی خۆی بەرانبەر کوردستان جێبەجێ دەکات، ئەگەرچی چەند ڕێککەوتنێکی بێ ئەنجامی لەگەڵ هەرێمدا بەستووە، بەڵام نایەوێت بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوەوە، چونکە دەزانێت عەقڵییەتی ڕاسیستی عەرەبی ئەوەی لێ قبووڵ ناکەن لەگەڵ کورددا دریژە بە ڕێککەوتنەکانی بدات، ئەمەیش ڕەنگە هەمووی پەیوەندی بە خودی عەبادییەوە نەبێت، چونکە دواتر عەبادیش ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو عەقڵییەتە ڕاسیستییە لابدات کە دژایەتی پێشکەوتن و سەربەخۆیی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکات.

عێراقییەکان نایانەوێت هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هەناردەی نەوتەوە خۆی بژیەنێت، ئاشکرایە هەر لە سەرەتای دەرهێنانی نەوتی کوردستانەوە، کێشە بۆ ئەو پرسە دروست دەکرا و دادگەکانی وڵاتانیان لە هەرێمی کوردستان دەگرت لەوەی نابێت کەس نەوت لە

هەرێمی کوردستان بکرێت. ئەم ململانێیەش درێژەی کێشا تا گەیشت بەوەی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێت، لەکاتێکدا عێراق مووچەی فەرمانبەرانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەدات و پێشمەرگە و سوپای عێراقیش لەگەڵ ئەو گرووپە تیرۆریستییەدا لە شەڕێکی سەختدان، ئەگەرچی سوپا شکستی خواردووە و جێگەی متمانە نییە، ئەوەی هەبووە پێشمەرگە بووە بەجدی شەڕی کردووە، تەنانەت خودی عەبادی بە ناڕاستەوخۆ لە وڵاتاندا شانازی بەوەوە دەکرد کە خەریکە داعش تێک دەشکێنێت، بەڵام نەیدەگوت لەسەر دەستی پێشمەرگە، بەڵکوو بە شەرمەزارییەوە دەیگوت هێزە عێراقییەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، بەڵام خودی عەبادی پارەی پێشمەرگە سەرف ناکات و ئەمەیش هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگە چۆکی بە داعشداداوە و لە ئەگەری هێرشکردنە سەر مووسڵدا وەک تاکە هێزی شەڕکەری جێگە متمانەی وڵاتانی هاوپەیمانان هانای بۆ دەهێنرێت و پشتی پێدەبەستریت، بەڵام عەقڵییەتی ڕاسیستی عەرەبی چاوپۆشی لەو سەروەرییە دەکات کە پێشمەرگە لە بەرانبەر داعشدا بەدەستی هێناوە.

بەغدا لەوە تێگەیشتووە هەرێمی کوردستان کار بۆ سەربەخۆیی ئابووری و دواتریش جیابوونەوە دەکات، بۆیە هیچ کات هەنگاوێک ناهاوێت ئەگەر لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت، مووچە و بودجەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە تا هاونیشتمانییانی کوردستان دژی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەڵبستنەوە و هانا بۆ بەغدایەک

ببەن کە لەوەتەی هەیە دژی خەڵکی کوردستان بڕیاری سیاسی و سەربازی لێدەرچووە، بەغدا دەیەوێت هەرێمی کوردستان پەڕووبااڵی خۆی بکات و بە تەواوەتی تەسلیمی سیاسەتی ڕاسیتییانەی بێت، بەغدا لەگەڵ ئەوەی دەزانێت هەرێمی کوردستان بەهۆی ڕووتێکردنی ئەو ئاوارە زۆرەی شەڕی داعش و تەنگەژەکانی سووریاوە باری قورستر بووە، بەاڵم لەبری ئەوەی هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات، کەچی کێشەی دارایی بۆ دروست دەکات تا نەپڕژێتە سەر پرسەکانی ترەوە بەتایبەتی پرسی ئابووریییەکی سەربەخۆ و جیابوونەوە، بەغدا نایەوێت هەرێم یەک هەنگاو لە سەربەخۆیی ئابووری و پرسی جیابوونەوە نزیک ببێتەوە.

کورد پێویستی بە بەکارهێنانی کارتەکانێتی لە بەرانبەر بەغدا وەک بەکارهێنانی ئەو هەموو ئاوارە عەرەبەی لە هەرێمدان و پرسی بەشداریکردن و نەکردنی پێشمەرگە لە شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵدا و هەڕەشەی جیابوونەوەی یەکجارەکی بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، هەتا ئەگەر ڕێککەوتنەکانیش بکەونە باری جێبەجێکردنەوە، چونکە متمانەیان لەگەڵدا نییە، ئەگەری هەڵوەشاندنەوەیان هەمیشە ئامادەگی هەیە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٧٥٢ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٥/٢/٢٤

هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکە!

داعش لەگەڵ هاتنیدا، بەتەنیا دەستی بەسەر بەشێک لە ناوچەکانی عێراقدا نەگرتووە، پاش دەرپەڕاندنیشی تەنیا ئاسەوارەکانی کوشتن و وێرانە جێنامێنێت! بەڵکوو لەدوای خۆیدا پرسگەلێکی دیکەی ئاڵۆز بۆ عێراقییەکان دروست دەبێت کە هاوشێوەی داعش ئازاری عێراقییەکان دەدات بەتایبەتی لەو ناوچانەی کەوتوونەتە چوارچێوەی ماددەی سەدوچلی دەستووری عێراقەوە، ئەوکاتەی بە گوشاری فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان و هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، داعش دووچاری شکست دەکرێتەوە، سەروەرییەکەی بۆ هێزێکی میلیشیای شیعەگەر دەمێنێتەوە کە لە دوای هاتنی داعشدا و لەژێر چەتری یاسا و ڕەزامەندی حکوومەتی عێراقیدا بەمەبەست دروستکراوە بەناوی حەشدی شەعبی و ئەو هێزەش لە ئایندەدا دەبێتە بەدیلێکی ڕەزاقورسی داعش بە نیسبەت کورد و ناوچەکانی ماددەی سەدوچلی دەستوورەوە، بەڵام لە جەوهەردا جیاوازی ئەو هێزە، لەگەڵ داعشدا زەوی و ئاسمانە، نەک لەبەر ئەوەی لە داعش باشتر بێت، بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەوەی لەلایەن حکوومەت و لەژێر چەتری یاسادا شەرعیەتی پێدراوە و

ئەمەیش ئاماژەیەکی ڕوون دەبێت لەوەی حەشدی شەعبی چاوپۆشی لە زۆرێک لە کردەوەکانی دەکرێت هەم لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە و هەمیش هاوپەیمانان هاوشێوەی داعش هێرش ناکەنە سەر ئەو هێزە میلیشیاییە گوایە بۆ ڕزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکان دروستکراوە وەک هاوکارێکی سوپای عێراق! کەوایە مەترسی و هەڕەشەی حەشدی شەعبی بۆ ناوچە کوردستانییەکان زۆر زیاترە وەک لە داعش، وەک گوترا داعش هاوپەیمانی لە دژی دروست بووە، بەڵام لە بەرانبەر حەشدی شەعبیدا هیچ هاوپەیمانییەتێک دروست نابێت، چونکە حکوومەت خۆی دروستی کردووە تا هەندێک پرسی پێ یەکلا بکاتەوە کە نایەوێت ڕاستەوخۆ سوپا یەکلاییان بکاتەوە تا لە ئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا سوپا تۆمەتبار نەکرێت، بەتایبەت پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان کە پێموایە حەشدی شەعبی بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی ئەو ناوچانە دروستکراوە تا دوای داعش دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن بە بیانووی پاراستنیان لە دەستی تیرۆریستان و خۆ ئەگەر پێشمەرگەش دژیان بوەستێتەوە شەڕی دەکەن، چونکە لە بنەڕەتدا دەسەلاتداریێتی شیعەی عێراق و ئەو هێزەیان بۆ ئەوە دروستکردووە لەڕووی گردبوونەوەی میللی یاخود میلیشیاییەوە بیدەن بەگژ پێشمەرگەدا لە ئەگەری چۆڵنەکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ئەگینا خێرە سوپا فەرامۆش دەکرێت و پشت بە هێزێکی تایەفی و خێڵەکی دەبەسترێت بۆ دەرپەڕاندنی داعش! ئەمە جێگەی تێرامان و بەهەند وەرگرتنە بۆ هەرێمی کوردستان، عێراق دەیەوێت شەرعیەتی دەرپەڕاندنی داعش بداتە ئەو گرووپە میلیشیاییە و سەروەری شەڕی

داعشی بۆ دروست بکات و پاشانیش لەو ناوچانەدا بیانهێڵێتەوە کە کێشەیان لەسەرە و ئێستا بەهۆی شکستی سوپای عێراقەوە پێشمەرگە لێی جێگیر بووە و گەڕاونەتەوە ژێر فەرمانی هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی ئێستا ئەو هێزە شیعەگەراییە دەیەوێت لە ڕێگەی مۆڵەت و هەماهەنگییەوە بەرەو سنوورەکانی کوردستان بێت بەتایبەتی لە کەرکووک بە ناوی شەڕ دژی داعش، بەڵام لەڕاستیدا دوای گەیشتنی ئەو هێزە دەستبەسەر هەر ناوچەیەکدا دەگرن کە ڕووی تێدەکەن یانی کەوتنە حاڵەتی شەڕکردنەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا و دۆخەکە بۆ کورد باش نابێت، وەک گوترا لەلایەن حکوومەتەوە دروستکراوە و هەلومەرجی حەشدی شەعبیی جیاواز دەبێت لەگەڵ داعش و هاوپەیمانیی جیهانی لە دژی دروست نابێت، کەوایە مەترسییەکانی حەشدی شەعبیی زیاترە وەک لە داعش بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان، بەپێی ئەو تێگەیشتنە بێت دەبێت هەرێمی کوردستان ئامادەسازیی تەواو بۆ شەڕێکی دیکەش بکات لە دوای قۆناغی کۆتایی هاتنی داعشدا، بەپێی تێگەیشتن و بۆچوونی زۆرینەی چاودێران هیچ کاتێک پێشمەرگە و حەشدی شەعی ناتوانن هەماهەنگی لەنێوانیاندا بمێنێتەوە لە دوای کۆتایی داعش، کەوایە نابێت لە ئێستاوە ئەو هەماهەنگییە دروست ببێت، چونکە ئاشکرایە هەڵسوکەوتی حەشدی شەعبی لە دوای داعش لە دۆخی پێدانی سەروەری دادەبێت لەلایەن حکوومەتەوە و بەمەیش ئەم هێزە لەڕووی دەروونییەوە دووچاری هەستی خۆبەزلزانین دەبێت و داوای چۆڵکردنی ناوچە کوردستانییەکان لە پێشمەرگە دەکات و ئیدی

گرژی دەکەوێتە نێوان پێشمەرگە و ئەو هێزەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو هێزە ڕقیان هەڵگرتووە بەرانبەر پێشمەرگە! چونکە پێشمەرگە بە هەزاران داعشی کوشتوون و تاکی عەرەبیش لەوەها دۆخێکدا دەڵێن ڕۆڵەکانی ئێمە لەسەر دەستی کورد کوژراون! واتە ئەوان داعش دەخەنە لایەک و ڕەگەزپەرستی دەهێننە پێشەوە و هەستی تۆڵەکردنەوە زیندوو دەکەنەوە، وەک عەرەب شوناسی تۆلەکردنەوەیان بەسەردا زاڵە و لەڕووی مێژوویەوە بەمە بەناوبانگن کە عەرەبچێتی و خێڵچێتی دەکەن بەسەر بەرانبەرەکەیانەوە، بە کورتییەکەی کاتێک داعشێکی عەرەب لەسەر دەستی پێشمەرگەیەکی کورد دەکوژرێت، ئەمە بۆ عەرەبێکی حەشدی شەعبی یان سیاسییەکی عەرەب قبوولْکراو نییە و بە تێگەیشتنی ئەوان عەرەب بە دەستی کورد کوژراوە و لایەنی تیرۆریستی و داعشبوون ڕەچاو ناکرێت و هەستی تۆڵەکردنەوە لە کورد لەئارادا دەبێت. ئیتر ئایندەی سنوورەکانی کوردستان لە سەردەمی هاتنی حەشدی شەعبی دوای داعش ئەم جۆرە خوێندنەوانەی بۆ دەکرێت و هیچ ئایندەیەکی ئارام چاوەڕێ ناکرێت، خەتاکەش لە ئەستۆی عێراقدا دەبێت بەوەی سوپای فەرامۆش کردووە و لە بەرانبەردا هێزی تایەفی و میلیشیایی دروست دەکات.

بەپێی تێگەیشتنەکان بۆ قۆناغی دوای داعش و هاتنی حەشدی شەعبی، پێویستە هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە هۆشداری بداتە جیهان لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی کردەوەکانی داعش لەسەر دەستی حەشدی شەعبی، پێویستە هەرێم وڵاتانی هاوپەیمانان لەبارەی مەترسییەکانی حەشدی شەعبییەوە ڕوون بکاتەوە بۆ سەر

سنووورەکانی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەو سنووورانە بەخوێن دروست دەکەینەوە، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە ئیتر ئەو سنووورانە چۆڵ ناکرێن و ڕێگە بە کەسی تر نادرێت داگیریان بکاتەوە، حکوومەتی عێراقیش هەستی بەوە کردووە و دەیەوێت لە ڕێگەی گردبوونەوەی میلییەوە ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە تا لە ئەگەری هەر کارەساتێکدا سوپا کە هێزێکی ڕەسمی دەوڵەتە تۆمەتبار نەکرێت! بەمەیش ئەگەر هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش ڕووبدات لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبیدا ئەوکات عێراق دەڵێت دەبێت سوپا بۆ ناوبژیوانی بچێتە ئەو ناوچانەوە و ئەمەیش بە نیسبەت کوردەوە دۆخی داگیرکردنەوە دەگەیەنێت، چونکە بە نیسبەت کوردەوە سوپا و هێزە میلیشیا عێراقییەکان جیاوازییان نییە و هەموویان داگیرکەری خاکی کوردستانن بە فۆرمی جیاوازەوە.

ئەرکی هەرێمی کوردستانە لە ئێستاوە ئەو هێزە بە هێزێکی میلیشیایی بناسێت و هەماهەنگیان لەگەڵتدا نەکات لە ناوچە سنووورییەکانی کوردستان و جیهان لە مەترسیی ئەو هێزە ئاگادار بکاتەوە، خۆ ئەگەر هەر هێزێکی کوردیش هەماهەنگی لەگەڵ ئەو هێزەدا دروستکرد بۆ هێنانە ناو خاکی کوردستان بەبێ گەڕانەوە و ئاگاداری دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم، بێشک دەبێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت و ڕاستییەکان بۆ خەڵکی ڕوون بکرێنەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٧٥٦ لە ڕۆژی دووشممە ٢٠١٥/٣/٢

دەنگی تۆپەکانی داعش لە ژووڕەکەی عەبادی دەبیسترێن

لەکاتێکدا داعش دەچێتە ناو ڕومادییەوە کە حەیدەر عەبادی جارێک وەک سەرۆکوەزیران و جارێکی دیکەش وەک فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق زوو زوو بانگەشەی نەمان یاخود لاوازبوونی داعش دەکات و موژدەی ڕزگارکردنی مووسڵی بە هاوواڵاتییانی عێراق و ئاوارەکانی مووسڵ بەتایبەتی دەدا، کەوتنی ڕومادی بەم خێراییە سوپا و فسفس پاڵەوانەکانی حەشدی شەعبی کە عەبادی شانازی پێوەدەکردن دەخاتە بەردەم پرسیارێکی جیدیترەوە و سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە چ سوپای عێراق و چ حەشدی شەعبی و هێزە میلیشیاکانی تر کە عەرەبی شۆڤێنیستی شانازیان پێوەدەکردن نەک هەر ناتوانن هاوواڵاتییانی سڤیلی عێراق بپارێزن، بەڵکوو ناتوانن چەک و بارەگەکانی خۆشیان لە مەترسیی تیرۆر بپارێزن، هەموو ئەو شکستانەش لەکاتێکدایە حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادی ئامادە نییە یەک فیشەکی کلاشینکۆف بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکات، چونکە دەزانێت ئەو فیشەکە بە جیدی شەڕی پێدەکرێت و بۆی هەیە داعشێک لە نزیک سەنگەرێکی پێشمەرگە بدات بە زەویدا، ئەمە عەبادی و سەرانی حکوومەتەکەی نیگەران کردووە لەوەی پێشمەرگە

سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەسەر داعشدا، چونکە لە دیدگای ئەو عەقڵییەتەی عێراق بەڕێوە دەبات بەهێزبوونی پێشمەرگە یانی دروستبوونی کیانی سەربەخۆی کوردستان و گۆڕانکارییە لە پێگەی کوردستان لە ناوچەکەدا بە ئاراستەی بەهێزبوون، هەموو ئەمانەش وایکردووە حکوومەتەکەی عەبادی ئامادە نەبێت موچەی پێشمەرگە بدات و چەک و تەقەمەنی بۆ ڕەوانە بکات، ئەمەش ئەوپەڕی شۆڤێنیستی ئەو هێزانە دەگەیەنێت کە فەرمانڕەوایی عێراقیان گرتووەتە ئەستۆ.

لەکاتێکدا خەڵکی چاوی بڕیبووە سەر ئەو مانشێتە هەواڵیانەی کە بانگەشەی نزیکبوونەوەی ڕزگارکردنی مووسڵیان دەکرد و بەهیچ شێوەیەک بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو شارێکی وەک ڕومادی بە ئاسانی بکەوێتە دەست داعش و لەوێوە مەترسی بخاتە سەر پایتەختە لەرزۆکەکەی بەغدا، ئەگەرچی ئێستا هێزە شکستخواردووەکانی عێراق وەک پاڵەوانی شاشەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕومادی بە تەواوی نەکەوتووە و فەیلەقێک ماوە بکەوێتە دەست داعش، ئەمە ئەوپەڕی شپرزەیی ئەو هێزە و حکوومەتەکەی عەبادی دەگەیەنێت و ئەم جۆرە قسانەش زیاتر لە کۆمێدیا دەچن وەک لە لێدوانی سەربازی. سوپای عێراق ئەوەندە شپرزە بووە تەنانەت لەبری ئەوەی هاوکاریی هێزە عێراقییەکان بکات، بەپێچەوانەوە هاوکاریی سەربازی دەگەیەنێتە چەکدارانی داعش!

لە دوای ڕزگارکردنی تکریت، حەیدەر عەبادی و سوپا و حەشدی شەعبی جۆرێک غروری سیاسی و سەربازیان پێوەدیاربوو کە بە ئاشکرا پێشبینیی شکستی ئەو غروورییانەیان دەکرا، تەنانەت کار بەوە

گەیشتبووە عەبادی هاوکاریی سەربازی ئەمەریکای ڕەتدەکردەوە و دەیگوت ئێمە پێویستمان بە هاوکاریی پیادە نییە، عەبادی بیری لەوە نەکردبۆیەوە ئەو خۆی کۆمەڵێک فڕۆکەی سەربازی هەیە و دەشتوانێت هی تریش بکڕێت بەپێی یاسا کەچی ناتوانێت هاوکێشە سەربازییەکان بە سوودی سوپای عێراق یەکلایی بکاتەوە، ئەوەی عەبادی تێیکەوتووە ئەوەیە نەیتوانیوە بەراوردی دروست لەنێوان پێشمەرگە و سوپاکەی خۆیدا بکات، ئەو ئیمکانیاتە ماددی و سەربازییەی لە خزمەتی سوپای عێراقدان، زۆر زۆر زیاترە لەوەی لەدەست پێشمەرگەدایە، خێرە پێشمەرگە خۆی لە بەرانبەر داعش ڕاگرتووە و سوپاکەی ئەویش(حەیدەر عەبادی) سەرباری هەبوونی پارەیەکی خەیاڵی و پڕچەکی هێزەکانی، کەچی بەردەوام شکست بە شکست وەڵام دەداتەوە، بەو مانایەی سوپا لەبری ئەوەی بتوانێت شەڕگەکان لە داعش پاک بکاتەوە، کەچی دووبارە دەستی کردوەتەوە بە ڕادەستکردنی شاری تری عێراق و جێهێشتنی چەک و جبەخانە سەربازییەکان بۆ داعش، وەڵامی ئەمەش ئەوەیە کە پێشمەرگە بەڕاستی خاوەنی ئیرادەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییە و بڕیاری داوە بەڕاستی دژی تیرۆر شەڕ بکات، نەک هاوشێوەی سوپا و حەشدی شەعبیی کە بەرژەوەندیی پارە و هەستی خێڵگەری کۆیکردوونەتەوە، تەنانەت غروری عەبادی بەو ئاستە گەیشتبوو بە ئاشکرا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاوشێوەی پیاوە شکستخواردووەکەی تر (نووری مالیکی) بودجەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە سەرباری هەبوونی ڕێککەوتن و پابەندبوونی هەرێمیش بە ڕێککەوتنەکە، بەڵام چونکی خۆیندنەوەی عەبادی بۆ دۆخە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەکان

دروست نەبوو، ئەوەتا ئێستا ناتوانێت بە ئاسانی لە ژوورەکەیدا واڕوو لەسەر نووسراوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بکات، چونکە ئەگەر چەند کاتژمێری تر پێشڕەوییەکانی داعش بەردەوام بن، ئەوکات دەنکی تۆپەکانی داعش لەناو ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقدا دەبیسترێت، ئەمەش لە ئەنجامی هەڵەی سیاسی و سەربازیی عەبادی لەوەی نەیتوانیوە عادیلانە کار بکات لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و پێشێلنەکردنی مافی ئەوانی تر بەهۆی بەرژەوەندیی سیاسی و مەزهەبگەرییەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٨٠٣ لە دووشەممە ٢٠١٥/٥/١٨

دەوڵەتی عێراق ماوە؟

عێراق یەک لەسەر سێی خاکەکەی لەدەستداوە کە پێکهاتووە لە دوو پارێزگەی گەورەی وەک مووسڵ و ئەنبار و چەندین شارۆچکە و گوند و ناوچەی جیاواز. هاوکات لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا، ناوی لە ڕیزبەندی شەش وڵاتە گەندەڵەکەی جیهاندا هات، سەرباری ئەوەی خاوەنی ئاسمانی خۆی نییە، بەو مانایەی ڕۆژانە فڕۆکەی هەموو جیهان، بەبێ پرسکردن بە عێراق و بە ئارەزووی خۆیان، بەسەر ئاسمانی عێراقدا دەسووڕێنەوە و بۆردوومانی داعش دەکەن، تەنانەت ناتوانێت هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، ڕێنمایی فڕۆکە جەنگییەکانیش بکات بۆ پێکانی ئامانجەکانیان، سەرباری ئەوەی ڕۆژ دوای ڕۆژ، ڕێژەی هەژاری زیاد دەکات و خەڵکی متمانەیام بە دەوڵەت لاواز بووە، کۆچکردن لە هەڵکشاندایە، بەرپرسە عێراقییەکان لەبری دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانەکان، تەنیا خەریکی ململانێی ناشەریفانەی تایەفەگەری و سوننەگەرایی و شیعەگەرایی و حیزب حیزبێنە و خزم خزمێنە و گیرفان پڕکردنن و

ئاگاداری ڕەوشی خراپی هاووڵاتی عێراقی نین کە بەهۆیەوە ئەو وڵاتە بووەتە خراپترین شوێنگەیەک بۆ پێکەوەژیان و لە بەرانبەریشدا داعش لە سایەی سوپا شکستخواردووەکەی عێراقدا، لەبری لەناوچوون، بە پێچەوانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ، بەهێز تر دەبێت و چەکی باشتر و داهاتی زیاتری بەدەست دەکەوێت، کەچی عێراق دەستەوەستانە و ناتوانێت هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم گەشەی داعشدا بکات، ئەوەی داعشی ڕاگرتووە و ئەفسانەکەی تێکشکاندووە، تەنیا پێشمەرگە بووە، کەچی مووچە و بودجە و چەکی بۆ ڕەوانە ناکات تا شەڕی داعش بکات، ئەمەیش لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ناعەقڵانی سیاسییەکانی عێراق، بەڵام لە بەرانبەردا چەک و پارە دەداتە حەشدی شەعبی کە ئەو هێزەی حەیدەر عەبادی و هاوفیکرەکانی دڵیان پێی خۆشە پێنج مانگە گوندێکی لە ناوچەی داقووق بۆ ڕزگار نەکراوە، خۆ ئەگەر داوای هاوکاریان لە پێشمەرگە بکردبووایە هەر لە ڕۆژی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووکدا گوندی بەشیریش ڕزگار دەکرا کە حەشدی شەعبی لەو ڕۆژەوەی دامەزراوە هەوڵی ڕزگارکردنی دەدات و بۆی ناکرێت!

هەموو ئەوانە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی عێراق خاوەنی سوپایەکی پڕچەک و بە هەزاران تانک و جۆری چەک و فڕۆکە و سەدان سەربازی ڕاهێنراوی هەیە و بە تازەترین شێوە لەدوای ڕووخانی ڕژێمە تۆتالیتارەکەی بەعسدا لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە ڕاهێندراون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، بەوپێیەش دەبووایە عێراق لە ناوچەکەدا لە دوای تورکیا بە یەکێک لە وڵاتە خاوەن سوپا بەهێزەکان بناسرابووایە، بەڵام ئەمانە تەنیا خەیاڵن و نابن بە واقیع،

چونکە ئەوەتا نزیکەی دوو ساڵە داعش دەستی بەسەر مووسڵدا گرتووە، لەم یەک دوو مانگەشدا ڕوومادی گرت، لەبری ئەوەی بیر لە ڕزگارکردنی خاکەکەی بکاتەوە کە یەک لەسەر سێی کەوتووەتە دەست تیرۆریستانەوە، کەچی خەریکی ململانێی تایەفەگەری و کێشە دروستکردنە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەکاتێکدایە کە زۆرترین ئاوارەکانی عێراق ڕوویان لە هەرێم کردووە و حکوومەتی عێراقیش نەک هاوکارییان ناکات، بگرە ئەو ئاوارانە بە هی خۆیشی نازانێت و بارگرانیی زیاتری خستووەتە سەر هەرێم، لەکاتێکدا هەرێم خۆی قەیرانی دارایی هەیە بەهۆی سیاسەتە فاشیلەکەی حکوومەتی عێراقەوە کە نایەوێت بااڵنس لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا ڕابگرێت.

عێراق بەو هەموو قەیرانە قوواڵییەوە ناتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، ئەوەی سەروەریی دەوڵەتە عێراق نەیماوە و بەمزووانەش بەدەستی ناهێنێتەوە، عێراقێک لە سایەی سیاسییە فاشیل و توندڕۆکانییەوە دووچاری ئەو هەموو قەیرانە بووبێتەوە، چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێت هەڵبسێتەوە، باشترین بژاردەیەکیش بۆ عێراقییەکان تەنیا بڕیاردانە بۆ دابەشبوون بەسەر سێ بەشی سەرەکی، ڕەنگە ئەمە تا ئاستێک بۆ عێراقییەکان باشتر بێت و دەکرێت سوود لە ئەزموونی هەرێم وەربگیرێت بۆ سوننەکان و تەنانەت بۆ شیعەکانیش لە دیاریکرنی هەرێمی تایبەت بەو پێکهاتانە، ئەمە ئەگەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، دەرکەوتەکانی سەربەخۆیی کوردستان دەرکەوتوون، ئەوەتا هەرێم بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا و

دوای پابەندنەبوونی بەغدا بە ڕێککەوتنە نەوتییەکەی لەگەڵ هەرێمدا نەوتی کوردستان بە سەربەخۆیی دەچێتە بازاڕەکانی جیهانەوە، ئەمەش یەکەم دەروازەی سەربەخۆییە لە تەک گرنگیی دیپلۆماسییەتی دەرەوە، و تواندراوە فۆکسی جیهان بۆ هەرێم ڕابکێشرێت لەوەی هەرێم لەچاو عێراقدا ئەزموونێکی جوانی پێشکەش کردووە لە پێکەوەژیان و گرتنەخۆی ئاوارەکان و سەرکەوتن بەسەر داعش و هەوڵدان بۆ بەختەوەرکردنی ئینسانەکان و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکان، ئەگەرچی سەرنج لەسەر کۆی ئەمانە هەن، بەڵام لەچاو بەغدا نموونەیین و دەبێت باشتر بکرێن.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٨٤٤ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٥/٧/١٥

دۆخی پاریس.. ئاماژەیەك بۆ پاشەکشەی داعش

سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە جیاواز لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە، ئەوەبوو کە داعش کەمتر بایەخی بە کردەوەی تەقینەوە و کاری خۆکوژی دەدا، مەبەستی سەرەکیی ئەو گرووپە داگیرکردنی شوێن و بارەگە سەربازییەکان بوو، بۆ نموونە داگیرکردنی مووسڵ و ڕەقە و تکریت و ڕووەادی، هەروەها هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم جۆرە کردەوانە بەپێچەوانەی قاعیدە بوون کە قاعیدە بایەخی بە کردەوەی تیرۆریستی لەشێوەی تەقاندنەوەی شوێنە گرنگەکان دەدا، هاوشێوەی ١١ی سێبتەمبەر لە ئەمەریکا و زۆر کردەوەی تیرۆریستی تر، ڕەنگە ئەم جیاوازییە لە کرداری تیرۆریستی نێوان قاعیدە و داعش، هۆکاری سەرەکی بووبێت کە داعش بە بەراورد بە قاعیدە، زووتر گەشەی کرد و زیاتریش دونیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ڕاستە قاعیدە ترسناکە، بەڵام داعش دووجار ترسناکترە، چونکە بووەتە هۆی کۆکردنەوەی هەرچی کەس و ڕێکخراوی توندوتیژ کە بڕوایان بەهیچ گفتوگۆ و تێگەیشتنێک نییە جگە لە کاری تێکدەرانە و تەقاندنەوە و کوشتاری خەڵک.

ئەگەر ئەو ماوەیە سەیری کردەوەکانی داعش بکەین، دەبیندرێت ئەو گرووپە لەڕووی چەکدارییەوە، واتە بەرەی شەڕی مەیدانییەوە، بەرگری و هێرشی کەمبووەتەوە و تا ئاستێکی زۆریش لاواز بووە، لەبری ئەو لاوازییەی، پەنای بۆ کردەوەی تەقاندنەوە و خۆکوژی بردووە هاوشێوەی عاقیدە، ئەمەش بۆ داعش وەک شکست وایە، چونکە ڕەخنەی داعش ئەوەبوو لە قاعیدە کە زیاتر بایەخی بە کردەوەی خۆکوژی و تەقاندنەوە دەدات، کەچی ئەوەتا داعش خۆی هەمان کار و ستراتیژیی قاعیدە پەیڕەو دەکات و ئەمەشی لە ناچارییەوەیە، چونکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوە.

ئەمەی ئێستاش لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا ڕوو دەدات، بەڵگەیەکی ڕوونە لەوەی داعش بە تەواوی دووچاری شکستی سەربازی و بەرەیی بووەتەوە، بۆیە دەیەوێت لە ڕێگەی کردەوەی خۆکوژی و کاری تیرۆریستییەوە، بە لایەنگرەکانی و هاوپەیمانیی جیهانی بڵێت، هێشتا ماوم و ئەوەتا ئێوەم بێتاقەت کردووە، بەڵام ئەم پەیامەش ماوە کورتە، چونکە گرەوی داعش ئەوەبوو کە بانگەشەی داگیرکردنی تەواوەتی عێراق و ڕووخاندنی بەغدا و سووریای دەکرد، بەڵام هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە لایەک و پێشمەرگە لە باشووری کوردستان و هێزە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەکی ترەوە، ئەو خەونەی داعشیان پووچەڵ کردەوە، بۆیە داعش خەریکە لەناچارییەوە ستراتیژیی کارەکانی دەگۆڕێت و کردەوەی ترسنۆکانە ئەنجام دەدات، بە چۆڵکردنی بەرەکانی شەڕ نموونەی شنگال، بۆ کاری خۆکوژی و تیرۆریستی نموونەی پاریس و خۆتەقاندنەوە بە

پێشمەرگە و دانانی بۆمب لەسەر ڕێگەی هاووڵاتییان و زۆر کردەوەی ترسنۆکانەی دیکەش، ئەمانەش هاوکاتە کە داعش بانگەشەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دەکرد، بۆیە وەک شکستێکی گەورە وێنا دەکرێت و ئەم ڕێکخراوەش هاوشێوەی قاعیدە، بەرەو بچووک دەچێت و چالاکییەکانی بۆ چەند کردەوەیەکی خۆکوژی ئاڕاستە دەکرێن.

ئێستا فەڕەنسا بووەتە ئامانجی ئەو گرووپە تیرۆریستییە، هیچ گومانیش نییە کە خەڵک و حکوومەتی فەرەنسا بەسەر ئەو گرووپەدا سەردەکەون، چونکە ئەوان خاوەنی شارستانیەتن و ئامانجی ڕوونیان بۆ ژیان و دواڕۆژی جیهان هەیە کە بایەخدانە بە ڕێزگرتن لە بەها ئینسانییەکان و دیموکراسی و سیاسەتی خۆشگوزەرانکردنی هاووڵاتییان، ڕەنگە ئامانجێکی تری داعش ئەوە بووبێت کە ئیدی ئەوروپییەکان چیتر بایەخ بە پرسی پەنابەران نەدەن و هاوکاریی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا و هێزە عێراقییەکان نەکەن بۆ شەڕکردن دژیان، بەڵام ئەوروپییەکان ئەمەیان دووپاتکردووەتەوە کە داعش گەورەترین مەترسییە بەسەر جیهان و پێویستە ئەو ڕێکخراوە کۆتایی پێبهێندرێت و هاوکارییەکانیشیان بۆ پێشمەرگە و هێزەکانی تری عێراق و ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامی دەبێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٤٩٢٢ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٥/١١/١٩

(٢٠١٦)

لە پەراوێزی ئاڵۆزییەکانی خورماتوو

کورد شەڕی کام لایەنانەی ناوچەکە بکات

سەرباری دابەشکردنی خاک و نەتەوەی کورد بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا، هێشتاش عەقڵییەتی بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی غەیرە کورد لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا نایانەوێت دان بە بوونی کورد و مافەکانیدا بنێن، هەر ڕۆژەی بە جۆرێک کێشە بۆ کورد بە بیانووی سەروەریی دەوڵەتەکانیانەوە دروست دەکەن، ئەمەیش هاوکاتە سەروەریی وڵاتەکانیان بەشێوەیەک لەرۆزک بووە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هیچدا نییە. عێراق خۆی ئێستا لەنێو ئاڵۆزییەکی زۆر بێتام دایە، بەشێوەیەک کەس نازانێت ئایندەی حکوومەت و پەرلەمانە پڕ کێشە سیاسی و مەزهەبییەکەی بەرەو کوێ دەچێت!

داعش لە سایەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبیدا، خەریکە یادی دوو ساڵەی خۆی لە مووسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق و سووریادا دەکاتەوە، ئەمەیش لەکاتێکدایە عێراق بەئاقارێکی خراپدا دەڕوات و عێراقییەکانیش بەربوونەتە گیانی یەکدی و هەر ڕۆژەی بە هۆکارێکی کۆن و نوێوە ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، سەرباری قەیرانی دارایی

و شەڕی داعش و هەندێک جیاوازیی سیاسی، بەڵام هێشتاش هەرێمی کوردستان بە شوێنگەیەکی ئارام هەژمار دەکرێت و خەڵکی کورد بە جیاواز لە خەڵکی بەغدا و شارەکانی دیکەی عیراق هەست بە بوونی خۆیان دەکەن، بۆیە ئارامی و دروستبوونی کیانی کوردی، وایکردووە شیعە و بەشێکی سوننەکانی عێراق کێشە و ئاڵۆزی بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکەن، لەکاتێکدا حەشدی شەعبی بۆ شەڕی داعش و لەسەر بنەمای فەتوای سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دروست دەبێت، کەچی ئەو هێزە میلیشیا و تایەفییە، لەبری شەڕکردن لەگەڵ داعشدا و هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی عێراق لەدەست تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بەداخەوە دێت سەنگەر لەو پێشمەرگانە دەگرێت کە پاڵەوانانە شەڕی داعشی تیرۆریستیان کرد و ڕێگەیان نەدا خوورماتوو بکەوێتە دەست چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، دەبووایە عێراقییەکان سوپاسگوزاری خەڵک و پێشمەرگە بوونایە هەر هیچ نەبێت ڕێگەیان نەدا داعش دەستبەسەر ناوچە کوردستانییەکاندا بگرێت، مەگەر ئەوە عێراقییە مەزهەبییەکان نین، ئەوانەی نەیاری کوردن باسی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن!

هەموو ئەو قسانەی لەبارەی سەروەریی خاکی عێراق و یەکپارچەییەکەیەوە دەکرێن وەک بڵقی سەر ئاون، عێراق بەشێوەیەک ئاڵۆز بووە کەس ناتوانێت پارچەکانی لێک بداتەوە، هەر پارچەیەی بەدەست تایەفەیەکەوەیە و هەر سەرکردەیەکە بەشێک لە خەڵکەکەی بۆ خۆی بردووە. ئیدی قسەکردن لە یەکپارچەیی عێراق جگە لە

کۆمێدیا چیتر نییە، چارەنووسی ئەو هێزەی ئێستا لە خورماتوو شەڕی پێشمەرگە دەکات، هیچی باشتر نابێت لە چارەنووسی ئەو فیرقە و هێزە شڕۆڵەی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەی نووری مالیکی کە لە ماوەی کاتژمێرێکدا یەک لەسەر سێی خاکی عێراقیان ڕادەستی چەتەکانی داعش کرد و هەرچی دەیکەن بۆیان ڕزگار ناکرێتەوە، حەشدی شەعبی ئەگەر ئەو هێزە بوێر و قارەمانەیە، بۆچی ناچێت گوندی بەشیر ڕزگار بکات کە ماوەی یەک ساڵە ئەو میلیشیا شیعانە نەیانتوانیوە بچنە نێو ئەو گوندەوە و بەپێی زانیارییەکان بێت، نزیکەی هەشتا کەسێکی لێیە. ئەمەیش شوورەییە بۆ ئەو هێزە کە بانگەشەی ڕزگارکردنی عێراق لەدەست چەتەکانی داعش دەکات.

ئێستا کورد کەوتووەتە هەلومەرجێکی ئاواوە نازانێت شەڕی کام لایەنە بکات! لە عێراقدا بە ناچاری دەبێت شەڕی حەشدی شەعبی و چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و سیاسییەکانی بەغداش بکات، ئەو گرووپە تیرۆریستی و میلیشیایی و سیاسییانەی عێراق بەرانبەر کورد، یەک دیدگەی سیاسی و سەربازییان هەیە، هەمووان وا دەزانن ئەگەر کورد لەناوببەن، ئیدی ئەوان دەکەونە خۆشگوزەرانی و ئاشتییەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کورد هۆکاری ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان نییە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی، خۆیان کێشەیان زۆرە بە هۆکاری تایەفییەوە ململانێی تەسکی مەزهەبی و سیاسی و نەخوێندنەوەی یەکدییەوە، بەپێچەوانەوە هەڕێم تاکە هەڕێمی ئارامە، کوردستان بووەتە هۆکار و نموونەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، مەگەر ئەوە نییە کوردستان زیاتر لە ملیۆنێک ئاوارەی عێراقی گرتووەتە خۆی، دیارە

سیاسییەکانی عێراق ئەوە نابینن پێشمەرگە ڕۆڵی هەرە کاریگەری لە شەڕی داعش و لەناوبردنی تیرۆریستاندا هەیە، مەرگە پێشمەرگە ١٢٠٠ کیلۆمەتری لە هەڕەشەی تیرۆریستان بە فیشک و ئابووریی خۆی نەپاراستووە، بەبێ هیچ هاوکارییەکی سوپایی لەلایەن عێراقەوە.

بەڕاستی کورد هەم لە باشوور و هەمیش لە بەشەکانی دیکەدا نازانێت شەڕی کام لایەنە بکات، ئەمڕۆ شەڕی لایەنێک بە کۆتا دێنێت، دوای کاتژمێرێک ئیدی شەڕ و ئاڵۆزی تری بۆ دروست دەکەن، سوپا ترسنۆکەکەی بەشار ئەسەد لەبری ئەوەی هەوڵی ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و بەرەی نووسرە بدات، بەپێچەوانەوە شەڕی کورد دەکات، بە شاهێدی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆڵی باشیان لە شەڕی داعش لە سووریادا هەبووە، ئەمەیە دووفاقیەت، زۆر سەیرە ڕەققە و مووسڵ و گوندی بەشیر لەژێر دەسەڵاتی چەتەکانی داعشدان، کەچی سوپا و میلیشیای حەشدی شەعبی، شەڕی پێشمەرگە و شەڕڤانان دەکەن، بەڵام ئەوە ئاماژەیەکی ڕوونە ئیدی کوردیش وەک هاوکێشەیەکی دیار لە ناوچەکەدا دەبێت حسابی بۆ بکرێت، ئەگینا ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، ئاماژەکانیش دەڵێن کورد ئەمجارەش سەرکەوتوو دەبێت، چونکە لەسەر حەقە و دەستی بەسەر خاک و مووڵکی کەسیشدا نەگرتووە، بەڵکوو تەنیا خاکی هی خۆی دەپارێزێت و خوێنی بۆ دەڕێژێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٠١٩ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٦/٤/٢٥

داعش خۆی مووسڵ جێدەهێڵێت!

نزیکەی سێ ساڵە مووسڵ لەژێردەستی داعشدایە، بەگوێرەی ستراتیژیی سەربازیش بێت، ئەو ماوەیە زۆرە، ئاماژەی شکستی سوپای عێراقیش دەگەیەنێت، ڕاستە ئێستا دەنگۆی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بووەتە باسی ڕۆژ و پێدەچێت بەمزووانە کۆنترۆڵ بکرێتەوە، بەڵام ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە سوپا و حەشدی شەعبی و هێزە میلیشیاکانی عێراق، توانایان زیاتر بووبێت و فشۆڵییەکەیان کەمبووبێتەوە.

نەخێر، ئەو هێزە فشۆڵانەی عێراق، ناتوانن شوێنێک کۆنترۆڵ بکەنەوە هەتا داعش خۆی جێی نەهێڵێت! ئێستاش بۆیە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ نزیکبووەتەوە، چونکی خودی سەرکردەکانی داعش ئیدی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت مووسڵ جێبهێڵن، لەبەر ئەوەی ئەرکەکەیان کۆتایی هات و توانایان لە پەلامارەوە، بەهۆی بۆردوومانی ئاسمانی هاوپەیمانانەوە، بووەتە بەرگریکردن.

ئیدارەی ئەمەریکاش بە سەرۆکایەتیی دیموکراتەکان، هەنووکە قسەی زۆر لەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەکات، لە لایەک بەهۆی ئەوەی ئەمەریکا لە هەڵبژاردن نزیکبووەتەوە و ئۆباماش دەیەوێت لە دواییین کاتەکانی سەرۆکایەتییەکەیدا سوودێک بە حیزبەکەی بگەیەنێت و هەندێک مەلەفی سیاسی و ئەمنی یەکلایی بکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە پرۆتۆکۆلی سەربازی لەگەڵ هەولێردا واژوو کراوە، بەوەش پێشمەرگە دەبێتە هاوپەیمانیی ئەمەریکا لە شەڕی مووسڵدا، لەوەها دۆخێکیشدا پێشمەرگە تاکە هێز دەبێت ئەمەریکا ڕاستەوخۆ متمانەی پێدەکات لەو شەڕەدا و ڕۆڵیشی لە شەڕەکەدا ڕوونە!

ئەگەرچی داعش گرووپێکی تیرۆریستییە و کارەساتی گەورەی بەسەر کورد و عێراقییەکاندا هێناوە، بەڵام خاڵێکی باشی ئەو گرووپە تیرۆریستییە بۆ عێراقییەکان ئەوەبوو بەرچاوی خەڵکی ڕوونکردەوە لەوەی نابێت هاوولاتیی عێراقی، پشت بە سوپای عێراق ببەستێت، دەبێت هەمیشە بە گومانەوە سەیری ئەو سوپا فشۆڵە بکرێت کە توانای بەرگریکردنی لە خەڵک و تەنانەت خۆیشی نییە و هێزێکی شکستخواردووی مەزهەبییە و ئەگەری هەیە دیسانەوەش لە سایەی ئەو سوپایەدا، عێراقییەکان دووچاری ماڵوێرانییەکی دیکە ببنەوە، ئەگەر وانییە، بۆچی نزیکەی سێ ساڵە، ئەو سوپا پڕچەکە ناتوانێت پێنج کیلۆمەتر لە مووسڵ نزیکبێتەوە، لەکاتێکدا سەدان کیلۆمەتری لە چەند کاتژمێرێکدا ڕادەستی داعش کرد.

ڕاستە بەمزووانە مووسڵ کۆنترۆڵ دەکرێتەوە، بەڵام ئەوە سەروەری نییە بۆ سوپای عێراق و پاشکۆکانی، ئەگەر هاوکاری ئەمەریکا و

پێشمەرگە نەبووایە، ئێستا بەغداش دەکەوتە دەست داعشەوە، تامی سەرکەوتن ئەوکاتە خۆش بوو کە سوپای عێراق دوای یەک هەفتە، مووسڵی ڕزگار بکردابووایەوە، ئەوکات خەڵکیش دووچاری ئەو ماڵوێرانییە نەدەبوون، ئێستا داعش خۆی بە نیازە بڕوات، چونکە ئەمەریکا بڕیاری تەواوی داوە کە دەبێت کۆتایی ئەو گرووپە تیرۆریستییە بێت.

کەوایە هیچ سەروەرییەک بۆ سوپای عێراق لەئارادانییە، لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا، داعش ئەگەر سوپای عێراقیش نەبێت هەر دەڕوات، ئیدی خۆی کۆتایی دێت و مانەوەش بۆ داعش سوودی نەماوە، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا داعش توانی مێژوویێک و ئەزموونێکی سوپای عێراق نیشانی جیهان و عێراقییەکان بدات کە سوپایەکە پڕاوپڕ لە شکست و بێ متمانەیی، دوای نزیکەی سێ ساڵ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لەدەست گرووپی تیرۆریستی داعش، هیچ قورساییەکی سەربازی نییە، جگە لە تۆمارکردنی مێژوویێکی پڕ لە شکست نەبێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٠٧٨ لە سێشەممە ٢٠١٦/٧/٢٦

کورد لە قۆناغی دۆنالْد ترەمپدا

قۆناغی دۆنالْد ترەمپ لە دوای مانگی ١١ی ئەمسالْەوە دەستپێدەکات، ئاماژەگەلێکیش هەن کە پێشبینیی سەرکەوتنی دۆنالْد ترەمپ دەکەن بەسەر هیلاری کلینتۆندا، ئەگەرچی هیلاری زیاتر لە ترەمپ لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانی و ئەمەریکیدا ناسراوە، بەڵام دۆنالْد ترەمپی ڕکابەری توانیویەتی فۆکەسی جیهان بەلای خۆیدا کێش بکات و بە کەسایەتییەکی هەڵچوو و توند بەهۆی لێدوان و بۆچوونە تونەکانییەوە ناسراو بێت، بەتایبەت لە پرسی موسڵمانان و ئیسلامیی سیاسی، ڕەنگە ئەمە هۆکارێک بووبێت لەوەی دەنگی زۆرینەی لایەنگرانی کۆمارییەکان، واتە حیزبەکەی جۆرج بۆش بەدەست بهێنێت، بۆش ئەو پیاوەی بە تونڈی بەرپەرچی تیرۆریستان و ئەو وڵاتانەشی دەدایەوە کە پاڵپشتیی تیرۆریان دەکرد، ئەوە بۆش بوو، ئەفغانستان و عێراقی بە بیانووی مۆڵگە و پاڵپشتیی تیرۆر و فیکری تونڈڕۆی لە کەمترین ماوەدا داگیر کرد، بەڵام ئەمەریکای دوای بۆش، سیاسەتی موجامەلەکردنی پەیڕەو کرد، ئەگەرچی

دەیزانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم تەقینەوە و سەرهەڵدانی گرووپگەلێکی تیرۆریستی وەک داعش و بەرەی نووسرە دایە، بەڵام ئۆباما زیاتر ڕۆڵی سەیرکەرێکی دەبینی تا شەڕکەرێک، ڕاستە ڕۆڵی هەبووە، بەڵام لە ئاستی ناوبانگی ئەمەریکادا نەبووە، سەرئەنجام داعش سەریهەڵدا و لە سووریاش ڕۆژانە سەدان کەس دەکوژرێن کە ئەمەریکای سەردەمی ئۆباما دەیتوانی ڕێگری بکات، بەڵام بە هێواشی و بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕۆژانە و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخەکاندا هەتا ئێرەی هێنا و دواجاریش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک کورەی ئاگری لێهات و هەر ڕۆژەی بەهۆی ئەو ئاگرەوە، بە سەدان کەس دەبنە قوربانی، لە شەوی یەکەمی داگیرکردنی مووسڵدا لەلایەن داعشەوە، ئەمەریکا دەیتوانی ئەو شارە بگرێتەوە، چونکە ئەوکات داعش زۆر لاواز بوو، لە چانسی داعشدا، سوپای عێراق، بەبێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک ناوچەیەکی فراوانی خاکی عێراقی جێهێشت و چەک و تەقەمەنی چەندین فیرقەشی لە مووسڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق ڕادەستی داعش و چەکدارە تیرۆریستەکان کرد، لە پاڵ ئەوەی ئەمەریکا هاوکاریی ئاسمانیی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقی کرد، لە سووریاش بەهەمان شێوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئەمەریکا بە جۆرێک لە جۆرەکان لایەنی سەیرکەری زیاتر بووە وەک لە تەداخولکردنی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان و بە هاتنی ڕووسیاش ئەگەری مانەوەی ئەسەد زیاتر بوو، مانەوەی ئەسەدیش، یانی بڕەودان بە ئاڵۆزیی زیاتر لە ناوچەکەدا کە ئەمەریکا دەیتوانی بە خێرایی ئەسەد دوور بخاتەوە!

بەهۆی ئاڵۆزییەکانی سووریاوەش هەرچی گرووپی تیرۆریستی هەبوون، ڕوویانکردە ناوچەکە، بەڵام پێدەچێت لە ئەگەری سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپدا، کاندیدی حیزبەکەی جۆرج بۆش، گۆڕانکارییەکی بەهێز لە سیاسەتی ئەمەریکادا ڕوو بدات، ئەگەرچی ئێستا ئۆباما کە نزیکەی سێ مانگی ماوە لە دەسەڵاتدا، بەگڕوتینەوە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی سیاسەتە هەڵەکانی دەدات لە پەیوەست بە داعش و تیرۆر، بەڵام تازە ترەمپ خەریکە نزیکی دەسەڵات دەبێتەوە و ئاماژەی سەرکەوتنیشی تا ئاستێک ڕوونن، ئەگەرچی زۆربەی سەرکردەی حیزبەکەی دژی بوون، بەڵام گەلی ئەمەریکی دەنگی پێدا بۆ ئەوەی کاندیدبوونی مسۆگەر بێت، بۆیەش ئەگەری سەرۆکبوونی نزیکە و چاوەڕێش دەکرێت بە دەرچوونی ترەمپ، ڕۆیشتنی داعش خێراتر بێت و سوودیشی بۆ کورد دەبێت، ئەوەتا وەلید فارس، ڕاوێژکاری دۆناڵد ترەمپ، دەڵێت ترەمپ دۆستی کوردە و لە داهاتووشدا هەوڵ دەدات لە نێوان واشنتۆن و کورددا، پەیوەندییەکی بەهێز دروست بکات و لە دژی هیچ بڕیارێکی کوردیش ناوەستێتەوە. ئەمەیش ئاماژەیەکە کە ترەمپ لە ئەگەری بڕیاری جیابوونەوەی کورد لە عێراق و ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژئاوادا، پشتگیریی کورد دەکات، ئەمەیش لەکاتێکدایە لە شەڕی داعشدا ترەمپ سەرسامی خۆی بە ڕۆڵی کورد و پێشمەرگە لەو شەڕەدا دەربڕیوە، ئەمەیش هاوکاتە کە ترەمپ دوژمنی سەرسەختی گرووپە تیرۆریستی و تۆندڕۆ ئیسلامییەکانە و کوردیش بە سەختی شەڕی ئەو گرووپانەی کردووە، بۆیەش ڕەنگە ترەمپ کورد وەک تاکە هاوپەیمانیی ئەمەریکا لە ناوچەی ئاگراوی ڕۆژهەڵاتدا بناسێنێت.

پێدەچێت ئەمەریکای ئێستا، ئەزموونی تڕەمپ تاقی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە بەشێوەیەک ناوبانگی دەرکردووە کە سیاسییەکی موجامەلەچی نییە و واقیعییانە هەڵسوکەوت دەکات، ئەمەریکییەکانیش ئەو ماوەیە بەدەست سیاسەتی ناواقیعی و موجامەلەچی وڵاتەکەیانەوە بێزار ببوون، ئەمەیش لە چانسی تڕەمپ دایە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٠٨٣ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٦/٨/٢

مووسڵ لە قۆناغی دوای داعشدا

بەگوێرەی سەرچاوەیەک لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە ڕۆژی ڕابردوودا لە نێوان نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لەگەڵ سەفیری ئەمەریکا لە عێراق، سەبارەت بە چارەنووسی مووسڵ لە دوای قۆناغی داعشدا، مالیکی نیگەرانیی خۆی بە سەفیری ئەمەریکا گەیاندووە بەتایبەتی لە پەیوەست بە لێدوانەکانی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە چەند جارێک ڕایگەیاندووە ئایندەی مووسڵ بۆ هەرێمی کوردستان گرنگێتی تایبەتی خۆی هەیە، بەوپێیەی کورد پێکهاتەیەکی گرنگی پارێزگەی مووسڵە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا مالیکی نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە لێدوان و بۆچوونەکانی بارزانی بۆ ئەمەریکییەکان بەڕاشکاوی دەربڕیوە و گوتویەتی بارزانی بە بەرنامە کار لەسەر ئایندەی بەڕێوەبردنی مووسڵدا دەکات. ئەم نیگەرانییانەی مالیکی هاوکاتە لە سەروبەندی حوکمڕانی ئەودا، پێکهاتەکانی عێراق و مووسڵ بە دیاریکراوی ستەمی گەورەیان لە هەمبەردا کرا و دواجار کە بەلای مووسڵاوییەکانەوە خراپترین هەلومەرجێک بوو کە مالیکی ئەو

شارەی لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ڕادەستی چەتەکانی داعش کرد. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو پیاوە ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو پێکهاتەکانی مووسڵدا بەشێوەی مەزهەبی و خێڵەکی.

مالیکی لەگەڵ ئەوەی پێگەی سیاسی لەسەر ئاستی عێراقدا لاواز بووە و لە بەرانبەریشدا خەڵکی مووسڵ و ناوچەکانی دیکەی ڕادەستکراو بە داعش، متمانەیان بەو پیاوە نەماوە، خودی مالیکی و هەتا بەشێک لە سەرکردە و ئەندامانی حزبی دەعوەش گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی هەوڵەکانی ئێستای مالیکی بۆ ئەوەیە دەستی بە دەسەڵات بگاتەوە، ڕەنگە لە هەندێک ڕووەوە ئەمە ئاسایی بێت، بەڵام ئەوە ئاسایی نییە بەڵای ئەو خەڵکانەی لە سەردەمی ئەودا زیانی گەورەیان بەرکەوت، بۆیە گەیشتنەوەی بە دەسەڵات زۆر زەحمەتە! یەکێکی دیکەش لە هۆکاری نیگەرانیی مالیکی لە کۆبوونەوەکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بارزانی و سەرکردەکانی سوننەی عەرەب باس لە بڕیاری پێکهاتەکانی مووسڵ دەکەن کە خوازیارن لە دوای داعشدا، ئەو شارە سوننەنشینە لەلایەن خەڵکی ئەو شارە خۆیانەوە بەڕێوە ببرێت، ئەگینا پێشبینی دەکرێت شەڕ و ئاڵۆزی زیاتر لە دوای داعش ڕوو لەو شارە بکات بەتایبەتی ناکۆکیی شیعی و سوننی، بۆیە لە ئێستاوە کار بۆ ئەوە دەکرێت شەڕێکی مەزهەبی لە ناوچە سوننییەکان و بەتایبەتی مووسڵدا دروست بکرێت، بە ئامانجی سوودوەرگرتنی سیاسی.

ڕاستە مووسڵ ڕزگار دەکرێت، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، ئەوەتا هەر لە ئێستاوە ململانێکان لەسەر بەڕێوەبردنی ئەو شارە لە دوای داعشدا دروستبووە، سوننەکان دەڵێن پێویستە ئێمە خۆمان شارەکەمان ڕزگار بکەین و دواتر بیپارێزین و بەڕێوەی ببەین، هەڵبەت تێگەیشتنی کوردیش بۆ ئەم ساتەوەختە نزیکە لە هی سوننەوە، بۆیە سەرکردایەتیی ساسیی کورد، دەڵێت مووسڵ کوردێکی زۆری تێدایە و دراوسێی هەولێری پایتەختە، بۆیە گرنگی خۆی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی پێناچێت تاسەر ئەو هاوهەڵوێستییەی نێوان سوننە و کورد بەتایبەتی لە ناوچەکانی مووسڵدا دریژە بکێشێت، پێشبینی دەکرێت ئاڵۆزییەکان لەسەر خاک لە دوای قۆناغی داعش، لە نێوان سوننە و کورددا دروست بێت تا ئاستی پەلاماری چەکداری، لەکاتێکدا ئێستا سوننەکانیش هاوشێوەی شیعە، چەکداری تایبەت بە خۆیان دروستکردووە لەژێر ناوی حەشدی نیشتمانییەوە کە ئەسیل نوجەیفی و براکەی سەرپەرشتی دەکەن و کوردیش لە ڕابردوودا کەموزۆر ئەزموونی ئەو دەموچاوانەی تاقیکردووەتەوە. بۆیە هیچ گەرەنتییەک لەبارەی ئاشتەواییی نێوان کورد و سوننەی مووسڵ نییە، ئەگەرچی لە ئێستادا کورد هاوکارییەکی باشی سوننەکان دەکات بەتایبەتی لەڕووی مرۆییەوە، بەڵام ئەوە گەرەنتی ئاشتەوایی ناکات، ئەگەر ئەو هێزە سوننییانە ئەوەیان لەبەرچاو بگرتبووایە، لەکاتی پێکهێنانی کابینەکەی عەبادی و زۆر پرسی تردا لە پەرلەمان هەڵوێستیان دەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە دێنەوە بۆ کەناڵە کوردییەکان قسەی موجامەلە دەکەن و لە بەغداش زۆر جار هەڵوێستییان ڕوون

نییە یان بە دژی کوردە، ئەمانە لە لایەک، ئەوەیشی دەمێنێتەوە شیعەکانن کە بەهیچ شێوەیەک نایانەوێت دوای داعش گۆڕانکاری ڕووبدات لەسەر ئایندەی مووسڵدا، بەڵکوو بە هەر شێوەیەک بێت دەیانەوێت بەغدا کە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا، هاوشێوەی پێش داعش، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر مووسڵدا هەبێت، هەر بۆیەش شیعەکان دەڵێن دەبێت حەشدی شەعبی کە پێکهاتەیەکی چەکداری میلیشیاییە و لەسەر فەتوای سیستانی مەرجەعی شیعەکانی عێراق دروستبووە، بەشداریی پرۆسەی ڕزگارکردنی مووسڵ بکات، لە بەرانبەریشدا سوننە بە ئاشکرا و کوردیش تەقریبەن بە نیمچە ئاشکرا ڕەتی دەکەنەوە حەشدی شەعبی بەشداریی پرۆسەی ڕزگارکردنی مووسڵ بکات بە بیانووی ئەوەی تاوانی دژ بە مرۆیی ئەنجام دەدەن وەک ئەوەی لە فەلوجە و تکریت و هەندێک ناوچەی دیکەدا دەرهەق بە هاوواڵاتییانی سڤیلی سوننەی ئەو ناوچانە ئەنجامیان دا.

ڕزگارکردنی مووسڵ، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە دەبێت، چاوەڕێش ناکرێت ناکۆکییەکان دوای داعش کۆتاییان بێت، بەتایبەتی لە نێوان لایەنی کوردی و عەرەبی، بەپێچەوانەوە شەڕی مەزهەبی زیاتر دەبێت، بۆیە گرنگ ئەوەیە کورد نەچێتە ناو ململانێ مەزهەبییەکانەوە، چونکە ئایندەی باش نابێت و پرۆسەیەکی بەردەوامی بێ کۆتاییە و هەر جارە و بە شێوەیەک ئەو شەڕە مەزهەبییە سەرهەڵدەداتەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١١٢ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٦/٩/١٩

دەبێت کورد هەوڵێری هەبێت

لەگەڵ هاتنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەلومەرجی سیاسی و جوگرافیی ناوچەکە، گۆڕانکاری بەسەرداهات، ڕاستە کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا، دووچاری شەڕکردن لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستی پڕچەکی وەک داعش و هەندێک دەستەوتاقمی دیکە بووەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی بە هەزاران شەهید و بریندارى لە هەردوو پارچە بەزۆر دابڕێندراوەکەی کوردستان، لە پێشمەرگە و شەڕڤان هەن، بەڵام کورد دەرفەتی سیاسی و جوگرافیی گەورەی بۆ هەڵکەوتووە، زۆربەی خاکی داگیرکراو لە باشووری کوردستان لەژێر گوشاری چەک و بە خوێنی پێشمەرگە گەڕێندرانەوە باوەشی هەرێمی کوردستان، بە هەمان شێوەش لە ڕۆژئاوای کوردستانیش شەڕڤانانی کورد، توانیویانە بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان، بخەنە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیەوە و بەگشتی کورد لەڕووی چەکداریيەوە دەرفەتی گەورەی بۆ هەڵکەوتووە و پشتگیریی جیهانیشی بەدەستهێناوە، ڕەنگە ئەو دەستەواژەیە تەقلیدیش بێت، بەڵام دەکرێت بگوترێت کورد بە پێشمەرگە و شەڕڤانەوە بە نوێنەرایەتیی جیهان

شەڕی تیرۆریستان دەکەن و لەڕووی ستراتیژیی شەڕیشەوە، کورد براوە بووە، چونکە داعش لە ناوچە کوردییەکاندا گەشەی نەکرد و شکستیخوارد، بەڵام لە لایەنی سیاسییەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت کورد بەشێوەیەکی یەکگرتووانە نەیتوانیوە ئەو دەرفەتە چەکدارییە ئاوێتەی بەرژەوەندیی سیاسی بکات، جۆرێک دابڕان لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا هەیە و دواتر بە زیانی کورد دەکەوێتەوە.

سەرجەم وڵات و نەتەوەکانی دونیا مەرجەعی سیاسیی خۆیان هەیە و لە کاتی تەنگانە و پڕۆژە سیاسییەکاندا ئەو مەرجەعە ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بۆیە دەکرێت ئیدی کوردیش هەوڵێری هەبێت، وەک پایتەختێکی دانپێدانراو و ناوەندی سیاسیی کوردستان کە دەتوانێت ڕۆڵی گەورە وازی بکات لە گەمە سیاسییەکاندا، بەتایبەتی بۆ ئەم قۆناغە کە مەترسی هەیە لە ئەگەری پەرتەوازەیی کوردان و ململانێی یەکتریدا سەرجەم دەرفەتەکان لەبار بچن، مادام هەولێر دانپێدانراوە و لەسەر ئاستی جیهانیشدا زۆربەی سەرکردە و کاربەدەستانی دونیا بۆ تاوتوێکردنی پرسە سیاسی و سەربازییەکان سەردانی هەولێر دەکەن.

دەکرێت سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردییەکانیش دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حیزبییانە، هەولێر وەک مەرجەعی سیاسی سەیر بکەن و بۆی بگەڕێنەوە، ناکرێت تا هەتایە کورد مەرجەعی نەبێت، بۆ ئەم قۆناغە هەولێر باشترین دەرفەتێکە کە دەتواندرێت وەک ناوەندی سیاسیی کوردستان حسابی بۆ بکرێت.

ئەوەیش بەو مانایە نییە کە مەبەست لە هەولێر شارچێتی و حیزبچێتی بێت، نەخێر هەولێر بەهۆی ئەوەی ئێستا سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەت و ئەنجوومەنی ئاسایسش و بارەگەی دەیان حیزبی سیاسی و سەدان دامەزراوەی گرنگی دیکەی لێیە. سەرباری ئەوەی دەیان کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیی وڵاتانی تێدایە کە دەتوانن ڕۆڵیان لە کاریگەریی دروستکردن بۆ سەر وڵاتەکانی خۆیان هەبێت.

کات بەخێرایی دەڕوات و تاسەر چەکدارانی داعش نامێننەوە، ڕەنگە ئەوەی ئێستا بۆ کورد دەکرێت، دوای شەڕی داعش بۆی نەکرێت، کەوایە گرنگە سەرەتا لایەنە سیاسییەکانی باشوور بێمەرجی پێشوەختە بگەنە ڕێککەوتن و پاشان ئەو ڕێککەوتنە قوڵ بکرێتەوە بۆ ڕێککەوتنێکی گشتگیری نەتەوەیی لەسەر ئاستی کوردستان، ئەوکات هەولێر قورسایی سیاسی و جوگرافیی گەورە پەیدا دەکات لە سیاسەتی ناوچەکەدا، گرنگیش نییە کام حیزب و کەسایەتی لە هەولێر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت، بەڵکوو ئەوەی گرنگە هەولێر ببێتە ئەو ناوەندە سیاسییە و سەرجەم پرسە سیاسییەکانی تێدا تاوتوێ بکرێت و هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ ئەم قۆناغە لە هەولێرەوە ڕابگەیەنرێت، ئەوکات دونیا بە چاوێکی دیکەوە سەیری پرسی کورد دەکات، ئەگینا کورد بەو پەرتەوازەییەی خۆیەوە زیانی پێدەگات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١١٤ لە چوارشەممە ٢٠١٦/٩/٢١

سێ سیناریۆ ئەمەریکییەکە بۆ ئایندەی مووسڵ

بە گوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی "کتابات" کە ئەویش پشتی بە هەواڵێکی "سی ئێن ئێن"ی ئەمەریکی بەستووە، پێشبینی دەکرێت ئەمەریکا بە ڕاوێژکردن لەگەڵ عێراقدا، سێ سیناریۆ بخاتە بەردەم عێراق بۆ ئایندەی مووسڵ لە قۆناغی داوی داعشدا کە هەر یەک لەو سیناریۆیانەش ئەگەری جێبەجێکردنیان هەیە.

لە سیناریۆی یەکەمدا، باس لە گەڕاندنەوەی ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵ دەکرێت بۆ پۆستەکەی کە دوای کەوتنی مووسڵ ئەو پۆستەی لێسەندرایەوە. هاوکات بە گوێرەی هەواڵەکە، کورد و سەرکردەکانی سوننەی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ، پشتگیری لەو سیناریۆیە دەکەن، بەڵام لە سیناریۆی دووەمدا، ڕەنگە حاکمێکی سەربازی بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە دابمەزرێت، هاوشێوەی سەرەتای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام کە حاکمێک بۆ ئیدارەدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە دامەزرێندرا تاوەکو ئاساییبوونەوەی

دۆخی عێراق. کەچی لە سیناریۆی سێیەمدا کە لە هەردوو سیناریۆکەی دیکەیان زەحمەتترە و ئەگەری جێبەجێکردنی ئاستەنگی گەورەی عێراقی و نێودەوڵەتی لەپشتەوەیە کە ئاماژە بۆ بە هەڕێمکردنی مووسڵ دەکرێت لە شێوەی هەرێمی کوردستان.

مووسڵی ئێستا لەبەردەم چەندین سیناریۆدایە، چونکە زیاتر لە ١٠ هێزی شەڕکەر، بەشداریی ئۆپەراسیۆنی پاڕێزگەکە دەکەن، هەرێمی کوردستان دەڵێت مووسڵ بەشێکی زۆری پێکهاتەکەی کوردن و دەبێت کورد ڕۆڵی کارای لە ئایندەی مووسڵدا هەبێت، حەشدی شەعبی کە دەکرێت بە وێنە گەورەکەی ئێران لە عێراقدا وەسف بکرێت، چاوی بڕیوەتە مووسڵ، بەڵام سوننەکان دژایەتی ئەو هێزە دەکەن، هەروەها شەبەک و ئێزدی و مەسیحی هێزیان دروستکردووە و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەسەر کورد حساب دەکرێن، تورکمانەکان لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، سوپای عێراقیش چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت بێلایەنی خۆی بپارێزێت، چونکە لەژێر کاریگەریی مەزهەب و وڵاتانی ناوچەکەدایە بەتایبەتی ئێران، ئەمە سەرباری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دوای قۆناغی داعش کە خەڵکانێکی زۆر هەن کەسوکاریان بەدەستی چەکدارانی داعش ئەشکەنجە دراون و کەسوکاری ئەو چەکدارە داعشانەش دەناسرێنەوە، یاخود خەڵکی ناوچەکەن و بۆی هەیە کۆمەڵگەی مووسڵ دووچاری شەپۆلی تۆڵەکردنەوە ببێتەوە، هەموو ئەوانە کێشەی چاوەڕوانکراون و ئەگەری ململانێیەکی بەهێزی لایەنەکانیش لەو شارەدا هەیە، بەوپێیەی بەرژەوەندیی ناوچەیی کەوتووەتە ئەو شارەوە و هەر

وڵات و هێز و پێکهاته و ئاینزایەک هەیە ترسی لە ئایندەی خەڵکی خۆی هەیە و ئامادەکاری بۆ قۆناغی دوای داعش دەکات.

لە لایەکی ترەوە پێشبینی ناکرێت کە عێراق ڕازی بێت بە دروستکردنی هەرێمی مووسڵ، ئەوەش لەژێر گوشاری ئێراندا، بەڵام تورکیا لەگەڵ ئەو هەرێمەدایە بە بیانووی پاراستنی تورکمانەکانی مووسڵ، لەگەڵ ئەوەشدا خودی دەوڵەتی عێراق گەیشتووەتە ئەو تێگەیشتنە کە مووسڵ هەمان مووسڵەکەی جاران نییە و لەگەڵ نەمانی داعشدا گۆڕانی گەورە ڕووەدات لە داخوازی و ململانێی پێکهاتەکان بە پاڵپشتیی دەرەکی، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا ڕازی نابێت لەسەر بە هەرێمبوونی مووسڵ، بەڵام کار بۆ ڕازییکردنی سوننەی مووسڵ و هەرێمی کوردستان و ئاینزاکانی دیکە بکات، چونکە دەبێت هەوڵی ڕازیکردنی ئەو لایەنانە بدات، ئەگینا ئایندەیەکی خراپ لەبەردەم مووسڵدایە و ڕەنگە هاوشێوەی حەلەب شەڕی تێدا ڕووبدات، بۆیە بۆ قۆناغی یەکەم پێدەچێت کە ئەسیل نوجێفی بە بڕیارێک دابندرێتەوە یان کەسێکی دیکە کە سوننەی مووسڵ و کورد خۆیان پێشنیاری بکەن بکرێت بە پارێزگاری مووسڵ.

لەناو ئەو هەموو سیناریۆ و ئەگەرانەدا پێویستە کورد بە ڕوونی داواکانی خۆی بخاتەڕوو، لە ئەگەری بە هەرێمبوونی شارەکەدا مافی کورد لە دەستووری هەرێمی مووسڵدا، سەرۆکی هەرێمی مووسڵ یان سەرۆکوەزیران بچەسپێنێت، ئەگینا دوای بۆی ناکرێت، هەتا دەبێت لە سیناریۆی یەکەم و دووەمیشدا کە قسە لەسەر گەڕانەوەی ئەسیل نوجێفی و دامەزراندنی حاکی سەربازی دەکرێت، پێویستە

لەوانەشدا مافەکانی کورد مسۆگەر بکرێت، چونکی پێکهاتەکانی شەبەک و ئێزدی و مەسیحی و هەتا تورکمانیش چاویان لە هەرێمی کوردستانە مافەکانیان مسۆگەر بکات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١٣٨ لە پێنجشەممە ٢٠١٦/١٠/٢٧

ئۆپەراسیۆنی سەرتاسەری دژی فیکری داعشی

خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" لە بەرەی شەڕی مووسڵ و سەرجەم ئەو ناوچانەی لەژێردەستیدا ماون، دووچاری شکست دەبێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە ڕوون بێت بۆ دەزگە ئەمنییەکان کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دووڕووی هەیە، ڕوویکی چەکدار کە لە زۆربەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، واتە دەیەوێت دەستبەسەر شوێندا بگرێت، ڕوویکی دیکەی هاوبەشی هەیە کە لەگەڵ سەرجەم گرووپ و حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکەدا یەکدەگرێتەوە، ئەویش فیکری داعشییە، واتە دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورەی ئیسلامی لەو ناوچانەی کێشەی مەزهەبی و سیاسی و هەژارییان هەیە، قسەکردنیش لەسەر کۆتایی داعش لەڕووی بەرەی شەڕەوە، بڕاوەتەوە، چونکە داعش توانای ئەوەی نەماوە لە بەرەکانی جەنگدا هاوشێوەی پێشوو ڕووبەڕووی پێشمەرگە و سوپای عێراق ببێتەوە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو گرووپە ئیدی کۆتایی دێت، داعش کۆتایی نایەت، چونکە داعشەکەی دیکە کە بە داعشی فیکری و نووستوو ناوزەند دەکرێت

دەست بە چالاکی دەکاتەوە، لە کردەوەی تەقینەوە و فڕاندنی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ترس و فیکری توندڕۆیی ئیسلامی.

هێرشەکەی ڕۆژی هەینی ٢٠١٦/١٠/٢١ چەکدارانی داعش بۆ سەر باشووری کەرکووک و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا، ئاماژەیەکی ڕوونە لەوەی داعش ڕەنگە هێرشی هاوشێوەی شاری کەرکووک بکاتە سەر شارەکانی دیکەی هەرێمیش بەتایبەتی شاری هەولێر، چونکە داعش هەوڵ دەدات بۆ کەمکردنەوەی گوشاری هێز لەسەر بنکە و بارەگەکانی لە مووسڵ، چالاکی لەنێو شارەکان بکات بەمەبەستی سەرقاڵکردنی دەزگە ئەمنییەکان و جۆرێکیش دڵەڕاوکێ لەنێو هاووڵاتییان دروست بکات، ڕەنگە هانا بۆ ڕفاندنی خەڵکی سڤیلیش ببات، چونکە نایەوێت هەروا بە ئاسانی بڕوات، بەوپێیەی ڕێکخراوێکی فیکرییە و دەیەوێت لە ناوچە ئاڵۆزەکان خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکات.

لە دوای ئەو ڕووداوەی کەرکووکەوە، ئەرکی دامەزراوە ئەمنییەکانی ناو شارەکان زۆر قورستر بووە بەتایبەتی لەو ناوچانەی شەڕی چەکداریان تێدا ڕوو دەدات بەتایبەتی هەولێر هەم وەک ناوەندی سەربازی دژی داعش و هەمیش بەهۆی نزیکییەوە لە مووسڵەوە، ئەرکە قورسەکە لەوەدایە، داعشی ناو شارەکان نەبینراون و لەپڕێکدا دەردەکەون و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، دەکرێت ئەو ماوەیە ڕێگە لە گوتاری مزگەوتەکانیش بگیرێت، چونکە مزگەوتەکان باشترین ئەو شوێنانەن، ئەندامانی داعش وەک ئەدرەسی یەکتربینین بەکاریان دەهێنن.

جموجۆڵی ئێستای داعش لە کەرکووک کۆتایی دێت، بەڵام هیچ کات نابێت دامەزراوە ئەمنییەکان تەسەوڕی نەمانی داعش بکەن، بەپێچەوانەوە داعش لە دوای شکستەکانی لە بەرەی جەنگدا، ئیدی دەست دەکات بە هێرشی چەکداری وەک ئەوەی کەرکووک و ئەنجامدانی کردەی تەقینەوە و ڕفاندن و کوشتنی خەڵکی، لەم قۆناغەشدا کە داعشی چەکدار لە شکست نزیک دەبێتەوە، بۆ دەزگە ئەمنییەکان لەناو شارەکاندا زۆر سەختە، پێویستە وەک چۆن پێشمەرگە لە شەڕگەکاندا شەڕ دەکات، ئەوانیش بە هەمان شێوە ئۆپەراسیۆن لەناو شارەکاندا دەست پێ بکەن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی عەرەبی تێدایە، ڕەنگە لەڕووی فیکرییەوە هاوکاری داعش بکەن.

قۆناغی ئێستا و دوای مووسڵ، دوو قۆناغی زۆر سەختن، بەوپێیەی چالاکیی داعش لە بەرەی شەڕەوە دەگۆڕدرێت بۆ چالاکیی شاراوە، واتە ئیدی داعش بە نهێنی پرۆسەی تیرۆریزمی ئەنجام دەدات، وەک ئەوەی کەرکووک، هەربۆیە هەم شەڕی فیکری و هەمیش هۆشیارکردنەوەی دەزگە ئەمنییەکان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لەنێو شارەکانی هەرێمدا بۆ ئەو شوێنانەی جێگەی گومانن و ئەگەری هاوکاریکردنی داعشی تێدایە، ئەگەر داعش لە بەرەی شەڕدا جارێک زیانی هەبێت، ئەوا لەنێو شارەکاندا دەیان جار ئەوەندە دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر هاوواڵاتیان و تێکدانی ڕەوشی ئاسایی کۆمەڵگە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١٣٤ لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٦/١٠/٢٣

عەبادی عەبادی عەبادی!

دروشمی ناچاری یان گەڕانەوە بۆ ژێر چەتری بەغدا

هیچ کەس مافی ئەوەی نییە دژی خۆپێشاندانی ڕاستەقینە بۆ داواکردنی ماف بەتایبەتی مووچە بوەستێتەوە، چونکە کرێی کارێکە و دەبێت دابین بکرێت، ڕاستییەکی دیکە هەیە، تەنیا مامۆستایان بێ مووچە نین! قەیرانی مووچە سەرجەمی مووچەخۆرانی گرتووەتەوە، تەنانەت بەو نەخۆش و بە سالاچووانەش کە مووچەکەیان ناکاتە دەرمالەیەکی مامۆستایان، زۆربەیان لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی ڕابردوودا لە چاوەڕوانی ئەو ١٠٠ هەزارە بەهۆی نەخۆشی و پیرییەوە مردن، بەڵام مووچەیان وەرنەگرت!

ئەوەی لە سلێمانی دەگوزەرێت دوو لایەنی هەیە، دوو فۆڕمی سیاسی و ئابووری هەیە، ئەمە بڕاوەتەوە کە دەبێت مووچە بە زیادەوە دابین بکرێت، ئەرکی حکوومەتە و نابێت منەت بەسەر کەسەوە بکات، پێدانی مووچە یانی بەردەوامی ژیان و سووڕی بازاڕ

و گەشەی سێکتەرەکانی کۆمەڵگە، بەڵام فۆڕمێکی دیکەش کە زۆر مەترسیدارە، فۆڕمە سیاسییەکەیە، واتە مافی ڕەوای مووچەخۆران بۆ بەرژەوەندیی سیاسی وەبەرهێنانی تێدا کراوە لەلایەن دوو حزبی دەستڕۆیشتووی سلێمانیدا، لەکاتێکدا ئەوانیش فریشتە نین و بێبەش نین لە قەیران و گەندەڵییەکان.

ئەو فۆڕمە سیاسییە کە سواری شەپۆلی ناڕەزاییەکان بووە، زۆرباش دەزانێت چۆن گەمەیەکی سیاسی وازی دەکات، وەکچۆن پێش لەتبوونی یەکێتی براەدرانی نیلی وەک مۆرانە لە جەستەی یەکێتییاندا و دواجاریش سەنگەریان لە یەکتری گرت، دروستە حکوومەت لە بەڕێوەبردندا کەموکوڕی زۆری هەیە، پارەیەکی زۆری بەفیڕۆ داوە، بەڵام ئەو ڕەخنانەی لە حکوومەت دەگیرێن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان نین، بەڵکوو ڕەخنەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و ئیستقزازکردنی پارتی.

ئەو فۆڕمە سیاسییەی سلێمانی پارتیان قبووڵ نییە، بە هەموو شێوەیەک ڕەتی دەکەنەوە، خەڵکی دژی هاندەدەن، لەکاتێکدا ئەگەر پارتی مااڵی هەر تاکێکی ئەو دەڤەرە بکات بە ئااڵتوون، ئەوان هێشتا ڕازی نین! ئەو شەڕەش هی سەردەمی برایم ئەحمەدە و ئێستا خاتوو هێرۆ لە غیابی تاڵەبانیدا و لەژێر فۆڕم و ستایلی جیاوازەوە ئەبدێتی کردووتەوە، بەڵام پارتی خۆی لەو ڕاستییە شاردووەتەوە، بۆیە دەبێت گوتاری پارتی ڕوونتر بێت، ئەگەر دەزانێت بەمجۆرە ڕەوشەکە ناچێتە پێش، پێویستە بێدوودڵی دێگەڵە زیندوو بکرێتەوە، بەڕاستی ئیتر ئەو شەڕە حیزبی و ناوچەییە، جۆرێک بێتاقەتی مەترسیداری بەرهەمهێناوە، ترسی ئەوە هەیە ئەوەی بە دەستیشمان

هێناوە لەدەستی بدەین، ڕەنگە بۆ ئێستا ئەو کارە خراپە، کەمێک باشی تێدا بێت، چونکە کار بەوە گەیشتووە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، سووکایەتی بە یەکدی بکرێت، دوو ناوچەی بێ کێشەی کوردی لە چوارچێوەی یەک هەرێمدا زۆر باشترە لە یەک ناوچەی پڕ کێشە و چاوسوورکردنەوە.

ئەگەر ئیدارەی سلێمانی توانی مووچە لە عەبادی عەبادی عەبادی عەبادی وەربگرێت، دەستیان خۆشبێت، بەڵام ئەو کارتە جگە لە گاڵتەکردن بەخۆ، هیچی دیکە نییە و بەرهەمی نابێت، بەڵکوو خۆ بچووککردنەوەش دەگەیەنێت، بەغدا وازی لە کورد هێناوە، تەنێ وەک دەوڵەتێکی دیکتاتۆر دەیەوێت کورد لەگەڵ خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەگینا نایەوێت کورد خۆشبەخت بێت، ئەگەر بەڵێنی مووچەش بدات، بۆ ئەوەیە دووبەرەکی دروست بکات، من دەیڵێمەوە، خۆزگە مووچە بدات، بۆ ئەوەی ڕەوشی خەڵکە هەژارەکە کەمێک باشتر بێت، بەڵام ئەگەر ڕەوانەشی بکات، تەنیا یەک مووچە بۆ قوواڵکردنەوەی کێشەکان دەنێرێت و دواییش عەبادی عەبادی عەبادی چاوشارکێیان لەگەڵدا دەکات، ئەوکات خەڵکەکە دەبنە قوربانی ئەو سیاسییەتە هەڵەیەی لەو زۆنەدا بااڵدەستە، دیسانەوە تەنیا هەژارەکەیە باجەکە دەدات.

لەڕووی واقیعییەوە هەرێمی کوردستان بەسەر زۆنی زەرد و سەوز نیلیدا دابەش بووە، هیچ کەس مافی ئەوەی نییە تانە لەو ڕاستییە تاڵە بدات، ئەوە ڕاستییەکە و ئەوە ناشارەزایانی سیاسین دەیانەوێت خۆیان لەو ڕاستییە خراپە بشارنەوە، ئەگەر سلێمانی بەو دۆخەدا، زیاتر گوزەر بکات، تەنیا منداڵانی هەژارەکانن بێ مامۆستا و خوێندن

دەبن و بە بەرچاوی هەژارەکانیشەوە قوتابخانە ئەهلییەکان دەوامی خۆیان دەکەن و منداڵانی هەژارەکانیش لە خوێندن دادەبڕێن، سەرمایەداری ستەمکارە، هەرکە ڕەگی داکوتا، ئیتر دەبێتە تراديسۆن و شۆڕ دەبێتەوە بۆ قووڵایی کایەکانی دیکەش، ئەمە لەڕووی پەروەردەیی، لە سەرجەم سێکتەرەکانی دیکە هەر وایە و زیان بە شاری خۆشەویستی سلێمانی دەگەیەندرێت و دواییش کەس خۆی ناکاتە خاوەنی شکستەکان، وەک چۆن کۆڕەوەکە خاوەنێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام ڕاپەڕینەکە خاوەنی زۆرە!

بەرزکردنەوەی دروشمی عەبادی عەبادی، ئەویش دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی بەڕاستی بێ مووچەیی تەنگی پێهەڵچنیوە و ئامادەیە هەموو دروشمێک لەپێناوی بژێویی منداڵەکانی بەزر بکاتەوە، دەبێت ڕێز لەو لایەنە و دەنگەکانی بگیرێت، بەڵام دەبێت بزانین ئەو لایەنە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی لایەنگەلێکی سیاسی کە خۆیان نایانەوێت بە ئاشکرا بڵێن ئێمە خاوەنی دروشمی عەبادی عەبادی عەبادین، بۆیەش لە چوارچێوەیەکی دووفاقی سیاسیدا، خەڵکی بەکار دەهێنن، واتا لایەنی هەژار دوو جار قوربانین، جارێک بێ مووچەن، جارێکی دیکە، هێزێکی سیاسی وەک کەرەستەیەک بۆ مەرامی خۆی بەکاری دەهێنێت، ئەگینا مەرج نییە، هەموو ئەوانەی ئەو دروشمەیان بەرزکردەوە، خائین بن، نەخێر دەبێت حکوومەت هەست بەوە بکات ئەوە ئاماژەی کەموکوڕی ئەوە بیانووی داوەتە دەست کە دوای ڕژانی ڕووبارێک خوێن، لۆژیک قبووڵی ناکات، دروشمی عەبادی عەبادی وەک ڕەمزێکی دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق، ئەو دەوڵەتەی ڕووبارێک خوێنمان دژی ڕشتووە بۆ ئەوەی

لێی جیا ببینەوە، ئێستا بەرزدەکرێتەوە، لەکاتێکدا ڕوونە لایەنی سیاسی بەرژەوەندیسان لەو دروشمەدا هەیە کە خودی عەبادی خۆی گاڵتەی پێدێت، ئەگەر یەک تۆز وەفای بەرانبەر ئەو دروشمە هەبووایە، ئێستا مووچەی بۆ دەناردن، هەر هیچ نەبێت بۆ نانەوەی دووبەرەکی، خۆ مووچەی سلێمانی ناکاتە کڕینی ١٠ هەمەڕی سەربازی، لەو هەمەڕانەی هەندێک جار سەربازەکانی مالیکی و عەبادی هەر دەڵێی بە دیاری پێشکەشی داعشی دەکەن!

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١٥٢ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٦/١١/١٦

بارزانی بەتەنیا جێمەهێڵن!

حیزبایەتی بەری چاوی کوردی گرتووە، ئەو گەلە زوڵملێکراوە چل ملیۆنییە، ئەوەندەی خەریکی خۆیەتی و دژایەتی یەکتری دەکەن، ئاگایان لە ڕەوتی ژیانی خۆیان نەماوە کە بە ئاراستەیەکی خراپدا دەڕوات و زۆربەی خەتاکەشی هی خۆمانە، چونکە لە ئەسڵدا خۆمان دوژمنی خۆمانین، بەڵام نەیارانی کورد سوود لەو ناکۆکییانەی ئێمە دەبینن و زیاتر حزبەکانمان دەدەن بەگژ یەکدا، بێ ئەوەی بیرمان لەوە کردبێتەوە ئەو ململانێیانە زیانی گەورەی لێداوین.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا کورد چەند سەرکردە و سیاسییەکی دیاری لێهەڵکەوت، ئۆجەلان خرایە زیندانەوە، تاڵەبانی بەداخەوە نەخۆش کەوت، هەڵبەت ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە سیاسەتی هەرێمایەتیدا، بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکاندا، ئەگەر ئێستا ئاگاداری ڕەوشی سیاسی بووایە، هەرگیز ڕێگەی بەوە نەدەدا حیزبەکەی نێوانی لەگەڵ پارتیدا تێک بچێت، چونکە ئاشتەوایی ئەو دوو حیزبە وەک ئۆکسجین گرنگە، ئەوەتا بە نەخۆشکەوتنی ئەو، حیزبەکەی دووچاری باڵباڵێن بووەتەوە و کاریکەریی خراپی بۆ سەر کۆمەڵگە هەبووە، چونکە یەکێتی خاوەن پێگەی جەماوەرییە، نەوشیروان مستەفا کەوتە ژێر کاریگەریی

هەرزەکارگەلێکەوە کە ئاراستەی دەکەن بۆ هەنگاوی خراپ بە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد، نەخێر ئەویش ڕوئیای سیاسی خۆی هەیە، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە ئێستا ئەو ئاراستە دەکرێت و وایان لێکراوە هەنگاوی هەڵە بهاوێت لە پەیوەست بە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان.

سەلاحەددین دەمیرتاش و هاوڕێکانی هاوشێوەی ئۆجەلان دەخرێنە زیندانەوە، چونکە دەنگی گەلی کورد بوون، ئەوەی ماوە بارزانییە کە لەسەر ئاستی جیهاندا حساب بۆ لێدوان و بۆچوونەکانی دەکرێت، بەڵام ئەوەتا زۆرترین دژایەتی دەکرێت، بەداخەوە شێوازی ڕەخنەکان دژایەتین نەک ڕەخنەی واقیعی، کورد لەم قۆناغەدا کە لەژێر هەڕشەی جیدی دایە چ پێویست دەکات خۆی بە یاسا و خولی سەرۆکایەتییەوە سەرقاڵ بکات، ئێستا کورد چارەنووسی ڕوون نییە، کەس نازانێت ئایندەی ئەو گەلە دوای داعش و یەکلاییونەوەی چارەنووسی بەشار ئەسەد چی دەبێت، ئەو میللەتە پێویستی بە یەکگرتوویی هەیە، وەک چۆن ئاو بۆ ژیان گرنگە، ئاواش تەبایی بۆ ئێستا گرنگە، سەیرە هەمووان دەزانن بارزانی لە مەیدانی سیاسەتدا خەریکە بە تەنیا دەمێنێتەوە، لەبری ئەوەی هاوکاری بکەن و بەشداریی پرسە سیاسییەکانی بکەن، کەچی سەنگەریان لێی گرتووە گوایە ماوەی یاسایی تەواو بووە، گریمان بارزانی چۆیەوە ماڵ، بەڵام کەس هەیە ئەو ڕۆڵەی ئەو وازی بکات هەر هیچ نەبێت لە شەڕی داعشدا، هەڵبەت وەلامەکەی ڕوونە، بەڵام نایانەوێت وا بڵێن، نابێت لە ئێستادا ئەو پیاوە بە تەنیا بهێڵدرێتەوە، ئەو باش بێت یان خراپ، هەر ڕەمزی سەرۆکێکی

کوردە، ئەگەر شکست بخوات، هەمووان، واتە کورد شکست دەخوات، کاتێک ئۆجەلان دەگیرێت، هەستی چل ملیۆن کورد دەخرێتە زیندانەوە، هەرکە تاڵەبانی نەخۆش دەکەوێت، هەموومان ئازار دەچێژین، ئەو ڕۆژەی جەندرمەی تورک هەڵیکوتایە سەر سەلاحەددین دەمیرتاش، هەڵکوتانە سەر مالّی هەموومان بوو، کاتێک بارزانی دەچێتە بەرەی شەڕەوە، ئەوە هەموومانین دەچینە لای پێشمەرگە.

کورد ئێستا بێپشت و پەنایە، کۆمەڵێک بەرژەوەندیی زلهێزەکان لێرەن و مرۆڤ دەترسێت ئەوەی هەشمانە لەدەستی بدەین، ئەگەر کورد ئێستا بارزانی نەبێت، پێم ناڵێن ئەدی کێی دەبێت! هەڵبەت بۆ ئەم قۆناغە مەترسیدارە قسەکردن لەسەر ماوەی سەرۆکایەتی غەدرێکی گەورەیە کورد لە خۆی دەکات، چونکە بارزانی سیفەتی هەم شەڕکەر و هەمیش سیاسی تێدایە، لە سەردەمی بارزانیدا پشتگیرییەکی گەورەی پێشمەرگە کرا، کاربەدەستانی زۆربەی وڵاتان هاتنە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوە کورد بەهۆی هەستی ململانێ و دژایەتی یەکترییەوە، نەیتوانیوە ئەو بەرژەوەندییانە بە بەرژەوەندیی کوردەوە گرێبدات، حیزبایەتی کارێکی بەسەر ئەو گەلەدا هێناوە بەجۆرێک حەز دەکەن ئەوەی هەشمانە لەدەستی بدەین، ئامادەن هەموو شتێک بکەن بۆ بچووککردنەوەی خۆمان.

مەترسییە دەرەکییەکان چەندە زۆرن، هی ناوخۆییش ئەوەندەن، کورد ئێستا پێویستی بەوە نییە شەڕی سەرۆکایەتی بکات، پێویستی بەوەیە بەهێز بێت، کات لەبارە بۆ ئەوەی وێنەی خۆی بە دیقەیەکی بەرزەوە نیشان بدات، پێویستی بەوەیە مەرجەعی هەبێت تاوەکو

ڕێزی لێ بگیرێت، بەڵام ناتەباییی نێوان لایەنەکان خەونی گەورەی کوردی مەحاڵ کردووە، سەرجەمی حیزبەکان لەناو خۆیاندا تەبا نین، بەڵام لە ململانێی یەکتردا تەبان بۆ ئەوەی تەبابن لە سەنگەرگرتن لە یەکتری، دەبێت بۆ ئەم قۆناغە پشتگیری بارزانی بکرێت، نەک سەنگەری لێ بگیرێت، نابێت بە تەنیا لە بەرەی شەڕ و دیپلۆماسیدا جێبهێڵدرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١٥٤ لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٦/١١/٢٠

دامەزراندنی حەشدی شەعبی..

کاردانەوە یان بەرنامەی سیاسیی پێشوەختە؟

پێکهاتەی سوننە بەگشتی و عێراقی بە دیاریکراوی، سەرەتا دژی دروستبوونی حەشدی شەعبی بوون، بەڵام دروستبوو! دواتر گوتیان دەبێت هەڵوەشێتەوە، کەچی چەکی پێشکەوتووی ئەمەریکاش خرایە خزمەت حەشدەوە، دواتر سوننەکان بە ناچاری دەستبەرداری دروشمی هەڵوەشاندنەوەی حەشدبوون و ئینجا داوایان کرد حەشد بەشداریی شەڕی ناوچە سوننییەکان نەکات، کەچی بە بەرچاوی ئەمەریکا و جیهان و سوننەکانەوە بەشداری کرد و خەڵکی سڤیلی سوننەی ئازاردا. مایەوە شەڕی ئازادکردنی مووسڵ، ئەو شارەی بە پایتەختی ڕۆحی سوننەکانی عێراق دادەنرێت.

دیسانەوە سەرکردە سوننەکان دژی بەشداریی حەشدبوون لەو شەڕەدا، بەڵام ئێستا هەواڵی پێشڕەوییەکانی ئەو هێزە بە ئاڕاستەی ناو مووسڵ بە دنیادا بڵاوبووەتەوە و لەوە دەرچووە سوننە بڵێت

نابێت حەشدی شەعبی بەشداری ئەو شەڕە بکات، چونکە ئەو قسەیە وەک کۆمێدیا سەیر دەکرێت!

لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا سوننەکان دژی ئەوە بوون حەشدی شەعبی وەک هێزێکی نیشتمانی لە پەرلەمانی عێراقدا بناسێنرێت، بەڵام ڕۆژی شەممە ٦٢/١١/٦١٠٢ پەرلەمانی عێراق کە سوننەکان سەرۆکایەتی دەکەن، بە زۆرینەی دەنگ حەشدی شەعبی وەک هێزێکی نیشتمانیی عێراقی ناساند، کەوایە ئاماژەکان ڕوونن لەوەی کە حەشد، ئەو هێزە نییە وەک کاردانەوە دژی داعش دروست بووبێت، بەڵکوو بە بەرنامەی سیاسی پێشوەختە دروستکراوە و داعش وەک بیانوو بەکارهێندرا و ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز لە عێراقدا هەیە کە لەمەودوا ڕۆڵ دەدات بەو هێزە مەزهەبگەرا میلیشیاییە لە کاروباری سیاسیی عێراقدا، ڕەنگە سیاسییە شیعەمەزهەبەکان، ئەوەی کە ناتوانن بە سوپای فەرمیی عێراق ئەنجامی بدەن، بەو هێزە ئەنجامی دەدەن.

لەکاتێکدا پڕۆژەیاسای حەشدی شەعبی لە هێزێکی خۆبەخشەوە بۆ هێزێکی نیشتمانی پەسەند دەکرێت، زۆربەی لایەنە سوننەکان و کوردیش دژی بڕیارێکی لەمجۆرەن، بۆیە دیارە ئەو پێکهاتە و هێزە سیاسییانەی لەپشت پەسەندکردنی ئەو پڕۆژەیەن، باکیان بە نیگەرانیی ئەوانی تر نییە و بەرنامە سیاسییەکەی خۆیان جێبەجێ دەکەن کە لەژێر هەیمەنەی دەوڵەتی ئێران دایە، دوا بە دوای پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکەش، ئوسامە نوجەیفی سەرکردەی دیاری سوننەکان گوتی: زۆرینە مافی ئەوەی نییە بڕیار لەسەر چارەنووسی هەمووان بدات.

ئەو جۆرە لێدوان و بۆچوونانە لە عێراقی ئێستادا جێگەی نابێتەوە، یان هیچ کاریگەرییەکی نابێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئەو سەرکردانە دژی حەشد بوون، بەڵام حەشد چەکی پێشکەوتووی پێ دەدرا و ئەوەتا بە یاساییش کرا، ئەگەرچی دەزاندرێت ئەو یاسایە بونیادنانەوەی وڵاتی عێراق دووچاری شکست دەکات و مەترسیش دروست دەکات بۆ سەر هەیبەتی سوپا و پۆلیس و ئاسایش، بەڵام چونکی ئیرادەیەکی بەهێز لە پشت حەشدی شەعبییەوە هەیە و دەیەوێت ڕێگری بکات لە بە مەدەنیبوون و یاساییبوونی عێراق، ئەو پڕۆژەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند دەکرێت، ئەگەر نییەتی خراپ لە ئارادا نییە، بۆچی ئەو ئیمکانیەتە مرۆیی و ماددی و سەربازییەی بۆ حەشد دابین کرا، نەخرایە ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراق! ئەگەرچی بەهێزبوونی چ سوپا و چ حەشدی شەعبی، هەردووڵایان مەترسین بۆ سەر کورد، مەگەر کاتی خۆی مالیکی سوپای نەهێنایە بەرانبەر پێشمەرگە تاوەکو کارتی سیاسی بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت، بەڵام ئیرادەیەکی بەهێز لە هەرێمەوە ڕووبەڕووی مالیکی وەستایەوە و هێندەشی نەبرد داعش لە چەند کاتژمێرێکدا سوپاکەی نووری مالیکی بەرەو نزیکی بەغدا کشاندەوە، بە هەمان شێوەش حەشدی شەعبی مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە، کاتی خۆی سوپا بە تەنیا مەترسی بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام حەشد هەم بۆ سەر هەرێم و هەمیش سوننەی عەرەبی هەڕەشەیە، چونکە ئامانج لە دروستکردنی حەشد، بڕەودانە بە فیتنەی مەزهەبگەرایی، نەک پاراستنی عێراقییەکان.

دوای پەسەندکردنی پرۆژەیاساکەش، حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق لەسەر پشکی شیعە و یەکێک لەو سەرکردە باڵایانەی عێراق کە بە ڕەمزی دروستبوونی حەشد ناوی دێت، لە بەیاننامەیەکدا، وێڕای پێشوازیکردن لە یاساکە، ڕایگەیاند: حەشدی شەعبی نوێنەرایەتیی هەموو عێراقییەکان دەکات و بەرگری لە هەموو عێراقییەکیش دەکات.

ئەمەیش دەلالەتە لەوەی کە ئیدی پیرۆزی بەو هێزە دەدرێت و لە گەمە سیاسییەکاندا ڕۆڵێ پێدەدرێت و بەهۆیەوە پێگەی سوپا لاواز دەکرێت و ئەوەی کە نابێت لەڕووی یاساییەوە سوپا ئەنجامی بدات، ئیدی بۆی هەیە حەشدی شەعبی ئەنجامی بدات، بۆ نموونە گوشاردروستکردن بۆ سەر هێز و لایەنە سیاسییەکان بە بیانووی پاراستنی پێکهاتەی زۆرینەی عێراق کە شیعەکانن، هاوکات ڕەنگە بیەوێت لەشکرکێشی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ئەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئێستا پێشمەرگەیان تێدا جێگیر کراوە، چونکە خاکی کوردستانن و بەهۆی شەڕەوە پێشمەرگە ڕزگاری کردوون، هەروەها ئەجێندایەکی تری دروستکردنی ئەو هێزە بڕەودانە بە پێکهاتەی شیعە و زاڵکردنێتی بەسەر سوننەکاندا.

سەیرە ئەمەریکا، عێراق لە چنگی سەددام ڕزگار دەکات، کەچی دەیداتە دەست چنگی هێزێکی میلیشیای وەک حەشدەوە! بەهێزبوونی حەشد بە تەنیا زیانی بۆ سەر سوننەکان و کورد نییە، بەڵکوو زیانی گەورە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاش دەدات لە ناوچەکەدا، پەیامێکی ڕوونیشە لەوەی ڕۆڵی ئەمەریکا لە عێراقدا یان

نەماوە یان خەریکە نامێنێت! چونکە ئەوەی حەشدی دروستکرد، نەیاری سەرسەختی کرانەوە بەڕووی دیموکراسی و یاسا و مەدەنییەتە، ئەمەریکاش کاتی خۆی دەیگوت ئێمە دیموکراسی و یاسا و مەدەنییەت لە عێراقدا دەچەسپێنین، ئەوەتا حەشد ئەو خەونەی ئەمەریکا لە عێراقدا پووچەڵ دەکاتەوە.

لەو نێوانەدا گرنگە هەرێمی کوردستان خۆی لە گێچەڵی حەشد لە قۆناغی دوای داعشدا بپارێزێت، بەو مانایە نا ئەگەر حەشد بووە هەڕەشە، کورد بێدەنگ بێت، بەڵکوو وەڵامی چەک بە چەک بداتەوە، بەڵام هەتا دانووستان هەبێت باشترە، ئاشکرایە ئەو هێزە بۆ گێچەڵی سیاسی و مەزهەبی دروستبووە تاوەکو تەسفییە حساباتی سیاسی پێ ئەنجام بدەن، هەڵبەت عێراقی دوای داعش دەیەوێت لەسەر ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگە ڕزگاری کردوون گێچەڵ بە هەرێمی کوردستان بفرۆشێت، بۆیە دەبێت لە قۆناغی سەرەتادا هەرێم ڕای جیهانی لە بەرانبەر حەشدی شەعبی ئاگادار بکاتەوە کە پێشبینی دەکرێت دژی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بوەستێتەوە، ئینجا نێومالّی خۆی یەکبخاتەوە و ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەکی دوای داعش ببێتەوە، بە شێوەیەک دیپلۆماسی هەنگاوی یەکەم بێت و نیشاندانی هێزیش گرنگێتی هەیە کە خۆی لە بایەخدانی زیاتر بە هێزی پێشمەرگە دەبینێتەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١٦١ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٦/١١/٢٩

(٢٠١٧)

بەرژەوەندیی ئەنقەرە لە نێوان هەولێر و بەغدا

سەرباری ئاڵۆزییە سیاسی و چەکدارییەکانی ناوچەکە،٢٠١٦ ساڵی گرژی نێوان عێراق و تورکیا بوو لەڕووی سیاسی و سەربازی و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان، بەهۆی بوونی ژمارەیەک سەربازی تورکیا لە ناوچەی گەرمی شەڕی موسڵدا کە ئێستا ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدایە، ئەمە جگە لەوەی عێراق، هێزی مەشقکار و چەکداری زیاتر لە١٠ وڵاتی دیکەی تێدایە، تەنانەت ئاسمانی عێراق پڕ بووە لە فڕۆکەی جەنگی وڵاتان و بە ئارەزووی خۆیان بۆردوومانی چەکداران لەسەر خاکی عێراقدا دەکەن و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆشی لەبارەیانەوە نییە، کەچی عێراق نیگەرانیی خۆی بەتەنیا بوونی سوپای تورکیا لە عێراق دەربڕیوە، لە بەرانبەریشدا بەرپرسانی تورکیا دەڵێن سوپای تورکیا بە ئاگاداری وەزارەتی بەرگریی عێراق چوونەتە دەوروبەری موسڵەوە، بەڵام سەرۆکوەزیرانی عێراق، حەیدەر عەبادی لە ٢٠١٦دا چەندین جار داوای کشانەوەی سوپای تورکیای کرد و ئەنقەرەش تاکو ئێستا بە دەم داواکەی عەبادییەوە نەچووە، پێناچێت بەمزووانەش تورکیا سوپاکەی لە عێراقدا بکشێنێتەوە، ئەگەرچی لە

سەردانی یڵدرم بۆ بەغدا باس لە کشانەوەی سوپای تورکیا کراوە بەبێ ئەوەی زانیاری ورد لەو بارەیەوە ئاشکرا بکرێت.

عێراق ترسی لە تورکیا هەیە

شیعەی دەسەڵاتدار لە عێراقدا دووچاری ترس بوونەتەوە لە بوونی سوپای تورکیا لە ناوچە سوننییەکانی مووسڵ و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە بەغدا ترسی هەیە لەوەی تورکیا هەلومەرجی پێش سایکس پیکۆ لە مووسڵ زیندوو بکاتەوە، لە بەرانبەریشدا بەرپرسانی تورکیا ویستوویانە ترسی عێراق بڕەوێننەوە، لەوبارەیەوە چەندینجار ڕایانگەیاندووە کە سوپای تورکیا بەهۆی بوونی هەڕەشەی حەشدی شەعبی و چەکدارانی داعش لەسەر تورکمانەکانی ناوچەی گەرمی شەڕ لە مووسڵ و ململانێ و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبی چوونەتە ئەو ناوچەیەوە تا پێکهاتەی تورکمان و سوننە مەزهەبەکان بپارێزن، ئەمە ئاماژەی تورکیایە لەوەی دەیەوێت سوننەکانی عێراق لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، لە بەرانبەر کۆبوونەوەی شیعە بە ژێر هەیمەنەی ئێران، هاوکات دەشڵێن سوپاکە بۆ مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە سوننییە عێراقییەکان لەوێن و تاوەکو دڵنیاییش وەرنەگرن کە هەڕەشە لەسەر تورکمانەکان نەماوە، سوپا ناکشێتەوە، ئەمجۆرە لێدوانانە هی سااڵی ڕابردوو بوون، بەاڵم ئاماژەکان پێمان دەڵێن بە ئاسانی تورکیا لە عێراق ناکشێتەوە، ڕەنگە مەرجی کشانەوەی سوپای تورکیا لە عێراق، لە بەرانبەر کشانەوەی ئێران بێت لە عێراق،

هەر بۆیەش عەبادی لەژێر کاریگەریی سیاسەتی شیعەکانی عێراق و ئێران گوشاری زۆری خستە سەر ئەردۆغان تا سوپاکەی لە عێراق بکشێنێتەوە، بەڵام لە جەوهەردا ترسی ڕاستەقینەی عەبادی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیە بە یەکجاری لەدەست بدات، ئەگەرچی لەڕووی کردەییەوە لەدەستی داوە، چونکە زۆربەی ناوچەکە کوردستانییە و لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە، لەگەڵ ئەوەشدا عەبادی هێشتا سوورە لەسەر داواکەی و بە کردەوەش یەک سەربازی تورکیا نەکشاونەتەوە.

لە لایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان نەیشاردووەتەوە ئەو ناوچانەی بە خاکی هەرێم ناساندووە، ئەگەرچی لەو سەردانەی ڕۆژی شەممەی بینالّی یلّدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا بۆ عێراق باس لەوە کراوە ڕێککەوتن لەسەر کشانەوەی سوپای تورکیا کراوە، بەڵام هیچ وردەکاری و زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نین لەسەر چۆنیەتی کشانەوەی سوپاکە.

عەبادی ناوێکی تازە لە وڵاتێکی پڕ لە کێشەدا

حەیدەر عەبادی، ناوێکی تازەی سیاسییە لە وڵاتێکی پڕ لە کێشەی سیاسی و مەزهەبی و ئابووریی شکستخواردوودا کە بەهۆی شەڕی داعشەوە ناوی پەیدا کرد، چونکە لە سەردەمی مالیکیدا سوپای عێراق شکا، بەڵام لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی عەبادیدا، ئەمەریکا هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان و پاڕێزگەی مووسڵ، ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی عەبادی، بەڵام تا ئێستاش

لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و هەندێک وڵاتی دیکەدا، ئیعتبار بۆ هەڵوێست و لێدوانەکانی عەبادی داناندرێت، کەچی ئەو پیاوە تازە پەیدا بووە، سوورە لەسەر کشانەوەی سوپای تورکیا لە عێراق، هێشتا تورکیای ئەندامی ناتۆ و هێزە زەبەلاحەکەی ناوچەکە بە کردەوە بەدەم داواکەی سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە نەهاتووە، نازاندرێت ئایا کەی و چۆنچۆنی سوپاکەی دەکشێنێتەوە، بۆیە پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق ئاڵۆزتر بوون، ئێستاکە هەم تورکیا و هەمیش عێراق دەیانەوێت جۆرێک پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی نێوانیاندا بکەن، لێرەدا پێویستە بپرسین ئایا دەتوانن؟

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥١٨٧ لە ڕۆژی ٢٠١٧/١/٩

کورد لەنێو گەڕەڵاوژەی بەغدا

ڕەوشی سیاسی و ئەمنی بەغدا بەهۆی ململانێی مەزهەبگەراییەوە تادێت بەرەو خراپتر دەچێت، هێز و لایەنە عەرەبییەکان بەهۆی ناتەبایی و کوتلەکاری و هەستی مەزهەبییەوە شەراکەتی پێکهاتەکانی ناو پەرلەمانی عێراقییان خستووەتە ئاستێکی خراپەوە. دەتوانین بڵێین بە نیسبەت کوردەوە هیچ جۆرێک لە شەراکەت و بەرژەوەندی نەماوە، ئەو گرووپ و هێزە عەرەبییانە نایانەوێت کورد لە بەغدا ڕۆڵ ببینێت یان بمێنێتەوە، بەڵام کاتێکیش کورد باسی سەربەخۆیی دەکات ئیدی دووچاری هەڵچوونی سیاسی دەبنەوە، هەر بۆیەش ڕۆژانە کێشەی تازە بۆ کورد دروست دەکەن تا دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پەکیان بکەوێت و شەقامی بەغدا و هەولێر دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپەڕن.

ڕەوشی بەغدا سەرباری خراپی دۆخی سیاسی، لەڕووی ئەمنییشەوە سەقامگیر نییە، هەر ڕۆژەی بە شێوازێک و سەدان کەس دەبنە قوربانیی کردە تیرۆرییەکان، دەسەڵات و بەرپرسە عەرەبەکان لەبری

ئەوەی خەمێک لە هەلومەرجی ئەمنی و شەراکەتی نەتەوەکان بخۆن، بەپێچەوانەوە بەردەوام خەریکی دروستکردنی گرفتی سیاسیی تازەن و ڕەواج بە ململانێکان دەدەن، ئەو عەقڵییەتە سیاسییەی بەغدا، ناتوانێت ئارامی بۆ عێراقییەکان خۆیان دەستەبەر بکات، ئەمە چ جای بۆ کورد! هەڵبەت ئەو دۆخە ئەمنی و سیاسییە قەیراناوییەش هیچ سوودێکی بۆ هەرێمی کوردستان تێدا نییە، ئیدی زەحمەتە سیاسییە فاشیستەکانی بەغدا لە خواست و مافی کورد بگەن، باکیان بەوە نییە کورد مافی هەیە یان نییەتی، بەڵکوو دەخوازن کورد وەک چەوساوەیەک لەژێر هەیمەنەی پڕ لە کێشە مەزهەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەواندا بمێنێتەوە، بەمەش زیانی گەورە بە پێگەی کورد دەکەوێت، ڕەنگە لەسەر ئاستی جیهانیشدا وەک بەشدار لەو گەڕەڵاوژەیەی بەغدا سەیری کوردیش بکرێت، چونکە کوردیش تاوەکوو ئێستا لە بەغدا ماوەتەوە و هەندێک هێزی کوردیش پێداگری لەسەر مانەوەی کورد لە بەغدا دەکەن، بەڵام واقیع وا دەخوازێت گەڕانەوەی کورد بۆ هەولێر باشترین بڕیاری سیاسییە و دەبێت کورد بوێرانە ئەو بڕیارە بدات، ئەگینا لەناو ئەو دۆخەی ئێستای بەغدا، کورد نەک هیچ سوودێک بەدەست ناهێنێت، بەڵکوو تەنیا کات دەکوژێت و دواجار دەبێت هەر بگەڕێتەوە هەولێر، بەڵام ڕەنگە ئەوکات بە لاوازی بگەڕێتەوە.

ڕوون بووەتەوە ئەو عەقڵییەتەی دەسەڵاتی بەغدای بەدەستەوەیە، بەهیچ جۆرێک کوردی قبوڵ نییە و نایەوێت هیچ پێشکەوتنێک لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبدات، هەر وەک لە شەڕی داعشدا، بەهیچ جۆرێک بەغدا هاوکاریی هەرێمی نەکرد، لەکاتێکدا لە سەرەتای

شەڕەکەدا تەنیا پێشمەرگە لە گۆڕەپانی شەڕدا مایەوە و بە ئیمکانیەتێکی لاواز ڕووبەڕووی داعش بووەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، ئاوارەیەکی زۆر بەهۆی شکستی سوپاوە هاتنە هەرێمی کوردستان، دیسانەوە بەغدا هاوکاریی پێویستی نەکردن. هەموو ئەوانە بۆ ئەوەن کورد نەپرژێتە سەر ئەوەی بیر لە پێشکەوتن بکاتەوە.

گەڕانەوە بۆ هەولێر، بڕیارێکی گرنگە و پێویستە بە دەستەجەمعی و ڕاشکاوانە هەولێر نوێنەرەکانی لە بەغدا بکشێنێتەوە، ئەگینا مانەوە لە بەغدا کە هیچ ئومێدێک بۆ چاکبوونی ڕەوشەکە لەئارادا نییە جگە لە کاتکوشتن، گەڕانەوەیەکیش دەبێت بۆ خاڵی سفر، بەوەی پێشبینی دەکرێت کێشەی گەورە بۆ کورد دروست بکرێت بەتایبەتی هەڕەشەی حەشدی شەعبی، بەڵام لە ئێستا کە بەغدا سەرقاڵی ململانێکانی خۆیەتی، هەلومەرجێکی باش بۆ کورد ڕەخساوە تا بگەڕێتەوە هەولێر و بە جیهان و شەقامی عەرەبی بڵێت ئێمە ناتوانین لەناو ئەو گەڕەڵاوژەیەی بەغدا بمێنینەوە!

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٢١٢ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٧/٢/١٣

عێراق لە خراپەوە بەرەو خراپتر!

لە ئێستادا عێراق لە قۆناغێکی سەختی سیاسی و ئەمنی دایە، لایەنە شیعە و سوننەکان بە هەموو شێوەیەک دژایەتی یەکتری دەکەن، بەڵام کاتێک پرسێک پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە دەبێت، ئەو دوو گرووپە مەزهەبییە دەبنەوە بە یەک ، دژایەتی کورد دەکەن و لە دژایەتی هەرێمی کوردستاندا نێوانیان باش دەبێتەوە، ئەگینا کۆنە بوغزی زیاتر لە هەزار ساڵە، بەرانبەر یەکتری زیندوو دەکەنەوە.

لەو هەلومەرجەی ئێستای عێراقدا، دەبێت کورد بیرێک لە ئایندەی خۆی بکاتەوە، چونکی عێراق بەرەو باشبوون ناچێت، هەتا دێت ناکۆکییەکان قوواڵتر دەبنەوە و شەراکەتی پێکهاتەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی عێراق بەرەو نەمانی یەکجارەکی دەچێت، تەنانەت لەناو خودی عەرەبەکاندا شیعە دەیەوێت سوننەی عەرەبی بە یەکجاری پەراوێز بخات، ئەمە چ جای ناکۆکیی نێوان گرووپەکانی ناو شیعە کە بەسەر نووری مالیکی و حەیدەر عەبادیدا دابەش بوونە، بەگوێرەی ڕەوشەکە، ئایندەی عێراق لە خراپەوە بەرەو خراپتر

دەچێت، بەتایبەتی لە پەیوەست بە مافەکانی کورد، ئەوەتا بە هەموو شێوەیەک دژایەتی کورد دەکرێت، کەچی هیچ هێزێکی عەرەبی عێراقی هەڵوێستی ڕوونی نییە، جگە لە هەندێک دروشمی سیاسی نەبێت کە ئامانج لێیان فێڵکردنە لە کورد.

مانەوەی کورد لە بەغدایەکی ئاوهادا، دەچێتە باری کاتکوشتنەوە و ئاماژەیەکی خراپیش دەبێت کە گوایە کورد ڕازییە بەوەی لە بەغدا ڕۆڵ و پێگەی فەرامۆش بکرێت، بۆیە گەڕانەوە بۆ هەولێر، مەبەست لە گەڕانەوەی نوێنەرانی کوردە بە بڕیاری ساسیی هەرێمی کوردستان، باشترین دەرفەتێکە دەتواندرێت هەم بۆ پڕۆژەی ڕاگەیاندنی دەوڵەت و هەمیش بۆ ئەم قۆناغە وەک کارتی سیاسی بەرانبەر بەغدا بەکار بهێنرێت.

ئەگەر کورد پێی وابێت بەغدا مافەکانی دابین دەکات، ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە بۆ دۆخەکە، لەکاتێکدا بە ئاشکرا بەغدا نایەوێت کورد بە مافەکانی بگات و هەرێمی کوردستان پێشکەوێت و خەڵکەکەی خۆشبەخت بن، بەهۆی ئەوەی خۆی لەم ڕووەوە فەشەلی گەورەی هێناوە. کەوایە چەندی زووە، دەبێت کورد بڕیاری گەڕانەوە بۆ هەولێر بدات و پڕۆژەی سەربەخۆیی خێراتر بکات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٢٣٩ لە چوارشەممە ٢٠١٧/٣/٢٩

هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی بازنەی ململانێ مەزهەبییەکاندا

دۆناڵد ترەمپ لەکاتێکدا سەردانی سعوودییە دەکات کە نێوانی سعوودییە و ئێران ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، بە ئاشکرا ئەو دوو وڵاتە یەکدی بە پاڵپشتیکردنی تیرۆر تۆمەتبار دەکەن. هەر بۆیە سەردانی ترەمپ بۆ سعوودییە دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە، هەندێک پێیانوایە ترەمپ لە ڕێگەی سعوودییەوە دەیەوێت شەڕی ئێران بکات، بۆچوونێکی دیکەیش پێیوایە ترەمپ مەبەستی لە سەردانەکەی بۆ ئەوەیە ئەو فۆکسە خراپەی جیهانی ئیسلامی لەسەر خۆی لابەرێت لە مەسەلەی تۆمەتبارکردنی بە دژایەتیکردنی ئیسلام.

دەکرێت هەردوو بۆچوونەکەش ڕاست بن، بەڵام بۆچوونی دووەم زیاتر ڕێی تێدەچێت، ڕاستە کۆمەڵێک دەستکەوتیشی بۆ ئەمەریکا مسۆگەر کرد، بەڵام گریمان بۆ گوشار دروستکردن بۆ سەر ئێران هاتووە، دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت کە بەتەنیا لە ڕێگەی سعوودییەوە، ترەمپ ناتوانێت خەونی ئەمەریکا بەدی بهێنێت، چونکە

سعوودییە تۆمەتبارە بەوەی یاریکەرێکی بەهێزی ململانێ مەزهەبییەکانە نەک شەڕکەرێکی باش!

ڕاستە لەڕووی چەک و تەقەمەنییەوە بەهێزە، بەڵام هێشتا توانای ئەوەی نییە بەتەنیا شەڕی چەکداری لەگەڵ ئێراندا بکات ئەگەر ئەمەریکا هاوکاری ئاشکرای نەکات، ئێمە دەبینین داعش و چەندین گرووپی دیکەی تیرۆریستی لە ناوچەکەدا دروستبوون، بەڵام سعوودییە هەڵوێستێکی ئەوتۆی چەکداری نەبوو، وەکچۆن ئێرانیش نەیبوو، مەگەر بۆ بەرژەوەندیی مەزهەبی خۆی نەبێت کە لە یەمەن هەندێک هێرشیکردە سەر گرووپە مەزهەبییەکانی لایەنگری ئێران، کاتی خۆی سعوودییە گوتی ئێمە هێزی چەکداری دەنێرینە سووریا، بەڵام بەیبرد و بە بەرچاوی سعوودییەوەش ڕۆژانە بەشار ئەسەد و داعش و فەتحولشام خەڵکی موسڵمان دەکوژن، کەچی تەنیا بەشداری ئەو لەم شەڕانەدا، سەیرکردنی بووە بە چاویلکەی مەزهەبییەوە، نەک هەڵوێستی سیاسی و سەربازی ئەوتۆ کە کاریگەری هەبێت، تەنانەت کاتێک داعش هێرشکردە سەر هەرێمی کوردستانیش سعوودییە هاوکاریی پێشمەرگەی نەکرد، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بە هاوپەیمانیی سعوودییە دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی هەرێم و سعوودییە بە یەکەوە هاوپەیمانیی ئەمەریکان.

زۆر باسی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و سعوودییە دەکرێت، ئەمە لەڕووی سیاسییەوە بۆ هەرێم شتێکی زۆر باشە بتوانێت پەیوەندییەکانی فراوانتر بکات، بەتایبەتی لەگەڵ سعوودییەدا، چونکە هاوپەیمانیی ئەمەریکا و ڕۆژئاوایە، بەڵام گرنگتریش لەوە هەستیاری

تێڕوانینی هەرێمە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، بەوەی نەکەوێتە نێو ململانێ مەزهەبییەکانی ناوچەکەوە، چونکە ئەو ناوچەیە دەکوڵێت بە ململانێی مەزهەبییەوە، هەربۆیە ترسە گەورەکە ئەوەیە بەبێ خواستی خۆی بخزێتە نێو ململانێی شیعەگەرا و سوننەگەراوە بە سەرۆکایەتیی ئێران و سعوودییە، تاکە کۆمەڵگە لەو ناوچەیەدا سەرەڕای ناکۆکییە سیاسییەکانی، هەرێمی کوردستانە کە کێشەی مەزهەبی نییە، ئەمە کاریگەریی زۆر باشی بۆ سەر پێکەوەژیانی پێکهاتەکان هەبووە، نموونەیەکی جوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، بەڵام لە ئەگەری تێوەگلانی لە شەڕی مەزهەبییدا، ئیدی ئێمە ناتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی ئاراممان دەبێت!

ئەزموونی سیاسیی ناوچەکە ئەوەی سەلماندووە، هەر وڵاتێک کێشەی مەزهەبی هەبووبێت، دووچاری دەیان کێشەی دیکە بووەتەوە، ئەو دوو وڵاتەش جۆرێک سیاسەت پەیڕەو دەکەن بەوەی شەڕە مەزهەبییەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتەکانیاندا بەڕێوە دەبەن، واتە نایانەوێت هیچ کێشەیەکی مەزهەبی لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکانی خۆیاندا هەبێت، چونکە ئەمە زیان بە پێگەی حوکمڕانێتییان دەگەیەنێت، وەک پاڵپشتیکردنی ئێران لە حووسییەکان و لێدانی ئەو گرووپەش لەلایەن سعوودییەوە، ئەمە نموونەیەکی زیندووی شەڕە مەزهەبییەکەیە کە دواتر گەلانی ئەو وڵاتە بوونە قوربانی.

سعوودییە وەک وڵاتێکی تەواو سوننەگەرا لەسەر بنەمای سەوابتەکانی ئیسلام بەڕێوە دەچێت، ئێرانیش وەک وڵاتێکی

شیعەگەرا خۆی نمایش دەکات، ئەو دوو وڵاتە لە ڕکابەرایەتییەکی بەهێزدان بۆ پاراستن و زیادکردنی هەژموونی سیاسی و مەزهەبی خۆیان. بۆیە گرنگە هەرێمی کوردستان لەو نێوانەدا بەرژەوەندییە سیاسییەکانی فراوان بکات، بەڵام لە دەرەوەی بازنەی مەزهەبییەوە، چونکە لە ڕابردوودا زۆر شیکردنەوەی ئەوە دەکرا گوایە هەرێمی کوردستان دەیەوێت وەک هەرێمێکی سوننەگەرا پاڵپشتی لە سعوودییە بکات، دەکرێت هەرێم هاوپەیمانیی سعوودییە بێت، چونکە پێویستی بە فراوانکردنی بازنەی هاوپەیمانییەتەکانی هەیە، ئەمەش ڕاستە کە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان سوننەمەزهەبن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا نەکەوتووەتە نێو بازنەی ململانێ مەزهەبییەکانەوە، بۆیە نموونەیەکی جوانی پێشکەش کردووە لەڕووی پێکەوەژیان، هاوکات بەرژەوەندییەکانی خۆشی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا پاراستووە وەک گەل، نەک وەک مەزهەب، بەڵام لە ئەگەری تێوەگلانی لە شەڕی مەزهەبیدا، زۆر شت لەدەست دەدات، بەتایبەتی ئارامی و ئاساییشی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەوە، وەک ئەوەی لە بەغدا ڕوو دەدات، لەکاتێکدا هەرێم لەڕووی ئاساییش و سەقامگیرییەوە لەناوچەکەدا ناوبانگی جوانی هەیە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٢٧٦ لە چوارشەممە ٢٠١٧/٥/٢٤

لە خوێنەوە بۆ ڕیفراندۆم

بیست ساڵێک پێش ئێستا، گەلی کوردستان لەبری ئەوەی خۆی بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی ئامادە بکات، بەپێچەوانەوە لەگەڵ دوژمنەکانیدا دەجەنگا و خوێنی بۆ خاکی داگیرکراوی خۆی دەڕشت، بەڵام ئێستا دۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە کەوتووەتەوە و بااڵنسی هێزەکانیش گۆڕاون، باشووری کوردستان جگە لەوەی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن (بەعس) خۆی خۆی بەڕێوە بردووە، چەند ساڵێکیش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بووەتە خاوەنی هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا. هەروەها پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا، هەم بەهێز بوو، هەمیش خوێنی دیکەشی ڕشتن، سەرئەنجام بە زەبری چەک و خوێن، مەترسیی داعشی لەسەر کوردستان و بەشێکی زۆری ناوچەکانی دیکەی عێراق نەهێشت.

قۆناغی دوای ڕاپەڕین، واتە سەردەمی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن، قۆناغێکی هەستیارە، بەڵام لە قۆناغی

دوای ڕووخانی بەعسدا، ئیدی کوردیش هەنگاوێکی دیکە دەنێت، بەوەی ئەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان دەبێتە هەرێمێکی دانپێدانداراو لەسەر ئاستی عێراق و دونیادا، لە تەک ئەو قۆناغەشدا قۆناغێکی دیکە هەیە، ئەویش قۆناغی داعشە.

کاتێک داعش دێتە ناوچەکەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی مووسڵ و چەند شارێکی دیکەی عێراق دەگرێت و هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەویش قۆناغێکی زۆر جیاوازە کە کاریگەریی لەسەر سیاسەت و تێڕوانین و باڵانسی هێز لە ناوچەکە و بەتایبەتی عێراق و سووریادا هەبوو، ئەوەبوو سوپای عێراق شکستیخوارد، کەچی پێشمەرگە توانی بە زەبری هێز و قوربانیدان لە قۆناغێکی دیکەدا دەستبەسەر چەندین ناوچەی دیکەی داگیرکراوی کوردستاندا بگرێتەوە، ئەگینا ئەو ناوچانەش هاوشێوەی مووسڵ دەکەوتنە ژێردەستی چەتەکانی داعشەوە.

لە قۆناغی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و سەردەمی داعشدا، کورد تەنیا بۆی کراوە بەرگری بکات و لەپێناوی خاکدا خوێن بڕێژێت، بەڵام لە قۆناغی دوای داعشدا کە مەبەست لە ئێستایە، ئیدی کورد وەک پێویستییەک و مافێکی ڕەوای گەلێکی ستەملێکراو، ڕیفراندۆم دەکات، واتە لە قۆناغی خوێنەوە بۆ قۆناغی ڕیفراندۆم، ئەوە گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە سیاسەتی کورددا هاتووەتە گۆڕێ، ئەگەر جاران لە ڕێگەی ڕشتنی خوێنەوە، گەلی کورد داوای مافەکانی کردبێت، بەپێچەوانەوە ئێستا لە ڕێگەی نموونەیەکی دیموکراسییەوە داوای ئەو مافەی خۆی دەکات، واتە سەربەخۆیی.

قۆناغی ڕیفراندۆم زۆر گرنگە، لێرەدا دەکرێت وەک خاڵێکی دیکە، یان هەنگاوێکی دیکە، سەیری بکەین، ڕاستە ڕژانی خوێن زۆر گرنگ بوو، بەڵام ڕیفراندۆمیش تەواوکەری ئامانجی ڕژانی ئەو خوێنە گەشانەیە کە پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا ڕشتیان. گرنگە وەک ڕێزگرتن لە خوێنی گەلی کورد، بەشداریکی کاریگەریی ڕیفراندۆم بین، چونکە دەرفەتی ڕیفراندۆم لە ڕێگەی ڕژانی خوێنەوە بەدیهاتووە، هەر کەمتەرخەمییەکیش لە ئاستیدا، کەمتەرخەمییە لە خوێنی ڕژاوی گەلی کوردستان، ئەوانەی خوێنی خۆیان بەخشی، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بوو، ئامانجی ڕیفراندۆمیش هەمان ئەو ئامانجەیە کە ئێمە لەپێناویدا خوێنمان ڕشت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٠١ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/٧/٥

ڕیفراندۆم چیدیکەشە

دوای سەد ساڵ لە دابەشکردنی خاک و گەلی کوردستان، وێڕای هەزاران شەهید و بریندارببوونی هەزارانی دیکە، ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و کاوڵکردنی هەزاران گوند و ناوچەی کوردستان، هەروەها چەندین کردەوەی پیلانگێڕی و دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان، بەڵێ دوای ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتە مرۆیی و ستەمکارییەی دژ بە کورد وەک پڕۆژەیەک ئەنجامدراون، بەڵام هێشتا کورد وەکخۆی، واتە وەک نەتەوەیەک شوناسی خۆی پاراستووە، بەو مانایەی هیچ نەتەوەیەک لەژێر گوشاردا کۆتایی نایەت، بەڵێ کوردیش کۆتایی نەهات، ئەزموونی خۆپارێزی و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد، بە دونیای گوت، دەکرێت نەتەوەکان لە قۆناغێکدا بێدەنگ بن و نەتوانن مافەکانیان بەدەست بهێنن، بەڵام هیچ کات ئەوە بە مانای کۆتایی شوناسی ئەو نەتەوەیە نایەت، نموونەی ئێستای گەلی کوردستان لە دونیایەکی ئاڵۆزی ناوچەیی و جیهانیدا، وێنایەکی گەورەیە کورد بەوپەڕی جورئەتەوە داوای بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی دەکات، بەڵام ئەمجارە لە ڕێگەی چەکەوە نییە، ئەگەرچی چەکیشی هەیە،

بەڵام ئیدی کوردیش دەزانێت مەرج نییە هەموو کات مافەکان لە ڕێگەی چەکەوە بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێندرێنەوە، کورد چەکی بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسییەوە داوای مافەکانی بکات، سەرکردایەتیی کورد لە ئێستا دەتوانێت لە ڕێگەی چەکەوە، بێ هیچ گەڕانەوەیەک بۆ ڕەئی خەڵکی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە، دەوڵەت دروست بکات، چونکە ئەو زەمەنە بەسەرچووە، کورد بچەوسێندرێتەوە و هەموو وڵاتانی ناوچەکەش لەو ڕاستییە گەیشتن کە لەم قۆناغەدا کوردیش ئەو هێزە مرۆیی و چەکدارییەیە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت ئاڵۆزیی گەورە لە ناوچەکە دروست بکات، بەڵام کە نایکات، مانای ترس نییە، بەڵکوو لە تەک هەبوونی چەکدا، ڕێگەی یاسایی و ئاشتییانەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی مافەکانی بەدەست بهێنێتەوە، ئەویش لەم قۆناغەدا ڕیفراندۆمی کوردستانە.

لە قۆناغی دوای ڕیفراندۆمیش ئەگەر دووبارە هێزەکان بیانەوێت کورد پەراوێز بخەنەوە، کوردیش زمانی چەک دەزانێت، هەر هیچ نەبێت دەتوانێت گەورەترین سەرئێشە بۆ ناوچەکە دروست بکات و ئەوکات هەقی خۆشیەتی، مەعقول نییە گەلی وا هەیە چارەگی کورد نابێت و دەوڵەتیشی هەیە! وڵاتی وا هەیە، تەنانەت هێندەی پارێزگەی سلێمانیش نابێت، کەچی دانیپێدرانراوە! بەڵام کورد مێژوو و زمان و ئابووری و خاک و هێزی خۆشی هەیە، نەتەوەیەکی نزیک لە پەنجا ملیۆنییە، کەچی سەربەخۆیی پێ ڕەوا نابینن، ئیدی پێویستە کوردیش وەک هێزە تازەکە لە هیچ نەترسێت، بەوپێیەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا دژی کورد ئەنجامدراون، لە قۆناغێکدا بوونە کە کورد

چەکی باشی نەبووە، حکوومەت و سەرۆکی نەبووە، بەڵام ئێستا هەم چەک و هەمیش حکوومەت و سەرۆکیشی هەن.

کەوایە ئیدی دەبێت هێزەکانی ناوچەکە بزانن کوردیش لەمەودوا ئەو کوردەی جاران نییە بە ئاسانی پڕۆژەی ستەمکاریی هەڵەبجە و ئەنفالی بەسەر تاقی بکەنەوە، ئەگەر سەرۆکوەزیرانەکەی بەغدا دەتوانێت بەبێ مۆڵەتی هەولێر بێتە کوردستان، با بفەرموێت، بزانین چۆن پێشمەرگەیەک، چۆن ئاسایشێکی کورد، ڕێگەی بەغدای پێ نیشان دەدەنەوە، هەڵبەت ئەم قسەیە تەحەدا نییە، بەڵکوو واقیعی ئێستای کوردە کە ئەویش هەیە و دەبێت زیاتریش بێت.

ئێستا زۆر قسە لەبارەی ڕیفراندۆمەوە دەکرێت، زۆربەی بەڵای ئەوەدا نەچووە وەکخۆی پەیامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بگەیەنن، ڕاستە بۆ سەربەخۆییە، بەڵام هەر خودی پەیامەکە بۆ دوای سەربەخۆییش گرنگێتی سیاسیی خۆی هەیە، بەو مانایەی ئیدی کورد توانی لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە ئیرادەی خۆی بسەپێنێت بەسەر ویستی ناوچەکە.

ڕیفراندۆم چیدیکەشە، ڕیفراندۆم پەیامی گەلێکە دەیەوێت چیتر بێدەنگ نەبێت، گەلێک چیتر متمانەی بە ناوچەکە نەماوە و دەخوازێت خۆی خۆی بێت، وێڕای هەموو ئەوانە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم زەنگێک بوو، گوێی ناوچەکەی بەئاگا هێنایەوە کە هێزێکی تازە بەڕێگەوەیە!

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٤٣ لە پێنجشەممە ٢٠١٧/٩/٧

بۆچی کوردستان ڕیفراندۆم ئەنجام دەدات؟

لەوەتەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی داوە، زۆرێک لە سیاسییە عێراقییەکان، بەشێوەی هەڕەشە و هەندێکجاریش لە بەرگی ئامۆژگاریی ساختەدا، هەڵوێستییان دەربڕیوە کە نابێت کورد ڕیفراندۆم ئەنجام بدات و ئێمە بڕای یەکین و عێراقیش هی هەموو عێراقییەکانە و کوردیش بەشێکی گرنگی پێکهاتەی عێراقن و جیابوونەوەی کوردستان زیان بە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگەیەنێت، ئەمجۆرە دەستەواژانە و چەندانی دیکەش دەبیستین.

عێراق، هیچ کات عێراقی کورد نەبووە، بەڵکوو سەرئێشە و هۆکاری ئازاردان و چەوساندنەوەی گەلانی کوردستان بووە، ئەو بەهەشتە نەبووە کە سیاسییە مەزهەبییەکانی عێراق باسی دەکەن، مادام عێراق

نەیتوانی گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە عێراقدا قبووڵ بکات، کورد چیتر ناتوانێت لەو جۆرە عێراقە دروستکراوەدا بمێنێتەوە!

ئەگەر عێراق بەڕاستی عێراقی سەرجەم پێکهاتەکان بووایە و هەمووان وەک یەک مافیان دابین بکربووایە، ئێستا کوردیش داوای جیابوونەوەی نەدەکرد. بەڵام ئەو عێراقەی سیاسییە عێراقییەکان بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەن، گوایە هی سەرجەم پێکهاتەکانە، هیچ کات هی کورد نەبووە و تەنانەت هی پێکهاتە غەیرە کوردەکانیش نەبووە کە کەوتوونەتە ناو بازنەی ژیانکردن لە کوردستاندا، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش بانگەشەکردن نییە بۆ تێکدان و لێکترازانی عێراق وەک دەوڵەت، نەخێر هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەو دەستەواژەیەی هەرێمبوونە بگۆڕێت بەو دەستەواژەیەی کە شایستەی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بێت، ئەویش دەوڵەتی کوردستانە.

ڕاستە عێراق هی ئێمەی کورد نەبووە، بەڵام کورد لە زۆر قۆناغدا بەرگری لە عێراق کردووە و هەوڵی سیاسی و سەربازی زۆری داوە بۆ ئەوەی عێراق بەخۆیدا بچێتەوە و ببێتە عێراقی سەرجەم پێکهاتەکان، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنیدا، بەجۆرێک سەرجەم هاوواڵاتییانی مافیان تێیدا یەکسان و پارێزراو بێت، بەڵام دیسانەوە کورد بێ ئومێد کرا و تەنانەت لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا، عێراق لەکاتێکدا سوپاکەی لەبەردەم هێرشی داعش دەشکا، ئامادە نەبوو تەنانەت پاکەتێک فیشەک بۆ پێشمەرگە بنێرێت، مادام خەمی یەکپارچەیی عێراقییانە! بۆچی هاوکاریی

پێشمەرگەیان نەکرد کە ئەو بەشە گرنگەی عێراق لە مەترسی بپارێزێت؟ بەپێچەوانەوە حەزیان دەکرد هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێردەستی داعش تا چەپڵە بۆ کورد بکوتن و شکستی خۆیان بشارنەوە، بەڵام هاوکێشەکە وا دەرنەچوو، پێشمەرگە سنووری زەوتکراوی کوردستانی فراوانتر کرد و ئەو ناوچانەشی لە کورد زەوتکرابوون، بە گوشاری چەک و بە خوێن گەڕاندەوە باوەشی کورد خۆی، ئەمەش یانی ئیرادەی گەلێک کە چیتر بێدەنگ نابێت.

ئەگەر عێراقیش هاوشێوەی بەریتانیا کە مافی سکۆتلەندییەکانی داوە، ئەویش مافی کوردی بدابووایە و بەڕاستی عێراقی هەموان بووایە، ئێستا کوردیش داوای جیابوونەوەی لە عێراق نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر ڕیفراندۆمیش بکرابووایە، ئەوا دووچاری شکستێکی گەورە دەبوو! وەک ئەوەی لە سکۆتلەندا ڕوویدا و هاوواڵاتییانی سکۆتلەندی مانەوەیان لەگەڵ بەریتانیادا هەڵبژارد، چونکە بەڕاستی بەریتانیا هی هەموانە، بەڵام تەنگەتاوبوونی عێراق بە ڕیفراندۆمی کوردستان، نیشانەی ئەوەیە زۆرباش دەزانێت سیاسییەکانی عێراق لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، هیچی باشیان بۆ کورد نەکردووە تا بەهۆیەوە مانەوە لە تەک عێراقدا هەڵبژێرێت.

بەڵێ، ئەگەر عێراق وەکچۆن بەریتانیای مەزن هی هەموو بەریتانی و سکۆتییەکانە، ئەویش هی عەرەب و کورد و تورکان و کلد و

ئاشووریيەکان بوایە، ئێستا ئێمەش باسی ڕیفراندۆممان نەدەکرد، بەڵام چونکە ئەو عێراقە تەنیا هی نەتەوەی عەرەب بووە و لەناو عەرەبیشدا هی مەزهەبێکی دیاریکراو بووە، لە کاتی سەددام حوسێن هی سوننە و ئێستاش هی شیعەکان و جێگەی هیچ پێکەوەژیانێکی نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییانەی تێدا نابێتەوە، لەبەر ئەوەیە کورد بە دەنگی بەرز جیابوونەوە لە عێراق هەڵدەبژێرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٤٤ لە یەکشەممە ٢٠١٧/٩/١٠

گەلی کوردستان بەغدای تاقیکردووەتەوە

هیچ کاتێک سیاسییەکانی بەغدا وەک پێکهاتەیەکی ڕاستەقینەی عێراقی، سەیری گەلی کوردستانییان نەکردووە و لە ئەجێندای سیاسی و فیکرییاندا کورد ئەنتی عێراقە، واتە دژە عێراق، ئەگەر کورد هەزاران چاکەش لەگەڵ بەغدا بکات، لە لای تاکی سیاسی و هەتا زۆربەی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەی عێراقی عەرەبییەوە، کورد هێشتا وەک دژە عێراقی دەبیندرێت و ئەم تێڕوانینەش پەرەی سەندووە و کاریگەریی قوواڵی لەسەر باری سایکۆلۆژیی شەقامی عێراقی دروستکردووە، بەوەی کورد دژی یەکپارچەیی خاک و نەتەوەی عەرەبن لە عێراقدا. سیاسییەکانی بەغداش هەمیشە مافیان بە خۆیان داوە کە ستەمکاری و پێشێلکاریی بەرانبەر ماف و خواستەکانی گەلی کورد بکەن، لەکاتێکدا هێزە شیعە و سوننەکانی عێراق، بەردەوام لە ململانێیەکی سەختدان لە دژی یەکتری، کەچی کاتێک پرسەکان دێنە سەر مەسەلەی کورد، ئیدی ئاشت دەبنەوە و دژایەتی کورد دەکەنە بەرنامە و پڕۆژەی سیاسی و بەمە شەقامی

عەرەبی عێراقی بۆ خۆیان ڕادەکێشن تا ئاستی ئەوەی ئەو هێز و سیاسییانەی عێراق، بە بەرنامە دژایەتی خۆیان بۆ کورد ڕاگەیاندووە، تا متمانەی شەقام لە پڕۆسەکانی دەنگدان مسۆگەر بکەن، بەو مانایەی سیاسی و حیزبە شۆڤێنیستە عێراقییەکان، کارتی دژایەتیکردنی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بەکار دەهێنن و بە کردەوەش سەلماوە ئەو هێزانە براوەی هەڵبژاردن دەبن، کە هەست و سۆزی جەماوەرییان بە دژایەتیکردنی ماف و خواستی گەلی کورد جوڵاندووە، ئەمە خاڵی نێگەتیڤە لە پەیوەست بە پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسییدا کە ئێستا هەندێک لە سیاسیی عێراقی بانگەشەی بۆ دەکەن.

ڕاستە زۆر سیاسی و سەرۆک لە بەغدا هاتن و ڕۆیشتن، بەڵام بە کردەوە و ئەوەی دەبیندرێت، هیچیان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتریدا نەبووە لە پەیوەست بە کورد، سەددام هات جگە لە ستەمکاری و کۆمەڵکوژکردنی گەلانی کوردستان، هیچی دیکەی نەکرد، لە دوای سەددامیش عەلاوی دێت و ئەویش هیچی بۆ کورد نەکرد، جەعفەریش دژایەتی ڕاستەوخۆی خواستی کوردی کرد، سەرئەنجام و لەژێر گوشاری کورد، جەعفەری لادرا و پاشان مالیکی هات، ئەویش لە قۆناغی دوای سەددام خراپترین دەموچاوی سیاسیی عێراقییە لە پەیوەست بە دژایەتیکردنی کورد، تەنانەت موچە و بودجە و بژێویی خەڵکی کوردستانیشی بڕی، ئەمە جگە لەوەی چەندین جار هەوڵی لەشکرکێشیدا بۆ سەر کوردستان، بەڵام نەیتوانی.

سەرئەنجام سیاسەتی ئەو پیاوە نەک هەر زیانی لە کوردستاندا، بگرە زیانی گەورەی لە عێراقییەکاندا، بەهۆی سیاسەتی هەڵەی مالیکییەوە ململانێکان چوونە قۆناغێکی مەترسیدارەوە و دواجاریش داعشی لێکەوتەوە. ڕاستە داعش پێشتریش هەبوو، بەڵام سیاسەتی هەڵەی مالیکی، هۆکاری سەرەکی بوو لەوەی داعش بەمجۆرە گەشە بکات و بە ئاسانی دەستبەسەر نیوەی خاکە عەرەبییە عێراقییەکەدا بگرێت، سەرئەنجام بەهۆی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هاتنەدەستی پێشمەرگە و پاشانیش دروسبوونی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، پێشڕەوییەکانی داعش وەستان، لەکاتێکدا نووری مالیکی نیوەی خاکی عێراقی ڕادەستی داعش کرد و ناڕەزاییەکانیش زیادیان کرد، ئیدی ئەمەریکا بە ناچاری مالیکی بە حەیدەر عەبادی دەگۆڕێت کە سەرەتا عێراقییەکان و کوردیش ئومێدییان وابوو عەبادی سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی چاک بکاتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا وا دەرنەچوو، ئەویش درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی هەڵەی مالیکی بوو، سەرئەنجام کورد لە سیاسەت و بەڵێنەکانی عەبادیش بێتاقەت و نائومێد بوو تا ئەوەی بڕیاریدا ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە لە عێراق بکات، چونکە هیچ ئومێدێک بە بەغدا نەما و کورد گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی ئیدی بەغدا بە کەڵکی پێکەوەژیان نەماوە.

ئێستا کە ڕیفراندۆم نزیکبووەتەوە، گوشارەکانیش زیادییان کردووە و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش ڕایگەیاندووە ڕیفراندۆم لە وادەی خۆیدا دەکرێت، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی عێراق چیتر

ناتوانێت خەونی کورد بەدیبهێنێت لە پەیوەست بە پێکەوەژیان و هاوبەشی ڕاستەقینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

جیابوونەوەی کورد لەم قۆناغەدا باشترین چارەسەری سیاسی و کۆمەڵایەتییە، پاشگەزبوونەوەش لە ڕیفراندۆم دیسانەوە گەلی کورد دووچاری کێشەی دیکە لەگەڵ عێراقدا دەکاتەوە، لەکاتێکدا بەڕاستی عێراق ناتوانێت ئەو عێراقە بێت کە تەواوی پێکهاتەکانی بگرێتەخۆی و بە ئاشتەوایی دەرفەتی یەکسان بۆ تاکەکان دەستەبەر بکات، بەتایبەتی گەلی کورد هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دەروونی و سیاسی و سەربازی عێراق دایە.

کوردیش وەک نەتەوەیەک پێویستی بە کیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوو و ئێستاشدا، بەغدا و سیاسییەکانی تاقیکردووەتەوە، جگە لە ستەم و ماڵوێرانی نەبێت، هیچی دیکەی لێیان چنگ نەکەوتووە، کەوایە مانەوە لە تەک بەغدا، درێژەدان و قبوولکردنی سیاسەتی ستەمکارانەی بەغدایە بەرانبەر گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی ستەمیش ڕەت بکاتەوە، پێویستی بە هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی ستەمکاری هەیە لە ڕێگەی ڕیفراندۆم و دواییش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٤٧ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/٩/١٣

دەوڵەت بە دیموکراسییەت دروست دەبێت؟

لە عێراقی خوێناویدا دیموکراسییەت تەنیا دەستەواژەیەکی گاڵتەجاڕانەیە و زۆربەی جارەکانیش سیاسییە مشەخۆرە مەزهەبییەکانی بەغدا بۆ چەواشەکردنی خەڵکە چەواشەکراوەکە بەکاری دەهێنن.

سەیرە لە عێراقێکدا کە مەزهەب و عەقڵی خێڵ و ڕەگەزپەرستی، جێگەی هەموو بەهایەکی مرۆیی و مەدەنییان گرتووەتەوە، کەچی هێشتا خەڵکانێک هەن، بێشەرمانە باسی دیموکراسییەت و یاسا لە عێراقدا دەکەن!

یاسا و بەتایبەتی دیموکراسییەت لە عێراقدا نەک هەر نین، ئەوەی باسیشیان بکات، ڕێک پێویستی بە بەخۆداچوونەوەی تێگەیشتن لە خود هەیە، لە عێراقێکدا کە عەقڵی خێڵ و سۆزی مەزهەب و خورافاتی

دینی، مێشکی خەڵکیان شۆردووەتەوە و سیاسییە فاشیلەکانیشی جگە لە چەواشەکردن و بە گاڵتەجاڕبینینی ماف و ئیرادە و شکۆی خەڵک، بە هیچ شێوەیەک بیر لە خەڵک و کۆمەڵگە ناکەنەوە، عێراقێک گوایە وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە، گوایە دیموکراسییە و یاسای تێدا سەروەرە، کەچی هێزی هەرچی دەوڵەت هەیە، تراتێنی تێدا دەکەن و داعش بە ئارەزووی خۆی خاک و خەڵکی عێراقی دەگرێت و کاولکاری تێدا دەکات.

عێراق لە ئاست چەند چەتەیەکی داعش دایبییەکەی پڕ کردا! کەچی دەیەوێت سۆزی سەروەریی دەوڵەتبوون بەسەر کورددا بفرۆشێتەوە، چش لەو دەوڵەتەی کە زووزوو خۆی پیس دەکات! نازانم سیاسییە دەبەنگ و مشەخۆرەکانی بەغدا، چۆن لە ڕوویان دێت باسی دەوڵەت بکەن، تێناگەم بە چ ڕوویێکەوە باسی سەروەریی عێراق دەکەن! نازانم شانازی بە کوێی عێراقی دروستکراوەوە دەکەن! باسکردن لە سەروەریی عێراق، ڕێک قەشمەریکردنە بە خودی عێراق، چونکە هیچ کات عێراق سەروەری خۆی نەبووە تا ئێستا باسی بکەین، لەوەتەی هەیە داردەستی وڵاتانی دیکە بووە، چونکە بە سرووشتی خۆی دروست نەبووە، بەڵکوو دەستکردی دەرەکییە بۆ ئامانج و بەرژەوەندیی چەند وڵاتێکی زلهێزی پارەپەرست، واتە خۆی نەبووە، سەردەمێک بەریتانیا و ماوەیەک ڕووسیا، دەسەڵاتییان تێدا

هەبووە، ئێستاش بەشێکی پاشکۆی تاران و بەشێکی دیکەشی دەسکەلای دەستی ئەمەریکایە، ئیتر کام عێراق!؟

جارێ باسکردن لە دیموکراسییەت یان یاسا، گاڵتەجاڕییە و دەکرێت لە وانەکانی قوتابخانە بخوێندرێت، ئەگەر دیموکراسییەت ئەو قەشمەریاتەی بەغدا بێت، چش لە دیموکراسییەت خۆی وەک سیستەم، دیموکراسییەت ئازادییە، بەڵام تۆ وەرە لە بەغدا ڕەخنەیەک لە سیستانی بگرە، بە ڕیش دەخرێیت بە دارەوە، ئازادی ئەوەیە پیاوێکی دەستڕۆیشتووی وەک موقتەدا سەدر، دەیان مەفرەزەی دروستکرد بۆ گیانی ئیمۆکان، تەنیا لەبەر ئەوەی ستایلی قژ و پۆشینی جلیان جیاواز بوو! دەک ئەو ئازادییەم بەقورگرت کە عامری لەژێر کەوای حەشدەوە پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات.

دیموکراسییەت کولتووری یەکترقبووڵکردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە، بەڵام عێراق خاوەنی هەموو شت بێت، خاوەنی کولتووری قبووڵکردنی بەرانبەر نییە و دوای نزیکەی هەزار و چوار سەد ساڵیش، هێشتا جەستەی عێراقییەکان خوێنی لەبەر دەڕوات کە لەنێو خاکی عێراقدا ئیمامی حوسێن کوژراوە، بەمەش ململانێی شیعە و سوننە، تا ئاستی بە کولتوورکردنی خوێنڕشتن هەنگاوی ترسناکی هاویشتووە، کەچی بانگەشەی دیموکراسییەت دەکەن، کاتێکیش کورد دەیەوێت یەکێک لە خاڵەکانی دیموکراسییەت جێبەجێ بکات، هەزاران هەڕەشەی لێدەکەن، ئەگەر دیموکراسییەت ئەوەی بەغدا بێت، سەد

خۆزگە بە دیموکراسییەتەکەی هیتلەر و سۆشیالیستییەکەی بەشار ئەسەد!

دیموکراسییەت یانی یاسا، بەڵام لەم عێراقەدا هەرچی شتێک هەیە، بەدەر لە یاسا دەچن بەڕێوە، کێ حەشدی شەعبی کە میلیشیایەکی چەکداریە دروستکرد؟ سیستانی و دواییش لە ترسی ئەو، پەرلەمانی عێراق یاسای بۆ دەرکرد، کەوایە هەر خۆی پەرلەمان نایاسایی کردووە، چونکە حەشدی شەعبی میلیشیای مەزهەبییە و بۆ دژایەتی کورد و سوننەی عەرەب دروستکراوە لەژێر بیانووی شەڕکردن دژی داعش، بەڵام خۆ دەکرا ئەو ئیمکانیاتە بدرێتە سوپا، نەک سوپا لەنێو سوپادا دروست بکرێت، ئەمە حەشدی شەعبی، کەچی لە کۆی بوارەکانی دیکەدا نایاسایی هەیە، هەرچی کارێک کە لەگەڵ دیموکراسییەتدا ناگونجێت، لەو بەغدایە دەیبینیت.

دیموکراسییەت یانی دامەزراوەیی، بەڵام کۆی دامەزراوەکانی عێراق لەژێر فەرمانی مەرجەعی ئایینیدان، ئەگەر سیستانی بیەوێت، هەر ئێستا دامەزراوەکان هەڵدەوەشنێتەوە، ئەوکات کەس جورئەتی قسە و ڕەخنە و بۆچوونی جیاوازی نییە، چونکە مەرجەعی شیعەکان لە سەرووی کۆی دامەزراوەکانی عێراقدایە، چش لەو عێراقی دامەزراوەییە.

هەڵبەت دیموکراسییەت بنەمای زۆری هەن، بەڵام لەو عێراقەدا هیچ یەکێک لە بنەماکانی تێدا ئامادە نییە، جگە لە قسە و دروشمی دیماگۆگییانە نەبێت کە پێچەوانەی ڕۆحی دیموکراسییەتن، بەگشتی ئەوەی باوەڕی بە دیموکراسییەتی عێراق هەبێت، بە سادەیی لە دۆخەکە دەڕوانێت و زیاتر وەک خۆشباوەڕ دەناسرێت تا شتی دیکە، چونکە هیچ کۆدێکی دیموکراسییەت لێرە، واتە لە عێراقدا بەدیناکرێت تا بڵێین ئەمەیە دیموکراسییەتی عێراقی دوای سەددام حوسێن.

ئێستا کوردستان لە قۆناغی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دایە، هەڕەشەکان و گوشارە دیپلۆماسی و سیاسی و دۆستایەتییەکانیش چ لەسەر ئاستی عێراقی یان دەرەوەی عێراق زیادبوونە بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم، بەڵام تا ئەم چرکەساتە هیچ یەکێک لە گوشارەکان نەیانتوانیوە خواستی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کوردستان زەوت بکات، پێشبینی دەکرێت لە ئێستاوە گوشارەکان و هەڕەشەکانیش زیاتر بن، بەڵام سەرئەنجام هەڕەشەکان مانای جیدێتیی هەڕێمی کوردستان دەگەیەنێت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی کە سەربەخۆییە، چونکە ئەگەر هەڕێم بیەوێت بە ئاشتی یان دیموکراسی مافەکانی لە عێراق وەربگرێت، ئەوا خەیاڵی خاوە! چونکە عێراق بڕیاریداوە گوێ بۆ کورد نەگرێت و ئەگەر کوردیش بیەوێت لە ڕێگەی دیموکراسییەت و یاساوە لە عێراق جیا ببێتەوە یان دەوڵەت دروست بکات، ئەوا ناتوانێت، چونکی باسکردن لە دیموکراسییەت

لەگەڵ سیاسییە خێڵەکییەکانی بەغدا، لێدانی شمشماڵە بەناوی دیموکراسییەتەوە! واتە تۆ ڕۆژانە بڵێ ئێمە لە ڕێگەی ڕەگەزەکانی دیموکراسییەتەوە دەوڵەت دروست دەکەین، بەغدا تەقەی سەری دێت!

هیچ کات کورد بە لێدانی شمشماڵی دیموکراسییەت کە لای سیاسییەکانی بەغدا و تاران قسەی قۆڕە، نابێت بە خاوەنی هیچ کیانێک، لەگەڵ بەغدا جگە لە زمانی توند، هیچی دیکە بایەخی نییە، هاوکات دەوڵەت بە ئاڵنگاری و بڕیاری سیاسی دروست دەبێت، نەک لێدانی شمشاڵی دیموکراسییەت، تۆ وەک کورد سەدان خاڵ بۆ بەغدا ڕیز بکە کە کوردیش مافی دیاریکردنی کیانی خۆی هەیە، بەڵام گوێ ناگرێت و گاڵتەی بەو قسەیەت دێت، دەوڵەت بەو عینادییەی ئێستای هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، ئەگەر ئەو گوتارە تونده نەبووایە، دەمێک بوو ئەگەری دواخستنی ڕیفراندۆم لەئارادا دەبوو، بەڵام کاتێک هەرێم پێداگرییەکی سەرسەختانە دەکات، هەر خۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم یانی نیوەدەوڵەتێک، دەوڵەت بەو شێوەیە دروست دەبێت نەک لێدانی شمشاڵی دیموکراسییەت کە کەس گوێی بۆ ناگرێت، جگە لە خاوەنەکەی نەبێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٤٨ لە پێنجشەممە ٢٠١٧/٩/١٤

ڕیفراندۆمی کوردستان و دیموکراسییەتی ئەمەریکا و بەریتانیا

ئەمەریکا و بەریتانیا لەسەر ئاستی جیهاندا، بەو دوو وڵاتە زلهێزە دادەندرێن کە شانازی بە یاسا و دیموکراسییەتی خۆیانەوە دەکەن و زۆرترین بانگەشەی ڕێزگرتنیش لە مافی مرۆڤ و چارەنووسی گەلان و بەرگریکردن لەو گەلە چەوساوانەیش دەکەن کە بە هەر هۆکارێکەوە بووبێت لەلایەن دەسەڵاتەکانییانەوە دەچەوسێندرێنەوە، چ بە دڕێژکردنی دەستی هاوکاری و پشتگیریی مەعنەوی، لە دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلانەی دەخوازن لە تەک جیهاندا، ئەوانیش خاوەن کیانی خۆیان بن، بە کردەوەش زۆر شتیان کردووە.

قسەکردن لەسەر نەنگی دیموکراسییەتی ئەو دوو وڵاتە بەرانبەر چارەنووسی گەلی کوردستان و تەنانەت بە زمانی کوردیش هیچ شووڕەیی و نەخوێندەواری نییە! هەر هیچ نەبێت لەو قۆناغە

هەستیارەی کوردستاندا دەتوانین هەڵوێستی ئێستای ئەو دوو وڵاتە بۆ گەلی کورد ڕوون بکەینەوە، هەڵبەت ئەوەی لەسەر شاشەکان ڕووەدات، نەک ئەوەی بە نهێنی دەگوزەرێت، بەوپێیەی دیموکراسییەت لە ئەرزی واقیعدا بەرجەستە دەبێت، نەک قسە و دروشم و گوتاری سیاسی، دەکرێت ئەو دوو وڵاتە بۆ خۆیان دیموکراسی بن و هیچ گومانیش لەوەدا نییە دیموکراسین، بەڵام کاتێک ئەوان لە پرسێکی وەک دیارییکردنی چارەنووسی گەلی کوردستاندا لایەنداری دەسەڵاتگەلێکی خێڵەکی و فاشیلی نادیموکراسی ناوچەکە دەکەن، دەبێت ئێمەش بە زمانی خۆمان بڵێین، ئەو دوو وڵاتە بەرانبەر ئێمەی کوردی ستەمدیدە، دیموکراسییەتیان نەنگی تێدایە و بەلای تاکێکی کوردیشەوە هیچ جیاوازییان لەگەڵ تورکیا و ئێران و عێراقدا نییە، چونکە ئەوانیش هەر دەڵێن نابێت ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت، تاکێکی کورد کە خاک و گەلەکەی دابەشکراوە، بێشک پشتگیری ئەو دوو زلهێزەی بەلاوە گرنگە و لەکاتێکیشدا کە کورد هاوپەیمانی ئەو دوو وڵاتەیە، بەتایبەتیش ئەمەریکای زلهێز، بەڵام هەرکە بە بیانووی شەڕی داعش بە دەرکردنی بەیاننامە داوای ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم دەکەن، ئەمەش بە پێوەری کوردی و بۆ ئێمە دیموکراسی نین!

کورد ئیشی بەوە نییە ئەو دوو وڵاتە ڕێز لە گەلانی دونیا دەگرن! کاتێک ڕێز لە ماف و خواستی گەلی کورد ناگرن، لای تاکەکانی

کوردستان دیموکراسیبوونییان نەنگی هەیە، چونکە بە نیسبەت کوردەوە، دژی مافە یاسایی و مرۆییەکان هەڵوێست دەنوێنن کە خۆیان واژوویان لەسەری کردووە، لەکاتێکدا هەڵوێست و پشتگیریی ئەوان زۆر شت لە بەرژەوەندیی گەلی کورددا یەکلایی دەکاتەوە.

ڕیفراندۆم یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی دیموکراسییەت و ئەو ڕەگەزەش بۆ دەنگ و هەڵبژاردەی زۆرینە دەگەڕێتەوە لە دیارییکردنی نوێنەرێک لە پرۆسەی هەڵبژاردندا یان یەکلاییکردنەوەی پرسێک لە ڕیفراندۆمدا، واتە ڕیفراندۆم دەنگی جەماوەرە بۆ هەڵوێستوەرگرتن لەسەر پرسێکی دیاریکراو کە هی ئێمە مەسەلەی جیابوونەوەیە لە عێراقدا، هەڵبژاردنیش هەڵوێستوەرگرتنە لەسەر پرسێکی گشتییدا.

کاتێک تۆ دەنگ بە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و دیکتاتۆر نادەیت، ئەوە مومارەسەکردنی هەڵوێستی مرۆیی تۆیە کە دیموکراسییەت دەستەبەری کردووە و کاتێکیش کورد ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوەی لە دەسەڵاتێکی فاشیل و ستەمکار ئەنجام دەدات، ڕێک مومارەسەکردنی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی دیموکراسییەت، هەرکە دژی ئەو مومارەسە ڕیفراندۆمییە دەوەستنەوە، پێشێلکارییە بەرانبەر خودی دیموکراسییەت، بەوپێیەی دیموکراسییەت تەنیا هەڵبژاردن نییە و دەیان بنەما و ڕەگەزی دیکەشی هەن و هەموانیش پێکەوە کولتووری دیموکراسییەت دروست دەکەن، مادام

ڕیفراندۆمیش ڕەگەزێکی گرنگی دیموکراسییەتە و کێشە دروستکردنی لەبەردەمیدا پێشێلکارییە لە بەرانبەر دیموکراسییەت.

ئێستا هەرێمی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەی سیاسی و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو ڕەگەزە گرنگەی دیموکراسییەتەوە کە مەبەست ڕیفراندۆمە، چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لەکاتێکدا دونیا و بەتایبەتی هەردوو وڵاتی زلهێزی وەک بەریتانیا و ئەمەریکا، شاهێدی ئەو کارەسات و جینۆساید و کاولکارییەن کە بەسەر کورددا هاتوون، تەنیا لەبەر کوردبوون و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی، کەچی ئێستا ئەو دوو وڵاتە دژی ڕیفراندۆم بەیاننامە دەردەکەن، گوایە کاریگەری بەسەر شەڕی داعشدا دەبێت، لەکاتێکدا هەر خۆیان دەڵێن داعش لە عێراقدا بەرەو نەمانی یەکجارەکی دەچێت.

دەکرێت بە نیسبەت کوردەوە ناویان وەک دژە دیموکراسی بێت، چونکە بۆ ئێمە هاوهەڵوێست نین و لە بەرژەوەندیی سێ وڵاتەکەدا بڕیار دەدەن، لەکاتێکدا کورد هاوپەیمانیی ڕاستەقینەی ئەوانە و ئەم وتارەش لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە بۆ دیموکراسییەتی ئەو دوو وڵاتە دەڕوانێت، ئەگینا ئاشکرایە دیموکراسییەت لەسەر ئاستی ناوخۆیاندا لە ترۆپکدایە، واتە بە نیسبەت خۆیانەوە تەواو دیموکراسین، بەڵام کاتێک دژی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دێنە وەڵام، ئەوا لای ئێمە دیموکراسی نین، چونکە ڕیفراندۆم ڕەگەزێکی دیاری دیموکراسییەتە و دیموکراسییەتیش یەکترقبوولکردن و ڕێزگرتنە لە

بۆچوون و خواستی ئەوی دیکە، هەوکات سەروەربوونی یاسایە و دیارییکردنی چارەنووس و ڕەخساندنی ئازادییەکانە بۆ تاک و گەلانی دونیا کە لێرەدا کورد داوای ئازادی دەکات وەک مللەتێکی خاک داگیرکراو و خەڵک دابەشکراو، کەچی ئەوان داوای دواخستنی ئەو مافە یاساییە لە کورد دەکەن! کەواتە دژی دیموکراسییەتن و بەرژەوەندیی خۆیان پێش دیموکراسییەت و پرەنسیپە یاسایی و مرۆییەکان دەخەن.

ئەمە لەو ڕووەوەی کە ئێمە هەمووان دەیزانین، بەڵام هەمیشە سیاسەت چەند ڕوویکی هەیە و دەکرێت ئەوەی دەربارەی ڕیفراندۆم و هەڵوێستی وڵاتان دەیزانین، هیچیان وا نەبن، چونکە ناکرێت لە سیاسەتدا ئێمە هەموو شت بزانین، نەخێر، ئەوە چەند سیاسییەکە کۆی ئەوانە دەزانێت کە ڕوو دەدەن و ئەگەری ڕوودانییان هەیە، ئەوەی ئێستا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕیفراندۆم و دەرئەنجامەکانی دەیزانێت، من و تۆ نایزانین، ڕەنگە بە زانینی هەموو شتەکان، شایی دەکەین یان دەترسین، چونکە خودی ڕیفراندۆم پرسێکی ئاسایی نییە و ڕووداوە و ئەگەری گۆڕانکاریی گەورەی لێدەکرێت.

کەوایە هیچ گومانت نەبێت ئەوەی زۆرینە دەیزانێت، تەنیا قسەی سەر شاشەکانە و ڕەنگە هیچیان زانیاریی دروست نەبن و ناکرێت

کۆمەڵگەش هەموو شت بزانێت، چۆن دەکرێت ورد و درشتی بڕیار و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بخرێنە سەر شاشەوە!

ئێ ئەوە لە سیاسەتدا لۆژیکی نییە و ئەگەر هەموو شتەکانیش ئاشکرا کران، دەچێتە باری ساویلکەییەوە! دەزانن ئەوەی سی ئای ئەی دەیزانێت، ڕەنگە تەرەمپیش هەموو وردەکارییەکانی نەزانێت، چونکە دەزگەی هەواڵگری ئیشی دۆزینەوەی نهێنییەکان و دروستکردنی نهێنی و بەکارهێنانی نهێنییەکانە بە ئامانجی پرسە گەورەکە کە خودی بەرژەوەندیی دەوڵەتەکەیە. کەوایە هەمیشە لە سیاسەتدا دەبێت بە دوای شتە نهێنییەکاندا بگەڕێین، ئینجا دیوی ئەودیوی شتەکانی دیکەش دەبینین.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٥١ لە سێشەممە ٢٠١٧/٩/١٩

سیاسەت ئەنجامە

کاتی خۆی حکوومەتی تورکیا هەڕەشەی هێرشکردنە سەر خاکی باشووری کوردستانی دەکرد، بەڵام دواتر کوردستان توانی بەرژەوەندیی تورکیا بهێنێتە هەرێمی کوردستانەوە، هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لە پرسی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دواتریش بووە هۆی ئەوەی کوردستان بتوانێت نەوت لە ڕێگەی تورکیاوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات، کەوایە لێرەدا کورد ئەنجامەکەی بردەوە، بەوپێیەی ئێستا خاوەنی ئابووریی سەربەخۆیە.

کوردستان بەهۆی بێئومێدبوونی لە سیاسییە مەزهەبی و فیتنەچییەکانی بەغدا ڕیفراندۆمی ئەنجامدا کە هێندەی دروستبوونی دەوڵەتێک، تیری لە دڵی مەزهەبچییەکانی عێراق و دوو وڵاتە

دراوسێکەی کوردستان داوە، ئەوەتا هەر ڕۆژە و سەعاتەی یەکێک لەو دوو وڵاتە و مەزهەبچییەکانی بەغدا، دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، عێراق فڕۆکەخانەکانی کوردستانی ڕاگرت و داواش لە تورکیا دەکات سنوور لەسەر هەرێمی کوردستان دابخات، هاوکات تورکیاش هەڕەشە دەکات و ئێرانیش وەک ئەوەی وەزعی خۆی زۆرباش بێت، ئەویش چاوسوور دەکاتەوە، لەکاتێکدا دۆنالد ترەمپ خەریکە کۆمەڵێک بڕیار دژی ئێران دەردەکات، کە کاریگەریی بەسەر ئێرانەوە دەبێت.

ڕیفراندۆم خۆی سیاسەتێکی بوێرانەی کورد بوو، ڕەنگە لە قۆناغێکدا مەزهەبچییەکانی بەغدا و دوو وڵاتە دراوسێکەی کوردستان، واتە ئێران و تورکیا، بتوانن شتێک بەرانبەر کورد بکەن، بەتایبەتی برسیکردنی خەڵکی کوردستان، بەڵام دواجار برسیبوون یەکسان نییە بە کەوتن، چونکە کورد هەر خۆی پێشووتر هەم برسی دەکرا و هەمیش دەکوژرا و ئەنفال دەکرا، بەڵام مایەوە!

ئێستاش ئەو ئیرادە بەهێزەی خەڵکی کوردستان، وای کردووە مەزهەبچییەکانی بەغدا و دوو وڵاتە دراوسێکە، زیاتر دووچاری فۆبیاکوردستان ببن، لەکاتێکدا ئەردۆغان فرمێسک بۆ موسڵمانانی بۆرما دەڕێژێت، کەچی دەیەوێت کوردی موسڵمان برسی بکات! تەنیا بەهۆی داواکردنی مافەکانی خۆی، واتە مافی گەلێکی ستەمدیدە، ئێران خۆی بەدەست شەڕی مەزهەبی ناوچەیی و گوشارەکانی

ئەمەریکاوە گیری خواردووە، کەچی هەڕەشە لە کورد دەکات! ئەو بۆرمایە بتوانێت هێرش بکاتە سەر کوردستان، ئێران ناتوانێت! چونکە ئەمەریکا هەر خۆی لە بیانوو دەگەڕێت و کوردیش لەڕووی سەربازییەوە، هێڵی سووری ئەمەریکایە.

عێراق و تورکیا و ئێران، لە هەوڵی گوشار دروستکردنن دژی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە هەندێک سزادان بێتە ئاراوە، بەڵام ئیدی کوردی دوای ڕیفراندۆم، کوردی پێش ڕیفراندۆمیش نییە، چونکە هەر پێش ڕیفراندۆم دەیزانی هەڕەشە دێتە ئاراوە، بەڵام سووربوو لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، کەوایە هەر خۆی ڕیفراندۆم هێندەی دەوڵەتێکی کوردستانی، کاریگەری هەبوو، چونکە ئەو سێ وڵاتە، بەتایبەتی و هەندێک وڵاتی دیکەش، داوای ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆمیان دەکرد، بەڵام ئێستا ئێمە لە قۆناغی پاش ڕیفراندۆم داین، واتە قۆناغێکی تازەی سیاسی هاتووەتە ئاراوە کە پێشبینی دەکرێت دواجار ئەنجام بەدڵی کورد بکەوێتەوە، لە سیاسەتدا ئەنجام گرنگە و سیاسەتیش بەشێوە گشتییەکەی واتە یاریکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش، سیاسەتی ڕیفراندۆم فۆکەسی جیهانی خستەوە سەر پرسی کورد و دواجار ئەو فۆکەسە ئەنجامی دەبێت.

ڕۆژنامەی خەبات/ ٢٠١٧/١٠/٩

ڕیفراندۆم یان عەقڵییەتی بەغدا؟

نزیکەی مانگێک پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئێمە ژمارەیەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکیی مەدەنی لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و لە دیدارێکی تایبەتدا، چاومان بە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەوت، لەو دیدارەدا بارزانی جەختی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کردەوە، چونکە لە تۆنی دەنگیدا هەست بە نائومێدییەکی گەورە دەکرا بەرانبەر بەغدا، هاوکات گوتیشی ئێمە ڕیفراندۆم بکەین و نەکەین، بەغدا هەر شەڕمان پێ دەفرۆشێت.

ئێستا ئەو شەڕە ڕوویدا، بەڵای منیشەوە چاوەڕوان کراو بوو، چونکە نیەتی بەغدا هیچ کات بەرانبەر کورد باش نییە، ئێوە سەیر بکەن و جوان دیقەت لە بێڕەوشتی سیاسییەکانی بەغدا بدەن، لەو شەڕەی ئەمجارەدا، بەبێ تەقەیەکی ئەوتۆ، بەهۆی ڕێککەوتن لەگەڵ هەندێک سەرکردەی حیزبێکی دیاریکراوی کوردستان(یەکێتی)، زۆربەی ناوچەکێشەلەسەرەکانی کەوتەوە دەست، بەڵام بۆ چەند کیلۆمەترێکی کەمی وەک شێراوە، واتە ئەو شوێنەی شەڕەکەی پردێی لێ ئەنجام درا، ئەو حەیدەر عەبادییەی بەردەوام باسی تەبایی و ڕێککەوتن و پێکەوەژیان دەکات، بەهۆی چەند هێرشێکی

بەرفراوان بۆ سەر پێشمەرگە کە لە هەمووی شکستی خوارد و زۆرترین کوڕی عەرەبیش بە دەستی پێشمەرگە کوژران، عەبادی ئەگەر یەک تۆز ویژدانی هەبووایە، ئەو شەڕەی پردێی نەدەکرد، چونکە لە نزیک دواین خاڵی سنووری هەرێم ڕوویدا، واتە ئەو هێڵەی ناسراوە بە هێڵی ٣٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش کە بەمەبەستی پاراستنی کورد لە مەترسیی لەشکرکێشی سوپای عێراق بۆ سەر خەڵکی کوردستان دانراوە، ڕاستییەکەی بەغدا هیچ پێویستی بە شێراوە نییە، بەڵام چونکە وڵاتێکی شۆڤێنییە، لە ڕۆژێکدا حەوت جار هێرشی کردە سەر پێشمەرگە و ناوچەکە بووە ڕووباری خوێنی حەشد و پاسداران، خۆ چاوچنۆکی و هەستی داگیرکاری بەغدا هێندە لە ترۆپکدایە، ئەگەر شێراوەشی پێ بدرابووایە، داوای هەولێریشی دەکرد، بەڵام ئیدی پێویست بە خوێن ستۆپی پێ بکرێت، چونکە غروری ئەو پیاوە دەبوو تێک بشکێندرێت.

لەڕاستیدا بڕیاری شەڕکردن دژی هەرێمی کوردستان درابوو، بەڵام ڕیفراندۆم وەک بیانوو بەکارهێندرا، دەکرێت بگوترێت ڕیفراندۆم بڕیاری بەغدای بۆ هێرشکردنە سەر هەرێم، چەند مانگێک پێشخست، ئەگینا بەغدا هەر هێرشی دەکردە سەر هەرێم، چونکە وڵاتێکی مەزهەبی و شەڕخوازە، هیچ کات بەبێ شەڕ توانای ئارامگرتنی نییە و لە مێژووی خۆیشیدا هیچ جارێک بە خۆشی و بە ئاشتەوایی دەسەڵاتەکان نەگۆڕاون، لەگەڵ ڕۆیشتنی هەر سەرۆکێکدا هەزاران خەڵک دووچاری ئازار بوونەتەوە، چونکە وڵاتێکی فاشیلی قۆرخکراوە.

کورد دەبێت هەمیشە بە گومانەوە لە سیاسییەکانی بەغدا بڕوانێت،

هەر کات باسی پێکەوەژیان و ئاشتی و تەباییان کرد، ئینجا پێویستە سەنگەرەکانی پێشمەرگە چەکی زیاتر و پێشمەرگەی دیکەیان بۆ ببردرێت، ئەمە گوتاری ڕەشبینی و دڕدۆنگی و شەڕخوازی نییە، خوێندنەوەی واقیعی دەروونی سیاسییەکانی بەغدایە، بەوپێیەی کە بڕیار دراوە ڕێگە نەدەن کورد لە ئارامیدا بژیەت، چونکە ئەزموون سەلماندی ئەو چەند ساڵەی ئارامی هەبوو، هەرێم هەوڵی جیدی ئەوەی دەدا ببێتە ژمارەیەکی بەهێزی ئابووری و وەبەرهێنی نەوتەوە، بۆیە سایکۆلۆژیەتی نەخۆشی بەغدا کە گرێی دەروونی و سیاسی بەرانبەر کورد هەیە، دەستیکرد بە داڕشتنی پیلانی سیاسی و خیانەتکارانە بۆ دووبارە دەستگرتنەوە بەسەر ئابووری و ناوچەکێشەلەسەرەکانی کوردستان، دەکرێت لەم قۆناغەدا بەغدا بڵێت خەونەکەم هاتووەتەدی، بەڵام هیچ کات بەغدا ناتوانێت بە ئارامی لەو ناوچانەدا بژیەت و سەروەت و سامانی گەلی کورد ببات، ئێوە سەیر بکەن، بزانن لە ماوەی ئایندەدا چی ڕوو دەدات! بزانن چۆنچۆنی ڕووداوەکان بە قازانجی کورد دەکەونەوە، وەکچۆن لە کاتی خۆیدا داعش هات و عێراق سەروەری کەوتە ژێر ڕەحمەتی شمشێرەکانی داعش، مادام ئەو عێراقە بڕیاری داوە شەڕخوازی و ململانێی مەزهەبی بکاتە پرەنسیپ، بێگومان دووچاری ئاڵۆزییەک دەبێتەوە کە خۆشی نازانێت چارەنووسی چی دەبێت! لەڕاستیدا ئەوە خودی ڕیفراندۆم نەبوو شەڕی هەڵگیرساند، بەڵکوو ئەوە هەستی شەڕخوازیی پەنگخواردووی ناو زاکیرە و عەقڵییەتی بەغدا بوو لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا جارێکی دیکەش تەقییەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٧٧ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٥

حەشدی شەعبی بەرەو کوێ!

لە دوای ڕووداوەکانی هاتنی داعش، زۆرترین چاوەکان لەسەر سوپای عێراق بوون بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێکی زۆر لە خاکی عێراق لە چنگی داعش ڕزگار بکات، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ لەبەردەم داعشدا سوپای عێراق و هێزەکانی دیکە، دووچاری شکست دەبوونەوە، سەرئەنجام فەتوایەکی سیستانی، دروستبوونی حەشدی شەعبی لێکەوتەوە کە لە بنەڕەتدا ئەو فەتوایە پڕۆژەیەکی سیاسیی سەربازیی مەزهەبی بوو، لەژێر تایتلی بەرگریکردن لە خاک و گەلانی عێراق، هێزێکی مەزهەبی دامەزرێندرا.

یەکێک لە مەترسییەکانی ئەو حەشدە مەزهەبییە، ئەوەبوو هەر زوو، عێراق لە پەرلەماندا یاسای بۆ دەرکرد، واتە لە پاڵ سوپا، ئەویش وەک هێزی بەرگریکار لە گەلانی عێراق ناسێندرا، ئەمەش ڕێگر دەبێت هاوپەیمانێتی لە دژی دروست بکرێت، چونکە عێراق، وەک هێزی یاسایی ناساندوویتی، هەموو ئەوانەش لە تەک دەسەڵاتی ئەمەریکا

لە عێراقدا ڕوویاندا، سوپا بە ئەنقەست لاواز کرا، تاکو هێزێکی میلیشیایی وەک حەشد دروست بکرێت، سەرئەنجام دروستکرا و لە دوای شەڕی داعش، یەکسەر بە بەرچاوی ئەمەریکاوە، تێکەڵ بە کاروباری سیاسیی عێراق بوو، بە هێرشکردنە سەر گەلانی کوردستان.

ئێستا حەشد غرور بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی شەڕی مووسڵی کرد و کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکەشی داگیرکردن، تەنانەت هیچ حیسابێک بۆ ئەمەریکاش ناکەن و کۆی ئەو چەکانەی لەژێر دەستی دایە، هی ئەمەریکان و سەرباری هۆشداریپەکانی ئەمەریکا، بەڵام هێشتا چەکی ئەمەریکی لە بەرانبەر پێشمەرگەدا بەکار دەهێندرێت و خەڵکی سڤیلی کەرکووک و خورماتوو و ناوچەکانی دیکەی پێ ئەشکەنجە دەدرێت و دەکوژرێت.

پێشبینی دەکرێت لە چەند مانگی ئایندەدا کردەوەگەلێکی زۆر خراپتر لەوەی ئێستایان ئەنجام بدەن تا خۆیان لەسەر گەلانی عێراق بەتایبەتی نەتەوەی کورد فەرز بکەن، ئەمەش بۆ چاوترساندن و سەرخستنی پرۆژە سیاسییە مەزهەبییەکە.

لەکاتێکدا حەشد تەواو لەژێر کاریگەریی ئێراندایە، واتە ڕووەکەی دیکەی پاسدارانە، ئەمەش هاوکاتە کە ئەمەریکا دژی ئێران لە هەوڵی هەنگاوی کردەییدایە، وەک ئەوەی ئێستا دەیەوێت لە خاڵی یەکەمدا

سوپای پاسداران تەواو وەک هێزێکی تیرۆریست بناسێنێت، پاشان بە هێواشی دەستبخاتە ناو کاروباری ئێرانەوە تا ئاستی ئەوەی، ئیدی ئێرانیش دەبێتە پارووێکی ئاسان و وەک ڕژێمەکەی سەددام، لە ماوەیەکی کەمدا کۆتایی پێدەهێنێت، بەڵام ئەو پەلەییەی کە خەڵک هەیەتی، ئەمەریکا نییەتی، چونکە ئەمەریکا ئەو کارە وەک پڕۆژەی ستراتیژیی ماوەدرێژ ئەنجام دەدات، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئێستادا باکی بەوە نییە، حەشد و پاسداران چی دەکەن و چی ناکەن! تەنیا کردەوەکانیان دێکیۆمێنت دەکات تا کاتی خۆی بەکاریان دەهێنێت، بەڵام لە زهنی ئەمەریکادا، ئەوە بڕاوەتەوە کە خاڵێکی ڕەشن و دەبێت لایانبدات، هەڵبەت بەگوێرەی کۆمەڵێک ڕەهەندی سیاسی، سەربازی، ئابڵۆقەی ئابووری و بەتایبەتیش هەواڵگرییەوە.

حەشد چونکە ئێرانی لەپشتە و بە یاساش ڕێکخراوە و هێزێکی گۆشکراویشە بە تراديسیۆنی خێڵ و مەزهەبەوە، هەر زوو دووچاری ئەنجامدانی کۆمەڵێک غروری دیکە و کردەوەی نامرۆیی دەبێت، هاکە ویستیان دەسەڵات بگرنە دەست، ئەمەش وا دەکات تەنانەت نێوانی حکوومەتی عێراق کە ئەمەریکا پاڵپشتیکارێتی و نێوانی مەزهەبچییەکان، واتە پیاوە مەزهەبییەکانی پاشکۆی تاران کە ئێران هانیان دەدات تێکچێت لەسەر خەونی مانەوە لە دەسەڵات و خەونی گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوەش لە ئێستادا خەریکە ئاماژەکانی

دەردەکەون، ئەوەتا دەگوترێت نابێت حەشدی شەعبی بەشداریی هەڵبژاردن بکات، بەڵام ئەوان دەیانەوێت وەک ڕێکخراوێکی سیاسی و سەربازی بەشداری بکەن، یانی خەونی گەیشتن بە دەسەڵاتی دەوڵەت، لە پاڵ دەسەڵاتی سەربازی.

هەر بۆیە ئەمە خاڵی بەهێز دەبێت لەوەی ئەمەریکا ترسی لێ بنیشێت و بەڕاستی حیساب بۆ حەشد بکات، خۆ ئەگەر ئەمەریکا و بەرگریی پێشمەرگە نەبوایەن، بێشک حەشد چاوی لە لەشکرکێشی زیاتر هەبوو بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی نەخشەیەی ئەنجوومەنی ئاسایش دایناوە بیسڕێتەوە، ئەمەشی بۆ ئەوەی بڵێت دەتوانین سنووورەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش ببەزێنین، بەڵام ئێمە نازانین، داخوا لە ژێرەوە، ئەمەریکا چ هۆشداریییەکی داوەتە عێراق، ئەگەر حەشد سنووری ٣٦ ببەزێنێت، چارەنووسی چی دەبێت!

حەشد بەهێزتر دەبێت و ئاستی هەڕەشەکانی زیاتر دەبن، هاوکات تەداخول لە کاروباری سیاسی و یاسایی عێراقیشدا دەکات، واتە بە هەموو شێوەیەک، ئەگەری ئەوە زۆرە، وەک دەوڵەتێکی دیکەی ناو عێراق دەربکەون، تاکە هێز بتوانێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە پێشمەرگە دەبێت، هەڵبەت بە پاڵپشتیی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان، هەموو ئەو شتانە وا دەکەن، ئەو هێزە مەزهەبییە، هەتا دەسەڵاتەکانی فراوانتر بێت، ئەوەندەیتر چارەنووسی ناڕوونتر دەبێت، بەو مەرجەی ئەمەریکا دەست لە عێراق بەرنەدات، خۆ ئەگەر عێراق لەلایەن

ئەمەریکاوە فەرامۆش بکرێت، ڕێک حەشد دەسەڵات دەگرێتەدەست، چونکە ئەو هێزە پێکهاتەکەی لە هەناوی ئەو کۆمەڵگە حیزبەکی و شەڕخوازییەی عێراقەوە سەریهەڵداوە و هیچ نامۆییەک لەنێوان حەشد و کۆمەڵگەی زۆرینەی عێراقیدا بەدیناکرێت، واتە حەشد یانی بیرکردنەوەی زۆرینەی عێراقییە شیعەکان، ئەو گرووپە زۆرەی عێراق، پێیوایە قوربانییە و دەبێت تۆڵەی حوسێن لە سوننە و کورد و هەتا ئەمەریکا و ئیسرائیلیش بکرێتەوە، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان پێ قوربانییە، کەچی لە زاکیرەیاندا دەخوازن، خەڵک بکەنە قوربانی، دەخوازن خۆی لە دەرەوەی یاسا بن و هەرچی بیانەوێت لە ڕێگەی چەکەوە یەکلایی بکەنەوە، واتە بەرانبەرەکەیان وەک نێچیرێک دەبینن، ئەمەش پەیوەندی بەو بارە دەروونییە نەخۆشەوە هەیە کە هێزی مەزهەب، کاریگەریی قوواڵی لەسەر داناوە، بەاڵم هەموو ئەوانە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی ئەوەی ئەمەریکا ئەو گرووپە بخاتە ناو لیستی تیرۆرەوە. ئەوەتا ئێستا کۆنگرێسی ئەمەریکا دەیەوێت دوو باڵی ناو حەشد، بەتایبەتی عەسائیبی ئەهلی حەق، بخاتە ناو لیستی تیرۆرەوە، دەکرێت ئەوە سەرەتایەک بێت بۆ چارەنووس و ئایندەی حەشدی شەعبی.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٣٨٧ لە چوارشەممە ٢٠١٧/١١/٨

شەڕی سەرمێزی دیالۆگ

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، پێگەی سیاسی و ستراتیژیتیی کوردستان، دووچاری گۆڕانکارییەکی ناچاری بووەتەوە، بەوپێیەی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕەهەندی سیاسی و سەربازی و ئابووریان هەیە و لە بنەڕەتدا پڕۆژەی نەیارەکانی کوردە بە هاوکاریی گرووپێکی کورد و لایەنی دەرەکی ئەنجام درا.

ڕووداو شازدەی ئۆکتۆبەر، بەرژەوەندیی دەرەکی و عێراقی و گرووپێکی کوردی ناو حیزبێکی دەسەڵاتداری سلێمانی(یەکێتی) تێدا بوو، واتە ڕاستەوخۆ ڕیفراندۆم هۆکار نەبوو، بەڵکوو تەنیا بیانوو بوو، ئێستا ئێمە دەرئەنجامەکانی ڕووداوەکە دەبینین، سەرەڕای ئەوەی لەشکرکێشیی حەشدی شەعبی و سوپا وەستاوە، بەڵام هێشتا هەڕەشەکان بەردەوامن، ڕەنگە لەم قۆناغەدا شەڕ ڕوونەداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا نایەوێت لەوە زیاتر ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، هەر وەک داوای کرد لایەنە ساسییەکانی کوردستان هاوکاری حکوومەت بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، سەرباری ڕەخنەکانی هەرێمی

کوردستان، بەڵام ئەوە مانای ئەوەیە هێشتا ئەمەریکا چاوی لەسەر هەرێم لانەداوە. واتە ئەمەریکا ئێستا دەیەوێت باڵانس وەربگرێتەوە، ئەگەرچی لایەنداری عەبادی کرد، هەر بۆیە بارزانی دەڵێت ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی کەرکووک بە سەرپەرشتیی ئێرانییەکان و ئاگاداریی ئەمەریکا و بەریتانیا ئەنجامدراوە. لێرەدا بارزانی دەیەوێت گلەیی لە ئەمەریکا بکات، بۆیە ئێستا ئەمەریکا خۆی چاودێری دۆخەکە دەکات و ناهێڵێت نیگەرانییەکانی بارزانی لەوە زیاتر بن، ئەگینا ئێستا عەبادی لە ڕێگەی حەشدی شەعبییەوە چەندین هێرشی دیکەشی دەکردە سەر کوردستان و پێشمەرگەش ڕووبەڕوویان دەبووەوە، ئاشکرایە ئەگەر بەغدا هێرشی دیکە بکات، ئاستی ئاڵۆزییەکان زۆر لەوە زیاتر دەبن و ئەوەیش لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەدات، چونکە دەرکەوت لە ناوچەکانی دیکەی هەرێم، ڕووداوی شازدەی ئۆکتۆبەر ڕوونادات‌ەوە.

دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای دیالۆگی کرد، ئەمەریکاش پێشوازی لەو داوایەی هەرێم کرد، ئێستا ئاڵۆزییەکان لە بەرەی شەڕدا لاواز بوونە، بۆیە پێشبینی دەکرێت هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن، چونکە ئەمەریکا لەسەر خەتە و ناهێڵێت لەشکرکێشیی حەشد، ناوچەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز بکات، لەکاتێکدا ئەمەریکا هێشتا سووریای پێ چارەسەر نەکراوە، چۆن ڕێگە دەدات باشووری کوردستانیشی بێتە سەر! هەڵبەت زەحمەتە ڕێگە بە شەڕی دیکە بدات، تەنیا لە دۆخێکدا نەبێت، بەغدا بێمنەتی ئەمەریکا بکات، ئەوەش بڕیارێکی قورسە بۆ بەغدایەک کە هێشتا ئەمەریکا بەڕێوەی دەبات.

ئەمەریکا، هەولێر و بەغدا دەباتە سەرمێزی دانووستاندن،، بۆیە چاکترواپە حکوومەتی هەرێم، داوای دانیشتنی ئەمەریکا بکات لەسەر ئەو مێزە و هەر ڕێککەوتنێکیش بکرێت، پێویستە بە نووسراو بێت و گرەنتی لە ئەمەریکا نەک عێراق وەربگیرێت، بەغدا جێگەی متمانە نییە و غروری دایگرتووە، دەکرێت لەسەر مێزی گفتوگۆ لە قۆناغی ئێستادا، داوای ئیدارەی هاوبەش بکات لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی بۆ ئێستا بژاردەی شەڕ و چاوەڕوانکردنی دەرفەت، ڕەنگە لە بەرژەوەندیی هەولێردا نەبێت، وەک لە بەرژەوەندیی بەغداش نییە شەڕ لەگەڵ هەولێردا بکات، بەوپێیەی هەردووڵا زیانیان پێدەگات و سەرئەنجام باجی قورس بۆ هاوولاتییانی ناوچە داگیرکراوەکان دەبێت.

دەکرێت هەرێم لە دوای ڕێککەوتن شەڕێکی دیکە لەگەڵ بەغدا بکات، شەڕی دوای ڕێککەوتن، یان کاتی ڕێککەوتنیش مەبەست لە هاویشتنی میلانۆ نییە، بەڵکوو شەڕی دەستووری و یاسایی و وەرگرتنی گرەنتییە لە ئەمەریکا و ئینجا بەغدا، ئەو شەڕە قورسە، بەڵام باشتر وایە هەرێمیش پێداگری بکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە ڕێگەی یاساوە، ئەگەر هەر بەغدا ڕازی نەبوو لە ڕێگەی یاساوە کێشەی کورد چارەسەر بکات بە پێدانی مافەکانی و بەردەوام بوو لە پێشێلکاریی دژی هەرێم، وەک ئەوەی ئێستا لە پرسی کەمکردنەوەی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق دەبیندرێت، ئەوکات کوردیش پێویستە لەسەر ئاستی دادگە باڵاکانی نێودەوڵەتی داوا تۆمار بکات کە دیسانەوە مەترسی لەسەر ژیان و بژێوی و شکۆی خەڵکی

کوردستان دروست بووەتەوە، هەروەها لۆبی و هاوپەیمانیی ڕاستەقینە پەیدا بکات.

بەغدا ئێستا دەیەوێت ئاڵۆزی و شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لە کەرکووک هەبێت، دەکرێت لە ڕوویکدا ئەوە بۆ کورد باش بێت کە بەغدا ناتوانێت بێ کورد ئیدارەی شارەکە بدات، بەڵام لە ڕوویکی دیکەوە خراپە، بەوپێیەی بەغدا خۆی بەدوای بیانوودا دەگەڕێت تا هێزەکانی لە شارەکەدا بهێڵێتەوە یان زیاتری بکات، ئەمەیشی بۆ ئەوەیە بە تەواوی دۆخی شارەکە کۆنترۆڵ بکات لە ڕێگەی بەعەرەبکردن و بەشیعەکردنەوە. کەوایە کورد دەبێت بگەڕێتەوە شارەکە و ڕێگە چۆڵ نەکات دیسان ناوچە کوردستانییەکان بە ئاسانی بە عەرەبی بکرێنەوە، ئەو ناوچە کێشەلەسەرانە وەک چۆن عەرەب مافی ئەوەی هەیە لێیان بێت، ئاواش کورد مافی هەیە تێیاندا مومارەسەی ژیان و دەسەڵات بکات. کەوایە دەستوور ڕێگە نادات بە تەنیا عەرەب و تورکمان ئیدارەی ناوچەکان بکەن، کوردیش ئەو مافە دەستوورییەی هەیە، هەر بۆیەش ناوچەی کێشەلەسەرن، چونکە پێکهاتەی جیاوازیان تێدایە و هەمووان مافی ئیدارەدانی ناوچەکەیان هەیە، کەوایە ئیشی سەرەکیی کورد پێویستە بۆ ئەم قۆناغە گەڕانەوە بۆ کەرکووک بێت بە پێکهێنانی ئیدارەی هاوبەش. بە تێگەیشتنی من لە ماوەی ئایندەدا دەتوانێت دەستبەسەر شارەکەدا بگرێتەوە، هەم بەهۆی زۆری ڕێژە و ژمارەی کورد و هەمیش دۆخی مەزهەبی لە عێراقدا هەمیشە ئەگەری تەقینەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت بە قازانجی کورد بکەوێتەوە.

زاری کرمانجی، ژمارەی ٥٤٣ لە دووشەممە ٢٠١٧/١١/١٣

پرۆژەی حکوومەتی ڕزگاریی نیشتمانی

ئێستا مانگێک و چەند ڕۆژێک بەسەر ڕووداوی کەوتنی کەرکووک تێپەڕیوە، لەو ماوەیەشدا گۆڕانکاریی زۆر بە زیانی پێگەی کورد لە عێراقدا ڕوویانداوە، تەنانەت هەڕەشەی جیدی لەسەر کیانی هەرێمیش لەئارادایە، ئەمە جگە لە هەڕەشەی سەربازی و ئابووری، ئەگەری جینۆسایدیش لە هەندێک ناوچە لەئارادایە، هاوکات حەشدی شەعبی خەریکی بەشیعەکردنی کەرکووک و خورماتوو و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەیە، لە لایەکی دیکەوە بەغدا دەیەوێت لە ڕێگەی پەرلەمان و دامەزراوە یاساییەکانەوە سزای سیاسیی هەرێمی کوردستان بدات، لەکاتێکدا هەرێم هەنگاوی زۆری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە هاویشتووە و وڵاتانی جیهانیش پێشوازی لە داواکانی هەرێم دەکەن بۆ دانوستاندن، بەڵام بەغدا جیدی نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و خۆی وەک غرور و براوەی شەڕ نیشان دەدات.

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، هەرێمی کوردستان لە کۆی سێ دامەزراوەی گرنگی سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، حکوومەت، تەنیا

حکوومەتی ماوە کە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەرکەکانی بەڕێوە دەبات، بەوپێیەی بارزانی دەسەڵاتەکانی دابەش کرد بەسەر دامەزراوەکانی دیکەدا، هاوکات پەرلەمانیش هێشتا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەواو خۆی ڕێک بخاتەوە، تاکو ئێستاش سەرۆکی پەرلەمان نەگەڕاوەتەوە کە ئەمە لە ئێستادا خەتاکەی لە ئەستۆی گۆڕاندایە، لەکاتێکدا هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەماندا نەماوە بۆ سەر کارەکەی، قسەی ئێستاش لەسەر ئەوە نییە خەتای کام حیزب بووە ڕەوشی پەرلەمان ئاوای لێهاتووە! چونکە زۆر گوترا و بەهۆیەوە کێشەکانیش زیاتربوون، گرنگ ئێستا ئەگەر گۆڕان بیەوێت، دەتوانێت سەرۆکەکەی لە ڕێگەی دێگەلەوە بنێرێتەوە هەولێر.

ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی سەختی سیاسی و ئابووری و ئەمنیدایە، پێویستی بەوە هەیە، هێزە سیاسییەکان خواستی شەخسی و حیزبی خۆیان بخەنە لاوە و بە پرۆژەی سیاسیی کوردستانییانە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان ببنەوە، بەتایبەتی چیتر ڕێگە نەدرێت بەغدا سزای سیاسیی هەرێمی کوردستان بدات بە بیانووی ئەوەی کوردستان هەوڵی پارچەپارچەکردنی عێراقی داوە، عێراق خۆی ژینگەی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ململانێ کە هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی عێراق ئایندەیەکی ڕوونی نەبێت، کوردیش کاتێک ڕیفراندۆمی کرد، ڕێک ویستی خۆی لە کێشە و ململانێ مەزهەبییەکانی بەغدا ڕزگار بکات، بەڵام ئەوەتا بەغدا چەکی بەکارهێنا بۆ وەڵامدانەوەی ڕیفراندۆم کە ڕەگەزێکی گرنگی دیموکراسییە.

لە قۆناغی ئێستا بانگەشەکردن بۆ ڕاگەیاندنی پرۆژەی حکوومەتی ڕزگاریی نیشتمانی، جگە لەوەی هیچ سوودێک بە خەڵک و پێگەی هەرێمی کوردستان ناگەیەنێت، بگرە زیانی زۆریشی لێدەدات، هەر خۆی نیەتی حکوومەتی ڕزگاریی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکی حیزبییە، ئێستا دۆخی هەرێمی کوردستان هی ئەوە نییە کۆی دامەزراوەکانی کێشەیان هەبێت، بەپێچەوانەوە دەبێت هەمووان هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند مانگەی تەمەنیدا، بتوانێت هەندێک لە کێشەکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی عێراقیش چارەسەر بکات، لەکاتێکدا هەرێم لە دۆخی داواکردنی دانوستاندایە لەگەڵ بەغدا و زۆرێک لە وڵاتە زلهێزەکانیش پێشوازی لە داواکانی حکوومەتی هەرێم دەکەن بۆ دیالۆگ لەگەڵ بەغدا.

لەم قۆناغەدا گرنگە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن حیزبەکانەوە کێشەی ناوخۆیی بۆ دروست نەکرێت وەک ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم دروستکرا و سەرئەنجام ئێستا کوردستان بێ سەرۆکە! بەو پێیەی بارزانی دەسەڵاتەکانی دابەشی سەر دامەزراوەکانی دیکەی هەرێم کرد، هەر خۆی بۆ ئێستا دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم پێویستبوو، بەڵام کە ئەرکەکانی وەستاوە، ناکرێت حکوومەتیش سڕ بکرێت لەژێر ناوی ڕاگەیاندنی حکوومەتی ڕزگاریی نیشتمانی، چونکە بەڕاستی ئێستا هەرێم پێویستی بەو جۆرە حکوومەتە نییە، هەم ماوەیەکی زۆر لەپێش کابینەکەدا نەماوە، هەمیش لە قۆناغی سەختی ئابووری و

سیاسی و دیالۆگداین لەگەڵ بەغدا کە بەهێزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرەنتیی بەدەستهێنانەوەی بەشێک لە مافە زەوتکراوەکانی هەرێمە لە بەغدا، بەو مەرجەی کۆی لایەنە سیاسییەکان پاڵپشتی ئەو کابینەیە بکەن بۆ سەرخستنی پرسی دیالۆگ لەگەڵ بەغدا و هاوکات پرسی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان.

بەپێچەوانەوە کوردستان دووچاری کێشەی دیکەی تازە دەبێتەوە کە زیانی زۆری بۆ پێگەی هەرێم وەک کیانی سیاسی، بژێوی و ژیانی خەڵک وەک کۆمەڵگە دەبێت، هەموو ئەوانەش لە کاتێکدان ئەمەریکا دەیەوێت حیزبەکان هاوکاریی حکوومەت بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە ئەمەریکییەکان چەندین جار ڕایانگەیاندووە ئەوان هەرێمێکی بەهێزیان دەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا، دەکرێت ئەمە پڕۆژەی درێژخایەنی ئەمەریکا بێت، لەبەر ئەوەیە داوا دەکات حیزبەکان هاوکاریی حکوومەت بکەن لە چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمەریکا بەوپێیەی بەرژەوەندیی لێرە هەیە، هەرێمی بەلاوە گرنگە و هەوڵی پاراستنی دەدات، گرنگە کوردیش خۆی ئەو کیانە سیاسییەی بپارێزێت و بە یەکهەڵوێستی ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی سەری بێتەوە، لەدەستچوونی کیانی هەرێمی کوردستان، ئازارەکەی دە هێندەی ئازاری کەوتنی کەرکووک قوولترە!

زاری کرمانجی، ژمارەی ٥٤٤ لە دووشەممە ٢٠١٧/١١/٢٠

پاریس بەستەڵەکی قۆناغە سەختەکەی تواندەوە

لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە هەندێک ساردی کەوتە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ڕۆژئاواوە، بەوپێیەی بەرژەوەندیی وڵاتان لە عێراقدا، ئەوەی دەخواست لەم قۆناغەدا یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزن، ئەگەرچی خۆشیان دەیزانن کە خودی عێراق ئێستا ئەو وڵاتە نییە بتواندرێت وەک وڵاتێکی یەکگرتوو و مەدەنی ناوی بهێندرێت، بەپێچەوانەوە بەرەو مەزهەبگەراییەکی تەواو دەچێت و هەر ڕۆژەی جۆرێک ئاڵۆزیی مەزهەبی و سیاسی دێتە گۆڕێ، تەنانەت سیاسییەکی وەک ئەیاد عەلاوی لەم ڕۆژانە گوتی نازانم کێ فەرمانڕەوای عێراقە!

دیارە عێراق لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە غروورییەکی زۆری گرت و هەموو دیالۆگێکی لەگەڵ هەرێمدا ڕەتکردەوە، بە سەپاندنی کۆمەڵێک مەرجی نائاسایی و نایاسایی و دژی حکوومەت و خەڵکی کوردستان کە ناکرێت هەرێمی کوردستان قبوولیان بکات، چونکە بەڕاستی نیەتی ئاشتەوایی نین، بۆ خۆفەرزکردنن بەسەر هەرێمی

کوردستانەوە، ئەمەش وایکرد وڵاتانی دونیاش لەو داوا زۆر و بێتامانەی عێراق بێزار بن تا ئاستی ئەوەی سەرۆکێکی وەک ئیمانوێل ماکرۆن، بانگهێشتی نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی هەرێمی کوردستان بکات بۆ پاریس کە ئەمە وەک ئاماژەیەک وایە بۆ ئەوەی ئەگەر عێراق بەردەوام بێت لەسەر غروورییەکانی خۆی، ئیدی هەرێمیش بێمنەت دەکەن لەسەر ئاستی ناوچەکەدا.

سەردانی نێچیرڤان بارزانی و شاندەکەی بۆ کۆشکی ئێلیزێ و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، ڕووداوێکی گرنگە، هەڵبەت بۆ قۆناغە سەختەکەی ئێستای کوردستان، چونکە لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراقیشدا خەڵکانێک دەخوازن هەرێمی کوردستان لەڕووی دیپلۆماسییەوە پەکی بکەوێت، بەڵام ئەو سەردانە بووە سەرەتایەکی دیکە بۆ دەربازبوونی هەرێم لەو قۆناغە سەختەیدا کە بە ناهەق بەسەریدا سەپێندرابوو، چونکە ماکرۆن بەڕوونی هۆشداری دایە حکوومەتەکەی عەبادی دەبێت ڕێزگرتن لە تەواوی بڕگەکانی دەستووری عێراقدا بێتە کایەوە کە ئێستا هەولێر داوای دەکات، ئەمەش لە قازانجی هەولێردایە، لەبەر ئەوەی دەستوور زۆر شت بۆ هەولێر یەکلایی دەکاتەوە.

هاوکات ماکرۆن داواشی کرد میلیشیاکان دوای ئەم دیالۆگە نەمێنن بە حەشدی شەعبیشەوە، واتە چیتر ڕێگە بە چەتەگەرایی حەشدی شەعبی نادرێت بە ئارەزووی خۆی لەشکرکێشی بکات و غەدر لە پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە شیعە بکات، بەتایبەتی کورد، لەکاتێکدا فەرەنسا ئەو قسانە دەکات عێراق غرور بووە و ئەمەریکاش جۆرێک بێدەنگی نواندووە، بەڵام قسەی فەرەنسا ئاسایی نییە، بەتایبەتی لە

ئەورووپادا کاریگەریی زۆری بەسەر سیاسەتی یەکێتییەکەدا هەیە و دەتوانین وەک ئەمەریکای دووەم وێنای بکەین.

سەرۆکی فەرەنسا بەڕوونی بە بەغدای گوت، دەبێت داهاتەکانی عێراق بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو خەڵکی عێراقدا دابەش بکرێن. دیارە ئێمە کێشەمان لەگەڵ بەغدا لەسەر ئەوەیە کە داهات یەکسانی تێدا نییە و تەنانەت ئێستاش هەوڵی کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان دەدەن، بۆیە ماکرۆن ئەو خاڵەی وروژاند، چونکە دەزانێت هەرێم غەدری لێدەکرێت.

ئێمە بەردەوام داوای جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل دەکەین، بەڵام عێراق چاوشارکێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدا دەکات کە بە لای کوردەوە گرنگە، ئەوەتا سەرۆک ماکرۆن لە بەرژەوەندیی هەولێردا و بە زمانی فەرمان دەڵێت: دەبێت ماددەی ١٤٠ لە ناوچە کێشەلەسەرەکان جێبەجێ بکرێت و دیالۆگیش بەزووترین کات دەستپێبکات و تەواوی مافە دەستووری و شەرعییەکانی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت.

لەڕووی دیپلۆماسییەوە ئەو سەردانە دەبێتە هۆی تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکەی بەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمدا هاتووە، پێشبینی دەکرێت دوای گەڕانەوەی ئەو شاندە، وڵاتانی دیکەش پێشوازی لە شاندی هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە ئیدی بەستەڵەکی ئەو قۆناغە ساردەی پەیوەندییەکانی هەرێم بەڕووی جیهاندا توایەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٠٤ لە یەکشەممە ٢٠١٧/١٢/٣

شازدەی ئۆکتۆبەر.. خیانەت و بێئاگایی

لە ماوەی ٤٣ ڕۆژی ڕابردوودا، زۆر لەسەر ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر گوترا، بەوپێیەی ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئامانجی ستراتیژیی کورد و چاوچنۆکی بەغداوە هەبوو، لە چەندان ڕەهەندی کوردی و عەرەبی و جیهانیشەوە شیکردنەوەی بۆ کرا، بەڵام ئێستا گرنگە لە ڕەهەندێکی دیکەی ڕەخنەییی ئەمنییەوە قسەی لەبارەوە بکرێت، چونکە کۆی ئەو قسانەی لەسەری کراون، لە نێوان خیانەت و بیانوودا دەخولێنەوە، ئەو گرووپەی تۆمەتبارن لە ڕووداوەکەدا، پاکانە دەکەن و ڕیفراندۆم بە هۆکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر دەزانن، بەڵام لایەنەکەی دیکە، دەڵێت، ڕووداوەکە خیانەتە و ئەگەر بە ڕێککەوتنی ئەو گرووپەی ناو یەکێتیی نەبووایە، لەگەڵ حەشد و ئێران، هەرگیز کەرکووک بەو ئاسانییە نەدەکەوت و شارەکە دەبووە گۆمی خوێن بۆ حەشد و سوپای عێراق.

ڕەخنەی ئێستا قسەکردن نییە لەسەر خیانەتەکە و بیانووەکە، بە هەموو پێوەرێک و بە گوتەی خودی حەیدەر عەبادیش، پێشمەرگە لە

کەرکووک شەڕی نەکرد، ئەمە خۆی بەسە بۆ ئەوەی بزانین پێشمەرگە لە کەرکووک شەڕی نەکردووە و بە فەرمانی ئەو باڵە دەستڕۆیشتووەی کەرکووک کشاونەتەوە، لەکاتێکدا دەبوو شەڕ بکات، بەڵام کە شەڕ ناکات و شارێکی گەورە لە چەند کاتژمێرێکدا ڕادەست دەکرێت، ئەوە ڕوونە لە پشتی پەردەوە چی گوزەراوە! ئەمەیش واتە خیانەتی نیشتمانی، بەوپێیەی هیچ ڕێککەوتنێکی پەرلەمانی کوردستان یان سەرکرایەتیی سیاسیی کورد، لەگەڵ عێراقدا نەبووە بۆ هاتنە ناوەوەی حەشد بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان.

کەوایە پێویستە لە گۆشەیەکی دیکەوە، ڕەخنە لە دامەزراوەکانی هەرێم بگرین لە بێئاگاییان لە پیلانی ڕووداوەکە، ناکرێت لە قۆناغێکی هەستیاردا هەرێم هێندە لە ئاست نهێنیی ڕووداوێکی لەمجۆرە بێخەم بێت، بەتایبەتی لە دوای نزیکبوونەوەی کۆتاییی داعش و سەروبەندی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و بەدیاریکراویش ڕێک دوای ٢٥ی ئەیلوول کە ڕووداوێکی جیهانی بوو، بۆیەش ئەگەری گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا لە ئارادابوو، لە نێوان جیابوونەوەی کوردستان یان گەمارۆی ناوچەیی دژی هەرێمی کوردستان، یاخود شەڕی چەکداری لە ناوچە کێشەلەسەرەکان.

کەوایە دەبوو چاوەڕوانی ڕووداوێکی لەمجۆرە بکەن، لەکاتێکدا ئێمە لە هەرێمی کوردستان چەندین دامەزراوەی سیاسی و ئەمنی و سەربازیمان هەن، ناکرێت پێشبینی ڕووداوێکی لەمجۆرەی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر نەکەن، چونکە لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی مووسڵ، شیعەکان بە ئاشکرا دەیانگوت دوای مووسڵ دەچینەوە سەرجەم ئەو ناوچانەی کە سوپای عێراق جێیهێشتبوون و پێشمەرگەی تێدا

جێگیرکرابوون، شەڕی حەویجەش دواخرا، بۆ ئەوەی زۆرترین هێز لە نزیک کەرکووک کۆبکرێتەوە، هەموو ئاماژەکان ڕوونبوون شتێک ڕوودەدات، بەڵام دیارە کورد هیچ پلانێکی نەبووە تا ڕێگری لە ڕووداوێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر بکات یان زیانەکانی کەمتر بکاتەوە، بەتایبەتی دەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان گومانی لەو باڵەی یەکێتی لە کەرکووک هەبووایە لەوەی شەڕی عێراق ناکەن! هەر خۆی لەژێر گوشاردا بەشداریی ڕیفراندۆمیان کرد.

لێرەدا دەبێت بپرسین، ئەگەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ڕووداوەکە بوونە، بۆچی بەخێرایی فەرماندەکانی پێشمەرگەیان لەو ناوچانەدا نەگۆڕی بۆ ڕێگریکردن لە ڕووداوەکە؟ خۆ ئەگەر ئاگاداری پیلانەکەش نەبوون، دەبێت وەک وانەیەک بێت بۆ ئایندە و پێویستە چاوکراوەتر بن، چونکە ڕووداوێکی گەورەی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر، هی ئەوە نییە هەرێم درکی پێ نەکات یان پێشبینی نەکات، بەڕاستی لێرەدا پێدەچێت خەتاکە لە ڕاوێژکارەکان بێت لەوەی نەیانتوانیوە هەست بە مەترسییەکی ئەوها بکەن یان پلانیان نەبووە، مرۆڤ دەترسێت قەناعەتیان بە قسەکانی عەبادی هاتبێت، کاتێک دەیگوت: ئێمە هێرش ناکەینە سەر هەرێمی کوردستان! بەڵام ئەوەتا ئەو قسەیەی لە خشتەبردن و فێڵکردن بوو لە هەرێمی کوردستان، ئەگینا دەبوو ئەوکات گومانی لێ بکرابوایە کاتێک ڕەتی دەکردەوە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، هەر خۆی ئەوە کۆدێک بوو کە ئەنجام دەدرا! بەڵام ئێمە دڵخۆشبووین بە فێڵەکانی عەبادی و دواییش بێ تەقە شاری کەرکووک ڕادەستی حەشد و ئێران کرا.

ئێستا ئۆکتۆبەر ڕوویداوە و قۆناغێکی دیکەی سیاسی و سەربازییە بۆ هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک هێشتا بەغدا هەڕەشە دەکات، ڕەنگە نەتوانێت لەژێر گوشاری ئەمەریکادا ئێستا شەڕی سەربازیی دژی هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنێتەوە، بەڵام بە هەموو شێوەیەک خەریکی تێکدانی ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی هەرێمی کوردستانە، لە لایەک دەڵێت: مووچە دەنێرین و مووچەش نییە، ئەمەیان بۆ هاندانی هاوواڵاتییانە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە دامەزراوە یاساییەکانی عێراق بەکاردێنێت بۆ دەرکردنی بڕیاری سیاسی لە بەرگی یاسادا بۆ سزادانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمیشدایە، ڕەنگە بۆ ئەوەش "پیلان"ی هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەری هەبێت لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا بەمەبەستی بچووککردنەوەی ناوبانگ و سنوور و پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکاندا، بەتایبەتی لەو ناوچانەی لەژێر هەیمەنەی ئێراندان.

کەوایە وەکچۆن شازدەی ئۆکتۆبەر بەرنامەی پێشوەختە بوو، هیچ دوور نییە، بەغدا بەرنامەی لەمجۆرەی بۆ هەندێک ناوچەی دیکەش هەبێت، بۆیە چاوکراوەیی لە ئاست هەنگاوە نهێنییەکانی بەغدا زۆر پێویستە بۆ ڕێگری لە ڕووداوی دیکەی هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەوکات بە خیانەت لە قەڵەمدان و ڕەخنەگرتن لە لایەنێک، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، وەکچۆن تاکو ئێستا هیچی لە کەرکووک نەگۆڕیوە، تەنانەت خودی گرووپە کوردییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەریش، ناتوانن پیاسەیەکی ئازادانەی ڕەحیماوا و خورماتوو بکەن، چونکە عەقڵی شۆڤێنیی عەرەب ئەو گرووپەی تا شازدەی ئۆکتۆبەر

ویستووە و دوای ئەوە هەموو شتێک کەوتووەتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

دەکرێت ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر وەک وانەیەکی بەخۆداچوونەوە وەربگیرێت و ئیدی کوردیش بە چاوی گومانەوە سەیری دەوروبەر و نەیار و تەنانەت دۆستەکانیشی بکات، بەو مەبەستەی چیتر فێڵی لێ نەکرێت.

هەفتەنامەی زاری کرمانجی، ژمارەی ٥٤٥ لە دووشەممە ٢٠١٧/١٢/٤

گەڕێکی دیکەی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە

لە دوای بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، پێوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە ساردی تێکەوت، بەتایبەتی لە سەروبەندی نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کە تورکیا زۆرترین جار داوای لە هەولێر کرد بۆ وەستاندنی ڕیفراندۆم.

ڕیفراندۆم کرا و ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەریش ڕوویدا و پێوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرەش زیاتر ساردی تێکەوت تا ئاستی ئەوەی تا ئێستا هیچ وەفدێکی هەرێمی کوردستان نەچووەتە تورکیا، سەرباری ئەوەی ئیبراهیم کاڵنی گوتەبێژی سەرۆکایەتیی تورکیا پێشتر ڕایگەیاندبوو لە ماوەیەکی نزیکدا سەرۆککوماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات، بەڵام تا نووسینی ئەم وتارە هیچ ئاسۆیەکی ئەو سەردانە دیار نییە.

تورکیا لە ناوچەکەدا وڵاتێکی بەهێزە و بۆ کورد شوێنگەیەکی ستراتیژیی هەیە و ناکرێت بە ئاسانی هەولێر دەستبەرداری بێت،

ڕاستە ئێستا تورکیا جۆرێک غروری گرتوویەتی لە پەیوەست بە پرسی کورد لە سەرجەم بەشەکاندا، بەڵام هێشتا درەنگ نییە و کورد دەتوانێت دووبارە دەست بکاتەوە بە پڕۆسەی ئاشتەوایی لە باکوور و هەروەها گرێدانەوەی گەڕێکی دیکەی پێوەندیی هەولێر و ئەنقەرە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دوولایەنە، بەوپێیەی تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بەردەوام ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، هەڵبەت خودی سیاسەتیش یانی بەرژەوەندی و قازانجکردن.

دەکرێت دیسانەوە هەولێر بە ستراتیژیی خۆیدا بچێتەوە و خۆی لە ئەنقەرە نزیک بکاتەوە ، ئەو نزیکبوونەوەیەش سوودی زیاترە تا زیانگەیاند بە هەولێر، تورکیا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین قازانجی بۆ هەولێر هەبووە، ئەو وڵاتە بووە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی هەولێر نەوتی خۆی بەوێدا بگەیەنێتە جیهان، هاوکات لە بەرانبەر عێراقدا زۆربەی جارەکان پشتی هەولێری دەگرت، بەڵام وەک گوترا لە دوای ڕیفراندۆمەوە ئەو هەڵوێستەی تورکیا بە هەڕەشە و هەتا چاوسوورکردنەوەش گۆڕا، ئەگەرچی تورکیا کۆی ئەو هەڕەشانەی کردی، بەتایبەتی هەڕەشەی داخستنی سنوور، هیچی نەخستە باری جێبەجێکردنەوە و تا نووکەش نەوتی هەولێر دەچێتە تورکیا و کاڵا و خۆراکی تورکی دێتە هەرێمی کوردستانەوە و کاریگەریی زۆریشیان لەسەر ڕاگرتنی بازاڕی کوردستاندا هەیە، ئەگینا ئێستا گرانی ڕووی لە کوردستان دەکرد، لەو حاڵەتەشدا تەنیا خەڵکە هەژارەکە زیانمەند دەبوو.

لە لایەکی دیکەوە تورکیا زۆرترین هاوکاری بۆ زیانلێکەتووانی بوومەلەرزەکە ڕەوانەکرد، هەموو ئەوانەش پێماندەڵێن هێشتا تورکیا

ئومێدی بە هەولێر ماوە، ئەگینا کۆمپانیا و کرێکارەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان دەکشاندەوە، بەوپێیەی تورکیا وڵاتە و دەتوانێت ئەو زیانانە پڕ بکاتەوە، بەڵام کاتێک ئەو هەنگاوانە ناگرێتەبەر، بێشک چاوی لەوەیە دووبارە پێوەندییە ساردەکەی لەگەڵ هەولێردا گەرم بکاتەوە.

هەڵوێستی تورکیای پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر جیاوازە لەگەڵ دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، پێش ئۆکتۆبەر بە ئاشکرا هەڕەشەی لە هەولێر دەکرد، بەڵام کاتێک بە هۆی ئۆکتۆبەرەوە هەرچی تورکمان هەن دەکەونە ژێر هەیمەنەی میلیشیا شیعەکانەوە، ئینجا تورکیا جۆرێک بێدەنگی لە بەرانبەر هەولێردا نواند کە لە سیاسەتدا بە مانای بەخۆداچوونەوە دێت، واتە تورکیای ئێستا زۆر جیاوازە لەگەڵ تورکیای پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر، چونکە بەڕاستی تورکیا درکی بەوە نەکردبوو تورکمانەکان بەمجۆرە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی کە هێزێکی شیعەمەزهەبن و لە ئایندەدا ناکۆکییان لەگەڵ تورکیادا بۆ دروست دەبێت، چونکە حەشد دەیەوێت نموونەیەکی لوتبەرزی شیعەگەرایی بێت، ئەوەش بۆ تورکیا جێگەی نیگەرانییە، کەوایە لە ئێستاوە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت نێوانی شیعەی دەسەڵاتداری بەغدا و تورکیای سوننەمەزهەب تێک بچێت، بەوپێیەی حەشد لە هێزێکی شۆڤێنییە جگە لە شیعەی عەرەب، هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و مەزهەبی دیکە لە تەک خۆیاندا قبوڵ ناکات، ئێ ئەمەش ڕێک سەرئێشەیەکە بۆ تورکیا و لێرەدا ئەنقەرە پێویستی بە کورد دەبێَت، لەولاوەش شنگال کەوتووەتە دەست حەشد و پەکەکە و ئەگەری ئەوەش هەیە ببێتە قەندیلی دووەمە، زاڵبوونیش بەسەر

پەکەکە، جگە لە پارتی هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێت ئەوە بکات، هەموو ئەو ئاماژانە دەڵێن لە ماوەیەکی دیکەدا بەستەڵەکی نێوان ئەنقەرە و هەولێر دەتوێتەوە و دووبارە هەولێر و ئەنقەرە دەست دەکەنەوە بە هەنگاوە دیپلۆماسییەکان.

مادام بەهۆی سەپاندنی واقێکی تاڵ، هەولێر لە ئێستادا ناتوانێت لە عێراق جیا ببێتەوە، ئیدی پێویستی بەوەیە پێگەی خۆی وەک هەرێمی کوردستان بپارێزێت و دووبارە ستراتیژیی خۆی دابڕێژێتەوە لە پەیوەست بە پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و بەتایبەتی تورکیادا، چونکە دەرکەوت هێشتا دونیا بێویژدانە لە ئاست پرسی سەربەخۆیی کوردستاندا و ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ بەغدا دەکەن. کەوایە دەبێت کوردیش کارێکی وا بکات بەرژەوەندیی زۆرترین وڵاتی ناوچەیی و جیهانی بهێنێتە هەولێر، ئەوکات دەتوانێت هەنگاوی دیکە بە ئاراستەی سەربەخۆییدا بهاوێژێت.

زاری کرمانجی، ژمارەی ٥٤٦ لە دووشەممە ٢٠١٧/١٢/١١

بەرژەوەندیی هاوبەشی کورد و مالیکی

لە دوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەغدا بە لۆژیکی هێز و لوتبەرزی، مامەڵە لە تەک هەولێردا دەکات و هیچ کەسێک قسەیەکی خێر لە بەرژەوەندیی مافەکانی گەلی کوردستاندا ناکات. هەمووی چاوی لەسەر ئەوەیە هەولێر دەرگەی دامەزراوە باڵاکانی دابخات و فەرمووی هاتنی چەکدارانی حەشدی شەعبی بۆ ناو هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش دوای ئەوەی بەهۆی ڕێککەوتنی گرووپێکی ناو حیزبێکی دیاریکراوی کوردستان(یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کەرکووک و نیوەی خاکی کوردستان لە چەند کاتژمێرێکدا بە کێڵگە نەوتییەکانیشەوە، کەوتنە ژێر هەژموونی حکوومەتی عێراقەوە.

لە سیاسەتدا هیچ شتێکی جێگیر نییە، دەکرێت زوو زوو هەڵوێستەکان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان گۆڕانییان تێدا ڕووبدات، لە سیاسەتدا دوژمنی هەمیشەیی نییە، هەروەها دۆستی هەمیشەییش نییە، بەڵکوو دوژمن و دۆستەکان، لەسەر بنەمای زیاد و کەمی

بەرژەوەندییەکانەوە دروست دەبن، ئەگەر دوێنێ ئێران دژی عێراق بوو، ئێستا دژی نییە، دژایەتیکردنی کورد وایکرد تاران و بەغدا و ئەنقەرە لەسەر یەک مێزی دانوستاندندا دابنیشن، لەکاتێکدا دژایەتیی یەکتریان دەکرد، تەنانەت هەر پارسانّ عەبادی و ئەردۆغان سووکایەتییان بە یەکتری دەکرد، لێرەدا ئەوە بەرژەوەندیی ئەو سێ وڵاتە بوو لەسەر یەک مێزدا کۆی کردنەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تاسەر ئەو بەرژەوەندییە وا دەکات تاران و ئەنقەرە و بەغدا هاوهەڵوێست بن؟

چەند ساڵێک پێش ئێستا، نووری مالیکی نەیاری سەرسەختی کورد بوو، هێزی بە ئاڕاستەی کوردستاندا جووڵاند، بەڵام هێرشی نەکرد، کەچی ئەو حەیدەر عەبادییەی کورد بە دۆستی خۆی دەزانی، میلیشیاکانی تەرمی پێشمەرگەیان خستە دوای ئۆتۆمبێلەوە و بە شەقامەکانی کەرکووکدا سووڕاندیانەوە! مالیکی دەیگوت: سەرجەم داهاتەکانی هەرێمم ڕادەست بکەن، تەواوی بەشە بودجەی کوردستان دەنێرم، بەڵام ئەوکات هەرێمی کوردستان پێی وابوو ئابووریی سەربەخۆ باشترە، تا ئەوکاتەی ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر کێشەی بۆ ئابووریی سەربەخۆ دروستکرد بە ڕادەستکردنی کێڵگە نەوتییەکان، کەچی ئێستا هەرێمی کوردستان بۆ دانوستاندن و چارەسەری کێشەکان ئامادەیە داهاتەکان ڕادەستی بەغدا بکات، بەڵام غروری حەیدەر عەبادی هێشتا ڕازی نییە بەوە و چاوی لەوەیە لە ڕێگەی چەکەوە کێشەکان بە قازانجی خۆیدا بکەوێنێتەوە.

ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکدایە کە لەژێر گوشاری نێودەوڵەتییدا دەبێت لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە و بەگوێرەی دەستووریش کێشەکانی چارەسەر بکرێت، لێرەدا هەولێر پێویستی بەوە هەیە دیسانەوە لە بەغدا دۆستی سیاسی بدۆزێتەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش، چونکە سیاسەت ئاوی خێرات نییە، هەرچی بیەوێت بە خۆڕایی جامی تێبخات، ناکرێت هەولێر لەبەردەم هەڕەشە و غروورییەکانی حەیدەر عەبادیدا دەستەوەستان بێت، چونکە ئاشکرایە عەبادی دەخوازێت کێشەکانی لەگەڵ هەولێردا بەجۆرێک چارەسەر بکات کە تەواو هەولێر لاواز بکات، ئێ چونکی هەولێر دۆستەکانی کەمی کردووە، عەبادی ڕێک ئەوەی بە دەرفەت زانیوە.

هەولێر لە قۆناغێکدا داوای دیالۆگ لەگەڵ بەغدا دەکات، هیچ کەس قسەی خێر ناکات، هەمووان دەیانەوێت عەبادی بەو غروورییەی خۆیەوە گوشارەکانی بۆ سەر هەولێر زیاتر بکات، بەڵام نووری مالیکی، ئەو پیاوەی تا دوێنێ دژایەتیی کوردی دەکرد، ئەمڕۆ دێت و لەسەر شاشەی ڕووداو دەڵێت لە ڕابردوودا هەڵەیەک ڕوویدا و ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت، ئەمە بە نیسبەت کوردەوە قسەیەکی تازەیە، لە عێراقێکدا کەس قسەی خێری بۆ ناکات، بۆیە دەکرێت بکرێتە دەرچەیەکی تازەش بۆ بەهێزبوونەوەی کورد لەبەر چاوی عەبادیدا، بەوپێیەی مالیکی خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەیە لە بەغدا و کاریگەریی گەورەی بەسەر ئەدای عەبادیدا هەیە و ڕەنگە لە هەڵبژاردنیشدا بکەونە بەرانبەر یەکترییەوە.

کەوایە هیچ شوورەیی نییە ئەگەر کورد لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا خۆی لە مالیکی نزیک بکاتەوە، مادام ئێستا ئێمە دوو بژاردەمان لەپێشدایە، مالیکی یان عەبادی، ئەوەتا عەبادی قسەی خێر ناکات و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت مافە یاساییەکانی کورد پێشێل بکات، بەڵام لە تەک ئەودا، پیاوێکی بەهێز دەڵێت: قبووڵ ناکەین حکوومەتی عێراق مافەکانی کورد نەدات، هاوکات داوای بەپەلەی ناردنی مووچەی کوردستانیش دەکات، لەکاتێکدا هەولێر کێشەی دارایی هەیە و ڕەنگە مالیکی بیەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی چاوێک بە سیاسەتی پێشووتری دابخشێنێتەوە، کەوایە ناکرێت هەولێر ژمارەی دوژمنەکانی زیاتر بکات و دۆستەکانیشی لەدەست بدات، مادام بڕیاری سیاسەتکردنی داوە، دەبێت گوێ بە قسەی ئەموئەو نەدات و بەگوێرەی بەژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بڕیار بدات.

ڕاستە نووری مالیکی بودجەی بڕی، بەڵام حەیدەر عەبادی نەک هەر بودجە، پێشمەرگەشی شەهید کرد و هێرشی کردە سەر کوردستان و تەنانەت بە ئاشکرا داوای نەهێشتنی کیانی هەرێمی کوردستانیش دەکات، تەنانەت بە قسەش ئامادە نەبوو لە ڕێوڕەسمی کۆتایی داعشدا، ناوی پێشمەرگە بهێنێت، هاوکات ئێستاش بەردەوامە لە هەڕەشەی سەربازی بۆ سەر کوردستان، بەڕاستی عەبادی هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە!

هەرێمی کوردستان دووچاری واقیعێکی تاڵ بووەتەوە و مادام ئامادەیە بگەڕێتەوە بەغداش، کەوایە پێویستی بەوەیە دیسانەوە بە ئەجێندای سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بچێتەوە، بە بەرنامەی

سیاسی هەنگاو بە هەنگاو ئەو شتانەی لەدەستی داون، بەدەستیان بهێنێتەوە، پەیوەندیگرێدان لەگەڵ مالیکیشدا هیچ شوورەیی نییە، بەڵکوو وەڵامێکە بۆ عەبادی و بەڕاستی پێویستە ئیدی کوردیش بەپێی بەرژەوەندییەکانی مامەڵە بکات.

لەکاتێکدا ئەمەریکا داوا لە کورد دەکات هاوکاری عەبادی بکات، بەڵام ئامادە نییە گوشارەکانی بۆ سەر عەبادیش زیاد بکات و داوای دانوستاندنی بەپەلەی لێ بکات، هەر بۆیە عەبادی وا تێگەیشتووە ئیدی کۆتایی بە کورد دەهێنێت، چونکە ئەمەریکا و لەسەر ئاستی عێراقیشدا پاڵپشتیی کورد ناکرێت و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردووشدا جگە لە مالیکی و عەلاوی جا بۆ بەرژەوەندیی خۆشی بێت، کەس قسەی خێری بۆ کورد نەکردووە. کەوایە دەکرێت ئیدی کوردیش لە بەرانبەر عەبادیدا بەدوای دۆستی تازەدا بگەڕێت، مادام ئێمە لەم قۆناغەدا لە تەک عێراقدا ماوینەتەوە.

سەرنج: ئەم وتارە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧ نووسراوە، بەڵام مێژووەکەی دیار نییە.

ڕیفراندۆم.. مۆتەکەی سەرشانی عەبادی

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە چاوەڕوانییەکی زۆری خەڵکی ئێمە کەوتووەتە سەر حەیدەر عەبادی گوایە بژێویی خەڵکی هەرێمی کوردستان چاک دەکاتەوە، بەشێکی ئەو چاوەڕوانییانە ڕەنگە پەیوەندی بە سادەیی خەڵکەوە هەبێت کە بەداخەوە ناتوانن ڕووداوەکان وەکخۆی درک پێ بکەن، یان توانای ناسینەوەی سەرکردەی ڕێکلامچیان نییە، بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بە نائومێدییەوە هەیە کە لە دوای ٢٠١٤ بەداخەوە پرسی مووچە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و گەمارۆکانی بەغداوە چارەسەر نەکرا و پرۆژەکانیش وەستان.

دەی تۆ ئارەزووی خۆتە ئومێدت بە عەبادی هەبێت، بەڵام ڕاستییەکەی عەبادی هیچ کات نایەوێت هەرێمی کوردستان پێشبکەوێت، ئەگەر بودجەش بکاتەوە سەدا حەفدەکە، هێشتا من گومانی لێدەکەم هەموو شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان خەرج ناکات و چاوشارکێی جۆراوجۆر لەگەڵ خەڵکی ئێمەدا دەکات

تا دیسانەوە بودجە ڕەوانە نەکاتەوە، چونکە عەقڵییەتێک لە بەغدا حوکم دەکات نایەوێت کورد پێشبکەوێت، دەزانن بۆچی؟ چونکە پێش بڕینی بودجە بە بەراورد بە بەغدا، هەرێمی کوردستان لەڕووی بژێوی و پێشکەوتنەوە جیاوازییەکی زۆری هەبوو کە ئیدی ئەو عەقڵییەتەی بەغدا ئەو پێشکەوتنەی پێ هەزم نەکرا، پێش ئەوەی تۆ ڕەخنەت هەبێت، منیش دەڵێم بەفیڕۆدانێکی زۆری پارەش لە هەرێم هەبووە، بەڵێ، خەڵکێکی زۆریش لە هیچەوە بوون بە پارەداری زەبەلاح، هەموو ئەوانە دەچنە چوارچێوەی گەندەڵییەوە، بەڵام دیسانەوە ئەو پێشکەوتنەی هەرێم ناکرێت بەو بەغدایە بەراورد بکرێت.

هەر بۆیەش ئەو عەقڵییەتەی بەغدا هەموو هەوڵێک بۆ شکست پێهێنانی هەوڵێر وەک کیانێکی سیاسیی کوردی دەخاتەگەڕ و بەداخەوە لەو هەرێمەیشەوە هاوکاری ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنیستییە دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ململانێی تەسکی حیزبییەوە، بەهۆی ئەو پەروەردە سەقەتەی حیزبییەوەیە کە بەرچاوی هەمووانی ڕەشکردووە و لەبری بەرژەوەندیی گشتیی نیشتمان، بەرژەوەندیی حیزبی و گرووپەکانی ناو حیزب لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنرێن.

شووڕەییەکی گەورە بوو لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، هەمدیسان حیزبە کوردییەکان بەردەوامییان بە دووبەرەکی و چەند لیستی و هاوپەیمانێتیی جیاواز دایەوە، ئەو کۆمەڵە لیست و هاوپەیمانێتییە کە لە ئایندەدا ڕادەگەیەندرێت، جگە لە ناشیرینکردن و لاوازترکردنی

پێگەی کورد لە بەغدا، هیچی دیکە نییە، لێرەدا بەغدا زۆرباش لە دوای ئۆکتۆبەرەوە کوردی هەڵسەنگاند، بەوەی لەبری ئەوەی هەموو بە یەکدەنگ دژی ئەو داگیرکارییە بوەستنەوە و هۆشداری نەتەوەیی و کشانەوە لە حکوومەت بدەن، بەپێچەوانەوە هەمووان بە جیاواز و گرووپ گرووپ چوونەوە بەغدا، واتە حیزبەکان و تاقمی ناو حیزبەکان.

دەبوو لە دوای ئۆکتۆبەرەوە سەرباری هەموو ڕەخنەکان، هەمووان پاڵپشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوونایە بۆ ئەوەی لەم قۆناغە سەختەدا گەلەکەمان لەو هەموو سووکایەتی و گەمارۆ نایاساییەی بەغدا ڕزگاری بووایە، بەڵام ئیدی ئەوە کوردە دیسانەوە هەمووان دژی ئەزموونی خۆیان وەستانەوە و هەندێکیش ڕۆژانە هەواڵە ئیستیفزازییەکانی عەبادی وەک گرنگترین هەواڵ بۆ خوێنەری کوردی دەگوازنەوە، نازانم ئەو عەبادییە کوێی ئەوها جوانە تا بەمجۆرە لای بەشێکی کورد خۆشەویست بێت!

تۆ ئارەزووی خۆتە کە باوەڕت بە عەبادی هەیە و ئومێدێکی زۆرت بە هاتنی مووچە لە بەغداوە هەیە، بەڵام گریمان هاتیش، ئەمە تا سەر نابێت و دیسانەوە کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە و ڕەنگە کورد زیانی دیکەش بکات ئەگەر بەم ڕێتمەی ئێستای لەگەڵ عەبادیدا ڕێککەوتن بکات، چونکە عەبادی خۆی نییە، لە سەرووی ئەوەوە، واتە مەرجەعی ئایینی و ئێران، ئاڕاستەی دەکەن، دەکرێت لێرەدا ڕۆڵی عەبادی لە ڕۆبۆتێک زیاتر نەبێت کە لە چەندین لای دیکەوە خاوەنەکانی

ئاڕاستەی دەکەن، کەوایە ئومێدهەڵچنین بە بەڵێنەکانی عەبادی، ڕێک فێڵکردنە لە خودی خۆمان.

ئێوە دیقەت بدەن، دەزانن عەبادی چەندە تامەزرۆی ئەوەیە لە پەرلەمانی هەرێمەوە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم هەڵبوەشێندرێتەوە، دەزانن ئەگەر هەولێر ئەوە بکات، ئیدی ئەو عەباديیە هیچ حیسابێک بۆ کورد ناکات، چونکە ئێستاش ترسی گەورەی لە ئەمجامی ڕیفراندۆم هەیە و ئەو ئەنجامە مۆتەکەیەکە بەسەر شانی عەبادی و تاقمەکەیەوە، خۆ ئەگەر کورد بە درێژایی مێژوو چەند هەنگاوێکی گرنگی هاویشتبێت، بەدڵنیاییەوە ڕیفراندۆم یەکێکە لە گرنگترینی ئەو هەنگاوە سیاسییانە، چونکە کورد بە فەرمی بە دونیای گوت ئێمە بەشدار نین لەو عێراقە ستەمکارەی هەر ڕۆژەی بەشدارە لە جۆرێک فەساد و دروستکردنی گرووپی تۆندڕۆی مەزهەبی و ئایینی و فەشەلی سیاسی.

بەڵام لێرەدا پرسی داخوازیی کورد بۆ دیالۆگ ئەو گرنگییەی هەیە دیسانەوە کورد وەک نیازپاکییەک بە دونیا دەڵێتەوە هێشتا دەمانەوێت دەرفەتێکی دیکە بەو عێراقە بدەینەوە کە ئێوە لەبەر چاوی کاڵی عەبادی چاوتان ڕاستییەکان نابینێت و بێدەنگن لە ئاست ئەو پێشێلکارییانەی بەرانبەر مافەکانی کورد ئەنجام دەدرێن. دیالۆگی هەرێم بۆیە زۆر پێویست بوو، چونکە عێراق فرچکی بە جەنگ و ماڵوێرانی گرتووە، ڕۆژێک شەڕفرۆشتن بە ئێران، ڕۆژێک کوشتنی کورد و کاولکردنی گوند و داگیرکاری لەسەر خاکی کوردستان، ڕۆژێک شیعە دژ بە سوننە، سوننە دژ بە شیعە و شیعە دژ بەوانی

دیکە دەوەستنەوە، ئەها بیرمان نەچێت شەڕفرۆشتن بە کورد پڕۆژەیەکی شۆڤێنیستییە و بەردەوامی دەبێت، تەنیا لە حاڵەتی دروستکردنی دەوڵەتدا ڕەنگە کەم بێتەوە، ئەویش بەهۆی سەروەریی سنووردەوە، بەڵام ئەوەتا دونیا ڕێگری ئەو خواستەی کورد دەکات و بەهۆیەوە عەبادیش شیری تیژتر بووە.

بەڵێ، هەموو ئەوانە پیشەی هەمیشەیی ئەو عێراقەن و تازەش ئەو وڵاتە شەڕخوازە ناتوانێت وەک وڵاتێکی بێ کێشە بێت و لەسەر بنەمای دیموکراسییەت بەڕێوە بچێت، بەپێچەوانەوە ئەو عێراقە ئامادەیە تەنانەت ئەگەر کوردیش نەبێت، شەڕ بە خودی خۆی بفرۆشێت! مەگەر لەو عێراقەدا حوسێنی نەوەی پێغەمبەر گەمارۆ نەدراو و بە ناشیرینترین شێوە نەکوژرا! مەگەر ڕۆژانە سەدان کەس نابنە قوربانیی ململانێ مەزهەبییەکان! ئەوە عێراقە، وڵاتی شەڕ و ماڵوێرانی، وڵاتی ستەمکاری و پێشێلکارییەکان، هەر بۆیە دیالۆگ گرنگ بوو چونکە ئەو بیانووەی لە چنگ عەبادی دەرهێنا کە دەیویست ستەمکاری دژ بە گەلی کورد ئەنجام بدات بە پاڵپشتیی ئێران و چەکە ئەمەریکییەکان، ئەوە سیاسەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بوو لەم قۆناغەدا بە دونیای گوتەوە ئێمە لەگەڵ ئاشتیداین و دەمانەوێت دەرفەتێکی دیکە بەو عێراقە خوێناویە بدەینەوە. بەڵێ، ئەگەر عەبادی و تاقمەکانی دوای ئەوە بەردەوام بن، ئیدی قۆناغێکی دیکە دێتەگۆڕێ کە ئەگەری ئەوە هەیە عەبادی ئەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەی لەدەست بچێت!

سەرنج: ئەم وتارە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧ نووسراوە، بەڵام مێژووەکەی دیار نییە.

(٢٠١٨)

خەونی کورد دەوڵەتە نەك پاراستنی لە هەڕەشەکان

لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەمەریکا لە زۆر ڕووەوە کوردی پاراستووە و ڕێگەی نەداوە ڕژێمەکەی سەددام حوسێن چیتر هێرشی بکاتەوە سەر، بەڵام پێویستە بپرسین ئایا خەونی کورد تەنیا پاراستنە لە هەڕەشەکان؟ یان خەونی(ئامانج) دیکەی مێژووییشی هەیە کە ئەویش دەوڵەتی کوردستانە؟

هەڵبەت پاراستنی کورد ئێستاش گرنگی خۆی لەدەست نەداوە، بەڵام ئەوەش هەموو شتێک نییە! خەونی کورد وەک نەتەوە زۆر لەوە گەورەترە تەنیا بپارێزرێت، بەو مانایەش نا، ئەوەی ئەمەریکا بۆ کوردی کردووە، نادیدە بگیرێت، هەرگیز نابێت کورد چاکەی ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا نادیدە بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نابێت کورد ئەوەشی لەیاد بچێت کاتێک ڕژێمەکەی سەددام ڕووخا و عێراق وەک دامەزراوە و سوپا هیچی نەما و لێکهەڵوەشایەوە، ئەمەریکا دەیتوانی ئاستی ئەو قەوارەیەی ئێستای کوردستان بەرزتر بکاتەوە، دەوڵەت یان کۆنفیدراڵی ئاسانترین کارێک بوون ئەمەریکا

دەیتوانی بۆ کوردیان بکات، بەڵام ئەوەش خەتاکەی تەنیا بۆ ئەمەریکا ناگەڕێتەوە، ئەو خواستی جیابوونەوەیەی ئێستا کورد لە عێراق هەیەتی، ئەوکات نەیبوو، بەپێچەوانەوە هەوڵی دروستکردنەوەی عێراقی دەدا و کاتێکیش بەئاگا هاتەوە، عێراق بووە خاوەن ئابرامز و ئێف ١٦ و سوپایەکی مەشقپێکراو بە دیسپلینی ئەمەریکی و میلیشیای حەشدی شەعبی.

کاتێک داعش دێت، عێراق دیسانەوە لە هەڵوەشانەوە نزیک دەبێتەوە و سوپا چەک فڕێدەدات و تاکە هێزی شەڕکەریش پێشمەرگە دەبێت، ئەوکاتیش ئەمەریکا دەیتوانی بە بیانووی داعش و مەترسیی هێرشەکان، هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی پارێزراو لە عێراق دابمڕێت، بەتایبەتی کە نێوانی هەولێر و ئەنقەرە زۆر باش بوو، دیسانەوە ئەمەریکا هیچی بۆ کورد نەکرد و کوردیش شەڕی داعشی کرد و بەردەوام بوو لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و بەغدا، هەڵبەت بەبێ خستنەڕووی مەرجەکانی خۆی، وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراو.

شەڕی داعش نزیکەی سێ ساڵی خایاند، لەو هەلومەرجەشدا حەشدی شەعبی دروستبوو، هەر لە سەرەتاوە هەڕەشە بوون بۆ کورد، ئەمەریکا تەنیا ڕەخنەی گرت و کردەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، بەغدا هەرچی بۆی کرا دژایەتی کوردی کرد، کوردیش بە تەواوی بێزار بوو لە بەغدا و ڕیفراندۆمی وەک تاکە دەرچەی ڕزگاربوون لە ئاڵۆزییەکانی بەغدا کردە بەرنامەی سیاسیی خۆی، پێش هەموو ولاتەکان ئەمەریکای هاوپەیمان دژی ڕیفراندۆم وەستایەوە و ئەمەش بووە هۆی

زیادبوونی گوشارەکانی بەغدا بۆ سەر کورد، بەوپێیەی بەغدا تێگەیشت ئەمەریکا پشتی لە کورد کرد و بۆیەش دوای ڕیفراندۆم هێرشی کردە سەر کوردستان و ئەمەریکاش تەماشاکەرێکی بێدەنگ بوو، تا ئەوکاتەی ئاستی شەڕەکە خەریک بوو گەورە دەبوو، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاری شەڕکردنی کۆتایی لەگەڵ حەشد دا و ئەمەش ئەمەریکای نیگەران کرد بەوەی لەژێر چاودێری ئەودا خەریکە ناوچەکە ئاڵۆز دەبێت، بۆیە داوای ڕاگرتنی شەڕی کرد.

ئەمەش لەکاتێکدایە خواستی کورد تەنیا پاراستن نییە لە هەڕەشەکان، خواستی ئێستای کورد دروستبوونی دەوڵەتە، ئەگەر ئێستا داوای مانەوە لە تەک عێراقدا دەکات، لە ناچارییە، بەوپێیەی عێراق بێهەڵوێستی ئەمەریکای بەهەند وەرگرتووە و دەیەوێت لە ڕێگەی شەڕدا هاوکێشەکان بە قازانجی خۆی بکەوێنێتەوە، کەچی ئەمەریکا لە ڕێگەی کاربەدەستەکانییەوە بەردەوام دەڵێن پشتیوانیی کورد دەکەین!

بەڕاستی ئەمەریکا بەو قسانەی دەیەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان کات بە کورد بکوژێت، ئەوەتا بە ئاشکرا دەڵێن، پشتیوانیی کورد دەکەین بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق. ئەرێ کەی ئێستا خواستە ڕاستەقینەکەی کورد مانەوەیە لە تەک بەغدا! خواستی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا لە ڕێگەی دەستوورەوە، ئارەزووی ڕاستەقینەی هەولێر نییە بۆ مانەوە لە تەک بەغدا، بەپێچەوانەوە لە ناچاریەوەیە، لەبەر ئەوەی بە بەرچاوی ئەمەریکاوە عێراق لەژێر کاریگەریی تاران، بەغدا شەڕ بە کورد دەفرۆشێت بۆ تێکدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو ئەمەریکایە تەنیا

داوای دانوستاندن لە عەبادی دەکات و گوشاری جیدی ناخاتە سەر، مرۆڤ گومان دەبات دەستی ئەمەریکا لەو گەمەیەدا هەبێت!

کۆی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، پێویستە خوێندنەوەیەکی دیکەی کوردییانەی بۆ بکرێت، بەو مانایە نا بڵێین ئەمەریکا دەیەوێت ئەزموونی کورد تێک بدات، ڕەنگە ئەمە ڕاست نەبێت، بەڵام کاتێک ئەمەریکا بە دەنگی بەرز دەڵێت پێویستە کورد لە تەک بەغدا بمێنێتەوە، ئەوە غەدرە لە کوردی دەکات و هێندەی دیکە حەیدەر عەبادی و تاران دژی کورد هاندەدات، چونکە کورد پشتی بە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەستووە، ئەگەر ئەوان ئەوە خواست و هەڵوێستییان بێت، بەدڵنیاییەوە شمشێرەکانی تاران و بەغدا زیاتر ئاڕاستەی خەون و بەرژەوەندییەکانی کورد دەکرێن!

کاربەدەستانی ئەمەریکا زوو زوو دەڵێن، ڕیفراندۆم بۆ دابەشکردنی عێراقی یەکگرتوو بوو، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین هەولێر و بەغدا پێکەوە بمێننەوە.

دەی خۆ ئێستا هەولێر لەسەر داوای ئەمەریکا و ڕۆژئاوا داوای دیالۆگ دەکات بۆ مانەوە لە تەک بەغدا، ئەی خێرە ئەمەریکا ئەو گوشارەی دەیخاتە سەر کورد، نایخاتە سەر عەبادی لەبەر ئەوەی دیالۆگ ڕەتدەکاتەوە بەخستنەڕووی کۆمەڵێک مەرجی ئیستفزازی بەرانبەر کورد!

لەو مەسەلەیەدا ئەمەریکا تەنیا قسەی کردووە و کردەوەی نەبووە، ئەگەر بەڕاستی هاوپەیمانیی کوردە و دەیەوێت لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی خۆیدا بیهێڵێتەوە، هەر هیچ نەبێت بە گوشارخستنە سەر

عەبادی، دەتوانێت لە چوارچێوەی عێراقدا مافەکانی کورد وەربگرێتەوە! لەکاتێکدا بە بەرچاوی ئیدارەکەی ترەمپ و لەژێر گوشاری هێز و بە پاڵپشتیی ئێرانەوە پرۆژەی لاوازکردن و غەدرکردن لە کورد جێبەجێ دەکرێت!

ماڵپەڕی کوردستان٢٤: ٢٠١٨/١/٥

بارزانی و ١٦ی ئۆکتۆبەر

ئێستا کە ئەم وتارەی تێدا دەنووسرێت، نزیکەی سێ مانگ بەسەر ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەردا تێدەپەڕێت، ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەو ڕۆژە شوومەی لەپڕێکدا دێتە ناو مێژووی کوردەوە، لەکاتێکدا کورد بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی خەونەکانی هەنگاوی گرتبووەبەر، ١٦ی ئۆکتۆبەر، مێژوویێک دەکرێت دوای سەدان ساڵی دیکەش، دەرهاویشتە خراپەکانی ببیندرێت و بخوێندرێتەوە.

کاتێک بارزانی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەدات، دەیزانی ڕەنگە ئەنجامگەلێکی خراپی لێ بکەوێتەوە و بە دڵی ئەویش نەبن، دەیزانی ڕیفراندۆم لە بەرژەوەندیی زۆر لایەن و وڵاتدا نییە، بەوپێیەی ڕیفراندۆم پڕۆسەیەکی سیاسیی هەستیار و نەتەوەیی بوو، سەرباری ئەوەی نەیاری دەرەکی هەبوو، هاوکات ناوخۆیشی زۆر بوو.

سەرباری هەموو ئەوانە، بەڵام ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراوبوو، نەک لەبەر ئەوەی ئەگەری ڕوودانی شەڕ

لەئارادا نەبوو، بەپێچەوانەوە هەر خۆی بەغدا نیازی هێرشی هەبوو، بەڵام لە شێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەردا نەبوو کە لەژێر گوشاری گرووپێکی ناو حیزبێکی کوردی خاوەن پێگە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، بەشێک لەو پێشمەرگانەی فەرمانی شەڕکردنیان هەبوو، بەداخەوە بێتەقەکردن ڕێگە لەبەردەم میلیشیا شیعەکاندا چۆڵ دەکەن.

دەی ئێستا ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویداوە و بەشێکی زۆریش لە خاکی کوردستان دووبارە کەوتوونەتەوە ژێر دەستی میلیشیا مەزهەبییەکان و کۆی نەوت و داهاتەکانی ئەو ناوچە داگیرکراوانەش بۆ دژایەتییکردنی کورد بەکار دەهێندرێن، بەڵام یەکێک لەو ئازارە قوڵانەی هێندەی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەویش ئازاری ئەوانە دەدات کە بە دڵسۆزییەوە چوونە سەر سندووقەکانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەویش توانجگرتنە لە بارزانی، گوایە ڕیفراندۆم هۆکاری ڕوودانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بووە.

ڕاستە بارزانی ڕیفراندۆمی ئەنجامدا و ئەو ئێستاش لێی پەشیمان نەبووەتەوە، بەوپێیەی لە سیاسەتدا بەبێ هەوڵدان هەرگیز ناگەیتە ئامانجە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانت، ئێ بارزانیش لە قۆناغێکدا ڕیفراندۆم ئەنجام دەدات کە عێراق بە هەموو شێوەیەک پێشێلکاریی بەرانبەر گەلی کورد ئەنجام دەدات و هێزە میلیشیاکانی بە چەکی ئەمەریکی تەیار دەکرد تا لە دوای داعشدا هێرش بکاتە سەر پێشمەرگە، بەڵام خۆ بارزانی نەیگوت با لەناو خۆماندا ١٦ی ئۆکتۆبەرێک ڕووبدات! بە ئازارتریش لە ١٦ی ئۆکتۆبەر، پاکانەکردنی ئەو گرووپەیە لە پەنای هێرشکردنە سەر ڕیفراندۆم و تۆمەتبارکردنی خودی بارزانی، گوایە ئەو هۆکاری هاتنە ئارای ئەو دۆخە بووە،

لەکاتێکدا ئۆکتۆبەر ئەو ڕووداوەیە هەموو خەڵک ڕاستییەکانی دەزانێت کە چۆن و بۆچی ئەنجام درا!

مەگەر لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا تەنیا پارتییەکان و ئەوانەی لایەنداری پڕۆژەکەی بارزانی بوون، نەکەوتنە ژێر هەڕەشەی میلیشیاکان و گرووپە کوردییەکەوە؟! مەگەر ئەو گرووپە کوردییە دەستیان بەسەر ماڵی تەنانەت هەڤاڵەکەی خۆشیاندا نەگرت، لەبەر ئەوەی وەک پارێزگاری کەرکووک پاڵپشتیی ڕیفراندۆمی کرد؟! مەگەر ئەو گرووپە کوردییە لە ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بەردەوام بانگەشەی وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک ناکەن، لەکاتێکدا ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستگیر دەکرێن و دەکوژرێن؟! مەگەر پەرلەمانتارانی نزیک لەو گرووپە بە ئارەزووی خۆیان هاتووچۆی ناوچە داگیرکراوەکان ناکەن و لەگەڵ چەکدارانی حەشدی شەعبیدا وێنەیان بڵاو نابێتەوە؟! لەکاتێکدا ئەوانەی پارتی، تەنانەت ناتوانن سەردانی ئەو شوێنانەش بکەن!

هەموو ئەوانەش پێمان دەڵێت ١٦ی ئۆکتۆبەر دژی بارزانی و ئینجا پڕۆژە نەتەوەییەکەی ئەنجام درا، تەنیا لەبەر ئەوەی کە بارزانی بە جیدیی دەیویست سوود لە دۆخەکە وەربگرێت، بە تایبەتی کە دەیزانی ناومانڵی عەرەبی عێراقی تەبا نەبوون، بەڵام بارزانی خەتای چییە لەپڕێکدا گرووپێکی کوردی وەک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، گوتی: خەنجەری ژەهراوی دەوەشێنن. فەرمانی شەڕنەکردن بۆ پێشمەرگە دەردەکات و دەبنە ڕێنیشاندەری میلیشیاکان بۆ ناو کەرکووک.

بارزانی دەزانێت دامەزراندنی دەوڵەت کڕینی ئۆتۆمبێلێک نییە لە پێشانگەیەکدا، دەیزانی پڕۆژەی سەربەخۆیی چەندە نەیاری دەرەکی هەیە، هێندەش ناوخۆیی، دەیزانی بەشێک لە نەیارە کوردەکان لەبری ئەوەی پاڵپشتیی پڕۆژەکە بکەن، دەخوازن فەشەل بهێنێت، بەڵام خۆ ئەو وەک بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی، پێویست بوو هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئیدی کوردیش خەونەکانی، ئامانجەکانی ببن بە ڕاستی و چیتر لە هەوڵی گەیشتن بە دەوڵەت سڵ نەکاتەوە و بە دەنگی بەرز بڵێت، ئێمەی کوردیش دەوڵەتمان دەوێت و دەمانەوێت وەک کورد هەبین و سەربەخۆمان بین، تەنانەت ١٦ی ئۆکتۆبەریش سەرباری ئاستەنگ خستنەبەردەم ئەو پڕۆژەیە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت خەونی (ئامانج) ڕاستەقینەی کورد بۆ سەربەخۆیی کۆتایی پێ بهێنێت.

ئەو گرووپە (گرووپێکی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ئەگەر نەختێک هۆشیاریی سیاسییان هەبووایە، بەمشێوەیە نەدەکەوتنە ژێر کاریگەریی درۆکانی بەغدا و نەدەبوونە سواری پێش کاروانی داگیرکەرانی کوردستان، بەوپێیەی بەغدا هەر خۆی دەیویست ناوچە کورددییەکانی ماددەی ١٤٠ داگیر بکاتەوە، کەچی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کردە بیانووی ئەو هێرشە بەرنامە بۆ داڕێژراوە، بەڵام کێشەکە زیاتر لەوە دایە، گرووپی ١٦ی ئۆکتۆبەر، پڕۆسەی هێرشکردنە سەر کوردستانییان خێراتر کرد و کارەساتەکانی زیاتریش بوون، بەوپێیەی ئەگەر گرووپێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەر، ناوچەکەکانیان بێ تەققە ڕادەستی حەشدی شەعبی و پاسداران نەکردبووایە، ئەوکات داستانی پردێ لە کەرکووک ڕووی دەدا و ئەوکاتیش هاوکێشە سەربازییەکان بە قازانجی کورد دەکەوتنەوە،

وەکچۆن لە دوای داستانەکانی پردێ و سحێڵا و مەحموودییەدا کە چەند ڕۆژێک دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویاندا، چاوی دونیا هاتەوە سەر کورد و حەیدەر عەبادیش نەختێک لە غروورییە سەربازییەکەی پاشگەزبۆیەوە، بەوپێیەی ئەبرامزە سووتاوەکە بووە مانشێتی ڕۆژنامە جیهانییەکان!

ئەو هێزەی کەرکووکی داگیر کرد، هەمان ئەو هێزە بوون لە پردێ و سحێلا لە بەرانبەر ئیرادەی ڕاستەقینەی پێشمەرگەدا دووچاری گەورەترین شکست بوونەوە، کەوایە ئەگەر ئۆکتۆبەر نەبووایە، ئێستا ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم شتی دیکە دەبوون و حەیدەر عەبادیش ئەو لووتبەرزەی ئێستا نەدەبوو، ئیدی ئەوە چانسی کوردە، عەبادی دەتوانێت بە پاڵپشتیی گرووپێکی کوردی، ١٦ی ئۆکتۆبەر بخولقێنێت!

لەڕاستیدا بارزانی پێشبینیی ئەوەی دەکرد ئەو شەڕەی لە پردێ ڕوویدا لە کەرکووک ڕووبدات، بەڵام چاوەڕوانی ڕووداوێکی شوومی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەری نەکردبوو کە کورد خۆی کارەکتەری سەرەکیی ئەو ڕووداوە خیانەتکارییە بێت! ئاخر ١٦ی ئۆکتۆبەر بە هەموو پێوەرێکی سیاسی و نەتەوەیی و سەربازی، خەنجەری ژەهراوی بوو لە جەستەی گەلێکی ستەمدیدە درا، ئەوکات پێشمەرگە لە قۆناغی سەرکەوتنیدا بوو بەسەر داعشدا و ئەگەر خەتای گرووپەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبووایە، هێرشیش بکرابووایەتە سەر کەرکووک، هەرگیز بەو ئاسانییە شارەکە ڕادەستی میلیشیاکان نەدەکرا و دەبووە گۆمی خوێنی سوپا و حەشدی شەعبی.

کەوایە ١٦ی ئۆکتۆبەر بە پلە یەک لە ڕقی بارزانی ئەنجام درا و وەک مێژوویکی ڕەشیش بۆ ئەو گرووپە دەنووسرێتەوە، ڕاستە پڕۆژەی سەربەخۆیی لە ئێستادا ئاستەنگی کەوتووەتە پێش، بەڵام ئەوە بۆ بارزانی هیچ خراپەیەکی تێدا نییە و ئەو هەوڵی مێژوویی و سیاسی و دیموکراسی خۆی داوە، مەرجیش نییە هەموو کاتێک پڕۆسە سیاسییەکان سەرکەوتوو بن، دەکرێت بۆ قۆناغێکی دیکە سوود لە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم وەربگیرێت، بەوپێیەی هێز نییە بتوانێت ئەنجامی ڕیفراندۆم هەڵبوەشێنێتەوە، مەگەر دیسانەوە ڕیفراندۆمێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم (٢٠١٧) بکرێت، ئەمەش ناکرێت.

ڕاستە دەگوترێت پڕۆژەکە هی بارزانی بوو، بەڵام لە جەوهەردا هی هەموو گەلی کورد بوو و بارزانی سەرپەرشتی کرد، کەوایە دژایەتییکردنی ئەو پڕۆژەیەش یان حەزکردن بە فەشەلی، ڕێک یەکسانە بە دژایەتییکردنی خواست و ئایندەی گەلی کورد، پاکانەکردنیش بۆ ١٦ی ئۆکتۆبەر ناتوانێت ئەو ئازارە قووڵە لە ڕۆحی گەلی کورددا بسڕێتەوە، چونکە مێژوو ڕاستی و ئازارەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ هەمیشە دەنووسێتەوە.

ماڵپەڕی کوردستان٢٤ (١٢-١-٢٠١٨)

فەیسبووک/ ٢٠١٨/١/١٤

هەڵبژاردنەکەی کەرکووك و بایکۆتەکەی پارتی

ئەگەر جاران تەنیا ڕژێمەکەی سەددام حوسێن وەک ستەمکارێک حوکمڕانێتیی کەرکووکی دەکرد، بەڵام لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، واتە ئێستا لە یەک کاتدا چەندین گرووپ و تاقمی میلیشیای چەکداری و مەزهەبی لە شارەکەدا بااڵدەستن تا ئاستی ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان سووکایەتی بە پێکهاتەی سەرەکیی شارەکە، واتە کورد دەکەن.

سەددام بەتەنیا هەر خۆی ستەمکاریی بەرانبەر کورد دەکرد و پڕۆسەی تەعریبکردنی شوناسی کورددییانەی کەرکووکی بەڕێوە دەبرد، کەچی ئێستا پێچەوانەکەی ڕاستە، دۆخەکە زۆر مەترسیدارتریشە لە سەردەمی سەددام، بەو مانایەی ئێستا لە یەک کاتدا چەندین گرووپ و لایەنی مەزهەبی و تێکەڵەی جیاوازی ئەملاوئەولای وڵاتان، بە ئەجێندای بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان و ئاغاکانیان هەوڵی داگیرکاری و سڕینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی

شارەکە دەدەن. پڕۆسەکە زۆر لەوە مەترسیدارترە خۆی تەنیا لە تەعریبکردندا ببینێتەوە، بەڵکوو بە حەشدکردن و بە ئێرانییکردن بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لەئارادایە.

سوننە و شیعە، واتە براندە عەرەبییەکە، تەنانەت لەسەر بەعەرەبکردنەکەش هاوڕانین، بەجۆرێک شیعە هەوڵی بەشیعەکردن و سوننەش بەسوننەکردنی کەرکووک دەدەن، هەروەها گرووپێکی دیکەش هەوڵ دەدات شارەکە بە ئێرانی بکات و لە تەک ئەمەشدا تورکمانەکان وەک پاشکۆی عەرەبەکان، ئەوانیش دەیانەوێت کورد لە شارەکەدا بە تەواوەتی بسڕنەوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی خورماتوودا، دەتوانین بەڕاشکاوی بڵێین کەرکووک بەشێوە گشتییەکەی بە دەیان ئەجێندای هەمەجۆری داگیرکاری و تالانکردنەوە دەورە دراوە.

لێرەدا ئێران ڕۆڵی کارای بۆ گوشارخستنە سەر عێراق هەیە تاکو پشکی گەورەی لەو پڕۆسە داگیرکارییەدا بەرکەوێت، تەنانەت ئێستا تاران سەرقاڵی بردنی نەوت و سامانی شارەکەیشە بەبێ ئەوەی عەبادی بچووکترین هەڵوێست وەربگرێت، بەڵام داوای گومرگەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و چاوی لە گومرگانەی هێلکە و شیری مندالانە! لەکاتێکدا خەڵکی ڕاستەقینەی شارەکە یان ئاوارە بوون یاخود لەدەست برسێتی و چەوساندنەوەی حەشدی شەعبی دەنالێنن.

هەموو ئەو هەوڵانەش لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێن کە ئەمەریکای داگیرکەری عێراق چاوی دەیانبینێت و کەچی بێدەنگی هەڵبژاردووە. لە ڕەهەندێکی دیکەوە، کەرکووک شکۆی شکێندراوە، نیوەی

خەڵکەکەی لە ترسا هەڵاتوون و لە هەرێمی کوردستاندا دەژین، حکوومەتی عێراقیش هیچ هەوڵێکی ئەوتۆ نادات بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە. هەر هیچ نەبێت هاووڵاتییانی کورد لەژێر چاودێریی ئیدارەیەکی هاوبەشدا بگەڕێنەوە شارەکە. کەوایە بەشداربیکردنی هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئاوادا، جگە لە زیانگەیاندن بە پێگە و شکۆی کورد، هیچی دیکە ناگەیەنێت.

بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک، بڕیارێکی سەرپێی نییە و کۆمەڵێک ئەجێندای قوواڵی نەتەوەیی، ئەمنی، سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتیشی لەپشتەوەیە، لەکاتێکدا پارتی خاوەن پێگەی سیاسیی خۆیەتی.

ئێستا دۆخی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان هی ئەوە نین تا هەڵبژاردنێکی پاک و دیموکراسییانەیان تێدا بەڕێوە بچێت، چونکە هەڵبژاردن لە هەلومەرجێکی ئاشتەوایی و سەقامیگردا سەرکەوتوو دەبێت، بەوپێیەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئەوانەی حوکمڕانێتیی کەرکووک دەکەن بە هەموو گرووپەکانییانەوە، تێڕوانینیان بۆ پرسی کورد و شوناسی ڕاستەقینەی شارەکە، هەمان دیدگە و سیاسەتی شۆڤێنیستییانەی سەددامە. کەوایە کورد ناتوانێت لەو دۆخەدا دەنگی پێویست بهێنێت و ڕەنگە زیانی مێژوویی بکات. ئەمەیش لەکاتێکدایە سیاسەتی شۆڤێنیستییانەی ئێستای بەغدا، دەخوازێت کورد بە لاوازی بچێتەوە کەرکووک و هیچ ڕۆڵێکی سیاسی و سەربازیشی نەبێت.

لێرەدا بەغدا دوو ئامانجی هەیە، هەم دەیەوێت بە کۆمەڵگەی بێهەڵوێستیی نێودەوڵەتی بڵێت، ئەوەتا کورد بەشدارن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی شارەکەدا کە ئەمە بۆ فێڵکردنە لە کۆمەڵگەی بێهەڵوێستی نێودەوڵەتی و هەمیش لە دیوێکی دیکەوە دەیەوێت لەژێر زەبری تانک و هێزی میلیشیای چەکداری مەزهەبیدا، کورد شکۆشکێن بکات بۆ سڕینەوەی ئیرادەی کوردستانییبوونی شارەکە.

هەر جۆرە بەشداریکردنێکی هەڵبژاردن لە دۆخێکی مەترسیداری ئێستای کەرکووکدا، جا هەر لایەنێکی کوردی بێت، شەرعییەتدانە بەو هەمووستەمکاری و شکۆشکێنییەی کورد کە لە شارەکەدا بە بەرنامە ئەنجام دەدرێت، بایکۆتکردنی پارتییش لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کەرکووکدا، ناکرێت وەک دەستبەرداربوون شارەکە لێکدانەوەی بۆ بکرێت یان خۆدزینەوە بێت، بەپێچەوانەوە پێویستە سەرجەم لایەنە کوردییەکان داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی مەترسیداری کەرکووک بکەن، ئینجا هەڵبژاردنی تێدا بکرێت، ئەگینا هەر هێزێکی سیاسی کوردستان لەو دۆخە مەترسیدارەی کەرکووکدا بچێتە هەڵبژاردنەوە پێی خۆش بێت یان نا، بەشدار دەبێت لە لاوازکردنی زیاتری پێگەی کورد لە شارەکەدا و شەرعییەتیش بەو داگیرکارییەی حەشد و گرووپەکانی دیکە دەدات.

گریمان تۆ وەک کوردێک، لایەنێکی سیاسیی کوردستانی، بەشداریی هەڵبژاردنت کرد، بەڵام هەرگیز لە خۆتت پرسیوە، ئایا دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت تەنیا ئاڵایەکی کوردستان لە جامی ئۆتۆمبێلەکەتەوە

بەرز بکەیتەوە؟ دەتوانیت کەمپینی هەڵبژاردن ساز بکەیت؟ ئەرێ بیرت لەوە کردووەتەوە هەڵبژاردن لەو ژینگە داگیرکارییەی کەرکووکدا جگە لە کۆمێدیا و شکۆشکێنی خۆت وەک کوردێک، چیترت پێشکەش دەکات؟ ئەرێ کەس لەژێر لوولەی دەبابەدا دەتوانێت بڵێت من کوردم و دەنگ بە کوردستان دەدەم؟ بۆ یەک جاریش بێت وەک کوردێک پرسیار لەخۆت بکە، ئایا ئەگەر عەبادی نەختێک نیەتی پاک بووایە، بۆچی سێ مانگە هەرچی ڕەمزێکی کوردی لە شارەکەدا هەیە، خەریکی بزرکردن و ڕەشکردنەوەیانە. ئێستا کورد لەسەر هەڵکردنی ئاڵایەکدا دەستگیر دەکرێت و ماڵەکەی تاڵان دەکرێت. کەوایە پێویستە کورد بایکۆت بکات یان ڕازی بێت بەو دۆخە ئەنتی کوردییە؟

بۆیە ئەو بڕیارەی پارتی لە خۆیەوە نییە، ئەوپەڕی جورئەتی سیاسییە، ئیدی کوردیش پێویستە بە سیاسەت داگیرکارییەکانی سەر کوردستان ڕەت بکاتەوە، عەبادی تاکو ئێستا هیچ نییەتێکی باشی بەرانبەر پرسی کورد نییە، ڕازیبوون بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، ڕازیبوونە بەوەی عەبادی و گرووپەکانی ستەمکاریت دەرهەق بکات.

ئەمە ڕاستە دوورکەوتنەوە لە کەرکووک خراپە، بەڵام ڕازیبوونیش بەو دۆخەی ئێستای شارەکە، خراپییەکەی زۆر زیاترە، دوورکەوتنەوەکە وەک ناڕەزایی و بایکۆتی هەڵوێستکارانە، بۆ ئەم قۆناغەی کورد پێویستییە و پەیامێکیشە بە دونیا دەگەیەندرێت بەوەی شارەکە داگیر کراوە، چونکە ناکرێت تۆ لەگەڵ کۆمەڵێک گرووپی میلیشیاییدا بچیتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، کاتێک

تەنانەت ئامادە نین گوێ لە قسەیەکی کورد بگرن، بۆیە لۆژیک قبووڵی ناکات لە سایەی ستەمکاری و داگیرکاریدا بچیتە سەر سندووقی دەنگدانەوە و خۆتیش بزانیت دەنگەکانت هیچ کاریگەرییەکیان نابێت. لەو سۆنگەیەوە بایکۆتەکەی پارتی ئەجێندایەکی ڕوونی لەپشتەوەیە و ڕەتکردنەوەی داگیرکارییە.

خۆزگە دۆخی کەرکووک بەمجۆرە نەدەبوو، ئەوکات کوردیش بەگوێرەی دەنگەکانی خۆی پشکی دەبوو، بەڵام بە هەموو پێوەرێک ئێستا کەرکووک داگیر کراوە، وەکچۆن کوێت لەلایەن سەددامەوە داگیرا، ئێستاش بە نیسبەت کوردەوە هەمان شت لە کەرکووک ڕووی داوە، بەڵام چانسی کوێتییەکان جیاواز بوو، هەرزوو ئەمەریکا سوپاکەی سەددامی سووتاند و شکۆشکێنی کرد، لە چانسی کورددا هەمووان بەهۆی بەرژەوەندییانەوە بێهەڵوێست و سەیرکەری دۆخی داگیرکراوی کەرکووکن، کەوایە پێویستە ئەگەر بەتەنیاش بێت، کورد لە ڕێگەی بایکۆتکردنەوە بۆ ئەم قۆناغە کاتییە ئەم داگیرکارییەی کەرکووک ڕەت بکاتەوە.

کوردستان ٢٤/ ١٩-١-٢٠١٨

گەمە دیپلۆماسییەکانی هەولێر

لە سیاسەتدا هەمیشە گەمەی دیپلۆماسی گرنگێتی خۆی هەیە و زۆربەی زۆری جارەکان هاوکێشە سیاسییەکان بەهۆی گەمەکانەوە دەگۆڕدرێن، هەر حیزب و حکوومەتێک گەمەی سیاسی دروستی نەبێت، هەر زوو کۆتایی دێت. گەمەی سیاسی هەندێک جار بڕبڕەی پشتی مانەوەی حکوومەت و حیزبەکانە، بۆ نموونە، هیتلەر بەهێز بوو، بەڵام چونکە گەمەی دیپلۆماسی نەبوو، وایدەزانی هەموو شت بە شەڕ و عینادی کۆتایی دێت، هەر زوو کەوت. ئەو حەیدەر عەبادییە ئەگەر بەخۆیدا نەچێتەوە و چاوێک بەو غروورییەیدا نەگێڕێتەوە، بێشک دەکەوێت، چونکە هەر خۆی بەهێز نییە، ئیدی خەریکە لە واقیعەکان تێدەگات، ئەو هێشتا ئەو کەسایەتییە نییە بەپێچەوانەی خواستی دونیا بجوڵێتەوە، ئەرێ عەبادیش تێگەیشت گەمەی دیپلۆماسییەتی هەولێر وایکرد جیهان پێی بڵێت دیالۆگ بکەن، تێگەیشت ڕەتکردنەوەی لەوە زیاتری داوای دیالۆگ، دەیکات بە ڕۆبۆتێکی بێجووڵە و فڕێدەدرێتە ناو ڕۆبۆتە شکاوەکانی دیکەوە!

پارتی بە پاڵپشتیی خەڵک و بەشێک لە لایەنە سیاسییەکان ڕیفراندۆمی کرد و دواتریش ئۆکتۆبەر ڕوو دەدات! پارتی پێی خۆش بێت یان ناخۆش، بەهۆی ئۆکتۆبەرەوە مەترسیی جیدی کەوتە سەر پێگە سیاسی و ئابووریییەکەی، ئەمە پەیوەندی بەو بەرنامە هەواڵگری و سیاسییە ناوچەییانەوە هەیە، دەخوازن ڕۆڵ و پێگەی پارتی بچووک بکەنەوە، هەر بۆیە ئۆکتۆبەر چەندە بەرنامەیەکی عێراقی و ناوخۆیی و ناوچەیی بوو، دژ بە بەهێزبوونی کورد، هێندەش دژ بە پارتی بوو، ئەگەر ئۆکتۆبەر نەبووایە، بێشک پێگەی ئێستای هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی دیکەدا دەبوو، ئێستا ئێمە لەبری ئەوەی پرسی کردنەوەی فڕۆکەخانەکان و ناردنی مووچەی دوو وەزارەت لەسەر مێزی گفتوگۆکان تاوتوێ بکەین، بەپێچەوانەوە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەخرانە سەر مێزی دیالۆگەوە و ئەوکاتیش ئەو بەغدایە، تەنانەت سوپاسگوزاری هەرێم دەبوو، ئەو پرسە بۆ تەنیا چەند ساڵێکیش بێت دوابخات و لە بەرانبەریشدا هەرچی کوردیش بیویستایە بەدەستی دەهێنا، ئیتر ١٦ی ئۆکتۆبەر ئەو بەرنامەیەی لەم قۆناغەدا دووچاری کێشە کردەوە!

دوای سێ مانگ گەمە دیپلۆماسییەکانی پارتی لە ڕێگەی کارەکتەری نێچیرڤان بارزانییەوە، هاوکێشەکەی گۆڕی، ئەو شەوەی حکوومەتی هەرێم ڕیفراندۆمی سڕ کرد، ڕەخنە و توانجی زۆر ئاڕاستەی پارتی کران، گوایە ڕیفراندۆمی سڕ کردووە، بە تێگەیشتن لەو ڕەخنانە، زۆربەیان ئەوانەبوون هەر خۆیان دژی ڕیفراندۆم بوون، ئەمە جێگەی سەرنج بوو، بەڵام کاتێک سڕ دەکرێت، لەوە گەیشتن ئیدی مەترسیی هێرشکردنە سەر هەرێم نەما و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش

چیتر ڕێگە بە غروورییەکانی عەبادی نادەن بەردەوام بێت لە تەداخولکردنە سەر سنووری هەرێمی کوردستان.

ئەوانەی بۆ سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم دەگریان، واتە ئەوانەی هەر لە بنەڕەتدا دژی پرۆسەکەبوون، گریان و ڕەخنەکانیان لە خۆشەویستی کورد و خەمی سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم نەبوو، بەڵکوو حەزیان دەکرد هەرێمی کوردستان دووچاری شەڕێکی قورس بێت و بە چەکی ئابرامزی ئەمەریکی هێرش بکرێتە سەر هەولێر! بەڵام ئەوە پارتی بوو لەو کاتەدا گەمەی سیاسیی خۆی کرد و مەترسی لەسەر کوردستان دوورخستەوە، چونکە جگە لە عێراق، ئێران و لایەنی دیکەش هاوکاری حەشدی شەعبی بوون.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی چەند وڵاتێکی کرد، هەڵبەت ئەو سەردانانە چاوەڕوانکراون نەبوون لەم وەزری ئابلۆقەدانە ڕوو بدەن، بەڵام ئیتر چۆن و کێ هاوکار بوو، ئەوە شتێکی دیکەیە و گرنگ لە پاریسەوە سەرەتای ئابلۆقەکان شکێندران و دواتریش بەرلین و ڤاتیکان دەرگەی تازەیان بەڕووی هەرێمدا کردەوە، هەروەها دوای ڤاتیکان، ئەوەبوو ڕێکس تیلەرسون پەیوەندی بە نێچیرڤان بارزانی کردەوە و هەر دوای ئەو تێڵە ئیدی مەکگۆرک دێتە هەولێر و ئەمڕۆش هەواڵی دیداری نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ عەبادیدا لەپڕێکدا بووە مانشێتی هەواڵەکان!

تۆ چۆنی دەخوێنیتەوە ئاساییە، بەڵام واقیعێک هەیە دەڵێت ئەو ماوەیە پارتی ژێربەژێریش بووبێت گەمەی دیپلۆماسی و سیاسی خۆی کردووە، فەرموون نێچیرڤان بارزانی لە تارانە، تاران ئەو

پایتەختەی پارتی زۆرترین ڕەخنەی لێی گرت لەسەر ١٦ی ئۆکتۆبەر، تاران ئەو پایتەختەی دەتوانێت عەبادی وەک ڕۆبۆت ئاڕاستە بکات، بەڵام ئێستا دیارترین کەسایەتی ناو پارتی دەچێتە تاران، هەموو ئەوانە گەمەی سیاسین و ئاماژەن کە دیسان پێگەی هەرێمی کوردستان زیندوو بووەتەوە.

ئێستا هەرێم هەمان ئەو هەرێمەی ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نییە، زۆربەی لە ساتەوەختی ئۆکتۆبەردا جارِی کۆتاییهاتنی حکوومەت و تەنانەت ئەزموونی هەرێمی کوردستانییان لێدا و هەر یەک بە جۆرێک شیکردنەوەیان بۆ ئەو دۆخە سەختەی هەرێم دەکرد، ڕۆژێک بوو زۆربەی دەیانگوت ئیدی هەرێم کۆتایی هات، بەڵام مایەوە! چونکە وەک چۆن لە سیاسەتدا شکست هەیە، ئاواش هەوڵدان و گەمەی سیاسی، سەرکەوتن و هەڵسانەوە دەخوڵقێنن، ئیتر هەوڵێر گەمەی کرد، هەموو ڕۆژ گوتی دیالۆگ و دیالۆگ و دیالۆگ، هەتا ئەوەی دواتر هەرێم کیانە ماندووەکەی خۆی پاراست و وەرزی دیکە دەستپێکرد.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٣٦ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٨/١/٢٢

دیالۆگ تەسلیمبوون نییە

سیاسەت ڕووبەڕێکی فراوان و ئاڵۆزە، دەیان و بگرە سەدان لقوپۆپی جۆراوجۆری لێدەبێتەوە، دیارترینیان هەردوو کایەی دیالۆگ کە لێرەدایە مەبەست دیپلۆماسییەتە، هەروەهاش شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیە. ڕاستییەکی تاڵ هەیە لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە بەغدا بە هەموو شێوەیەک ئاستی بیانووەکانی زیاتر و خێراتر کرد بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ناوچانەی ئێستا کورد پێیاندەڵێت داگیرکراو، واتە بە پلە یەک کەرکووک و شنگال و مەخموور و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەش.

کاتێک ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوودەدات، ئیدی بەغدا بەجۆرێک غرور دەبێت تەنانەت ئامادەی دیالۆگیش نابێت، ئەمەیش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کە لایەنەکان تەبا نەبوون و حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادیش ئەوەی وەک دەرفەت بینی کە لە سەرەتاکاندا هەموو جۆرە دیالۆگێک ڕەت بکاتەوە، لایەنێکی دیکەش، واتە هۆکاری چێژبینینی شۆڤێنییەکان بوو لە ئازاردانی کورد. مەبەست ئەوەیە کاتێک حەشدی شەعبی

کەرکووکی داگیر کرد، ئیدی ئەو هێزە میلیشیاییە چاوی بڕییە ناوچەکانی دیکەی هەرێمیش بەتایبەتی هەولێر.

لێرەدا هەولێر دوو ڕێگەی لە پێشدا بوو، شەڕ یان دیالۆگ، دیارە خودی نێچیرڤان بارزانی، وەک سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕێگەی دیالۆگی هەڵبژارد، ئەمە ڕاستە خەڵکانێکی زۆریش گوتیان ئەو هەموو داوایەی کاک نێچیرڤان بۆ دیالۆگ بە مانای تەسلیمبوون دێت، بەڵام ئەگەر لەڕووی لۆژیکییەوە سەیری ئەو هەموو دیالۆگەی سەرۆکوەزیران بکرێت، ڕێک دیوەکەی دیکەی ڕاستە، ئەو لە قۆناغێکدا داوای دیالۆگ دەکات هێشتا لوولەی ئەو هەزاران تانک و تۆپ و هاوەن و ڕاجیمە و هەزاران جۆری دیکەی چەکی پێشکەوتووی ئەمەریکی و ڕووسی، ڕوویان لە پێشمەرگە کردووە، ڕاستە پێشمەرگە شەڕ دەکات، بەڵام مەرج نییە هەموو کات شەڕکردن باش بێت یان ئامانجەکان بپێکێت، بەتایبەتی گەلێکی وەک کورد کە ئازاری زۆری بەدەست شەڕەوە چەشتووە و ئیدی پێویستی بە پشوودان هەیە. هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ دیالۆگدان و پشتگیریی دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی دەستوورەوە دەکەن و ناشکرێت بەپێچەوانەی خواستی دونیاوە سیاسەت بکرێت، بەتایبەتی ئێستا ئەمەریکا داوای دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات.

توانجگرتنی ئەوانەی پێیانوایە داوای دیالۆگی هەرێمی کوردستان تەنازولکردنە، دوو جۆرن، جۆرێکیان لە خەمی پڕۆسەکەدان، جۆرێکی دیکەیانیش دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەک ئەزموونی

کوردستان دووچاری ئاڵۆزیی زیاتر ببێت بۆ ئەوەی خۆیان بگەنە ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان مسۆگەر بکەن. ئێستا ئەمەریکا هاتووەتەوە سەرخەت و چەند ڕۆژێکیش پێش ئێستا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە پەیوەندییەکدا پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ چارەسەری کێشەکان دەربڕی لە ڕێگەی دیالۆگ و دەستوورەوە، هەروەها هەر پاش ئەویش بڕێت مەکگۆرک دێتە لای نێچیرڤان بارزانی و ئەمانەش ڕووداوی سیاسین و دەکرێت لە پرسی سیاسییدا بەهەند وەربگیرێن، بەتایبەتی لەڕووی دیبلۆماسییەتەوە کە دەگوترا ئیدی ئەمەریکا بە تەواوی پشتی لە کورد کرد. کەوایە ئەم بۆچوونە ڕاست دەرنەچوو و هێشتا ئومێد ماوە بۆ هەڵستانەوەیەکی نزیکی دیپلۆماسییەتی هەولێر بە ئاڕاستەی دونیادا.

لێرەدا پێویستە بە دیقەتەوە خوێندنەوە بۆ دۆخەکە بکەین، ئەو هەموو دیالۆگەی حکوومەت، ئەگەر قازانجی زۆر گەورەیشی نەبووبێت، بەڵام مەترسیگەلێکی دیکەشی ڕەواندەوە و هاوکات دووبارە پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ هەولێر بەدەستهێنایەوە، ئەگەرچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خاوەنی هەڵوێستی شەرمنانە بوون لە پرسی ڕیفراندۆم و دواییش ١٦ی ئۆکتۆبەردا، بەڵام ئەوان بڕیار بەدەستن و ناکرێت کورد فەرامۆشییان بکات، بەڵکوو پێویستە بە هەر جۆرێک بێت، بەتایبەتی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەتەوە دیسانەوە فۆکسی ئەوان بهێنێتەوە سەر هەولێر و بەمەش سوودی گەورە بۆ پێگەی هەولێر دروست دەبێتەوە.

دەکرێت سەردانی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تاران سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ دیالۆگی دیکە لەسەر بنەمای دەستوور،

چونکە تاران ڕۆڵی گەورەی لەسەر ئەدا و ئەجێندای ئەو باڵە دەستڕۆیشتووەی شیعەکانی بەغدا هەیە، واتە ڕۆبۆتێکن بەدەست تارانەوە و زۆربەی سیاسەتەکانی عێراق لە ئێستادا لە تارانەوە دادەڕێژرێنەوە.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٢٧٧٥ لە ڕۆژی ٢٨-١-٢٠١٨

پارەکە هی گیرفانی عەبادییە؟

دوای ناردنی ئەو بڕە پارەیەی لە بەغداوە بۆ مووچەی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی تەندروستی بۆ هەولێر، بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەو پرسە دروست بووە، زۆربەی بۆ شکاندنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن عەبادی پارەی نارد!
ئەو دەستەواژەیە ڕێک سووکایەتییکردنە بە هەست و شعوری خەڵکی کوردستان و ئاماژەیەکیشە کە هێشتا میللەتی ئێمە توانای درککردنی ڕاستییەکانی وەک خۆی نییە و زیاتر لەسەر سۆز و عاتیفە بڕیار دەدات و قسە دەکات، نەک لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بۆچوونەکانی بەیان بکات.
ئەوە ڕاستە بە فەرمانی عەبادی ئەو پارەیە نێردراوە، بەڵام پێویستە ڕاستییەکە وەک خۆی باس بکرێت کە ناردنی ئەو پارەیە خێری عەبادی نییە بۆ خەڵک و فەرمانبەرانی کوردستان، بەڵکوو هەرێمی کوردستان لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە زۆربەی هەرە زۆری بیرە نەوتییەکانی لهلایەن عێراقەوە داگیرکران و بەهۆیەوە کەمبوونەوەی داهاتی حکوومەتی لێکەوتەوە، هاوکات حکوومەتی عێراقیش هەموو

هەوڵێکی داوە بۆ ئەوەی دیسانەوە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە و ئیش بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم نەکات.
دەی هەولێر ڕیفراندۆمی لەم قۆناغەدا سڕ کرد و ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو، نەک بڵێین ئێمە مافی جیابوونەوەمان نییە، بەپێچەوانەوە ئێستاش کورد دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی نەبووە، بەڵام دۆخە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکە وای خواست کە هەولێر لەسەر داوای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستا ئەنجامی ڕیفراندۆم سڕ بکات و داوای دیالۆگ بکات.
لێرەدا ئەو پارە ناردنە هیچ خێر و سەدەقەیەک نییە و بەڵکوو مافی یاسایی و مرۆیی گەلی کوردە و کوردیش نابێت لەوە زیاتر خۆی ساویلکە بکات و مافەکانی خۆی وەک خێر بە خۆی بفرۆشێتەوە، مادام ئەوان ڕێگربوون لەوەی کورد جیابێتەوە و زۆرترین چەکی ئەمەریکی و میلیشیایان هێنایە سەر کوردستان، ئێ خۆ پێویستە لەمەودوا هەتا قۆناغی جیابوونەوە بەغدا مووچە بنێرێتەوە، چونکە دەستی بەسەر داهاتی هەرێمدا گرتووە و بەگوێرەی ئەو دەستوورەی کە عەبادی زۆر باسی دەکات، کوردیش پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە و پێویستە و بگرە ناچاریشە کە نەک مووچە، بگرە کۆی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات و ئەمەش نە خێرە و نە هاوکارییە، وەرگرتنی ئەو مافە دەستوورییەیە کە کورد و عەرەب و تورکمان دەنگیان لەسەر ئەو دەستوورە داوە.
ئیدی گرنگە کوردیش مادام لەو قۆناغەدا مانەوەی لە تەک عێراقدا قبوووڵ کردەوە، پێداگری لەسەر وەرگرتنی مافەکانی خۆی بکاتەوە و لە یەک دیناری خۆی خۆش نەبێت، مادام ئێمە لە ئێستا لەگەڵ بەغدا

ماوینەتەوە، نابێت ناردنی مووچە و شایستەی دارایی وەک خێر بە خۆمان بفرۆشینەوە، ئەوە هیچ منەتێکی تێدا نییە و پێویستە دابین بکرێت، ئەگینا لەسەر بەغدایە ڕێگە بە ئابووری و خۆبژێوی کوردستان بدات هەتا جیابوونەوەش، مادام ئەوانەی قبووڵ نییە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش جارێ هەمان ڕەئی بەغدای هەیە، ئێ ئەمە بەو مانایە نییە ئەوەی لە بەغداوە دێت هاوکاری بێت، یان خێر، ئەوە مافە و پێویستیشە هیچ منەتێک بەسەر هەولێردا نەکرێت، بەداخەوە ئەوەندەی کورد خۆی خۆی بچووک دەکاتەوە، نیو هێندە عەرەبەکان ئەوە بەرانبەر کورد ناکەن و ئەوان دەڵێن حکوومەت مووچەی دابین کرد، بەڵام کوردەکەی خۆمان بۆ بچووککردنەوەی خۆیان، دەڵێن عەبادی پارەی نارد!

ئەرێ کەس نییە بەو خەڵکە بڵێت خۆ عەبادی ئەو پارەیەی لە گیرفانی خۆیدا دەرنەهێناوە، ڕێک هی ئەو نەوتانەیە کە هی خەڵکی کوردستانن و ئەو داگیری کردوون و پێویستیشە پارە بۆ هەولێر بنێرێت.

ئەو پشوودرێژیەی حکوومەتی هەرێمیش هێندەی دیکە عەبادی ناچار کرد بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، چونکە ئەو نەیدەویست بەم ئاسانییە هەنگاوی لەمجۆرە بهاوێت، بەڵام لێرەدا حکوومەتی هەولێر زیرەکانە گەمەکەی بردەوە و هەر هیچ نەبێت لە قۆناغی یەکەمدا توانی ئەو پارەیە لە بەغدا وەرگرێتەوە، ئەگینا بەغدا دەیویست ئەو دۆخە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی نەوتەکە بفرۆشێت و دواتریش شەڕی برسیکردنی خەڵکی کوردستان بکات و بە بەرچاوی خەڵک و فەرمانبەری کوردەوە، زۆرترین مووچە بداتە فەرمانبەرانی بەغدا بۆ

ئەوەی خەڵکی کوردستان بێتاقەت بن و ئاڵۆزی دروست بێت، بەڵام کاتێک هەوڵێر پێداگریی بەردەوام لەسەر دیالۆگ دەکات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی عەبادی ناچار بێت پارە ڕەوانە بکات، چونکە دەبێت ڕەوانەی بکات، ئەگینا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دووچاری ئیشکالییەت دەبێتەوە و ڕەخنەی زۆری ئاڕاستە دەکرێت لەسەر ئەوەی موچەی خەڵکی کوردستان دابین ناکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەگەر لەسەر دەوڵەتیش لەسەر کورد بەدەنگ نەهاتن، بەڵام لەسەر ناردنی موچە کە هەقی خەڵکی کوردستانە، تاسەر ڕێگە بە عەبادییەکان نادەن و بگرە گوشاریش دەخەنە سەر بەغدا بۆ ناردنی موچە، چونکە هەموو دونیا دەزانێت ئەمە مافە و خێر نییە و بە خۆشی بێت یان ناخۆشی، لەسەر حکوومەتی عێراقە موچە و شایستەی دارایی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

فەیسبووک: ٢٠١٨/١/٣٠

عەبادی خێر بە کورد ناکات!

دوای ناردنی ئەو بڕە پارەیەی لە بەغداوە بۆ هەولێر بەمەبەستی مووچەی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی، بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەو پارەیە دروستبوو، زۆربەی بۆ شکاندنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن عەبادی پارەی نارد!

ئەو دەستەواژەیە ڕێک سووکایەتییکردنە بە هەست و شعوری خەڵکی کوردستان و ئاماژەیەکیشە کە هێشتا بەشێک لە خەڵکی ئێمە توانای درککردنی بە ڕاستییەکان وەک خۆی نییە و زیاتر لەسەر سۆز و عاتیفە بڕیار دەدات و قسە دەکات، نەک لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بۆچوونەکانی دەربببڕێت.

ئەوە ڕاستە بە فەرمانی عەبادی ئەو پارەیە نێردراوە، بەڵام پێویستە ڕاستییەکە وەکخۆی باس بکرێت کە ناردنی ئەو پارەیە خێری عەبادی نییە بۆ فەرمانبەرانی کوردستان، بەڵکوو هەرێمی کوردستان لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە زۆربەی هەرە زۆری بیرە نەوتییەکانی لەلایەن

عێراقەوە داگیرکراون و بە هۆیەوە کەمبوونەوەی داهاتی حکوومەتی لێکەوتووەتەوە، هاوکات حکوومەتی عێراقیش هەموو هەوڵێکیدا بۆ ئەوەی دیسانەوە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە و ئیش بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم نەکات.

دەی هەولێر ڕیفراندۆمی لەم قۆناغەدا بۆ ڕێگریکردن لە شەڕ و مااڵوێرانی زیاتر سڕ کرد، ئەمەیش نەک بەو مانایەی بڵێین کورد مافی جیابوونەوەی نییە، بەپێچەوانەوە کورد دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی نەبووە، بەاڵم دۆخە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکە و گوشاری نێودەوڵەتی، وای خواست هەولێر لەسەر داوای کۆمەاڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستا ئەنجامی ڕیفراندۆم سڕ بکات و بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێن. کەوایە لێرەدا ئەو پارە ناردنە هیچ خێر و سەدەقەیەک نییە، مافی یاسایی و مرۆیی گەلی کوردە و کوردیش نابێت لەوە زیاتر مافەکانی خۆی وەک خێر بە خۆی بفرۆشێتەوە.

مادام ئەوان ڕێگربوون لەوەی کورد جیا ببێتەوە و زۆرترین چەکی ئەمەریکی و میلیشیایان هێنایە سەر کوردستان تەنیا بۆ ئەوەی کورد بەزۆر بە عێراق بلکێنەوە، ئێ خۆ پێویستە لەمەودوا هەتا قۆناغی جیابوونەوە بەغدا مووچە بنێرێتەوە، ئەمە نە شووڕەییە و نە تەنازولیش، مافە و منەتی تێدا نییە، چونکە بەغدا دەستی بەسەر داهاتی هەرێمدا گرتووە و بەگوێرەی ئەو دەستوورەی کە عەبادی زۆر باسی دەکات، کوردیش پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە و پێویستە و بگرە ناچاریشە نەک مووچە، دەبێت کۆی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات و ئەمەش نە خێرە و نە

هاوکارییە، وەرگرتنی ئەو مافە دەستوورییەیە کە کورد و عەرەب و تورکمان دەنگیان لەسەر ئەو دەستوورە داوە.

گرنگە کوردیش مادام لەو قۆناغەدا مانەوەی لە تەک عێراقدا قبووڵ کردەوە، پێداگری لەسەر وەرگرتنی مافەکانی خۆی بکاتەوە و لە یەک دیناری خۆی خۆش نەبێت، مادام ئێمە لە ئێستا لەگەڵ بەغدا ماوینەتەوە، جا بە خۆشی بێت یان هەر شێوەیەکی دیکە، نابێت ناردنی مووچە و شایستەی دارایی وەک خێر بە خۆمان بفرۆشینەوە، ئەوە هیچ منەتێکی تێدا نییە و پێویستە دابین بکرێت، ئەگینا لەسەر بەغدایە ڕێگە بە ئابووری و خۆبژێویی کوردستان بدات هەتا جیابوونەوەش، مادام ئەوانەی قبووڵ نییە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش جارێ هەمان ڕەئی بەغدای هەیە، ئێ ئەمە بەو مانایە نییە ئەوەی لە بەغداوە دێت هاوکاری بێت یان خێر! ئەوە مافە و پێویستیشە هیچ منەتێک بەسەر هەوڵێرەوە نەکرێت.

بەداخەوە ئەوەندەی کورد خۆی خۆی بچووک دەکاتەوە، نیو هێندە عەرەبەکان ئەوە بەرانبەر کورد ناکەن و ئەوان دەڵێن حکوومەت مووچەی دابین کرد، بەڵام کوردەکەی خۆمان بۆ بچووککردنەوەی کورد، دەڵێن عەبادی پارەی ناردا! ئەرێ کەس نییە بەو خەڵکە بڵێت خۆ عەبادی ئەو پارەیەی لە گیرفانی خۆیدا دەرنەهێناوە، ڕێک هی ئەو بیرە نەوتانەیە کە هی خەڵکی کوردستانن و ئەو داگیری کردوون و پێویستیشە پارە بۆ هەولێر بنێرێت.

ئەو پشوودرێژیەی حکوومەتی هەرێمیش هێندەی دیکە عەبادی ناچار کرد بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، چونکە ئەو نەیدەویست بەم

ئاسانییە هەنگاوی لەمجۆرە بهاوێت، بەڵام لێرەدا حکوومەتی هەرێم زیرەکانە گەمەکەی بردەوە و هەر هیچ نەبێت لە قۆناغی یەکەمدا توانی ئەو پارەیە لە بەغدا وەرگرێتەوە، ئەگینا بەغدا دەیویست ئەو دۆخە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی نەوتەکە بفرۆشێت و دواتریش شەڕی برسیکردنی خەڵکی کوردستان بکات و بە بەرچاوی خەڵک و فەرمانبەری کوردەوە، زۆرترین مووچە بداتە فەرمانبەرانی بەغدا تاکو خەڵکی کوردستان بێتاقەت بن و ئالۆزی دروست ببێت، بەڵام کاتێک هەوڵێر پێداگری بەردەوام لەسەر دیالۆگ دەکات، ئەمە بووە هۆی ئەوەی عەبادی ناچار بێت پارە ڕەوانە بکات، چونکە دەبێت ڕەوانەی بکات، ئەگینا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دووچاری ئیشکالییەت دەبێتەوە و ڕەخنەی زۆرتری ئاڕاستە دەکرێت لەسەر ئەوەی مووچەی خەڵکی کوردستان دابین ناکات.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەگەر لەسەر دەوڵەتیش لەسەر کورد بەدەنگ نەهاتن، بەڵام لەسەر ناردنی مووچە کە هەقی خەڵکی کوردستانە، تاسەر ڕێگە بە عەبادی نادەن و بگرە گوشاریشی دەخەنە سەر بۆ ناردنی مووچە، ئاخر ئەمە مافە و خێر، بە خۆشی بێت یان ناخۆشی، لەسەر حکوومەتی عێراقە مووچە و شایستەی دارایی هەرێمی کوردستان دابین بکات، واتە عەبادی خێر بە خەڵکی کوردستان ناکات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٤٤ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٨/٢/١

بەغدا نەیتوانی هەولێر بکاتە دوورگەیەکی پەراوێزخراو

داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، هێندەی ئەجێندای سیاسی و پەراوێزخستنی هەولێری لە پشتەوە بوو لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە، نیو هێندە ڕێکارێکی کارگێڕی نەبوو بەرانبەر هەولێر. لەوەدا حەیدەر عەبادی داخستنی فڕۆکەخانەکانی بەو ئامانجە بوو تاکوو هیچ وڵاتێک شاندەکانی ڕوو لە هەولێر نەکەن. واتە هەولێر ببێتە دوورگەیەکی پەراوێزخراو، بەڵام دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی هێشتا کێشەی زۆری هەیە، بەڵام وایکرد ئەو خەونەی عەبادی نەیەتەدی، ئەوەتا هەولێر میوانداری وەزیری دوو وڵاتی زلهێزی ئەورووپا دەکات و داخستنی فڕۆکەخانەکانیش هیچ سوودێکی بۆ عەبادی نەبووە، بگرە تەنیا زیانی بە خەڵکە ئاساییەکەی کوردستان گەیاندووە، بەپێچەوانەوە کاریگەریی خراپی بەسەر پێگەی حکوومەتی هەرێمەوە نەبووە، چونکە شاند دێن و شاند دەڕۆن.

سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، بۆ پاریس چەندە گرنگ بوو، هاتنی وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا، ئۆرسۆلا ڤۆندێرلاین، لەڕووی سەربازییەوە هێندە گرنگی هەبوو، دەکرێت وەک پەیامێکیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت سەبارەت بەوەی ئەڵمانیا بە ئاشکرا پاڵپشتیی پێشمەرگە دەکات، ئەڵمانیایەکی خاوەن پێگەی سەربازی و ئابووریی بەهێز لە ئەورووپادا، هەروەها هاتنی وەزیری دەرەوەی فەرەنساش، جان ئیڤ لودریان، لەڕووی سیاسییەوە ئەویش گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی فەرەنسا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەولێردا هەیە.

هاتنی جان ئیڤ لۆدریان، لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە دەکرێت گرنگی ئەوەی هەبێت سەرباری هەموو کێشەکان، هێشتا هەولێر بە تەواوی دەرگەی بەڕوودا دانەخراوە و پێشبینیش دەکرێت دوای لۆدریان وەزیری وڵاتانی دیکەش ڕوو لە هەولێر بکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە بەغدا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کەسایەتییانە سەردانی هەولێر نەکەن، بەڵام ئەوەتا دێنە هەولێر.

دروستە هەولێر لەڕووی سەربازییەوە هەندێک ناوچەی لەدەستدا و بەهۆی ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە جۆرێک شکستی سەربازی خوارد، بەڵام هێشتا درەنگ نییە و هەولێریش دەتوانێت دووبارە پەیوەندییەکانی بەهێز بکاتەوە، ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە لەدەستی داوە، ڕەنگە لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە بەدەست بهێندرێتەوە، تا ئەم چرکەساتەش هیچ وڵاتێک، جگە لە وڵاتانی ئیسلامی، ئامادە نین بڵێن کورد مافی سەربەخۆیی نییە، بەڵکوو تەنیا کێشەی ئەوان، زیاتر لەگەڵ کاتدایە و هەندێکیش بەرژەوەندییەکانی

خۆیان ڕەچاو دەکەن، واتە زۆربەی بەرژەوەندییەکانیان لە بەغدایە، هەوڵێریش دەکرێت لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە بهێنێتە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ئەو وڵاتانە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان، داکۆکی لە هەوڵێر بکەن وەک کیانێکی کوردی.

هاتنی ئەو دوو کەسایەتییە بۆ هەوڵێر، ئاماژەیەکە دیسانەوە هەوڵێر دەتوانێت بچێتەوە ناو بازنەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا، لەکاتێکدا ئێستا ئەو وڵاتانە ڕێککەوتنییان دەوێت و ناخوازن ڕەوشەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز بێت، چونکە بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە، هەروەها سیاسەتی داواکردنی دیالۆگ لەلایەن هەوڵێرەوە زۆر گرنگە و ئەمە لەسەر عەبادی دەبێتە گوشارێک لە ئەگەری زیاتر فەرامۆشکردنی مافەکانی کورد، ئەگەر عەبادی لەسەر لوتبەرزییەکانی بەردەوام بێت، ئەوکات وڵاتانی زلهێز کە کاریگەرییان بەسەر عێراق و ناوچەکەوە هەیە، ماف بە کورد دەدەن بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە.

٢٠١٨ /٢/١٢

عەبادی نایەوێت کێشەکان لەگەڵ هەولێر چارەسەر بکات

لە دوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، حەیدەر عەبادی ئەو عەبادییەی کاتی خۆی نییە و هەموو کردەوەکانی، قسەکانی، هەنگاو و بڕیارەکانیشی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە هەیە، تەنانەت سوودی بۆ هەموو عێراقییەکی عەرەبیش نییە و تەنیا گرووپەکانی نزیک لە خۆی لە بڕیارەکانی ڕازین.

ئەو پیاوە چونکی بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش لەسەر بنەمای سۆز و چاوسوورکردنەوە و گەندەڵی بەڕێوە دەچێت، ئەو پیاوە هەموو دەسەڵاتە سەربازی و دارایی و کارگێڕییەکانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارهێناوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕاستەوخۆ دژایەتی کورد دەکات و خاڵی لاوازی کوردی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا دۆزیوەتەوە.

١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا ڕووداوێک نەبوو کە کورد بە هۆیەوە شارێکی لەدەست دابێت، بەپێچەوانەوە لە تەک ئەوەشدا ئەو عەبادییەی کردە

لووتبەرزێکی سیاسی بەوەی کەیسی کەرکووکی کردە کەیسێکی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی دەنگی زیاتر بهێنێت، عەبادی ئەوەندەی شانازی بە داگیرکردنی کەرکووکەوە دەکات، نیو هێندە شانازی بە کۆتاییهاتنی داعش ناکات، ئەمەش وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە ناتوانێت بەجیدی سەرۆکێکی دادپەروەر بێت و هەموو عێراقییەک بە سەرۆکی خۆیانی بزانن، بەتایبەتی بە ئاشکرا دژایەتی کورد دەکات و ئەگەر ئەو دژایەتییانەش بەردەوام بن، ئەگەری هەیە دیسانەوە کورد هەنگاوێکی دیکەی هاوشێوەی ڕیفراندۆم بنێتەوە، چونکە خودی ڕیفراندۆم لە تەک مافی کورد بۆ سەربەخۆیی، ئەوا بەشێکی لە هۆکارەکەشی بۆ نائومێدبوونی لە بەغدا دەگەڕێتەوە، واتە ڕیفراندۆم هەم مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بوو، هەمیش نائومێدی بوو لە عێراق کە نەیتوانی عێراقی هەمووان بێت.

بە دیقەتدان لە عەبادی و هەڵسوکەوتەکانی، ئەو پیاوە نایەوێت بەمزووانە لەگەڵ هەولێردا بگاتە ڕێککەوتن، دەیەوێت کەیسی دژایەتیکردنی کورد، لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا بەکاربهێنێت، خۆ ئەگەر بگاتە ڕێککەوتن، ڕەنگە نەتوانێت ئەمە بکات، بەتایبەتی پێشبینی دەکرێت داگیرکردنی کەرکووک و دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکان بکاتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و زۆرباشیش دەروونی عێراقییە شۆڤێنییەکانی خوێندووەتەوە، دەترسێت ئەگەر لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکبکەوێت، عەرەبەکانی دیکە ئەو کەیسە دژی بەکاری بهێنن، گوایە لەگەڵ کورد ڕێککەوتنی کردووە، بۆیە دەیەوێت لە دژایەتییەکانی بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی دەنگی زیاتر بهێنێت.

ڕەنگە عەبادی بەهۆی ئەو دژایەتییەی بەرانبەر کورد گرتوویەتییەبەر، دەنگی زۆر بهێنێت، چونکە ژینگەی خێڵەکی عێراق وایە، ئەو گرووپانە سەرکەوتوو دەبن کە ڕازیکەری شۆڤێنییەکان بن، ئێ عەبادیش ڕێک ئەوە دەکات و هەموو هەوڵێکیشی بۆ ئەوەیە لە سەرووی هەموویانەوە شۆڤێنییەکان لە خۆی ڕازی بکات، بەڵام ئاڕاستە سیاسییەکانی بەغدا هەمیشە لە گۆڕاندان و گرووپەکان بەتەواوی دژایەتی یەکدی دەکەن، بۆیە دەرکەوتنی هێزی تازە، شتێکی مەحاڵ نییە.

سەربای هەموو ئەو شتانە، بەڵام پێدەچێت عەبادی دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەیەک ببێتەوە لەگەڵ شیعەکانی نزیک لە نووری مالیکی، ئەوەی ئێستا عەبادی شانازی پێوەدەکات، داگیرکردنی کەرکووک و شەڕی داعشە، بەڵام خۆ هەموو گرووپەکانی دیکە، پشکیان لە حەشدی شەعبی هەیە، موقتەدا سەدر، نووری مالیکی، هادی عامری، زۆربەیان پشکیان لەو گرووپە میلیشیاییەدا هەیە و دەنگیش دەهێنن، کاتی خۆشی چەند لایەک لە هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی کشانەوە، لەوانە خالید عوبێدی، عامری و عەممار حەکیم کە ئەوانە چەند کەسایەتییەکی گرنگی عێراقن و بەدڵنیاییەوە کاریگەریی خۆیانیش لەسەر دروستکردنی کابینەی داهاتووی عێراقدا دەبێت، بەتایبەتی گرووپەکەی موقتەدا سەدر کە خاوەنی خۆپیشاندانی ملیۆنین لە بەغدا.

ئەو لووتبەرزییەی عەبادی و زیادبوونەوەی پشتگیریی نێودەوڵەتیی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەرێکە لەبەردەم عەبادیدا و لە ئەگەری بەردەوامی عەبادی لەسەر ئەو ڕێتمە سەقەتەی سیاسەتکردنیدا،

دیسانەوە هەڕێم لە بەغدا بێمنەت دەبێتەوە، چونکە عەبادی هیچ نییەتێکی چارەسەری کێشەکانی نییە و ئەوەش سەرئەنجام بێزاری زیاتری هەڕێمی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە پرسی مووچە و بودجەدا، عەبادی ناعەدالەتی بەرانبەر هەولێر دەکات، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە دیسانەوە لە پڕۆژەیاسای بودجەدا پشکی هەڕێمی کەمکردووەتەوە، لەکاتێکدا ئێمە دوو مانگە ڕەخنە لەو پڕۆژەیاسایەی بودجەیە دەگرین، کەچی لەبری ئەوەی خواستی کورد لەبەرچاو بگرێت، بەپێچەوانەوە دیسانەوە دەستکاریی بەشی هەڕێمی کوردستانی کردووە بە کەمکردنەوەی زیاتر، ئەمەش ڕێک نیازخراپی بەغدا نیشان دەدات، لەوەی نایەوێت کێشەکانی لەگەڵ هەڕێمدا چارەسەر بکات.

ئێستا قۆناغێکی هەستیارە بۆ کورد، هەم خاکی داگیر کراوە، هەمیش ئابووریەکەی، بەغداش دەیەوێت بە کردەوە هەولێر لاواز بکات و دەستبگرێت بەسەر جومگە گرنگەکانی هەڕێمدا، بۆیە لێرەدا یەکهەڵوێستی کورد زۆر پێویستە، وەک ئەوەی لە پرسی بودجەدا هەموان بە یەکەوە دژی ئەو پڕۆژەیاسایەی بودجەیە وەستاونەتەوە و بەمەش سەنگی کورد دەرکەوتووەتەوە، بەڵام ئەگەر هات و هەر لایە و خۆی بڕیار بدات، دیسانەوە بەغدا حیساب بۆ کورد ناکاتەوە، بەپێچەوانەوە کاتێک کورد یەکهەڵوێست دەبێت، بەغدا بەمجۆرەی ئێستای ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕێتمە سیاسەتکردنی شۆڤێنیزمیانەی خۆی بەرانبەر کورد. کەوایە یەکهەڵوێستی کورد تاڕادەیەک سنوور بۆ لووتبەرزییەکانی بەغدا دادەنێت.

ماڵپەڕی شارپرێس: ٢٠١٨/٢/١٢

هەوڵێر دەتوانێت قەرەبووی شکستەکان بکاتەوە

لە دوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، حەیدەر عەبادی ئەو عەبادییەی جاران نییە و هەموو کردەوەکانی، قسەکانی، هەنگاو و بڕیارەکانیشی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بەتەنیا هەیە، بەجۆرێک تەنیا گرووپەکانی نزیک لە خۆی لە بڕیارەکانی ڕازین ئەو پیاوە چونکی بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش لەسەر بنەمای سۆز و چاوسوورکردنەوە و گەندەڵی بەڕێوە دەچێت. هەموو دەسەڵاتە سەربازی و دارایی و کارگێڕییەکانی لەپێناو بەرژەوەندیی تەسکی خۆی بەکارهێناوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕاستەوخۆ دژایەتی کورد دەکات. لێرەدا خاڵی لاوازی کوردی لە خیانەتی ٦١ی ئۆکتۆبەردا دۆزیوەتەوە. کەوایە شازدەی ئۆکتۆبەر تەنیا ڕووداوێک نەبوو کورد بەهۆیەوە شارێکی لەدەستدا بێت، بەپێچەوانەوە لە تەک ئەوەشدا ئەو عەبادییەی کردە لوتبەرزێکی سیاسی و دواجار کەیسی

داگیرکردنی کەرکووکی کردە کەیسێکی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ.

عەبادی ئەوەندەی شانازی بە داگیرکردنی کەرکووکەوە دەکات، نیو هێندە شانازی بە کۆتایی هاتنی داعشەوە ناکات! ئەمەش وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە ناتوانێت سەرۆکێکی دادپەروەر بێت و هەموو عێراقییەک بە سەرۆکی خۆیانی بزانن، بە ئاشکرا دژایەتی کورد دەکات و لە ئەگەری بەردەوامی ئەو دژایەتییانەدا پێشبینی دەکرێت دیسانەوە کورد هەنگاوێکی دیکەی هاوشێوەی ڕیفراندۆم بنێتەوە، چونکە خودی ڕیفراندۆم لە تەک مافی کورد بۆ سەربەخۆیی، ئەوا بەشێکی لە هۆکارەکەشی بۆ نائومێدبوونی کورد لە بەغدا دەگەڕێتەوە، واتە ڕیفراندۆم هەم مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسینی کورد بوو، هەمیش نائومێدی بوو لە عێراق کە نەیتوانی عێراقی هەمووان بێت.

داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، هێندەی ئەجێندای سیاسی و پەراوێزخستنی هەولێری لەپشتەوە بوو لەڕووی دیپلۆماسییەوە نیو هێندە ڕێکارێکی کارگێڕیی نەبوو بەرانبەر هەولێر گیرابێتەبەر، داخستنی فڕۆکەخانەکان بەو ئامانجەیە تا هەولێر ببێتە دوورگەیەکی پەراوێزخراو، بەڵام دیپلۆماسییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی هێشتا کێشەی زۆری هەیە، وایکرد ئەو خەونەی عەبادی نەیەتەدی، ئەوەتا هەولێر میوانداریی وەزیری دوو وڵاتی زلهێزی ئەورووپا دەکاتەوە و داخستنی فڕۆکەخانەکانیش هیچ سوودێکی بۆ عەبادی نەبووە، بگرە تەنیا زیانی بە خەڵکە ئاساییەکەی کوردستان گەیاندووە بەپێچەوانەوە کاریگەریی خراپی

بەسەر پێگەی حکوومەتی هەرێمەوە نەبووە، چونکە شاند دێن و شاند دەڕۆن.

سەردانی شاندی هەرێم بۆ پاریس چەندە گرنگ بوو، هاتنی وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، ئۆرسۆلا ڤۆندێرلاین، لەڕووی سەربازییەوە هێندە گرنگی هەبوو، دەکرێت وەک پەیامێکیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە ئەڵمانیا پاڵپشتیی پێشمەرگە دەکات، ئەڵمانیایەکی خاوەن پێگەی سەربازی و ئابووریی بەهێز لە ئەورووپادا، هەروەها هاتنی وەزیری دەرەوەی فەرەنساش، جان ئیڤ لودریان، لەڕووی سیاسییەوە ئەویش گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی فەرەنسا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەولێردا هەیە. کەوایە هاتنی جان ئیڤ لۆدریان، لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە دەکرێت گرنگی ئەوەی هەبێت سەرباری هەموو کێشەکان، هێشتا هەولێر بە تەواوی دەرگەی بەڕوودا دانەخراوە و پێشبینیش دەکرێت دوای لۆدریان وەزیری وڵاتانی دیکەش ڕوو لە هەولێر بکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە بەغدا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئەمجۆرە کەسایەتییانە سەردانی هەولێر نەکەن، بەڵام ئەوەتا دێنە هەولێر.

دروستە هەولێر لەڕووی سەربازییەوە هەندێک ناوچەی لەدەستدا و بەهۆی خیانەتی ئۆکتۆبەریشەوە جۆرێک شکستی سەربازی بینی، لێرەدا نامەوێت بە وردی لاپەڕەکان هەڵدەمەوە، بەوپێیەی ڕاستی شازدەی ئۆکتۆبەر هەموو خەڵک دەیزانێت! بەڵام هێشتا درەنگ نییە و هەولێریش دەتوانێت دووبارە پەیوەندییەکانی بەهێز بکاتەوە، ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە لەدەستی داوە، لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە دەکرێت قەرەبووبکرێتەوە، بەوپێیەی تا ئەم

چرکەساتە، جگە لە وڵاتانی ئیسلامی ناوچەیی، هیچ وڵاتێک بە فەرمی ئامادە نین بڵێن کورد مافی سەربەخۆیی نییە، بەڵکوو تەنیا کێشەی ئەوان، زیاتر لەگەڵ کاتدا بووە و هەندێکیش بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەچاو دەکەن، واتە زۆربەی بەرژەوەندییەکانیان لە بەغدایە، هەوڵێریش دەکرێت لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە بهێنێتە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ئەو وڵاتانە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، داکۆکی لە هەوڵێر بکەن وەک کیانێکی کوردی.

هاتنی ئەو دوو کەسایەتییە بۆ هەوڵێر ئاماژەیەکە دیسانەوە هەوڵێر دەتوانێت بچێتەوە ناو بازنەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا، لەکاتێکدا ئێستا ئەو وڵاتانە ڕێککەوتنییان دەوێت و ناخوازن ڕەوشەکە لەوە زیاتر ئاڵۆزتر بێت بەوپێیەی بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە، هەروەها سیاسەتی داواکردنی دیالۆگ لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە زۆر گرنگە و لەسەر عەبادیش دەبێتە گوشارێک لە ئەگەری زیاتر پێشێلکردنی مافەکانی کورد و لە ئەگەری بەردەوامیشی لەسەر لووتبەرزییەکانی، ئەوکات وڵاتانی زلهێز کە کاریگەرییان بەسەر عێراق و ناوچەکەوە هەیە، ماف بە کورد دەدەن بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٥٣ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٨/٢/١٤

فرەلیستی.. ئازارێکی دیکەی دوای ئۆکتۆبەر

پێناچێت ١٦ی ئۆکتۆبەر بەزیندوویی لە زاکیرەی گەلی کوردستاندا بمێنێتەوە، ئەو ڕووداوە خراپەی کورد نەیتوانی لە ڕەهەندێکی دیکەوە قەرەبووی هەندێک لە شکستەکانی خۆی پێ بکاتەوە! ڕووداوێک دەکرا لە گۆشەیەکی دیکەوە و بە ئەجێندایەکی نوێ، وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، لە تەک خراپییەکانیشیدا لەڕووی نەتەوەیی و سیاسییەوە سوودیشی لێوەربگیرێت بەوەی کورد لەو پەرتەوازەییە خۆی ڕزگار بکات.

ڕاستە ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی خراپ بوو کە لەم قۆناغەدا هەیبەتی کوردی خستە بەردەم پرسیارەوە، لەکاتێکدا پرسی سەربەخۆیی کوردستان فۆکسی جیهانی لەسەر بوو، ئیدی ئەوە قەدەری کوردە، هەمیشە دەرئەنجامی ململانێی تەسکی حیزبی بە زیانی خۆی و لە بەرژەوەندیی نەیارەکانی کەوتووەتەوە، واتە چەندە ناکۆکیی ناوخۆیی کوردستان قوواڵتر دەبێتەوە، هێندەی دیکە سوود بەو پڕۆژە سیاسی و هەواڵگرییانە دەگەیەنێت کە لە دژی کورد لەئاراداان.

١٦ی ئۆکتۆبەر وەک ڕووداوێکی گەورەی ناوچەیی، ڕاستەوخۆ شکۆی کوردی کردە ئامانج و کوردیش پێی خۆش بێت یان ناخۆش، ئۆکتۆبەر شکست بوو بۆ پێگەی کوردستان، لەڕووی سیاسییەوە پرسی سەربەخۆیی دواخست، لەکاتێکیشدا کوردستان لە قەیرانێکی سەختی دارایییدایە، بەهۆیەوە نیوەی ئەو کێڵگە نەوتییانەی حکوومەتی هەرێم سەرپەرشتی دەکردن، لەپرێکدا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی گرووپەکانی حەشدی شەعبی و هیچ داهاتێکیش بۆ هەولێر ڕەوانە ناکرێت، بەمەش نیوەی داهاتی کوردستان کەمی کرد و ڕۆژانەش بەهۆی ڕووداوی ئۆکتۆبەرەوە هەڕەشەی جۆراوجۆر لە هاوولاتییانی کوردی سنووری ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکرێت و حکوومەتەکەی عەبادیش چاوپۆشی لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتە خراپانەی حەشدی شەعبی دەکات کە بە بەرنامە دەرهەق بە هاوولاتییانی سڤیلی کورد لە ناوچە داگیرکراوەکان ئەنجام دەدرێن، بەوپێیەی ئەو عەقڵییەتەی لە بەغدا حوکمڕانە دەخوازێت لە ڕێگەی ترس و تەعریبکردنەوەوە پێگەی خۆی لەو ناوچانەدا زیاد بکاتەوە و دەسەڵاتی کوردیش بە یەکجاری لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی سنووری ١٦ی ئۆکتۆبەر بسڕێتەوە، بۆیە نایەتە سەر مێزی دیالۆگەوە.

ئۆکتۆبەر لەبری ئەوەی ببێتە هۆی بەخۆداچوونەوەی حیزبە کوردییەکان بە سیاسەت و ئەجێندایان و کەمێکیش لەو ناکۆکی و پەرتەوازەییەی نێوانییان کەم بکەنەوە، بەپێچەوانەوە ئەو ڕووداوە لەڕووی سیاسییەوە کوردی دووچاری شۆک نەکرد، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگەگرتن لە

بەردەوامی شەڕ و پێکدادانی نێوان پێشمەرگە و گرووپەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، ئەنجامی گشتپرسی (ڕیفراندۆم)ی سڕ کرد و لەو دۆخە ناسکەشدا پێویست بوو کوردان بەرانبەر ئەو هەموو گوشارە زۆرەی حەیدەر عەبادی یەکهەڵوێست بن و ڕووداوی ئۆکتۆبەرییان بە دیوێکی دیکە بۆ بەگژداچوونەوەی گوشارەکانی بەغدا بەکاربهێنابوویە، بەوپێیەی زۆر ڕوونە عەبادی سوودی لەو پەرتەوازەییەی نێوان حیزبە کوردییەکان لە پێش ئۆکتۆبەر و دوای ئۆکتۆبەریش بینی بۆ زیادکردنی گوشارەکانی، هەروەها خۆدزینەوەی لە دیالۆگ، کەچی کورد لەبری ئەوەی بە پڕۆژە قەرەبووی ئازارەکانی ئۆکتۆبەر بکاتەوە، بەپێچەوانەوە دەستکرایەوە بە دژایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت خواستی ئەمەریکاش لەبەرچاو نەگیرا، کاتێک داوای لە حیزبەکان کرد پاڵپشتیی حکوومەت بن بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە ئاسایی بکرێتەوە، دەکرا ئەو پەیامەی ئەمەریکا بە گرنگییەوە وەربگیرێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی، خودی ئەمەریکاش هەستیکرد لە ڕووداوی ئۆکتۆبەردا ئەویش زیانی بەرکەوتووە، چونکە پێگەی ئێرانی لە عێراقدا بەهێزتر کرد و ئەو گرووپانەی ئۆکتۆبەریانیش ئەنجامدا، زیاتر بوونە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن، بەداخەوە کورد ئەوەشی هەڵنەقۆستەوە و حیزبەکان دەستیان کردەوە بە دروستکردنی لیست و هاوپەیمانێتیی جیاواز بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق.

لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە هەبوو وەک ئاماژەیەک بۆ وەڵامدانەوەی گوشارەکانی عەبادی، حیزبەکان یەکهەڵوێست بن

و بە تیمێکی کوردییانەوە بەرپەرچی سیاسەتی ئێستای عەبادی بدەنەوە و لەم قۆناغەدا کێشە حیزبییەکانیش وەڵاوە بنێن، بەپێچەوانەوە بریندەکانی جەستەی کوردییان قوواڵتر کردەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە پەرتەوازەییەوە چوونەوە ناو پڕۆسەی کێبڕکێی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەموو غروورییەی عەبادی بەرانبەر کورد هەیەتی و ناخوازێت مافەکانی کورد دابین بکات، چونکە ئەو پەرتەوازەییەی کورد باشترین کارتی دەست حکوومەتەکەی عەبادییە تا بەهۆیەوە چاوشارکێ لەگەڵ مافە دارایی و سیاسییەکانی کوردستاندا بکات، هەروەها خودی کوردیش زیانی بەردەکەوێت لەوەی پێشبینی دەکرێت (ژمارە) ڕێژەی دەنگەکانی کەمبکات.

کەوایە ئازارەکانی پەرتەوازەیی کورد لە قۆناغی دوای ئۆکتۆبەردا، زۆر لە ئازارەکانی خودی ئۆکتۆبەریش گەورەترن و نائومێدی زیاتریش دروست دەکات، نائومێدییەک ڕەنگە متمانەی حیزبە کوردییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەوەی لە هەستیارترین دۆخی سیاسی و ئەمنی و قەیراندا، ناتوانن بە یەک تیم کار بکەن، بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی ناعادیلانەی بەغدا کە بە کردەیی ئیش لەسەر پەراوێزخستنی کورد دەکات و تەنانەت دەخوازێت ئەو قەوارە یاساییەی هەرێمی کوردستانیش بخاتە ناو ململانێکانەوە و لەسەر مێزی گفتوگۆکاندا وەک گرێبەستی نەوت و بودجە، مامەڵەی لە تەکدا بکات.

عەبادی ئامادە نییە تەنانەت ناوی هەرێمی کوردستان بهێنێت و لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمدا، لەبری هەرێمی کوردستان، ناوی

پارێزگەکانی باکووری عێراقی بەکارهێناوە. بەداخەوە ئۆکتۆبەر و هەڵوێستە خراپەکانی بەغدا نەبوونە هۆی ئەوەی ئیدی کوردیش پەند لە شکستەکانی خۆی وەربگرێت و چاوێکیش بە ئایندەی خۆیدا بگێڕێتەوە، دەکرا تەنیا بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق بە یەک لیست یان یەک هاوپەیمانێتی، بچنە کێبڕکێی هەڵژاردنەوە و بەمەیش پەیامێکی سیاسی بە عێراق و ناوچەکە و هەتا جیهانیش بگەیەنن، بەڵام کاتێک فرەلیستی جێگەی ئەوە دەگرێتەوە و حیزبەکان بەردەوامی دەدەن بە پەرتەوازەییەکانی خۆیان، بەپێچەوانەوە ئاماژەیەکە کە ئۆکتۆبەر لە زاکیرەی کورددا لاواز بووە، ئایندەی کوردیش لە بەغدا لەبەردەم ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ ئەو گرووپە مەزهەبییانەی تەنیا لە دژایەتییکردنی کورددا لە نێوان خۆیاندا هاوهەڵوێستن.

-هەفتەنامەی ڕووداو، ژمارەی ٤٩٤ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٨/٢/١٩

-مالپەڕی ڕووداو/٢٤-٢-٢٠١٨

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردەی شەڕ و دیالۆگدا

کاتێک بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان لەلایەن کۆمەڵێک حیزبی کوردستانییەوە دەرچوو، ئیدی لەو ڕۆژەوە قۆناغێکی دیکەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هاتەگۆڕێ، قۆناغێک لەبەردەم سەربەخۆیی یان شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە.

بەداخەوە شەڕ ڕوویدا، شەڕێک کورد چاوەڕێی ئەم جۆرەیانی نەکردبوو، ڕاستە کورد ئامادەسازی بۆ شەڕ هەبوو، بەڵام شەڕێکی لەمەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ پێشبینی نەکراو بوو، هەرچەندە لە سیاسەتدا پێویستە بیر لە هەموو ئەگەرەکان بکرێتەوە بەوپێیەی لە کاتی ڕیفراندۆمدا دۆخی سیاسیی کوردستان ئاڵۆزیی زۆری تێدابوو، بەجۆرێک هێزەکان وەرەقەی یەکتریان نەدەخوێندەوە، بۆیە لە ئۆکتۆبەردا هەموو شتەکان پێچەوانەی پێشبینییەکانی هەرێم کەوتنەوە.

هەرێمی کوردستان پێی وابوو لە هەندێک ناوچەی کێشەلەسەردا، وردە شەڕ ڕوو دەدات و پاشانیش دەبێتە واقیع، بەڵام دواتر شارێکی گەورەی وەک کەرکووک بەبێ تەقەکردن دەکەوێت و بە هۆیەوە

پێگەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم عێراقدا تەواو لاواز دەبێت. بۆیە هیچ شوورەیی نییە ئەگەر ئێمە بڵێین ١٦ی ئۆکتۆبەر بووە هۆی شکستی کوردستان لە بەرانبەر بەغدا، لە سیاسەتدا هەمیشە شکست و هەڵسانەوە هەن، ئێ لە ئۆکتۆبەردا کورد دووچاری جۆرێک شکست بۆیەوە، بەڵام ئێستا هەمان ڕۆژی ڕووداوی ئۆکتۆبەر نییە و بەرنامەی ئۆکتۆبەریش لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەستێندراوە، چۆن؟

کورد لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتە بەردەم دوو هەڵبژاردەی شەڕ یان دیالۆگ، دواجار حکوومەتی هەرێم شەڕی ڕەتکردەوە و تاکلایەنانە دیالۆگی ڕاگەیاند، بە سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم، ئەمەش لە کاتێکدابوو تەنانەت حکوومەتی هەرێم درکی بەوە کردبوو دیالۆگیش بەو ئاسانییە نایەتەدی، لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق لە هەندێک ناوچەدا بەسەر حکوومەتی هەرێمدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، هەمیشە ئەو هێزانەی لەبەرەی شەڕدا سەرکەوتوو دەبن، یەکەمجار دیالۆگ ڕەتدەکەنەوە و هەوڵی شکستهێنانی تەواوەتی بەرانبەرەکەیان دەدەن.

ئێمە پێمان خۆش بێت یان ناخۆش، ئەمە واقیعە و ناکرێت خۆمانی لێ بشارینەوە، لەوەی کورد پێویستی بە شەڕ نەبوو، مەگەر شەڕی ناچاری وەک ئەوەی پردێ و سحێلا نەبووایە، بۆیەش کاتێک حکوومەتی هەرێم بەڕژدی بانگەشەی دیالۆگی بەرزکردەوە و بە هۆیەوە هەندێک لە بیانووە شەڕئامێزەکانی بەغدای پووچەڵ کردەوە و تەنانەت خودی حەیدەر عەبادیش لە پەیامی دیالۆگ نیگەران بوو و تا ئەم چرکەساتەش نایەوێت لە خەونی هێرشکردنە سەر

کوردستان بەئاگابێتەوە! ئەو تەنیا مەبەستی کەرکووک نەبوو، ئامانجی هەرێمی کوردستانیش بوو، بەجۆرێک پڕۆژەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو هەندێک جار و هەندێک بەناو سیاسی باسی لێوە دەکەن!

مادام ئێمە ئەنجامی ڕیفراندۆممان سڕ کرد و لەژێر گوشاری نێودەوڵەتیدا یان هەر جۆرێکی دیکە، بڕیاری چوونەوە بەغدامان داوە، مادام دەکرێت هەموو هەوڵێک چڕ بکرێتەوە بۆ ئەوەی دیسانەوە لە بەغدا لە ڕێگەی یەک تیمەوە قەرەبووی شکستەکان بکرێتەوە، هەڵبەت ئەمەش باش نییە کێشەکانی هەولێر ببڕێن بۆ بەغدا و دواجاریش بەغدا لێیان سوودمەند بێت.

دروستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی ئابووری و سیاسی بووەتەوە و هەندێک حیزبیش کشانەوە لە حکوومەت، بەڵام ئەم ئەزموونە بەتەنیا هی پارتی یان یەکێتی نییە، هی هەموو گەلی کوردە بە سەرجەم حیزب و لایەنەکانەوە و شکست و هەڵسانەوەش هی هەموومانە، ئەسڵەن بەغدا ناخوازێت ناومانڵی کورد لەو ئاڵۆزییەی تێیدایە ڕزگاری بێت و ڕووداوێکی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەریش لە دەرئەنجامی ئەو ململانێ حیزبییەوە هاتووەتەدی، ئەگینا هیچ کات کورد دووچاری ١٦ی ئۆکتۆبەر نەدەبوو، ڕووداوەکان ڕوونن و ڕەنگە قۆناغی سیاسیی کوردستانیش ئەوە نەخوازێت دیسانەوە قەوانەکان لێبدرێنەوە.

ئەو ماڵوێرانییەی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەخۆیەوە ڕووینەداوە، چەندە خەونی بەغدایە، هێندەش پەیوەندی بە کێشە ناوخۆییەکانی

کوردستانەوە هەیە، بەتایبەتی باڵباڵێنی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەرچەند کەسە و لە لای خۆیانەوە بڕیار دەدەن و هەڵسوکەوت دەکەن، ئەمەش بەشێکی دیکەیە لە ماڵوێرانییەکانی کوردستان، لەبەر ئەوەی ناکۆکی ناو حیزبێکی باڵادەستی وەک یەکێتی دواجار گەل باجەکەی دەدات، ئەوەمان لە ئۆکتۆبەردا بینی.

زۆر دەگوترێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنازول بۆ بەغدا دەکات، بەڵێ، منیش نیگەرانم لەوەی هەموو ڕۆژ هەرێمی کوردستان داوای دیالۆگ دەکات و کەچی بەغدا چاوپۆشی دەکات و خۆی لە واقیعەکە دەدزێتەوە! بەڵام ناکرێت بیرمان بچێت واقیعەکە بۆ کورد باش نەبوو، ئەگەر بچووبایەتە ناو شەڕەوە، لێرەدا گومان لە ئازایەتی پێشمەرگە نییە و هەموو لایەک دەزانین ئەو هێزە بووەتە مانشێتی میدیاکانی جیهان لە شەڕی داعشدا، بەڵام نیەتی شەڕخوازیی بەغدا زۆر لەوە فراوانتر بوو کە ئێمە بڵێین تەنیا عەبادی بوو، نەخێر، عەبادی تەنیا ڕۆڵی جێبەجێکاری فەرمانێکی ناوچەیی و هەتا جیهانیشی دەبینی، لەبەر ئەوەی عێراق کەوتووەتە ناو بازنەی بەرژەوەندییەکانی نێودەوڵەتییەوە.

بەریتانیا دەیەوێت پشکی خۆی ببات و ئێرانیش دەیەوێت بەغدا بکاتە پایتەختی دووەمی ئێران لە عێراقدا، ئەمەریکا دەڵێت ئێمە خوێنمان بۆ ڕزگارکردنی عێراق ڕشتووە و تورکیاش بەناوی تورکمانەکانەوە و هەروەها ویلایەتی مووسڵی کۆن، هەمیشە چاودەبڕێتە ناوچە سوننییەکان، تەنانەت ئێستاش هێزەکانی لە عێراقدا ماون.

بەگشتی عێراق تەنیا بەناو دەوڵەتێکی خاوەن سیادە و سەربەخۆییە، بەپێچەوانەوە دەوڵەتێکە تەنیا ئیشوکاری جێبەجێکردنی فەرمانە ناوچەیی و جیهانییەکانە و تەنانەت ناتوانێت بەبێ هەندێک وڵات دوو دەبابەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازێتەوە و هەر ئەو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییە بەرژەوەندخوازەش بوون، کاتێک زانیان هێرشی زیاتر بۆ سەر کوردستان دەرئەنجامی خراپ دەخاتە سەر بەرژەوەندییەکانیان، بەخێرایی داوای ڕاگرتنی شەڕیان کرد، دوای ئەوەی لە پردێ سوپای عێراق بە پاڵپشتیی حەشدی شەعبی تێکشکا.

سەرباری هەموو ئەو هۆکار و شتانە، بەڵام هێشتا کورد پێویستی بە دیالۆگ هەبوو، ئێستاش وەک ستراتیژییەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو پرسی دیالۆگە گەشەی کردووە، ئەگەرچی هێشتا کاریگەرییە قوواڵەکانی دەرنەکەوتوون، بەڵام سەرۆکوەزیرانی هەرێم کە ئێستا کەسی بڕیاربەدەستی یەکەمە لە کوردستان، لە ئەڵمانیاوە گوتی گەمارۆکان نەمان.

مەبەستی گەمارۆکان ئەوەیە ئیدی هێرش ناکرێتەوە سەر کوردستان و دۆخەکە بەرەو چارەسەری دەچن، ئەگەرچی هێشتا ساردی هەیە، دەی ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکەوە گرنگییەکەی لەوەدایە شەڕ بوەستێت، چونکە ئەو شەڕە نە لە بەرژەوەندیی عێراقە، نە لە بەرژەوەندیی کوردستانیش. بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕیفراندۆم وەک بیانووی شەڕ بەکارهێندرا، کەوایە لێرەدا حکوومەتی هەرێم سەرکەوتوو بوو لەوەی بیانووی بۆ شەڕکردن لەبەردەم عەبادیدا نەهێشتووەتەوە!

ماڵپەڕی NRT/ ٢٣-٢-٢٠١٨

غروری ئێستای بەغدا و ئەگەری ئەنجامێکی پێچەوانە

لە ڕووکەشدا عێراق دەوڵەتە و خاوەن دەستوور و سەروەریی خۆیەتی و لە دونیاشدا پاڵپشتییەکی زۆری دەکرێت تا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەتایبەتیش لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن، ئەمەریکای زلهێز بە هەموو شێوەیەک بەشێک لە توانای سیاسی و سەربازی خۆی خستەگەڕ تاکو عێراق بکاتە دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی، هاوکات پڕچەک و بەهێز لەڕووی سیاسییەوە.

لێرەدا خەونی (ئامانج) ئەمەریکا دروستکردنی عێراقێکی بەهێزە لە بەرانبەر ئێراندا، کەچی ئەو عێراقە نەبووە دەوڵەتێکی دیموکراسی، کاتێک کەمێک بەهێز دەبێت ئیدی دووچاری هەمان غروریییەکەی سەددام دەبێت و لەبری پێکەوەژیان، هەوڵی پەراوێزخستنی پێکهاتەیەکی سەرەکی وەک کورد دەدات. لەبری ئەوەی بەرانبەر ئێران بەهێز بێت، بەپێچەوانەوە دەبێتە ڕۆبۆتێک و تا ئاستێکی زۆر لە تارانەوە ئاڕاستە دەکرێت. واتە ئەو عێراقەی ئەمەریکا پێیوابوو

دەبێتە نموونەیەکی دیموکراسی و مەدەنی لە ناوچەکەدا، ڕێک بەتاڵبوونەوەی پێشبینی و خەونی ئەمەریکای لێکەوتەوە، بەوەی عێراق دوای نزیکەی ١٥ ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام، ئەوەتا ئێستا تەواو بەرگی ساختەی دیموکراسییەت و مەدەنی فڕێداوە و بووە بە دەوڵەتێکی مەزهەبی نامەدەنی.

ڕاستە عێراق دەستووری هەیە و دەکرێت هەندێک بەهای جوانی مەدەنی یان دیموکراسی لە دەستوورەکەیدا بەدی بکرێن، بەڵام ئەوەی لە دەستووردا هاتوون، ڕێک پێچەوانەکەی پەیڕەو دەکرێت، چونکی هەر خۆی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی عێراق، ناتوانێت خۆی لەگەڵ دیموکراسییەت و مەدەنییەتدا بگونجێنێت، ژینگەیەکە هەمیشە لە دوای هەر شەڕ و ئاڵۆزییەکدا، شەڕی دیکە دەخولقێنێت و هەمیشە ئەو سەرکردانەی دێنە سەر کورسیی دەسەڵاتەوە بەزوویی غروریییەت دەیانگرێت و ئەگەر هیچ لایەنێکی دەرەکیش نەبێت، بەگژ پێکهاتەکانی ناوخۆی عێراقدا دەچنەوە. بە دیاریکراوی بۆ دژایەتییکردنی کورد هەمیشە ئامادەن و هەوڵدانیان بۆ سڕینەوەی کورد پڕۆسەیەکی بەردەوامیانە، هەر دەموچاوێک بێتە سەر کورسیی دەسەڵات لە بەغدا، یەکەم کاری بەگژداچوونەوەی کورد دەبێت.

کێشەی ئێستای کورد لەگەڵ عەبادی نییە، بە هەمان شێوەیە لەگەڵ مالیکی و جەعفەریش نییە، بەڵکوو واقیعێکی تاڵ لە عێراقدا بااڵدەستە، ئەویش عەقڵییەتێکی شۆڤێنی بەسەر زاکیرەی عێراقدا زاڵە و ناتوانێت کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق سەیر بکات و نایەوێت کورد خۆشگوزەران و بەهێز بێت، نایەوێت کورد لەنێو خۆیدا یەکڕیز

بێت، چونکی یەکڕیزیی کورد و بەهێزبوونی، وەک مەترسییەک بۆ سەر خۆیان دەبینن. ئەو عەقڵییەتە ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی نزیکەی هەزار ساڵەی هەیە و پێیوایە جگە لە عەرەب هیچ نەتەوە و پێکهاتەیەکی دیکە لەو ناوچەیەدا مافی ئەوەیان نییە مومارەسەی جیاوازیی نەتەوەیی خۆیان بکەن، زۆرجاریش ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنییە لە پەنای ئایینەوە هەوڵی چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دەدات. بۆیە دەتوانین بڵێین داعش هەمان عەقڵییەت بوو لە بەرگی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی خۆی نوێکردەوە، ئەوەی داعش بەرانبەر کوردی کرد، هەمان خواستی ئەو عەقڵییەتەی ئێستای بەغدایە، بەڵام لە بەرگی داعشدا ئەنجامی دا، ئەگینا بۆچی عێراق لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی شەڕە گەرمەکەی کورد لەگەڵ داعشدا، بەغدا هیچ هاوکارییەکی پێشمەرگەی نەکرد! نە بە پارە، نە بە مووچە و چەک و تەقەمەنی، لەکاتێکدا پێشمەرگە بەبێ مووچە و بە چەکی کۆن، شەڕی داعشی دەکرد، کەچی سوپایەکی پڕچەکی مەشقکراوی دیسپلین ئەمەریکی هەڵدەهاتن و ناوچە لە دوای ناوچەیان ڕادەستی ئەو هێزە تیرۆریستییە دەکرد و سەرئەنجامیش یەکەم شکانی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە ڕوویدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دروست ببێت و دیسانەوە پارچە شکاوەکانی شکۆی عێراق لەلایەن پێشمەرگە و هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە لێکبدرێنەوە، کەچی ئەو عێراقە چونکی عەقڵییەتی شۆڤێنیەتی تێدا بالادەستە، هەر دوای شەڕی داعش، لوولەی تانکە ئەبرامز و چەکە ئەمەریکییەکانی لە هەولێر کرد!

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (دیکتاتۆرییەتی سەددام) دەسەڵاتدارە مەزهەبییەکانی بەغدا بەشێواز و قۆناغی جیاواز دەستیان کردەوە بە دژایەتیکردنی کورد و لەگەڵ هەر کابینەیەکی حکوومەتی عێراقدا، ئاستی دژایەتی و هەوڵی سڕینەوە و پەراوێزخستنی خواست و مافەکانی کوردیش بەرزتر دەبنەوە و تا ئاستی ئەوەی کورد نانبڕاو دەکرێت بۆ ئەوەی برسێتی وەک چەکێک بۆ لاوازکردنی کورد بەکار بهێندرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی هیچ مافێکی دەستووری و یاسایی و هەتا کۆمەڵایەتیی کوردیش جێبەجێ نەکران و بگرە بە ئەنقەست کێشە بۆ هەموو خواستێک و مافێکی کورد دروست کراوە، هاوکات عەقڵییەتی شۆڤێنی بەغدا بە بەرنامەی سیاسی تەنانەت ناوخۆی هەرێمیشی دووچاری کێشەی سیاسی کرد، بەجۆرێک هێزەکان بوونە دوژمنی یەکدی و سەرئەنجام ناکۆکییەکان هێندە گەورە کران، ئێستاش کاریگەرییەکانی ماون و ڕەنگە بەمزووانەش کۆتاییان نەیەت.

کاتێک کورد بە تەواوی لەگەڵ عێراقدا لەڕووی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕێزدارانە دووچاری نائومێدی قوواڵ دەبێت، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفرامدۆم دەدات، ڕیفراندۆمیش لەبری ئەوەی عێراق بەهۆیەوە بە سیاسەتە چەوتەکانیدا بچێتەوە، بەپێچەوانەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی بڕیارەکە بەغدا هەڕەشەی کرد، بەپێچەوانەوە دەبوو بۆ دڵدانەوەی کورد جۆرێک بەخۆداچوونەوە لە ستراتیژییەتییاندا بەرانبەر کورد ڕوو بدات، بەڵام هەر زوو ئاسمانی لەسەر هەرێمی کوردستان داخست و داوای لە وڵاتانی ناوچەییش کرد سنووورەکانییان بەڕووی

هەرێمدا دابخەن تا کورد برسی بێت و دواتریش بە ناچاری تەسلیم بێت.

ڕیفراندۆم ئەنجام درا، نزیکەی ٢٠ ڕۆژێکیش دوای ئەو ڕووداوە ناوچەیی و دیموکراسییە، عێراق لەپڕێکدا لوولەی ئەبرامزە ئەمەریکییەکان دەکاتە کەرکووک و دواتریش هەولێر، بەمەیش هەموو هاوکێشەکان گۆڕان و هیچ شتێک لە شوێنی ئاسایی خۆیدا نەمایەوە و بەغداش کۆی دەرفەتەکانی دیالۆگی سەرەوژێر کرد و لۆژیکی چەکی کردە بەدیلی لۆژیکی دیالۆگ و بۆ ڕێگری لە شەڕ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی سڕ کرد، بەڵام هێشتا ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی بەغدا بە سیاسەتە چەوتەکانی خۆیدا بچێتەوە، تا ئەم چرکەیەش کە ئەم ڕەخنانەی تێدا ئاڕاستەی بەغدا دەکرێت، عێراق بەردەوامە لەسەر گەمارۆکانی و نییەتی باش نییە، چونکە ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنییەی بەغدا ناخوازێت بە ئاسانی و ئاشتییانە لەگەڵ کورد هەڵبکات، واتە بە بەرنامەی سیاسی هەوڵی سڕینەوەی کورد دەدات و ئەوەی بۆی بکرێت لە پەراوێزخستنی کورد و خواستە نەتەوەییەکانی درێغی ناکات، سیاسەتی برسیکردن و گەمارۆدانی کورد بووەتە ستراتیژییەتی ئایندەی ئەو دەوڵەتەی کە ئەمەریکا پێشتر ئومێدی مەدەنیبوونی لەسەر هەڵچنیبوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا جگە لە دیوەخانێکی مەزهەبگەرا، ئەنجوومەنەکەی عەبادی هیچی دیکە نییە، واتە ئەوەی لە بەغدایە حکوومەت نییە بە مانا یاسایی و دەستووری و دیموکراسییەکەی، بەڵکوو ئەنجوومەنی خێڵ و پیاوە مەزهەبییەکانە، مەگەر بە بڕیاری مەرجەعی شیعەکانی عێراق، هێزێکی میلیشایی وەک بەدیلی سوپا دروست نەکرا! مەگەر

ئەو هێزە بە ئارەزووی خۆی هاوواڵاتییانی کورد ناکوژێت و ناڕفێنێت! خێرە دەوڵەتی عێراق هیچ هەڵوێستی نییە و بگرە ئەو چەکانەشی ڕادەست دەکات کە ئەمەریکا بۆ سوپای دەنێرێت تا شەڕی داعشی پێ بکات، کەچی چەکەکان ڕوویان دەکرێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی وەک کورد، تەنیا لەبەر ئەوەی خواستێکی یاسایی و نەتەوەیی خۆی مومارەسە کردووە، کەی لە دەوڵەتی دیموکراسی و مەدەنیدا، چەک بەرانبەر هاوواڵاتییانی وڵات بەکار دەهێندرێت! ئەویش لە بەرانبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک کە ڕەگەزێکی سەرەکیی دیموکراسییە و تەنیا پرسیار لە خەڵک کراوە، ئایا دەیەوێت لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە یان جیابوونەوەی دەوێت؟

ئەمە لە وڵاتی دیموکراسیی ڕاستەقینەدا، کوفر نییە، یەکێکە لە بنەماکان و مرۆڤ دەتوانێت بە ئازادانە خواستی ڕاستەقینەی خۆی بخاتەگەڕ لەوەی چی دەوێت. ئەسڵەن بەغدا دەبوو لە دوای ڕیفراندۆمەوە هەموو شتێک بکات بۆ ئەوەی کورد ئاشت بکاتەوە، نەک بەهۆی ڕیفراندۆمەوە چەندین گەمارۆی جۆراوجۆری بخاتە سەر و سەرئەنجامیش دەبێت ئەو گەمارۆیانە بشکێن، چونکە غەدری ئاشکران لە کورد.

سیاسەتی چەوتی ئێستای بەغدا کە لە دوای ڕیفراندۆمەوە پەیڕەوی دەکات، هیچی کەمتر نییە لەوەی سەردەمی سەددام، ئەگەر درێژە بکێشێت، ئەگەری ئەوە زۆرە دیسانەوە کورد بڕیاری دیکە بدات. بەڕاستی ئیدی بەغدا نایەوێت کورد وەک هاوواڵاتیی عێراقی سەیر بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کورد بە سڕکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆم ویستی دەرفەتێکی دیکە بداتەوە بەغدا، بەڵام سوودی ئەوتۆی نەبووە

و عەبادی و کابینەکەی کات دەکوژن و بەردەوامیش خەریکی یاریکردنن بە کات و دەیانەوێت شکستەکانی کورد کە بەهۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دووچاری بوون، وەک کارتێکی سیاسی بۆ لاوازکردنی کورد بەکار بهێننەوە، بۆیە پێشبینی دەکرێت سەرئەنجام کوردیش زیاتر لەوەی ئێستای بێتاقەتتر بێت و دواتر بە گرتنەبەری بڕیارێکی چارەنووسسازی نەتەوەیی، ڕەنگە بڕیاری کشانەوە لە بەغدا بدات، بەتایبەتی ئێستاش زۆرینەی خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی بەغدا نایەوێت دان بە مافەکانی کورد بنێت، بەدیاریکراوی لە پرسی کەمکردنەوەی پشکی هەرێم لە بودجەدا بە بڕیارێکی سیاسی کە ئامانجی زیاتر برسیکردنی کوردە، بۆیە کشانەوە گەورەترین چەکی دەستی کورد دەبێت لە ئەگەری بەردەوامی بەغدا لەسەر ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیەی، لەکاتێکدا ئێستا کورد خواستی وڵاتانی جیهانی قبووڵ کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دەستوورەوە، کەچی بەغدا ڕێز لە خواستی نێودەوڵەتیش ناگرێت بۆ دیالۆگ و سەرئەنجام ڕەنگە ئەو غروریيەی حکوومەتی بەغدا ئەنجامی پێچەوانەی لێ بکەوێتەوە.

-ماڵپەڕی کوردستان٢٤/ ٢٧-٢-٢٠١٨

-فەیسبووک: ٢٠١٨/٣/١

عەبادی نییەتی ڕێککەوتنی نییە

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەمەبەستی سڕینەوەی ئارەقی شەرمەزاریی سەر ڕووخساری خۆیان، چەندین جار داوایان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد تا کێشەکان لەگەڵ بەغدا لە ڕێگەی دیالۆگ و جێبەجێکردنی دەستوورەوە چارەسەر بکەن، سەرباری ئەو هەموو غەدر و پێشێلکارییەی بەغدا و خواستی ڕاستەقینەی کوردیش بۆ جیابوونەوە لە عێراق. بۆ دوورخستنەوەی شەڕ و ڕێزگرتن لە خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، حکوومەتی هەرێم بەوە ڕازی بوو کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و دەستوورەوە لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات و تەنانەت ئەنجامی ڕیفراندۆمیش سڕ بکات، کەچی بەغدا و بەتایبەتی خودی حەیدەر عەبادی تا ئێستاش هیچ هەنگاوێکی نیازپاکیی کردەییان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ هەولێردا نەناوە و بەپێچەوانەوە کەیسی برسیکردنی خەڵک و گەمارۆدانی کوردستان کراوەتە کارتێکی سیاسی و ڕاوەدەنگی هەڵبژاردن.

ڕاستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای دیالۆگ دەکات، بەڵام هیچ یەکێک لەو داوایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی بەغدا و عەبادی تۆزێک لەو لووتبەرزییەی کە بە هۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دووچاری بوونە بۆ ئاستی دیالۆگ و داننان بە مافەکانی کورد دابەزن، ئەمەیش جێگەی پرسیارە ئایا ئەو داوایانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دیالۆگی هەولێر و بەغدا ڕاستەقینەن؟ یان خۆدزینەوەن لە ڕاستییە تاڵەکان؟ بەپێچەوانەوە ئەوەی ئێستا لە بەغدا بەرانبەر کورد دەگوزەرێت، هەمان مۆدێلی حوکمڕانێتیی پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە، مۆدێلێک وایکرد هەولێر لە ناچارییەوە ڕیفراندۆم بکات بۆ ڕزگاربوون سیاسەتی شۆڤێنییەتی بەغدای مەزهەبگەر، کاتێکیش کورد ڕیفراندۆم دەکات، نەبووە هۆی ئەوەی بەغدا تۆزێک سیاسەتی چەوتی خۆی بەرانبەر هەولێر ڕاست بکاتەوە، بگرە ئێستا بەشێوەیەکی ترسناکتر هەوڵی سڕینەوەی بوون و خواستی کورد دەدرێت لە عێراقدا و کۆی عەقڵە خێڵەکی و مەزهەبییەکانی بەغدا بە تیم ئیش لەسەر نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن.

سەرئەنجام ئەو هەنگاوە خراپەی بەغدا، لێشاوی تووڕەیی خەڵکی کوردستانی لێدەکەوێتەوە و ئەمەش ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە دژ بەو مۆدێلە خراپەی حوکمڕانێتیی بەغدا، ئیدی هەولێریش بێتاقەت دەبێت لە داواکردنی دیالۆگ.

لە دوای ئۆکتۆبەرەوە هەولێر بەردەوام داوای دیالۆگ و دانوستاندنی کردووە و لە بەرانبەریشدا بەغدا ئەو دۆخە خراپەی دارایی و شکستی کوردی لە کەرکووک بۆ بەرژەوەندیی شۆڤێنییانەی خۆی

بەکار دەهێنێت و هیچ نیازپاکییەکی بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ هەولێردا نییە، کەچی بۆ شاردنەوەی نیازخراپی خۆیان، کۆمەڵێک لیژنەی بێدەسەڵاتی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە بە بیانووی وردبینیکردن لە لیستی مووچەی فەرمانبەران، ئەمەیش لەکاتێکدایە هێزەکانی وەک حەشدی شەعبی و سوپای عێراق زۆرترین گەندەڵییان تێدایە، بەڵام عەبادی ناچێت لە ڕیزەکانی سوپا و حەشدەوە دەست بە چاکسازی بکات، کەچی بۆ ئیستفزازکردنی هەولێر لیژنەی بێکردار ڕەوانەی فەرمانگەکانی کوردستان دەکات و لە بنەڕەتیشدا مەبەستی ناردنی مووچەی نییە و تەنیا یارییەکی سیاسی لەگەڵ هەولێر و فێڵیش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، ئەمەیش بۆ ڕاوەدەنگ و لاوازکردنی شەراکەتی پێکهاتەکانی عێراق.

مۆدێلی حوکمڕانێتیی ئێستای بەغدا لەسەر بنەمای دەوڵەتداری و یاسا بەڕێوە ناچێت، ئەوەی فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە دەکات کەسانی مەزهەبین و لە پشتی پەردەوە عێراق بەرەو دەوڵەتێکی تەواو ئیسلامیی دەستەگەری شیعەیی دەبەن، ئەو مۆدێلەی ئێستا ناخوازێت پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق قبوڵ بکات، بەڵکوو بە تیم و بە پڕۆژەی سیاسیی مەزهەبی، عێراق بەرەو ئاقارێکی مەزهەبی دەبردرێت و دواجاریش خودی ئەو ئەمەریکایە لەبری ئەوەی تەنیا شەڕی ئێران بکات، ئەوا پێویستی بەوە دەبێت سەرەتا تانکەکانی خۆی لە عێراق بشکێنێت، لەبەر ئەوەی عێراق سەرەتاکانی دژایەتیکردنی ئەمەریکای تێدا دەرکەوتوون، ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت و کاری بۆ دەکات، بەغدا نایەوێت، ئەگەر ئەمەریکا تۆزێک دیقەتی حەشد بدات، هەڵبەت دیقەتی داوە و درکیش بەوە کردووە ئەو هێزە لە بنەڕەتدا بۆ

دژایەتیی ئەمەریکا و پێکهاتەکانی غەیرە شیعە دروستکراوە، ڕوونە لە ئایندەیەکی نزیکدا تەنانەت حەشد دەبێتە مەترسییەکی جیدی بۆ سەر پێگەی هەندێک لە گرووپی سیاسی شیعەش، چونکە حەشد عەقڵییەتی شیعەگەری دروستی کردووە بۆ ئەوەی هەندێک پڕۆسە ئەنجام بدەن کە نابێت سوپا ئەنجامی بدات، کەوایە هەم ئەمەریکا و هەمیش کوردیش ئەگەر دۆخەکە بەمجۆرێ بچێتە سەر، هیچ ئایندەیەکی ئەوتۆیان لە بەغدا نابێت و سەرەتای تۆخبوونەوەی دژایەتییەکان لە مۆدێلی قسەوە بۆ کردار دەستپێکردووە، ئەگەر جاران بە قسە دژایەتی کورد دەکرا، ئێستا تانکی و هێزی سەربازی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە و بە یاسا نانی کورد دەبڕن و گەمارۆی نێودەوڵەتی لەڕووی ئاسمانییەوە دەخەنە سەر، گریمان کورد هاووڵاتی عێراقی بوو، بەڵام خۆ ئەگەری زۆرە بەردەوامیدان بەو سیاسەتە شەرمنانەی ئەمەریکا و ئەو دەستەیەی فەرمانبەرانی واشنتۆن لە عێراق، پێگەی واشنتۆن لە بەغدا تەواو لاواز بکات و دواجار سەرباز و دیپلۆماتەکانی واشنتۆن تەنانەت لە بەغداش ژیانیان دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی دەستەگەریی شیعەوە، مەگەر ئێستا سەرکردەکانی حەشد هەڕەشەی دەرکردنی ئەمەریکا لە عێراقدا ناکەن!

ئەو عەقڵییەتەی ئێستای بەغدا هەموو پێکهاتەیەکی دیکە، جگە لە خۆیان ڕەت دەکەنەوە و ئامانجیان دروستکردنی دەوڵەتی شیعەگەری هاوشێوەی ئێرانە، سەرباری هەموو ئەوانە هێشتا ئەمەریکا نایەوێت عێراق لەدەست بدات، بۆیە پێویستە ماوەیەکی دیکەش دیقەت لە سیاسەتی ئەمەریکا بدرێت لە عێراقدا، بەوپێیەی

هەڕەشەکانی سەر پێگەی واشنتۆن لە عێراقدا تا دێت زیاتر دەبن و پێناچێت ئەمەریکا بەو ئاسانییە دەست لە عێراق بەربدات، سرووشتی ئەمەریکییەکان وایە، چوونە هەر شوێنێک بە هی خۆیانی دەزانن!

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٦٣ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٨/٢/٢٨

هەڵاتن لە بەرپرسیارێتی و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

چەند ڕۆژێکی دیکە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەستپێدەکات، ئەگەرچی ئێستا بەشێوەی نافەرمی دەستیپێکردووە و حیزب و لایەنە سیاسییە کوردییەکان و هەتا عێراقییەکانیش، بەتایبەتی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بازاڕیان بە دروشم و هاتوهاوارەوە گەرمکردووە، ئەمەیش لەکاتێکدایە هەر دوێنێ بوو بەشێک لەو هێزانە حکوومەتییان بەتەنیا بۆ پارتی و یەکێتی جێهێشت، ڕەنگە جوانتر بێت ئەگەر بڵێین هەڵاتن، هەڵاتن لە حکوومەتیش دەکرێت دوو ڕەهەندی هەبێت، ڕەهەندێک خۆدزینەوە بوو لە بەرپرسیارێتی و ڕەهەندێکی دیکەشیان کە سەد لە سەد ڕاستە، بۆ ئەوەبوو تاکو بازاڕی پڕوپاگەندەی حیزبی گەرم بکەنەوە. واتە ئەو حیزبانە لە یەک کاتدا دوو جۆر بەرنامەیان پەیڕەو کرد، هەم خۆیان لە بەرپرسیارێتی دزییەوە و هەمیش ئەو خۆزدینەوەیە وەک کارتی پڕوپاگەندەیی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەکار دەهێنن.

پێشبینی دەکرێت لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، ئەو حیزب و لایەنانەی لە حکوومەت کشانەوە یان هەڵاتووەکان، زۆرترین دروشمی بەتاڵی سیاسی بەرز بکەنەوە بۆ کۆکردنەوە و ڕاوەدەنگ، دەی خۆ ئەوە ئاساییە حیزبی سیاسی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بکات، بەڵام ئەوە ئاسایی نییە لە بەرگی پڕوپاگەندەدا خەڵک یانی دەنگدەر لە خشتە ببردرێت، ئەگینا ڕوونە لە ماوەی ڕابردوودا ئەو حیزبە هەڵاتووانە ڕۆڵی زۆر خراپیان لە ئاڵۆزکردنی ڕەوشی سیاسیی کوردستاندا بینی، تا ئاستی ئەوەی هیچ دەرفەتێکییان بۆ گفتوگۆی سیاسی نەهێشتەوە و ئەمەیش کاریگەریی قوواڵی لەسەر سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵگە جێهێشت و ئێستاش خەڵکی بەشێوەیەکی گوماناوی سەیری پرۆسەی هەڵبژاردنیش دەکات، چونکە لە ڕابردوودا لە بەرگی ئۆپۆزسیۆنبوونەوە زۆرترین کێشەیان دروستکرد، گوایە ئەو کێشانە لەپێناوی خەڵکدان، کەچی کاتێک حکوومەت پارەی نامێنێت و بەغدا کێشەی بۆ دروست دەکات، ئیدی ئەوانیش دەکشێنەوە، حیزبی سیاسی کاتێک هەست بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسی دەکات، هەوڵ نادات خۆی لە ئاست قەیرانەکان بشارێتەوە و لایەنی دیکەی پێ تۆمەتبار بکات، بەداخەوە لە ڕابردوودا ئەوە ڕوویدا.

زۆر لایەنی سیاسی هەبوون لە دوای ئۆکتۆبەرەوە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوت و شتێک بەناوی هەرێمی کوردستان نەماوە، بۆیە بەخێرایی هەڵاتن بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵبژاردندا بڵێن ئێمە بەرپرس نین لە قەیرانەکان، بەڵام زەمەنێکی کورت ئەو سیحرەی بەتاڵکردنەوە و ئێستا حکوومەت

لەبری ئەوەی بڕووخێت، مووچەی باشتر کردووە و درێژەی بە کارەکانی خۆیداوە و گفتوگۆکانی هەنگاوی باشی هاویشتووە لەگەڵ بەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پاڵپشتیی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی دیسانەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر بە هێواشیش بێت، بەڵام چۆیەوە سەر سکەی ئاسایی خۆی و ئاماژەکانیش دەڵێن گەڕێکی دیکەی بەهێزبوونەوەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیە.

ڕاستە لە ڕابردوودا زۆر قسە و لێدوانی سیاسی خراپ ئاڕاستەی یەکدی کران و دۆخەکەیان زیاتر ئاڵۆز کرد، بەڵام گرنگە کوردیش لەناو ئەو هەموو هەڕەشە و گۆڕانکارییانەی ناوچەکە، ئەویش بە ڕوئیایەکی دیپلۆماسییانە ئیش بۆ ستراتیژییەتی دوورمەودا بکات، دەکرێت ناکۆکیی حیزبی هەبن، بەڵام نابێت تاسەر بەردەواميیان هەبێت، بەردەوامیدان بەو ناکۆکییانە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا نابێت، ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر و عەفرینیش، دەکرێت وەک وانەیەک سەیریان بکرێت کە هەموو نەیارەکانی کورد بۆ دژایەتیکردن و لەباربردنی ئەزموونە کوردییەکان هاوهەڵوێست و دەست لەنێو دەستن.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٨٦ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٨/٤/١٢

تێپەڕاندنی فۆبیای ئۆکتۆبەر

شەش مانگ بەسەر ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەردا تێپەڕی و لەو ماوەیەشدا کورد دووچاری زۆرترین هەڵبەز و دابەزی سیاسی و ئابووری و دەروونی بووەوە، تا ئاستی ئەوەی کۆی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا کەوتە بەردەم مەترسییەکی جیدییەوە. مەترسییەک تەنیا ئەوانە تێی دەگەن کە بە وردی سەیری ئەو ڕووداوە بەرنامە بۆ داڕێژراوەیان دەکرد! لەو سەروبەندەدا کە هێزە شیعەکان خواستی نەهێشتنی ئەزموونی کوردستانییان هەبوو، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەمەیەکی دیپلۆماسییانەی میانڕەوانەدا، توانی تا ئاستێکی بەرچاو مەترسییەکان کەم بکاتەوە و ئامانجی خودی ئۆکتۆبەریش پووچەڵ بکاتەوە.

دروستە لە ئۆکتۆبەردا کورد زۆر شتی لەدەستدا، بەڵام خودی ئۆکتۆبەر ئامانجێکی فراوانتر بوو، بەوەی تەنیا لە کەرکووک و خورماتوو و شنگالدا بوەستێت، ڕاستییەکەی خواستێکی

دەستەگەریی شیعەی عێراقی و ئێرانی بوو بۆ فراوانترکردنی پێگەیان لە ناوچەکەدا، بەڵام کورد بە گوتارێکی نەرم کە لە کارەکتەری نێچیرڤان بارزانیدا بەرجەستە بوو، توانی بەر بەو لێشاوی مەترسییانە بگرێت کە ئامانج لێیان سڕینەوەی هەرێمی کوردستان بوو لە نەخشەی ئێستای عێراقدا، وەک هەرێمێکی کوردی.

دەی ١٦ی ئۆکتۆبەر کارەسات بوو، بەڵام بۆ کورد کارەساتترە بە بەردەوامی ئەو ڕووداوە لە زاکیرەی سیاسی و سەربازی خۆیدا، وەک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەیر بکاتەوە کە هێزە میلیشیاکان ڕەمزەکانی کورد دەشکێنن و دێنە ناوچە کوردییەکان و پێشمەرگە بەهۆی شکستەوە دەگڕی!

بەهێزبوونەوەی کورد، بەوە دەبێت سوود لەم جۆرە کارەساتانە وەربگرێت، نەک بە دەوری شکستدا بخولێتەوە، خۆڕزگارنەکردن لە باری فۆبیای ئۆکتۆبەردا کارەساتە بۆ کورد بیەوێت لە عێراقدا پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە. ئاساییە کورد ١٦ی ئۆکتۆبەر لەیاد نەکات، بەڵام ناکرێت نەتەوەیەکی چل ملیۆنی، باشترواییە بڵێین هەرێمی کوردستان، بەردەوام لەسەر گۆڕی شکستدا شین و ڕۆڕۆ بکات و لەبەردەم ئۆکتۆبەردا دەستەوەستان بوەستێت!

دەی ڕاستە کورد بەهۆی ئەو ڕووداوەوە دووچاری هەندێک شکست بوو، بەڵام ئیدی کوردیش پێویستە لە ڕێگەی دەستوور و شەڕی یاساوە لە عێراقدا بچێتە ناو چاوی عێراقییەکانەوە، چونکی خێری پێناکەن، مادام ڕێگەی سەرەبەخۆیی لێدەگرن، خۆ دەبێت کورد بە ئیرادە ببێتە پێکهاتەیەکی بەهێز لە عێراقدا، ناکرێت تۆ تا سەر بڵێی

مادام ئۆکتۆبەر ڕوویداوە، ئیدی خەونی کوردیش لە عێراقدا کۆتاییهات، خەونی کورد بە ڕوودانی ئۆکتۆبەر کۆتایی نایەت، بەوە کۆتایی دێت کە هەمیشە ئۆکتۆبەر وەک ترسێک ئەبدێت بکەینەوە و هەوڵی قەرەبووکردنەوەی نەدەینەوە، خۆ هەر ئەو کورده بوو، لە سەردەمی بەهێزی سەددامدا چووە کەرکووکەوە، هەر ئەو کورده بوو، لەگەڵ هاتنی داعشدا، دەستی بەسەر کەرکووک و ناوچەکانی دیکەدا گرتەوە، چونکە ئیرادە هەبوو، ئەگەر ئێستا دەرفەتی شەڕ نەبێت، خۆ دەکرێت هەمووان، واتە کوردانی باشووری کوردستان بێ جیاوازی، پاڵپشتی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن وەک تاکە ئەزموونی کوردی لە دونیادا بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی هەموو گوشارەکانی بەغدا ببێتەوە.

بەداخەوە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لەبری ئەوەی هێزە کوردییەکان، پشتگیریی حکوومەت بکەن، بەپێچەوانەوە هەندێکیان چوون پشتگیریی بەغدایان کرد و شاندی حیزبی بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەغدا هاوشێوەی عەرەبەکان قسەیان کرد، ئەمە پێش ئەوەی بۆ حیزبێک خراپ بێت، بۆ تەواوی ئەزموونە کوردییەکە خراپە، هەر بۆیەش حەیدەر عەبادی گوشارەکانی زیاتر دەکردن. کاتێکیش حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر بەغدا دووچاری شکست دەبێت، ئەوە کورده شکست دەخوات، نەک بە تەنیا حکوومەت یان پارتی، بەپێچەوانەوە کاتێک ئەو حکوومەتە بەهێز دەبێت، ئەوە کورده لە عێراقدا بەهێز دەبێت نەک بە تەنیا لایەنێکی دیکە.

تێپەڕاندنی ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەو مانایەی ئیدی کوردیش پێویستە بە ئیرادەیەکی تازەوە لە عێراقدا شەڕی بەدەستهێنانی ماف و پاراستنی دەستکەوتەکانی بکاتەوە، ئەو ئیرادە بەهێزە دەکرێت دووبارە دەرفەتی بەهێزبوونەوەیەکی دیکە بۆ کورد لە ناوچەکەدا بڕەخسێنێتەوە، تەنانەت بە فەرزکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمیش، کەوایە خولانەوە بە چواردەوری ئۆکتۆبەردا، زیانی زیاترە نەک سوود، ڕاستە ئۆکتۆبەر ڕوویداوە و کارەساتێکی خراپیش بوو، بەڵام دەکرێت وەک قۆناغێکی دیکەی سیاسی سەیری بکرێت و بە گوێرەی هەلومەرجە تازەکان سیاسەت بکرێتەوە، ئاساییە بۆ قۆناغی ئێستا تا بەهێزبوونەوە کورد لە تەک عێراقدا لە ڕێگەی دیالۆگەوە شەڕی خۆی بکات و هەوڵی پاراستنی ئەوەی هەیەتی بدات، چونکە بەڕاستی مەترسیی جیدی لەسەر ئەوەی هەمانە، هەبوو، بەڵام کاتێک پرسی دیالۆگ پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت، زۆر شتی چاوەڕواننەکراویش ڕوودەدات کە لە بەرژەوەندیی کورد کەوتنەوە، بەتایبەتی لە دوای ئۆکتۆبەرەوە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ فەرەنسا کە من ناوی دەنێم ئەمەریکای دووەم لە ناوچەکەدا گەشە دەکات، ئەمەش وایکرد خودی عێراق لەو ڕاستییە بگات کە کورد لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دەنگی دیالۆگەوە گەمە دیپلۆماسییەکەی بردووەتەوە، خودی عێراق لەژێر گوشاری ئێراندا حەزی بە دیالۆگ نەبوو، بەڵام ئەو پشوودرێژییەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیالۆگ، گرەوەکەی بردەوە و ئێستاش قۆناغەکە گۆڕاوە و هەمووشی بە دڵی عێراق نییە، بەوپێیەی ئامانجی ئۆکتۆبەر بۆ بەغدا، زۆر لەوە زیاتر بوو کە لە پردێ وەستێندرا.

تێپەڕاندنی فۆبیای ئۆکتۆبەر، هێندەی دیکە کورد بەهێزتر دەکاتەوە، بەتایبەتی پێویستە لەمەودوا گەمە دیپلۆماسییەکانی پەرە پێبدات لەم جۆرەی لە دوای ئۆکتۆبەرەوە لەلایەن هەولێرەوە بەرجەستە کرا و ئاماژەکانی سەرکەوتنیشی دیارکەوتن، سەرکەوتن بەو مانایەی گەمە دیپلۆماسییەکانی هەولێر، خەونی داگیرکردنی سەرتاسەری کوردستانی بەتاڵکردەوە و تێپەڕاندنی ئەو بارە سایکۆلۆژییەی ئۆکتۆبەریش هێندەی دیکە سوودی بۆ هەڵسانەوە و قەرەبووکردنەوەی شکستەکان دەبێت.

٢٠١٨/٤/١٣

بۆچی پارتی؟

پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی لەسەر ئاستی کوردستاندا حیزبی یەکەمە و بە خاوەن مۆراڵی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ناسراوە، بە هەمان شێوەش لەسەر ئاستی عێراقیشدا ڕێز لە پێگە سیاسی و جەماوەری و هەتا سەربازییەکەیشی دەگیرێت، بەو مانایەی ئەگەر پارتی نەبێت یان لاواز بێت، ئەوکات هیچ کۆسپێک و ڕێگرییەک لەبەردەم فاشیزمی عەرەبی عێراقیدا نامێنێت و داگیرکردنی کوردستانیش زۆر ئاسان دەبێت، واتە کوردستان بەبێ پێگەی پارتی بە ئاسانی دابەش و داگیر دەکرێت، وەک ئەوەی لە ڕووداوەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٨دا بیندرا، کاتێک کوردستان کەوتە بەردەم هەڕەشەیەکی جیدییەوە، کادیر و جەماوەر و پێشمەرگەی پارتی، بڕیاری شەڕکردنی کۆتاییان دا لە دژی حەشدی شەعبی و سوپای پڕ چەک و دواجاریش چونکە ئیرادە هەبوو کۆتایی بە زۆرترین مەترسییەکان هێندرا.

ئەو ماوەیە هەڵمەتی هەڵبژاردنە، دروشم و دەستەواژەی زۆر دەگوترێنەوە و بەهۆیەوە قسەی واقیعی و دروشم بە زەحمەت لە

یەکتری جیا دەکرێنەوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو هۆکارانە، کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕاستییە نابێت کە بۆ قۆناغی ئێستا، پارتی پێویستییەکە و دەبێ بەهێزەوە لە بەغدا بێت.

ڕاستە پارتی ڕیفراندۆمی کرد، بەڵام سیاسەتی پارتی ئەوکاتیش لەگەڵ ئەوەدابوو لە دوای ڕیفراندۆم، نابێت یەکسەر واز لە عێراق بهێندرێت، چونکە کورد کێشەی جیدی و جەوهەری لەگەڵ عێراقدا هەیە و بە ئاسانیش چارەسەر نابن و بۆ ئەمەش پێویست بە دیالۆگ و چارەسەری سیاسی و یاسایی دەکات.

چوونەوەی پارتی بە هێزەوە بۆ ناو گەڕێکی دیکەی پرۆسەی سیاسیی عێراق، پێویستییەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، بەو مانایەی ئەو هێزە لە ڕابردوودا سەرمەشقی داواکارییەکانی کورد بووە تا ئاستی ئەوەی کاتێک دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا دەگات بە بنبەست، ئیدی بڕیاری جیابوونەوە دەدات، بەڵام کاتێک بەهۆی خیانەتەوە هەلومەرجەکە بەجۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە، ئەوە شتێکی دیکەیە و مانای دۆڕاندن و شکستی پارتی ناگەیەنێت لە حوکمڕانێتی و سیاسەتکردنیدا، بەڵکوو دۆخێکە لە ئەنجامی خیانەتدا دووچاری هەرێمی کوردستان بووەتەوە و گەڕی یەکەمی ئەو دۆخە ئاڵۆز و هەڕەشەیە لەسەر دەستی پارتی تێپەڕی و ئینجا بەشێوازێکی دیکە دەبێت لە بەغدا سیاسەت بکرێت تا ڕەخساندنی دەرفەتی دیکە.

دیقەت بدەن، زۆرترین هێرشەکان لەسەر پارتین و بە هەموو شێوەیەکیش ڕەمزەکانی ئەو حیزبە بەئامانج گیراون، ئەمەش بە ئامانجی لاوازکردنی پارتی و دواتریش بەهۆی لاوازبوونی پارتییەوە، ئیدی پێگەی کوردیش لاواز دەبێت، ئەمە ڕوونە لاوازبوونی پارتی

یانی چی! چونکە پارتی هێزی یەکەمە و یەک سەرکردایەتیی بڕیاردەری بەهێز و جەماوەرێکی نەگۆڕی هەیە کە ڕێگرن لەبەردەم خەونی لاوازکردنی پێگەی کورد.

کاتێکیش لە سەروبەندی ڕیفراندۆمدا، کورد دەگاتە پێگەیەکی بەرزی نەتەوەیی و سیاسی، ئەوکات بەغدا و ناوچەکە ترسیان لێنیشت و بەخێرایی بەرنامەی لاوازکردنی پارتی جێبەجێ دەکەن بە پاڵپشتیی هەندێک گرووپی کوردی ناو حیزبێکی دیاری کوردستان و ئێستاش ئەو گرووپانە جۆرێک پاشگەزبوونەوەیان پێوە دیارە، دوای ئەوەی لە کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکە، بەغدا تەنیا بۆ یەک ڕۆژ ئەوانی ویست، دواتر ڕێگەی هەڵگرتنی چەکیشی لێگرتن، ئەمەیە فێڵکردن لەو گرووپانە کە دواجار کورد بەهۆی ئەوانەوە زیانی کرد، بەڵام ئەگەر پارتی نەبووایە، کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، سلێمانی و هەولێر و کۆی قەوارەی هەرێمیشی دەگرتەوە، واتە کارەساتەکە زۆر لەوە گەورەتریش دەبوو، بەڵام خەونی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەسەر دەستی پارتی شکستی هێنا و ڕێگە نەدرا کۆی ئامانجەکانی بێێکێت کە دەیانویست هەرێمی کوردستان لە نەخشەی سیاسیی عێراق بسڕنەوە، بەڵام کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری شەڕی یەکجارەکی دەدات و لە بەرەکانی جەنگی پردێ و سحێلادا خوێن جۆگەلە دەکات، ئەوکات عێراق ستۆپ دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەخۆیاندا دەچنەوە و هەوڵی دەستپێکردنەوەی دیالۆگ دەدەن.

لەمەدا کورد سەرکەوتوو بوو، بەوەی کارەکتەری نێچیرڤان بارزانی بە دروستی گەمە دیپلۆماسییەکەی بردەوە لە پرسی دیالۆگدا،

ئەگەرچی پێش ڕیفراندۆمیش دەیانجار باسی دیالۆگی دوای ڕیفراندۆم کراوە، بۆیە ئەوەی ئێستا ڕووەدات چ دیالۆگ چ چوونەوە بۆ بەغدا، هیچیان نەنگی نین بۆ پارتی.

هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک کێشەی جیدی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا هەن و عەقڵییەتی شۆڤێنیستی بەغداش نایەوێت بەهێزبوونی کورد ببینێت، ئینجا لەڕووی ئابووری یان سەربازییەوە بێت، چارەسەری ئەو کێشانەی کوردیش پێویستییان بە تیمێکی بەهێزی کوردی هەیە لە بەغدا کە بەهێزیی پارتی دەتوانێت ئەو تیمە دروست بکات، چونکە بەغدا ڕێز لەو گرووپ و حیزبە کێشەدارانەی سلێمانی ناگرێت و ئەسڵەن وەک دەستەوتاقم سەیریان دەکات، بەوەی ئەو هێزانە تەواو خۆیان ڕادەستی سیاسەتی بەغدا کردووە، ئەمەش پێگەیانی لاوازکردووە.

بەهێزبوونی پارتی، یەکسانە بە بەهێزی کورد لە بەغدا، هەڵبەت یەکگوتاری کوردی پێویستییەکی هەنووکەییە و دەبێت سەرجەم حیزبە کوردییەکان ئەوەیان لەبەرچاو بێت، ناتەباییی ئەوان زیانی گەورەی بۆ کورد دەبێت و دیسانەوە ئەزموونی کوردستان دەخاتەوە بەردەم مەترسییەوە.

چوونەوەی کورد بۆ بەغدا گرنگە بەجۆرێک بێت کە دوای هەڵبژاردن یەک تیمی کوردی دروست بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەرێکی دیکەی هەڕەشەکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی، چونکە ئەو عەقڵییەتەی بەغدا بڕیاری داوە بە ئاسانی لەگەڵ کورددا هەڵنەکات، مەگەر تەنیا گوشاری نێودەوڵەتی و یەکگرتوویی کورد و بەهێزی هەڵوێستی

کورد لە بەغدا بتوانێت بەرپەرچی ئەو عەقڵییەتە فاشیستییە عەرەبییە بداتەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٩١ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٨/٤/١٩

ئەمەریکا نیگەرانییەکانی کورد دەڕەوێنێتەوە

لە دوای بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، بەهۆی بەرژەوەندییە فراوانەکەیەوە لە ناوچەکە و عێراق بە تایبەتی، واشنتۆن بە ئاشکرا پشتگیریی خۆی بۆ ڕیفراندۆم ڕانەگەیاند، بەڵکوو چەند جارێکیش داوای لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کرد تا لە قۆناغی ئێستادا ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرێت. ئەمەیش لە سیاسەتدا بە مانای ڕەتکردنەوەی تەواوەتی مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نایەت لەلایەن ئەمەریکاوە، بەڵکوو تەنیا قسەکردن بوو لەسەر کاتەکەی، بەهۆی شەڕی داعش و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، لەگەڵ چەند وڵاتێکی ناوچەیی، بە دیاریکراویش تورکیا و شیعەکانی عێراقیش گوشاری زۆریان لەسەر ئەمەریکا دروستکردبوو، لە سەرووی هەموویانەوە هەڕەشەکانی ئێران لەسەر بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن.

کەوایە ئەمەریکاش ئەمەی ڕەچاو دەکرد و بۆیە داوای لە کوردی هاوپەیمانی دەکرد، بۆ ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی داعش لانەچێت،

ڕیفراندۆم لە کاتێکی دیکەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام کورد لەو قۆناغدا، جگە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو، چونکە عێراق نەیدەویست درێژە بە شەراکەتی سیاسی بدات و بە ئاشکرا مافەکانی کوردی پێشێل دەکرد، تا دواجار هەڕێمی کوردستان بۆ خۆپارێزی لە شەڕی عێراق، بڕیاری جیابوونەوە لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە دەدات.

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە، کورد زۆرترین نیگەرانی لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هەبوو، هەم بەهۆی پاڵپشتی نەکردنی ڕیفراندۆم و هەمیش بەهۆی ئەوەی بە چەکی ئەمەریکی لەلایەن حەشدی شەعبییەوە هێرشکرایە سەر پێشمەرگە و ئەمەریکاش لە سەرەتادا سەیرکەری هێرشی سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی بوو بۆ سەر کوردستان.

لێرەدا کورد مافی خۆی بوو نیگەران بێت لە بێدەنگی ئەمەریکا، چونکە کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە زۆر شتی بۆ ئەمەریکا کرد و بەتایبەتیش کاتێک ئەمەریکا بڕیاری هێرشکردنە سەر ڕژێمەکەی سەددام حوسێن دەدات، پێشمەرگە باشترین ڕۆڵی بینی لە هاوکاریکردنی سوپای ئەمەریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن. لەکاتێکدا تورکیایەکی هاوپەیمانیی ئەمەریکا، ئامادە نەبوو هیچ جۆرە هاوکارییەکی واشنتۆن بکات، تەنیا کورد بوو لە عێراقدا ڕێنیشاندەری سەربازە ئەمەریکییەکان بوون بۆ سەرکەوتنی هێرشی سەربازی ئەمەریکا بەسەر سەددامدا.

لە دوای ٢٠٠٣شەوە هەرێمی کوردستان بووە ناوچەیەکی ئارام بۆ دیپلۆماتکار و سەربازە ئەمەریکییەکان و تاکە ناوچەیەکیش لە عێراقدا کە سوودی بۆ ئەمەریکییەکان هەبوو، هەرێمی کوردستان و بەدیاریکراویش هەولێر بوو، بۆیەش نیگەرانییەکانی هەولێر لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە جێگەی خۆیدا بوون، ئەمەریکاش لەو ڕاستییە تێگەیشت، هەرزوو داوای دیالۆگی کرد و گوشاری کرد چیتر سوپای پاسداران دەست لە کاروباری سەربازی عێراقدا وەرنەدەن کە مەبەستی ئەو لەشکرکێشییە بوو بۆ سەر کوردستان.

هاوکات بەهۆی نیگەرانییەکانی کوردەوە، ئەمەریکا بەخۆداچوونەوەی بە سیاسەتی خۆیدا کرد و دواجاریش لە پرسی عەفریندا نیگەرانیی هەولێر بیندرا و ئەوەبوو ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئەوان لە منبج ناکشێنەوە. لەکاتێکدا تورکیا دەیویست وەک عەفرین هێرش بکاتە سەر منبجیش، ئەمەیش وەک پارێزگاریکردن لە کورد لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و ڕەنگە سیاسەتی ئەمەریکاش بووبێت، بۆ قەرەبووکردنەوەی بێدەنگییەکەی سەبارەت بە کەوتنی عەفرین.

لە عێراقیشدا بەردەوام شاندە ئەمەریکییەکان هاتوونەتە هەولێر و لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دانیشتوون و پێداگریان لەسەر پاراستنی ئەزموونی هەرێم کردووەتەوە و چەندین جاریش بە فەرمی داوای دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدایان کردووە و هەموو ئەمانەش ئاماژەیەکن ئەمەریکا دەیەوێت نیگەرانییەکانی هەولێر بڕەوێنێتەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا واشنتۆن بە بیانووی کونسوڵخانە، بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی گەورەی دیپلۆماسیی ئەمەریکی لە هەولێر دانا، دەگوترێت ئەو کۆمەڵگەیە، گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا کە ئەوەندەی لە پڕۆژەیەکی ئەمەریکی-کوردی دەچێت، هێندە لە باڵەخانەیەکی بچووک ناچێت تەنیا ئیشوکاری پێدانی ڤیزا و ڕێکخستنی شاندی هونەری بێت!

ئەو کۆمەڵگە دیپلۆماسییە لەکاتێکدا لە هەولێر دەکرێتەوە، ئەمەریکا بە کردەوە خەریکی بەخۆداچوونەوەیە بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە ناوچەکەدا، تەنانەت قسە لەسەر لاوازکردنی بنکەی ئینجەرلیکیش لە تورکیا دەکرێت، دەی لەسەر ئاستی عێراقیشدا شیعەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ، گوشاری زیاتر دەخەنە سەر ئەمەریکا و داوای دەرچوونی هێز و دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکان لە بەغدا دەکەن، کەوایە لەمەودوا ئەمەریکا بە گڕوتینەوە دەیەوێت سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بەرانبەر هەرێمی کوردستان و دەکرێت بە پڕۆژە و پشتگیری قەرەبووی ئەو بێدەنگییانەی پێشووی خۆی بکاتەوە و بە کردەوەش نیگەرانییەکانی هەولێر بڕەوێنێتەوە.

ئەو کۆمەڵگە دیپلۆماسییە ئەمەریکییەش لە هەولێر، لە تەک ئەوەی بایەخدانی زیاتری ئەمەریکایە بە سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا، هاوکات بایەخدانێکی تازەیەشە بە هەولێر وەک ناوەندێکی سیاسیی کوردی.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٩٥ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٨/٤/٢٥

خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق[1]

گوشار دروستکردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناسەقامگیری لە عێراقدا دروست دەکات

(١)

لە دوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، جگە لەوەی هەرێمی کوردستان چەند ناوچەیەکی گرنگی لەدەستدا، تەنانەت خودی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش کەوتە بەردەم هەڕەشەیەکی جیدی حکوومەتی عێراق و چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەییەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیشدا حیزبگەل و گرووپگەلی سیاسیی کوردی هەبوون، بە ئاشکرا بۆ لاوازکردنی پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان لەگەڵ کاربەدەستە مەزهەبییەکانی بەغدا تێکەڵ کردبوو، بەو ئامانجەی لە ڕێگەی لەشکرکێشی و چاوسوورکردنەوەی

[1] ئەم زنجیرە وتارە بە هەشت بەش، لە ڕۆژنامەی "خەبات" بە مەبەستی خوێندنەوەیەک بۆ کارنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بڵاو کراوەتەوە.

سەربازییەوە گوشاری توند لەسەر حکوومەتی هەرێم دروست بکەن، ململانێی حیزبی بەتایبەتی عینادی ئۆپۆزسیۆن تا ئاستێک ڕۆیشتبوو تەنانەت ئامادەبوون دەست لە قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش هەڵبگرن، تەنیا بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم لاواز بکەن، تەنێ بەهۆی ئەوەی پارتی سەرۆکایەتی ئەو کابینەیەی حکوومەت دەکات.

ئەگەر نەختێک لۆژیکیانە سەیری ڕووداوەکانی دوای شازدەی ئۆکتۆبەریش بکەین، دەبینین ئەوەی لە پردێ شەڕی کرد و ئەوەی بە ئاشکرا بەرگری لە قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان و ئەزموونی حکوومەتی کوردستان کرد، پارتی بوو، خۆزگە هەموو لایەنەکان بوونایە، بەڵام بەداخەوە لە گۆڕەپانەکەدا پارتی بە تەنیا مابۆیەوە، لەگەڵ چەند هێزێکی بچووک کە توانای بەرگرییان نەبوو، بەڵام ئەوەی پشکی شێری بەرکەوت، ئەوە ڕاستییەکە و پێویستە بگوترێت کە پارتی بوو.

ڕاستە ئەم قسەیە ڕەنگە هەندێک لایەنی سیاسی نیگەران بکات، بەڵام هیچ کاتێک نابێت بەهۆی بەرژەوەندیی حیزبی یان هەر جۆرە هۆکارێکی دیکە، نووسەران و ڕۆشنبیران ڕووی ڕاستیی ڕووداوە هەستیار و گرنگەکان بشارنەوە، بەداخەوە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە زاکیرەی تەواوی تاکەکانی کورد بە جۆرێک گەورە نەکرا تاکو مێژوو هەمیشە ئەو ڕووداوە وەک خۆی بنووسێتەوە و وەک ئەزموونێک سەیری بکرێت و تەنانەت ببێتە پەندێک بۆ ئەوانەی لە ئایندەدا بیانەوێت بیر لە خیانەت بکەنەوە.

لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بە پاراستنی ماف و ئازادییە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و بەتایبەتی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان کراوە، کە پارتی وەک قەوارەی هەرێمێکی یەکگرتووی بەهێز، ناوی هێناوە. کەوایە پێویستە لەسەر ئەو خاڵە بوەستین و بزانین بۆچی هەرێمی یەکگرتووی بەهێز، لەلایەن پارتییەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە؟ وەک پێشووتریش ئاماژە بەوەکرا لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە، ئەو قەوارە دەستوورییە کەوتە بەردەم هەڕەشەی جیدی عێراق و وڵاتانی ناوچەیی و هێزگەلی ناوخۆیی، دیارە هەڕەشە عێراقی و ناوچەییەکە ڕوونن کە عێراق لە دوای ئۆکتۆبەرەوە بە دەرفەتیزانی خودی قەوارەکە بخاتە ناو پڕۆژەی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە کە بە پاڵپشتیی هێزە ناوچەیی و ناوخۆییەکان لە دژی پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش پارتی ئەنجام درا تاکو ئەو قەوارەیە لە هەرێمەوە وەک چەند شارێکی دیکەی عێراقی هەڵسوکەوتی لە تەکدا بکرێت، لەکاتێکدا کورد بە چل میلۆنەوە تەنیا قەوارەیەکی دەستووری هەیە، مەبەست قەوارەی هەرێمی کوردستانە، تەنانەت ئیش لەسەر ئەوە کرا ئەو هەرێمەش کۆتایی پێبهێنن.

کارکردنی پارتی وەک حیزبێکی خاوەن نفوسی جەماوەری و هەیبەتی سیاسی لە کوردستان و عێراق، بۆ پاراستنی ئەو قەوارەیە لە چوارچێوەی هەرێمێکی یەکگرتوودا، گرنگییەکەی لەوەدایە چیتر بەو ئاسانییە چاونابڕدرێتە هەرێمی کوردستانەوە، چونکە دەستبردن بۆ ئەو قەوارە سیاسییە، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت خودی عێراق

زیانێکی گەورە بکات، بەوپێیەی پارتی هێزێکی کاریگەرە و دەتوانێت لەو حاڵەتەدا زۆرترین ناسەقامگیری لە عێراقدا دروست بکات کە ئەمە بە هێزەکانی دیکەی کوردستان ناکرێت، بە دەلیلی ئەوەی لە پێشووتردا ئەوە بیندرا هێزە کوردییەکان بوونە پاشکۆی بەغدا و ئێستاش هێندەی خەریکی عێراقچێتین، نیو هێندە ئاگاداری کوردستان و خەڵکەکەی نین!

قەوارەی هەرێمی کوردستان، بە حیزبی کاریگەر و خاوەن هەیبەتی سیاسی دەپارێزرێت، بەو حیزبە پاشکۆ و فشۆڵانە ناپارێزرێت کە دەستەوئەژنۆ لەبەردەم عەبادی و هێزە مەزهەبییەکانی بەغدادا دەوەستن و هێندەی خەریکی لێدانن لە پێگەی کورد، نیو هێندە خەریکی کوردایەتی نین. هەڵبەت بە قسە زۆر باسی بەرگریکردن لە گەلی کورد دەکرێت و دروشمگەلی جوانیش دەبینین و دەبیستین، بەڵام ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر بە باشی ڕووی ڕاستی هەموو هێزەکانی دەرخست. کێ هەیە ئەو ڕاستییانەی بیر نەیەتەوە، ئەوکاتەی هێرشکرایە سەر هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی پردێ و هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر تانکی ئەمەریکی سەنگەری گرت، ئا ئەوکات زۆر هێز هەبوون چەپڵەیان بۆ هێزە داگیرکەرەکەی عێراق دەکوتا، تەنیا بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم بە تەواوی بکەوێت، ڕەنگە گوتنی ئەو ڕاستییەی کە تەنیا پارتی بوو بەرگری کرد لە هەرێمی کوردستان، بۆ هەندێک جێگەی نیگەرانی بێت، بەڵام هیچ کاتێک گوتنی ڕاستییەکان شەرمە نین و ئەسڵەن پێویستیشە وەکخۆیان ئەوەی ڕوویان داوە بنووسرێنەوە.

دەی زۆرباش ئەو ڕاستییە درک پێدەکرا، کاتێک لەشکرکێشی کرایە سەر ناوچە کوردییەکان تەعلیق لە پارتی دەدرا، گوایە کۆتایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە، بەڵام کاتێک بەرگری کرا و شەڕ وەستا و دیالۆگیش دەستیپێکردەوە، هەمووان گوتیان ئێمەش ڕۆڵمان هەبوو لەوەی عێراق شەڕ ڕابگرێت و دیالۆگ دەستپێبکاتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانی پاراست، ئەو پێشمەرگە پارتییانە بوون بە مووچەی کەم و چەکی کۆنەوە، بەڵام بە ئیرادەوە ئابرامزی ئەمەریکییان شکاند، ئەمە ڕاستییە و هیچ کاتیش نابێ ڕاستی بشاردرێتەوە یان بشێوێندرێت.

ئێستا قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەچاو مانگەکانی سەرەتای شازدەی ئۆکتۆبەردا، هەڕەشەی کەمتری لەسەر ماوە، بەڵام پێویستە لە زاکیرەی کورددا هەمیشە ئەو ڕاستییە تاڵە بەرجەستە ببێت هێشتا ئەو قەوارەیە لەبەردەم مەترسیی جیدی هێزە ناوچەیی و مەزهەبییەکانی بەغدایە و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیشەوە کەموزۆر، ئیش بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی قەوارەکە دەکرێت، بەڵام بە دیاریکراوی پارتی پێداگرە لەسەر پاراستنی ئەو قەوارە سیاسی و دەستوورییەی هەرێمی کوردستان کە بۆ ئێستای کورد، ئەگەرچی هەموو شت نییە، بەڵام گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی کورد بە چل میلۆنەوە، تەنیا هەرێمی کوردستانی هەیە کە دامەزراوەیەکی کوردییانەی دانپێدرانراو بێت. کەواتە پاراستنی لە هەڕەشەکان وێڕای پێویستی، جێگەی ستایشە بۆ ئەو هێزەی هەوڵی پاراستنی دەدات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٩٦ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٨/٤/٢٦

خوێندنەوەیەك بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

بەغدا بۆچی بودجەی بڕی و کام لایەنە دەتوانێت شەڕی بودجە بکات؟

(٢)

بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، لە جەوهەردا کەمتر سزایەکی ئابووریانەی بەغدایە دژی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو زیاتر سزایەکی سیاسیی دوژمنکارانەی حکوومەتی فاشیستی مەزهەبچی عێراقە دەرهەق بە هەرێمی کوردستان.

ئێمە لە بەشی یەکەمی ئەم خوێندنەوەیەدا ئاماژەمان بەوە کرد حکوومەتی عێراق دەیەوێت هەڕەشەی جیدی بۆ سەر قەوارەی

دەستووری هەرێمی کوردستان دروست بکات، بەوەی لە ئەسڵدا هەوڵی سڕینەوەی ئەو قەوارە دەستوورییە دەدات، بەڵام چونکی هێزێکی کاریگەری وەکو پارتی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و پێداگری سەرسەختانەش بۆ مانەوەی ئەو قەوارەیە دەکات، هەندێک جار هەڕەشەکان کپ دەبن و دواتر بەهۆی هێزگەلە ناوخۆییەکانەوە سەرهەڵدەنەوە، سەرباری هەموو ئاڵۆزییەکانیش هێشتا هەرێمی کوردستان لەسەر پێی خۆی وەستاوە.

بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانیش ڕێک لەو نیەتە دوژمنکارانەیەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە بەغدا نایەوێت هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووریەوە پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت، پێشکەوتنی ئابووری کە ئێمە مەبەستمان لە ئابووریی سەربەخۆیە، هەنگاونانی هەرێمی کوردستانیشە بۆ جیابوونەوە، وەک ئەوەی لە ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی بێئومێد دەبێت لە بەغدا، هەوڵی جیدی جیابوونەوەیدا، ئەمەش بەشێکی بەهۆی هەبوونی ئابووریی سەربەخۆوە بوو کە خۆی لە وەبەرهێنانی نەوت و ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا دەبینیەوە، ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان هیچ ئومێدێکی بە بەغدا نەمابوو، واتە بەغدا سیاسەتی خۆی گەیاندە ئاستێک شەراکەت و پێکەوەژیانی فەرامۆش کرد و بە ئاشکراش مافە دەستووری و مرۆییەکانی هەرێمی کوردستانی پێشێل کرد، تەنیا لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی

کوردی بوو و پشتی بە ئابووریی خۆی دەبەست و نرخی نەوتیش بەرەو بەرزبوونەوە دەچوو، بەهۆی شەڕی داعشیشەوە زۆرترین کێڵگەی نەوتی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمەوە، هەموو ئەوانە بوونە هۆی ترسی بەغدا لەوەی ئیدی هەرێمی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی ڕوونی سیاسی و نەتەوەیی هەنگاو بنێت و لە ناوچەکەدا ببێتە ژمارەیەکی بەهێزی سیاسی و وەبەرهێنی نەوتی و نموونەیەکی پێشکەوتووی حوکمڕانی، بۆیە لە سەردەمی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق کە مووچە و بودجەی بڕی و لە سەردەمی حەیدەر عەبادیشدا، سەرۆکوەزیرانی ئێستاش درێژە بەو سیاسەتەی مالیکی درا بۆ تەنگەتاوکردنی هەرێمی کوردستان، ئەوەبوو ئەو سیاسەتەی بەغدا درێژەی کێشا و دواجاریش هەرێمی کوردستان ناچار بوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی، ڕیفراندۆم بکات تا لە ڕێگەی سەربەخۆییەوە ئەو مافانەی بەدەست بهێنێت، نەک چاوی لە بەغدای مەزهەبگەرا بێت.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە پشکی سەدا حەفدە بۆ هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقدا دیاری کرا، ئەمەش بە چاودێری ئەمەریکییەکان و ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق، تا ئەوکاتەی سەرژمێری لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، بەڵام چ لە سەردەمی مالیکی و چ لە سەردەمی ئێستای عەبادیدا، ئەو مافە بە کورد ڕەوا نابیندرێت، مالیکی دەیبڕێت

و عەبادیش لە پەرلەمان بۆ سەدا دوازدەی کەم دەکاتەوە، لەکاتێکدا هیچ سەرژمێرییەک لە عێراقدا ئەنجام نەدراوە. کەوایە نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی، هەردووکیان پێشێلکاریی بەرانبەر مافی خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدەن، ڕەنگە بگوترێت پێویستە هەرێمی کوردستان نەوت ڕادەست بکات بۆ ئەوەی حکوومەتی عێراقیش تەواوی شایستە داراییەکان ڕەوانە بکات، بەڵام خۆ ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەرچی داهاتی هەیە ڕادەستی بەغدای بکات وەک نیازپاکییەک بۆ دیالۆگ، بەڵام هێشتا بەغدا بەوە ڕازی نییە و بەپێچەوانەوە پشکی هەرێمی کوردستان کەم دەکاتەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەوە کە ڕێگری لە گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان بکات، ئەو پێشکەوتنەی لە هەرێمی کوردستان ڕوویدا، بە بەراورد بە شارەکانی دیکەی عێراق، جیاوازییان زۆرە، تا ئاستی ئەوەی خەڵکی عێراق ڕەخنەی زۆریان ئاراستەی کاربەدەستانی بەغدا کرد بەوەی نەیانتوانیوە نیوەی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، لەکاتێکدا پارەیەکی خەیاڵی لەژێر دەستی حکوومەتی عێراقدا بووە، بەڵام چونکی بەفیڕۆدانی زۆر هەبووە، نەتواندراوە وەک پێویست و بەگوێرەی خواستی خەڵک ئەو پارەیە بۆ خودی خەڵک خەرج بکرێت، بەپێچەوانەوە بەهۆی ململانێی مەزهەبییەوە زۆرترین ئاڵۆزیی سیاسی و ئەمنی لە عێراقدا دروستبوو، زۆرترین پارەش بۆ خەرجییە سەربازییەکان ڕۆیشت و

ئەوەش وایکرد عێراق لەڕووی خزمەتگوزارییەوە بە پاش هەرێمی کوردستان بکەوێت.

بەوپێیەی پارتی حیزبی یەکەمی کوردستانە و سەرۆکایەتیی حکوومەتیشی لایە، ئەمانە هۆکاری ئەوەن پارتی بەرپرسیارێتیی زیاتری هەبێت، ئەمە جگە لەوەی پارتی دەیەوێت خەڵکی کوردستان مافەکانیان دەستەبەر بکرێت، بۆیەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات لە بودجەی گشتیی عێراقدا، لەکاتێکدا عێراق خۆی لە ڕاستییەکان دەشارێتەوە و دەیان فرتوفێڵی سیاسی و یاسایی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی پێشێلکاری بەرانبەر ئەو مافانەی کوردستان بکات، بەڵام پارتی کە سەرۆکایەتیی حکوومەت دەکات، شەڕی ئەو مافانەی کردووە و تەنانەت بڕیاری ڕیفراندۆمیش بەشێکی بۆ ئەو پێشێلکارییانە دەگەڕێتەوە، وێڕای ئەوەی سەربەخۆیی مافێکی سرووشتی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەو پێشێلکارییانەش هۆکاری ئەوەبوون هەرێمی کوردستان نائومێد بێت لە بەغدا و بڕیاری جیابوونەوە بدات.

عێراق لەدوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە زیاتر لە جاران، هەوڵی پێدانی بودجەیەکی نادادپەروەرانە بە هەرێمی کوردستان دەدات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئابووریی‌یەوە سزای هەوڵێر بدات بەو مەبەستەی ئەو سزایە ببێتە لاوازی سیاسی، چونکە ئابووریی بەهێز، کاریگەری بەسەر پێگەی دەوڵەت و هەرێمێکی بەهێزیشەوە هەیە، هەر بۆیە عێراق ئەو

شەڕە لەگەڵ هەرێمدا دەکات، لەبەر ئەوەیشە پارتی لە خاڵی دووەمی کارنامەکەیدا جەخت لە بەدەستهێنانی پشکی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دەکاتەوە لە بودجەی گشتیی عێراقدا، بەتایبەتی جەخت لە کۆتاییهێنان بەو غەدرە دەکات کە حکوومەتەکانی عێراق لەڕووی ئابووریییەوە لە کوردی دەکەن.

کەوایە ئامانج لەو خاڵەی پارتی ئەوەیە ئیدی پێویستە لە بەغدا شەڕی دەستووری بکرێت بۆ کۆتاییهێنان بەو پێشێلکاری و غەدرانەی لەبارەی پشکی بودجەوە لە کورد دەکرێن، هەڵبەت ئەم شەڕەش بە حیزبی بەهێزی خاوەن نفوسی وەک پارتی دەکرێت، چونکە بەغدا گوێ بۆ ئەو حیزبە بچووکانەی کوردستان ناکرێت کە بەرژەوەندیی شەخسی و حیزبی خۆیان پێش بەرژەوەندیی گشتی دەخەن، بەڵام بەغدا بەو ئاسانییە ناتوانێت ئەوە بەرانبەر پارتی بکات، واتە بەهێزبوونی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، کاریگەریی قوواڵ لەسەر تێڕوانینی عەرەبەکانیش دادەنێت، پارتیش پێویستی بە هێزێکی یەکگرتووی کوردی هەیە لە بەغدا بە هەمووان ئەو شەڕە بکەن لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٩٧ لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٨/٤/٢٩

خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

پێشێلکردنی دەستوور.. ناسەقامگیری و دابەشبوونی عێراق

(٣)

عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، قۆناغ دوای قۆناغ، دووچاری کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی و ئەمنی و یاسایی بووەتەوە، بەجۆرێک هەر یەک لەو کێشانەش بەشێوەی جیاواز کاریگەریی قوولییان لەسەر خەڵک و هەلومەرجی سیاسی و ئەمنی و یاسایی عێراقدا جێهێشتووە.

یەکێک لەو گرفتە گەورانەی بەردەم خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، پێشێلکردنی دەستووری عێراق بووە، بەشێوەیەک کاربەدەستە مەزهەبییەکان، چۆنێکیان ویستبێت، ئەوها مامەڵەیان لە تەکدا کردووە.

بۆ نموونە، کێشەی کورد لە عێراقدا زیاتر لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکان بووە و لە دەستووری عێراقیشدا ماددەیەک هەیە

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەتایبەتی کەرکووک کە پێویستە لە ڕێگەی ماددەی سەدوچلی دەستوورەوە، کێشەکەی یەکلایی بکرێتەوە، ئەویش بە سەرژمێری و ئاساییکردنەوە و دواتر ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بۆ ئەوەی بزاندرێت ئایا خەڵکە ڕەسەنەکەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، دەیانەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بن، یان سەر بە عێراق بن؟ بەڵام حکوومەتی عێراق خۆی لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دزیوەتەوە، لەبەر ئەوەی دەزانێت بەجێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکە، کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە لە بەرژەوەندیی کورد دەکەونەوە. بۆیە هەردەم بەربەستی خستووەتە پێش ئەو ماددەیە و دواجار لە شازدەی ئۆکتۆبەردا بە پاڵپشتیی وڵاتانی ناوچەیی دەستیگرت بەسەر بەشێکی زۆری سنووری ئەو ناوچانەی پێیاندەگوترێ ناوچەی کێشەلەسەر، واتە سنووری ماددەی سەدوچلی دەستوور.

ئەمە جگە لەوەی لە دەستووری عێراقدا، پێشمەرگە وەک هێزێکی فەرمی ناوی هاتووە و پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراق، وەک هێزە عێراقییەکان مامەڵەی لە تەکدا بکات لە پێدانی مووچە و بودجە و چەک و تەقەمەنی و تەواوی خەرجییەکانی دیکە، بەڵام بە درێژایی حکوومەتەکانی دوای سەددام، ئەو مافانە بە پێشمەرگە نەدراون، بەهۆی ئەوەی عێراق ترسی لەو هێزە هەبووە لە کاتی بەهێزبوونیدا بەرگری لە کوردستان دەکات، لەبەر ئەوەی لە نیەتی بەغدا، هەمیشە ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان هەبووە و هەیە.

لە خاڵی سێیەمی بەرنامەی لیستی پارتی، داوای جێبەجێکردنی تەواوی دەستوور دەکرێت بە تەواوی ماددە و بڕگەکانییەوە، وەک ئاماژەیەک کە عێراق ئەو ماددانەی جێبەجێ کردوون کە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بوونە، وەک داواکردنی فڕۆکەخانەکان و خاڵە سنووریییەکان، بەڵام بە نیسبەت کەرکووک و ناوچەکانی دیکەوە، خۆی لە جێبەجێکردنی دەستوور دەدزێتەوە، لەبەر ئەوەی دەزانێت ئەو ناوچانە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا دەنگ دەدەن، هەروەها پارتی ئاماژە بەوەش دەکات پیادەکردنی دەستوور لەسەر پرەنسیپەکانی شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق، واتە پارتی داوا دەکات هاوسەنگی بگەڕێتەوە بۆ نێو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، کە بەهۆی پێشێلکارییە لایەنە عێراقییەکانەوە ئەو هاوسەنگییە نەماوە، هاوکات داوای شەراکەت و تەوافوق، بەو مانایەی شەراکەت و تەوافوق بۆ کورد زۆر پێویستن، بەوپێیەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا زۆرینە نییە، ئەگەر هاتوو عەرەبەکان ڕەچاوی شەراکەت و تەوافوق نەکەن، ئەوکات هیچ مانایەک بۆ پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە عێراقدا بوونی نامێنێت، چونکە دەتوانن هەموو یاساکان بەگوێرەی زۆرینەی پەرلەمانی لە بەرژەوەندیی خۆیاندا تێپەڕێنن، وەک ئەوەی لە بودجەی گشتیی عێراقدا سەرباری نیگەرانییەکانی کورد، بەڵام پڕۆژەیاساکە دەنگی لەسەر درا و ڕەچاوی خواست و نیگەرانییەکانی کورد نەکرا. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ڕیفراندۆم، پێشێلکردنی ئەو شەراکەتە بوو لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە، بەوپێیەی عێراق لە دوای ڕژێمی بەعسەوە لەسەر بنەمای شەراکەت و تەوافوق بنیادنرایەوە بۆ ئەوەی هەموو لایەن و پێکهاتەکان هەست بە بوونی

خۆیان لە عێراقدا بکەن، بەڵام شیعەی باڵادەست لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە تەواوی ئەو شەراکەت و تەوافوقەیان نەهێشت و هەرچی پۆستی سیاسی هەبوون لە کوردییان وەرگرتەوە و لە پەرلەمانیشدا زۆرینەی یاساکانیان بە زۆرینەی پەرلەمانی تێپەڕاند کە ئەمانە لەگەڵ بنەماکانی شەراکەت و تەوافوقدا نایەنەوە. ڕاستە کورد سەرۆککۆماری هەبووە، بەڵام عێراق ساڵ بە ساڵ ئاستی ڕێزگرتنی لە سەرۆککۆمار کەمکردەوە تا ئاستی ئەوەی ئێستا ئەو پۆستە بوون و نەبوونی بۆ کورد لە بەغدا وەک یەکە، ئەمە قسەکردن نییە لەسەر خودی کەسەکان، ئەگەرچی کەسایەتیی کاریگەری بەسەر پۆستەکەوە هەیە، بەڵام هەر خۆی عێراق بەردەوام هەوڵی پەراوێزخستنی ئەو پۆستە دەدات، چونکە لای کوردە، واتە ئێستا ئەو پۆستە تەنیا ناوە و هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لە پرسە سیاسییەکاندا. ئەمە سەرباری ئەوەی لە هەموو پرسەکانی دیکەدا، عێراق بەمجۆرە مامەڵەی کردووە و شەراکەت و تەوافوقی نەهێشتووەتەوە، ئەمانەش هۆکاری زۆربەی کێشەکانی کورد و عەرەبن لە عێراقدا، ئەمە سەرباری ئەوەی سەربەخۆیی مافێکی ڕەوای گەلی کوردە، بەڵام هێشتا لایەنی عێراقی نەیتوانیوە بە نەهێشتنی جیاوازی و نادادپەروەری و ڕێزگرتن لە کورد، ئەو هەستی جیابوونەوەیە لە لای تاکی کورد کەم بکاتەوە، بەڵکوو ئەوەی وایکردووە کورد پێداگری لەسەر جیابوونەوە بکات، بەشێکی زۆری بۆ ئەو غەدر و پێشێلکارییانەی بەغدای مەزهەبچی دەگەڕێتەوە، بەوەی شەراکەتی نەهێشتووەتەوە و دەیەوێت بە زۆرینەی سیاسی و پەرلەمانی کێشەکان یەکلایی بکاتەوە.

ڕاستە پارتی ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا و ئێستاش داوای جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکات بە کۆی ماددە و بڕگەکانییەوە، بەڵام داوای جێبەجێکردنی دەستوور، بە لای پارتییەوە بۆ ئێستا گرنگە، لەبەر ئەوەی هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسیی بەغدا دەکات، بۆ قۆناغی ئێستاش کورد ئەوەی بە باش زانیوە دیسانەوە دەرفەت بە عێراق بداتەوە بۆ ئەوەی بزاندرێت، ئایا ڕێز لە شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق دەگرێت؟ یان هەر بەردەوامە لەسەر پێشێلکارییەکان؟

ئاشکرایە پارتی لە سەروبەندی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیشدا ڕەخنەی زۆری لە کاربەدەستانی عێراق دەگرت لەسەر ئەوەی دەستوور جێبەجێ ناکەن، مەگەر ئەو ماددە و بڕگانە نەبێت کە ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیی خۆیاندان و دواتر لە زیانی هەرێمی کوردستان دەکەونەوە، هەر بۆیە پارتی ڕەخنەکانی بەڕاشکاوی ئاڕاستەی بەغدا دەکرد بەوەی خۆیان هۆکاری ئەوەن عێراق بکەوێتە بەردەم دابەشبوونەوە، چونکە سوننەکانیش بای خۆیان زیانمەندی سیاسەتی خۆسەپێنی شیعەکانن، بەڵام زیاتر کورد زیانی بەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی کوردە.

ئێستا پارتی داوای گەڕانەوەی هاوسەنگی و شەراکەت و تەوافوق دەکات بۆ ئەوەی دیسانەوە دەرفەتێک بە عێراق بدرێتەوە، خۆ ئەگەر هاتوو بەغدا بەردەوام بوو لەسەر پێشێلکارییەکانی، ئەوکات نیگەرانییەکانی کوردیش بەتایبەتی پارتی وەک هێزێکی کاریگەریی کوردستانی زیاتر دەبێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هەست بەو

نیگەرانییە ڕاستەقینەیەی هەرێمی کوردستان دەکات و عێراقیش دووچاری کۆمەڵێک کێشەی دیکە دەبێتەوە و سەرجەمیان دەبنە هۆی ناسەقامگیری و تێکدانی پێکەوەژیان و سەرئەنجام دابەشبوونی عێراقی بۆ سێ بەشی کوردی، سوننی، شیعی، لێدەکەوێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو بەشانە نەبنە سێ دەوڵەتی جیاوازیش، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی ڕۆحی و ئیداری ئەوتۆ لە نێوان ئەو بەشانەی عێراقدا نامێنێت، واتە هەر لایەنەی بۆ خۆی دەژیەت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٩٨ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٨/٤/٣٠

خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

گەڕانەوە بۆ بەغدا و شەڕێکی سەختی دەستووری

(٤)

دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراق، لە قۆناغی دوای ڕژێمی بەعس، یەکێک لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، خۆدزینەوەی کاربەدەستانی بەغدا بووە لە جێبەجێکردنی دەستووردا وەک ئەوەی نووسراوەتەوە و دەنگی لەسەر دراوە. عێراق تەنیا ئەو ماددە و بڕگانەی ئیشپێکردوون کە خۆی ویستوویەتی بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان بەرکاریان بهێنێت.

ماددەی ١٤٠ یەکێکە لەو ماددە گرنگانەی دەستوور و بەجێبەجێکردنی زۆرێک لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کۆتاییان دێت یان ئاستی ناکۆکییە گەرمەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە ئاڕاستەی ساردبوونەوەدا دەچن، بەتایبەتی لە دوای قۆناغی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە بە یەکجاری ئەو ناکۆکییانە قوواڵتربوونەوە، چونکە زۆرینەی ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەکەونە ناو سنووری ماددەی سەدوچلەوە، لەلایەن عێراقەوە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە زەبری

هێزی سەربازی خرانەوە ژێر حوکمی بەغدا و دووبارە خەڵکە کوردە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچانە بەدیاریکراوی کەرکووک و شنگال و مەخموور و خورماتوو و چەندینن ناوچەی دیکە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوونەوە.

لە خاڵی چوارەمی کارنامەکەی پارتیدا، داوای جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکرێت، ئەمەیش سەرەتا بە ئاساییکردنەوە دەبێت کە ئێستا عێراق لەبەردەم دوو جۆر ئاساییکردنەوە دایە، ئاساییکردنەوەیەک هی سەردەمی سەددام و ئاساییکردنەوەی دووەمیش هی سەردەمی ١٦ی ئۆکتۆبەرە، واتە ئێستا عێراق دوو جۆر بەرپرسیارێتی کەوتووەتە ئەستۆ، هەم ئاساییکردنەوەی سەردەمی سەددام و هەمیش هی دوای قۆناغی شازدەی ئۆکتۆبەر. کەوایە پێویستە ئەو ناوچانە سەرەتا ئاسایی بکرێنەوە کە ئێستا لە ژێر گوشاری سەربازی بەڕێوەدەبرێن و خەڵکە ڕەسەنەکە دەرکراون و عەرەبی هاوردەیان بۆ هێندراون، ئەمەیش کێشەیەکی جیدییە پێویستە ئەو نوێنەرانەی کورد کە دەچنە بەغدا، ئەو شەڕە جیدییە بکەن.

شەڕێکی دیکە زۆر گرنگە، ئەویش داواکردنی سەرژمێرییە لەو ناوچانەدا کە ئێستا کارنامەکەی پارتی داوای دەکات، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا باشترین شت ئەوەیە کورد ئیشی لەسەر بکات، ئەویش شەڕی پەرلەمانییە بۆ ئاساییکردنەوەی قۆناغی ئۆکتۆبەر کە زیاتر لەوەی سەردەمی بەعس خەڵکە کوردەکە ناوچەکانیان کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەوە، لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق دەیەوێت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێت، کورد هیچ کێشەیەکیان نییە و دەتوانن

ئازادانە لەو ناوچانەدا بژین، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە قۆناغی ئۆکتۆبەردا هەندێک حیزبی کوردی لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە مانەوە، لەکاتێکدا تەنانەت ناتوانن ئالایەکی کوردستانیش بەرز بکەنەوە، بەمەیش شەرعیەتیان دایە داگیرکاری و ئەو هەموو پێشێلکارییەی بەغدا کە دوای ئۆکتۆبەر دەرهەق بەو ناوچانە دەکرێن.

بەجێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل، زۆرێک لەو کێشانە کۆتاییان دێت، بەڵام ئەمە لەم قۆناغەدا ئاسان نییە، بەوپێیەی حکوومەتی عێراق نایەوێت ئەو ماددەیە وەکخۆی جێبەجێ بکات، چونکی زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچانە دوای قۆناغی سەرژمێری، لە ڕاپرسییەکەدا کە لە ماددەی سەدوچل دیاریکراوە، دەنگ بۆ گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەدەن و ئەمەیش بە لای عێراقەوە قبوولکراو نابێت.

لێرەدا گرنگە کورد شەڕێکی سەرسەختانەی دەستووری بکات بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێت وەک هەموو لایەک دەزانن سەرەتا ئاساییکردنەوە و دواتر سەرژمێری و ئینجا لە ڕاپرسییەکدا چارەنووسی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان یەکلایی دەکرێنەوە کە ئایا دەیانەوێت لەسەر هەرێمی کوردستان بن؟ یان لەگەڵ بەغدا؟ ئەمەیش بەلای عێراقەوە بڕاوەتەوە ئەو ناوچانە دەیانەوێت لەسەر هەرێمی کوردستان بن، بۆیە خۆی لەو ماددەیە دەدزێتەوە، بەڵام گرنگە پارتی و هێزە کوردییەکانی دیکەش بە جیدی شەڕی جێبەجێکردنی ماددەکە بکەن.

کاتی خۆی حکوومەتی عێراق هەندێک کەسی قەرەبووکردنەوە، ئەوانەی لە سەردەمی حکوومەتی بەعس زیانیان بەرکەوتبوو یان هێندرابوونە ناوچە کوردییەکان لە پرۆسەی بەعەرەبکردندا، بەڵام زۆربەی ئەوانەی ئەو قەرەبووەیان وەرگرت، عەرەبە هاوردەکە بوون و لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەریشدا دیسانەوە هاتنەوە سەر ماڵوحاڵی کوردان. کەوایە گرنگە نوێنەرانی کورد، ئەوە لە یاد نەکەن شەڕی دەرکردنی ئەو عەرەبانە زۆر پێویستە، چونکە کاتی خۆی قەرەبووکراونەتەوە و ئێستاش دووبارە بۆ داگیرکاری هاتوونەتەوە، مەبەست ئەو عەرەبانەیە کاتی خۆی سەددام بۆ تەعریبکردنی کەرکووک لە شوێنی دیکە هێنابوونیانی، بەڵام هەندێکیان لە قەرەبووی ماددەی سەدوچل پارەیان وەرگرت و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، کەچی ئێستا هاتوونەتەوە بۆ سەر ماڵی کوردان، ئەو کوردانەی بەهۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوونەوە. کەوایە ئەو پرسە زۆر ئاڵۆزبووەتەوە و دەبێت کورد بە یەکگرتوویەوە ئەو شەڕە دەستوورییە بکات، بەتایبەتی نوێنەرانی پارتی، بەوپێیەی پارتی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات.

یەکێکی دیکە لەو پرسانەی لە کارنامەی پارتیدا باسی لێوەکراوە، مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ڕووداوی شازدەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و ڕۆژانی دواییە کە بەهۆیەوە دیسانەوە خەڵکێکی زۆر ماڵیان تاڵانکران و خانووەکانیان سووتێندران و ئاوارەبوون و بریندارببوون و کوژران.

هەموو ئەوانە خۆی کارەساتێک بوو پێویستە بە جیدی ئیشی لەسەر بکرێت، ناکرێت کورد لە پرۆسەی سیاسیی بەغدا بەشدار بێت و بەغداش بەمجۆرە درێژە بە سیاسەتی داگیرکاری و پێشێلکاری لەو ناوچانە بدات، لەلایەن چەند گرووپێکی میلیشیایی چەکدارەوە کە جگە لە مەرجەع و چەند کەسایەتییەکی سیاسی و هۆزەکانەوە، هیچ پابەندبوونێکیان بە یاسا و بەرپرسیارێتییەکەوە نییە کە بەهۆیەوە ئێستا ئاستی پێشێلکاری لەو ناوچانەدا بەرانبەر هاوواڵاتییانی کورد ڕوویان لە زیادی کردووە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٤٩٩ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٨/٥/١

خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

ڕۆڵی کورد لەبەردەم پڕۆژەی بەمەزهەبیکردنی عێراقدا

(٥)

زۆر جار ڕەخنە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەگیرێت، سەبارەت بەوەی لە دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعسەوە، لەجیاتی جیابوونەوە، کورد دەچێتەوە بەغدا و هاوکاریی لایەنە عەرەبییەکان دەکات لە داڕشتنەوەی هەیکەلی دەوڵەتی عێراقدا.

دەکرێت لە ڕوویکەوە ئەم ڕەخنەیە لۆژیکی بێت بەوەی لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا(٢٠٠٣)، دەوڵەتی عێراق تەواو لەڕووی سەربازی و کارگێڕی و دەستوورییەوە لەژێر هێڵی سفردا بوو، ڕاستە ئەوکات ئەگەر کورد ئەو تێگەیشتنەی ئێستای هەبوایە، پێویست نەبوو بچێتەوە بەغدا، بەڵام عێراقی ئەوکات، تەواو لەژێر هەژموونی ئەمەریکییەکاندا بوو هەر ئەمەریکییەکانیش بوون هەیکەلی عێراقییان داڕشتەوە و بەڵێنی زۆریشیاندا عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی تازە دەبێت بەجۆرێک ڕێز لە بنەماکانی دیموکراسی و مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەگرێت. بۆیە کورد بڕیاری

بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەدات تا ئەوکاتەی عێراق بەهۆی بەهێزبوونییەوە بە هێواشی بە ئاڕاستەی تاکڕەوییدا دەچێت و لەبری ئەو بانگەشە زۆرەی بۆ مەدەنیبوونی کرا، بەپێچەوانەوە بەرەو دەوڵەتێکی خێڵەکی مەزهەبی تاکڕەوانە هەنگاوی هاویشت و لە سەرووی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیشەوە، کورد نیگەرانییەکانی خۆی دەربڕی، بەتایبەتی کاتێک هەڕێمی کوردستان بەتەواوی هەست دەکات، ئیدی عێراق ئەو عێراقە نییە کە پێشووتر بانگەشەی بۆ دەکرا، لەبەر ئەوەش کوردستان لە قۆناغی یەکەمدا، بڕیاری دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئابووری دەدات بۆ دەربازبوون لە چنگ عێراق، بە دەرهێنانی نەوت و پاشان فرۆشتنی، بەڵام عێراق ئەوەی پێ قبووڵ نەکرا و وەک سزادانێک هەستا بە بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان.

بڕیاری وەبەرهێنانی نەوت، خۆ لەخۆیەوە نەدراوە، بەڵکوو لە ئەنجامی بێئومێدبوونی هەرێمەوە سەرچاوەی گرتووە بەوەی بەغدا تەواو جیاکاری لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراقدا دەکرد. واتە ئەو پارەیەی بۆ هەرێمی دیاری دەکرد، نزیکەی نیوەی بە بیانووی جۆراوجۆرەوە دەگەڕاندەوە خەزێنەی دەوڵەت و بەگوێرەی دەستووریش دەبوو عێراق هەموو خەرجییەکی پێشمەرگە لەڕووی مووچە و مەسروفاتەکانی دیکەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام نەک هەر فیشەکێک، بەڵکوو دینارێکیشی بۆ پێشمەرگە نەنارد، یانی ئامانجی لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان بوو، ئەمە تەنیا پرسی پێشمەرگە، تەنانەت لە کۆی پرسەکانی دیکەش بەمجۆرە مامەڵە لە تەک هەرێمدا دەکرا.

لە خاڵی پێنجەمی بەرنامەی پارتی بۆ پەرلەمانی عێراق، ئاماژە بە پاراستنی سیستەمی کۆماری ئیتیحادیی دیموکراتی و فرەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای شەراکەت و هاووڵاتیبوون کراوە. بە وردبوونەوە لە عێراقی ئێستا دەبینین هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی لەبری دەوڵەتێکی مەدەنی، ببێتە دەوڵەتێکی مەزهەبی و مەرجەعی ئایینی لەجیاتی قانوون و دامەزراوەکانی دەوڵەت بڕیار بدات. لە نموونەی دروستبوونی حەشدی شەعبی کە لەسەر بڕیارێکی مەرجەعی ئایینی، واتە شیعەگەرا دروستکرا، دواتر ئەو هێزە لە پەرلەمانیش بە یاسایی دەکرێت وەک ئاماژەیەک کە عێراق وڵاتێکی دامەزراوەیی نییە و بڕیاری مەرجەعی مەزهەبی و ئایینی لە سەرووی هەموو بڕیار و قانوونێکی دەوڵەتەوەیە. واتە ئەوە مەرجەعە بڕیار دەدات لە عێراقدا چی بگوزەرێت و چی نەگوزەرێت، کەوایە ئەو عێراقە هیچ ڕووخساریێکی مەدەنی تێدا نەماوە.

ئەو خاڵەی پارتی زۆر گرنگە کورد ئیشی لەسەر بکات بۆ ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی مەزهەبی نەبێت، چونکە ئەگەر بەمجۆرە بێت، دەیان گرووپی دیکەی هاوشێوەی حەشدی شەعبی، دژی پێکهاتەکانی غەیرە شیعە دروست دەبن و شەڕی یەکەمیانیش لە بەرانبەر کورددا دەبێت، وەک ئەوەی هێشتا حەشد تەقەی لە داعش نەکردبوو، هەڕەشەی وەرگرتنی کەرکووکییان دەکرد و دواجاریش بە هاوکاریی هەندێک گرووپی کوردی، ئەو هەڕەشەیەیان کردە پراکتیک و ئێستاش ئەو ناوچانە لەژێر هەژموونی حەشدی شەعبیدان و سەدان

جۆر پێشێلکارییان تێدا ئەنجام دەدرێتة مەرجەع و دامەزراوەکانی دیکەی عێراقیش بێدەنگن، چونکە عێراق بەو ئاڕاستەیەدا دەچێت.

پارتی باسی پاراستی سیستەمی کۆماری دەکات، ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، بەوەی کوردستان هەرێمێکە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە کۆمارییەدا، ئەگەرچی لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە زۆرترین هەوڵ درا هەرێمی کوردستان وەک شارەکانی دیکەی عێراق مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام هەوڵە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە پاڵپشتیی ئیرادەی پێشمەرگە، توانی ئەو مەترسییە تا ڕادەیەک کەم بکاتەوە و ئێستا قەوارەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی دەستووری کاری خۆی دەکات.

لێرەدا زۆر گرنگە کورد ئەوەی لەبەرچاو بێت ئێستا نیەتێک هەیە بۆ دروستکردنەوەی عێراقێکی تەواو مەرکەزی، بەجۆرێک هەموو پرسەکان لە بەغدای پایتەختەوە یەکلایی بکرێنەوە، ئەمەیش زیانی گەورەی بۆ سەر دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت. بۆیە کورد پێویستی بە شەڕی پاراستنی سیستەمی فیدراڵی کۆماری هەیە، مادام لە قۆناغی ئێستادا بڕیاری گەڕانەوە بۆ بەغدا دراوە، کەوایە نابێت ڕێگە بدرێت هەوڵی بە مەرکەزیکردنەوەی عێراق، بەبێ ڕەخنە تێپەڕێت و لەبری دەوڵەتی مەدەنی بە ئاراستەی مەزهەبگەرای شیعەدا بچێت، ئەگەرچی ئێستا ئەو مۆدێلە لە عێراقدا زاڵە و ئەوەندەی بڕیاری مەزهەبی کاری پێدەکرێت، نیو هێندە قانوون و دەستوور ڕۆڵیان نییە، بەڵکوو دەستوور تەنیا لە کاتی دژایەتیکردنی کورد دەهێندرێتە گۆڕێ، وەک ئەوەی لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەر

زۆر باسی دەستوور کرا لە پرسی فڕۆکەخانە و خاڵە سنووریيەکاندا، هەموو ئەوانەش بۆ ئەوە بوون دەسەڵاتی مەرکەزی لە عێراقدا زیندوو بکرێتەوە. لێرەدا کورد دەبێت ڕێگرییەکی سەرسەخت بکات لە دژی ئەوەی هەوڵی بەمەزهەبیکردنی عێراق بەسەر هەرێمی کوردستانیشدا فەرز بکرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٠٠ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٨/٥/٢

خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

ڕووبەڕووبوونەوەی بەرنامەی پاککردنەوەی عێراق لە پێکهاتەکان

(٦)

ئێستا عێراق لە قۆناغێکدایە سەرجەمی پێکهاتەکانی، وڵات بە هی خۆیان نازانن، جگە لە پێکهاتەی شیعەمەزهەب نەبێت کە زۆرینەی عێراقییەکان پێک دەهێنن، بەتایبەتی گەلی کوردی نەتەوەی دووەم لە عێراقدا، زۆرترین کێشەی بۆ دروست دەکرێت و هەر ڕۆژەی بە جۆرێک و بە بیانوویێکەوە هێرشی دەکرێتە سەر، ڕۆژێک سەددام، بە بیانووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییەوە ئەنفالی دەکات و ڕووداوی هەڵەبجە دەخولقێنێت، ڕۆژێکیش لە ئەنجامی شۆڤێنیزمی عەرەبی، نانی دەبڕدرێت و شەڕی برسیکردنی لەگەڵدا دەکرێت، تەنیا بۆ ئەوەی کورد لە عێراقدا، لە چوارچێوەی هەرێمێکدا بەهێز نەبێت، هەروەها جارێکی دیکە لە بەرگی داعشدا، هێرش دەکرێتەوە سەر پێکهاتەی نەتەوەیی کورد، ئەوکات لەبری ئەوەی عێراق هاوکاری کورد بکات، بەپێچەوانەوە زۆرترین چەک و تەقەمەنی خۆی لە بەرگی شکستدا ڕادەستی داعش دەکات تا لە هێرشەکاندا دژی پێشمەرگە بەکار بهێندرێن، ئەگەرچی ئەمە سەرنجی زۆری لەسەر هەیە! بەڵام

بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانەی کورد، پێویست بوو لە شەڕی داعشدا، عێراق هاوکارییی پێشمەرگە بکات، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەوەی نەکرد و پاشان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا لە چوارچێوەی هێرشێکی میلیشیاییدا، بە پاڵپشتیی چەند گرووپێکی کوردی، حکوومەتی عێراق دەستی بەسەر کەرکووک و زۆربەی ناوچە کورددییە کێشەلەسەرەکاندا گرتەوە.

لە خاڵی شەشەمی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بە عێراقێکی فرەنەتەوە و ئایینزای جیاواز کراوە، خۆی ئەمەیە کێشەی ڕاستەقینەی گەلانی عێراق، بەوپێیەی عێراق نەیتوانیوە بە یەکسانی عێراقی هەموان بێت، بەپێچەوانەوە بەردەوام گەلەکانی بەهۆی جیاوازیی ئایینی و ئایینزاییەوە دووچاری ئازاردانی ڕۆحی و جەستەیی و ماڵوێرانی بوونەتەوە، ئێمە باسی کوردمان کرد، بەڵام ئەگەر دیقەت لە ڕەوشی مەسیحی و ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکەش بدەین، دەبینین زۆرترین پێشێلکارییان بەرانبەر ئەنجام دەدرێت، بە جۆرێک خەریکە عێراق لەو کەمە ئایینی و ئایینزاییانە پاکدەکرێتەوە و لە جێگەی ئەواندا دەسەڵاتی شیعەگەرا زاڵ دەکرێت، لە شەڕی داعشدا مەسیحی و کوردانی ئێزدی ئازاردران و کچ و ژنەکانیان فرۆشران، بەڵام ئەو عێراقە، چونکە هەستی ناسیۆنالیستی و مەزهەبی تێدا زاڵە، نەک هەر قەرەبووی ڕۆحی ئەو پێکهاتانەی نەکردەوە، تەنانەت قەرەبووی ماددی ناوچە وێرانبووەکانیشی نەکردەوە کە بەهۆی شەڕ و ململانێ تایەفییەکاندا، ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بەپێچەوانەوە سیاسەتی ئێستای عێراق، ڕێک ئەوەیە کە لەژێر گوشاردا ئەو پێکهاتە ڕەسەنانە، ناوچەکانییان بۆ

شیعە چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بە تەواوی بەسەر عێراقدا زاڵ بکەن، ئەم نیەتەش خەریکە بۆ شیعەگەرای عێراقی و ئێرانی دەچێتە سەر و نیوەی مەسیحی و ئێزدییەکان چوونە دەرەوەی عێراق و یان ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەژین و ئامادەنین بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان کە بەهۆی دەسەڵاتی مەزهەبییەوە بە کەڵکی ژیان نەماون. ئەو خاڵەی پارتی زۆر پێویستە لە پەرلەماندا بورژێندرێت، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان وەک نموونەیەکی پێکەوەژیان نیشانی هەم عێراقییەکان و هەمیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدرێت بەوەی نموویەکی جوانی پێکەوەژیانی پێشکەش کردووە.

لە خاڵی چواردەهەمی کارنامەکەی پارتیدا جەخت لە داکۆکیکردن لە مافە سیاسی و کولتوورییەکانی تورکمان و کلدان و سریانەکان و ئەرمەن و ئێزدی و فەیلییەکان کراوەتەوە، دیارە ئەم پێکهاتانە بەهیچ جۆرێک لە عێراقدا ژیانیان پارێزراو نییە و هەر ڕۆژەی ئەوانیش هاوشێوەی کورد بە بیانوویەکەوە دەکەونە ژێر هەڵمەتی پڕۆژەبەرنامە بۆ داڕێژراوی شیعەگەرای عێراقی و ئێرانی، ئەمەش بەو ئامانجەی وەک گوترا عێراق پاکبکرێتەوە لەو پێکهاتانەی هەزاران ساڵە لە عێراقدان و خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن، بەڵام چونکی هەستی شیعەگەرا و هەتا سوننەگەراییش زاڵە کە ئەو عەقڵییەتە ناخوازێت جگە لە خۆیانی عەرەب، هیچ پێکهاتەیەکی دیکە لە عێراقدا هەبن، بۆیە بە بەرنامە کار بۆ لاوازکردن و دەرپەڕاندنیان دەکرێت.

ئێوە دیقەت بدەن، شیعە بەشێکی زۆری سوننەکان دەچەوسێنێتەوە، بە هەمان شێوەش سوننە ئەو پێکهاتانەی دیکە، چونکە زۆربەیان کەوتوونەتە ناوچەی سوننەنشینەوە بەتایبەتی لە ناوچەی مووسڵدا.

عێراق بۆ پێکهاتە غەیرە عەرەبییەکان و بەتایبەتی بۆ غەیرە سوننە، خەریکە دەبێتە دۆزەخ، بەدیاریکراوی بۆ کورد، بەوپێیەی هێزی پێشمەرگەی هەیە و بە توندی داوای سەربەخۆیی دەکات، ئەمەیش وایکردووە دەسەڵاتی مەزهەبگەرای بەغدا، نەتوانێت ئەو پێکهاتانە وەک خۆیان قبووڵ بکات. کەوایە لەسەر سەرجەم حیزب و نوێنەری پێکهاتەکانیش پێویستە شەڕی پاراستنی خۆیان لە عێراقدا بکەن، مادام هێشتا دەیانەوێت لە عێراقدا بژین! ئەگینا عێراق بەئاقارێکدا دەڕوات، کۆپییەکی دیکەی ئەزموونی شیعەگەرای ئێرانی لێ دەردەچێت، بەشێوەیەک هیچ پێکهاتەیەکی غەیرە شیعە ناتوانن هەست بە ئارامی و سەقامگیریی ڕۆحی بکەن. ئەمەیش بەوە دەبێت، حیزبەکان بە بەرنامەی سیاسی و یاساییەوە ڕووبەڕووی ئەو تەوژمە مەترسیدارەی مەزهەبگەرای بەغدا ببنەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستبەسەر عێراقدا نەگرێت، بە هۆشیارکردنەوەی ئەو پێکهاتانە و دروستکردنی بەرەی دژە مەزهەبی دەبێت، هەروەها ڕەنگە بۆ ئێستا پەرلەمان باشترین شوێنێک بێت تا دژی ئەو عەقڵییەتی بەمەزهەبیکردنی عێراقە، پێکهاتەکان شەڕی خۆیانی تێدا بکەن.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٠١ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٨/٥/٣

خوێندنەوەیەک بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

گرنگیی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق

(٧)

لە خاڵی حەوتەمی بەرنامەی لیستی پارتیدا بەڕوونی جەخت لە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق کراوەتەوە. دیارە ئەم خاڵە گرنگییەکی زۆری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، بەوپێیەی ئەوکات بەگوێرەی یاسا، ڕێژەی پێکهاتەکانی عێراق دیاری دەکرێن، بەتایبەتی گرنگی ئەو خاڵە بۆ کورد لەوەدایە ئەوکات کاربەدەستانی حکوومەتی عێراق ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان یاری بە ژمارەکانەوە بکەن، وەک ئەوەی ئەمساڵ لە دیاریکردنی ڕێژەی پشکە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ٢٠١٨ی عێراق، غەدرێکی گەورە لە هەرێمی کوردستان کرا، بەتایبەتی پێشێڵی ئەو ڕێککەوتنەی سەرەتای ڕووخانی حکوومەتی سەددام کرا، کاتێک بە چاودێری ئەمەریکییەکانەوە ڕێژەی سەدا حەفدە بۆ خەڵکی کوردستان دیاری کرا و لەسەر بنەمای ئەو سەدا حەفدەیە سالانە تا پێش ڕاگرتنی بودجە، پارە بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوودێکی باش

لەو بودجەیە وەربگرێت لە بواری خزمەتگوزارییەوە، بەوەی توانی زۆرترین پرۆژە سەربارى ڕەخنەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، تەنانەت کار بەوە گەیشت هاوولاتییانی شارەکانی عێراق بەهۆی ئەوەی ئەو پێشکەوتنەی لە کوردستاندا هەبوو، ڕەخنەیان لە بەغدا دەگرت کە ئەوان نەیانتوانیوە هێندەی هەرێمی کوردستان پرۆژە پێشکەش بکەن.

ئەو داوایەی سەرژمێری گرنگێتی زۆری هەیە و دەبێت نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان کاری لەسەر بکەن، بەوەی بەگوێرەی یاسا ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکرێتە ئەمەیش هۆکارێک و بەربەستێکی یاسایی دەبێت لەبەردەم حکوومەتی عێراقدا کە نەتوانێت بە ئارەزووی خۆی دەستکاریی پشکەکانی هەرێمی کوردستان بکات و لەبری سەدا حەفدەکە، بە بڕیاری سیاسی، سەدا دوازدە بۆ هەرێمی کوردستان دیاری بکات.

ئەمە تەنیا لەڕووی پشکی بودجەوە، خۆ ئەگەر عێراق ئەو سەرژمێرییە بکات، ئەوکات بەگوێرەی ئەو سەرژمێرییە پێویستە کۆی شایستەکانی وەک دارایی و دەرمان و هەتا دیاریکردنی ڕێژەی کورد لە ڕیزی سوپای عێراقدا، بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دیاری بکات. بەڵام بەغدا ترسی لەوە هەیە، چونکە دەزانێت ڕێژەی کورد زیادی کردووە. هەروەها پارتی لە هەمان خاڵدا داوای دامەزراندنی ئەنجوومەنێک دەکات بۆ دەرچوواندنی یاسا لەسەر بنەمای ئەوەی لە دەستووردا ئاماژەیان بۆ کراوە، بەڵام یاسا و ڕێنمایی تایبەتیان بۆ دیاری نەکراوە، ئەمەیش خۆی کۆمەڵێک کێشە لە کۆڵ هەرێمی

کوردستان و عێراق دەکاتەوە، چونکە ئێستا لە عێراقدا پرسی دادوەری، بێلایەنی خۆی لەدەست داوە و بە هەمان شێوەش لە پەرلەمانی عێراقدا بەبێ گەڕانەوە بۆ شەراکەت و تەوافوق، یاساکان دەردەکرێن، وەک ئەوەی بەبێ ڕەزامەندیی زۆرینەی نوێنەرانی کورد، یاسای حەشدی شەعبی دەرکرا و دواتریش ئەو حەشدە هێرشی کردە سەر کوردستان. هەروەها هەر لە پەرلەمان بە بڕیاری سیاسی و بە زۆرینەی پەرلەمانی، بەبێ ڕێزگرتن لە ویستی کورد، پرۆژە بودجە تێپەڕێندرا کە زیانی زۆری لە هەرێمی کوردستاندا و لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژەیاساکەدا پێشێلکاریی بەرانبەر ئەو سەدا حەفدەیە کرا، چونکە لە ئەنجامی سەرژمێرێکی دانپێدانراو ئەو ڕێژەیە بۆ کورد دیاری نەکراوە.

هەم هەوڵدان بۆ سەرژمێری و هەمیش بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنێک بۆ دەرچووانی هەموو ئەو یاسایانەی لە دەستووردا بنەمایان بۆ دیاریکراوە پێویستن و لەسەر نوێنەرانی کوردە کاری جیدی لەسەر بکەن، ئەگینا سااڵنە حکوومەتی عێراق بە ئارەزووی خۆی دەستکاریی پشکی هەرێمی کوردستان دەکات و وەک گوشاری سیاسیش لە دژی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٠٢ لە ڕۆژی هەینی ٢٠١٨/٥/٤

خوێندنەوەیەك بۆ بەرنامەی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

پاراستنی ئارامیی کوردستان لەنێو گەڕەڵاوژەی عێراقدا

(٨)

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، عێراق دووچاری بارودۆخێکی خراپی ئەمنی بووەتەوە، بەجۆرێک هەر ڕۆژەی لە سەرەکۆڵانێک و لەپێش نەخۆشخانەیەک و لەنێو مزگەوتێک و لەبەردەم بارەگەیەکی حکوومی و حیزبی و سەربازییدا، تەقینەوەیەک ڕوو دەدات، بەتایبەتی لە شاری بەغدای پایتەخت، هەفتانە و هەندێک جار ڕۆژانە خەڵکی بەهۆی کردە تیرۆرییەکانەوە دەبنە قوربانی و بەگشتی هاوواڵتییان هەست بەهیچ جۆرە سەقامگیرییەکی دەروونی ناکەن، چونکە ڕووداوەکان بەچاوی خۆیان دەبینن و هیچ کەسیش لە کاتی دەرچوونی لە ماڵ، لە گەڕانەوەی بۆ نێو منداڵەکانی یان ماڵەکەی دڵنیا نییە.

دیقەت لەم وێنەیە بدەن کە چەندین جار دووبارە بووەتەوە، لە بازاڕێکی پایتەخدا، هاووڵاتییەکی بەغدایی یان هاووڵاتیی هەر شارێکی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق، سەرقاڵی کڕینی کەلوپەلە سادەکانێتی، لەپڕێکدا دەبێتە قوربانیی کردەیەکی تیرۆریستی، ئەمە خەیاڵ و بوختان نییە، بەڵکوو ڕاستییە و بە چاوی

خۆمان لاشەی هاوواڵاتییە عێراقییەکان دەبینین و هەڕەشەی تیرۆر و تۆقاندن بەردەوامییان هەیە!

لەنێو ئەو گەڕەڵاوژەیەی ناسەقامیگریی عێراقدا، هەرێمی کوردستان ئارامترین ناوچەیە لەو ڕووبەرە جوگرافییە بەزۆر ناونراوەی عێراقدا، ئەمە سەرباری ئەوەی حیزبە سیاسییە کوردییەکان لەگەڵ یەکدیدا تەبا نین، بەڵام ئەو ئارامییە پارێزراوە، ئەگەرچی لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە بە بەرنامە ویسترا ئارامیی شارەکانی هەرێمی کوردستانیش بخرێنە ناو بازنەی ئاڵۆزی و نائارامییەکانەوە، بەڵام لە سەرووی هەموو لایەنەکانەوە، پارتی لە ڕێگەی حکوومەت و وەزارەتی پێشمەرگەوە، ڕێگەی نەدا حەشدی شەعبی بێتە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانەوە و لە ناوخۆشەوە بەرەنگاری ئەوانە بۆوە کە ویستیان ئارامیی کوردستان بشێوێنن، چونکە بەهاتنی ئەو گرووپانە ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستانیش دروست دەبوو، بۆیە لە خاڵی هەشتەمی کارنامەی پارتیدا بەڕوونی جەخت لە پاراستنی ئەو سەقامیگری و ئاساییشە دابینکراوەی لەلایەن دامودەزگە ئەمنییەکان و پێشمەرگەوە هاتووەتەدی کراوەتەوە، ئەمەیش گرنگی تایبەتی هەیە، بەو مانایەی ئێستا لە عێراقدا گرووپە مەزهەبییەکان بە بەرنامە دەخوازن ئارامیی هەرێمی کوردستانیش وەک بەغدا و شارەکانی دیکە تێک بدەن، لە ئەگەری تێکچوونی ئەو ئارامییەدا کاریگەریی نێگەتیڤ دەکەوێتە سەر پێشکەوتن و ئاستی ئاوەدانی لە هەرێمی کوردستان.

ئەگەر دیقەت بدەین، سەرباری ئەوەی عێراق پارەیەکی زۆری لەژێر دەستدایە، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیرییەوە نەیتوانیوە بایەخ بە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی بدات، ئەمە جگە لەوەی بەفیڕۆدان و گەندەڵیش هۆکاری دیکەی نەبوونی خزمەتگوزارین لە عێراقدا.

لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە بەغدا بە بەرنامە ویستی سەرەتا لە ڕێگەی داگیرکاری و دواتریش لە ڕێگەی دروستکردنی کەشێکی ئاڵۆز لەنێو حیزبە کوردییەکان، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان بەئاقارێکدا ببات کە هێزە کوردییەکان بەگژ یەکدا بچن و بەمەیش ئارامیی کوردستان بکەوێتە بەردەم هەڕەشە و دواتریش کاریگەریی لەسەر کۆی پرۆسەکانی وەک ئاوەدانی و ئارامی و پێکەوەژیان و ئینجا پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەبوو، ئەگەرچی هەندێک ئاڵۆزی دروستبوو، بەڵام دەکرێت ئەو خەونەی بەغدا لەلایەن گەلی کوردەوە لەگۆڕ بندرێت و بە تەبایی لایەنەکان وەڵامی بەغدا بدرێتەوە.

کەوایە زۆر گرنگە ئەو نوێنەرە کوردانەی دەچنە پەرلەمانی عێراق، باوەڕیان بە ئارامیی کوردستان هەبێت و دژی هەموو ئەوانە بوەستنەوە بە پڕۆژەی سیاسی و سەربازییەوە دەیانەوێت سەقامگیریی کوردستان بشێوێنن، وەک ئەوەی لە ڕابردوودا لایەنی کوردی هەبوو، دەنگی لەسەر بەیاساییکردنی حەشدی شەعبیدا و دواتریش ئەو حەشدەی کە بەشێک لە لایەنە کوردییەکان، ئەوانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بە ئەنتی پارتی دەناسرێن، هێرشی کردە سەر کوردستان بۆ ئەوەی سەقامگیریی کوردستان بکەوێتە

بەردەم هەڕەشە و داگیرکارییەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە و ئاسایش ئەو خەونەیان لە ئێستا پووچەڵ کردەوە، هەر بۆیە گرنگە ئەو نوێنەرانە لە بەغدا هەمیشە لە خەمی پێشمەرگەدا بن لەڕووی بەشە بودجە و مووچە و چەک و تەقەمەنییەوە، ئەمەیش بەشێکی بە گوشاری پەرلەمانی و دیپلۆماسیەت دەکرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٠٣ لە ڕۆژی شەممە ٢٠١٨/٥/٥

ڕیفراندۆمەکەی پارتی و بەشداریی هەڵبژاردنی عێراق

ئەو چەند هەفتەیەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستپێکردووە، توانجی زۆر ئاڕاستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کران، سەبارەت بەوەی خاوەنی پڕۆژەی ڕیفراندۆم بووە و بەشداریی هەڵبژاردنی عێراقیش دەکات.

یەکێک لەو خاڵە بەهێزانەی پارتی ئەوەیە سیاسەتی شەرمنانە ناکات، بەڵێ، ڕیفراندۆم پڕۆژەی پارتی بوو، ئەمە ڕاستە، بەداخەوە ئەمە وەک توانج ئاڕاستەی پارتییەکان دەکرێت، وەک ئەوەی پارتی خیانەتی کردبێت! بەڵام جگە لە پارتییەکان کەم کەس ویژدانی جوولاّ ڕەخنە لە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر بگرێت، کەچی تا ئێستا پارتییەکم نەدی، لە وەڵامی ئەو توانجەی هێزە نەیارەکانی پارتی بڵێت، بەڵێ ڕیفراندۆم پڕۆژەی پارتی بوو، بەڵام ئەی پڕۆژەی ئێوە چی بووە بۆ کورد؟ دەی پارتییەکم نەدی بڵێ، ڕاستە ڕیفراندۆم پڕۆژەی پارتی بووە، بەڵام خێرە ئەو پڕۆژەیەی پارتی نزیکەی سەدا سەدی دەنگی بەڵێی هێنا! دیارە پارتی لە هەموان نەتەوەیی تر‌ەو.

کێشەی پارتی ئەوەیە وەڵامگۆی لاوازە، ئەگەرچی لەشکرێک نووسەری بێدەنگ و سێبەری هەن، بەڵام لە کاتی پێویستدا فزەیان

لێوە نایەت، کەچی بە پارەی پارتی دەچنە وڵاتان و دەخوێنن و ڕادەبوێرن و خانووی جوان و ئۆتۆمبێلی دوامۆدێل دەکڕن و دەیان شتی دیکەش، کەچی کاتێک پارتی دەکەوێتە بەر هێرشی میدیاییەوە، تەنیا کوڕە هەژارەکان ڕاستییەکان دەڵێن، ئەوانەی لە سێبەری پارتیدا قەڵەوبوون، جگە لەوەی بێدەنگن و پارەژمێرن، کەچی گاڵتەیان بەو کوڕە هەژارانەش دێت کە بەرگری لە سیاسەتی پارتی دەکەن.

دەی من ئێستا دەتوانم دەیان پارەخۆری پارتیت پێ نیشان بدەم، جگە لە زیان هیچ سوودێکیان بۆ پارتی و کوردیش نەبووە، دەتوانم هەزاران گیرفان بەتاڵی دڵسۆزت بۆ بهێنم کە فەرامۆش کراون! ئەگینا چ میللەتێک وەک کورد گرووپی وای تێدا دەرکەوتووە جورئەتی ئەوە بکات دژی خۆی بوەستێتەوە، دەی یەک حیزبی تورکیام پێ بڵێ، سووکایەتی بە ئەتاتورک بکات! دەی یەک حیزبی ئیتاڵیام پێ بڵێن مۆسۆلۆنی بە میژووی خۆی نەزانێت، دەی فەرموو، یەک هێزی ئەڵمانیم پێ بڵێن، جنێو بە هیتلەر بدات، ئێستاش عەرەبەکان سەددام وەک میژووی خۆیان دەبینن و عەرەبێکم نەدیت، دژی لەشکرکێشیی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک ڕەخنە لە عەبادی بگرێت، ئێستاش تورکێکم نەدیت بڵێتە ئەردۆغان تۆ بە چ حەقێکەوە لەشکرت بردە سەر عەفرین! نییە، تەنیا ئەو کوردە نەگبەتەیە دژی خواست و مافەکانی خۆی دەوەستێتەوە، هەر بۆیە هەندێک جار تەواو نائومێد دەبم لەوەی کە کورد بەو ئاسانییە نابێتە خاوەن شت، هەتا زیانێکی زۆر گەورە دەکات، ئینجا پەند وەردەگرێت!

ئێستا هەموو کێشەی هێزە دژە پارتییەکان ئەوەیە مادام پارتی ڕیفراندۆمی کردووە، چۆن دەبێت بەشداریی پەرلەمانی عێراق بکات!

ئەمەش لە دڵسۆزی بۆ ڕیفراندۆم و پرسی کورد نییە، تەنیا بۆ ئەوەیە، پارتی بخەنە هەڵوێستێکەوە تا لە هەموو شوێنەکان بایکۆتی هەڵبژاردن بکات و ئەوانیش کورسییەکانی پارتی بەسەر کاندیدەکانی خۆیاندا دابەش بکەن! دەی پارتی لەوسەری ئەو گەمانەوە هاتووەتەوە، بەڵاتەوە سەیر نەبێت، ئەو کورسییانەی کەرکووکی بە جۆرێک وەردەگرێتەوە، یەکێتی هەر بیریشی لێ نەکردووەتەوە، چونکە شتی خۆی بە ئاسانی ڕادەست ناکات، ئەمە سرووشتی پارتییە، ئینجا تۆ کەیفی خۆتە چۆنی لێک دەدەیتەوە.

بەڵێ بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، چونکە حزبێکە ئەوەی من بیخوێنمەوە، بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو شتانە نابێت کە بەدەستی هێناون، بۆ نموونە ئەگەر کۆشکەکانی پارتی تەخت بکرابوونایە، نەیدەگوت ڕیفراندۆم هەڵدەوەشێنینەوە، فەرموو سڕی کرد، ڕۆژێک دێت وەک مار بە هێزی ئەو ڕیفراندۆمە بە هەندێک لایەن وەدەدات!

پارتی ڕیفراندۆمی کرد، بەڵام دەچێتەوە بەغداش، چونکە بەغدا پێویستە ئەو هێزە کوردییەی لێ بێت، ئەگینا هیچ کەس حساب بۆ هێزە ئەنتی پارتییەکان ناکات، هەر بۆ زانیاریش ئەو هەموو هێرشانەی دەکرێنە سەر پارتی، دیقەتم داون، لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە بەهێزی پارتی هۆکار بووە، ئەگینا گەمژەی وا هەیە دەڵێت ڕیفراندۆم خراپە و نەدەبوو کورد نەوت دەربهێنێت، ئەم تێڕوانینە ڕێک تێڕوانینی عەبادییە، مەگەر مالیکی و عەبادییەکانیش دژی ئابووریی سەربەخۆ و ڕیفراندۆم نەبوون، ئای چ شووڕەییەکە بۆ ئەوەی پارتی لاواز بکەیت، وەک عەبادی دژی خواستی نەتەوەکەت

قسە بکەیت و پێت وابێت ئابووریی سەربەخۆ کارەساتە و ڕیفراندۆم شوومە!

بەڵێ، ئەوەیە کارەسات، کاتێک هێزەکان هەوڵی کوشتنی ڕۆحی خەڵکی خۆیان بۆ سەربەخۆیی بدەن. کەوایە پارتی کارێکی زۆر باشی کرد بەشداریی هەڵبژاردنی عێراقی کرد، ئەگینا لە غیابی پارتیدا کۆمەڵێک هەرزە و چەواشەکار و مەلای ئیسلامیی سیاسی دەبوونە نوێنەری کورد لە بەغدایەکی پڕ لە کێشەدا، باشییەکەی ئەوەیە بوونی پارتی لە بەغدا قورساییە، چونکە لە ڕابردوودا کۆمەڵێک هەنگاوی دیپلۆماسی و ستراتیژیی گەورەی هاویشتووە کە هێزەکانی دیکە ناتوانن ئەمە بکەن.

فەیسبووک: ٢٠١٨/٤/٣٠

ئینجا نۆرەی یەکڕیزیيە

لە پرۆسەی دیموکراسییەتی ڕاستەقینەدا دۆڕاندن و شکست نین، کەمینە و زۆرینە هەن کە خەڵک لە چوارچێوەی یەکێک لە ڕەگەزەکانی دیموکراسییەتدا بڕیار دەدەن کام حیزب یان لایەنی سیاسی، نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات کە مەبەست لە هەڵبژاردنە، ئەگەرچی ئەوەی عێراق دیموکراسییەتی ڕاستەقینە نییە، بە دیوێکی دیکە، ئەو هێزانەی دەنگی زیاتر دەهێنن و ئەوانەی کەمیش، مادام دەچنە پەرلەمانەوە، ئەوکات بەگوێرەی کورسی و قورسایی سیاسییان، هەموویان بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە سەرشان و خەڵکیش واتە دەنگدەر ئەو مافەی هەیە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، بەوپێیەی هەڵبژێردراوی خەڵکن.

ئەگەرچی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق هەندێک نموونەی ناشیرینی تێکەوت، بەوەی هێزەکان لە هەندێک حاڵدا لەبری ئەوەی بانگەشەی خۆیان بکەن یان خۆیان بناسێنن، بەپێچەوانەوە هێرشیان کردە سەر بەرانبەر، بەهەرحاڵ پرۆسەکە

بەڕێوەچوو، دەنگەکانیش جیاکرانەوە، سەرباری ناڕەزاییەکان، بەڵام ئەنجامەکان ڕاگەیەندران و ئیش بەو ئەنجامانە دەکرێن، کەوایە ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا کورد بە نەفەسی هەڵمەتی هەڵبژاردن نەچێتە بەغدا و ئیدی کوردیش وەک نەتەوەیەک و کیانێکی سیاسی لە عێراقدا، پێویستی بە یەکڕیزیی نەتەوەیی هەیە، خۆ ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا بە یەک لیست یان هاوپەیمانی کوردستانی، سەرجەم حیزب و لایەنە کوردییەکان بەشداریان لە پرۆسەکەدا بکردابووایە، کورد یەکەمی ناو لیست و هاوپەیمانییەکان دەبوو، چونکە هێزە عەرەبییەکان پەرتەوازەن، بەگوێرەی قانوونیش ئەوکات سەرۆککۆمار ناچار دەبوو کورد ڕاسپێرێت بۆ کابینە، ئەگەر ئەمەش سەری نەگرتبووایە، بەدڵنیاییەوە کورد پێگەی بەهێزی دەبوو، کەوایە ئێستاش ئەو یەکڕیزییە زۆر پێویستە، بەوپێیەی ئێمە بەشداریی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەین و هێزەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ئەو پەرتەوازەییەی ئێستای کوردیش دیسان زیان لە پێگەی کورد دەدات، هەر هیچ نەبێت بۆ قۆناغی پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی عێراق، پێویستە کورد وێنای یەکڕیزی نیشان بدات، ئەگینا هێزە پەرتەوازە عێراقییەکان یەکدەگرنەوە و دیسانەوە هەوڵی پەراوێزخستنی کورد دەدەنەوە کە نزیکەی شەشت کورسی هەیە و ئەو ژمارەیەش کەم نییە، ئەگەر عەقڵێکی کوردییانەی لە پشتەوە بێت بۆ شەڕی مافەکانی کورد، بەڵام لە ئەگەری پەرتەوازەییدا سەنگی کورد لاواز دەبێت و هەر چەند پەرلەمانتارە و دەکەونە بەرەیەکەوە و ئەمەش بە زیانی پێگەی کورد لە بەغدا دەکەوێتەوە.

خەڵکی کوردستان بۆ ئەوە دەنگی بەو حیزب و لایەن و کاندیدانە نەداوە تا ئێمە بکەنەوە بە عێراقی، ئەگەرچی بەگوێرەی دەستوور هێشتا عێراقین، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە، خەڵکی کوردستان بۆ ئەوە ئەو حیزبانەی هەڵبژاردووە تا داوای مافی کورد بکەن و شەڕی دەستووری ببنە ناو پەرلەمانەوە، ئەمەش بە یەکڕیزی دەکرێت، لە ئەگەری پەرتەوازەییدا متمانەی خەڵک بۆ ئەو هێزانە لاواز دەبێت، کەوایە هەم بۆ حیزبەکان و هەمیش بۆ پێگە و مافەکانی کورد، ئەو یەکڕیزییە کوردییە پێویستییە و نابێت فەرامۆش بکرێت و گرنگە وەک نموونەیەکی بەهێزی کورد لە بەغدا نیشان بدرێت کە کورد بە یەکگوتار و یەکڕیزییەوە بەشداریی پرۆسەی سیاسی لەو عێراقەدا دەکاتەوە کە بەزۆر نەبێت، مافی پێکهاتەکان نادات، ئەزموون سەلمانوویتی ئەگەر لە چوارچێوەی یەکڕیزی و تیمێکی کوردیدا سوورنەبیت لەسەر مافە نەتەوەیی و مرۆییەکان، ئەوان واتە لایەنە عێراقییەکان سەرباری هەموو ناکۆکییەکی نێوانیان، بەڵام بۆ پەراوێزخستنی تۆی کورد، یەکڕیزن و بە پرۆژەی شۆڤێنیزمی عەرەبی، هەوڵی پەراوێزخستنی نەتەوەی کورد دەدەن، لەبەر ئەوەش تیمێکی کوردی لە بەغدا بۆ کورد و تەنانەت بۆ حیزبەکانیش گرنکە، ئەگینا بەو نەفەسەی هەڵمەتی هەڵبژاردن، تەنیا کورد زیان دەکات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥١٤ لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠/ ٢٠١٨/٥

ئەمەریکا و سەدرییەکان

لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێنەوە، ئەمەریکا لای سەدرییەکان وەک داگیرکەرێکی ڕەزاقورس لە زهنی هەر عێراقییەکدا چێندراوە، سەدرییەکان هەمیشە بە گوتاری تونددەوە دژی بوونی هەر ئەمەریکییەکن لە عێراقدا، بەڵام هیچ کات ئەوە نەبووەتە هۆی ئەوەی پێگەی ئەمەریکا بەهۆی سەدرییەکانەوە لاواز بێت، ئەگەرچی ئێستا نەختێک پێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا لاواز بووە، بەڵام ئەوە پەیوەندی بە گوشاری سەدرییەکانەوە نییە، بەڵکوو باڵادەستی ئێران هۆکارە لەو عێراقەی کە ئەمەریکا لەوسەری دونیاوە بۆ شیعە و ئێرانییەکانی کردە خوانێکی ئامادەکراو، ئەگینا هیچ کات نە شیعە و نە ئێرانیش ئەو توانایەیان نەبووە بەتەنیا ڕووبەڕووی ڕژێمەکەی سەددام ببنەوە، بەڵکوو ئەوە ئەمەریکا بوو بە پاڵپشتیی پێشمەرگە ڕژێمی بەعسی ڕووخاند و ڕادەستی عێراقییەکانی کردەوە.

هێشتا ڕوون نییە کێ دەبێتە سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەڵام خۆ ئەوە ڕوونە سەدر وەکخۆی ئەو پۆستەی ناوێت، بەوپێیەی ئەو خۆی وەک مەرجەعێکی ئایینی دەبینێت تا سیاسییەکی هاوشێوەی حەیدەر

عەبادی بێت، ئەگەرچی ئێستا لە هەردوو بوارەکەدا یاری دەکات، واتە هەم مەرجەع و هەمیش سیاسەت.

هەموو ئاماژەکان دەڵێن کاندیدی سەدر ئەو پۆستە وەردەگرێت، ئەمەش مانای دەرپەڕاندنی ئەمەریکا نییە لە عێراقدا، وەک هەندێک کەس بۆی چوونە، چونکە هەم ئەمەریکا و هەمیش سەدر لەمەودوا ڕەنگە چاو بە بەرژەوەندییەکانیاندا بخشێننەوە، بەوپێیەی سەدر ئەو تێگەیشتنەی هەیە ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت، دەتوانێت کێشە بۆ حکوومەتەکەی دروست بکات، هاوکات ئەمەریکاش ئەو تێگەیشتنەی هەیە کە سەدریش دەتوانێت کێشە بۆ پێگەی واشنتۆن لە عێراقدا دروست بکات، بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەو دوو هێزە لەپێناو بەرژەوەندییەکانیاندا، خۆیان لەگەڵ یەکتریدا بگونجێنن، ڕەنگە لە هەندێک قۆناغدا شەڕە قسە بکەن، بەڵام ئەمە جەوهەری سیاسەتەکە نییە و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە.

بەگوێرەی میدیاکان ئێستا ئەمەریکییەکان لە ڕێگەی جیاوازەوە پەیوەندی بە سائیروونەوە دەکەن، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش گوتی هاوکاریی حکوومەتی داهاتووی عێراق دەکەین، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆی هەیە لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان، ئەو دوو هێزە چاوپۆشی لە پێگە و دەسەڵاتی یەکتری لە عێراقدا بکەن. لە دونیای سیاسەتیشدا هیچ شت مەحاڵ نییە، کێ دەڵێ نابنە هاوپەیمانیی یەکدی؟!

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥١٨ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٨/٥/٢٤

بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق و ئاماژەیەکی مەترسیدار

دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی دەنگەکانی دەرەوەی وڵات و هەژمارکردنەوەی سەدا ١٠ی دەنگەکانیش بەشێوەی دەستی، ئەمە بووە هۆی کاردانەوە لە ناوخۆی عێراقدا، بەوپێیەی لایەنە براوەکان ئەم بڕیارەی چەند گرووپێکی ناو پەرلەمان، بە هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەزانن، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەڵبژاردندا دەرنەچوون یان شکستیان خوارد.

ئەمەش لەکاتێکدایە سەرکەوتنی موقتەدا سەدر بووە هۆی بێتاقەتبوونی هەندێک گرووپی سیاسی و مەزهەبی ناو حکوومەت و پەرلەمان، بەتایبەتیش جەماعەتی مالیکی کە چانسی بوون بە سەرۆکوەزیرانی لەدەستداوە، هاوکات سەلیم جبووری کە دووچاری شکستێکی گەورە بووەتەوە بە جۆرێک کەس ئیرەیی بە دەنگەکانی نابێت!

ئەو بڕیارەی پەرلەمان هێندەی بڕیارێکی سیاسییە، نیو هێندە یاسایی نییە، بەوپێیەی عێراق خاوەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و کۆمیسیۆن دەتوانێت ئەنجامەکان ڕەت بکاتەوە یان

قبووڵی بکات، ئەو ئەنجامەی ئێستاش لەلایەن کۆمیسیۆنەوە ڕاگەیەندراوە، کاتێکیش پەرلەمان ئەوە ڕەتدەکاتەوە یان هەوڵی دیکە دەدات، ئەوکات کۆمیسیۆن بە دەستدرێژیکردنە سەر دەسەڵاتەکانی خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوەیشە چاوەڕێ دەکرێت کۆمیسیۆن و پەرلەمان دووچاری ناکۆکیی گەورە ببنەوە لەسەر ئەو بڕیارە، بەتایبەتی کاتێک پەرلەمان خۆی لە کێشەیەکی ئەوها دەئاڵێنێت، تەمەنی بەرەو کۆتایی دەچێت و بەتایبەتی سەرۆکی پەرلەمانەکە کە لەڕووی مەعنەوییەوە شکستیخواردووە و ئەمە وەک هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەنجامەکان لێدانەوەی بۆ دەکرێت.

کۆمیسیۆن لە ڕێگەی سەرۆکەکەیەوە ئەو بڕیارەی پەرلەمان ڕەتدەکاتەوە و بە هۆکارێکی دەزانێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆییش، هاوکات کۆمیسیۆن ئەو بڕیارەی پەرلەمان وەک مەترسییەک و کودەتایەک دەبینێت بۆ سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەمەبەستی گۆڕینی ئەنجامەکان.

دیارە ئەو هۆشدارییەی کۆمیسیۆن دەکرێت وەک هەڵوێستی سەدرییەکانیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە سەدر یەکەمی هەڵبژاردنەکانە و پێشتریش درکی بەو مەترسییانە کردبوو، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکان، بەتایبەتی گۆڕانکاری لە ڕێژەی دەنگەکانی هاوپەیمانیی سائیروون، لە بەغدا ئاڵۆزی زۆر و شەڕی میلیشیایی ڕووبدات، ئەمە ڕوونە سەدرییەکان ڕازی نین بەوەی دەنگەکانیان دەستکاری بکرێت و هەر بڕیارێکی لەمجۆرەش بە هەوڵ بۆ دەستکاریکردنی ئەنجامەکان دەزانن.

کەوایە لە ئەگەری سەرگرتنی ئەو بڕیارەی پەرلەمان، عێراق بەتایبەتی بەغدا، خۆی لەناو ئاڵۆزییەکی زۆردا دەبینێتەوە، ئەمەیش لەکاتێکدایە کە پێش هەڵبژاردن خودی نووری مالیکی هۆشداری شەڕی ئەهلی دابوو، بەڵام ئەمجارە پێچەوانە بووەتەوە، ئەنجامەکانی ئێستا بە دڵی نووری مالیکی نەبوون، بۆیە مالیکی دەیەوێت ئاڵۆزی لە عێراقدا دروست بێت، بۆ ئەوەی ئیش بەو ئەنجامانە نەکرێت و هەوڵی گوشار دروستکردن دەدات بۆ ئەوەی بکرێت بە سەرۆکوەزیران، هاوکات حەیدەر عەبادیش بەجۆرێک لە جۆرەکان، دەیەوێت خۆی لە موقتەدا سەدر نزیک بکاتەوە و نووری مالیکیش بەوە تەنگەتاو بووە، بەڵام وێنە گەورەکە شتێکی دیکەمان پێدەڵێت، عێراق بەرەو ئاڵۆزییەکی دیکە دەچێت و ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی دەستکاریکردنی دەنگەکانەوە شەڕی گرووپەکان یان ئاڵۆزی دروست بێت، بەتایبەتیش گرووپەکەی سەدر ڕابردوویان هەیە لەوەی هێرش بکەنە سەر پەرلەمان و دامەزراوەکانی دەوڵەت، بۆیە هەر دەستکاریکردنێکی دەنگەکان بەئامانجی گۆڕینی ئەنجامەکان، ناڕەزاییەکی توندی سەدرییەکانی لێدەکەوێتەوە بەجۆرێک بەغدا لەبری پێکهێنانی حکوومەت، دووچاری ئاڵۆزی دەبێت و ئەمەش لە زیانی خەڵک و پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەوێتەوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٢٢ لە چوارشەممە ٢٠١٨/٥/٣٠

پاراستنی سەقامگیری.. ڕۆحی گەشەکردنی وڵات

وڵاتانی دونیا لە بودجەی سالانەیاندا، زۆرترین پارە بە ئاشکرا و بە نهێنی، بۆ پاراستنی وڵات و سەقامگیری بەشێوە گشتییەکەی تەرخان دەکەن، بەوپێیەی ئارامی یاخود سەقامگیری بە ڕۆحی هەر وڵاتک دادەندرێت کە دواتر کاریگەری بەسەر کۆی سێکتەرەکانی دیکەشەوە دەبێت، ئەگەر وڵات ئارام نەبێت و هێزە توندڕۆکانیش ئینجا ئایینی، کۆمەڵایەتی یان سیاسی بن، بیانەوێت وەک هێزێکی هەڕەشەیی بەسەر پەیکەری وڵاتدا زاڵبن، ئەو هەڕەشانە تەنیا لە بواریکدا ناوەستن و پەل بۆ کۆی سێکتەرەکانی دیکە دەهاوێن.

هەرێمی کوردستان هێشتا بەشێکە لە عێراقی خوێناوی، عێراقێک هیچ کەس نازانێت ئایندەی بەرەو چ جۆرە حوکمڕانێتییەک دەچێت، ڕۆژێک سوننە تێیدا بالادەستە، ڕۆژێکیش داعش خەلافەتی تێدا ڕادەگەیەنێت و ئێستاش سەرباری هەڕەشەی تیرۆری، هەڕەشەی هێزە مەزهەبییەکانیشی هاتووەتە سەر، بەوپێیەی ئەو هێزە خێڵەکی

و مەزهەبییانەی دەچنە هەڵبژاردنەوە، هەڵبژاردن وەک ڕەگەزێکی گرنگی دیموکراسی وەرناگرن بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بەڵکوو بۆ شاردنەوەی ڕووخساری ناشیرینی خۆیانی بەکاردەهێنن و کاتێکیش دەدۆڕێن یان دەنگی کەم دەهێنن، هەوڵی دروستکردنی ئاڵۆزی دەدەن.

سەرباری هەموو ئەو ناکۆکی و هەڕەشە تیرۆریستییانەی لە عێراقدا هەن، هەرێمی کوردستان، چونکی عەقڵێکی گەورەی بواری سەقامگیری لەپشتەوەیە، نموونەی ئارامترین شوێنگەی عێراقە و بگرە لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکەیشدا نموونەیەکی گەشاوەی سەقامگیرییە کە جێگەی ئومێدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بۆیە زۆرترین ئاوارەی هەڵاتووی شەڕەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئەو وڵاتانەی لەڕووی ئاساییشەوە سەقامگیرن، هەردەم لەچاو ئەوانەی ئاڵۆزییان تێدایە گەشەسەندووترن، پێش هەر شتێک، ئارامی و پاراستنی وڵات، لە سەرووی هەموو شتێکەوە دێت، تۆ هەر بیر لە دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی بکەوە، بەڵام کاتێک ئارامی نەبوو و هێزە تیرۆریستییەکان هەڕەشەبوون، ئەوکات ناتوانیت وەبەرهێنانی تێدا بکەیت، چونکە ئارامی ڕۆحی هەر پڕۆژەیەکی گەورەیە، ئەمەش عەقڵی گەورەی دەوێت، دەی تۆ هەر بڵێ من پارە پەیدا دەکەم و وڵات دەکەمە ناوەندێکی بازرگانی و ئاڵۆگوڕیی کاڵاکان، بەڵام ئەگەر وڵات ئارام نەبوو، هیچ کەس ڕووت تێناکات، چونکە سەرمایەدارەکان بەوە ناسراون ترسنۆکن، ناچنە ئەو شوێنانەی ئارامیان تێدا نەبێت،

لەوەدا هەقی خۆیانە کە پارە و سەرمایەی خۆیان نەخەنە مەترسییەوە.

هەرێمی کوردستان ئێستا نەوت هەناردە دەکات و بووە بە ژمارەیەکی بەهێزی هەناردەی نەوت، بەڵام پێویستە بپرسین، ئەرێ کەس بیری لەوە کردووەتەوە، هۆکاری ئەو بوون بە ژمارەییەی نەوتییە، پەیوەندی بەو عەقڵەوە هەیە کە لەپشت ئارامی هەرێمی کوردستانەوەیە؟

هەڵبەت زۆرینە باسی بەرژەوەندیی وڵاتان و کۆمپانیاکانیان کردووە، بەڵام زۆر بە کەمی بیریان بۆ ئەوە چووە ئەگەر هەرێمی کوردستان لەڕووی ئەمنییەوە پارێزراو نەبووایە و هەڕەشەی تیرۆریستانی لەسەر بووایە، هیچ کات کۆمپانیا گەورەکانی لە نموونەی ڕووسنەفت ئامادە نەدەبوون پارە و سەرمایەی خۆیان بهێننە کوردستانەوە، ئەگەر چارەنووسی ڕوون نەبێت، هەر تەقاندنەوەیەکی بۆڕییەکان، زیانی گەورە بەو کۆمپانیایانە دەگەیەنێت، هەم هەناردەی نەوت دەوەستێت و هەمیش تێچووی چاککردنەوەکە زۆر دەکەوێت. کەوایە ئارامی و پاراستنی وڵات، ڕۆحی هەر پێشکەوتنێکن لە وڵاتدا و ئەگەر سەقامگیریی گشتی نەبێت، ئەوکات کۆی سێکتەرەکانی دیکە پەکیان دەکەوێت.

بە پاڵشتیی هێزە نەیارە دەرەکییەکان، حیزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستانیش زۆرترین هەوڵیاندا بۆ ئەوەی ئارامی کوردستان بشێوێنن، بە دیاریکراوی گرووپی ئیسلامیی سیاسی، بەوپێیەی گەشەی خۆیان لە ئاڵۆزییدا دەبینەوە، ئینجا باکیان بەوە نییە، وڵات چی لێت و چارەنووسی چۆن دەبێت! لای ئەوان گرنگ گەیشتنە بە دەسەڵات.

کاتێک هێزێکی وەک داعش دێتە مووسڵەوە، دەزانێت ڕووبەڕووی شەڕ دەبێتەوە و شارەکەش لە ئەنجامدا کاول دەبێت، بەڵام ئەو باکی بەوە نییە، تەنیا دەیەوێت خەلافەتی تێدا ڕابگەیەنێت، ئاخر ئەگەر ئەمنییەت بەهێز بووایە، چۆن تاقمێکی سەد کەسی چەکداری داعش، دەتوانن دەستبەسەر شارێکی وەک مووسڵدا بگرن؟! هەڵبەت بۆشاییی ئەمنی هۆکاری کەوتنی شارەکە بوو، دواتریش بەهۆی ئەو بۆشاییە ئەمنییەوە سوپای عێراقیش هەڵات.

ئەوانەی هەرێمی کوردستانیش زۆر بەجیدی ئیشیان لەسەر شێواندنی شەقام کرد بۆ ئەوەی بۆشاییی ئەمنی دروست ببێت و خەڵکیان دنەدا بەمەبەستی ڕووخاندنی ئەزموونی کوردستان، ئەمەیش چ بە پرۆپاگەندە و چ بەئامانجگرتنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام چونکی عەقڵێکی گەورەی پاراستنی کوردستان، لەپشت ئاراماییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و درک بەو مەترسییانە دەکات، ئەو هێزانە نەیانتوانی و ناتوانن ئارامی کوردستان بشێوێنن، ڕاستە هەندێکجار جۆرێک نائارامی دێتە کایەوە، بەڵام سەرئەنجام پەیکەری هەرێمی کوردستان دەپارێزرێت و ئەمەیش خاڵی بەهێزی مانەوەی هەرێمی کوردستانە لە عێراقێکدا کە تژییە بە توندوتیژی و نائارامیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی.

پاراستنی سەقامگیریی کوردستان هۆکاری گەشەسەندنی هەرێمی کوردستانە لە هەموو ڕوویکەوە، بەوپێیەی هەر نائاراماییەک کاریگەریی قووڵ لەسەر کۆی سێکتەرەکانی دیکە دروست دەکات، بەوەدا دەردەکەوێت سەمامگیری ڕۆحی هەر وڵاتێک و هۆکاری گەشەکردنی بەردەوامە.

ماڵپەڕی باسنیوز: ٢٠١٨/٦/٨

شازدەی ئۆکتۆبەر

لە خیانەتی سیاسییەوە بۆ زیانێکی گەورەی ئابووری

لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، زۆرترین قسە لەسەر دەرهاویشتەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر کراوە، هەر یەک بە دید و تێڕوانینی سیاسیی خۆیەوە شیکردنەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە و دەکرێت وەک ڕەخنەیەکیش ئاڕاستەی میدیا و چاودێرانی سیاسی بکرێت، ئەوەیە لە یەک ڕەهەندەوە سەیری ئەم ڕووداوە کراوە، ئەویش ڕەهەندی سیاسییە، لەکاتێکدا ١٦ی ئۆکتۆبەر چەندە زیانی سیاسی هەبووە کە بەهۆیەوە پێگەی سیاسی و سەربازی هەرێمی کوردستانی لە بەرانبەر بەغدا لاواز کرد، هاوکات لەڕووی ئابووریشەوە هێندە زیانی هەبووە، بگرە برینە ئابوورییەکانی دەکرێت لە ڕەهەندێکەوە زیاتریش بووبن، وەک لە زیانە سیاسییەکەی یان بە دیوێکی دیکە، وەکچۆن زیانی گەورەی سیاسی هەبووە، ئاوا زیانی گەورەی ئابووریشی هەبووە، بەوەی زۆرترین بیر و کێڵگە نەوتییەکان کەوتنە دەست حکوومەتی عێراق و ئەمەیش هەم زیانی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان هەبووە، هەمیش

لەڕووی ئابووریيەوە حکوومەتی عێراقی سوودی لێوەرگرت، بەوەی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی ئۆکتۆبەر، بەرهەمی دەهێنان، ئێستا حکوومەتی عێراق سەرپەرشتییان دەکات و هیچ داهاتێکی ئەو نەوتە کوردییە بۆ خەزێنەی هەرێمی کوردستان ڕەوانە ناکرێت و بەپێچەوانەوە سوودی بۆ بەهێزبوونی گرووپەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکان بەگشتی هەبووە، لەکاتێکدا ئەو گرووپانە کارتی گوشار و هەڕەشەن بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان.

ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر

ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ڕووداوێک لەپڕێکدا لەلایەن گرووپێکی کوردی ناو حیزبێکی باڵادەست،(یەکێتی) دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە ڕێککەوتی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەڕێوەچوو، ئەو گرووپە کوردییە بەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و بە پاڵپشتیی سوپای پاسدارانی ئێران، بەبێ تەقە و بەرگریکردن شاری کەرکووک و خورماتوو و چەند ناوچەیەکی دیکەی سنووری ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقییان ڕادەستی سوپا و میلیشیاکانی شیعە کرد.

ئەو ڕووداوە، واتە ١٦ی ئۆکتۆبەر چەندین زیانی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، بەهۆیەوە پێگەی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر حکوومەتی عێراقدا لاواز بوو، بەوەی ئەو گرووپە کوردییە بۆ

شکستپێهێنانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە خودی بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکرد، هەڵسان بەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ سوپا و حەشدی شەعبی بۆ شکستپێهێنانی پڕۆژەی ڕیفراندۆم، تەنیا لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی پارتی سەرپەرشتیی ڕیفراندۆمی کرد، ئەمەیش دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بە تەواوی لە حکوومەتی عێراق بێئومێد بوو لەوەی عێراق نەیدەویست کێشەی کورد لە ڕێگەی دەستوورەوە چارەسەر بکات، بۆیە هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی بە تاکە دەرچەی ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان لەو هەموو ستەم و پێشێلکارییانەی دەسەڵاتی شیعەی عێراق بە پاڵپشتیی ئێران دەزانی، بەڵام هەرزوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرژەوەندیی فراوانییان لەگەڵ عێراقدا، لایەنداری حکوومەتی عێراقیان کرد و داوای دواخستنی ئەو پرۆسە گرنگەیان لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێنێک یان گەرەنتییەکی فەرمی بە هەرێمی کوردستان بدەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام هەرێمی کوردستان سووربوونی خۆی لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دووپات دەکردەوە تا دواجار خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و زیاتر لە ٩٣%ی خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) دەنگیان بە جیابوونەوە لە عێراقدا.

زیانە سیاسییەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و هەڵسانەوەی کورد

١٦ی ئۆکتۆبەر، جگە لەوەی کەوتنی شارێکی وەک کەرکووکی لێکەوتەوە، هاوکات بووە هۆی لووتبەرزی حکوومەتی عێراق بەرانبەر هەرێمی کوردستان، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ئەو گرووپەی ئەنجامدەری ڕووداوە خیانەتکارییەکە بوون، تۆمەتی ئەوەیاندایە پاڵ سەرکردایەتیی سیاسیی پارتییەوە، گوایە ڕیفراندۆمی ئەنجامداوە، ئەمەیش لەکاتێکدابوو زیاتر لە شازدە حیزب و لایەنی سیاسی بەشداربوون لە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، بەڵام دواتر لەلایەن حکوومەتی عێراق و ئەو گرووپە کوردییەوە ڕیفراندۆم وەک بیانووێک بەکار هێندرا بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان، بەئامانجی لاوازکردنی پێگەی پارتی، ئەگینا لە زاکیرەی حکوومەتی عێراقدا، هەمیشە هێرشکردنە سەر کەرکووک لەئارادابووە، یەک بەڵگەی زیندووش شەڕی حەویجە بە ئەنقەست دواخرا تا حکوومەتی عێراق بە بیانووی شەڕکردن لە دژی داعشدا، زۆرترین هێزەکانی هێنایە نزیکی کەرکووکەوە، بەڵام هێشتا جورئەتی ئەوەی نەبوو، هێرش بکاتە سەر پێشمەرگە تا ئەوکاتەی عێراق توانی بە پاڵپشتی ئەو گرووپە کوردییە کە ڕێگەیان بۆ حەشدی شەعبی و سوپای عێراق چۆڵ کرد و سوپا و حەشد بە ئاسانی دەستیان بەسەر کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکەی جێناکۆکدا گرت و زۆرترین سووکایەتیش بە ڕەمزەکانی کورد لەو ناوچە کوردییانە کرا، ئەمە جگە لەوەی خەڵکێکی زۆریش ئاوارەبوون و کوژران و ماڵی خەڵکی سڤیلی کورد تاڵان و سووتێندران، ئێستاش

ئەو ناوچانە دووبارە لەبەردەم هەڕەشەیەکی ڕژدی بەعەرەبکردن و بە شیعەکردندان.

ڕاستە ڕووداوەکە لە چەند ڕۆژی سەرەتاییدا بووە هۆی لووتبەرزی سوپا و حەشدی شەعبی، بەتایبەتی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق، چونکە بەبێ تەقە و بەرگریی هێزی پێشمەرگە، حەشد و سوپا هاتنە ناو کەرکووک و چەند ناوچەیەکی دیکە، هەر ئەوکات کۆسرەت ڕەسوولّ عەلی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا هۆکاری کەوتنی شارەکەی دایە پاڵ گرووپێکی ناو یەکێتی و بە کاڵفامی لەقەڵەمدان! بەڵام کاتێک سوپا و حەشد لە پردێ ڕووبەڕووی ئیرادەی بەرگریی پێشمەرگە و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پارتی دەبنەوە، ئەو لووتبەرزییەی سوپا و حەشد تێکشکێندرا و بووە هۆی ئەوەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق نەختێک هەڵوەستە لە بەرانبەر لووتبەرزییەکەی خۆی بکات و پاشەکشەی نەرمی دەستپێکرد لە هێرشکردنە سەر پێشمەرگە لە سنووری کەرکووک، ئەگەرچی لە سنووری سحێلا و مەحموودیە دیسانەوە خۆی تاقیکردەوە و دووبارە شکایەوە، ئینجا بۆی دەرکەوت، ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو گرووپە کوردییەدا بۆی چووەسەر، لە دوای پردێ و سحێلاوە بۆی ناچێتە سەر و بەوە کەمێک لە هەڕەشەی سەربازی پاشەکشەی کرد، بەڵام هێشتا نییەتی شەڕکردنی مابوو، چونکە بەرگریی پێشمەرگە لە پردێ بووە هۆی ئەوەی عێراق نەتوانێت پڕۆژەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەتەواوەتی جێبەجێ بکات، بەوپێپەی ئامانجی سەرەکیی ئۆکتۆبەر هەوڵێریش بوو تا لە

هەوڵێرەوە قەوارەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان نەهێڵن، بەڵام پێشمەرگە بە توندی شەڕی کرد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دوای ئەوەی پێشمەرگە بەرگری کرد و هەرێمی کوردستانیش بۆ دوورخستنەوەی شەڕ، ئەنجامی ڕیفراندۆمی سڕ کرد، ئینجا داوای دیالۆگییان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوورەوە، بەڵام ئێستاش عێراق چاوپۆشی لە مافی گەلی کوردستان دەکات و ئەوەی لە دەستووردا هاتووە، نایەوێت جێبەجێیان بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورەوە هەیە کە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە، بەوپێیەی دەبێت ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێنەوە و دواتر سەرژمێرییان تێدا ئەنجام بدرێت و پاشانیش لە ڕیفراندۆمێکدا ڕای خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە وەربگیرێت، ئایا دەیانەوێت سەر بە حکوومەتی عێراقی بن یان دەیانەوێت بچنە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عێراق دڵنیایە لەوەی ئەو ناوچانە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن و لە هەڵبژاردنەکانیش دەرکەوتووە هەمیشە هێزە کوردییەکان زۆرترین دەنگ دەهێنن.

زیانەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ڕەهەندی ئابووریییەوە

یەکێک لەو بۆشاییانەی لە ڕەخنەی چاودێرانی سیاسی و میدیایی و نووسەراندا بەدی دەکرێت، زۆربەیان لە یەک ڕەهەندەوە لە خیانەتی

١٦ی ئۆکتۆبەر دەڕوانن، ئەویش ڕەهەندی سیاسییە کە بەهۆیەوە کەرکووک کەوت و پێگەی هەرێمی کوردستانیش لاواز بوو، ئەگەرچی دواتر بەهۆی گەمە دیپلۆماسییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێگەی هەرێم لەچاو ڕۆژی ئۆکتۆبەردا ئێستاکە بەرزبووەتەوە و هەرێمی کوردستانیش بووەتەوە ناوەندێکی سیاسی و شاندی بیانی و عێراقی سەردانی دەکەنەوە، بەڵام بە دیقەتدان لە زیانە ئابووریییەکانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، دەبینین هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکدا کە خۆی لە قەیرانی دارایییدایە و پێویستی بە پارە هەیە بۆ ئەوەی بژێویی خەڵک باشتر بکات و پڕۆژەکانیش ببووژێنێتەوە، بەڵام ڕووداوی خیانەتی ئۆکتۆبەر ڕوو دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرترین بیر و کێڵگەی نەوتی سنووری کەرکووک و ماددەی ١٤٠ دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و دووبارە ئەو داهاتەی نەوتە لەبری ئەوەی خزمەتی گەلانی عێراقی پێ بکرێت، بەپێچەوانەوە دەخرێتە خزمەت ململانێ و بەهێزکردنی گرووپە چەکدارە مەزهەبییەکان.

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆلۆ کە ئەویش پشتی بە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دۆر بەستووە سەبارەت بە کەمبوونەوەی داهات و ئاستی وەبەرهێنانی نەوتی کوردستان لە دوای ئۆکتۆبەرەوە کە بەهۆی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە بەراورد بە پێنج مانگی ساڵی ٢٠١٧ و لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردووی ساڵی ٢٠١٨، هەرێمی کوردستان زیانێکی یەکجار زۆری لە داهات و هەناردەکردنی نەوت پێگەیشتووە، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی دۆر کە زانیاری لەسەر نەوتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی

١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە سەدا ٤٤ی کۆی بەرهەمە نەوتییەکانی لەدەستداوە.

دیارە ئەم ڕێژەیەش بۆ هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە، بەتایبەتی ئێستا کە نرخی نەوت بەرزبووەتەوە و ئەگەر ئەو سەدا چل و چوارەی نەوتەش لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بووایە، ئێستا شتێک بەناوی پاشەکەوتی موچە نەدەما و دووبارە پڕۆژەکانیش دەکەوتنەوە کار و بەگشتی جووڵە دەکەوتەوە هەرێمی کوردستان و بژێویی خەڵکیش بەرەو باشتربوون دەڕۆیشت.

ئێوە دیقەت بدەن، لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا، یەکڕاست ئۆکتۆبەر ڕوو دەدات، دەکرێت ئەو گومانە ببەین کە ئۆکتۆبەر چەند ڕەهەندێکی سیاسی هەبووە، هێندەش ئابووری، بەوە حکوومەتی عێراق داهاتی خۆی بەرزکردەوە و لە بەرانبەریشدا هی هەرێمی کوردستان کەمی کرد، ئەمە ژمارەیە قسە دەکات نەک سۆز و عاتیفە. ئۆکتۆبەر بووە هۆی لەدەستدانی زۆرترین کێڵگەی نەوتی کە بەگوێرەی ڕێکخراوی دۆر بەهۆی ئۆکتۆبەرەوە هەرێمی کوردستان ٥٠٠ بیرە نەوتی لەدەستداوە، بەڕاستی ئەمە بۆ ئابووریی هەرێمی کوردستان زیانێکی یەکجار زۆرە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هیچ کەس لێپرسینەوە لەو گرووپە کوردییە ناکات کە بوونە هۆی ئەوەی کوردستان ئەو هەموو داهاتە لەدەست بدات، بگرە ئەو گرووپە زۆر جار موزایەدە بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە دەکەن، بەوەی نەیتوانیوە کێشەی موچە چارەسەر بکات، کەچی کەس نییە

پێیان بڵێت، ئێوەش هۆکاری سەرەکین لەوەی هێشتا کێشەی مووچە و بودجەی کوردستان چارەسەر نەبووە.

لەکاتێکدا ئەو گرووپە، ناوچە نەوتییەکان ڕادەستی حەشد دەکەن، نەوت ڕووی لە بەرزبوونەوە بوو، ئێستاش دیارە ئەگەر ئەو ٥٠٠ بیرە نەوتە لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بووان، بێشک شتێک بەناوی پاشەکەوتی مووچە و کەمی پرۆژەی خزمەتگوزاری نەدەما.

کەوایە ڕووداوی شازدەی ئۆکتۆبەر چەندە خیانەتێکە بەرانبەر خاک و پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، هێندەش خیانەتێکە لە ڕەهەندی ئابووریییەوە زیانی گەورەی بە هەرێمی کوردستان گەیاندووە و بەهۆیەوە دیسانەوە خەڵکی کوردستان دووچاری کێشەی دارایی بوونەوە، بەوەی زۆر چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتیان کرد و کاتێکیش بەرز دەبێتەوە گرووپی ئۆکتۆبەر ئەو بیرە نەوتییانە ڕادەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکەن و بەمەیش هەنارەدە کەم دەکات، هەر کەمکردنێکیش لە هەنارەدە کەمبوونەوەی داهاتی بەدوا دادێت، لەکاتێکدا پێشمەرگە بە خوێنی خۆی بەرگری لەو کێڵگە نەوتییانە کرد و لە چەتەکانی داعشی پاراستن، ئەگینا هەموویان لەلایەن داعشەوە یان نەوتەکانیان تالّان دەکرا یان بیرەکان دەتەقێندرانەوە، بەڵام ئەوەتا خیانەتی ئۆکتۆبەر بە ئاسانی ئەو ماندووبوون و قوربانیدانەی پێشمەرگەی خستە خزمەتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بەهۆیەوە داهاتی ئەو گرووپە میلیشیایە و حکوومەتی عێراقی بەرزبووەوە و لە بەرانبەریشدا زیانی گەورە بەر خەڵکی کوردستان کەوت.

ڕێکخراوی دۆر ژمارەیەکی مەترسیداری کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی لە دوای ئۆکتۆبەرەوە خستووەتەڕوو، بەتایبەتی بە هۆی لەدەستدانی هەردوو کێڵگەی نەوتی بای حەسەن و هاڤانە و بەمجۆرە باسی ئەو کەمبوونەوەیەی کردووە: هەناردەی نەوتی کوردستان لە ماوەی پێنج مانگی ساڵی ٢٠١٧ بەراورد بە پێنج مانگی ساڵی ٢٠١٨، کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە کە ئاستی هەناردەی نەوتی کوردستان لە ٨٢ ملیۆن بەرمیلی ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٤٥ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٨ دابەزیوە، ئەمەش بە مانای کەمبوونەوەیەکی زۆر دێت لە هەناردەی نەوتدا، بەمەش کاریگەرییەکی قوڵ کەوتووەتە سەر بەرهەمهێنان و داهاتی نەوتی کوردستان بەگشتی، لەکاتێکدا کوردستان زیاتر لە عێراق پێویستی بە پارە هەیە، بەوپێیەی عێراق شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان وەک پێویست نادات و حکوومەتی کوردستانیش ناتوانێت قەرزی دەرەکی بکات، بەهۆی ئەوەی هێشتا هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و دەبێت لە ڕێگەی حکوومەتی عێراقەوە قەرز وەربگرێت و حکوومەتیش عێراقیش هیچ بڕە پارەیەک لەو قەرزانەی دەیانکات، ناداتە هەرێمی کوردستان.

شازدەی ئۆکتۆبەر وەکچۆن زیانێکی گەورەی لە پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دا، ئاواش ئاستی خیانەتەکە بۆ سەر کەرتی نەوت و داهاتی کوردستانیش هەڕەشەیەکی گەورە بوو، بەڵام چونکی ئیرادەیەکی سیاسی هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەو زیانانەی ئۆکتۆبەر، ئیدی خەریکە پێگەی کوردستان لەچاو مانگەکانی سەرەتای ئۆکتۆبەردا بەهێزتر دەبێتەوە. هیچ میللەتێک بە شکستێک کۆتایی نایەت،

بەتایبەتی ئەو شکستانەی لە ئەنجامی خیانەتی گرووپە ناوخۆییەکانەوە دێنەدی، ئەوەی ئۆکتۆبەریش چونکە خیانەتێکی گرووپێکی ناوخۆیی بوو، تەنانەت عەرەبەکانیش هێندە پێی دڵخۆش نین، لەبەر ئەوەی هەست دەکەن خۆیان هۆکاری سەرکەوتن نەبوون، بەوپێیەی شارەکە لەلایەن ئەو گرووپە کوردییەوە بە کۆی کێڵگە نەوتییەکانەوە ڕادەستی سوپا و حەشدی شەعبی کرا، ئەگینا سوپا و حەشدی شەعبی لەو قۆناغدا ئەو جورئەتیان نەبوو هێرش بکەنە سەر کوردستان و پێشمەرگە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٣٠ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٨/٦/١١

هەوڵی بەهەڕێمکردنی پارێزگەی کەرکووك

دۆخی ئێستای کەرکووک لە بەرژەوەندیی کورد بەگشتی و بەتایبەتی دانیشتووانە کوردەکە نییە، بەوپێیەی لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە، بە هەموو جۆرێک لەڕووی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەوە لەلایەن گرووپە سیاسی و میلیشیاییەکانی عێراق، هەوڵی جیدی دەدرێت تاکو ناسنامەی شارەکە بسڕدرێتەوە، واتە ئاماژەکانی کوردستانییبوونی کەرکووک تەواو بە عەرەبی بکرێت. ئەمە جگە لەوەی کۆی ئەو هەڕەشانەی لەسەر پارێزگەکە هەن، بەهۆیانەوە ڕاستەوخۆ هاوواڵاتییانی کورد کراونەتە ئامانج و گومانیش دەکرێت دەستێکی عێراقی لەپشتەوە بێت بۆ دەرکردنی کورد لە ناوچەکە. واتە دەکرێت ئەو گرووپە چەکدارانەی ئێستاکە پشێوی دروست دەکەن و خەڵکی دەکوژن و دەڕفێنن، هەر لە بنەڕەتدا بەشێکیان داعش نەبن، بەڵام لە بەرگی داعشدا چالاکی دژە کورد ئەنجام بدەن، هەر بۆیە عێراق خۆی لە ئیدارەدانی هاوبەشی کوردی و عێراقی دەدزێتەوە بگرە زیاتر گوشار دروست دەکات بۆ دەرپەڕاندنی کورد لە شارەکە و سنوورەکانی دیکەی پارێزگەکە.

پرسی کەرکووک، پرسێکی ئاڵۆزە، شارێک خەریکە لەژێر سایەی ئەو دۆخە ئەمنی و سیاسییەدا دەتوێتەوە و ناسنامەکەی لەژێر هەڕەشەی گۆڕینی مەبەستدار دایە، بۆیە پێویستە کورد هەوڵی جیدی بدات بۆ بەرگرتن لەو هەڕەشانە و باشترین کارێکیش لەبەردەم کورد بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک داواکردنی بەهەرێمبوونی پارێزگەی کەرکووکە، ئەویش لە ڕێگەی گوشار و یاداشت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دانیشتن لەگەڵ لایەنی عێراقیدا، بەتایبەتی کە دەستووری عێراق ڕێگە بە دروستبوونی هەرێمی دیکە دەدات لەنێو عێراقدا، هەڵبەت ئەویش بەگوێرەی کۆمەڵێک مەرج کە دەکرێت بە ڕێککەوتنی سیاسی ئەو مەرجانەش بڕوێندرێن، مادام لە عێراق هەرێم بوونی هەیە، لەبەر ئەوەشە کورد کە زۆرینەی کەرکووکە، دەتوانێت بۆ قۆناغی ئێستا داوای بەهەرێمبوونی پارێزگەکە بکات، ئەگینا هەر گەڕانەوەیەکی لەم هەلومەرجەی ئێستا، ئەگەری لە دەستچوونی شارەکە دەکرێت بۆ کاتێکی نادیار، کاتێک کە کەس نازانێت کەیە و لە عێراقێکدا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێت لەڕووی چەک و تانک و ئابووریییەوە!

لەبەر ئەوەش ئێستا دۆخی کەرکووک لەبارە بۆ ئەوەی کورد داوای بەهەرێمبوونی پارێزگەکە بکات، بە گەڕانەوە بۆ ناو ئیدارەی هاوبەش و لە دۆخێکی لەمجۆرەی ئێستاشدا، هیچ پێشکەوتنێک لە دۆخی کورد ڕووندات، بەوپێیەی تۆی کورد دەگەڕێتەوە ژێر سایەی تانک و واقیعی میلیتاریییەت کە ئەمەش بۆ کورد زیانی زیاترە تاکو قازانج، هەرچەندە لایەنی بەغدا ئەوەشیان قبوڵ نییە، بەڵام خۆ پارێزگەکەش تەژییە لە کورد و ناکرێت هەوڵێریش ئەو داگیرکارییە قبووڵی بکات،

خۆ ئێستا چەند لایەنێکی کوردی لە کەرکووکدان، بەڵام پێویستە بپرسین چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ هەڵبەت ناتوانن گەنجێکی کورد لە چنگ حەشدی شەعبی ڕزگار بکەن، ئەمە واتە داننان بەو واقیعە خراپەی لەسەر پارێزگەکەدا دروستکراوە، ئەسڵەن بۆ کورد شوورەییە لە پارێزگەیەدا بێت کە بە شوناس هی خۆیەتی، بەڵام نەتوانێت بەرگری لە دوو گەنجی کورد بکات، نەتوانێت هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی دوو میلیشیای حەشد ڕابگرێت، تەنانەت بۆی نەبێت چەک لە بارەگەکەی خۆشی دابنێت، ئەمانە بۆ پێگەی کورد خراپن و بەردەوامی پێدانیشی چاوشکێنی زیاتری کوردی لێدەکەوێتەوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە واقیعی کەرکووک تێدەگات، بەڵام بەرژەوەندیی عێراقییان دەوێت، کەچی هێشتا دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک، لایەنی کوردی داوای بەهەرێمبوون بکاتە مەرجی دانیشتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک، بەهەرێمبوونیش مانای لەدەستدان نییە و بگرە دەبێتە ئەزموونێکی دیکەی کوردی لە عێراقدا لە تەک هەرێمی کوردستاندا، بەوپێیەی زۆرینەی کەرکووک کوردن و هەر ئەمەشە ترسی عێراق، ئەمە لەکاتێکدایە کورد داوای جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل دەکات کە بەهۆی ئەو ماددەیەوە خەڵکی پارێزگەکە دەنگ دەدەن لەسەر هەڵبژاردەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبن، یان لەگەڵ عێراقدا، بۆیە عێراق خۆی لەوە دەدزێتەوە، چونکە زۆرینەی دانیشتوانەکە کوردن، بەڵام لە بەهەرێمبووندا ئەو ترسە بۆ عێراق کەمترە، چونکە جیابوونەوە و هاتنەپاڵ هەرێمیش نییە، بەڵکوو هەرێمێکی دیکەیە لە تەک هەرێمی کوردستاندا لەنێو عێراقی فیدراڵ و لە چوارچێوەی

دەستووردا، بەڵام کاتێک کەرکووک دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوکات هەرێم بەهێزتر دەبێت و بۆیەش عێراق دەترسێت.

دەکرێت کورد فێڵ لە عێراق بکات، بڵێ بۆ ئەوەی کێشەی نێوانمان چارەسەر بێت، واتە شارەکە نە بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و نە عێراق، پێویستە بکرێتە هەرێمێکی دەستووری، بەڵام بیرمان نەچێت هەرێمەکە زیاتر کوردی دەبێت، تا عەرەبی و تورکمانی، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و ئەوەی دیکەش بەسەر پێکهاتەی عەرەب و تورکمان دابەشبوونە، لێرەدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێگەی تورکیاوە تورکمانەکان بگرێت، هەر هیچ نەبێت بە پێدانی پۆست لە هەرێمی کوردستان بە تورکمانەکان، بەمە کاریگەری لەسەر تورکمانەکانی هەرێمی کەرکووکیش دەبێت، ئەمە جگە لەوەی بەڵێن بە تورکمانەکان بدرێت کە ڕەچاوی زۆر شتی ئەوان دەکرێت، واتە دەبنە نەتەوەی دووەم، نەک سێیەم، هەڵبەت هەموو ئەوانە پڕۆسەیەکی نهێنی دەبن تا کاتی پراکتیک، ئەوکات خاڵە باشەکانی دەردەکەوێت و پێموایە تورکیا بە هەنگاوی بەهەرێمبوونی کەرکووک ڕازی دەبێت، چونکە تورکمانەکان لایەنێکی دیاری هەرێمەکە دەبن، بەڵام ئێستا لە تەک عەرەب و کورد بزربوونە، تەنیا لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە عێراق بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دەهێنێت، تا ئەوکاتەی ئیشی پێیان نامێنێت، ئینجا پەراوێزیان دەخات و ئەمەش خاڵێکی دیکەیە کە گرنگە کورد تورکمانەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە.

بەگشتی دۆخی ئێستای کەرکووک لە بەرژەوەندیی کورد نییە، چەندی نائارامیش بێت، هێندەی دیکە عێراق شارەکە بە سەربازی زیاتر توند دەکات، کەوایە داوای بەهەڕێمبوونی کەرکووک باشترین بژاردەیە بۆ قۆناغی ئێستا و ڕەنگە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە پێشوازی لێ بکرێت، چونکە هەم پارێزگەکە بە عێراقی دەمێنێتەوە، هەمیش کورد هەست بە جۆرێک سەربەخۆیی دەکات لە ئیدارەی هەرێمی کەرکووکدا، هاوکات کێشەی نێوانی هەولێر و بەغداش کەمتر دەبێتەوە، بۆیە ئەمە بژاردەیەکی فریاگوزاری باشە بۆ دۆخی ئێستای کەرکووک.

هەڵبەت ئەو داوایەش لەلایەن عێراقەوە بە ئاسانی هەزم ناکرێت، بەڵام وەک گوتمان خۆ کوردیش زۆرینەی پارێزگەکەن و دەکرێت هەرێمی کوردستانیش بۆ قۆناغی ئێستا ئەو شەڕە دەستوورییە بکات.

ماڵپەڕی باسنیوز/ ٢٠١٨/٦/٣٠

بەشێکی داهاتی نەوت بۆ لۆبیی کوردی

نەوت لێرەدا بە مانای داهات بەکارهێندراوە، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان جگە لە داهاتی نەوت، هیچی دیکەی نییە، واتە بەهۆی داهاتی نەوتەوە دەژیەت، دیارە نەوتیش وەک یەکەیەکی بەهێزبوونی ئابووریی وڵات، ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی پاڵپشتیی جیهانیدا هەیە، لە ڕێگەی لۆبی دروستکردنەوە، هەرچەندی دەوڵەمەند بیت، هێندەی دیکە دەتوانیت کار بکەیت بۆ تێگەیاندنی دونیای دەرەوە، سەبارەت بە کێشەکانی کورد لە ناوچەکەدا، هەڵبەت ئەمەش پارەی دەوێت.

نەوت وەکچۆن ڕۆڵێکی گرنگی بۆ ژیانکردنی کۆمەڵگە و بژێویی خەڵک و گەشەسەندنی کۆی سێکتەرە خزمەتگوزاری و ئیدارییەکانی وڵات هەیە، لە ڕەهەندێکی دیکەیشەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی لۆبیی کوردی لە وڵاتانی زلهێزی بڕیار بەدەست دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە کێشەی کوردەوە هەیە یان ئاشنایەتییان لەگەڵ کورددا وەک نەتەوەیەکی ستەمدیدە هەیە،

دروستکردنی لۆبیش پارەیەکی زۆری دەوێت، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە پارە تێیاندا قیمەتی کەمترە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان، چونکە ژیانی ئەوان جیاوازی هەیە و زۆرترین پارە دەخرێتە بازاڕەکانەوە و دەستی کار زۆرە، بەوپێیەی وڵاتگەلێکی بەهێزن لەڕووی ئابووریییەوە، بۆیە دەکرێت لەپێناوی پێشخستنی پرسی کورد لە وڵاتان و دروستکردنی ڕایگشتی لە بەرژەوەندیی کورد، هەرێمی کوردستان بەشێک لەو داهاتە نەوتییەی لە بواری دروستکردنی لۆبیدا بەگەڕبخات.

لۆبییەکی بەهێزی کوردی، کاریگەریی زۆری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانەوە دەبێت، وەکچۆن لۆبیی ئیسرائیلی، کاریگەری بەسەر ڕایگشتیی ئەمەریکادا هەبووە و بەشێکی زۆری هۆکاری گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش لە تەلئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم، بۆ بەهێزی لۆبیی ئیسرائیلی دەگەڕێتەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، بەپێچەوانەوە لە پرسی ڕیفراندۆمدا دەرکەوت کورد لۆبی نییە، کەمترین کەس پشتگیریی ڕیفراندۆمیان کرد، بەپێچەوانەوە زۆرینە لەگەڵ دواخستنی بوون، ئەمەیش وەک ئاماژەیەک کە کورد لۆبی نییە و لە ئەگەری بوونی لۆبیشدا ئازارەکانی گەلی کورد هێندە نەدەبوون کە بەهۆی ئۆکتۆبەرەوە بەر جەستەی گەلێک کەوت.

دروستکردنی لۆبی زەحمەتە و لە هەمانکاتیشدا ئاسانە، چونکە بە پارە دەکرێت، دەی سەیری هاوکێشەکە دەکەین، ئێمە نەوتمان هەیە و خاوەنی داهاتی خۆمانین، تەنانەت ئەگەر کەمیش بێت، بەڵام هەمانە، گرنگە و دەکرێت لە داهاتی نەوتدا بەشێکی بۆ دروستکردنی لۆبی بەکار بهێنین، ئەوەیە ئاسانەکە، ڕاستە کاریگەری لەسەر ژیانی

خەڵکی دەبێت، بەڵام لە سیاسەتدا دەوڵەت وەک دامەزراوە گرنگترە لە بەشێکی کۆمەڵگە، چونکە دەوڵەت خۆی هی کۆمەڵگەیە و کۆمەڵگەش هی دەوڵەت، واتە نە دەوڵەت بەبێ گەل و نە گەلیش بەبێ دەوڵەت دەتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، ئەگەر کورد دەوڵەتی دەبوو، ئەوکات حەشدی شەعبی جورئەتی هێرشکردنە سەر کوردی نەدەبوو، بەڵام ئەوە دەردی بێ دەوڵەتییە.

هەرچەندی پارەی نەوت بۆ لۆبییەکی ڕاستەقینە بڕوات، هێشتا کەمە، دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان پێویستی بە جووڵەیەکی تازەی دیپلۆماسی هەیە و دەکرێت لە ڕێگەی لۆبییەوە ڕایگشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دیاریکراوی ئەمەریکا و بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا بە بەرژەوەندیی کورددا ئاڕاستە بکرێت، ئەمەیش پارەی دەوێت، چونکە سیاسەت ئێستا وەک بزنسی لێهاتووە، تۆ پارە مەدە، کەس ئامادە نییە پشتگیریت بکات، ئەگەر دەمچەورکردن نەبێت، سیاسییەکی بەریتانیایی یان ئەمەریکایی لە پەرلەمان و کۆنگرێس، پشتگیری لە پرسی کورد ناکەن، ئێ تۆی کوردیش لە قۆناغی ئێستادا کە چل ملیۆن کەس زیاتریت، پێویستت بەوەیە بەرگریت لێ بکرێت و شتێک بە شتێک بکەیت، ناکرێت تا سەر بەو حاڵەوە بمێنیتەوە و هەر ڕۆژەی پارچەیەکی جەستەی نیشتمانت بکەوێتە ژێر تانک و زرێپۆشی وڵاتێکی داگیرکەری دراوسێوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردیت و خاکت بەسەریاندا دابەش کراوە.

بۆیە پێویستە پارە خەرج بکەیت، ڕۆژێ تا ئێوارە بڵێ، مافی دەوڵەتم هەیە و گەلێکی ستەمدیدە و ئەنفالکراوم و هەڵەبجەم بەسەردا هاتووە، ئەمانە هیچ سوودییان نییە، دونیای ئێستا بەرژەوەندیی

دراوە، ململانێیە لەسەر پارە، بۆ ئەوەی پشتگیریت بکرێت وەک نەتەوەیەک، بۆ ئەوەی هەڵەبجە و ئەنفالت باس بکرێت، بۆ ئەوەی بەرگری لە نەتەوە و مافەکانت بکرێت، پێویستە پارە خەرج بکەیت، ئەگینا سوودی نییە و دۆخی ئێستات بەردەوامی دەبێت و ڕەنگە ئازاردانی گەلی کورد زیاتریش ببێت لە سایەی دەوڵەتانی داگیرکاری ناوچەیی کە جگە لە خۆیان ئامادە نین چاویان کەسی دیکە ببینێت.

بۆ ئەوەی تۆش هەبیت، بۆ ئەوەی سنوور و سەروەرییت پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی وەک کورد مامەڵەت لە تەکدا بکەن، دەبێت بەشێکی پارەی نەوت یان هەر خودی نەوتەکە بدەیتە ئەوانەی دەتوانن بەرگریت لێ بکەن، لە کاتی بوون بە دەوڵەتیشدا، دەتوانیت قەرەبووی هەموو شت بکەیتەوە، ئەمە هاوکێشەی سیاسییە و ئەنجامەکانی ڕوونن.

لە پرسی ڕیفراندۆمدا دەرکەوت کە دونیا چاوی نییە و گوێی نییە، بارزانی ئەوکات زۆری هاوار کرد کە کورد گەلێکە ستەمی دیوە و پێویستە بە دروستکردنی دەوڵەت لە مەترسییەکان پارێزراو بێت، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوێیان نەگرت، چونکە ئێمە لۆبیمان بەهێز نەبوو، پاڵپشتیمان لەناو کۆنگرێس و ئیدارەی ترەمپدا لاواز بوو، بەریتانیامان فەرامۆش کرد و بە تەنیا پشتمان بە ئازارەکانی گەلەکەمان بەست، بەڵام ئەوان گوێیان بە هیچ ئازارێکی کورد نەدا و لە سایەی بێدەنگیاندا دووچاری ئازارێکی دیکەش بووینەوە.

بەڵێ، دەرکەوت لۆبیمان هەبووایە، ئازارەکانمانی گەورەتر و مافەکانیشمانی زیاتر نیشان دەدا، لۆبیش بە پارە و ماندووبوون

دروست دەکرێت، دەی کەوایە هێشتا درەنگ نییە و دەتوانین کار بۆ دروستکردنی لۆبییەکی بەهێز و ڕاستەقینە بکەین، مادام نەوت و پارە هەیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش سیاسییەکانی وەک بزنس مامەڵە دەکەن، چەندی پارەی زیاتریان بدەیتێ، زیاتر پاڵپشتیت دەکەن.

ماڵپەڕی باسنیوز: ٢٠١٨/٧/٧

کورد بچێتە نێو چ جۆرە هاوپەیمانێتییەکەوە؟

ئێستا عێراق بەبێ پەرلەمانە و حکوومەتی کاربەڕێکەریش بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی، کەمتر لە مانگێکی لەپێشدا ماوە و کۆمیسیۆنیش سەرقاڵی ژماردنەوەی دەستیی دەنگەکانە لە چەند ناوچەیەکی عێراقدا، بەشێوەی سنووردار، ڕەنگیشە ئەم هەنگاوەی کۆمیسیۆن گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ئەنجامەکان نەکات، بەڵام هەر خۆی مانای کێشەیەکی ئاڵۆز لە عێراقدا دەگەیەنێت، بەوپێیەی تاوەکو ئێستا پەرلەمانی تازە دانەنیشتووە و هێزە براوەکان هەر یەکەیان بە بیانوێکەوە چاویان لە پۆستی سەرۆکوەزیرانە و ڕۆژێک نێوانیان خۆشە و ڕۆژی دوایی مۆڕە لە یەکدی دەکەن.

چەند هەفتەیەک پێش ئێستا، هاوپەیمانێتیی فەتح و هاوپەیمانێتیی سائیروون، بە خەندەی سیاسییەوە چوونە پاڵ یەکدی و ئێستاش دەگوترێت نێوانی فەتحی هادی عامری و سائیروونی موقتەدا سەدر خۆش نییە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستاش لە چوارچێوەی یەک هاوپەیمانێتیدان کە لە دوای هەڵبژاردنەوە ڕایانگەیاندووە، بەڵام ئەوە مەرج نییە بۆ هاوهەڵوێستی ڕاستەقینەی نێوانییان، هەرکە بەرژەوەندیی لایەک گۆڕانی بەسەرداهات، هەموو شتێکی نێوانیان هەڵدەوەشێتەوە! ئەوە عێراقە و دەکرێت لە هەر ساتەوەختێکی چاوەڕواننەکراودا شتی سەیر سەیر لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا

ڕوو بدات و بە هۆیەوە ئاڵۆزی بکەوێتە نێوان هێزەکانەوە، لەبەر ئەوەی هیچ هێزێکی عێراقی عەرەبی بە شیعە و سوننەوە سەربەخۆ نین و هێندەی وەلائیان بۆ هێزە دەرەکییەکان هەیە، کەمتر عێراقین.

دەی ئێستا عێراق لە دۆخێکدایە زۆر ڕوون نییە کام لایەنە دەتوانێت پۆستی سەرۆکوەزیران ببات، ئەگەرچی چاوەکان زیاتر فۆکەس دەخەنە سەر سائیروون، بەڵام ئەوەش هەروا ئاسان نییە، ئەوەی بڕیار دەدات کێ ببێتە سەرۆکوەزیران، ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتییەکی زۆرینەیە لە پەرلەماندا، نەک شتی دیکە، ئێستاش دروستکردنی ئەو هاوپەیمانێتییە ئاڵۆزە. دروستە ئێستا لەسەر شاشە نێوانی سائیروون و فەتح و نەسر وێنایەک نیشان دەدات، گوایە هاوپەیمانن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران ڕێک بکەون؟ هەڵبەت ئەمە مانای وایە هێشتا کێشەگەلی جەوهەری ماون بۆ ئەوەی ئەو هێزانە بتوانن لەسەر کەسێک بۆ ئەو پۆستە ڕێک بکەون، هەموو ئەمانەش هاوکاتن عێراق هەر خۆی تەژییە لە ململانێ و کێشەی مەزهەبی و سیاسی و تەنانەت بااڵدەستیی هۆزەکان و بە دروستکردنی حکوومەتیش چارەسەر نابن!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شاندی هاوپەیمانێتیی فەتح و لیستی دەوڵەتی یاسا، سەردانی هەولێریان کرد، ئەمەش لەکاتێکدایە پێشووتریش کۆی لایەنە براوەکانی عێراق، ئاماژەیان بەوە کردووە بەبێ کورد حکوومەت دروست ناکەن. دەکرێت ئەمە خاڵێکی باش بێت ئەگەر لە ناچاریشیان بێت، تەنانەت لەبەر هیچ نەبێت کورد خاوەنی نزیکەی شەست کورسییە و ئەگەر هاوپەیمانێتییەکی کوردی هەبووایە، لەسەر ئاستی هاوپەیمانێتییەکان کورد براوەی یەکەم

دەبوو، بەڵام لە بەختی کورد، ململانێ سیاسییەکان ئەمجۆرە دەرفەتانە لەدەست نەتەوەی کورد دەدەن.

ڕەنگە دوای شاندی فەتح و دەوڵەتی یاسا، هێزەکانی دیکەش بێنە هەولێر یان شاندی کوردستان بچێتە بەغدا، ئەمە ئەگەرێکی کراوەیە و گرنگە کورد بە زمانی لووسی ئەو هێزە عەرەبییانە تێنەکەوێت، پێویستە بە لای کوردەوە زۆر گرنگ نەبێت کە عامری یان عەبادی و مالیکی دەبنە سەرۆکوەزیران، ئەو کەسایەتییانە لە پەیوەست بە کورد یەک تێڕوانینیان هەیە و بە یەکەوەش لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا هێرشیان کردە سەر کوردستان، تەنانەت سەرایا سەلامی، گرووپەکەی موقتەدا سەدریش لەناو حەشدی شەعبی بوون لە کاتی هێرشی ئۆکتۆبەردا. کەوایە یەک دیدگەی سیاسییان بەرانبەر کورد هەیە.

بەشداریکردنی کورد لە هەر هاوپەیمانێتییەک پێویستی بە گەرەنتی مسۆگەرکردنی مافەکانی کوردەوە هەبێت، نەک بکەوێتە ژێر سۆز و عاتیفەی ئەم سیاسی و ئەو سەرکردەیەی عێراقییەوە، بەوپێیەی لە کاتی گەیشتن بە کورسیی سەرۆکوەزیران، هەموویان بەرانبەر کورد دەچنەوە ناو قاڵبی ڕاستەقینەی خۆیان و ڕەنگە زیاتر لە جاران دژایەتی کورد بکەنەوە، ئەمە ئەزموون سەلماندوویتی، هەروەها گرنگە کورد ئەمەیش لەبەرچاو بگرێت پێکەنین و قسەی باقوبریقی ئێستای سەرکردە و هاوپەیمانێتییە عەرەبییەکان بەرانبەر کورد، واقیعی نین و لە قۆناغی ڕاگوزەردان بۆ گەیشتن بە کورسیی سەرۆکایەتیی حکوومەت و دەکرێت دواتر خەندەکان ببنەوە چاوسوورکردنەوە و هاتنی شاندەکانیش بۆ هەولێر بە هێرشکردنە سەر کوردستان بگۆڕدرێن!

دەی هەموو ئەوانە ئەگەرن و ئێمەش تازە بە قۆناغی ئۆکتۆبەردا تێپەڕیوین، ئەگەرچی بە نیسبەت کوردەوە ئێستا و ڕۆژی ئۆکتۆبەر وەک یەک وان، هێشتا ناوچەکان داگیر کراون، بەڵام تێپەڕینەکە مەبەست لەوەیە هەڵبژاردن کراوە و لە قۆناغی پێکهێنانی حکوومەتی نوێداین، ئاساییە هەندێک لە گرژییەکان کەم ببنەوە، هەر هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا و بۆ ئێستای کوردیش باشترە خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنێت بە داواکردنی مافەکانی لە ڕێگەی دەستوورەوە.

کەوایە گرنگە کورد پێش ئەوەی چاوی لەسەر کەسەکان بێت بۆ چوونە ناو هەر هاوپەیمانێتییەکەوە، یانی سەرۆکوەزیرانی، پێویستە بیری لای ئەوە بێت کام هێزە دەتوانێت خواستی کورد بەدی بهێنێت، ئینجا گرنگ نییە، مالیکی یان عەبادی و عامری پۆستەکە وەردەگرن، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە خواستی کورد ڕەچاو بکرێت لە دروستکردنی هاوپەیمانێتیی بۆ پێکهێنانی کابینەدا، بەوپێیەی ئەو عەقڵییەتەی بەغدا بەرانبەر کورد، یەک عەقڵییەتن، ئەوەی لەسەر کوردە، دەبێت بە ئاگاداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ئەمەریکا بچێتە ناو حکوومەتەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دروستکردنی حکوومەتدا کورد بەگوێرەی یاسا و ڕێککەوتنەکان و بە ئاگاداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای مافەکانی بکات.

-ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٤٨ لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٨/٧/١٠

-مالپەڕی(KDP.info) لە ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٠

شۆڕشی برسییەکان دژی حکوومەتێکی مەزهەبی

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هەرزوو سەرەداوی ئالۆزی لە عێراقدا دەرکەوتن، بەوەی هێزەکان ئەنجامەکانیان ڕەتکردەوە و ئاماژەگەلێکیش بەو ئاراستەیەدا دەچوون کە هێزێک لە پشتی ئەو ئالۆزییانەوەیە، بیەوێت ڕێگری بکات لەوەی هاوپەیمانێتیی سائیروون کە موقتەدا سەدر سەرپەرشتی دەکات، حکوومەت دروست بکات، لەکاتێکدا کە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنیشە. ئێستاش ئاماژەگەلێکی دیکە هەن، موقتەدا سەدر زەحمەتە بتوانێت گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی ڕابگەیەنێت، هاوکات پاڵپشتیکردنی سەدریش لە خۆپیشاندانەکان ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی سەدر دەیەوێت خۆپیشاندانی بەسرە و پارێزگەکانی دیکەی باشووری عێراق، وەک کارتی سیاسی بەکار بهێنێت، بەوەی حکوومەتەکەی حەیدەر عەبادی، نەیتوانیوە خزمەتی خەڵک بکات و هێندەی سەرقاڵی ململانێی سیاسی و مەزهەبی بووە، نیو هێندە لە خەمی ژیان و ڕەوشی خزمەتگوزارییەکانی خەڵک نەبووە.

دۆخی عێراق سەقامگیر نییە و گوشارەکانیش بۆ سەر حکوومەتەکەی عەبادی لە پەرەسەندندان و وڵاتیش بەگشتی

لەبەردەم ڕەوشێکی دیکەی ناسەقامگیریی ناوخۆییدایە، هەتا پێکهێنانی حکوومەتیش دوابکەوێت، ئاڵۆزی زیاتر باڵ بەسەر عێراقدا دەگرێت و دۆخی دەروونی هاوواڵاتییانیش دووچاری نائومێدی زێتر دەبێت، بەهۆی ئەوەی حکوومەتی عێراق خۆی لە خەڵک بە خاوەن ناکات و ژیانی خەڵکیش بەگشتی بەرەو خراپی دەچێت و لە بەرانبەریشدا ململانێ سیاسی و مەزهەبییەکان، نەک هەر زێدەتر دەبن، بەڵکوو بە پارەی خەڵک، سپۆنسەریش دەکرێت، واتە ئێستا لەو بەغدایە بە پارەی خەڵک، هەوڵی دروستکردنی کێشەی مەزهەبی و سیاسی دەدرێت، بۆ تەسفیە حسابی سیاسی و مەزهەبی و تەنانەت گرووپە جیاوازەکانی ناو یەک مەزهەبیش سەرقاڵی دژایەتی یەکترین.

برسێتیی گەل، گەورەترین مەترسییە بۆ سەر سەقامگیری هەر وڵاتێک، بەوەی کاتێک گەل برسی دەبێت، هیچ ئینتیمایەکی بۆ وڵات نامێنێت و هەوڵ دەدات ناسەقامگیری دروست بکات، بە نییەتی گۆڕینی دۆخێک بە دۆخێکی دیکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا، زۆرجاریش ئەو دۆخەی دێتە گۆڕێ، ڕەنگە لە بەرژەوەندیشی نەکەوێتەوە، بەڵام چونکە پێشووتر بێزار بووە لەدەست ناعەدالەتی و برسێتی، هەر ئاڵۆزییەک بێتە پێشەوە، هاووڵاتی دەچێتە پاڵییەوە، وەک ئەوەی لە میسر و چەند وڵاتێکی عەرەبیش ڕوویدا کە دوای حوسینی موبارەکیش ژیانی میسرییەکان وەک خۆی مایەوە.

ئەو دۆخەی ئێستای عێراقیش بە جۆرێکە تازە دەسەڵات خەڵکی بیر دەکەوێتەوە، چونکە لێی هاتە سەر شەقام و بارەگەی حیزبەکان سووتێندران و چەند فڕۆکەخانەیەکیش ڕاگیران، دەتوانین بڵێین شۆڕشی برسییەکانە دژی حکوومەتێکی مەزهەبی، حکوومەتێک لەبری خزمەتکردنی خەڵک، سەرقاڵی شەڕی مەزهەبییە لە

پایەتەخێکی پڕ لە کێشەدا، ئەگەر ئەو دۆخە بەردەوام بێت، بۆی هەیە بەغدا بە تەواوی دووچاری ناسەقامیگیریی زیاتریش ببێتەوە کە دواتر کەس خۆی ناکاتە خاوەنی ناڕەزاییەکان و هێزە ئەمنییەکانیش ناتوانن بەر بە لێشاوی ناڕەزاییەکان بگرن، چونکە حکوومەت متمانەی هاوواڵاتییانی لەدەستداوە و ئەو دەموچاوانەی ئێستا شەڕیانە لەسەر دروستکردنی حکوومەت، تاقیکراونەتەوە کە ناتوانن خزمەتی خەڵک بکەن، بەتایبەتی هێزە مەزهەبی و سیاسییەکان خۆیان هۆکاری ئاڵۆزییەکانن و هەر لایەی بەرانبەرەکەی تۆمەتبار دەکات، هەموو ئەمانەش لەسەر حیسابی خەڵکی برسی دەکەوێتەوە و بۆیەش ئەگەری تەقینەوەیەکی ناڕەزایی فراوانتر هەیە کە برسێتیی خەڵک تەنگ بە ناعەدالەتی و دەسەڵاتی نابەرپرس هەڵبچنێت.

عێراق دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و زۆرترین داهاتی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دەست دەکەوێت، بەڵام ئەو داهاتە زۆرترینی بۆ ململانێی مەزهەبی و شەڕی چەکداری و کڕینی چەک و مشەخۆری گرووپەکان دەڕوات و لە بەرانبەریشدا دۆخی ژیانی هاوواڵاتیان بەرەو خراپی دەچێت و هیچ خزمەتگوزارییەک پێشکەشی خەڵک ناکرێت، بەجۆرێک حکوومەت و میللەت لە دوو دونیای جیاوازدان و ڕۆژ دوای ڕۆژیش کەلێنی نێوان گەل و حکوومەت، گەل و بەرپرسان، گەورەتر دەبێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٥٥١ لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٨/٧/١٥

عەبادی و سۆشیاڵمیدیا

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن، پازدە ساڵی ڕێکە، کاربەدەستانی بەغدا بانگەشەی دیموکراسی و مەدەنییەت و عێراقی نوێ و دەوڵەتی هاوواڵاتی و یاساسەروەری دەکەن، کەچی لە پاڵ ئەو بانگەشە فشۆڵانەدا، هەرچی ڕەفتاری خراپی هێزە مەزهەبییەکانی بەغدا هەن، لە بەرگی یاسا و سەروەریی دەوڵەتەوە، بە خەڵکی هەژار و برسی دەفرۆشرێنەوە، بەڵام لە کرۆکدا عێراقی ڕاستەقینە ئەو عێراقەی ئێستایە کە تاکەکانی تێیدا لە برسێتی و بێبەهابوونی شکۆی مرۆییانەوە دەڕژێنە سەر شەقام و لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی نەوتی و سامانی گرانبەهادا، داوای سادەترین مافی ژیان دەکەن.

لە نموونەی ئاو و کارەبا و هەلی کار، کەچی حکوومەتە فاشیلەکەی عەبادی لە ڕێگەی هێزە فشۆڵەکانییەوە، ئەو هێزانەی ساڵی ٢٠١٤، بە چەند کاتژمێرێک شارێکی وەک مووسڵ و ڕووبەرێکی فراوانی خاکی

عێراقییان بەدەست چەند سەد کەسێکی تیرۆریستەوەدا و چەکەکانیشیان فڕێدا، بەڵام ئێستا پەلاماری خەڵکی برسیی بێ ئاو و بێ کارەبا و بێکار و بێ چەک دەدەن، لەبری ئەوەی هەلیکاریان بۆ بڕەخسێندرێت و بەدەم داواکاری ڕەوایانەوە بچن، بە فیشەک و ئاوی گەرم و گازی فرمێسکڕێژ، وەڵامی ناڕەزاییەکانی شەقام دەدەنەوە، لەکاتێکدا خەڵکی عێراق ئاویان نییە بیخۆن و بۆ ئاویش هاتوونەتە سەر شەقام، کەچی هێزەکانی عەبادی، ئاو دەکەن بە دەموچاوی خەڵکدا بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران!

لە دونیای جیهانگیریی ئێستادا، تۆڕی ئینتەرنێت و بە تایبەت سۆشیاڵمیدیا بەگشتی، هۆکاری سەرەکین لەوەی خەڵک لە ڕێگەیانەوە دەنگی خۆیان بە دەسەڵات و هەتا دونیاش بگەیەنن، ئەو گرتە ڤیدیۆ و وێنە و نووسینانەی لە سۆشیاڵمیدیادا ڕاستەوخۆ بڵاو دەبنەوە، لە کەناڵەکانی میدیادا بڵاو نابنەوە، هەر ئەوەشە، ترسی گەورەی عەبادی لە سۆشیاڵمیدیا و لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو گەڕەی خۆپیشاندان و ناڕەزایی، سەرەتا لە بەسرە و دواتر لە شارەکانی باشووری عێراق، یەکەم کارێکی عەبادی، پێش ئەوەی بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکان بدات، سۆشیاڵمیدیا و لە هەندێک کاتیشدا، هێڵی ئینتەرنێتی داخست.

ئێستاش کە ئەم وتارەی تێدا دەنووسرێت، گەلانی عێراق، سەرجەم تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییان لەسەر کوژاوەتەوە و هیچ وادەیەکیش بۆ کردنەوەیان نییە، ڕەنگە نیو کاتژمێری دیکە یان چەند هەفتەیەکی دیکە بکرێنەوە، ئەمە خودی عەبادی دەیزانێت!

لە بەرانبەریشدا هیچ کەس ڕەخنەی لە عەبادی نەگرتووە، لەسەر ئەوەی نابێت و شیاو نییە بە ئارەزووی خۆی، یاری بە مافە دیموکراسی و ئازادییەکانی خەڵکەوە بکات، بەتایبەتی ئەو هێزە کوردییانەی کە پێشووتر لەسەر ڕووداوێکی سادە یان بانگکردنی چالاکوانێک بۆ بنکەیەکی پۆلیس، دەیان ڕەخنەیان لە حکوومەتی هەولێر دەگرت، کەچی ئێستاکە لە ئاست ئەو پێشێلکارییەی عەبادی بێدەنگن و نووزەیان لێوە نایەت، ئەمە هەم جێگەی پرسیارە و هەمیش سەرسووڕمانە!

لەکاتێکدا عەبادی بە ئارەزووی خۆی بەربووەتە گیانی خەڵک و لەولاوەش بێدەنگی کردوون و لە ڕێگەی داخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە دەیەوێت سەرکوتی خەڵک بکات، کەچی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بێدەنگن و سەرقاڵی دابەشکردنی پۆستەکانن.

داخستنی سۆشیاڵمیدیا و هێڵی ئینتەرنێت، لەلایەن حکوومەتی بەغداوە، ئاماژەیەکە بۆ هەبوونی بۆشایی گەورە لە نێوان خەڵک و حکوومەتەکەی عەبادیدا، بۆشاییەک تا دێت درزەکانی گەورەتر دەبن و ترسی عەبادیش زیاتر، ترسێک ناهێڵێت ئەو پیاوە بە ئاسانی دانیشێت و پشوویێک بدات، بەوپێیەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەوەی بۆی کرا لە دژی گەلانی عێراق و بەتایبەتی کورد، کردی، هێندەی بڕەوی بە مەزهەبگەرایی داوە، نیو هێندە خەڵکی بیر نەبووە، ئێستاش خەڵک ئەو شتانەی بەبیر دەهێننەوە، عەبادییەک لەبری ئەوەی خزمەتی خەڵکی عێراق بکات و ئاو و کارەبایان بۆ دابین

بکات، کە تازە وڵات لە شەڕی داعش ڕزگاری ببوو، خەڵکیش پێویستی بە پشوودان و خزمەتکردن هەبوو، بەڵام ئەو پیاوە لە ئۆکتۆبەردا شەڕی هەڵگیرساندەوە و هێرشی کردە سەر پێشمەرگە، هەر خۆی ئەو هێرشەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ئاماژەیەکی دیکەیە ئەو پیاوە ناتوانێت پیاوی خزمەتکردنی خەڵک و ئاوەدانیی وڵات و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان بێت، پیاوێک لە ئەنجامی ململانێی مەزهەبی و شەڕی بە وەکالەتی زلهێزەکان هاتبێتە سەر کورسیی دەسەڵاتەوە، هی ئەوە نییە بتوانێت سەرۆکی سەرجەم عێراقییەکان بێت و دادپەروەری هەبێت.

ئەو پارەیەی بۆ شەڕی مەزهەبی و ململانێی تایەفەگەری و خێڵگەرایی و حیزبایەتی خەرجی دەکات، بەسە بۆ ئەوەی گەلانی عێراق خواستە سەرەتاییەکانیان بەدی بێت، بەڵام چونکە ئیرادەی ڕاستەقینەی نییە بۆ ئەوەی سەرۆکێکی دادپەروەر بێت، بەمجۆرە خەڵک دژی دەوەستنەوە و ئەویش لە ترسان هانا بۆ داخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبات کە ئەو کارەشی دادی ئەو جۆرە دەسەڵاتە فاشیلەی نادات و سەرئەنجام بەرەی ناڕەزاییەکانیش لە دژی فراوانتر دەبن.

هەفتەنامەی وشە/ ژمارەی ٢٤٤ لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٨/٧/٢٥

کورد لە نێوان دوو تیمساحەکەدا

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن، تا ئێستا هیچ سیاسی و سەرکردەیەکی عێراقی، بە سوننە و شیعەیانەوە، جورئەتی ئەوەی نەداوەتە خۆی، لە هەرێمی کوردستان بۆ ئیستیفزازکردنی کورد، ڕێکلام بۆ لیست و حیزبەکەی لە کەمپینێکدا بکات، دەی حەیدەر عەبادی بەهۆی ئەوەی خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی، تەنیا بۆ شەرمەزارکردنی کورد، لە هەولێر و سلێمانی، لەپێشچاوی دایکانی شەهید و هەست و سۆزی بریندارکراوی بەرەی دژە شازدەی ئۆکتۆبەر، کەمپینی هەڵبژاردنی ساز کرد.

نووری مالیکی لە کاتی دەسەڵاتیدا، هێزی بەرەو کوردستان جووڵاند، بەڵام کاتێک بارزانی چووە پێشی و هەڕەشەی شەڕی کرد، مالیکی ڕێزی لە کورد گرت و وەک پیاو کشایەوە، بەڵام عەبادی هێزی جووڵاند و سوودی لە ناکۆکیی ناومااڵی کورد وەگرت و لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ نیوەی خاکی کوردستانی داگیر کردەوە، کاتێکیش

ویستی بێتە هەولێر، ڕووبەڕووی شەڕ بۆیەوە، دەشیزانی بە هێرشکردنی بۆ سەر هەولێر، ڕێک شارەکە دەبێتە کۆبانێیەکی دیکە و ئەوکات هەر خۆی تۆمەتبار دەکرێت و وەک تاوانباری جەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە دەیزانی بارزانی هەولێری بە ئاسانی ناداتێ، کاتێکیش دەگاتە لای پەرلەمان، خانوویێک و شەقامێکی ساغ لە شارەکەدا نەماون، ئیدی ئەو ترسە بوو عەبادی کشاندە دواوە.

نووری مالیکی گوشاری زۆری کرد بۆ ئەوەی کورد نەوت دەرنەهێنێت، بەڵام کورد دواجار نەوتی فرۆشت و ئەویش بێدەنگ بوو، کەچی عەبادی هەرچی سیاسی و دیپلۆمات هەبوو، هەموویانی بەکارهێنا بۆ ئەوەی تورکیا دژی کورد هانبدات تا نەوتەکەی لێ وەرنەگرێت، بەڵام ئەمەیشی بۆ نەچووە سەر، سەرباری ئەوەی خۆیشی بۆ دژایەتی کورد، چووە تورکیا.

مالیکی بودجەی بڕی، ئەمە ڕاستە، بەڵام عەبادی بەشێوەیەکی مەترسیدار دریژەی پێدا و سەرباری ئەوەش دەستی بۆ پشکی سەدا حەفدەکەش برد و تەنانەت پارەی جووتیارانی کوردیشی نەدا و گەورەترین شەڕی دەروونی دژ بە کورد بەرپا کرد، بۆ ئەوەی برسی بکات و لە ڕێگەی پارەوە سووکایەتی بە کورد بکات.

لە سەردەمی مالیکدا زۆرترین کورد لە سوپای عێراقدا بوون، چەند لیوایەکی کوردی سوپای عێراقیش لە سنووری هەولێر بوون، بەڵام عەبادی ئەو لیوایانەی لە کورد پاککردەوە، هەر دوو سەربازەی کوردیشی بردە ناوچەیەکی دوورەدەستی عەرەبی بۆ ئەوەی ڕیزی

سوپای عێراق جێبهێڵن، سەرئەنجام ئیستا لەو چەند لیوایە، تەنیا چەند ئەفسەر و سەربازێکی کورد ماون و ئەوانیش لە چاوەڕوانیی گواستنەوەدان بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق، بەمەیش کورد لەنێو سوپای عێراقدا نامێنێت یان زۆر کەم دەبێتەوە، سەرباری هەموو ئەوانە عەبادی دەیوست سەرباز و پۆلیسی عەرەب بێنێتە فڕۆکەخانە و سنوورەکانی کوردستانیش کۆنترۆڵ بکات.

لە سەردەمی مالیکدا کورد چەندین وەزیر و پۆستی هەستیاری لە عێراق هەبوو، بەڵام لە سەردەمی عەبادیدا وەزیری کۆچ و کۆچبەران و ڕۆشنبیری مانەوە، ئەویش یەکێکیان ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و ئەوی دیکەشیان نیو ئۆپۆزسیۆنی کوردی بوو، واتە هیچیان نوێنەری ڕاستەقینەی کورد نەبوون، کێ دەتوانێت پێنج لێدوانی وەزیرە کوردەکەی کۆچ و کۆچبەرانم بۆ بهێنێت داوای هاوکاری بۆ کوردستان بکات بۆ ئەو هەموو ئاوارەیەی بەهۆی شەڕەکانەوە هاتنە کوردستان!

ئێستا کورد لەبەردەم دوو کەسی خراپ و خراپتردایە، دەکرێت بڵێین دوو تیمساحن! هیچیان بۆ کورد باش نەبوونە و نابن، هەردووکیان خاوەنی یەک عەقڵییەتی خێڵەکی و مەزهەبین، بەڵام شێوازی جێبەجێکردن و هەنگاوەکانیان جیاوازە لە یەکدی، لە کردەوەدا عەبادی هەرچی بۆی کرا جێبەجێی کرد، کەچی مالیکی چاوپۆشی لە هەندێک شت کرد و هەندێک سزای کوردیشی دا، ئینجا ترس بێت یان هەرچییەکی تر، بەڵام زیاتر بە قسە دژی کورد بوو نەک وەک عەبادی بە هەموو شیوەیەک دژایەتی کورد بکات.

نە حەیدەر عەبادی و نە نووری مالیکیش لە ناوەڕۆکدا کەسیان فریشتە نین، هەردووکیان ویستوویانە تیمساح بن بۆ ئەوەی کورد قووت بدەن، بەڵام یەکێکیان کەمتر هەوڵی قووتدانی کوردی داوە، ئەوەیان باشترە لەوەی نیوەی جەستەی کوردی لە کەرکووک قووتداوە، مەگەر عەبادی بەڕاستی تیمساحێکی هێرشبەر نەبوو بۆ گیانکێشانی کورد! ڕاستە مالیکیش هەر تیمساح بوو، بەڵام کەمێک عاقڵتر بوو، وەک عەبادی هاروهاج و ددان تیژ نەبوو!

لێرەدا گرنگ کورد بتوانێت هەر بە خۆیان تۆڵە لە خۆیان بکاتەوە، واتە هەر بە ددانی خۆیان جەستەی خۆیان بریندار بکات، ئەمە باشترین سیاسەتی کوردی دەبێت ئەگەر بتوانێت بە مالیکی تۆڵە لە عەبادی بکاتەوە!

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٢٩١٧ لە ڕۆژی ٢٠١٨/٩/٥

دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار
لە نێوان پرۆتۆکۆڵی سیمبۆلی و منەتی هێزە عەرەبییەکاندا

لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و بەتایبەتیش لە دوای سێ خولی پەرلەمانی عێراق، بۆ یەکەمجار پارتی دیموکراتی کوردستان داوای پۆستی سەرۆککۆماری عێراقی کرد کە ئەو پۆستە سێ خول بوو لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و زۆرترین ڕەخنە و توانجیش لەسەر ئەو پۆستە هەبووە، بەوەی سەرۆککۆماری پێشوو، دکتۆر فوئاد مەعسووم، وەک پێویست دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆماری بەکارنەهێناوە، بەتایبەتی لە پرسی هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە لەسەر فەرمانی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق بە بیانووی ڕیفراندۆم و بە پاڵپشتیی گرووپێکی کوردی ئەنجام درا. لەکاتێکدا سەرۆککۆمار بەگوێرەی دەستووری عێراقی، مافی لێپرسینەوە و تەنانەت داوای متمانە کێشانەوەشی لە سەرۆکوەزیران هەبووە، بەڵام بێدەنگ بوو! دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی داوای ئەو پۆستەی کرد و یەکێتیش ئامادە نەبوو دوای سێ خولی پەرلەمانی،

پۆستەکە بدرێتە کاندیدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەیش وایکرد دووبارە زۆرترین قسە لەسەر پۆستەکە بکرێتەوە.
یەکێک لەو هۆیانەی کە پارتی داوای پۆستەکەی کرد، بیانووی ئەوەبوو، دەیگوت ئێمە وەک پارتی دەتوانین لە ڕێگەی دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمارەوە پێش بە هەندێک هەوڵی دوژمنکارانە بگرین و داوای هەندێک مافی کوردیش بکەین کە سەرۆککۆماری پێشوو ئیشی لەسەر نەکردوون و فەرامۆشی کردوون. ئەم قسانەش لەکاتێکدان سەرنجی زۆر لەسەر خودی پۆستەکە هەن، هەندێک دەڵێن دەسەڵاتی نییە و هەندێکیش دەڵێن سەرۆککۆمار چەند دەسەڵاتێکی هەن، ئەگەر بیەوێت جێبەجێیان بکات.
ئێستا کە ئەم وتارە دەنووسرێت، دەستووری عێراق لە پێشچاوی نووسەرە بۆ سوودوەرگرتن لە هەندێک ماددە و چەند بڕگەیەکی دەستووری کە دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆماریان دیاریکردووە، تا ئەم وتارە ڕەخنەیی و شیکردنەوەییە، تەنیا ڕەهەندێکی سیاسیی ڕووکەشانە وەرنەگرێت و تۆمەتی لایەنداری نەدرێتە پاڵ. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم و دەکرێت گەورەترین ڕەخنەش بێت و بەڕاشکاوی ئاڕاستەی دکتۆر فوئاد مەعسووم بکرێت، بەڕاستی ئەو پیاوە لەکاتی سەرۆکایەتییەکەیدا بەشی زۆری ئەو دەسەڵاتانەی هەیبووە، بەکاری نەهێناون، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ کورد گرنگ بوون، دەیتوانی سەرۆکوەزیران بانگی پەرلەمان بکات بۆ لێپرسینەوە و دەنگدان لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە لێی، بەتایبەتی لەکاتی ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق هێرشیکردە سەر کوردستان،

سەرۆککۆمار دەیتوانی ئەوە بکاتە نەریتێک ئەو سەرۆکوەزیرانەی بیەوێت هێرش بکاتە سەر کورد، ئەوا سەرۆککۆمار کە بەرکەوتەی کوردە، دەسەڵاتی هەیە داوا لە پەرلەمان بکات متمانە لە سەرۆکوەزیران وەربگرێتەوە، بەتایبەتی لە عێراقدا کە هیچ سەرۆکوەزیرانێک بێ کێشە نییە و هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە هێزەکان لە پەرلەمان هەوڵی لادانی بدەن یان دەسەڵاتەکانی سڕ بکەن، بەڵام ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەیان کاری دیکەی خراپ ڕوو دەدات، کەچی سەرۆککۆمار لێپرسینەوەی لە سەرۆکوەزیران نەکرد، ڕەنگە ئەمە هۆکاری سەرەکی بێت، لەوەی پارتی ئەمجارە داوای ئەو پۆستەی کرد، بۆیەش هێزە عێراقییەکان متمانەیان بە کاندیدی پارتی نەدا، ترسیان لەوە هەبوو کاندیدی پارتی کاتێک دەبێتە سەرۆککۆمار ئەو دەسەڵاتانەی هەیەتی، بەتایبەتی ئەوەی ئاماژەمان بۆی کرد، بەکار بهێنێت.

لە ماددەی ٦١ی دەستووری عێراقدا هاتووە: سەرۆککۆمار مافی ئەوەی هەیە داوایەک پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران بکات بۆ متمانە کێشانەوە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە دکتۆر فوئاد مەعسووم گەورەترین زیانی لە پێگەی سەرۆککۆماری عێراق داوە کە بەرکەوتەی کورد بووە، بەوەی لەکاتی قەیرانەکان و ئەو هەموو شەڕە دەروونی و چەکداریەی حەیدەر عەبادی لە دژی خەڵکی کوردستان وەک پێکهاتەیەکی عێراقی پەرپای کرد، بەتایبەتی بە بیانووی ڕیفراندۆم کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ گەورەترین هێرشی کردە سەر کوردستان و زۆرترین زیانی بە خاک گەلی کوردستان گەیاند کە بەهۆی ئەو

ڕووداوەوە زۆرترین هاوواڵاتیی کورد ناچارکران مالّوحاڵی خۆیان جێبهێڵن و دووبارە تەعریبکردن و بەشیعەکردنی ناوچە کوردییەکان دەستپێکردەوە، هاوکات هەرچی ڕەمز و شکۆی کوردیش هەبوون، خەریکە هەموویان لەو ناوچانە دەسڕدرێنەوە، کەچی سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق بێدەنگ بوو، چونکە گرووپێک لە حیزبەکەی خۆشی لەناو ئەو بازنەیەدابوون، بۆیە ئەم کەیسە گەورەیەی پشتگوێخست، تەنانەت نەیتوانی هێزێکی بچووکی خۆی ڕەوانەی ناوچە کێشەلەسەرەکان بکات، بەتایبەتی خورماتوو کە بە هۆی هێرش و پەلاماری گرووپە شیعە مەزهەبەکان و سوپای عێراق، لە دژی هاوواڵاتییانی سڤیلی کورد کە لەوێ مابوونەوە، بە بەرچاوی سەرۆککۆمارەوە دووچاری کوشتن و بریندارکردن بوونەوە و مالّوحاڵیانیش تاڵان کران و ئێستاش ئەو دۆخە بەردەوامی هەیە. کەچی سەرۆککۆمار هیچ داوایەکی ئاڕاستەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نەکرد بۆ متمانە کێشانەوە لە حەیدەر عەبادی یان لێپرسینەوە کە لە سایەی ئەودا ئەو مالّوێرانییە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە، کەچی زۆرترین شەڕیان لەسەر ئەوەبوو بۆ جاری چوارەمیش ئەو پۆستە ببەنەوە.

دەی ئێستا بردیان و گەلی کوردیش پێویستە چاودێری بکات و بزانین چۆنچۆنی ئەو ناوچانە ئاسایی دەکەنەوە؟! مەگەر ئیشوکاری سەرۆککۆمار چاودێری و جێبەجێکردنی دەستوور نییە! دەی خۆ کێشەی کەرکووک پێویستە لە ڕێگەی دەستوورەوە چارەسەر بکرێت. بزانین سەرۆککۆماری ئێستا دەتوانێت دۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان ئاسایی بکاتەوە و دواییش سەرژمێری و پاشانیش

ڕاپرسی؟ یەکێک لە گوتار و بیانووەکانی پارتی ئەوەبوو کاتێک داوای ئەو پۆستەی دەکرد.

ئەوە قسەی من نییە و بۆچوونی سیاسیش نییە، پەیوەندیشی بەوەوە نییە پۆستی سەرۆککۆمار بۆ کاندیدی پارتی نەبووە! بەڵام ماددە دەستوورییەکان ئامادەن کە سەرۆککۆماری عێراق لە ڕابردوودا گرنگترین و دیارترین دەسەڵاتی خۆی فەرامۆش کردووە کە بەگوێرەی قانوون ڕێگری لە پێشێلکارییەکانی حەیدەر عەبادی و هێزە میلیشیاکان نەکردووە، گەلی کورد نالێت دەبوو سەرۆککۆمار هێز بجوواڵێنێت و شەڕ لە دژی سەرۆکوەزیراندا بەرپا بکات، هەرگیز کەس ئەو داوایەی نەکردووە، بەڵکوو ڕەخنەی کورد و بەتایبەتی پارتییەکان ئەوەیە سەرۆککۆمار ئەو کەمە دەسەڵاتەشی کە هەیبووە، ئەویشی جێبەجێ نەکردووە، بۆیە پارتی ترسی لێنیشتوو و ئەمجارە داوای ئەو پۆستەی کرد بۆ ئەوەی جووڵەیەک بە دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار بدات ئەگەر لاوازیش بن.

ئەگەرچی نامەوێت ئەو وتارە ڕەخنەییە شیکردنەوەییە، بە ئاڕاستەی بۆچوونی سیاسی و لایەندارییدا بچێت، بەڵام خودی پرسەکە ئەوە دەخوازێت کە بەڕاستی پارتی مافی خۆیەتی ئەو ترسەی هەبێت، چونکە هێشتا گوتاری سەربەخۆییخوازی لای پارتی ئیشی لەسەر دەکرێت و بڕەوی هەیە، واتە ئامانجە، هاوکات ئەو کێشانەی هەشن، خەڵکی کوردستان زیاتر چاوی لەوەیە پارتی چارەسەریان بکات، بەوەی حیزبی یەکەمی کوردستانە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی لایە، کەوایە ئەوەی وایکرد پارتی داوای ئەو پۆستە بکات، هەم ترس و هەمیش هەوڵی ڕێگری بووە لەوەی دیسانەوە

هێرش بکرێتەوە سەر کوردستان، هاوکات هەوڵێکیش بووە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا باشتر بکرێت لەم قۆناغەی کە کوردستان بڕیاری گەڕانەوەی داوە بۆ بەغدا، ئەگەرچی جێی خۆیەتی ئەو ڕەخنەیە لە سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بگرین وەک پێویست ئەو دەسەڵاتەیان بە بیری سەرۆککۆمارە کوردەکە نەهێناوەتەوە کە وەک سەرۆککۆمار مافی ئەوەی هەیە ئەگەر بە ڕەمزییش بێت لێپرسینەوە بکات، هەروەها خودی سەرۆککۆماریش مەعقول نییە، ئەو دەسەڵاتەی خۆی درک پێ نەکردبێت!

کەوایە پێویست بوو سەرۆککۆماری عێراق بەوپێیەی بەرکەوتەی کورد، هەمیشە ئەو دەسەڵاتەی خۆی کە مافی داواکردنی متمانە وەرگرتنەوەیە لە سەرۆکوەزیران لە دژی حەیدەر عەبادی بەکاربهێنابووایە، ئەوکات کوردیش هێندە گلەیی لە دکتۆر فوئاد نەدەکرد، ئایا پەرلەمان متمانە لە عەبادی وەردەگرێتەوە یان لێی بێدەنگ دەبوون؟ ئەوە گرنگ بوو سەرۆککۆمار ئەوەی لە دەسەڵاتیدا بووە، بیکردبووایە، ئێستا کوردیش ئەو گلەیی و ڕەخنە زۆرەیان ئاڕاستە نەدەکرد، لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی هەبووە و دەیتوانی داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەران بکات بۆ لێپرسینەوە یان لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆکوەزیران، بەتایبەتی کاتێک ئەو ژینگەیە لەناو پەرلەمانی عێراقدا هەمیشە لەبارە بۆ لێپرسینەوە لە سەرۆکوەزیران، بەهۆی ئەوەی عێراق خۆی وڵاتێکی کێشەداڕە و پێکهاتەکانی لەناو خۆیاندا نێوانیان خۆش نییە و تەنانەت لەناو گرووپە مەزهەبییەکانیشدا کێشەگەلی قوڵ هەن، لە نموونەی کێشەی نێوان حەیدەر عەبادی و نووری مالیکی کە هەردووکیان لە حیزبی دەعوەی

ئیسلامین و هاوکات شیعەمەزهەبن، کەچی زۆرترین کێشە لەنێوانیاندا هەبووە، ئەمجارەش کە کاندیدێک لە دەرەوەی حیزبی دەعوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ڕاسپێردراوە، ڕەنگە بەشێکی هۆکارەکەی بۆ ناکۆکیی نێوان نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی بگەڕێتەوە. واتە ئەوە ئاشکرایە لەناو هەموو پێکهاتەکاندا خەڵکی ناڕازی هەن و ئەمەیش بۆ سەرۆککۆمار ئاسانکارییە ئەگەر بیەوێت کەیسێک لە دژی سەرۆکوەزیران بجوولێنێت.

سەرباری هەموو ئەو هۆکارانە و بوونی دەسەڵاتی دەستووریش، کەچی سەرۆککۆمارە کوردەکە بێدەنگ بوو، لەبەر ئەوەیە دەبێت ماف بە پارتی بدرێت داوای ئەو پۆستە بکات.

لە ماددەی ٧٣ی دەستووری عێراقدا سەرۆککۆمار هەندێک دەسەڵاتی دیکەشی هەن، بەڵام جیاوازن لەوەی پێشووتر باسمان کرد کە بۆ کورد گرنگ بوو، ئەگەر سەرۆککۆمار ئەو دەسەڵاتەی بەکاربهێنایە، بەڵام نەیکرد، بەگوێرەی ماددەی ٧٣ی دەستووری عێراق، سەرۆککۆمار دەتوانێت لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکوەزیران، لێبووردنی تایبەت دەربکات، تەنانەت ئەوەش کۆمەڵێک مەرجی بۆ دیاریکراوە کە پەیوەندییان بە تاوانی نێودەوڵەتی و گەندەڵیی داراییەوە هەیە، لێرەدا گرنگە ئەوە ڕوون بێت، ئەوە سەرۆکوەزیرانە داوا لە سەرۆککۆمار دەکات بۆ دەرکردنی لێبووردنی تایبەت، واتە لەوەشدا خودی سەرۆککۆمار دەسەڵاتی تەواوی نییە و زیاتر لەوە دەچێت ڕۆڵی جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکوەزیران ببینێت تا سەرۆککۆمارێک.

بۆ نموونە ئەگەر عادل عەبدولمەهدی، ببێتە سەرۆکوەزیران، بۆی هەیە گوشار لە بەرهەم سالّح بکات بۆ دەرکردنی لێبووردنی تایبەت، چونکە سەرۆکوەزیران ئەو ڕادەسپێرێت، نەک بەتەواوی مافی لێبووردنی تایبەت لە دەسەلّاتی سەرۆککۆماردا بێت، کەوایە لەو دەسەلّاتەدا سەرۆککۆمار ڕۆلّی جێبەجێکردنی فەرمان و کاروبارەکانی سەرۆکوەزیران دەبینێت، ئەمەش دەچێتە باری دەسەلّاتی سیمبۆلّییەوە.

لە هەمان ماددەی دەستووردا و لە بڕگەی دووەمدا هاتووە: پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی نوێنەران.

ئەمەش جۆرە دەسەلّاتێکی سیمبۆلّییە و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆشی لەگەلّ دەرکردنی لێبووردنە تایبەتییەکەدا نییە، لەوەشدا سەرۆککۆمار مافی ئەوەی نییە خۆی بە تەنیا بڕیار بدات و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، یانی پەرلەمانتاران بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدەن، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆککۆمار هیچ مافێکی نییە بەبێ ئەنجوومەنی نوێنەران و لە خۆیەوە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە واژوو بکات و پەسەندیان بکات، بەڵکوو ئەوە ئەنجوومەنی نوێنەرانە ئەو بڕیارانە دەدات، بەڵام لەبەر ئەتەکێتی نێودەوڵەتی، دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئینجا سەرۆککۆمار بەشێوەیەکی پرۆتۆکۆڵی پەسەندیان دەکات.

سەرۆککۆماریێک نەتوانێت پەیماننامەیەک واژوو بکات و بۆ هەر شتێک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران یان لای سەرۆکوەزیران، ئەمە مانای بێدەسەلّاتی دەگەیەنێت، خۆزگە

بەمجۆرە نەدەبوو، بەڵام ئەمە واقیعە و ئەم قسەیەش پەیوەندی بە ململانێی سیاسییەوە نییە، تەنیا بۆ ئەوەیە خوێنەری کورد قورسایی سەرۆککۆماری بۆ دەربکەوێت، نەک ئومێدی زۆری لەسەر هەڵچنێت و دواییش لەکاتی پێویستدا کە چاوەڕوانی شتی زۆر و کاری گەورەی لە سەرۆککۆمار هەیە، نائومێد ببێت!

هەر بە گوێرەی ئەو ماددەیەی بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆمار دیاریکراوە، هاتووشە: سەرۆککۆمار ئەو یاسایانە واژوو دەکات کە ئەنجوومەنی نوێنەران دەریان دەکات، ئەگەر هاتوو بڕیاریشی لەسەریان نەدا، ڕاستەوخۆ دوای ١٥ ڕۆژ دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوەوە، یانی ئەو دەسەڵاتەش تەنیا ڕەمزییە، ئەگەر واژووی بکات، جێبەجێ دەبێت، واژووشی نەکات، هەر جێبەجێ دەبێت. ئینجا خراپتر ئەوەیە ئەوەی سەرۆککۆمارە حیزب و لایەنی سیاسیی بەهێز پاڵپشتیی نەبن، یەکجاری دەسەڵاتەکانی دەبنە ڕەمزی.

لە شوێنێکی تردا سەرۆککۆمار دەتوانێت ئەنجوومەنی نوێنەران بانگهێشت بکات بۆ کۆبوونەوە، ئەمەش ناکاتە دەسەڵات، بۆی هەیە ڕێژەی یاسایی بۆ دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران، واتە پەرلەمان پەیدا نەبێت، کەوایە ئەمەش دەسەڵات نییە و ئەوەی بڕیار دەدات، ئەوە ئامادەبوونی پەرلەمانتارانە، نەک داوای سەرۆککۆمار، خۆ دەسەڵاتێکی دیکە بۆ سەرۆککۆمار دیاری نەکراوە تا بتوانێت بە هەر شێوەیەک کۆبوونەوە بکرێت!

لە بڕگەی پێنجەمی هەمان ماددەدا هاتووە: بەخشینی نیشانە و مەدالیا لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەگوێرەی

یاسا. لە بڕگەی یەکەمدا باسی لێبوردنی تایبەتمان کرد کە سەرۆککۆمار زیاتر ڕۆڵی جێبەجێکاریی فەرمانەکانی سەرۆکوەزیران دەبینێت تا سەرۆککۆمار، ڕێک لەم بڕگەیەشدا هەمان ڕۆڵ دەبینێت، واتە سەرۆکوەزیران بۆی هەیە گوشار بخاتە سەر سەرۆککۆمار بۆ ئەوەی مەدالیا ببەخشێتە فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی یان سوپای عێراق کە پەلاماری کەرکووکیاندا، واتە فەرماندەی ئەو هێرشە بوون لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ سەر کەرکووک و ناوچە کوردییەکانی دیکە، دەی سەرۆکوەزیران ئەگەر بۆ ئیستیفزازکردنی کوردیش بێت، ئەو مافەی هەیە بەپێی ڕاسپاردەی خۆی بڕیار بە سەرۆککۆمار دەربکات بۆ بەخشینی مەدالیا و نیشانە بە فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی کە هێرشکاری سەر کەرکووک بوون، لەکاتێکدا ئەمە ڕوونە هیچ کات سەرۆکوەزیرانی عێراق ئامادە نییە مەدالیا ببەخشێتە فەرماندەیەکی پێشمەرگە یان کوردێکی تێکۆشەر. کەوایە ئەم دەسەڵاتە ئەوەندەی دەچێتە ڕیزی ئیستیفزازکردنی کوردەوە، شتێکی دیکە نییە، بەگشتی ئەو بڕگەیە لە بەرژەوەندی ئەو میلیشیا و فەرماندانەی عێراقن کە سەرۆکوەزیران دەیەوێت مەدالیایان پێببەخشێت، ڕەنگە سەدان فەرماندەی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەلایەن دکتۆر فوئاد مەعسوومەوە ئەو جۆرە مەدالیایەیان پێببەخشرا بێت، هیچ گومانت لەوەش نەبێت بە فەرمانی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق، بەرهەم سالِحی سەرۆککۆماریش مەدالیا بە سەدان حەشد و میلیشیا دەبەخشێت! مەگەر لیستەکەی حەیدەر عەبادی ناوی نەسر نەبوو، نەسر بەو مانایەی بەسەر کورددا سەرکەوتوون لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا،

کەوایە ڕێگەی تێدەچێت کاک فوئاد مەعسووم مەدالیای دابێتە ئەو میلیشیایانەی حەشد کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا کەرکووکیان داگیر کرد! لە بڕگەی نۆیەمدا سەرۆککۆمار یەک ڕۆژ دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکانی هەیە، ئەو ڕۆژەش بەشێوەیەکی ڕەمزییە و لەکاتی ئاهەنگ و پرۆتۆکۆڵییەکان، ئەمەش لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە هێزە عێراقییەکان لە بۆنەیەکی سوپادا یان هەر شێوەیەکی دیکە ئاهەنگ دەگێڕن، ئەگەرچی لەم بڕگەیەدا ئاماژە بەوە کراوە سەرکردایەتیی باڵای هێزە چەکدارەکانە، بەڵام بەشێوەی پرۆتۆکۆڵی و بۆ ئاهەنگگێڕان، ئەمەش دوای کۆتاییهاتنی ئاهەنگەکە، ئەویش کۆتایی دێت، وەک ئەوەی لەکاتی خۆیدا دکتۆر فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری پێشووی عێراق، لەژێر گوشاری هەڕێمی کوردستاندا هەوڵیدا هەندێک سەرباز بباتە ناوچەی خورماتوو بۆ ڕێگری لە گرژییەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، بەڵام نەیتوانی، بەهۆی ئەوەی هێزە میلیشیاکان لە دژی ئەو هەوڵە وەستانەوە، هاوکات چەندین جار لە هەواڵەکاندا ئەوەمان بیستووە و خوێندووەتەوە کە چەندین جار پاسەوانەکانی سەرۆککۆماری پێشوو لەلایەن میلیشیا شیعەکانەوە دەستگیر دەکرێن و دکتۆر فوئادیش دەسەڵاتی ڕزگارکردنیانی نەبووە، ئەمانە بە بچووک نیشاندان نین و بگرە واقیعن و ئێستاش گرنگە بەبیری خەڵک بهێندرێنەوە کە حاڵی بەرهەم ساڵحیش لە دکتۆر فوئاد باشتر نابێت! هەر هیچ نەبێت پارتی کەموزۆر ڕێزی لە دکتۆر فوئاد دەگرت.

بەگشتی لە زۆر شوێنی دەستووردا ناوی سەرۆککۆمار دێت و هەندێک دەسەڵاتی بۆ دیاریکراون، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا

کۆمەڵێک بەربەستی یاسایی و مەرجی لەپێشدان، ئەمەش بۆ سەرۆککۆماریێک ئەگەر بیەوێت ڕۆڵەکانی خۆی ببینێت، خۆ ئەگەر هاتوو بێدەنگ بێت، وەک ئەوەی دکتۆر فوئاد بێدەنگ بوو، هیچ ڕۆڵێکی نابێت، بەتایبەتی ئێستا کە بەرهەم سالح ئەو پۆستەی وەرگرتووە، هەمیشە هێزە عەرەبییەکان منەتی بەسەردا دەکەن کە لەلایەن ئەوانەوە ئەو پۆستەی وەک خەڵات پێدراوە، چونکە هەموو کورد لەسەر ئەوە ڕازی نەبوون، سەرباری ئەوەی بەرکەوتەی کوردیش بوو، بەڵام عەرەبەکان دیاریان کرد بۆ ئەوەی لە ململانێ سیاسییەکاندا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری بهێنن، بۆیە هێندەی کاندیدی ئەوانە، لە کاندیدی کورد ناچێت! لەبەر ئەوەیشە عەرەب دەنگیان پێی دا تا لەکاتی پێویستدا ئەو کەمە دەسەڵاتەی هەیەتی، فەرامۆشی بکات و هیچ ڕۆڵێکی نەبێت، ئەوە ڕوونە هەمیشە بەرهەم سالح لەبەردەم ئەو ئەگەرەدایە عەرەبەکان پێی بڵێن، ئەگەر ئێمە نەبووینایە تۆ نەدەبوویتە سەرۆککۆماری عێراق! دیارە ئەمەیش کاریگەریی گەورەی لەسەر پێگەی سەرۆککۆمار دەبێت بەوەی وای لێدێت زیاتر ڕۆڵی کارمەندێکی ئاسایی میری ببینێت تا سەرۆککۆمار!

سەرنج: ئەم بابەتە بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوبووەتەوە.
بەشی یەکەم لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٨/١٠/٨
بەشی دووەم لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٨/١٠/٩

وەڵامێك بۆ وتاری هەوڵی ترازان و پێویستی سازان

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ژمارەی ٧٧٠١ ی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٨/١٠/٢٩ بابەتێکی بەناوی "هەوڵی ترازان و پێویستی سازان" بڵاوکردووەتەوە، ئەوەی ڕاستی بێت وتارەکە لە ئەتەکێتیی میدیاییدا جۆرێک بێویژدانی و هەوڵی ڕازیکردنی باڵێکی ناو یەکێتی پێوەدیارە، واتە پێش ئەوەی وتارێکی سەنگینی میدیایی بێت و ڕاستگۆیانە پرسگەلێکی سیاسیی هەنووکەیی لە پەیوەست بە کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، بە تاییەتی لەبارەی پرسی پۆستی سەرۆککۆمار و کێشەی کەرکووک بخاتەڕوو، بەپێچەوانەوە هەوڵی بەلاڕێدابردنی چەند پرسگەلێکی گرنگی ناو فەزای سیاسیی کوردستان و عێراقی کردووەتە ئامانج.

کوردستانی نوێ، بە ئەنقەست بێت یان لە نائاگاییەوە، زۆر جاری دیکەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وتار و شیکردنەوە و بۆچوونی نووسەرانەوە، ڕاستییەکانی شێواندووە بە جۆرێک کە پارتی پێ ئیستیفزاز بێت، بەشێکی هۆکارەکەشی بۆ زاڵبوونی ئەو باڵە

دەستڕۆیشتووەی ناو یەکێتی دەگەڕێتەوە کە کاریگەریان بەسەر خودی کوردستانی نوێدا هەیە، واتە ئەو ڕۆژنامەیە ئەوەندەی ئۆرگانی ئەو باڵە دەستڕۆیشتووەی ناو یەکێتییە، نیو هێندە ئۆرگانی یەکێتی نییە! ئەمەش بۆ خودی یەکێتی وەک حیزب باش نییە.

ئەگەرچی ئێمە لە ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژانە دەتوانین وەڵامی سەرجەم ئەو وتار و بۆچوونە ناڕاستگۆیانە بدەینەوە کە بەمەبەست یان لە نائاگاییەوە ئاڕاستەی پارتی دەکرێن، بەڵام خەبات وەک هەمیشە لەگەڵ دروستکردنی فەزای شەڕی میدیاییدا نییە، بەوپێیەی ئۆرگانی پارتییە و پارتیش حیزبێکە هەست بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەمنی دەکات، بۆیە هەرگیز لە ڕێگەی شەڕی میدیاییەوە نەیوستووە دۆخی کوردستان بشێوێنێت، چونکە ئەم دۆخە ناسەقامگیرە لە بەرژەوەندیی کوردستان نییە و سوودی بۆ نەیارانی کورد هەیە، ئەگینا زۆر شت هەن بۆ باسکردن. ئەم وتارەش هیچ پەیوەندییەکی بە خەباتەوە نییە، ڕەئی نووسەرە لەبارەی ئەو وتارەی لە کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە گوایە پارتی لە دوای پرسی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقەوە دەیەوێت کێشە بۆ یەکێتی دروست بکات لە دانانی پۆستی پارێزگاری کەرکووک لەلایەن یەکێتییەوە، هەروەها دەشڵێت، بەهۆی پۆستی سەرۆککۆمارەوە پارتی کوردی کردە دوو بەش لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە.

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧ وە پرسی دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک، بووەتە گەورەترین گرێی دەروونی و سیاسی لای باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی، هەر لە دوای ئۆکتۆبەریشەوە ئەو باڵەی یەکێتی بەردەوام داوای ئەو پۆستە دەکەنەوە، بەڵام حکوومەتی عێراق، نەک هەر نایانداتێ، بگرە گوێشیان بۆ ناگرێت، تەنانەت لەبری پێدانی پۆستەکە، گەورەترین بارەگەی یەکێتی دوازدە کڵاشینکۆفی بۆ داندراوە، ئەمەش وەک سووکایەتی بۆ یەکێتی سەیر دەکرێت!

ئەو برادەرانە زۆر سەیرن، نازانم تا ئێستا تێنەگەشتوون! یاخود نایانەوێت تێبگەن کە کەرکووک دوای ڕادەستکردنی بە حەشدی شەعبی، ئێستا بە هەموو پێوەرێک شارێکی داگیرکراوە! خۆزگە ئەو باڵە دەستڕۆیشتووەی ناو یەکێتی لەبری ئەوەی هێندە باسی پۆستی پارێزگەی کەرکووک بکەن، لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ بەغدا هەیانە، داوایان بکردایە نەختێک گوشاری بەعەرەبکردن و تاڵانکردنی مااڵی کوردان و هەڕەشەی حەشد لەسەر ناوچە کورددییەکان کەم بکرێتەوە، لە هەمووشی مەترسیدارتر، ئەوەیە هێشتا ئەو برادەرانەی یەکێتی نایانەوێت دان بەوەدا بنێن کەرکووک داگیر کراوە! بەپێچەوانەوە هەموو خەتاکە دەخەنە ئەستۆی پارتییەوە گوایە هاوکاریان نییە لە دانانی پارێزگاری کەرکووک لەسەر پشکی یەکێتی!

دیارە پارتی لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە پێش هەر شتێک داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەکات بە جۆرێک وەک قۆناغی پێش ئۆکتۆبەری لێ بێتەوە، واتە چوونە دەرێی حەشد و گەڕانەوەی

پارێزگارە کوردەکە و پێشمەرگە بۆ ناوچەکان و گەڕاندنەوەی هەموو ئاوارە کوردەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر، دیارە حکوومەتی عێراقیش ئەوەی ناوێت و بەردەوامە لەسەر قۆناغەکانی داگیرکردنی شارەکە لە چەندین ڕەهەندەوە.

لەو دۆخە داگیرکارییەدا چۆن دەتوانیت پارێزگار دابنێیت لەکاتێکدا ئەوان بە چەک وەڵام دەدەنەوە! نووسەر لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، ئاماژەی بەوە کردووە، گوایە پارتی لە ڕێگەی هەڵوێستەکانییەوە ویستوویەتی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بە ناجێگیری بهێڵێتەوە، هەروەها پێیوایە یەکێتی هەوڵی یەکڕیزیی نێو مالّی کوردی داوە بەتایبەتی لە بەغدا.

ڕاستە لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەرەوە پارتی پۆستی سەرۆککۆماری عێراقی بە گرنگزانی، نەک لەبەر ئەوەی ئەو پۆستە دەسەڵاتی زۆرە یان کەم، بەپێچەوانەوە یەکێک لە هۆکارەکان کە پارتی داوای ئەو پۆستەی کرد، پێویستە چیتر ئەو پۆستە لە لای یەکێتی نەمرێندرێت و بێدەنگی سەرۆککۆماریش لە بەرژەوەندیی لایەنە عەرەبییەکان بەکار نەهێندرێت، خۆ سەرۆککۆمار دەتوانێت داوای دانیشتنی پەرلەمان بکات بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆکوەزیران، کەچی دەبینین لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا زۆرترین غەدر لە کورد کراوە لەڕووی سیاسی و ئابووری و داگیرکردنی خاکەوە، واتە نانی بڕاوە، بودجەی ڕاگیراوە، شەڕی پێفڕۆشراوە، هێرشیکراوەتە سەر، ڕووداوی ئۆکتۆبەر ڕووەدات و زۆرترین پێشێلکاریی بەرانبەر هاوواڵاتییانی کوردی کەرکووک و خورماتوو کراوە، بەڵام سەرۆککۆمارە یەکێتییەکە هیچ قسەیەکی نەکرد و تەنانەت

بەیاننامەیەکیشی دەرنەکرد، لەکاتێکدا بەگوێرەی دەستوور، مافی ئەوەی هەبووە حەیدەر عەبادی بباتە بەردەم پەرلەمان و داواش بکات متمانەی لێ وەربگیرێتەوە، بەڵام ئەمەی نەکرد و بێدەنگیش بوو، لەبەر ئەو هۆکارانەیە پارتی داوای پۆستەکەی کرد، کاتێکیش پۆستەکە بە هەر هۆکارێک بێت، لە بەرژەوەندیی یەکێتی یەکلایی بۆیەوە، هیچ کات پارتی هەوڵی نەداوە، ئەمە وەک تۆڵەیەکی سیاسی بەکار بهێنێت، چونکە پارتی دەزانێت یەکڕیزیی ناو ماڵی کورد لە هەولێر و بەغداش گرنگە و بەهێزبوونی کوردستان لەو یەکڕیزییە دایە.

ئەگەرچی پۆستی سەرۆککۆمار بە تەنیا هی حزبێک نییە و پێویستە هەموو هێزەکان لەسەری ڕازی بن، بەڵام یەکێتی بە تاکڕەوانە و بە ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە عێراقییەکان ئەو کەیسەی یەکلایی کردەوە، دەتوانین بڵێین پۆستەکە وەک خەڵاتێک درایە یەکێتی! ئەگینا عێراقییەکانیش دەیانزانی سەرجەم حزبەکان داوای ئەوەیان دەکرد، پۆستەکە بە ڕەزامەندی هەموو لایەنە کوردییەکان یەکلایی بکرێتەوە. واتە کاندیدێکی کورد بخرێتە بەردەم هێزە عێراقییەکان بۆ ئەوەی وەک بەرکەوتەی کورد دەنگ لەسەر سەرۆککۆمارییەکەی بدرێت، بەڵام یەکێتی هیچ حیسابێکی بۆ هێزە کوردییەکان نەکرد و بە پاڵپشتیی عەرەبەکان ئەو کەیسەی یەکلایی کردەوە.

ئەمەیش تۆمەتێکی بێبنەمایە کە نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە، گوایە پارتی دەیەوێت دۆخەکە بە ناجێگیری بمێنێتەوە، لەڕاستیدا ئەو بۆچوونە تەواو ناڕاستە، چونکە هەر ئەو شەوەی کە عادل عەبدولمەهدی ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق،

دەمودەست پارتی پاڵپشتیی عەبدولمەهدی کرد و هەموو هاوکارییەکی پارتیش دووپات کرایەوە بۆ دروستکردنی کابینەکە تا سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بتوانێت کابینەکەی دروست بکات، وەک ئاماژەیەک پارتی کەیسە سیاسییەکانی تێکەڵ نەکردووە، واتە پرسی سەرۆککۆمار هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی سیاسیی عێراق لە ڕوانگەی پارتییەوە نەبووە، بەپێچەوانەوە پارتی هاوکاری عەبدولمەهدی بوو بۆ پێکهێنانی کابینەکەی و هەروەها بە فەرمیش پاڵپشتیی خۆی بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق ڕاگەیاندووە، ئەمەیش لەسەر بنەمای ئەوەی عەبدولمەهدی لەچاو ئەوانی تر نەختێک نەرمترە و دەکرێت دەرفەتێکیش بەو بدرێت، بەڵام هەر کات ئەویش بیەوێت غەدر لە کورد بکات و سیاسەتی دوژمنکارانەی پێشخۆی جێبەجێ بکات، بەدڵنیاییەوە پارتی هەڵوێستی دەبێت، ئەمە ڕوانگەی پارتییە لە پەیوەست بە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی. واتە پاڵپشتیی دەکات بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکات و مافە ڕەواکانی کورد لەبەرچاو بگرێت، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕووی نەدا و سیاسەتی دوژمنکارانەی عەبادییەکانی پەیڕەو کرد، دیارە پارتیش قسەی دیکە دەکات.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا پێیوایە جیاوازیی یەکێتی لەگەڵ پارتی و سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان ئەوەیە کە یەکێتی بە لۆژیکێک کاری کردووە، کورد بە یەکڕیزی دەست بە بەغداوە بگرێت، بۆ بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان. کاتێک باس لە جیاوازیی یەکێتی لەگەڵ پارتیدا دەکات، ئەم قسەیەی نووسەر ڕاستە، بەڵام با بزانین بۆچی ڕاستە.

ڕاستە پارتی و یەکێتی زۆربەی کاتەکان ڕوانگە و ستراتیژیی سیاسییان جیاواز بووە بۆ پرسە سیاسییەکان، بەڵام ئەو برادەرە بیری چووە ئەو شێوازی دەست بە بەغداوە گرتنەی یەکێتی، بەتایبەتی لە شازدەی ئۆکتۆبەر، نەک هەر کوردی بەهێز نەکردووە، بەڵکوو کوردی زۆر لاواز کرد، مەگەر کۆسرەت ڕەسوواڵ کەسی یەکەمی ئێستای ناو یەکێتی لە ئۆکتۆبەردا نەیگوت، چەند کاڵفامێکی ناو یەکێتی ئۆکتۆبەریان ئەنجام داوە!

دیارە لە دوای ئۆکتۆبەرەوە کورد و بەتایبەتیش یەکێتی لاواز بوون، ئەو یەکێتییەی دەسەڵاتی تەواوی لە کەرکووکدا هەبوو، ئێستا کام بارەگەی گەورەیان هەیە، دەبێت بە فەرمانی ڕاکان جبووری، دوازدە کڵاشینکۆفی تێدا بێت، لەکاتێکدا لە پێش ئۆکتۆبەر بارەگەکانی یەکێتی جمەیان دەهات لە چەکی گەورە و ئۆتۆمبێلی سەربازی و تەنانەت تانک و تۆپیشەوە، هەروەها بە سەدان تانک و تۆپی گەورەیان لە بەرەکانی شەڕ لە کەرکووک هەبوو، ئەمە جگە لەوەی پارێزگاریش لە یەکێتی بوو، کەچی ئێستا وەزعیان بەو ئاستە گەیشتووە، بە مۆڵەتی حەشد و ڕاکانەکان دوازدە کڵاشینکۆفیان هەبێت بۆ پارێزگاری لە خۆیان، پارێزگاری لە خۆکردنێک کە بە بەرچاویانەوە ڕۆژانە سووکایەتی بە ڕۆڵەکانی کورد دەکرێت، بەڵام ناتوانن فززە بکەن، چونکە بە یەکجاری لە شارەکەدا دەردەکرێن! پێویستە لە نووسەر و خودی یەکێتیش بپرسین، ئەمەیە هەوڵی بەهێزکردنی کوردستان؟ ئەگەر بەهێزبوونی کوردستان بەو شێوازەیەی یەکێتییە کە سەرکز سەرکز لە کەرکووک لێی دانیشن، پارتی هەرگیز ئەم جۆرە سووکایەتی و ڕیسواییە قبووڵ ناکات!

ڕۆژنامەی خەبات/ ٣١-١٠-٢٠١٨

***

کلیلی نەوتی کەرکووک

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەژێر گوشاری ئەمەریکا و بە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق، هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە بۆ تورکیا دەستیپێکردەوە، ئەمەش لە دوای یەک ساڵ لە ڕووداوی١٦ ی ئۆکتۆبەر و چەند مانگێک پاش پێکهێنانی حکوومەت لەلایەن عادل عەبدولمەهدییەوە دێت، هاوکات سزاکانی ئەمەریکاش بۆ سەر ئێران لە زیادبووندان و ئەمەریکاش ترسی هەیە بەهۆی ڕاگرتنی نەوتی ئێرانەوە ووڵاتانی کڕیاری نەوت دژی بڕیارەکانی دۆناڵد ترەمپ بوەستنەوە.

هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بۆڕیی کوردستانەوە بۆ تورکیا، بەتایبەتی لە دوای گوشارە ئابووریییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر تاران، دەکرێت وەک ئاماژەیەکی سەرەتایی بێت، ئیدی هەوڵێریش دەبێتە ناوەندی هەندێک لە بڕیارە سیاسی و ئابووریییەکان و بۆ

هەوڵێر دەگەڕێنەوە، لەبەر ئەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک ئەوەندەی بڕیارێکی سیاسییە نیو هێندە ئابووریی نییە.

ئەمەریکا نایەوێت بەهۆی گوشارەکانی بۆ سەر ئێران و سڕکردنی نەوتی ئەو وڵاتە لە بازاڕەکاندا، وڵاتانی کڕیاری نەوت لە خۆی تووڕە بکات و لە دژی بوەستنەوە. باشترین بڕیاری ئەمەریکا و بە ناچاریش حکوومەتی عێراق گەڕانەوە بووە بۆ هەولێر و تا لە ڕێگەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکەوە نەختێک لەو ترسەی وڵاتانی کڕیاری نەوت نەهێڵێن و هاوکات بۆ ئابووریی عێراقیش سوودی دەبێت، ئەمە جگە لەوەی هەناردەکردنی ئەو نەوتە لە ڕێگەی کوردستانەوە گورزێکی دیکەیە بەر پێگەی ئێران لە عێراق و ناوچەکە کەوت.

لە لایەکی دیکەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆیشدا بۆ پێگەی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان گرنگە، ئێستا هەولێر کلیلی نەوتی کەرکووکی لەدەستدایە و دەتوانێت وەک کارتی سیاسی لە دژی حکوومەتی عێراق بەکاری بهێنێت، بەتایبەتی تورکیا پێویستییەکی زۆری بە نەوت هەیە و هەرچەندی نەوتی جیهانی بۆ بچێت، چاوەکانی ئەو وڵاتە هێندە گەورە و برسین لە پەیوەست بە وزە، هەرگیز تێر نابن! لەبەر ئەوەی وڵاتێکی تەواو پیشەسازییە و بەپێچەوانەی عێراق، ژیانی ئابووریی تورکیا بەبێ وزەیەکی زۆر بەڕێوە ناچێت، تەنانەت تورکیا ئامادە بوو لەبەر وزە تا ئاستی ملکەچبوون، تەسلیمی ڕووسیا بێت، لە دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕووسییەکە لەسەر ئاسمانی تورکیا و دوای چەند مانێگیش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان خۆی گەیاندە ڕووسیا و ڕێککەوتنی لەگەڵ

پووتین کرد تا وزەی ڕووسیا و مامەڵە بازرگانییەکانی نێوانیان نەوەستێت، بەوپێیەی تورکیا پێویستییەکی زۆری بە وزە هەیە بەتایبەتی نەوت و غاز کە زیاتر لە سەدا پەنجای غازی تورکیا لە ڕووسیاوە دابین دەکرێت و زۆربەی جارەکانیش تورکیا بە مەرجەکانی ئەو وڵاتە ڕازی دەبێت، تەنیا لەبەر ئەوەی پێویستی وزەی تورکیا چاوی لەدەستی ڕووسیایە.

لەو سۆنگەیەوەهەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی کوردستانەوە بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و هەڕێمی کوردستانیش کاریگەری دەبێت، بەتایبەتی کە کوردستان جگە لە نەوت لەڕووی غازیشەوە خاوەن یەدەگێکی زۆرە و لە کاتی بەرهەمهێنانیدا بەشێک لە بۆشاییەکانی تورکیا پڕ دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئیدی کوردستانیش دەچێتەوە ناو بازنەی بەرژەوەندیی وڵاتانی هەرێمایەتی و زلهێزەکانەوە.

لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، چەندە سیاسی بوو، هێندەش ئابووری، بەوپێیەی نەوتی کەرکووک پاڵپشتییەکی باشی ئێران و گرووپە میلیشیا چەکدارەکان بوو، زۆربەی ئەو پاڵپشتییە داراییە لە دژی کوردستانیش بەکار دەهێندرا. کەوایە خۆی لە خۆیدا زیانێکی گەورەی لەو گرووپە میلیشیایانە دا و بەپێچەوانەوە لە سوودی هەرێمی کوردستاندا دەکەوێتەوە، بەهۆی ئەوەی ئێستا فرۆشتنی نەوتەکە ئاشکرایە و هەتا عێراقیش ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی بیخاتە خزمەتی ئێران و گرووپە میلیشیاکانەوە، ڕەنگە ئەمە زیاتر ئیشی شارەزایانی ئەو بوارە بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئێستا عێراق ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی

تەخشان و پەخشانی ئەو نەوتە بکات، چونکە بەناو خاکی کوردستاندا دەڕوات و ڕێک بەو مانایە دێت کلیلەکەی لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستاندایە، مادام نەوتەکە لە ڕێگەی کوردستانەوە هەناردە دەکرێت و هەرێمی کوردستانیش بڕی هەناردەکراوی نەوت دەزانێت، دەتوانێت لەسەر مێزی گفتوگۆدا داهاتی نەوتی شارێکی داگیرکراوی کوردستان بوروژێنێت لە بەرژەوەندیی هەولێردا.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٦٣٦ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٨/١١/١٩

ڕۆبۆتەکان ئەمەریکا لە عێراق دەردەکەن؟

پازدە ساڵ پێش ئێستا، کاتێک هێزەکانی ئەمەریکا بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگە لە کەمترین ماوەدا عێراقی داگیر کرد، ئەو ئەمەریکایەی ئێستا نەبوو، ناوهێنانی هێزە ئەمەریکییەکانیش وەک مۆتەکەیەک وابوو لە دەروونی هەر تاکێکی عەرەبی عێراقیدا، لە سەرووی هەموانیشەوە سیاسییەکانی بەغدا لەبری ئەوەی دەسەڵاتدار بن و عێراق بەڕێوەببەرن، بەپێچەوانەوە ڕۆبۆتگەلێک بوون بە ئاماژەی فەرماندەیەکی سەربازیی ئەمەریکی یان هاوپەیمانان دەجوولانەوە. ئەوکات عێراقییەکان لەبری ئەوەی بیر لە دەرکردنی ئەمەریکا بکەنەوە، بەپێچەوانەوە لە هەوڵی ڕازییکردنی ئەمەریکا بوون و مەراییان بۆ دیپلۆمات و فەرماندە سەربازییەکان دەکرد. هەروەها دەکرێت بڵێین لە ئاست ئەمەریکادا شتێک نەبوو بە ناوی عێراق و بەهێزیی پێگەی واشنتۆن لە بەغدا، هەموو شتێکی یەکلایی دەکردەوە کە ئەمەش بە مانای نەبوونی بەرەی دژە واشنتۆن نایەت، بەپێچەوانەوە ڕۆژانە سەرباز و کاروانی هەمەڕەکانی ئەمەریکا

دەکرانە ئامانجی کردە تیرۆریستییەکان و تا کاتی گەڕانەوەی بەشێکی زۆری سەربازە ئەمەریکییەکان، بە هەزارانییان کوژران و بریندار‌بوون و گوشارەکانی شەقامی ئەمەریکیش بۆ سەر دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان ڕووی لە زیادی کرد، بەڵام هەموو ئەمانە نەبوونە هۆی ئەوەی پێگەی ئەمەریکا بە ئاسانی بێهێز بێت، بەڵام کاتێک ئەمەریکا بۆ ئەوەی بە دونیا بڵێت کە واشنتۆن عێراقی داگیر نەکردووە، ئیدی دەستیکرد بە دروستکردنەوەی حکوومەت و دامەزراوە حکومی و سەربازییەکانیشی چالاککردەوە کە بەهۆیەوە هێدی هێدی پێگەی ئەمەریکا بەشێوەیەکی هەستپێنەکراو لاواز بوو، بەتایبەتی کاتێک ئەمەریکا زۆربەی سەربازەکانی کشاندەوە و هەندێکیشی بەناوی ڕاهێنەر و ئەو جۆرە تایتلانە لە عێراقدا هێشتەوە، بەمە زیاتر هەیبەتی سیاسی و سەربازی لە عێراقدا کەوتە ژێر پرسیارەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژیش پێگە بەهێزەکەی خۆی لەدەستدا تا دواجار هەندێک دەنگی سیاسی لە بەغدا داوای دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکایان لە عێراقدا کرد، بەتایبەتی گرووپەکەی موقتەدا سەدر ڕاستەوخۆ دژی مانەوەی ئەمەریکا بوون لە عێراقدا و ئێستاش لەسەر هەمان ڕیتمی هەڵوێستەکانی پێشوویانن لەهەمبەر مانەوەی هێزەکانی واشنتۆن لە عێراقدا.

دروستە هێشتا ئەمەریکا پێگەیەکی فراوانی بەسەر سیاسەتی عێراقدا هەیە و زۆربەی زۆری پرسەکانی بەغداش بەبێ ئەمەریکا بەڕێوە ناچن و هێشتا سێبەری شکۆی ئەمەریکا ڕووبەڕێکی فراوانی ناخی عێراقییەکانی داگیر کردووە، بەتایبەتیش سیاسییەکانی بەغدا ترسیان لە واشنتۆن هەیە، بەڵام ناکرێت و ڕەنگە ساویلکەییش بێت، ئەگەر

پێمانوابێت ئەو ئەمەریکایەی ئێستا، هەمان ئەمەریکای ٢٠٠٣ بێت، بەپێچەوانەوە ئێستا پێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا خەریکە بە تەواوی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و ئەگەری شۆڕبوونەوەی تۆپەکەی ئەمەریکاش بۆ ناو چاڵێکی تاریکەوە هەیە، چونکە هێزە دژەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بەهێزتر دەبن و ئەمەریکاش لەبری هەڵوێستی کردەیی، تەنیا قسە دەکات و ئیدارەیەکی لاوازی وەک ئەوەی ئێستای ئەمەریکا لە بەغدا ناتوانێت بەر بەو بەهێزبوونەی دەنگە توندڕۆ و میلیشیاییەکان بگرێت. کەوایە دەتوانین بڵێین ئەمەریکا خەتای خۆیەتی و خوێندنەوەی سەرەتای داگیرکردنی عێراقی هەڵە بووە و پێیوابوو تەنیا بە چەک و ناوبانگی واشنتۆن دەتوانێت کاریگەریی بەسەر سیاسەتی عێراقدا هەیە، بەڵام هەموو ئەو خوێندنەوانە هەڵەبوون و ئەو هێزە ڕۆحییە مەزهەبی و خێڵەکییەی لە ناخی هەر سیاسییەکی بەغدادا هەیە، چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت سەرئەنجام بەغدا بۆ ئەمەریکییەکان بکەنە پایتەختێکی مەترسیدار.

هەتا هاتنی داعش دەکرێت بە قۆناغی بەهێزیی ئەمەریکا لە عێراق دابندرێت و وێنای ئەمەریکا لە بەغدا وێنایەکی دەسەڵاتدارانە بووە نەک چاودێر، بەڵکوو بەپێچەوانەوە سیاسییەکانی بەغدای ئاڕاستە کردووە بۆ ئەو شتەی خۆی خواستی لەسەر بووە، بەڵام کاتێک داعش دێت و مەرجەعی شیعەکانیش فەتوای دروستکردنی گرووپێکی چەکداریی مەزهەبی بەناوی حەشدی شەعبی دەدات و ئەو هێزەش بە قۆناغ بە بەرچاوی ئەمەریکاوە دروست دەبێت، ئیدی واشنتۆن چیتر ئەو هێزەی پێشوو نابێت و تەواوی ئاماژەکانیش جەخت دەکەنەوە کە گرووپەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن ئێرانی

نەیاری سەرسەختی ئەمەریکاوە ئاڕاستە دەکرێن بۆ ئەوەی پێگەی تاران لە ڕێگەی شیعەگەرییەوە بەسەر عێراقدا زیاتر بێت تا ئاستی دەرکردنی هێز و ئیدارە سیاسییەکەی ئەمەریکا، ئەمەش بە ئامانجی کردنی بەغدا بە پایتەختی دووەمی شیعەکان لە ناوچەکەدا و بۆ بەرژەوەندیی تاران کار بکات بەتایبەتی بەمەبەستی هەڕەشەکردن لە وڵاتانی سوننەمەزهەب بە دیاریکراویش سعوودییەی هاوپەیمانیی ئەمەریکا.

ئێستا ئەمەریکا تەواو هەستی بە لاوازی پێگەکەی کردووە و ئەو دەنگانەش لە زیادبوونداn کە داوای دەرکردنی ئەو ئەمەریکایە دەکەن کە پازدە ساڵ پێش ئێستا سیاسییەکانی بەغدای وەک ڕۆبۆت ئاڕاستە دەکردن و هەموو شتێک دەبوو بەدڵی واشنتۆن بگرە فەرماندەیەکی سەربازی یەکلایی ببنەوە، بەڵام بەهۆی ئەو سیاسەتە شەرمنانەی ئەمەریکا وایکرد گرووپە توندڕۆ مەزهەبییەکان لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدا خۆیان ڕێکبخەن و ئەو ڕێکخراوەش لەپێشچاوی ئەمەریکا فەرمان لە تاران وەردەگرێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی عێراق و هەڕەشەکردن لە پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە عەرەب و غەیرە شیعە، ئەوکاتەی حەشد بە چەکی ئەمەریکی هێرشی کردە سەر پێشمەرگە، ئەوکات ئەمەریکا چاڵێکی دیکەی بۆ خۆی لێدا و خۆی دووچاری ئایندەیەکی ناڕوون کرد لە عێراقدا، ڕاستە بە ڕواڵەت حەشد لەژێر فەرمانی عەبادیدایە و عەبادیش گوایە هاوپەیمانیی ئەمەریکایە، بەڵام ئێستا خودی عەبادی توانای بەربەست دروستکردنی بۆ بەهێزبوونی حەشد نییە و تەنانەت ئێستا لەپێشچاوی عەبادی ئەو گرووپە هەڕەشەی دەرکردنی ئەمەریکاش لە عێراقدا دەکەن.

قسەکردن لە واقیعی ئێستای ئەمەریکا لە عێراقدا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئێمە هێشتا ئەمەریکا وەک ئەفسانە ببینین، دروستە ئەمەریکا عێراقی داگیر کردووە و ئێستاش ڕۆڵی هەیە لە دانانی سیاسییەکان، بەڵام بەجیدی ئێستا ئەمەریکا لەبەردەم هەڕەشەیەکی جیدیدایە و ئەوەتا گرووپە شیعەکان کە زۆرینەی سیاسییەکانی بەغدا پێک دەهێنن داوای دەرکردنی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکەن و ڕەنگیشە هەندێک بڵێن جا حەشد چییە هەڕەشە لە ئەمەریکا بکات! ئەمە تا ئێرە ڕاستە حەشد وەک ڕێکخراوێکی سەربازی ببینین کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکای نییە، بەڵام حەشد تەنیا گرووپێکی چەکدار نین و بگرە گرووپێکی مەزهەبیین و ئەو عەقڵییەتەن کە پێیانوایە ئەمەریکا دەبێت لە عێراق نەمێنێت!

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کە لە ڕووکەشدا دۆستی ئەمەریکایە و ئەمەریکاش لەبەر ئەو لە قۆناغی ڕیفراندۆمی کوردستان پشتگیریی بەغدای کرد، هەر بۆیە ئەوەتا عەبادی لە وەڵامی حەشدی شەعبیدا دەڵێت هێشتا عێراق پێویستی بە هەوڵی هێزەکانی هاوپەیمانی بە سەرپەرشتیی ئەمەریکا هەیە و نابێت ئەو هێزانە بە یەکجاری لە عێراق بکشێنەوە. ئەمە قسەی عەبادییە، وەک ئاماژەیەکی جیدی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لەو عێراقەی ئێستا حەشدی شەعبی فەرمانڕەوایی دەکات، ئەمەریکا دەخرێتە بەردەم هەڵبژاردەی دەرچوون لە عێراق یان ئەنجامدانی کردەی چەکداری بەرانبەر سەربازەکانی.

هەموو ئەو قسانە لەکاتێکدان هێشتا ئەمەریکا نایەوێت دان بەوەدابنێت کە داعش لە عێراقدا کۆتایی هاتووە، ئەمەریکا دەیەوێت بە بیانووی هەڕەشەی داعشەوە پرسی دەرکردنی خۆی لە عێراقدا دوابخات، یان کپ بکات، دروستە حەشد ناتوانێت ئەمەریکا دەربکات، بەڵام هەڕەشەیەکی جیدی دەبێت بۆ سەر پێگەی واشنتۆن و لێرەشدا ئەگەر زۆرە دووبارە ئەمەریکا هەوڵێر وەک ناوەندێکی ڕووبەڕووبوونەوەی بەغدای شیعەگەر بخاتەوە ناو پرسە سیاسییەکانەوە، چونکە ئەمەریکا لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەستی بەوە کرد حەشد نەک تەنیا مەترسین بۆ سەر هەوڵێر، بەپێچەوانەوە ترسی ئەمەریکا زیاتر بوو لەو گرووپە و بۆیە داوای لە عەبادی کرد دەستبەجێ هێزە ئێرانییەکان لە عێراق بکشێنەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کاتێک هەوڵێر گوتی حەشد لەلایەن تارانەوە ئاڕاستە دەکرێن.

بەگوێرەی هەواڵێکی کوردستان٢٤، ئەبو وارس ئەلموسەوی، گوتەبێژی گرووپی نوجەبای سەر بە حەشدی شەعبی بە توندی هێرشی کردووەتە سەر مانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراقدا، ئەمەش لەکاتێکدایە ئەلموسەوی کە گرووپەکەی نزیکایەتی زۆری لەگەڵ پاسدارانی ئێراندا هەیە، جەختی لەوە کردووەتەوە ئەگەر ئەمەریکا لە عێراق نەکشێتەوە بە چەک لە عێراق دەریدەکەین. هاوکات جەعفەر حوسەینی، گوتەبێژی حزبوڵڵای عێراقی، ئەو گرووپەش نزیکایەتی زۆریان لەگەڵ تاراندا هەیە، دەڵێت لە هەر ساتێکدا دەست بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فراوان دەکەین لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا. حوسەینی بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە گوایە هیچ پێویست بە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق ناکات.

بیانووی ئەو گرووپانە بۆ داوای دەرچوونی ئەمەریکا لە عێراق ئەوەیە گوایە ئەمەریکا حکوومەتی عێراقی شەرمەزار کردووە و تێگەیشتنێکی دیکەی ئەو گرووپە میلیشیاییانە ئەوەشە گوایە عێراقییەکان پێویستییان بە ئەمەریکا نییە. ئەو داوایە لەکاتێکدایە ئەگەر ئەمەریکا نەبووایە ئێستا ئەو عێراقەی عەبادی شانازی پێوەدەکات لەژێر دەستی داعشدا دەبوو، چونکە ئەمەریکا هەموو شتێکی بۆ سەرخستنی عێراق بەسەر داعشدا کرد، کەچی ئێستا ئەو گرووپانەی حەشد بە هەمان چەکی ئەمەریکی هەڕەشە لە ئەمەریکا دەکەن و پێدەچێت ئەمەریکاش ئەمە وەک بەخۆداچوونەوەیەکی سیاسەتە هەڵەکانی لە عێراقدا وێنا بکات، بەتایبەتی کاتێک لە پرسی ڕیفراندۆم ئەمەریکا هەڵوێستی پشتگیریکردنی لە خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی نەبوو، لەکاتێکدا کورد تاکە هاوپەیمانیی ڕاستەقینەی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا و بەڵگەش ئەوەیە لە پازدە ساڵی ڕابردوودا هەولێر هەمیشە ئەو پەناگە ئارامەی ئەمەریکییەکان بووە کاتێک هێزە ئەمەریکییەکان و شاندە سیاسی و دیپلۆماتکارەکانیان مەترسییان دەکەوتە سەر لە هەولێرەوە زۆرترین کارەکانی خۆیان ڕایی دەکرد بۆ چالاککردنەوەی ئەو عێراقەی کە ئەمەریکا لە چنگی سەددامی دەرخست و دایە ئەو تاقمە مەزهەبچییەی بەغدا.

ئەجێندای سیاسی ئێستای ئەو گرووپەی ئەمەریکا لە عێراقدا زیاتر موجامەلەکردنە بۆ گرووپە شیعەکان تا جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمەریکا بێت، بەڵکوو بەپێی خواست و بەرژەوەندیی تاقمە شیعەکانی بەغدا هەڵسوکەوت دەکەن و واقیعی عێراقیش بەجۆرێک نیشانی ئەمەریکای مەزن دەدەن گوایە هێشتا ئەمەریکا هەمان پێگەی جارانی

لە عێراقدا ماوە، لەڕاسیتیشدا ئەوە ڕاست نییە و ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەمەریکا پێگەی خۆی لە عێراقدا لاوازتر دەکات، دروستە تا نووکەش زۆربەی پرسەکان بەبێ ئەمەریکا یەکلایی نابنەوە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە عێراقی ئێستا هەمان عێراقی چەند ساڵێک دوای ڕووخانی سەددام بێت بۆ ئەمەریکا، ئەگەرچی هێشتا عێراق وڵاتێکی لەرزۆکە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی جیدی نەک لەگەڵ ئەمەریکا بەڵکوو لەگەڵ وڵاتێکی دیکەی عەرەبیش نییە، بەڵام سەرباری ئەوانە ئێستا ئەوە ئەمەریکایە خواستی گرووپەکانی شیعە بەدی دەهێنێت، تەنانەت زۆر جار لە بەرژەوەندیی خۆشیدا نییە، بەڵام ئیدی ئەو ئیدارەدانە هەڵەیەی عێراق لەلایەن ئەو ستافەی ئەمەریکاوە وایکرد گرووپە توندڕۆکان زیاتر کاریگەریی بەسەر سیاسەتی عێراقدا بکەن و ئەمەش بۆ ئەمەریکا و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق زیانی هەبووە و تەنیا لە بەرژەوەندی ئەو گرووپانە کەوتووەتەوە کە لە ئێرانەوە نزیکن.

ئەمەریکا بەو ئاسانییە دەست لە عێراق هەڵناگرێت، چونکە بەرژەوەندیی جۆراوجۆری هەن و بەگوێرەی ئەو بەرژەوەندییانەش هەڵسوکەوت دەکات، ئەگەر کاتی خۆی لەگەڵ وادەی ڕیفراندۆم نەبوو، مەرج نییە تاسەر ئەو هەڵوێستەی هەبێت و پێدەچێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کارتی ڕیفراندۆم وەک گوشارێک بەرانبەر بەغدا بەکار بهێنێت و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ کورد باشتر بکاتەوە، بەجۆرێک کار بکات کە نیگەرانییەکانی کورد نەهێڵێت، بەوپێیەی بەهۆی ڕیفراندۆم و پاشان لە ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، هەوڵێر بەڕوونی نیگەرانییەکانی بەرانبەر ئەمەریکای هاوپەیمانی دەربڕی و ئەمەش

وایکرد چەند جارێک ئەمەریکا بێتە سەرخەت و داوا لە عەبادی بکات کە مافە دەستوورییەکانی کورد بدات، هاوکات ئەمەریکا مادام بەرەو ئایندەیەکی ناڕوون دەچێت و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گرووپە شیعەکان هەیە و بەدڵنیاییەوە دواجار پێویستی بە هەولێر دەبێتەوە، چونکە ئەمەریکا زۆر باش لەوە گەیشتووە ئێستا ناتوانێت هەموو شت لە عێراقدا بەدڵی خۆی بکات، بەوپێیەی دەیان گرووپ و دەستە و ڕێکخراو و فیکری مەزهەبی هەن کە بە ئاشکرا دژایەتی ئەمەریکا دەکەن و گوشاری توند دەخەنە سەر عەبادی بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، هەموو ئەوانە لەکاتێکدان هێشتا ئەمەریکا نایەوێت دان بە شکستی خۆیدا بنێت لە عێراقدا کە لە سایەی ئەودا عێراق بەرەو ولاتێکی مەزهەبی و میلیشیایی و گەندەڵ دەچێت و هێزەکانیش لە ململانێیەکی سەختدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەسەر جەستەی عێراقێکی بریندار و نەخۆشدا.

فەیسبووک: ٢٠١٨

(٢٠١٩)

هەولێر و گوشاری عێراقییەکان لە دژی ئەمەریکا

ئەمەریکا هەرکە لە ٢٠٠٣ لەشکرکێشی کردە سەر عێراق نەک هەر پرسی بە عێراقییەکان نەکرد، بەڵکوو بەشی زۆری وڵاتانیش بەو کردەیەی لەشکرکێشییە ڕازی نەبوون، بەڵام سەرئەنجام هەر ڕوویدا و ئەمەریکا لە ئاسمان و زەوییەوە خۆی گەیاندە عێراق.

هەردوو دەستەواژەکانی داگیرکردن، ڕزگارکردن، لە پەیوەست بە عێراق، مشتومڕی زۆریان لەسەرە، ئەمەریکییەکان پێیانوایە عێراقییەکانیان لە چنگی سەددام حوسێن ڕزگار کردووە و بەشی زۆری عێراقییەکانیش بەتایبەتی ئەو گرووپە شیعەیەی لە ئێرانەوە نزیکن، دەڵێن عێراق داگیر کراوە.

هاتنی دۆنالد ترەمپ بۆ عێراق وەک دەگوترێت بەبێ پرسکردن، خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت کە عێراق لەم قۆناغەدا بووکەڵەی دەستی ئەمەریکایە. بەڵام سەرباری ئەوەش ئێستا هەراوهۆریایەکی زۆر لە عێراقدا هەیە بەوەی داوای دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەکرێت، لەنێو ئەو دەنگانەش قەیس خەزعەلی سەرکردەی دیاری

عەسائیبی ئەهلی حەق هەیە و بە توندی داوای دەرکردنی ئەمەریکا لە عێراق دەکات تا ئاستی هۆشداری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ ئەمەریکییەکان، قەیس بە دەنگی بەرز دەڵێت بوونی ئەمەریکا لە عێراق لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە و لەپێناو ئەجێندا شاراوەکانی خۆی هاتووە و ئاسایشی ئیسرائیلیش بە ئاسایشی خۆی دەزانێت، بۆیە هاتووەتە عێراق. ئاماژە بەوەش دەکات ئەوان دەیانەوێت بەشێوەی فەرمی ئەمەریکا لە عێراق دەربکەن، بەڵام ئەگەر ئەمەریکا عێراق جێنەهێڵێت، ئەوکات لە بەرانبەر هێزەکانی ئەمەریکا دەوەستینەوە تەنانەت ئەگەر لەڕووی چەکداریشەوە بێت.

ئەم هۆشداریيەی قەیس خەزعەلی لەکاتێکدایە ئەمەریکا بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی سوپای عێراق بەهێزتر بکات، هاوکات ئەو هێزەشی بڕیارە لە سووریا پاشەکشەی پێ بکات، دەیەوێت بە ئاراستەی عێراقدا بیهێنێت، وەک ئاماژەیەک ئەمەریکا نایەوێت لە عێراق دەربچێت، وەک تەرەمپیش گوتی ئێمە خەرجیی زۆرمان لە عێراق کردووە و دەمانەوێت چاودێری ئێرانیش بکەین، هەموو ئەوانەش لەکاتێکدان هێزە عێراقییەکان ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن، دەیانەوێت ڕۆڵی ئەمەریکا لە بەرژەوەندیی ئێران لە عێراق لاواز بکەن.

بە زیادبوونی گوشاری گرووپەکانی نزیک لە ئێرانیش، ئەوکات ئەوە بۆ کورد باشە، بەو مەرجەی کورد بتوانێت سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت، هەتا عێراقییەکان گوشاری زیاتر لە ئەمەریکا بکەن، هەوڵێریش هێندەی دیکە لای ئەمەریکا خۆشەویستتر دەبێت و دەبێتە شوێنکاتی ئارام و جێگرەوەی عێراق بۆ واشنتۆن، بەتایبەتی کە

هێزێکی گەورەی وەک پارتی نێوانی لەگەڵ ئەمەریکا خۆشە و بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئێراندا باش نییە، هاوکات کردنەوەی ئەو کۆمەڵگە سیاسییەی ئەمەریکاش لە هەولێر کونسوڵخانە، ئەمە خۆی پەیامێکی ڕوونە لەوەی ئەمەریکا دواجار چاوی زیاتر دەخاتە سەر کوردستان، بەوپێیەی ئەو کونسوڵخانەیەی لە هەولێر دروستی دەکات، پڕۆژەیەکی زۆر گەورەی سیاسییە و ڕووبەرێکی گەورەی زەوی بۆ تەرخان کراوە، وەک گرنگی هەولێر بۆ ئەمەریکا دێت. کەوایە هەڕەشەی ئەو گرووپە عێراقییە نزیک لە ئێران لە دژی ئەمەریکا و داوای دەرکردنی ئەمەریکا، ئەمە پێگەی هەولێر گرنگتر دەکات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٦٩٠ لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٩/٢/١٠

جنێودەرەکان و ڕێککەوتنی حیزبەکان

لە دوای ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان، پارتی و یەکێتی، ئیدی جۆرێک ئارامی لەسەر ئاستی کوردستان هەستی پێدەکرێت و دەکرێت وەک خاڵێکی دیکەی گرنگی ئەو ڕێککەوتننانە سەیری بکرێت و پێویستیشە ڕێککەوتنەکان فراوانتریش بکرێن بۆ ئەوەی هەموو حیزبەکان بگرێتەوە، بەو ئامانجەی خزمەتکردنی میللەت خاڵی ڕکابەرێتیی نێوانیان بێت.

ئەوەی لە ڕابردوودا بەهۆی ئاڵۆزییەکانەوە زیانی بەرکەوت، تەنیا میللەت و خەڵکە هەژارەکە و ئەزموونی سادەی دیموکراسیی هەرێمی کوردستان بوو، بە شێوەیەک ئەندامان و نووسەران و بەناو کەسانی سەربەخۆ بۆ ئاڵۆزترکردنی ڕەوشەکە هەرچی بۆیان کرا و توانیان بیڵێن، درێغیان نەکرد تا ڕەوشە ئاڵۆزەکە ئاڵۆزتر بکەن و ئێستاش وەک تووتی بە دوای پۆست و ئیمتیازاتەوە تا لە کابینەی حکوومەتی نوێ چنگیان بکەوێت لەکاتێکدا زۆربەیان پێشتر بە قسە هەوڵی ڕووخاندنی حکوومەت و تەسلیمکردنەوەیان بە عەبادی دەدا، کەچی ئێستا خەریکی وەرگرتنی پۆستن و وەریشی دەگرن!

خاڵێکی دیکەی گرنگیش بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە زۆربەی ئەوانەی خەریکی جنێودان و تەشهیر و قسەی زبر و بێ مانا و ماستاوچێتیی

بوون، چەند هەفتەیەکە قسەیان بۆ گوتن نەماوە، بەپێچەوانەی جارانەوە کە لە پەنای بەرگی نووسەربوون و چالاکوانی مەدەنی و سۆشیاڵمیدیایەوە، ژەهری ڕقوکینەی حیزبیان دەڕشت و بەهۆیەوەش لای مەسئول و حیزبی کوردییەوە ئیمتیازات و دەستکەوتی ماددی باشیشیان بۆ دەبڕایەوە و هەندێکیشیان سوودمەندی سەفەری دەرەوەی وڵاتن و پۆستە حیزبییەکانیش بوون و دەبن، ئەوە پارە و ڕاوە کچ هەر باس ناکەم!

بەڵێ، زۆرێک لەوانە (هەڵبەت مەبەستم هەموویان نییە لە دڵسۆزییەوە ڕەنگە هەندێجار بە هەڵچوونەوە قسەیان کردبێت)، بەڵام زۆرینەیان تەنێ بۆ ئەوەی جنێودەری باش بن، باکیان بەوە نەبوو ئەزموونەکە یەکجار ئاڵۆز بکەن، چونکە نان و ڕابواردن و پۆستیان لەو ئاڵۆزییانەدا بوو! دەی ئەو جۆرە کەسانە لە ئاشتەواییدا خاوەنی قسە و ڕەئی نین، چونکە خاوەنی زاکیرەیەکی بیرکەرەوە نین و وەک تووتی قسەی خەڵکی دیکە و بەشێوەی ئاڕاستەکراو دەڵێنەوە.

حیزبی کوردی ئەگەر بیەوێت گەشە بە دیموکراسییەت و ئایندەی خۆی بدات و میللەتیش ئاشت بکاتەوە، پێویستی بە ماکینەی جنێودەر و ماستاوچییەکان نییە، بەهۆی ئەوەی ئایندەی ئەو جۆرە ڕەفتار و گوتارە جگە لە شەرمەزاری بۆ خاوەنەکانیان و شکستیش بۆ حیزب، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێت، تۆ وەک نووسەر و شیکەرەوەیەک دەکرێت هەندێجار لە گوتار و بۆچوونەکاندا توند بیت و بەرگری لە باوەڕی خۆتیش و پرەنسیپە نیشتمانییەکان بکەیت، بەڵام هەرگیز جنێو و ئەو ڕەفتارەی لە پێشتردا بایەخی پێدرا، سوودی بۆ حیزب و پێشکەوتنی کۆمەڵگە نابێت، بەڵام ئەوەی من درکم پێی کردووە

حیزبی کوردیش ئەو جۆرە کەسە جێودەر و ماستاوچییانەی دەوێت کە ئامادەن لە پێناوی پارە و ئیمتیازات هەر ڕۆژەی بەجۆرێک وەک تووتی قسە بکەن و لە باوەڕ و مەبدەئی خۆیان لابدەن، تەنێ بۆ ئەوەی سوودمەندی مادی و پۆست بن کە نموونەی زۆرمان بینیوە و هیتریش دەبینین!

کەوایە باشی ڕێککەوتنەکان لەوەدایە هەم میللەت مێشکی پشوو دەدات، هەمیش ئەو جۆرە جێودەر و ماستاوچییانە بیانووێکیان بۆ نامێنێتەوە تا لە ڕێگەیەوە جێو و ڕشتنی ژەهر بە ناوی نووسین و شیکردنەوە و کاری حیزبایەتی بە کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە، لە کاتێکدا کاری حیزبایەتی مۆدێلێکی بایەخداری ئێستای کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە و میللەتانیش لە سایەی دیموکراسییەتی حیزبەکان و ڕکابەرێتی شەریفانەی حیزبی، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پێشدەکەون، بە پێچەوانەی ئەو مۆدێلەی کوردستان.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ١٣ی ئاداری ٢٠١٩

داعش و خەلافەتەکەی

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان داعش و خەلافەتەکەی هەیە، خەلافەتەکە ئەوکاتە دروست بوو کە ناوچەیەکی فراوان کەوتە ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعشەوە، بەڵام بە نەمانی خەلافەت، داعش کۆتایی نایەت، واتە دەکرێت خەلافەتی داعش نەمێنێت، بەڵام هەرگیز داعشی فیکری کۆتایی نایەت، وەکچۆن دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی هات، بەڵام موسڵمانان یان دروستتر ئیسلام مایەوە، ڕێک بە کۆتایی هاتنی خەلافەتەکەی داعشیش کۆتایی بە خودی داعش نایەت، بەوپێیەی ئەوەی خەلافەتی دروستکرد چەکدارانی داعش بوون نەک خەلافەت داعشی دروست کردبێت، ئێستاش ئەو چەکدارانە زۆرینەیان ماون و بەردەوامیشن لە چالاکیی پارتیزانی.

ئەمە جگە لەوەی دەکرێت خودی داعش بەسەر دوو فۆرمدا دابەش بکەین، چەکداری و فیکری، بەڵام خەلافەتەکە هەردووکیانی پێویست بوو، ئێستا سەربازییەکەی نەماوە، واتە هیچ ناوچەیەکی لەژێر دەسەڵاتدا نەماوە کە بە ئارەزووی خۆی مومارەسەی چەکداری بکات و سەنگەری دیاریکراوی هەبێت، وەک ئەوەی لە مووسڵ و ڕەققە لە پێشچاوی جیهاندا مومارەسەی چەکداری خۆی دەکرد،

سەرەڕای کۆتایی چەکداریيە ئاشکراکە، بەڵام لەڕووی فیکرییەوە وەکخۆی ماوەتەوە و ئیدی هاوشێوەی ڕێکخراوی قاعیدە، دەست دەکەن بە چالاکیی تیرۆری ئینجا لە هەر ناوچەیەک بێت، بەتایبەتی بە پلە یەک لە عێراق و دواتر سووریا، ئینجا ناوچەکانی دیکە.

بەپێچەوانەوە ئێستا شەڕی داعش قورستر بووە، ئەگەر جاران لوولەی تۆپ و میلان ئاڕاستەی سەنگەرێکی داعش دەکرا، ئێستا ئەوە گۆڕاوە و تۆ دەبێت شەڕی فیکری ئەو گرووپە بکەیت و سەرچاوەکانی گەشەکردنی وشک بکەیت کە باشترواية بڵێین لاوازتر بکرێن، چونکە زەحمەتە بە تەواوی کۆتایی بێت، بەوپێیەی داعش لە خۆیەوە نەهاتووە، بەڵکوو لە هەناوی کۆمەڵگەی موسڵمانانەوە هاتووە و تەواو ئاشنان بەو کۆمەڵگەیەی موسڵمانان، لەکاتێکدا لە هەر کۆمەڵگەیەکی موسڵمانداندەیان هۆکار و بیانووی گەشەکردنی داعش و ڕێکخراوی هاوشێوەی هەن کە دەبێت بە هەند وەربگیرێن، ئەگینا لە بەرگی دیکە دەردەکەونەوە.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣٠٥٠ لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/٢٦

عەبادی لە نێوان عەبدولمەهدی و پارتیدا

ئەمڕۆ قسە و تەنانەت جنێوی زۆریش ئاڕاستەی حەیدەر عەبادی کران، جگە لە جنێوەکان، هەموو ڕەخنەکان شایستەی ئەو پیاوەن، ئەگەرچی لە سیاسەتدا شتی جێگیر نییە و دەکرێت هەمان جنێو و ڕەخنە لە قۆناغی ئایندەدا ئاڕاستەی عادل عەبدولمەهدیش بکرێن کە ڕەخنەکانی ئێستای کورد لە عەبادی، واقیعین و هیواخوازم هەمان ئەزموون لەگەڵ عەبدولمەهدیشدا ڕوونەدات.

ئەزموونی کورد لەگەڵ جەعفەری، مالیکی، عەبادی، لە هەموو قۆناغەکاندا لە خراپەوە بەرەو خراپتر چوون، تەنیا لە سەردەمی عەبدولمەهدی نەبێت پێچەوانە بووەتەوە، هەڵبەت ناتوانین گرەو بکەین یان فاڵ لەسەر دریژەکێشانی ئەو پەیوەندییە باشەی نێوان هەولێر و عەبدولمەهدی بگرینەوە، ئێوە ئارەزووی خۆتانە، بەڵام من ناتوانم ئەو گرەوە بکەم، سیاسەت ئەگەری هەڵبەز و دابەزی زۆری تێدایە و هەڵوێستەکانیش بەهۆیەوە دەگۆڕێن.

کێشەی گەورەی ئێستای عەبادی ئەوەیە هەولێر نێوانی لەگەڵ عەبدولمەهدیدا خۆشە، ئەمەش کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا هەبووە، بەڵام لە ناوخۆی کوردستان و بەغداشدا دەستوەردان هەن بۆ تێکدانی ئەو پەیوەندییەی نێوان هەولێر و عەبدولمەهدی. لە سەرووی هەموویانەوە عەبادی ئاسوودە نییە بە باشبوونی نێوانی هەولێر و بەغدا، بەوپێیەی ئەوکات تۆمەتی خراپبوون واتە خراپی عەبادی دەسەلمێندرێت و پێیدەڵێن ئەی خێرە کورد نێوانی لەگەڵ عەبدولمەهدیدا باشە، بەڵام دژی تۆ بوون؟

لە سەرووی هەموو ئەوانەیشەوە خەڵکانی مشەخۆر هەمیشە لەسەر کێشەکان دەژین و هەوڵی زیادکردنی پێگەیان دەدەن، لە نموونەی عەبادی و گرووپێکی کوردستان.

عەبادی و ئەو گرووپە تۆقیون لەوەی هەولێر دروستتر پارتی و عەبدولمەهدی پەیوەندییەکانیان ڕۆژ دوای ڕۆژ لە پێشوەچوونداید، ئەمەش خاڵی لاوازی عەبادی و گرووپەکە دەبێت بەوەی ناتوانن دژایەتی عەبدولمەهدی و پارتی بکەن کە هەم عەبدولمەهدی، هەمیش پارتی لە ململانێدان لەگەڵ گرووپگەلی جیاواز، تەنانەت ئێستاش عەبدولمەهدی نەیتوانیوە کابینەکەی تەواو بکات، وەک بەڵگەیەک لەسەر دژایەتی عەبدولمەهدی، ئەوەی وایکرد عەبدولمەهدی هۆشیارانەتر لە عەبادی بیر بکاتەوە، چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و مووچە بوو لەگەڵ هەولێر، بەوپێیەی ئەو کێشەیە بە نیسبەت کوردەوە گرنگ بوو، کارتی بەغداش بوو دژی هەولێر، بەڵام بەغدای ئێستای باشتر بیر دەکاتەوە، بەمەش ئەو کارتەی لەدەست عەبادی

و هاوشێوەکانی دەرهێنا و ئێستا گرووپە کوردییەکە و عەبادییەکان ئیش لەسەر تێکدانی ئەو پەیوەندییەی هەولێر و عەبدولمەهدی دەکەن کە بەگوێرەی ئاماژە سیاسییەکانی ئێستا و پاڵپشتیی پارتی بەرەوپێش دەچێت و ئەمەش کاریگەریی زیاتر دەبێت هەم پێگەی عەبدولمەهدی هەمیش هی پارتی پێ بەهێز دەبێت.

بەهێزبوونی پێگەی پارتی و عەبدولمەهدیش نەیاری زۆرە، هەر بۆیەش هەم عەبدولمەهدی هەمیش پارتی، زۆر باش درک بەوە دەکەن و پاڵپشتیی یەکدی دەکەن بۆ پاراستن و زیادکردنی پەیوەندییەکانیان، هەڵبەت ئێمە باسی ئەم قۆناغەی ئێستا دەکەین و گرەو لەسەر ئایندە ناکەین.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣٠٥٢ لە ڕۆژی ٢٠١٩/٣/٢٨

وزە و ئایندەی کوردستان

هەرێمی کوردستان چی هەیە تا هەناردەی بکات؟ بۆ ئەوەی بناغەی ئابووری و نەتەوەیی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات. هەڵبەت لە ئێستادا تەنیا نەوت و لە ئایندەشدا غاز هەناردە دەکات، واتە پشت بە وزە دەبەستێت، ئینجا نەوت و غازیش بە بڕبڕەی پشتی ئابووریی کوردستان و هەر وڵاتێکی هەناردەکاری نەوتی دادەنرێن، بە شێوەیەک ئەگەر ئێمە نەوتمان نەبووایە یان هەناردەمان نەکردایە، ئێستا دەبوو وەک سوالکەر چاومان لە دەستی بەغدا بووایە تا بەشێک لەو پارە خەیاڵییەی لە خۆیان زیاد دەبێت وەک سەدەقە بیاندایە هاوواڵاتییانی کوردستان، چونکە ئەو عەقڵییەتەی عێراق و تەنانەت ناوچەکەش بەڕێوە دەبات، ڕوونە بە پلە دوو و سێ، سەیری مرۆڤی کورد دەکەن، سەیرکردنێک لە ئێستادا ئەگەر لە ترسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەبێت، ڕەنگە هەر ڕێگەت نەدەن بە ئاسایی بژیت، لە نموونەی هەڵگوتانە سەرت لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تەنیا بەهۆی ئەوەی وەک کوردێک گوتت منیش دەمەوێت، هەبم.

باسی شەفافی هەنارده و داهاتی نەوت مەکە، لەبەر ئەوەی ئەجێندای ئەم وتارە شتێکی دیکەیە و قسەکردنە لە گرنگی نەوت و غاز بۆ ئایندەی کوردستان، ئەگەر پێتوایە کێشە لە داهاتی نەوت هەیە، دەی خۆ ئەو پارە زۆرەی سعوودییە لە حەج و عومرەدا چنگی دەکەوێت، هیچ کەس نازانێت داهاتەکەی چۆن و بۆچی سەرف دەکرێت، بەڵام ئەوەی کوردستان ئەگەر کێماسیشی هەبێت، ئەوەتا مووچەی پێ دابین دەکرێت و بووژانەوەی کوردستانیش کەموزۆر لەسەر داهاتی نەوتە. مەگەر کورد جگە لە نەوت چیتری هەیە تا هەناردەی بکات! ئەگەر نەوتی نەبێت لە برسا دەمرێت، ئیدی پێویست بە فەلسەفەلێدان و قسەی بێ بناغەش ناکات، پێت خۆش بێت یان ناخۆش، ڕەخنەی ڕووخێنەر یان بونیادنەریش بگریت، ئێمە لە قۆناغی ئێستادا جگە لە داهاتی نەوت هیچی دیکەمان نییە تا پشتی پێ ببەستین. کەوایە ئەو ژیان و پێشکەوتنەی کەموزۆر شانازی پێوە دەکەین، لە بەرهەمی نەوتە.

دەزانم ئێستا بەشێکی زۆری خوێنەری کورد لێم دەپرسن، تورکیا بە نەوتی کوردستان خەنی بووە، گریمان بەشێکی ئەو قسانە ڕاست بوون، بەڵام واقیعێکیش هەیە، تورکیاش وەک وڵات بەرژەوەندیی خۆی هەیە و دامەزراوەی خێرخوازیی نییە تا نەوتی ئێمە بەخۆڕایی بفرۆشێت، چونکە تۆ ڕقت لە تورکیایە، ئەمە تێڕوانینێکی ئەوپەڕی هەڵەیە کە پێمان وابێت پەیوەندیی دەوڵەتەکان دەبێت لەسەر بنەمای خێر و خێرات بێت، ئەگەر بەرژەوەندیی ئابووری و سەربازی و پێگەیی سیاسی نەبێت، ئەمەریکا لە کیشوەری دوورەدەستەوە، چی داوە لەو گەڕەڵاوژەیەی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەڵێی

کوورەی ئاگرە و هەرچی دێت سووتەمەنی زیاتری پێدا دەکات و گڕی ئەو ئاگرەش تا دێت خەڵکی زیاتر دەکاتە خۆڵەمێش.

ئەوەی وایکردووە ئەمەریکا بێتە بەغدا و هەولێر، تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بەرژەوەندییە نەک خێرمان پێ بکات، ڕێک تورکیاش کە نەوت بۆ ئێمە دەفرۆشێت بەرژەوەندی لەوە دایە نەک خێرمان پێ بکات، بەدڵنیاییەوە ئەگەر سوودی خۆی نەبێت، ئەو تورکیایەی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر چاوی لە وزەیە، یەک بەرمیل نەوتەکەمان نافرۆشێت، لە پاڵ ئەوەشدا ئێمەش بەخۆڕایی نەوتی نادەینێ.

ئینجا با بزانین ئەدی ئێمە بەخۆڕایی نەوت دەدەینە تورکیا یان بەرژەوەندیمان لەوە دایە؟ بەدڵنیاییەوە ئەگەر تورکیا جارێک سوود لە نەوتی کوردستان وەربگرێت، ئێمە دەیان جار و زیاتریش، دەی پێم بڵێن، ئەگەر تورکیا نەبێت، ئێمە چۆن نەوت هەناردە دەکەیت بۆ بازاڕەکانی جیهان؟ ئەگەر تورکیای ئێستا نەبێت، بێشک یان دەبێت نەوتەکە بدەینە ئێران کە ئەگەر ئەوە بکەیت، ئەو ئەمەریکایەی دونیا هەترەشی لێی چووە، لێمان قبوولّ ناکات، ئێ لە ڕێگەی سووریاشەوە ناتوانین، چونکە پڕی بووە لە مافیا و چەقۆکێش و جیهادی، دیارە نەوت لەو دۆخە مافیاییەدا هەناردە ناکرێت. من باسی ئێستا دەکەم نەک سبەی، ڕەنگە سبەی سووریا پەیوەندیی لەگەڵ هەولێردا زۆریش باش بێت، ئەوەش سیاسەتە. خۆ ئەگەر بە عێراقیشی بدەین، ئەوکات یانی ئێمە هیچمان نەکردووە، لێرەدا گرنگە ئێمە بە عێراق و ئێران و سووریاش بڵێین کە منەتمان پێتان نییە، چونکە خۆمان نەوت دەفرۆشین، هەڵبەت ئێمە باسی ڕێککەوتنی نەوتی نێوان هەولێر و بەغدا ناکەین، ڕێک باسی ئەو کاتانە دەکەم کە عێراق هەر ڕۆژەی لە

دەرگەی وڵاتێکی دەدا بۆ ئەوەی نەوتی کوردستان نەفرۆشرێت، بەڵام تورکیا گوێی بە عێراق نەدا و نەوتی کوردستانی فرۆشت، هەڵبەت بۆ ئەمەش پارەی دەوێت، چونکە وڵاتە و ڕێکخراوی خێرخوازی نییە، بە خراپیش بووبێت، بەڵام ئێمە نەمردین لە برسان و مانگانە نیو مووچەکە وەردەگرین.

وزە بە گشتی بۆ ئایندەی کوردستان زۆر گرنگە، هەم ئابووریی کوردستان بەهێز دەکات، هەمیش ئێمە لە ڕێگەی وزەوە دەتوانین بەرژەوەندیی زلهێزەکان بهێنینە کوردستانەوە، کاتێک ئابووریی کوردستان بەهێز دەبێت، کوردستان لە تەواوی سێکتەرەکانی دەبووژێتەوە و پێشدەکەوێت، کاتێکیش ئەوە ڕوویدا ئیدی بناغەی کوردستانێکی تەندروست دروست دەبێت.

لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە وزە دەتوانێت بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهان بهێنێتە هەولێر، کاتێکیش بەرژەوەندیی زلهێزەکان هاتە کوردستانەوە، ئەوکات لەبەر خۆیان و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییان زۆر شتمان بۆ دەکەن و لە هەڕەشەکانیش دەمانپارێزن، بگرە دەوڵەتیشمان بۆ دروست دەکەن.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣٠٨١ لە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/١٣

ئەمەریکا و شەڕی گرووپە توندڕۆ ئیسلامییەکان

ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتی لە عێراق، سووریا و ئەفغانستان، هێندەی لەڕووی چەکداری و بەگەڕخستنی تانک و بۆردومانی بنکە و بارەگەکانی چەکدارانی تیرۆریست و تونڕۆکان، کاری کرد و ئێستاش دەیکات، بەپێچەوانەوە لەڕووی فیکری و وشککردنی سەرچاوە و هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەسەندنی داعش و گرووپەکانی دیکە کاری نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی هەم عێراق و هەمیش ئەفغانستان خۆیان هیچ هەوڵێک نادەن بۆ ئەوەی مەترسیی تیرۆر لە خۆیان دوور بخەنەوە، بەپێچەوانەوە خۆیان زۆربەی کاتەکان دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو گرووپانە، بۆ نموونە گوایە شەڕی داعش دەکات، عێراق دێت حەشدی شەعبی دروست دەکات، ئەگەر داعش گرووپێکی تونڕۆی سوننە بوون، ئەوا حەشدی شەعبی پەرچەکرداری شیعەکانە لە دژی چەکدارە سوننەکانی ناو داعش و لە ئایندەشدا حەشد هەمان ڕۆڵی داعش دەگێڕێت، بەڵام لە بەرگێکی تردا کە کەم کەس دەرکی پێ دەکات، بەتایبەتی ئەوەی حەشد وەک هێزێکی ترسناک و وەک فۆبیایەک دەخزێتە ناو ناخی هەر تاکێکی

عێراقییەوە، بەتایبەتی ئەو ترسە شاراوەیە بۆ سوننە و کورد زیاتریش دەبێت، چونکە حەشد لەخۆیەوە دروست نەکراوە، بەڵکوو پرۆژەی سیاسی و مەزهەبییە و شیعەکانی عێراق و ئێران لە دژی سوننە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن دروستیان کردووە، ئەگەر کارێکی خراپیش بکەن، کەمتر ڕووبەڕووی یاسا دەبنەوە، واتە ئەوەی سوپا پێی ناکرێت یان نابێت بیکات، حەشدی شەعبی دەتوانێت بیکات، بەهۆی ئەوەی هێزێکی میلیشیاییە و تەنیا بۆ پارە لە پەرلەمان بەرگی یاسایی بە بەردا کراوە.

ئەوەی دڵی بە ڕۆیشتنی داعش خۆشە، واتە لەڕووی سەربازییەوە، ئەوا دووبارە پێویستی بە وردبوونەوە لە دۆخی ئامادەی عێراق و ناوچەکە هەیە، بەوەی هەمیشە دەکرێت گرووپگەلی توندڕۆ، بەڵام لەژێر تایتڵی جیاواز و بۆ یەک ئامانج سەرهەڵبدەن، ئەو هەڕەشانەی ناوە ناوەش لە ناوچەکانی ماددەی سەدوچل و شارەکانی دیکەی عێراق لەلایەن داعشەوە دەکرێن، دەکرێت سەرەتای سەرهەڵدانی گرووپگەلی توندڕۆ بێت، مەرج نییە ئەو هەڕەشانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە داعشەوە هەبێت، ڕەنگە گرووپی دیکە بن و لەژێر ناوی داعشدا چالاکیی تیرۆریستی دەکەن، هەتا ئەوکاتەی بەهێز دەبن، ئینجا خۆیان ڕادەگەیەنن، واتە دەکرێت تایتڵی داعش بڕوات، بەڵام ژینگەی فیکری و جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی عێراق و ناوچەکە زۆر لەبارە بۆ دروستبوونی گرووپگەلی تیرۆریستی دیکە، داعش نا، هی دیکە دێت کە دواجار هەموویان دەچنەوە ناو یەک بازنەی هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگە.

فیکری توندڕۆیی ئیسلامی وەک ڕژاندنی پەرداخێک ڕەنگە لەنێو مەنجەڵێک ئاوی پاکدا کە بەخێرایی ڕەنگی ئاوەکە دەگۆڕێت، ئینجا ژینگەی عێراقیش وەک مەنجەڵەکەیە کە فیکری توندڕۆیی تێیدا بەردەوام لە گەشەکردندایە، بۆیە گرنگ ئەوەیە کورد ئەو مەترسییە بەهەند وەربگرێت، ئەگەر ئەمڕۆ لە چیای قەرەچووغ چەکدارانی تیرۆریست هەڕەشە دەکەن و دەسووڕێنەوە، دەکرێت سبەی لە شوێنێکی تردا بن، ئینجا کوردستان دەبێت بەجدی ئیش بۆ وشککردنی سەرچاوەی فیکرەکە بکات بۆ ئەوەی توندڕۆیی لە خۆمان دوور بخەینەوە، چونکە ئەوان سەرەتا وەک ڕەخساندنی زەمینە کار دەکەن و دواتر کردەی چەکداری ئەنجام دەدەن، هەر کە تەواو گەشەش دەکەن و لەڕووی فیکرییەوە دەچنە ناو ناخی خەڵکانێکەوە، ئیدی زەحمەتە بتوانین شەڕی ئەو فیکرە توندڕۆییە بکەین لە نموونەی میسر لەوەتای ئیخوانی تێدا سەریهەڵداوە، بەردەوام لە هەموو قۆناعەکانی ئەو وڵاتەدا ئاڵۆزی و مەترسی تێدا خۆی نوێکردووەتەوە و لە بەرگ و بە هۆکاری جیاوازەوە هەڕەشەن بۆ سەر کۆمەڵگەکە کە زۆربەی هۆکارەکانیشی فیکری توندڕۆیی ئیسلامییە کە سەرچاوەکەی خۆی لە ڕەتکردنەوەی بەرانبەردا دەبینێت.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣٠٨٤ لە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/١٦

ڕاسیزم

نەتەوەکەتت خۆشبوێت و هەموو ڕێگەکانیش تاقیبکەوە و کۆشش لە دوای کۆشش بکە بۆ ئەوەی نەتەوەکەت بە زیندوویی بیهێڵیتەوە دروستتر سەری بخەیت، بەڵام هەرگیز ڕاسیست مەبە و کۆی نەتەوەکانی دیکە سفر مەکەوە، چونکە ئەوە نەک هەر سوودی بۆت نابێت، بەڵکوو زیانی گەورەش بە جەستەی نەتەوەکەت دەگەیەنیت، هەرچەندی ڕاسیست بیت، هێندەی دیکە دوژمنەکانت زیاتر و بەهێزتریش دەبن.

دین پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەستی ڕاسیستیدا هەیە، بەوەی تەنیا خۆی و پێغەمبەرەکەی بە پێرفێکت دەزانێت، بە تایبەتی ئیسلام کە زۆرینەی پەیڕەوانی، واتە موسڵمانان، جگە لە ئیسلام هیچ دینێکی دیکە بە ڕاست نازانن، هەر بۆیە زۆرترین ڕێکخراو و گرووپی تیرۆریستی و توندڕۆیی لە جیهانی ئیسلامیدا دروستبوونە، کە بانگەشەی بانگخوازی دەکەن و کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و چالاکییە تیرۆریستییەکانیان، تەنیا لە ناوچەی خۆیان چەقبەستوو نەکردووە، بەڵکوو لە ناو جەرگەی وڵاتانی ئیسلامیدا بەرنامە و نەخشە بۆ کردەی تیرۆریستی لە ئەمەریکا و ئەورووپا دادەنێن. ئەو عەقڵییەتە پێیوایە، ئیسلام لەژێر هەڕەشەدایە و پێویستی بە بەرگریکردن لێی هەیە، ئەگینا لەنێودەچێت و هێزی شەیتان و کافرەکان ئیش بۆ نەهێشتنی دەکەن!

ئینجا بۆ ئەوە، موسڵمانی تووندڕۆ ماف بە خۆی دەدات، خەڵکی دیکە و ئایینی دیکە بکاتە ئامانج، چونکە تەنیا خۆی پێڕاست و دوایین ئایینی خوداش بە ئایینی هەموو مرۆڤایەتی دەزانێت، لەکاتێکدا سوور دەزانێت جیهان دابەشی سەر چەندان ئایینی غەیرە ئیسلام بووە بۆ ئیسلام یان بۆ موسڵمانێتی، دەستبەرداری ئایینی خۆیانیش نابن، کەوایە جەختکردنەوە لەوەی ئەوانە بێنە سەر ئایینەکەت، تووندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، لە نموونەی کردەی تیرۆریستی و تۆقاندن و ڕفاندن و بە بارمتەگرتن.

کاتێکیش سەددام حوسێن کورد ئەنفال دەکات و ڕووداوی خوێناوی و ژەهراوی هەڵەبجەش دەخوڵقێنێت، ئەوە هەموو عەرەب وایان نەکردووە، ئەگەرچی دەکرا بە لێشاو لێی بێنە دەنگ، بەڵام کاتێک زۆرینەی عەرەب بێدەنگبوون، ڕەنگە ئێمە لە ناخی ئەوان نەگەیشتووبین، دەکرێت لەڕووە میللییەکەوە زۆرینەی لە دڵەوە نیگەران بووبن، بەڵام بەهۆی ئاستی خراپی میدیا و ئینتەرنێت لەو کاتدا ڕووداوەکە وەک خۆی بڵاو نەبووەوە و ئێمەش هەموو کاردانەوەکانمان نەزانیبێت، ئەگینا دەکرێت کەسێک لە دیمەشق، یان قاهیرە و بەیرووتیش دژی کردەکانی سەددام بووبن بە تایبەتی ئەنفال و هەڵەبجە، بەڵام ئێمە وەک پێویست ئەو دەنگانەمان نەژنەوتبێتن، ئەوەش بەو مانایە نییە، کورد بڵێ هەموو عەرەبێک وەک سەددامە، لەو عێراقەدا کە خۆی بەناو مێژووی خوێندا گوزەری کردووە، زۆرترین سەرکردەکانیان یان کوژراون یان کودەتایان بەسەردا کراوە، ئینجا بۆ تۆ چاوەڕێی ئەوە لە عەرەبی عێراقی دەکەیت کە گوڵت بە دیاری بۆ بێنێت!

سەددام تاوانی دەرهەق بە کورد کرد، بەڵام نابێت کورد پێیوابێت هەموو عەرەبێک بەشدارن لەو تاوانکارییانەی سەددام دەرهەق بە

کورد ئەنجامی داون، ئەمەش بەو مانایە نییە کورد گلەیی لە عەرەب نەبێت لە ئاست بێدەنگبوونیان، بەڵام بیرت نەچێت هەموو بێدەنگییەکیش مانای قبووڵکردنی کارەکانی سەددام حوسێن نییە، زۆرینەی لە ترسان بێدەنگبوون، ئەگەرچی من پێموایە عەرەبی عێراقی، هێندەی کۆی عەرەبی وڵاتانی عەرەبی، دژی کوردن، واتە ئەگەر عەرەبێکی عێراقی ١٠ جار ڕقی لە کورد بێت، ڕەنگە عەرەبێکی سعوودییە یان لوبنان، یەک جار و ئەویش لەژێر هەژموونی میدیای ڕاسیزم و بەعسی عەرەبیدا ڕقیان لە کورد بێتەوە، واتە ئەوەندەی عەرەبێکی ڕاسیزمی عێراقی، کێشەی لەگەڵ بوون و شوناسی کورددا هەیە، عەرەبێکی میسری و لوبنانی نیانە، چونکە کێشەی کورد لێرەیە نەک میسر و وڵاتانی دیکە، کەوایە ناکرێت کورد بە یەک چاو سەیری هەموو عەرەبێک بکات.

میدیای کوردی، بەڵام بە زمانی عەرەبی و تورکی، دەتوانێت ئەو ڕێژە کەمەش کەمتر بکاتەوە، بەوەی بتوانێت کورد وەک خۆی بناسێنێت و ئەوەی ڕاسیزمی عەرەبی عێراقی و تورکییە، لە زاکیرەی عەرەبی وڵاتانی دیکەدا و تورک، لە دژی کورد دروستیان کردووە، بسرێتەوە، ئەوکات دۆخەکان جیاواز دەبن، واتە دەکرێت میدیا وێنایەکی دیکەی کورد نیشانی جیهانی عەرەبی و تورکی بدات، ئاخر کاتێک حەیدەر عەبادی ناوی پێشمەرگەی نەدەهێنا، ئەمە بۆ ئەوەبوو کە عەرەبی وڵاتان سۆزیان بۆ کورد و پێشمەرگە نەجووڵێت، بەوەی دژی داعش شەڕ دەکەن! بەڕاستی عەبادی ڕاسیستێکی عەرەبی ئیسلامی بوو، نموونەی کەمە!

لەم عێراقە وێرانەیەدا سەددام حوسێن دروستبووە، ئەیاد عەلاویشی هەیە، نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی لێ پەیدا بوونە، بەڵام دوای ئەوان عادل عەبدولمەهدیشی لێ پەیدا دەبێت و بۆ کورد بە بەراورد

بە هەموویان نەختێک باشتر بووە، بەڵام نازانم تاسەر ئەویش بەمجۆرەی ئێستای دەمێنێتەوە یان چۆن دەبێت!
کاتێکیش ژمارەیەک ڕاسیستی تورک لە ناوچە گەشتیارییەکانی ترابزۆنی تورکیا کە بە ناوەندی ڕاسیزمی تورکی هەژمار دەکرێت، لەسەر هەڵکردنی ئالای کوردستان، هێرش دەکەنە سەر چەند گەشتیارێکی کورد و سووکایەتیان پێدەکەن، بیرت نەچێت، ئەوە هەموو تورکەکانی ئەو وڵاتە وایان نەکردووە، ئەگەر کەمیش بووبێت، بەڵام چەند پەرلەمانتار و کەسایەتییەکی تورک، دژی ئەو ڕەفتارەی هاوڕەگەزەکانیان هەڵوێستیان هەبوو، ئینجا با بێینە سەر خودی گەشتیارە کوردەکان، کاکە، دادە، تۆ مادام کوردیت و چوویتەتە وڵاتێک کە کێشەی لەگەڵ کورددا هەیە و تازەش دیپلۆماتکارێکی تورک لە شارێکی کوردستانی کوژراوە، ئێ چیتداوە لە هەڵکردنی ئالای کوردستان! دەزانیت هەڵکردنی ئالای کوردستان لە ناوچەیەکی تەواو تورکی و لە ناوەندی ڕاسیزمی تورکیدا، جگە لە زیان هیچ سوودێکی بۆ کورد نابێت، تۆ گەشتیاریت، چوویتەتە ناو خاکی وڵاتێکی دیکەوە، ئێ دەبێت نەختێک هۆشیاری ئەوەت هەبێت کە کورد بە گشتی کێشەی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە، واتە نیزامی سیاسی نەک تورک بە گشتی، ئەوە بێوێژدانییە پێمانوابێت هەموو تورکێک ڕقیان لە کورد دەبێتەوە، هی وایان تێدایە تەنیا خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیەتی، تەنانەت ئەو دەمیرتاشەی ئێستا لە زیندانایە، ببێتە سەرۆکی تورکیا، ئەوان کێشەیان لەگەڵی نییە، چونکە ڕاسیست نین و بۆ خۆیان دەژین، بەڵام هی وایان تێدایە نەک زیندانی، ئێستا حەز دەکەن دەمیرتاش لەسێدارەش بدرێت، چونکە ڕاسیستن و چاویان جیاوازییەکان نابینێت، ڕاسیزم تەنیا خۆی پێ تەواوە و ئەوانی تر دەسڕێتەوە یان بە چاوی سووک سەیری بەرانبەرەکەی دەکات.

بەڕاستی شیاو نییە کاتێک تۆ کێشەت لەگەڵ عەبادی و ڕاکان جبووریدا هەیە، بەڵام بە هەموو عەرەبێک بڵێی عەرەبی پێ پەتی! جارێ ئەمە هەر خۆی سووکایەتییە و ڕاسیستی تەواویش نییە، گوتارێکە دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی ترس لە عەرەب دروستبووە، ئینجا ڕاسیستیش خۆ هەر وا ئاسان نییە، ئەوانەی ڕاسیستن، خاوەنی دڵێکی بەهێزن، دەتوانن هەموو شت ڕەت بکەنەوە، کەس نەبینن، تەنیا خۆیان پێ باشە و پێیانوایە نەتەوە و ئایینەکەیان دەبێت سەرداری جیهان بن و هەموو ئەوانی تر گوێڕایەڵ و کۆیلەیان بن.
ڕاسیزم بەڵایە بۆ گیانی هەر نەتەوە و وڵاتێک کە تێیدا ئەو فیکرە کۆنەپەرستییە ڕەواجی هەبێت، عێراق و تورکیاش، هەتا بەدەست ڕاسیزمەوە گیرۆدە بن، هەرگیز ئارامی بە خۆیانەوە نابینن، سەددام کوردی ئەنفال کرد، بەڵام عێراق ئارامی بەخۆیەوە نەدیت، عەبادی کە مۆدێلی ڕاسیزم و ئایینی تێکەڵ کردبوو، هێرشی کردە سەر کورد، بەڵام براوە نەبوو و عێراقیش نەیتوانی ئارام بێت، تورکیاش هەتا ڕاسیزم تێیدا برەوی هەبێت، ئارام و سەقامگیر نابێت، تۆی کوردیش مافی خۆتە نەتەوەکەتت خۆشبوویێت، بەڵام با ڕاسیزم نەبین!

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣١٢٦ لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٢

ڕاسیزمی کوردی

ڕاسیستەکانی کورد لە گەیاندنی پەیامە ناسیۆنالیزمییەکانیاندا، هێندە هەژارن کاتێک گوێت لە گوتەکانیان دەبێت و بابەتەکانیان دەخوێنیتەوە کە ڕەخنە لە بەرانبەرەکەیان دەگرن، پێکەنینت پێیان دێت.

ڕاسیزم لە وڵاتاندا فیکری لەپشتە، ئەوە ڕوانگە و ئامانجی نەتەوەییە وایکردووە ڕاسیزم کاریگەریی گەورەی لای وڵاتان هەبێت، ڕاسیستی خەڵکی پێیانوایە ڕەگەزی ئەوان باشترینە و جیاوازە لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی سەر زەوی، لەم دیدە فیکرییەوە دەخوازن سەروەریی جیهان بن، بەڵام هی کورد، لە کۆمێدیا دەچێت. بۆچی؟

بەناو ڕاسیستەکانی کورد بەسەر چەند حیزب و بەرەیەکدا دابەش بوونە، پارتی و یەکێتی و پەکەکە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کاتێک پارتی نێوانی لەگەڵ تورکیادا خۆشە، ڕاسیستە یەکێتییەکان دژی ئەردۆغان دەوەستنەوە و جنێو بە تورکەکان دەدەن! کاتێکیش یەکێتی نێوانی لەگەڵ ئێراندا خۆشە، پارتییەکان بە هەمان شێوە، ڕەخنەی ئێران دەکەن و کاریکاتێر دروست دەکەن.

لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەکەکە لە باکوور و هاوفیکرەکانی لە ڕۆژئاوا، لەبەر ئەوەی ناتوانن ناوچە کوردییەکان بخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە، دژی ئێران و تورکیان و جنێوبارانی فارس و تورکەکان دەکەن.

ورد هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن، کاتێک نازییەکان هێرشیان کردە سەر وڵاتانی دراوسێ و ڕووسیا، ئەڵمانیا لەلایەن هیچ یەکێک لەو وڵاتانەوە داگیر نەکرابوو، ئەوە ڕاسیزمی ئەڵمانی بوو دەیویست وڵاتان و گەلانی ناوچەکەیان و نەتەوە نائەڵمانەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، چش لەوەی کورد، پەرچەکردار بە ناسیۆنالیزمی و ڕاسیزم تێگەیشتووە، خۆی پێ ڕاسیزمە و چاوی لە پارە و پۆستی بەغدایە! ڕاستییەکی تاڵیش هەیە، بەناو ڕاسیستەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان حەز دەکات پارچەکانی دیکەی کوردستان سەرکەوتوو نەبن و لە بەرانبەر وڵات و نەتەوەی غەیرە کورددا شکست بخۆن، بۆچی؟ ڕاسیزم لەنێو کورددا وەکوو فیکر و ئایدۆلۆژیا ئامادەگی نییە، ئەوەی دەگوزەرێت شەڕەدەنووکی حیزبایەتییە نەک کوردایەتی. پێموانییە ڕاسیزم جنێودان و قسە و ڕەخنەی بازاڕی بێت، هەڵگرانی ئەو فیکرەیە، دەبێت باوەڕێکی پتەویان هەبێت بۆ ئەوەی لە ناخەوە بتوانن ڕەگەزی (نەتەوە)ی خۆیان بەسەر ئەوی دیکەدا باشتر ببینن، لەنێو کورددا بەهیچ شێوەیەک ئەو هەست و باوەڕە نییە، بەناو ڕاسیزمی کوردی، فیکر و ئایدۆلۆژیای نییە، پەرچەکرداری ناوخۆییە کە حیزبە کوردییەکان لە ڕقی یەکدی، کادیر و ئەندامەکانیان بۆ هێرشکردنە سەر وڵات و دراوسێکانیان هان دەدەن، ئەگینا ئەوەی هەیە، ناچێتە چوارچێوەی ڕاسیزمێکی تەواوەوە.

ڕاسیزم مالوێرانکەرە، بەدبەختی بۆ ئەو وڵات و گەلانە دەهێنێت کە ڕاسیزم تێیاندا گەشە دەکات، ئەڵمانەکان بەهۆی ڕاسیزمەوە وڵاتەکەیان وێران بوو، کورد بەهۆی ڕاسیزمی عەرەبییەوە، ئەنفال و کیمیاباران کرا و تورکیاش بەهۆی ڕاسیزمی تورکەوە، ناوچە کوردستانییەکانی ڕۆژئاوا داگیر دەکات و سەرکردە کوردەکان دەستگیر دەکات.

بەگشتی ڕاسیزم بەدبەختییە بۆ پێکەوەژیان و داهاتووی مرۆڤایەتی، ناکرێت کورد کە خۆی قوربانیی دەستی ڕاسیزمە، ڕەواج بە ڕاسیزم بدات. ئەرێ کورد ڕاسیزمی هەیە؟

سەرباری ئەوەی ڕاسیزم خراپترین ئایدۆلۆژیایە و لەگەڵ ئەو سەردەمە ناگونجێت، کەچی کورد ئەوەشی نییە، ئەوەی هەیەتی و دەیکات، پەرچەکرداری سەرپێییە و لە دژی یەکدی جنێو بە نەتەوەکانی تر دەدەن. جوان دیقەتی ئەو بەناو ڕاسیزمەی کوردستان بدەن، زیاتر کێشەی حیزبییە تا نەتەوەیی بێت، کەسییە تا جەماوەری. مادام ڕاسیستیت، وەک چۆن ماف بە خۆت دەدەیت جنێو بە فارس بدەیت، دەبێت جنێو بە تورک و عەرەبیش بدەیت، مادام بە ڕەوای دەبینیت سووکایەتی بە گەلی تورک بکەیت، دەبێت هەمان تیریش ئاراستەی فارسەکان بکەیت کە من پێموایە ئەوە خراپترین بژاردەیەکە و کورد نابێت هانا بۆ ڕاسیزمبوون ببات، لەگەڵ ئەوەی بە ژیانی کوردێک نابینیتەوە ڕاسیستی تەواو بێت، تەنیا ڕۆڵی جنێودەر دەبینێت.

ئەو بەناو ڕاسیستانەی کورد جنێودان بە کوردایەتی تێگەیشتوون، جنێو بە عەرەبی عێراقی دەدەن، کەچی چاویان لە مووچە و پۆست

و ئیمتیازاتەکانی بەغدایە، جنێو بە ئەردۆغان و تورکەکان دەدەن، لەولاوەش بە واسیتە ڤیزای تورکیا وەردەگرن و دەچنە سەر ڕووبارەکانی تورکیا و بە پۆزەوە وێنەکانیان پۆست دەکەن! جنێو بە ئێران دەدەن، شیر و ماست و پەنیر و برنج و نۆک و سێوی ئێرانی نەبێت، بازاڕەکەیان هەژارترین بازاڕی ناوچەکە دەبێت.

بیرم کەوتەوە، لە مارکێتێک بووم، گوتم بزانە کەس بڕیارەکەی ژووری بازرگانیی هەولێر جێبەجێ کردووە، سەدا هەشتای شیرەمەنی و خۆراک و کەلوپەلکانی مارکێتەکە، ئێرانی بوون!

عێراق.. ژینگەی لەبار بۆ بیری توندڕۆیی

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) پێش ئەوەی کۆمەڵەیەکی توندڕۆی یاخی چەکدار بن، لە بنەڕەتدا ڕەوتێکی فیکری و ئایینین، بەهیچ جۆرێکیش بە ئیسلام و تراديسیۆنە دێرینەکەیشی نامۆ نین. دروستە دەگوترێت کۆمەڵێک چەتەن و بەربوونەتە گیانی هاوواڵاتییانی سڤیل و کردەی تیرۆریستی لە شوێنگە جیاوازەکانی ناوچەکە بەتایبەتی لە عێراق و سووریادا ئەنجام دەدەن، بەڵام ڕاستییەکەی داعش تەنیا گرووپێکی چەکداری نییە و بەتەنیا گوزارشت لەو چەکدارانەی ناکات کە ئەرکی شەڕکردن و سەربڕینی مرۆڤیان پێسپێردراوە، بەڵکوو ئەوەی لەپشت چەکدارانی داعشەوەیە، عەقڵی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامییە، دەوڵەتێک جگە لە خۆیان، واتە هاوفیکرەکانی داعش، کەسی دیکەی تێدا نەبێت و جگە لە ئیسلامیش هیچ ئایینێکی تر تێیدا قبووڵکراو نابێت.

ئەوە ڕاستە داعش بۆ هەوڵی فراوانخوازییەکەی پشت بە تۆقاندن و سەربڕین و کۆمەڵێک چەتەی تەروەشێن و سەربڕ دەبەستێت،

تاستێکیش لە قۆناغی سەرەتای دەرکەوتنیان لە مووسڵ و ڕەقە، سوودیان لەوە بینی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ترسەوە، بتوانن گەشە بکەن تا ئاستی ئەوەی سوپایەکی پڕ چەکی وەک ئەوەی عێراق کە چەک و ئامێری سەربازی پێشکەوتووی لە ئەمەریکاوە بۆ هێندرابوو، بەڵام ئەو سوپایە کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێنەوە، ئەمەریکا ڕاهێنانی پێ کرد، لە چنگ ١٠٠ چەکدارێکی داعش هەڵات و زۆرترین ڕووبەری مووسڵ و دەورەبەریان ڕادەستی ئەو چەند سەد کەسە کرد، ئەمەش هێندەی تر داعشی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی ترس و تۆقاندن سوودی بۆی دەبێت.

بۆیە لە قۆناغەکانی دواتردا لەبری هەر کوشتنێکی ئاسایی بە چەک، داعش پەنای بۆ سەربڕین و تەنانەت زیندەبەچاڵکردنی مرۆڤ و خستنە ناو ڕووبارەوە بینی، بەڕاستی ئەوە سوودی بۆ داعش هەبوو بە جۆرێک سوپا هەترەشی لە سەربڕین و زیندەبەچاڵکردنی ئەندامەکانی هەبوو، بەهۆیەوە وەزیفەی سوپا لەبری بەرگریکردن لە خاک، بوو بە ڕادەستکردنی خاک و ڕاکردن و جێهێشتنی ئامێر و تانک و ئۆتۆمبێلی سەربازی.

داعش دوای نزیکەی چوار ساڵ لە شەڕی سەربازی شکا، شەڕی چەکداریش یان سەربازی لە دژی ئەو گرووپە، واتە داعش چەندە گرنگ بووبێت، بەڵام هەموو شت نەبووە و نابێت، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی فیکری لە دژیاندا، دەیان جار و بگرە زیاتریش گرنگتر و پێویستتریشە بۆ لاوازکردنی ئەو گرووپە (بیر). هەڵبەت ئێمە باسی لاوازکردن دەکەین نەک کۆتایی پێهێنانی، چونکە داعش تەنیا بە چەک لەناو ناچێت، ڕاستە لاواز دەکرێت، بەڵام

لەڕووی فیکرییەوە دەمێنێتەوە، ئینجا خۆی ئەوە مەترسییەکەیە، لەبەر ئەوەی هەمیشە دەرفەتی سەرهەڵدانەوە لەبەردەم خۆیدا دەدۆزێتەوە، بەهۆی ئەوەی لە بنەڕەتدا گرووپێکی توندڕۆی فیکرین و بەڕاشکاوی خۆیان لەسەر ئایدۆلۆژیای ئیسلام ساغ کردووەتەوە.

کەوایە شەڕی چەکداری بە تەنیا بەس نییە تا دەوڵەت بتوانێت بەسەر داعشدا سەرکەوێت، بەڵکوو دەبێت لە تەک شەڕی چەکداری هاوکات شەڕی فیکری و هۆشیارکردنەوەی خەڵکیش لە پڕۆسەیەکدا کاری لەسەر بکرێت، بەتایبەتی ئەو کەسانەی فریویان خواردووە و بوونەتە چەکدار یان هاوبیری داعش، لە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دانراودا هۆشیار بکرێنەوە بەوەی فریودراون و داعش بۆ مەرامی تایبەتی بەکاریانی هێناون.

هەرچی گرووپ و ڕەوتێکی توندڕۆ و بەناو میانڕۆی ئیسلامیش هەن، لە ژینگەی ئاڵۆز و تەژی لە ململانێی سیاسی و ئابووری و بێکاری و دواکەوتوویی سەرهەڵدەدەن یان گەشە دەکەن. سەرهەڵدانی فیکری داعشیش بەر لە کەوتنی مووسڵ بوو، بەڵام کەوتنی مووسڵ ئەو گرووپەی زیاتر ناساند و گەورەتریشی کرد چ لە ڕووە مەترسیدارییەکەی یان بەهێزبوونیان، بەهۆی ئەوەی خاکێکی زۆری چنگ کەوت و کەلوپەل و پاشماوەی بە کەڵکی سوپایەکیشی کەوتە ژێردەست و دواتر لە شەڕگەکاندا سوودی لێبینی، بەوەی بە چەکی خۆیان لە سوپای دەدا. بۆیە گرنگە بنووسین داعش لە خۆیەوە مووسڵی نەگرت، بەڵکوو دۆخی سیاسی و ئابووری، بێزاری و بێکاری، بێباکی حکوومەتەکەی نووری مالیکی وایکرد ئەو گرووپە بەزوویی لە عێراقدا گەشە بکەن و لەلایەن

بەشێکیش لە هۆز و خەڵکی نەینەوا و دەوروبەری، لەتاو ئازار و بۆ ڕزگاربوون لە ناعەدالەتی حکوومەتەکەی مالیکی و پێشتریش، پێشوازی لەو گرووپە کرا، بە جۆرێک ئەگەر گەمژە نەبوونایە، دەرفەتی بەهێزبوونیان زۆر زیاتریش دەبوو، بەڵام هەرزوو کەوتنە وێزەی خەڵکی مەدەنی و دەستیان کرد بە تاوانکاری، ئەمەش بووە بیانووێک بۆ سنووردانان لەبەردەم گەشەی ئەو گرووپە تیرۆریستییەدا، بەتایبەتیش کاتێک هێرشیان کردە سەر هەرێمی کوردستان، ئیدی دۆخەکە چیتر لە بەرژەوەندیی داعشدا نەما، بەوپێیەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دروست کرا و ئەمە جگە لەوەی بە پێچەوانەی سوپای عێراقەوە، پێشمەرگە شەڕی بەرانبەریان کرد، ئەگەرچی لە هەندێک ناوچەشدا هاتنە پێشەوە، بەڵام ئیدی داعش هەستی کرد چیتر بەبێ شەڕ ناتوانێت فراوانخوازی بکات، بەوەی هێزێک هەیە و ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەویش پێشمەرگەیە.

دۆخی عێراق چ لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی بەهۆی بێکاری و ناعەدالەتی، زۆر لەبارە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش یان دروستبوونی گرووپی نوێی هاوشێوەی داعش، هاوواڵتی عێراقی بەدەست دەیان و سەدان قەیران و ناعەدالەتی و بێکاری دەناڵێنن، ئەمەش کاریگەریی گەورەی لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاک و کۆمەڵگە دروستکردووە تا دواجار هەوڵی دەربازبوون یان تۆڵەکردنەوە لەم دەسەڵاتەی بەغدا دەدەن، بەوەی خۆیان دەدەنە پاڵ گرووپە سەرهەڵداوەکان یان گرووپی نوێ دروست دەکەن لە نموونەی پێشوازیکردن لە داعش.

کاتێک لەنیوەشەوێکدا داعش بە ١٠٠ چەکدارێکەوە گەورەشاری مووسڵی گرت، ئەمەش دەکرێت بەڵگەیەک بێت لەسەر ئەوەی بەشێک لە هاوشارییەکانی مووسڵ و دەوروبەری لەسەرەتادا پاڵپشتی ئەو گرووپە بوون، تەنانەت حکوومەت و سوپا هەستی بەوە کردبوو، بۆیە هەرزوو هەڵاتن.

بە سەیرکردن و وردبوونەوە لە کردە تیرۆرییەکانی ئێستا کە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا ئەنجام دەدرێن، چ لە ڕفاندن و کوشتن و کردەی تیرۆریستییەوە تا دەگاتە شەڕی پارتیزانی، دەتوانین ئەمە وەک بەڵگەیەک وەربگرین و بڵێین لە ئێستا دۆخی عێراق تەواو لەبارە بۆ سەرهەڵدانی گرووپی توندڕۆ، ئینجا داعش بێت یان گرووپی دیکەی هاوشێوە، بەوەی گرووپە توندڕۆ ئیسلامییەکان لەو شوێنگە و وڵاتانە دروست دەبن و گەشە دەکەن کە ژینگەیەکی لەباریان تێدایە بۆ گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی. ڕێک ئێستای عێراق لەم دۆخەدایە و خەریکە لە دوای قۆناغی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی داعش لەڕووی سەربازییەوە، ئەو گرووپە یان هاوشێوەی گەشە دەکەنەوە، مەگەر ڕۆژانە چالاکی و کردەی تیرۆریان نابینین.

بەڵام عێراق خۆی لێ لە گێڵی داون، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت، بەڵام ڕاستییەکەی ژینگەی ئێستای عێراق بە تەواوەتی لەبارە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش یان هاوشێوەکانی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەریی نێگەتیف لەسەر هەرێمی کوردستانیش دادەنێت و لەو دۆخەشدا هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە دەبێت مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش و هاوشێوەکانی بەهەند وەربگرێت و چاوی لە بەغدا نەبێت ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە، لەبەر ئەوەی ژینگەی

عێراق لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستاندا جیاوازە و ئەوێ لەبارترە بۆ گەشەکردنی فیکری تۆندڕۆیی، دەوڵەت دەستەوەستان بووە و ئیشی تەنیا بووەتە ئەوەی لە کوێ دوو چەکداری داعشی دیت، دەیان تانک و تۆپ بە ئاڕاستەیاندا بجوولێنێت و لایەنی فیکری و ئەوەی پاڵی بە چەکدارێکەوە ناوە ببێتە داعش، فەرامۆش کراوە و سیاسەتی دەوڵەتیش لەبری هۆشیارکردنەوە و لاوازکردنی هۆکار و سەرچاوەکانی دروستبوونی فیکری داعشی، پشتی بە جوڵەی تانک و ئاڕاستەکردنی هاوەن بەستووە، ئەمە بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی داعش لاواز بکرێت.

ئێستا هیچ ستراتیژیەتێک و هەوڵێکی زانستی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و فیکری تۆندڕۆیی، هەر هیچ نەبێت لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش بکۆڵدرێتەوە و پرسیار لە خۆیان بکەن، بۆچی داعش لە مووسڵ بە سەد چەکدارێکەوە توانی سوپایەک ڕاو بنێت؟ ئایا دیسان سوپا لە شوێنێکی دیکە هەڵنایەتەوە؟

هەفتەنامەی وشە/ ژمارەی (٢٩٣) لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٩/٨/٧

هەڵبژاردنی کەرکووك..

مەترسییەك دەبێت بەهەند وەربگیرێت

بەگوێرەی کاتی دیاریکراو بێت، هێشتا کاتی پێویست لەبەردەم هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا ماوە بۆ ئەوەی لە پەیوەست بە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکاندا خۆیان ڕێک بخەنەوە، بەدیاریکراوی پرسی بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووکدا کە ئەم کەیسە بە نیسبەت کوردەوە کەیسێکی یەکجار ئاڵۆزە و خودی بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک، لە بنەڕەتدا بڕیارێکی سیاسییە و بەو مەبەستە دراوە تا جارێکی دیکەش پێگەی کورد لە کەرکووکدا لاواز بکەن.

زۆرترین قسە و باسوخواس لەبارەی دۆخی سیاسی، ئەمنی و هەتا کۆمەڵایەتیی کەرکووک و هەموو ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێن، بە

جۆرێک ئەوەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ڕووەدات، هیچیان لە بەرژەوەندیی کورددا نین و لە پڕۆسەیەکی سیاسی و ئەمنی و سەربازیدا کار بۆ تەعریبکردنی کەرکووک و دەرپەڕاندنی کورد لەو ناوچانە دەکرێت، بۆ ئەمەش حکوومەتی عێراق لە سەرەوە قسەی باقوبریق دەکات و لە ژێریشەوە پڕۆسەی تەعریب و دژایەتیکردنی کورد، وەک خۆی بەڕێوە دەچێت.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووک، زۆر هەستیارە، بەهۆی ئەوەی ناوچە کوردستانییەکان و بەتایبەتی کەرکووک، لەژێر هەژموونی حەشدی شەعبی و حکوومەتی عێراق دایە، دیارە حەشدی شەعبیش بە تەواوەتی لەژێر کاریگەریی ئێران و سیاسەتی تاران جێبەجێ دەکات، لەم دۆخەدا هەڵبژاردنەکە بۆ کورد زۆر مەترسیدارە، بەوەی هەر دۆڕاندنێکی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا، مەترسییەکەی یەکجار زۆرترە لەوەی بە سادەیی باسی بکرێت، بەڵکوو دۆڕاندنی کوردە لە کەرکووک و چارەنووسی شارەکەش جارێکی تر هاوشێوەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە قەدەر دەسپێڕێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر هێزە عەرەبی و تورکمانییەکان بتوانن لە ڕێگەی دەنگەوە پارێزگارێک بۆ کەرکووک دابنێن، ئەوکات شەرعییەت بە هەر کردەیەکی تەعریب و بەتورکمانیکردنی کەرکووک دەدەن.

لەم دۆخەدا پێویستە کورد لە دوو ڕەهەندەوە خۆی بۆ پڕۆسەکە ئامادە بکات، ڕەهەندێکیان کە پێویستە پێداگری زۆری لەسەر بکات، ئەویش کارکردن بێت تا هەڵبژاردن لە کەرکووکدا نەکرێت، ڕەهەندەکەی دیکەشیان ئەوەیە کاتێک کورد دڵنیا دەبێتەوە لەوەی

حکوومەتی عێراق نایەتە ژێربااڵی داواکردنی ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا، ئەگەرچی کورد دەبێت بە جدی داوای هەڵپەساردنی بڕیاری هەڵبژاردن لە کەرکووک بکات، بەاڵم کاتێک عێراق هەر سوورەدەبێت لەسەر ئەنجامدانی، ئیدی کورد پێویستە بەوپەڕی توانا و هۆشیاری و ماددی خۆیەوە، ئینجا بە یەک لیست بێت، لیستێکی کوردییانە کە ناکۆکییە سیاسییە حزبییەکانی تێدا ڕەنگ نەداتەوە، یان هەرچی هێز و الیەنی سیاسیی کوردستانییە بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن و داوای چارەسەری دۆخی کەرکووک بکرێت، بۆیە گرنگە ئەو توانا مرۆیی و سیاسی و کەسێتییەی هەیە بۆ کەرکووک بەگەڕبخرێت و مەترسییەکانی هەڵبژاردن بە گەورەیی وەربگیرێن، لەپێناوی ئەوەی کورد بتوانێت بە یەکگرتوویی لەم قۆناغە هەستیارەی هەڵبژاردندا سەرکەوتووبێت، ئەگەر هاتوو بەشداری تێدا کرد، ئەوکات دەکرێت هێزە کوردییەکانیش لەناو خۆیاندا لەسەر کەسێک بۆ پارێزگاری کەرکووک ڕێکبکەون یان بە خول پارێزگار دابنێن و ئەمەش لەپێناو گەڕاندنەوەی کەرکووکە بۆ ژێر هەژموونی هەولێر وەک پایتەختی کوردستان.

مادام بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک، بڕیارێکی سیاسییە و مەبەست لێی گوشارە بۆ سەر کورد و داگیرکردنی شارەکەیە، لە ڕێگەی کورسییەکانی هەڵبژاردنەوە، بە جۆرێک دۆخەکە لە بەرژەوەندیی الیەنی عەرەبی و تورکمانی ئامادەسازیی تەواوەتی بۆ کراوە، بۆیە پێناچێت بەغدا ڕازی بێت بە دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا، لەبەر ئەوەش قۆناغەکە بۆ کورد هەستیارە و پێویستی بەوەیە لە ئێستاوە کار بۆ بردنەوەی

هەڵبژاردنەکە بکات لە چوارچێوەی یەک لیستیی هاوپەیمانیی لایەنە کوردییەکان، ئەگینا حکوومەتی عێراق زۆرترین هەوڵی سیاسی و ئابووری، شێوازی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکە و ڕێگریکردن لە کورد دەدات تا هەڵبژاردنەکە بباتەوە، ئەوکات قەبارەی زیانەکان بۆ کورد یەکجار لەوەی ئێستاش گەورەتر دەبن، لێرەدا کورد دەتوانێت بە یەکگوتاری و یەکلیستی و یەک ئیرادەیی کوردانە، هەر هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی ئەو هەڵبژاردنە ببێتەوە، هەر شکستێک لە کەرکووک، شکستی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە و دواجاریش ئەوەی زیانە گەورەکە دەکات، کوردە بە پلەی یەکەم و کەرکووکییە کوردەکانیش بە دیاریکراوی ئازارەکانی ئەو زیانەیان بەردەکەوێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٨١٤ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٩/٨/٢٦

ئامانجەکە ڕوونە

بەگوێرەی ئەو یاسایەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان پەسەندی کرد، هەڵبژاردن لە کەرکووکیشدا دەکرێت، لەکاتێکدا دۆخی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شارەکەدا سەقامگیر نییە و پڕۆسەی تەعریبیش بە ئاشکرا لە ڕێگەی هێزی میلیشیایی و بەگوێرەی یاساش بەردەوامی هەیە، بەڵام سەرباری هەموو شتێک عێراق هەر سووڕە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا، چونکە ئامانجەکە ڕوونە و گەمەیەکی سیاسییە لە دژی کوردی دەیکات.

دەرکردنی یاساکەش لەکاتێکدایە کورد دژی هەڵبژاردنە لە کەرکووک و داوای ئاساییکردنەوەی دۆخە سەپێندراوەکەی قۆناغی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکات کە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان هاتەکایەوە و کورد تێیدا زیانمەندی پلە یەک بووە، بەوەی ئێستا حوکمی عەسکەرتاریەت لە کەرکووک و تەواوی ناوچەکانی سنووری ١٦ی ئۆکتۆبەر زاڵە، بەجۆرێک هێزە میلیشیاکان جێی هەموو

یاسایەکیان گرتووەتەوە و بە ئارەزووی خۆیانیش بڕیارەکان دەگۆڕن و دەسڕنەوە و لە بەرژەوەندیی لایەنی عەرەبی و تورکمانیدا کار بۆ دەرکردنی کورد لە کەرکووک دەکەن تا وێنای کەمینەی کورد لەپێش چاوی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دروست بکەن.

سەرباری ئەوەی لەم دۆخەدا خودی هەڵبژاردنەکە بەگشتی لە بەرژەوەندیی کورددا نییە و یەکێکیش لەو مەرجانەی بۆ ئاوارەکان دیاریکراوە تا بتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن، زۆر قورسە و ئامانجی سیاسی لەپشتە، ئەویش ئاوارەکان ناچار دەکات بگەڕێنەوە بۆ کەرکووک و شوێنەکانی خۆیان بۆ دەنگدان، بەپێچەوانەوە ناتوانن دەنگ بدەن! ئەمەش دیارە بە ئامانجگرتن و خەونی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کورد و لە چنگ دەرهێنانی پۆستی پارێزگاری کەرکووکی لەپشتە کە بەگوێرەی دەنگ و ڕێژەی کورسییەکان هەموو کات بۆ کورد یەکلایی بووەتەوە، بۆیە ئەو مەرجە لە بەرژەوندیی لایەنی عەرەبی و تورکمانی داندراوە تا پۆستی پارێزگار لە کورد وەربگرنەوە، لەبەر ئەوەی کوردێکی زۆر لە دوای ئۆکتۆبەرەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە و ئێستا ناتوانن و بۆیان نییە بگەڕێنەوە کەرکووک، بەهۆی ئەوەی هیچ گرەنتییەک بۆ پاراستنی ژیانیان نییە و بۆی هەیە دەستگیریش بکرێن یان سووکایەتییان پێ بکرێت و دەیان مەترسی دیکە لەسەر ژیانیان دروست بکرێت، چونکە کوردن و بەشداریی ڕیفراندۆمیان کردووە، بە دیاریکراوی پارتییەکان. ئەمەش وا دەکات کورد کەمترین ڕێژەی بەشداری هەبێت، بۆیە دەپرسین لەم دۆخەدا ئاوارە کوردەکان چۆن و لە کوێ دەنگ بدەن؟

وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە، لایەنی عێراقی ئەو مەرجەی بۆ ئەوە داناوە ئاوارەکان نەتوانن دەنگ بدەن و بەمەش ڕێژەی کورسییەکانی کورد کەم دەکات و لەو حاڵەتەشدا لایەنی عەرەبی و تورکمانی بە ئاسانی دەتوانن پۆستی پارێزگاری کەرکووک لە بەرژەوەندیی خۆیاندا یەکلایی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی کورد ناتوانێت بەو ڕێژە زۆرەی جاران دەنگ بدات و لە بەرانبەریشدا ڕێژەی بەشداریی عەرەب و تورکمان بەرز دەبێتەوە، چاوسوورکردنەوەش لە دژی ئەو کوردانەی ئێستا دانیشتووی کەرکووکن، ڕوو دەدات، هەموو ئەوانە بۆ ئەوەن تا پۆستی پارێزگاری کەرکووک بەگوێرەی یاسا لە کورد وەربگرنەوە و دواجاریش بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێن، ئەوەتا کورد کەمینەن لە کەرکووکدا!

زەحمەتە حکوومەت و لایەنی سیاسی و یاسایی عێراق، هەڵبژاردن لە کەرکووک دوابخەن، بەپێچەوانەوە دەیانەوێت بە هەر جۆرێک بێت شارەکە لەڕووی یاساییشەوە کۆنترۆڵ بکەن و گوێ بە ناڕەزاییەکانی کورد نەدەن و هەڵبژاردنیش ئەنجام بدەن، ئەمە واقیعە و ١٦ی ئۆکتۆبەر سەپاندوویتی، کەوایە نابێت کورد دەستەوەستان بوەستێت، باشترواید کۆی حیزبەکان بە یەکگوتاریی سیاسی و نەتەوەیی بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن یان تەواوی قورسایی خۆیان بەکار بهێنن و بە پلانێکی تۆکمە بەشداری تێدا بکەن و ئاوارەکانیش بەبێ گەڕانەوە بۆ کەرکووک مافی دەنگدانیان لە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئینجا ئەمە چۆن و بە چ یاسایەک دەکرێت، من نایزانم!

گرنگ ئەوەیە دەرچەیەکی یاسایی بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئاوارەکان مافی دەنگدانیان نەسووتێت یان لە ئێستاوە پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو مەرجە قورس و سیاسییە ئامانجدارەی بەغدا بکرێت، ئەگینا بەم دۆخە و بەو مەرجەوە، کورد زیانێکی یەکجار گەورەتر لە ١٦ی ئۆکتۆبەریش دەکات.

پۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣١٥١ لە پۆژی دووشەممە ٢٠١٩/٩/٢

ڕیفراندۆمچی!

ڕیفراندۆمچی، ڕیفراندۆمچییەکان، ئەو ناشیرینترین دەستەواژە سیاسییەی وەک گاڵتەکردن و قەشمەریکردن بە ڕیفراندۆم لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستانەوە، ڕێک دەرهەق بەو کەس و حیزبانەی ڕیفراندۆمیان ئەنجام دا، لە سەرووی هەموویانەوە پشکی شێری سووکایەتیکردنەکە بەر پارتی دەکەوێت بەوپێیەی لە بنەڕەتدا خاوەنی پڕۆژەی ڕیفراندۆمە.
لەکاتێکدا پارتییەکان ڕیفراندۆم وەک گەورەترین شانازی دەبینن. پارتی ئەگەر لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە نەیتوانی دەوڵەتیش دروست بکات، بەڵام شانازی ئەوەی بەردەکەوێت بە دەنگی بەرز گوتی دەوڵەتمان دەوێت، ئێ ئەمەش هەوڵی سیاسییە، هەوڵی سیاسیش مەرج نییە لە قۆناغێکی دیاریکراودا سەرکەوتوو بێت، بەڵام دەکرێت هەوڵەکان بەردەوامیان پێبدرێت و لە فۆڕمی نوێدا ئەدەبێت بکرێنەوە. ڕیفراندۆم، پیشە نییە تا پاشگری (چی، چییەکان)ی بدرێتە پاڵ و هاوشێوەی: کارەباچی، بۆیاخچی، پۆستەچی، کەبابچی، پەنچەرچی، بۆڕیچی، تۆڕنەچی، .... لە گەمە سیاسییەکاندا بەکار بهێندرێت. کاتێک

ئەو "چی" و "چییەکان"ە دەدرێتە پاڵ ڕیفراندۆمەوە، مرۆ بەدەست خۆی نییە، ڕیفراندۆمی وەک پیشە دێتە بەرچاو کە ئەمە غەدرێکە لە خودی چەمکی ڕیفراندۆم.

ئەگەرچی پاڵپشتیکارانی ڕیفراندۆم لە کاردانەوەی ئەو کەسانەی وەک سووکایەتی بە ڕیفراندۆم دەستەواژەی (چی و چییەکان)یان بەکارهێنا، ئەوانیش ئەم دەستەواژە ناشیرینەدا دەڵێنەوە و دەڵێن ئێمە ڕیفراندۆمچین، بەڵام لە جەوهەردا ئەو دەستەواژەیە بۆ ناسینەوە و قسەکردن لەسەر پرۆسەیەکی سیاسی و یاسایی و نەتەوەیی وەک ڕیفراندۆم شیاو نییە، هەر کەس و لایەنێکیش بڵێت ڕیفراندۆمچی یان ڕیفراندۆمچیم، بێ ئەوەی درکی پێی کردبێت، غەدری لە ڕیفراندۆم بە پلەی یەکەم کردووە و دواتریش پرووشکی غەدرەکە بەر خودی ئەو پیشەگەرانەش دەکەوێت کە ناومان هێنان، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان بۆیان، مەبەستیش لە ناوهێنانی پیشەکەیان بچووک سەیرکردنی پیشەکەیان نییە، تەنیا جیاکردنەوەی ڕیفراندۆمە لەو پیشانە کە بەهۆی پاشگری (چی، چییەکان)ەوە هەمان سیفەتی پیشەکانی وەرگرتووە.

زۆر باشم لەبیرە، کاتی خۆی لە ١٧ی شوبات، گۆڕان و ئیسلامییەکان داوای ڕووخاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد و ناوی بەردەرکی سەرای سلێمانیان بە سەرای ئازادی گۆڕی بوو، هەندێک کادیری پارتی و یەکێتیش بێ ئەوەی بە دروستی لە ئامانجی ئەو گۆڕینەی ناوی بەردەرکی سەرایە بۆ سەرای ئازادی تێبگەن، هاوشێوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان گوایە ڕەخنە لە ئیسلامییەکان و گۆڕان دەگرن، دەیانگوت سەرای ئازادی!

ڕێک ئێستاش خەڵکێکی زۆر بێ ئەوەی لە ناوەڕۆک و مانای ڕیفراندۆمچی وردببنەوە، بەڵام لە دڵسۆزی و وەک کاردانەوە دەڵێن ئێمە ڕیفراندۆمچین، هەتا ئەگەر لە دڵسۆزی و کاردانەوەش بێت، نابێت ئەو دەستەواژەیە جێی دەستەواژە ئەسڵییەکە کە ڕیفراندۆمە بگرێتەوە و لەجیاتی ڕیفراندۆم، ڕیفراندۆمچی جێی خۆی لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستاندا بکاتەوە یان قایم بکات، ئێستا بەشێوەیەکی بەربڵاو بڵاوبووەتەوە و هێندەی پارتییەکان و یەکێتییەکان و ئەوانەی دەنگیان بە بەڵێی ڕیفراندۆم دا، نیو هێندە بەرەی دژە ڕیفراندۆم نالێن ڕیفراندۆمچی یان ڕیفراندۆمچییەکان، بەڵکوو ئەوە ئەو تایپەی دڵسۆز و پاڵپشتیکارانی ڕیفراندۆمن ڕۆژانە ئەو دەستەواژە ناشیرینە دەڵێنەوە، لەکاتێکدا بە ئامانج و بۆ سووکایەتی و شێواندنی ڕیفراندۆم هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستانەوە.

فەیسبووک: ٢٠١٩/٩/٢٤

یەکلیستییەکەی کورد لە کەرکووک

دۆخی ناسەقامگیریی کەرکووک و دواوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لە شارەکەدا، لەلایەن کوردەوە زۆریان لەبارەوە گوترا، بەڵام عەقڵییەتی بەغدا، وەک زنجیرەیەکی لەیەکبەستراو قۆناغ بە قۆناغ لەلایەن حکوومەتەکانی بەغداوە دژایەتیی کورد کراوە بە جۆرێک لە ڕەهەندی داگیرکارییەوە لە پرسی کەرکووک و خودی هەڵبژاردنەکەی ئێستاش دەڕواندرێت، بەو جۆرەی بەغدا دەیەوێت و ئامانجیشی ڕوونە کە ئەمجارە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە شارەکە بە تەواوەتی داگیر بکات، واتە ئەگەر لە شازدەی ئۆکتۆبەردا بە چەک و سوودوەرگرتن لە خیانەتی گرووپێکی کوردی، توانی کەرکووک و ناوچە فراوانەکانی دیکە داگیر بکات، ئەمجارە دەیەوێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە شەرعیەت بە داگیرکارییەکە بدات، ئینجا ساختەکاری بێت یان دەنگکڕین و چاوسوورکردنەوە بێت.

جاری دیکەش باسمان لە مەترسیی هەڵبژاردنی کەرکووک بۆ ئەم قۆناغە کردووە، بۆ نموونە بەهۆی بچووکترین دۆڕاندنەوە پۆستی پارێزگار لەدەست دەدەیت، لە لایەکی دیکەوە بەغدا بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەڵێت ئەوەتا کورد زۆرینەی دانیشتووانی کەرکووک

پێکناهێنن، ئەگەرچی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە شەپۆلێکی یەکجار گەورەی هەڵاتنی کورد لە کەرکووک دەستپێکرد و مەرجی بەشداریکردنیش لە هەڵبژاردن گەڕانەوەیانە بۆ زێدی خۆیان و لە سندووقەکانی ناوچەکانیان دەنگ بدەن، لەکاتێکدا بەغدا زۆر باش دەزانێت ئەو ئاوارانەی دوای ئۆکتۆبەر زۆرینەیان ناتوانن بگەڕێنەوە و بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، بەهۆی مەترسیی حەشدی شەعبی و سزا و لێپرسینەوە لەوەی بەشداری ڕیفراندۆمیان کردووە، واتە سەپۆرتیان کردووە.

سەرەڕای هەموو ئەوانە بەڵام بەشداریکردنی لایەنی کوردی بە یەکلیست (هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان)، زۆر گرنگ بوو و پێویستییەکی سیاسیش بوو، هەر هیچ نەبێت هێزە کوردییەکان لەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە دژایەتی یەکدی ناکەن و تاقەی حیزبی و سیاسی و ئابووری، ڕێکلام و میدیاییان بۆ لایەنی بەرانبەر کە عەرەب و تورکمانەکانن بەکار دەهێنن، ئەگەر بە لیستی جیا جیا بەشداربوونایە، ئەو تاقەیەیان لە دژی یەکدی بەکارهێنا و دۆڕاندنێکشی مسۆگەر بوو، ئیستاش ئێمە فاڵ ناگرینەوە، تەنانەت خودی عێراقییەکانیش چاوەڕێی یەکلیستی دروستتر هاوپەیمانی نەبوون، کەچی ئێستا کورد لەسەر ئەوە ڕێککەوتووە، لێرەدا ئەوە گرنکی ئەو یەکلیستییە لەوەدایە هەم کاریگەریی لەسەر ئاستی (ڕێژە) ژمارەی کورسییەکان دەبێت و هاوکات پەیامێکیش دەداتە جیهان و بەغدا کە کورد لە کەرکووک لەژێر یەک چەتردا کۆبوونەوە.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣١٧٢ لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢

خۆپیشاندان و حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی

حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە قۆناغی دوای کەوتنی سەددام حوسێندا، زۆرترین کێشەیان هەبووە و لەبری هەوڵدانیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەپێچەوانەوە بەردەوام کار لەسەر تێکدانی ڕەوشی ئیداری و سیاسی کراوە، بە دیاریکراویش ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبووە، گەیشتووەتە ئاستی دژایەتی و تەنانەت هێرشی سەربازیش بۆ سەر کوردستان.

کورد کێشەی لەگەڵ عەقڵییەتی فاشیستییانەی بەغدا هەیە نەک نەتەوەی عەرەب، ئەو عەقڵییەتەی بەغدای بەڕێوەبردووە، پەلی بۆ زۆر بوار و کایەی دیکەش هاویشتووە و سەرئەنجامیش هەموویان لە دژایەتیکردنی کورددا چڕبوونەتەوە، بەتایبەتی لە قۆناغی نووری مالیکی و حەیدەر عەبادیدا، تەنانەت نانی خەڵکی کوردستانیش بڕدرا و دواتریش هێرشکرایە سەر هەرێمی کوردستان.

مۆدێلی حوکمڕانێتیی عادل عەبدولمەهدی نەختێک لە مۆدیلەکانی پێشخۆی جیاوازترە، ئەوەش خەڵکی عێراق و کوردستانیشی دڵخۆشکرد بەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن و گەلانی عێراقیش بە ئارامی بژین، چونکە ئەو پیاوە هەوڵیداوە سوود لە ئەزموونی پیاوە شکستخواردووەکانی پێشخۆی وەربگرێت و لە کێشە و ململانێ سیاسی و مەزهەبییەکان دوور بکەوێتەوە کە حکوومەتەکانی پێشتریان بە پەند برد، بەڵام لێرەدا عادل عەبدولمەهدی ڕووبەڕووی گرووپێک بووەتەوە دەیانەوێت عێراق هەمیشە لەناو فەوزادا بژی و کوردستانیش بخەنە ناو ئەو فەوزایەوە کە لە دوای هاتنی عەبدولمەهدییەوە لێکتێگەیشتن لە نێوان هەولێر و بەغدا دروستبووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

پێشبینی دەکرێت خۆپێشاندان لە بەغدا و ناوچەکانی تر دریژە بکێشێت و ئامانجیش ئەوەیە ئەو مۆدێلەی عادل عەبدولمەهدی فەشەل پێبهێنن، ئەمەش بەو مانایە نییە تا بڵێین ئەو پیاوەش لە پەیوەست بە کورددا هەموو شتێکی کردووە، بەپێچەوانەوە زۆر کێشە هەن، هێشتا چارەسەری نەکردوون و دەیتوانی بە ئاسانی چارەسەریان بکات، بەڵام ئیدی بەهۆی گوشاری ئەو عەقڵییەتەی بەغدایە یان هەر هۆکارێکی دیکە، هێشتا ماونەتەوە و زیانی زۆریشیان لە ئابووری و پێگەی کوردستان داوە، بە تایبەتی پرسی کەرکووک و بودجە و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە عەبدولمەهدی دەیتوانی بڕیاری پۆزەتیڤیان لە بەرژەوەندیی کورد لەبارەوە بدات.

وێڕای ئەم سەرنجانە و دەیانی دیکەش، بەڵام عەبدولمەهدی جیاوازترە لەوانەی پێشخۆی، لەسەر ئاستی عێراقیش ویتسوویێتی خۆی لە ململانێ بەدوور بگرێت، لەبەر ئەوەی زۆرباش دەزانێت ململانێ حکوومەتەکەی دادەڕووخێنێت، هەر ئەمەشە وایکردووە لایەنە سیاسییەکانی بەغدا پشێوی بۆ دروست بکەن بە جۆرێک چ لەسەر ئاستی بەغدا و هەرێمی کوردستانیش.

بەگشتی ئەو پشێوی و ئاڵۆزییانەی ئێستای بەغدا، ڕێک بۆ ئەوەیە عەبدولمەهدی دووچاری کێشە و ململانێ بکەن و ئەگەر زیرەکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاڵۆزی و کێشەکاندا نەکات، ڕووبەڕووی شەڕی ئەو گرووپانە دەبێتەوە کە لە حوکمڕانێتیی بەغدا فەشەلیان هێناوە.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٨٤١ لە پێنجشەممە ٢٠١٩/١٠/٣

جیهان و ئازاری نەتەوەیەك

گۆڕانكارییەكانی ناوچەكە بە تایبەتیش لە دوای دەركەوتن و قۆناغی سەرەتای كۆتاییهاتنی داعش، بە نیسبەت كوردەوە ئەرێنی بوون، ئەگەرچی كورد ژمارەیەكی زۆری شەهید و قوربانی دا و بە خوێن ناوچەكەیەكی زۆریشی پاراست، بەڵام لەڕووە سیاسییەكەیەوە كورد قازانجی كرد بەوەی لە دوو بەشی كوردستاندا، پێشمەرگە و شەڕڤانان شەڕی گەورەترین گرووپی تیرۆریستییان كرد تا ئاستی ئەوەی وڵاتان ئەگەر وەك موجامەلەش بووبێت، لەسەر شاشە جیهانییەكانەوە گوتیان جیهان قەرزاری كورده. دەی ئێستا پێویستە بڵێین جیهان شەرمەزاری كورده!

لە شەڕی داعشدا تەواوی فۆكەسەكان لەسەر كورد بوون، ئەگەرچی دۆزی كورد، دۆزێكی نەتەوەییە و بە خاكەوە گرێدراوە، ئەوەی لە شەڕی داعشیشدا كردی، بەشێكی بۆ خۆی بووە، وەك بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی بەوەی ڕێگەی نەدا خاكەكەی داگیر بكرێت، لەكاتێكدا نەتەوە و وڵاتەكانی دیكە، ئەمەیان نەكرد و گەورەشارێكی وەك مووسڵ و دەیان ناوچەی دیكەیان ڕادەستی چەند سەد چەكدارێكی داعش كرد، بەبێ ئەوەی پێنج سەعات شەڕی دژ بە داعش بكەن، بەڵام كورد لە هەرێمی كوردستان و ڕۆژئاوای

کوردستاندا بە خوێن ئەو شەڕەی کرد، ئەگەر ناوچەیەکیشی داگیر کرابێت، دواتر هەوڵی وەرگرتنەوەی داوە، لەبەر ئەوەی ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە زاکیرەی هەر کوردێکدا بەهێز بووە و ئێستاش هەمان ئیرادە هەیە.

لە نموونەی شنگال و مەخموور و گوێڕ و کۆبانی و دەیان ناوچەی دیکە کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی داعش، بەڵام بەخێرایی ئازاد کرانەوە. لەکاتێکدا کورد چەکی پێشکەوتوو و پارەی باشیشی نەبوو، بەپێچەوانەی سوپای ئەو دەوڵەتانەی لەبری ئەوەی شەڕ بە چەکەکانیان بکەن، بەپێچەوانەوە بە چەکی سوپا لە کورد و لە سوپاش درا، بەهۆی ئەوەی لە دوای خۆیانەوە هەرچی چەکوچۆڵیان هەبوو، ڕادەستی داعشیان کرد کە بووە هۆی بەهێزبوونی داعش.

بە درێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، لەو وڵاتە وێرانەیەدا، کورد دژایەتی زۆری کراوە، کوژراوە، ئەنفالکراوە، خاکی تەعریبکراوە، کیمیابارانکراوە، لەشکرکێشی کراوەتەسەر و هەموو ڕێگەیەکیشی لە دژی گیراوەتەبەر، بە ئامانجی بزرکردنی شوناس و ڕەسەنێتیی کورد لەسەر خاکەکەی خۆیدا کە لە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتیدا لە بەرژەوەندیی چەند وڵاتێکی ناوچەیی لە نموونەی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریادا خاکەکەی دابەشکراوە.

لە١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧ دا سوپا و حەشدی شەعبی بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی عێراق و بە هاوکاری گرووپێکی ناوخۆیی، هێرش کرایە سەر کورد و پێشکەوتووترین چەکی ئەمەریکی لە دژی کورد بەکارهێنرا، تەنیا لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان پرسی بە خەڵکەکەی کرد ئایا دەتانەوێت سەربەخۆ بن یان لەگەڵ عێراقدا

بمێننەوە؟ ئەمەش وەک ڕەگەزێکی گرنگی دیموکراسی بەوەی ڕێگە بە هەموو نەتەوە و کیانەکان دەدات چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئێ کوردیش تەنیا ویستی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، ئەویش لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە دیموکراسی کە دواتر بە چەک و هێرش و گەمارۆدان، وەڵامدرایەوە.

دوای ئەوەی شەڕی داعش لە سووریاش نەما، کورد خەریک بوو پێگەی خۆی لە ڕۆژئاوای کوردستانیش دروست دەکرد، کەچی دیسان بە چەک و هێرش وەڵامی کورد درایەوە، لەکاتێکدا دەتواندرا ئەو کێشەیەی ڕۆژئاوا و تورکیا لە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستاندنەوە چارەسەر بکرێت و پەنا بۆ بژاردەی شەڕ نەبرێت، وەک ئەوەی سەرۆک بارزانی چەندین جار داوای کرد کێشەی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیا پێویستە لە ڕێگەی ئاشتی چارەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە بە پاڵپشتیی سوپای تورکیا و گرووپێکی توندڕۆی ئیسلامی، ئێستاکە هێرش دەکرێتە سەر کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش سەرباری ئەوەی لێرەولەوێ ڕەخنە دەگرن و ئیدانەی هێرشەکە دەکەن، بەڵام هێشتا ژن و منداڵی سووتاوی کورد، هاوار دەکەن و جیهانیش گوێی لە هاوار و گریان و ئازارەکانی نەتەوەیەک نییە و ڕۆژ دوای ڕۆژیش ئازارەکانی ئەو نەتەوەیە گەورەتر دەبن، سەرئەنجام ئەو نەتەوەیەش پەرچەکرداری دەبێت، بە جۆرێک ئەگەر کورد سەقامیگری نەبێت، ناوچەکەش سەقامگیر نابێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٨٥٤ لە سێشەممە ٢٠١٩/١٠/٢٢

عێراق و ئەگەرەکان

ئەم وتارە فاڵگرتنەوە نییە لەبارەی کەوتن یان مانەوەی حکوومەتی عێراق، پێشت نااڵێت عادل عەبدولمەهدی کورسییەکەی جێدەهێڵێت یان دەبێتە پیاوکوژێک و بە تانک دەچێتە سەر جەستەی خۆپیشاندەران!

ئەگەر بەو نییەتە دەیخوێنیتەوە و دەتەوێت ئەمجۆرە قسانەت بۆ ڕیز بکەم، هەر لە ئێستاوە ماڵئاوایی لە خوێندنەوەی بکە! بەوپێیەی دۆخی عێراق زۆر لەوە ئاڵۆزترە تا بتواندرێت بە ئاسانی هەڵسەنگاندنی دروست و جێگیری بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نەدیتکەیی کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراقەوە هەیە، بەوەی لەپڕێکدا ئەمەریکا بەهێزترین ڕژێمی دیکتاتۆری لە ماوەی تەنیا یەک مانگ و بگرە کەمتریش بۆ ڕووخاندن و خوانێکی ئامادەی بۆ دانان و لە هیچەوە کردنی بە سەرۆکوەزیران و وەزیر و دواجار دەسەاڵتداری ناو سوپا و ئێستاش میلیشیای حەشدی شەعبی، ئەمە جگە لەوەی کەوتنە ناو خەزێنەی دراو و نەوت و بەخشینەوەی پۆست و خاوەن تانکی زەبەاڵح .

ئەمانە و دەیان هۆکاری دیکەش وایانکرد عێراق بەم دەردەی ئێستای بچێت، لەبری ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام

حوسێنەوە هەڵی بونیادنانەوەی عێراقێکی نوێ لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ و دیموکراسی و دەستووری و یاساسەروەری بدەن، بە پێچەوانەوە خراپترین دەرگا بەڕووی عێراقدا کرایەوە، ئەویش ململانێی مەزهەبی و شەڕی کورسی و پۆست و پارەی ناسیاسییەکانی بەغدا چارەنووسی وڵاتی بەم دەردەی ئێستای برد کە نازانین هەتا نووسینی دوادێڕی ئەم وتارە، عێراق بەمجۆرەی دەمێنێتەوە یان عەبدولمەهدی دەڵێت خێری لێ ببینن و کورسییەکەی بۆ مەزهەبییەکانی دیکە چۆڵ دەکات!

گریمان خۆپیشاندان کپ بووەوە یان کۆتایی پێهێنرا، ئەگەری دووەمیش کورسییەکەیان بە عەبدولمەهدی جێهێشت و پۆستەکەی دایە گرووپی خۆپیشاندەرانەوە، بەڵام ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی عێراقی ئێستا لەسەر بنەمای مەزهەب و میزاجی مەزهەبچییەکان بەڕێوە دەچێت، لەو دۆخەشدا ئەگەری هەموو شت دەکرێت و بۆی هەیە لە ٢٤ کاتژمێری دیکە عەبدولمەهدی نەمێنێت یان پیاوکوژێکی لێ دروست بێت و بڵێت بۆ هەمیشە من سەرۆکی عێراق دەبم!

ئەمە دۆخی عێراق و ڕووداوەکانی وامان پێدەڵێن نەک قسەی باق و بریق بێت، دەی کێ دەتوانێت گرەنتی و قسەی دروست لەسەر عێراق بکات! هەرچی بڵێی ڕەنگە هەڵە بکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر خۆی عێراق ئاتاری لەسەر پاتاری نەماوە و چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت هەموو شتێکی تێدا ڕووبدات، لە ئەنجامی بااڵدەستی پیاوە نادیموکراسییەکانە بەوەی بەرژەوەندیی خۆیان بە میللەت و سەقامگیریی وڵات نادەن.

سەقامگیریی وڵاتیش تاکەڕەهەندێکی نییە و دەیان کایە و جۆری جیاوازی لێدەبێتەوە، ئەوەی ئێستای عێراق ناسەقامگیریی سیاسیی مەزهەبییە و ڕەگی ئەو دوو جۆرە ناسەقامگیرییە بۆ ناو سەرجەم کایەکانی دیکەش شۆڕ بووەتەوە و تادێت زیاتریش بە ناخی عێراقدا دەچێتە خوارێ و ئازارەکانیشی زیاتر و بریندەکانیشی قوواڵتر دەبن تا ئاستی ئەوەی دواجار خوێن لە جەستەی نامێنێت و بە زەویدا دەکەوێت.

عێراق ناتوانێت سەقامگیر بێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئەگەر پێیەکی کار بکات، هێزێکی ئاشکرا یان شاراوە بەرپێنە دەداتە بەر پێیەکەی دیکەی و هەوڵی بە دەمداکەوتنی دەدات، وەک گوتمان ئەوەیە عێراق! ئینجا نووری مالیکی بێت یان حەیدەر عەبادی و عادل عەبدولمەهدی، هیچ لە جەوهەری دۆخە شلۆقەکەی عێراق ناگۆڕێت و هێزە دژەبەرە و نادیموکراسەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر و ترسناکتریش دەبن تا ئاستی ئەوەی خەریکە خوێنی یەکتری لووش دەکەن، تەنیا بەهۆی جیاوازی مەزهەبی و گرووپی ناو مەزهەب و تەنانەت خێڵی جیاوازیش کاریگەری لەسەر ئاڵۆزییەکانی عێراق هەبووە و دەشیبێت، چونکە ئەمە عێراقە و هەموو شتی تێدا ڕوودەدات، تەنیا ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤەکانی نەبێت بەوەی هەرچی دێت دەیخاتە ژێر پێی خۆی و دواجار هەموو ئەوانە مرۆڤی عێراقی سووک و ڕیسواتر دەکەن، ئەگەرچی هەندێکیان شایستەی ئەو سووککردن و بە کۆیلەکردنەن، بەوەی بە درۆی مەزهەبییەکانی بەغدا باوەڕ دەکەن و چەپڵە لە دژی یەکدی دەکوتن.

بەغدای ئێستا بکەوێت و نەکەوێت، بە دیدی من هەر یەک شتە و هیچ شتێکی ئەوتۆ ڕووندات لە فۆڕمە عەقڵییەکەیدا، مەگەر تەنیا دەموچاوەکان و ناوەکانیش ئاڵوگۆڕ بکەن، عێراقی ئێستا نەیتوانی ببێتە سەرەتای ئەزموونێکی جیاوازتر لەوەی سەددام و کابینە لە دوای کابینەش کێشەکان زیاتر و ئاستی ململانێ مەزهەبییەکانیش لە ئێستادا لە لووتکەدایە، بە جۆرێک خەریکە دژایەتی و هەڵنەکردن لەناو پیاوە نادیموکراسەکانی بەغدا دەبێتە کولتوور و بنەمای بیرکردنەوەیان، چونکە ڕۆژ دوای ڕۆژ و هەفتە و مانگی دوای یەکدی، ڤێرژنی نوێ بۆ دژایەتی دەبینەوە و دواجار هەموویان ئینسانی عێراقی دەکەنە ئامانج.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣٢٠٥ لە ٢٠١٩/١١/١٨

ناسەقامگیری و ئایندەی عێراق

هەرکە دیقەت لە دۆخی ئەمنی و سیاسیی عێراق دەدەین، ئیدی بەهای ئەو سەقامگیرییەی کوردستان دەردەکەوێت تا ئاستی ئەوەی هەرێمی کوردستان وێڕای قەیران و کۆسپەکانی پێشی، کەچی لەپێش عێراقدایە و ئەوەی ئومێدەوار بوو تا بچینەوە ژێر باڵی بەغدا، پێویستە لە ئێستادا تێگەیشتنەکانی ئەبدەیت بکاتەوە.

دەی عێراق پارەی هەیە و مووچەش دەدات و زۆر کەسیش ئەزموونی عێراق بۆ شکاندنەوەی هەولێر بە سەرکەوتوو دەزانن، بەڵام سندان لەو وڵاتە بدات کە هەر ڕۆژەی دەردێکی نوێ هەناسەی تەنگ دەکات و کۆی ئەزموون و پلانەکانی لەگەڵ گۆڕانکاری لە سەرۆکێکدا، ئەوانیش کۆتاییان دێت تا ئاستی کوشتار و زیاتر بێ بەهابوونی خوێنی مرۆڤەکانی، ئەوەی لە عێراقی ئێستادا دەگوزەرێت، ئیدارەدانی قەیرانەکانە بە قەیرانی دیکە و بۆ لەخشتەبردنی مرۆڤی

عێراقییە، ئەوەی داخە ڕێگەی جیابوونەوەی کورد لەو دۆزەخەی بەغدا نادەن.

دروستە عێراق زوو زوو سەرۆکی حکوومەت دەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕ لە پۆستەکان دەکرێت، بەپێچەوانەی ولاتان، ئەمەی عێراق ئەوەندەی لە پەتا و ڤایرۆس دەچێت، ئاڵوگۆڕە سروشتییەکەی دەسەڵات نییە و بگرە ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتریش دەبێت، ئیدی ئەوە عێراقە، هەر لە بنەڕەتدا بە خراپی بناغەکەی دانراوە، بۆی هەیە دەیان جار بڕووخێت و چاک بکرێتەوە، بەڵام زەحمەتە بەو ئاسانییە سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە ببینێت، لەکاتێکدا سەقامگیری، ڕۆحی هەر پێشکەوتنێکە لە دەوڵەتدا کە حکوومەت لە ئەنجام و سایەی سەقامگیرییەوە دەتوانێت خزمەت بکات، ئەگەر دەوڵەت سەقامگیر نەبێت، پارە و نەوت و زێڕی دونیاشی هەبێت، خەڵکەکەی ئاسوودە و خۆشگوزەران نابن، ڕێک عێراق لەوەدا وایە، ڕاستە یەکەمی نەوت نییە، بەڵام نەوتی زۆرە و پارەی باشی دێتە خەزێنەوە، کەچی میللەتەکەی ئاسوودە نین و ڕۆژ دوای ڕۆژیش چەقۆی ناعەدالەتی تێیدا تیژتر دەبێت و بریندی قوورڵتر لە جەستە و ڕۆحی عێراقییەکان دروست دەکات کە سەرئەنجام ئەوانە ناسەقامگیری دروست دەکەن، هەڵبەت ناسەقامگیریش کاریگەری لەسەر کۆی سێکتەرە خزمەتگوزارییەکان دادەنێت و دەلاقەی گەورەتر لە متمانەی نێوان میللەت و دەوڵەت دروست دەکات.

ئەوەی دیقەت دەدرێت عێراقێک کە ئەمەریکا دەیگوت دەیکەینە ئەزموونێکی دیموکراسی لە ناوچەکەدا، ئێستا لەپێشچاوی ئەمەریکادا مەرجەعیەت بالادەستە و خوێنی عێراقییەکان دەڕژرێت و کەس نالێت ئەدی کوا شکۆی مرۆڤبوونی عێراقییەکان!

عێراقییەکان عادل عەبدولمەهدی دەگۆڕن، دروستتر ناچار بە هەڵاتنیان کرد، ئاخر هیچ کەس لە عێرق حەز ناکات پۆستەکەی جێبهێڵێت، عەبدولمەهدیش وایە، سرووشتی عێراق و پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بە جۆرێکە نایەوێت سەقامگیر بێت و هەر خۆیان ئامادەن کێشە بۆ خۆیان دروست بکەن، دواییش گلەیی دەکەن، بۆ نموونە ئێستا موقتەدا سەدر پشکی شێری بەردەکەوێت لە هۆکاری ئالۆزییەکان، کەچی هەر ئەو خەڵکەیە پشتی سەدر و داروودەستەکەی دەگرن و ئالۆزی دروست دەکەن، لەگەڵ ئەوەی هەمووان دەڵێن ئێمە لەپێناو میللەت و بژێویی خەڵک و دژی گەندەڵی و نادادی، شەقام دەجوولێنین، کەچی خۆیان هۆکاری ئالۆزی و نادادی و ڕژانی خوێنی خەڵکن.

ناسەقامگیری تێکەڵ بە ڕۆحی عێراقییە مەزهەبییەکان بووە و بەو ئاسانییەش وشک ناکات، ئەو نەختە ئومێدەی لەگەڵ هاتنی عەبدولمەهدیش هەبوو، هەر زوو دەرکەوت سەرابە و بە ڕۆیشتنیشی نەک کۆتایی نایەت، بەڵکوو زیاتریش دەبێت، عەبدولمەهدییەکی بێدەسەڵات هاتە سەر خوانێکی پڕ لە خواردن و کەلوپەلی خراپ و ئەویش هەردەم چاوی لەوەبوو بیانووێک بدۆزێتەوە بۆ جێهێشتنی

پۆستەکەی، لەبەر ئەوەی دەیزانی ناتوانێت ئیدارەیەکی باشی دۆخەکە بکات، هەر بۆیە پۆستەکەی جێهێشت، دروستتر هەڵات.

کاتێک سەیری دۆخی شڵەقاو و تەنگەژاوی عێراقیش دەکرێت، ئینجا پێویستە سەقامگیریی کوردستان بەراورد بکرێت و ڕێز لە شەقامگیرییەکەی بگیرێت تا ئاستی یەکهەڵوێستی لایەنەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی خراپ لە بەغداوە دژی کوردستان، بەوەی تێکچوونی دۆخی عێراق، کاریگەری لەسەر هەولێریش دەبێت.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣٢١٥ لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢

پۆرتریێتی کوشتارگەی عێراق

بەبێ تێگەیشتن لە بارە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و ئایینییەکەی، مەحاڵە بتواندرێت قسەکردنێکی دروست و واقیعی بۆ دۆخی عێراق بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەت و ململانێ و شەڕی مەزهەبە جیاوازەکان و تەنانەت ناو یەک مەزهەبیشەوە هەیە، زۆر ئاڵۆزە و تا دێت ئاڵۆزتر و لق و پۆپی دیکەشی لێدەبێتەوە و هیچ دەرچە و دەلاقەیەک شک نابرێت ئومێد بۆ چاکبوونی بخوازرێت، بەشی زۆری ئەوانەش ڕاستەوخۆ تاکی عێراقی خۆی لێیان بەرپرسیارە و هەر خۆیشی زیانمەند بووە.

عێراق، سەرباری ئەوەی دەوڵەمەندە بە نەوت و خاکێکی بە پیت بۆ کشتوکاڵ، دەکرا ئەو دەوڵەمەندییە هەمەجۆرەی، سوودی لێ وەربگیرێت و خەڵکەکەیشی بە خۆشگوزەرانییەکی دونیاییەوە سەرقاڵ بکرێن، بۆ ئەوەی پەنا نەباتە بەر نواندنی توندوتیژی، سیاسەت و شۆڕش، بە کوشتن و سووتاندن و لەسێدارەدانی ئینسان تێنەگات کە ئێستا بەهۆی زاڵبوونی پەستانە مەزهەبییەکان مرۆڤی

عێراقی وای لێ هاتووە جگە لە کوشتن و تووندوتیژی، هیچ جۆرە زمانێکی دیکە نەزانێت.

ئەمەش هەم پەیوەندی بە ئینسانی عێراقی واتە کۆمەڵگەکە خۆیەوە هەیە، هەمیش دەتوانین بڵێین هەرچی هاتووە، تۆوی دووبەرەکیی سیاسەت و مەزهەب و کوشتاری لەو خاکە خوێناویەدا ڕشتووە و بەهۆیەوە نەوە دوای نەوە ئاشنابوونە بە بەرهەمی تووندوتیژی و کوشتارگەکان کە لە سایەی ئەو پەستانە مەزهەبی و سیاسییە ناتەندروستەدا دووچاری بوونە.

بۆ ئەوەی گەلانی عێراقیش نەختێک ئاسوودەیی دەروونی و ڕۆحی بچێژن، پێویستییان بە تووڕهەڵدانی پابەندبوونە مەزهەبییەکان هەیە، بەوەی چیتر بە درۆی سیاسییە بزنس و پیاوانی فیتنەچی مەزهەبی و شێخ و سەردەستەی میلیشیاکان باوەڕ نەکەن.

ئەگەر ئەوە نەکەن و بەخێرایی بڕیار نەدەن بۆ ئەوەی بژین، بێشک ئەمجۆرە پۆرتریتە کوشتاریییە وەحشیگەرییەی کە ئێستا شاشەکانی ناوخۆیی و جیهانییان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، ژمارەیان زیاتر و ترسناکتریش دەبن، بەوپێیەی عێراق ڕاستەوخۆ بەرەو بە کووڕەبوونێکی دیکە دەڕوات و بەردەوامی ئەو دۆخە، جەستەی عێراق دەتوێنێتەوە و مرۆڤگەلێکی دیکەی سووتاو و دەروون نەخۆش و تووندوتیژ بەرهەم دێتەوە کە دریژەپێدەری تووندوتیژییەکان و کوشتار و ماڵوێرانییەکان دەبێت.

عەرەبی عێراقی، دەبوو ئەوکاتەی سەددام و دارودەستەکەی و دواتریش حەیدەر عەبادی، کورددیان دەکوشت و هێرشیان دەکردە

سەر کوردستان، قبووڵ نەکەن و چەپڵە بۆ ئەو کوردکوژییە نەکوتن، بۆ ئەوەی نەختێک لەو بارە شلۆقە ڕۆحی و دەروونییە شەڕانگێزیەیان ڕزگاریان بێت و هەست بە مرۆڤبوونی خۆیان بکەن.

ئەوەتا ئێستا پۆرتریێتی کوشتارگەی عێراق، ڕووی لەسەر ئاستی دونیادا نیشانداون، بە جۆرێک کوشتن و کوشتار لە عێراقدا خەریکە دەبێتە کولتوور و تا ئاستی ئەوەی مرۆڤی عێراقی هەردەم چاوەڕێی مەرگی خۆی، منداڵ، دایک و باوک، هاوسەر و کچ و کوڕ، خزمە نزیکەکانێتی، دەی بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە، فەرموو تۆی کورد، سەرێک لە بەغدا بدە و بە ئاسایی پیاسەیەکی ناو بازاڕەکانی ئەو شارە بکە، ناتوانیت ئەو بڕیارە بدەیت، چونکە دەترسیت بە مەرگی خۆت، کۆتایی بە سەردانەکەت بێت.

تاکی عێراقی لە دەروونەوە ئاسوودە نین و ڕۆژ دوای ڕۆژیش ئەو نائاسوودەییە سایکۆلۆژییە، فۆرمی نوێی توندوتیژی، کاولکاری و نامرۆیی لە ڕۆحی هەر تاکێکی عێراقیدا ئەبدێت دەکاتەوە، بێ ئەوەی هەڵوەستەیەک بکەن و شەرم دایانبگرێت بەوەی کە نووکە مۆدێلی ژیان و سیاسەت و ئایینداری لە جیهاندا گۆڕاون، ئەوەی ئەوان پێوەی پابەندن و لەپێناویدا خەڵک و یەکدی دەکوژن، نەک هەر مۆدێلی بەسەرچووە، بگرە ڕەتیش دەکرێتەوە و ڤێرژنە توندوتیژییەکەی بە ڤێرژنی پێکەوەژیان و خۆشگوزارانیی دونیایی گۆڕدراون، کەچی ئەوانەی عێراق، هێشتا لەسەر ڤێرژنە کۆنە ئایینی و مەزهەبییە تووندڕۆکەدا کار دەکەن، لە بەرئەنجامی ئەو چەقبەستوویە ناخەکی و مەزهەبی و ئایینییەیە کە زۆربەی تاکەکانی

عێراقی گیرۆدە کردووە بەوەی بەردەوام سووربوونی خۆیان بۆ مانەوەی مەزهەبگەرایی و ملپەڕاندنی یەکدی دووپات دەکەنەوە.

دروستە یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەکردنی حیزبی بەعس لە عێراقدا، ترسناکی و پیاوکوژییەکەی سەددام و داروودەستەکەی بوو، بەڵام خودی عێراقییەکانیش هۆکارێک بوون کە ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیایەیان قبووڵ کرد، سەرئەنجام بووە هۆی گەشەکردنی بەعس و کاولکارییەکانی ئەم ڕژێمە مرۆڤکوژە، ئەوەی دژایەتیشی کرد لەسەر بنەمای مەزهەبی بوو نەک هەستێکی مرۆیی و شارستانێتی بووبێت، شیعە کە دژی سەددام و ڕژێمەکەی بوون، لەبەر شیعەبوونی خۆیان و سوننەبوونی دەسەڵاتەکەی سەددام بوو، نەک ئەوەی ڕەتی بکەنەوە کە سەددام خاوەن کەسایەتییەکی سەرکوتکەر و مرۆڤکوژ بوو.

تاکی عێراقی هەرگیز هەرگیز هەستێکی خۆڕسکیان بۆ ئازادی و هەتا شۆڕش نەبووە، ئەوەی هەبووە پەرچەکردار بووە لە دژی مەزهەبەکان، لەناو مەزهەبەکانیشدا گرووپەکان دژی یەکدی وەستاونەتەوە، لە نموونەی دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام، ململانێی مەزهەبی ناو یەک مەزهەبیش لە عێراقدا بە جوانی دەرکەوت، هەرچی هێزی سیاسی هەن، لەگەڵ یەکدیدا ناگونجێن و بڕیاری نەگونجانیان داوە و درێژەپێدەری ئاڵۆزییەکان و سەرقاڵی یەکدی کوژین.

عێراق، بۆنسۆی سووتان و کوشتاری لێدێت، کوشتن بە کوشتن، ئەبدێت دەکرێتەوە، لەبری پەرەپێدانی دیموکراسیش، سەربڕین و

مۆدێلی داعش و قاعیدە تێیدا گەشە دەکات، لەبری پێکەوەژیان و ئاشتەوایی، شەڕی کۆنەقین و فیتنەیی تێدا ڕەواجدارە، لەبری بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لێبووردەیی، پەرە بە خوێنڕشتن دەدرێت و یادی کوشتن و شەڕە مەزهەبییەکان لە زاکیرەی گەورە و بچووکدا بە زیندوویی دەهێڵدرێتەوە و بوودجەیەکی زەبەلاحیش بۆ ئەم مەبەستە خەرج دەکرێت. بۆیە کۆمەڵگەی عێراقی وەکچۆن لە مێژوودا بەناو خوێندا هاتووە، ئێستاش لەناو خوێنی خۆیدا دەژی، ئەگەر بمێنێتەوە، لەناو ئەو خوێنەدا وزەی لێ دەبڕێت.

ماڵپەڕی NRT/ ٢٢-١٢-٢٠١٩

(٢٠٢١-٢٠٢٠)

دۆخی عێراق و پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ڕاگەیەندراوەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی دۆخی عێراق و بە دیاریکراویش پەیوەست بە پەلاماردانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، وێڕای ئەوەی جەختکردنەوەی هەوڵێر بوو لە بەردەوامی پەیوەندیی نێوان هەوڵێر و واشنتۆن و پاڵپشتیی هەوڵێریشی بۆ ئەمەریکا دووپاتکردەوە، ئاماژەیەکی دیکەشی دا دۆخی عێراق ئەگەر بەمجۆرەی ئێستای بەردەوام بێت، کۆمەڵگەی عێراقی دووچاری هەمان دۆخی سووریا دەبێتەوە، ئەگەرچی ناوی سووریای نەهێنا، بەڵام بە ڕوونی دەڵێت پەلاماردانی باڵیۆزخانەکە پێشهاتێکی مەترسیدارە.

پەلاماردانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لەکاتێکدایە کە عێراقییەکان خۆیان ناتوانن وەک مرۆڤ بژین! مەزهەب لە سەرووی مرۆڤەوە داندراوە و لەبری سەروەریی یاساش مەرجەعیەت بڕیار دەدات و هێز دەجووڵێنێت و شەقامیش دەخرۆشێنێت بە هاندانی خەڵک بۆ دروستکردنی ئاڵۆزی و پەلاماردانی باڵیۆزخانەی وڵاتان و

بارەگەکانی حکوومەت، ئەمەش دەرئەنجامی مەترسیداری ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە دواجار خودی عێراقییەکان تێیدا زیانمەند دەبن و مەرجەع و پیاوە فاشیلەکانی مەزهەبیش وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، بۆی دەردەچن و میللەتیش لەنێو ئازار و مەرگەساتدا نقووم دەبێت.

پەلاماردانی باڵیۆزخانەکە وێڕای ئەوەی هیچ ئەنجامێکی باشی بۆ گرووپە توندڕۆ و تێکدەرەکانی عێراق لێنەکەوتەوە، هاوکات زیانێکی گەورەشی پێگەیاندن، ئیدی ئەمەریکا هەم هێزی زیاتر دەهێنێتە عێراق و هەمیش چاوەکانی زیاتر کراوە دەبن، بەوپێیەی چوونەدەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق لە ئەجێندای واشنتۆندا نییە، عێراق نەوتی زۆرە و شوێنێکی گرنگی جوگرافی هەیە و ئێرانیش بە سوودوەرگرتن لە شیعە دەیەوێت بەغدا بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، ئەمەریکاش بەڕاشکاوی خۆی بە خاوەنی عێراق و نەوت و خاکەکەشی دەزانێت، بەوەی لە چنگی سەددام و گرووپەکەی دەریهێناوە و پارەیەکی زۆر و تاقەی سەربازی و بەشەری لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی واشنتۆن لە عێراقدا خەرج کردووە، ئینجا عێراقییەکان ئارەزووی خۆیانە چۆن بیر دەکەنەوە، پێیانخۆش بێت یان ناخۆش، ئەمەریکا دەڵێت من خاوەنی عێراقی ئێستام و ئەو دەموچاوانەی ئێستای عێراقیش لە ئەنجامی گورزەکانی واشنتۆن وەک دۆمبەڵان هەڵتۆقیون.

ڕاگەیەندراوەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەلاماردانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ئیدانە دەکات و مانەوەی ئەمەریکاش لە عێراق بە پێویست دەزانێت، پەیامێکیش بە خەڵکی عێراق دەدات کە

بەردەوامی لەسەر ئەو جۆرە ڕەفتارانە زیان بە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەگەیەنێت، هاوکات داعش و قاعیدەش بەبیری عێراقییەکان دەهێنێتەوە بەوەی ئەگەر ئەمەریکا نەبووایە، ئێستا بەغدا لەژێردەستی داعشدا دەبوو، دەتوانین لەپشتی ئەو پەیامەوە ئەوەش بخوێنینەوە ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت ئەو دەموچاوانەی بەغدا بە دەردێک دەبات تەنانەت خۆیانیش نەزانن چ دەردێکە!

ڕاگەیەندراوەکە وێڕای ئەوەی ڕووی لە شەقام و سیاسییەکانی عێراق بوو، بەڵام بەدیوێکی دیکەی بە عێراقییەکانی گوت هەوڵێر مۆڵگە و پەناگەی هەر ئەمەریکییەکە کاتێک ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە داواش لە عێراق دەکات ژیانی دیپلۆماتکاران بپارێزێت. هەروەها ڕاگەیەندراوەکە لەکاتێکدایە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا تەواوی کارەکانی ڕاگرت و داواش لە هاوواڵاتیان دەکات نزیکی باڵەخانەکە نەکەونەوە، بەڵام پێدان و مامەڵەی ڤیزا و کاروبارەکان لە کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر ڕایی دەکرێن، هەر ئەمە پەیامێکی ڕوونە بۆ عێراقییەکان کە هەولێر جیهانێکی جیاوازە لەناو جیهانی شڵەژاوی عێراق.

٢٠٢٠/١/١

شەڕەکە دەچێتە پەرلەمانی عێراق

بیهێنە پێشچاوی خۆت و تەرکیز بکە، یەکێک لە بەهێزترین پیاوە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران کە ئەگەری بوون بە سەرۆککۆماری ئەو وڵاتەشی هەبوو، ئێرانی و شیعەی عێراقی وەک کاریزماش سەیریان دەکرد، واتە قاسمی سولەیمانی لەلایەن ئەمەریکاوە لە قووڵاییی خاکی عێراقدا لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردەی عێراقی دەکوژرێن، ئەمە ڕووداوێکی ئاسایی نییە و دەیان کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە، یەکێک لەو کاردانەوانەش پرسی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق، بەڵام چۆن؟

کوژرانی قاسمی سولەیمانی وێڕای ئەوەی گورزێکی بەهێز بوو لە دڵی سیاسەتی ئێران و شیعەکانی عێراق درا، هاوکات پۆرتی عێراقیشی شکاند، بۆیە بەشی زۆری شیعەکانی عێراق بەهۆی ئەو ڕووداوەوە تووشی شۆک بوون، بەوەی بیریان لە پێکانێکی لەمجۆرەی پیاوە بەناوبانگەکەی ئێران نەکردبووەوە لەسەر خاکی عێراقدا، چونکە بەلای ئەوانەوە سولەیمانی زۆر لەوە گەورەتر بوو ئەمەریکا بتوانێت بیپێکێت، بەڵام عێراقییەکان کاتێک لە خەو هەڵدەستن، هەواڵی کوژرانی سولەیمانی بەیانی باشی شاشەکان

دەبێت، پێویست بوو عێراقییەکان لەوە تێبەن ئەوە ئەمەریکایە و دەبێت چاوەڕێی هەر جۆرە کردە و شتێکی لێ بکەیت، بۆیە دوای ئەو ڕووداوە شیعەکانی عێراق دووبارە و جدیتر شەڕەکە دەبەنە ناو پەرلەمانی عێراق و پرسی دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەبێتە مژارێکی زیندووی شەقامی عێراقی و ناوەندە سیاسییەکان، لەکاتێکدا سوور دەزانن بە دەرکردنی بڕیاریش لە پەرلەمان، هێشتا ئەمەریکا عێراق جێناهێڵێت، بۆ ئەوە نەهاتووە بە ئاسانی بڕوات، بەڵام ئەگەرێکی یەکجار زۆرە شیعەکان لە پەرلەمان بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەدەن و ئەمەریکاش هێزی زیاتر دەهێنێتە ناوچەکە و تەنانەت عێراقیش.

لێرەدا تەنگەژەیەکی یاسایی و سیاسی، ئەمنی و نێودەوڵەتی دروست دەبێت و شیعە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران بۆ ڕازیکردنی تاران بڕیاری دەرکردنی هێزە ئەمەریکییەکان دەدەن، ئەمەش بەڵای ئەمەریکاوە سەخت دەبێت، بەوەی بڕیاری پەرلەمان جۆرێک ڕێزی خۆی هەیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا حیساب بۆ ئەمجۆرە بڕیارانە دەکرێت، وەک بڕیاری گەلیش هەژمار دەکرێت، کەچی ئەمەریکا نایەوێت بچێتە ژێربارى ئەو بڕیارە چاوەڕوانکراوەوە، کەوایە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و ئەمەریکاش پێویستی بە هەندێک گۆڕانکاری هەیە تا ئەو بڕیارە نەدرێت، ئەگەر بڕیارەکە بدرێت دۆخەکە جۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە کە بە دڵی ئەمەریکا نابێت و ناچار بە هەندێک بڕیاری سەخت دەکرێت، ڕەنگە گرووپە شیعەکان بکوتێت، واتە ڕەمزەکانیان وەک ئەوەی دڵی ئێرانی کوتا.

دوابەدوای ڕووداوی کوژرانی سولەیمانی، هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کە خۆیان لەژێر هەڕەشەی نەماندان، دژی ئەمەریکا وەستاونەتەوە، تەنانەت سەرۆککۆماری عێراق دەڵێت قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس شەهیدن و ئامانجەکەی ئەمەریکاش بە دوژمنکارانە ناودەبات، ئەمە لەکاتێکدایە خودی سەرۆککۆماری عێراق خۆی پێگەی لەژێر مەترسیدایە و عادلیش چارەنووسی ڕوونە، لێرەدا هەموو ئەو ئاماژانە دەڵێن بڕیارەکەی پەرلەمان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا دەدرێت، بەو مەرجەی خودی پەرلەمان خۆی بمێنێت و هەڵنەوەشێتەوە!

فەیسبووک: ٢٠٢٠/١/٣

عێراقی دوای بڕیارەکەی پەرلەمان

هاتوهاوار و هەڵوێستی بێمنەتانە و توندڕۆیانەی ئەمڕۆی گرووپە شیعەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا، لەکاتێکدایە هێشتا واشنتۆن هاوکاریی بەغدا دەکات لە شەڕی داعش و تیرۆر بەگشتی کە زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان هەڵقوڵاوی ناو عێراقن. لەوەش کۆمێدیاتر پەرلەمان پێیوایە ئیدی عێراق پێویستی بە ئەمەریکا نییە سەپۆرتی بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ڕاهێنان و پڕچەککردنی سوپاوە هەیە.

ئەگەر ئەمەریکا نەبێت ئەو سوپا زەبەلاحە فشۆڵەی عێراق، توانای دوو سەعات شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی داعشی نییە، وەک ئەوەی پێشتر کاروانی ئۆتۆمبێلە هەڵاتووەکانی سوپا لە گۆشەی شاشە جیهانییەکانەوە نیشان نەدران، وێڕای جێهێشتنی چەک و تەقەمەنیی دەیان لیوا و فیرقەی سەربازی کە دواجار سوپایان پێ ڕاونرا. لێرەدا لاوازبوونی سوپای عێراق بۆ هەولێر سوودی هەیە، وەکچۆن

تێکچوونی پەیوەندیی عێراق و ئەمەریکا، کورد تێیدا قازانج دەکات و پێگەی هەولێر لە بەرانبەر بەغدای شڵەژاودا بەهێزتر دەبێت.

عێراقییە تووندڕۆ و مەزهەبییەکان جارێکی دیکە مااڵی خۆیان کاول کردەوە بەوەی شەڕێکی ساردیان لە دژی خۆیان هەڵگیرساند، دیارە چارەنووسیان لە ئاست ئەمەریکایەکی زلهێزدا چی دەبێت، گریمان دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا هەڵچوو و سوپاکەی لە عێراق کشاندەوە، کە زەحمەتە ڕووبدات، ڕێک ئەوە خودی کارەسات و مااڵوێرانییەکەیە دووچاری خەڵکە هەژار و بەدبەختەکە دەبێت، ئەو عێراقەی دەیبینن، توانای دوو مانگ خۆبەڕێوەبەری نابێت و ناچار دەرپێکەی دادەکەنێت و بانگی ئەمەریکا دەکاتەوە.

عێراقییەکان باس لە سەروەریی وڵات دەکەن و وەک پاساوێکیش بۆ دەرکردنی ئەمەریکا بەکاری دێنن، کەچی بیریان چووە خودی عێراق خەریکە دەبێتە بووکەشووشەی دەستی ئێران و بە ئارەزووی خۆی یاری پێدەکات، وێڕای ئەمەش هێشتا سیاسییەکانی وڵات فرمێسک بۆ ئێران دەڕێژن.

ئەم وتارە کەمترین ڕێژەی لایەنداری و دژایەتی تێدایە، تەنیا گواستنەوەی ئەو واقیعەی عێراقە بەوەی خەریکە لەناو لم و گۆماوی لێخنی خۆیدا ون دەبێت و دەسەاڵتدارەکانیشی لەبری ئەوەی لە ڕێگەی ئاشتەواییی نیشتمانی و کۆمەاڵیەتییەوە وااڵتەکە ببووژێننەوە، خەریکە کاولتری دەکەن، ڕێک لەو دۆخەشدا باسی سەروەریی وڵات دەکەن.

دۆخی عێراق دروستە ئاڵۆزە، گریمان بەشێکیشی پەیوەندی بە ئەمەریکاوە هەیە، دواتر ئەوە عێراقییەکان خۆیانن شەڕی بە وەکالەت بەڕێوە دەبەن، سیاسییەکانی بەغدا زۆرباش دەزانن ئەمەریکا کێشە و قەیرانەکان چارەسەر ناکات، ئیدارەیان دەدات، بۆ ئەوەی پاساو بۆ مانەوەی خۆی بدۆزێتەوە، وێڕای هەموو گوشارەکانیش هەوڵی بەهێزبوونی زیاتری خۆی لە عێراقدا دەدات.

ئەمەریکا چەکی سیاسی و ئابووریی زۆری بەدەستەوەیە و دەتوانێت لە دژی عێراق بەکاری بهێنێت، چەند نموونەیەک، قەرزێکی زۆری لای عێراقە، تەنانەت پارەی ئەو مووشەک و فیشەک و دڕانی پۆستالانەش لە عێراق وەردەگرێتەوە کە لە شەڕی ڕووخاندنی سەددام و قاعیدە و گرووپە تیرۆریستییەکان و داعشدا خەرجی کردوون، پێی شەرم نییە بڵێ پارەی ئەنجامدانی ئەو پڕۆسەیەشم دەوێتەوە کە بەهۆیەوە قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیسی تێدا کوشتن، بۆ نا؟ ئەمە ئەمەریکایە و بە چاویلکەی دراو و بەرژەوەندییەوە سیاسەت دەکات و بڕیاری خۆی دەسەپێنێت!

عێراقییەکان پێیانخۆش بێت یان ناخۆش، سەد ساڵی دیکەش ناتوانن هێندەی ویلایەتێکی بچووکی ئەمەریکا توانایان هەبێت، بەچی دەنازن! ئەوەندە بەسە ئەمەریکا گوشار لە کۆمپانیا جیهانییەکان بکات بۆ ئەوەی نەوتی عێراق نەکڕن و شت بە عێراق نەفرۆشن، ئەوکات عێراق چی دەکات و چۆنچۆنی چل ملیۆن کەس دەژیێنێت! لە ڕووە سیاسییەکەیشەوە ئەمەریکا دەتوانێت ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان وەک چەکێکی بەهێز دژی عێراق بەکار بهێنێت، بەوەی

نەتەوەیەک هەن لەژێر هەڕەشەدان و پێویستە پارێزگاریان لێ بکرێت بە دروستکردنی دەوڵەت بۆیان.

بەگوێرەی هەموو لێکدانەوەکان تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و واشنتۆن پێگەی هەولێر بەرز دەکاتەوە تا ڕادەی زیندووکردنەوەی کەیسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان.

فەیسبووک: ٢٠٢٠/١/٥

کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق

دۆخی ئەمنی و سیاسیی عێراق، وێڕای ئاڵۆزییەکەی، لە قۆناغێکی هەستیاردایە بەوەی ئەگەری گۆڕانکاری هەیە، گۆڕانکارییەک ڕووون نییە وڵات بە چ ئاقارێکدا دەبات، بەوەی هەر هەفتەیە و مانگ و ساڵەی، باوەش بە قەیرانێک و ئاڵۆزییەکی نوێدا دەکات و کۆی ئەوانەیش گەلی عێراقیان ماندوو کردووە و لەناو ئەو فەزا ئاڵۆزەشدا دەکرێت گەل خۆی بەشێک خەتاکەی بکەوێتە ئەستۆ بەوەی بە ئاسانی چەپڵە بۆ سیاسییە فەوزەوی و فاشیل و مەزهەبییەکانی بەغدا دەکوتێت و چەکیان بۆ هەڵدەگرێت و بەردیان بۆ دەهاوێت، بێ ئەوەی بیر لە ئایندە و چارەنووسی خۆیان و ئەو نەوەیە بکەنەوە کە ئێستا لەناو گۆمی خوێن و ئاڵۆزییدا بەرەو کەناڕێکی ناڕوون دەڕۆن.

ڕوونە دۆخی عێراق چییە، لەوە مەترسیدارتریش ئەوەیە، عێراقییەکان لەژێر هەژموونی دەرەکی و مەزهەبیدا، ئەمەریکا لەو وڵاتە دەربکەن، دەرکردنی ئەمەریکاش ئەگەرچی ئاسان نییە و واشنتۆن بەو ئاسانییە ناڕوات، چونکە پارەی زۆر تێدا خەرج کردووە تا عێراقی لە چنگی

سەددام و گرووپەکەی دەرهێنا، سەرباری ئەوە خوێنی تێدا ڕشتووە و زاکیرەی شەقامی ئەمەریکی لەسەر گرنگی شوێنی عێراق بۆ ئەمەریکا ڕاهێنراوە، بۆیە ئێستا زەحمەتە ئەو گرنگی شوێنە لە زاکیری شەقامی ئەمەریکیدا فەرامۆش بکرێت. کەوایە ئیدارەی دۆنالْد ترەمپ بەتایبەتی کە هەڵبژاردن نزیکبووەتەوە، بەو ئاسانییە ناچێتە دەرەوە، وەک ئەوەی گرووپە شیعەکان بە ئاسانی تێگەیشتوون و هەوڵی دەرکردنی دەدەن، بە بەکارهێنانی ڕێکاری یاسایی کە ئەمەریکا دەڵێت ئەم ڕێکارانە سیاسین و ئێرانیان لەپشتەوەیە، ئەمەش بۆ ئەمەریکا قورسە تا ئاستی ئەوەی بە ئاشکرا ڕەتی دەکاتەوە.

گریمان ئەمەریکا کشایەوە کە ئەم گریمانەیە زۆر لاوازە، بەڵام دۆخی سیاسی و ئەمنی عێراقی ئێستا، بە هەموو پێوەرێک پێویستی بە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەیە، بەتایبەتی کەیسی شەڕی تیرۆر و لاوازکردنی گرووپە توندڕۆکان لە سەرووی هەموویانەوە داعش کە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی بووەتە مژارێکی گەرمی میدیا و ناوەندە سیاسی و ئەمنییەکانی جیهان، لێرەدا دەبێت پشت لەو ڕاستییە نەکرێت، ئەگەر ئەمەریکا نەبێت، سوپا و میشلیشیا عێراقییەکان ناتوانن ئیدارەی ئەو شەڕە بکەن، بەڵکوو بەنزینن بۆ شەڕەکە!

ئەمە لەڕووی دۆخی ئەمنی و هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە، دیوەکەی دیکەی کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئەویش لایەنی سیاسییە، ئەو گرووپە فەوزەویانەی بەغدا لە غیابی ئەمەریکا هەڵوێستی فاشیستیانە و نادیموکراسییانەی دەبێت و ڕاستەوخۆ ئەجێندای دەرەکی لەسەر حسابی ماف و دەستکەوتەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق جێبەجێ دەکات، بەتایبەتی ئەوەی

پەیوەندی بە پێکەوەژیانەوە هەیە، دووچاری هەڕەشەیەکی جیدیتریش دەبێتەوە، لەکاتێکدا هەر خۆی ئێستا پێکهاتەکان عێراق جێدەهێڵن و بەشی زۆریان ماڵوحاڵیان بۆ هەرێمی کوردستان دەگوێزنەوە تا ژیانێکی ئارامتر بژین.

ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارەی ٣٢٤١ لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٣

محەمەد عەللاوی و بەغدای ئاڵۆز

ڕاسپاردنی محەمەد عەللاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، لە قۆناغێکی سەخت و ئاڵۆزدایە، ئەو پیاوهش ناوبانگێکی گەورەی سیاسی نییە، ئەگەرچی وەک سیاسییەک بەشداریی پرۆسە سیاسییەکانیش بووە.

قسەکردنی ئێستای ئەم وتارەش هێندەی قسەکردنە لەسەر ڕوئیای عێراقییەکان بۆ حکومڕانێتی و تێوەگلانیان لەو گەڕەڵاوژەیەی لە پەنای مەزهەب و شەڕی خێڵەکان و بزنسمانە دۆمبەڵانئاسا هەڵتۆقیوەکانی بەغدایە، بەڵکوو شەنوکەوکردنی خودی ئەو کەسایەتییە نییە، چ جای ئەوەی هێشتا زووە بتوانین گەرەنتی ئەوە بکەین کە دەتوانێت حکوومەتەکەی پێک بهێنێت! خۆ ئەگەر بەردێکی بدرێتە دەست بۆ دروستکردنی دیواری حکوومەتەکەی، لە بەرانبەردا سەدان بەردیشی تێدەگیرێت و بە خاکەناس و پیشەقانیش بناغەی حکوومەتە چاوەڕوانکراوەکەی بنکۆڵ دەکەن.

خودی دکتۆر عادل عەبدولمەهدیش بە هەمان دۆخی ئەو پیاوەدا تێپەڕی، ئەگەرچی سەرەتا ویستی نموونەیەکی نەختێک نوێتر پێشکەشی گەلانی عێراق بکات، بەڵام هەرزوو لەوە تێگەیشت ئەوەی

ئەو بیری لێ دەکاتەوە لەگەڵ ڕوئیا و ئەجێندای سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی ئێستای بەغدا نایەتەوە، لە یەکەم چرکەساتیشدا پێیگوتین لە پۆستەکەی سەرکەوتوو نابێت! کاتێک ویستی لە ڕێگەی سیڤیی ئاشکراوە پۆستەکان پڕ بکاتەوە، بەڵام ئێستاش کەس نەیزانی ئەو سیڤییانە واتە فۆڕمەکە چیان بەسەر هات! سەرئەنجام دۆخە ئاڵۆزەکەی بەغدا نەک سیڤییەکان، تەنانەت خۆری ئەویشی ئاوا کرد.

هێشتا ئەو پیاوە بە فەرمی کابینەکەی ڕانەگەیاندووە، لە چەند شوێنێکی عێراقدا دژی وەستاونەتەوە، تەنانەت وەک پێویستیش پێشوازی لە دیاریکردنەکەی ناکرێت، ئەوەی دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ شکستی ئەو پیاوە بخوێندرێتەوە، خودی دۆخە ئاڵۆزەکەی بەغدایە بەوەی چارەسەرکردنی نەک هەر لە توانای محەمەد عەللاویدا نییە، ڕەنگە ئاڵۆزتریش بێت.

سیاسییەکانی بەغدا بە ماندووبوون و خەباتی سیاسیی خۆیان و قوربانیدان نەهاتوونەتە سەر ئەو کورسییە کێشەدارانەی بەغدا، بەڵکوو لە ئەنجامی خوانێکی ئامادەکراوی ئەمەریکاوە هاتوون و چاویان بەو کورسییانە و خێروبێری عێراق کەوتووە، ئەمەیش بەری چاوی زۆربەیانی سوور کردووە بە جۆرێک هەرگیز ناتوانن ڕێز لە سەقامگیریی سیاسی بگرن و خۆشگوزەرانیش بۆ خەڵک بەدی بهێنن، لە قۆناغی زنجیرە حکوومەتەکانی دوای سەددام و پرۆسەی حوکمڕانێتی کە کابینە لە دوای کابینە کۆمەڵێک کێشەی نوێ و هەڵپەسێردراوی بە میرات بۆ خەڵک و حکوومەتی دوای خۆیان جێهێشت، سەرئەنجام وەک بۆمب تەقییەوە!

کورد لە بەغدا ڕەگەزێکی گرنگیی سیاسییە، ڕەگەزێک زۆربەی کاتەکان غەدر و گەلەکۆمەکی لێکراوە تا ئاستی ئەوەی هەرچی ئەو

گرووپ و لایەنە سیاسییە عێراقییانەی لە بنەڕەتدا دژی یەکدیشن، بەڵام بۆ دژایەتیکردنی کورد یەککگرتوون. کەوایە بەشداریکردنی کورد لە حکوومەتەکەی محەمەد عەللاوییش دەبێت بەشداریەکی سیاسی و نەتەوەیی لەسەر بنەمای بەدەستهێنان و پاراستنی زیاتری مافەکانی کورد بێت.

ڕاستە کورد دژی ئەو پیاوە نییە، کەچی گرنگە کوردیش ڕوئیا و مافەکانی خۆی بەڕوونی بەو پیاوە بڵێت کە ئەوانەی هێڵی سوورن، ناکرێت گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و ئەوانەیشی جێی گفتوگۆن، دەکرێت دانوستاندنیان لەسەر بکرێت، لە هەموویان گرنگتریش دەبێت کورد بە جوانی بەو پیاوە بڵێت بەغدا خێر بە کورد ناکات لە پێدانی مووچە و بودجە و پرسە داراییەکانی دیکە و چەک و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە، هەموو ئەوانە بەگوێرەی دەستوور بۆ کورد (هەرێمی کوردستان) دیاریکراون و ناکرێت چیتر پێشێل بکرێن، لە سەرووی هەموو ئەوانەیشەوە پێویستی بە یەککگوتاری و یەکهەڵوێستی هەیە، بۆ ئەوەی کارتە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و دەستوورییەکانی کورد بەهێزتر دەربکەون، لە قۆناغێکدا کە چاوەڕێ ناکرێت حکوومەتی نوێی عێراق دۆخە ئاڵۆزەکەی بەغدای پێ چارەسەر بکرێت.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٩٢٤ لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٢٠/٢/٣

هەولێر و عەلاوی دووەم

ئەوەی ئێستا موحەمەد عەلاوی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، دەرهەق بە کوردی دەکات، بە ئامانجی پەراوێزخستی هەولێر، ڕەنگە نامۆ نەبێت و دەکرێت ئاسایی بێت!
بەو مانایەی عێراق و سیاسییەکانی، بەمزووانە ناتوانن دان بە ماف و پێگەی سیاسی و مرۆیی هەرێمی کوردستاندا بنێن، بە هۆکاری زاڵبوون و بەردەوامی عەقڵییەتی ڕاسیستییانەی دژ بە کورد کە میژووەکەی لە دروستبوونی عێراقەوە تا ئێستا درێژەی هەیە، ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە هاتووە، بە موو لە سیاسەتی سەددام حوسێن و کارەکتەرەکانی پێش ئەو لایان نەداوە، تەنیا هەندێک گۆڕانکاریی بچووک نەبێت، لە ڕەفتاری ساختەیاندا، ئەویش جارێک لە ترسی ئەمەریکا و جارێکیش عێراق خۆی لاواز بووە و ئاڵۆزیی ناو ماڵی شیعە و سوننەش هۆکاربوون لەوەی جار جارە بە درۆ خۆیان لە کورد نزیک بکەنەوە، ئەگەرچی بەشێک لە سیاسی و ڕۆشنبیر و کەسایەتیی کورد، دەڵێن، عادل عەبدولمەهدی نموونەیەکی باش بوو بۆ کورد، بەڵام لە واقیعدا و لەسەر ئەرزی جێبەجێکردنی سیاسەتدا، ئەویش پیاوێکی خراپ و لە سایەی دەسەڵاتیدا سیاسەتی بەعەرەبکردن و ئازاردانی کورد لە ناوچە

کێشەلەسەرەکان درێژەی هەبووە، تەنانەت سووتاندنی دەغلودانی کوردانیشی هاتەسەر، هەروەها مووچە وەک خێر بۆ هەولێر دەهات، بە جۆرێک هەموو سەرەمانگێک خەڵکی کوردستان دووچاری دڵەڕاوکێ دەبن، تەنانەت ئەو پیاوە واتە عەبدولمەهدی جورئەتی نەکرد دوو بارەگەی پارتی دیموکراتی کوردستان ببات‌ەوە کەرکووک، لەکاتێکدا پارتی هاوپەیمان و پاڵپشتی بوون، دەی ئەوە عەبدولمەهدییە باشەکە بوو، بە قەولی هەندێک!

ئینجا ئێمە بۆ چاومان لەوە بێت عەلاوی باش بێت! کە درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی ڕاسیست و دژە کوردە، ئەگەر وا نەبووایە پێویست بوو بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، بە هەموو شێوەیەک خۆی لە کورد نزیک بکرایەتەوە و دەیان فۆرمی تاقی بکرایەتەوە بۆ ڕازیکردنی کورد، کەچی ئەوەتا لەو ڕەوشە ناسکەی خۆیدا، ئامادە نییە دان بە ماف و پێگەی هەرێمی کوردستان بنێت، ئەویش دەیەوێت لە ڕێگەی سیاسەتی دژایەتی کوردەوە خۆی لە بەرەی ڕاسیستی عێراق نزیک بکاتەوە، لەکاتێکدا سوور دەزانێت، کورد یانی سەقامگیری، یانی ئاڵۆزی، واتە لە یەک کاتدا کورد دەتوانێت هەم ئاڵۆزی و هەمیش سەقامگیری دروست بکات، نموونەی شەڕی پردێ لە سەردەمی عەبادی و ئاشتەوایی لە سەردەمی عادل عەبدولمەهدی، ئێ کورد بۆ هەردووکیان ئامادەیە! پیرمام خوێنی لێ بچۆڕێت، خۆی ڕادەستی موحەمەد عەلاوی ناکات!

سەرەڕای ئەوانە، ڕەنگە کشانەوەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراق کارێکی پۆزەتیڤ نەبێت، بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی کورد، مادام وایە سیاسەتی دیپلۆماسییانە و پشوودرێژانە پێویستە، لە

سەرووی هەموو ئەوانەشەوە یەکگوتاری و یەکهەڵوێستی پێویستە کە دڵنیام ئەوە ڕوو نادات و حیزبەکانیش هەمان مۆدێلی زوو پەیڕەو دەکەن، ئەوەتا عێراق دەیەوێت دووبارە مافە سیاسی و ئابووریییەکانی کورد پێشێل بکات، کەچی کورد لەناو خۆیدا، لەبری ئەوەی ڕووبەڕووی بەغدا ببێتەوە، خەریکن لە دژی یەکدی خۆپیشاندان دەکەن و بەمەش دڵی ڕاسیستەکانی بەغدا خۆش دەکەن و ئەوەش وەک دیاریییەک پێشکەشی بەغدا دەکەن، لەکاتێکدا دەبوو لەم قۆناغەدا، کورد یەکگرتوویییەکەی لە لووتکەدا بووایە، بەوەی قۆناغێکی هەستیارە و بەغدا دەیەوێت هەمدیسان کێشە بۆ پێگەی هەولێر دروست بکات، لەکاتێکدا هەولێر نایەوێت خۆی بخاتە ژێر هەژموونی عەلاوی دووەم.

سەرباری ئەوەی ئاواتەخوازم کورد لە قۆناغی ئێستا، ڕێگەی دیالۆگ و مێزی دانوستاندن لەگەڵ عەلاوی دووەم بگرێتەبەر، بەڵام ئەگەر ئەو پیاوە هەر سوور بێت لەسەر فەرامۆشکردنی کورد و هەوڵی بچووککرنەوەی پێگەی هەولێر بدات، ڕێک کوردیش چەند خاڵێکی بەهێزی هەن، دوو لەوانە نەوت و ئەنجامی ریفراندۆمیشی هەن کە بۆ ئەم قۆناغە زۆر گرنگن، بەتایبەتی نەوت، بەوەی کورد دەتوانێت دیسان ئابووریی سەربەخۆ پەیڕەو بکات، بە ڕەچاوکردنی چاکسازی و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکوومەت و بایەخدان بە کشتوکاڵ و کارکردن بۆ کەرتی وەبەرهێنانی ناوخۆیی، بە ڕادەیەک بەغدا پێویستی بە هەولێر بێت.

عەلاوی، ئەو پیاوە لاوازەی گۆڕەپانی سیاسەت و ناو ململانێکانی بەغدا، لە یەکەم ئەزموونیدا بۆ ئەوەی خۆی لەناو ڕاسیست و

مەزهەبییەکانی بەغدا خۆشەویست بکات، دەستی کردووە بە دژایەتیکردنی کورد و دەیەوێت لە پرۆسەیەکی کارتۆنیدا بەشداری بە کورد بکات، ئەویش لە دەرەوەی ئیرادەی قەوارەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستاندا، لەکاتێکدا هەولێر مافی بڕیاردانی هەیە نەک عەلاوی، هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکات و هەر کەس و کاندیدێکیش لە دەرەوەی ئەو قەوارە یاساییەی هەرێمەوە کاندید بکرێن، دوور و نزیک پەیوەندییان بە کوردەوە نابێت و ناتوانن نوێنەری هەولێر بن، ئەگەر ئەوەش ڕوویدا، لەسەر هەولێر پێویستە بە دەنگی بەهێز و یەکگوتاری دژایەتی بکات و تەنانەت ڕێگری لەو جۆرە کوردانەش بکات کە بەشداری کابینەکەی عەلاوی دەکەن، واتە ئەو جۆرە کوردانەی لەسەر حیسابی فەرامۆشکردنی پێگەی کورد و لەسەر خواستی عەلاوی پۆست وەردەگرن، پێویستە ڕێگەی هەولێر و سلێمانیان لێ بگیرێت، ئاخر ئەو جۆرە بەشداریيە زیاتر لە جاشایەتی دەچێت تا بەشداریی سیاسی بێت، بەشداریيەک لە حکوومەتەکەی عەلاویدا بەبێ ڕەزامەندی هەولێر، لای هەولێر هیچ قیمەت و بەهایەکی نابێت و هەولێریش ئەو کەسانە وەک جاش دەبینێت کە لە دەرەوەی ئیرادەی سیاسیی هەولێردا بەشداری کابینەکەی عەلاوی دەکەن.

فەیسبووک/ ٢٠-٢-٢٠٢٠

گریمان کابینەکەی محەمەد عەللاوی متمانەی وەرگرت

لە بنەڕەتدا محەمەد عەللاوی یەکێک لە لاوازترین کارەکتەرە سیاسییەکانی عێراقە و چانس دروستی کرد، ئەگەر ئەو دۆخە ئاڵۆزە سیاسییەی عێراقیش عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە نەکردبووایە، ئەو پیاوە واتە محەمەد عەللاوی نەک هەر چانسی بوون بە سەرۆکوەزیرانی نەدەبوو، ئیدی لە چانسی عەللاوییە کە عەبدولمەهدی لە ئاست قەیرانەکاندا لەبری مانەوەی لە پۆستەکەیدا، پاشەکشەی کرد.

گریمان محەمەد عەللاوی توانی متمانەی پەرلەمان بۆ کابینەکەی وەربگرێت! لێرەدا ئەوە هەموو شت نییە، ئەو لە دۆخێکدا کە عێراق لە تەنگەژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدایە و بە دیاریکراوی گرووپە مەزهەبییەکان ملیان لە ملی یەکدی ناوە و بە هەموویان عێراقیان خستووەتە ناو چاڵێکی قوواڵی کێشە و قەیرانی چارەسەرنەکراوەوە. بۆیە کابینەکەی محەمەد عەللاوی دووچاری ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەت و

لە سەرووی هەموویانیشەوە هێشتا هیچ نەبووە نێوانی لەگەڵ هەولێردا تێکداوە، ئەگەر بەردەوامی بەو دژایەتییەی لەگەڵ هەولێریش بدات، حکوومەت و پێگەگەی خۆی دووچاری قەیرانی گەورەتر دەکات، ئەگەر ئەو پیاوە سیاسییەکی وردبین بووایە بە وردییەوە فۆکەسی دەخستە سەر چارەنووسی نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی کە لە دژایەتیکردنی هەولێردا ئەگەر خیانەتی ناوخۆیی گرووپێکی کوردی نەبووایە، (١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧) هیچیان چنگ نەدەکەوت، سەرئەنجامیش خۆریان ئاوابوو.

محەمەد عەللاوی هێشتا هیچ نەبووە چاڵی قوواڵی بۆ خۆی و حکوومەتەکەی هەڵکەندووە بەوەی خەریکە کورد دەکاتە نەیاری خۆی و بەشی زۆری سوننەکانیش بەڕاشکاوی دژایەتی دەکەن و ناومااڵی شیعەش ئەگەرچی لە دژایەتیکردنی کورددا یەکدەنگن، بەاڵم لە ئاستی ناوخۆی خۆیاندا تەبا نین و بەردەوامیش بۆسە بۆ یەکدی دادەنێنەوە، وەک چۆن عادل عەبدولمەهدییان ناچار بە پاشەکشە کرد، دەبێت عەللاویش چاوەڕێی ئەو چارەنووسە بکات! بەتایبەتی ئەو ڕەوتە مەزهەبییانەی سەپۆرتی خۆپیشاندان لە دژی حکوومەتەکانی عێراق و هەڵکوتانە سەر باڵەخانەکانی حکوومەت و لایەنە سیاسییەکان ئەگەری کراوەن لەبەردەم حکوومەتەکەی عەللاویدا لە کاتی دەستبەکاربوونیدا، چونکە دۆخی عێراق ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت.

وێڕای هەموو سەرنجەکانیش لەسەر عادل عەبدولمەهدی و هەڵوێستەکانی لە پەیوەست بە کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەاڵم ئەو لە دوای ئەیاد عەللاوییەوە باشترین

سەرۆکوەزیرانی عێراق بووە لە دوای ساڵی(٢٠٠٣)، سەرەڕای ئەوە ئینجا نەیتوانی کاروانی کابینەکەی بگەیەنێتە دوا وێستگەی یاسایی و دەیان و سەدان کێشەیان بۆی دروستکرد، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتی بوو، سوننەکانیش لێی ڕازیبوون، کەچی محەمەد عەللاوی هێشتا متمانەی وەرنەگرتووە بە سیاسەتە خراپەکەی درزی خستووەتە نێوان پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و لە لایەکی دیکەشەوە سوننەکانیش لێی ڕازی نین و قەیرانەکانی عێراقیش زۆر لەوە گەورەتر و قوواڵترن ئەو پیاوە لاوازەی نێو ململانێکانی عێراق بتوانێت چارەسەریان بکات.

لەکاتێکدا خۆی باش دەزانێت بەکاردەهێنرێت بۆ دژایەتیکردنی گرووپە ناوخۆییەکانی عیراق و لە سەرووی هەموویانەوە دژایەتیی پێگەی هەرێمی کوردستان بکات، لێرەدا زۆرباش دەزانێت هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوور و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا سیاسەت دەکات و داوای جێبەجێکردنی دەستوور بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات بەتایبەتی لەو پرسانەی بەغدا بە ئاشکرا دەیەوێت پێشێلکاری بکات. لێرەدا هەولێر چەندین جار ڕایگەیاندووە کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەسەکاندا نییە، بەڵکوو لەگەڵ ئەو تێڕوانینە دیکتاتۆرییەی بەغدایە کە دەیەوێت پرسی کورد بچووک بکاتەوە و کێشە لەبەردەم مافەکانی کورد دروست بکات.

ڕۆژنامەی خەبات، ژمارەی ٥٩٤٢ لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٠/٢/٢٧

کورد لە گێژاوی سەردەمی مستەفا کازمیدا

عێراق خۆی لە گێژاوی دەیان ئاریشە و ململانێی حیزبی و مەزهەبی و کەسێتیدا گیری خواردووە، سەد ساڵە نەیتوانیوە وەک وڵاتێکی دامەزراوەیی مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکاندا بکات، بەتایبەتی لەگەڵ کورد. سەرەڕای ئەوەش بەشی زۆری داهات و توانا مرۆییەکەی بۆ شەڕ و کوشتار و ململانێ بەردەوامەکانی گرووپ و دەستەکان بەفیڕۆ دەدات، لەگەڵ ئەوەیشی خاوەنی نەوتێکی بێشوومارە، کەچی خەڵکێکی زۆری لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بەردەوام بەهۆی شەڕ و کوشتارەوە خێزانگەلێک بێسەرپەرشت دەبن و حکوومەتیش ئاگای لە کەس نییە، تەنیا سەرقاڵی ڕازییکردنی ئەم گرووپ و تووڕەکردنی ئەو گرووپەی دیکەیە لە پڕۆسە سیاسییەکاندا.

کاتێک دەڵێین سەدام حوسێن دیکتاتۆر بوو، ئەمە ڕاستە و دوژمنە سەرسەختەکەی کورد بووە! وەلێ کەسمان درکمان بەوە نەکردووە حەیدەر عەبادی سەدامێکی دیکەیە، لە کاتی هەڵەبجە و ئەنفالدا، کورد بەراورد بە ئێستا توانای ئەوەی نەبوو پێش بە هەڵمەتی ئەنفالەکانی سەددام بگرێت، چونکە لە سەردەمی عەبادیدا پێشمەرگە توانی ڕووبەڕووی سوپاکەی ببێتەوە، ئەنفالێکی دیکە ڕووی نەدا، ئەگینا ئێمە مێژوویێکی دیکەی ئەنفالی ٢٠١٧مان تۆمار دەکرد،

بەتایبەتی کەسوکاری پارتییەکان، وەک ئەوەی کاتی خۆی کەسوکاری بارزانییەکان ئەنفال کران.

لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن و پێکهێنانی حکوومەتە نوێکانی عێراق، سەرەتای هەر کابینەیەک کۆمەڵێک بەڵێنیاندا و دواتر سەنگەریان لە کورد گرت، کابینە دوای کابینە سەنگەرەکان پلاندارێژتر و تۆکمەتر بونیادنراون بۆ ئەوەی باشتر کورد بکوتن و لە بۆتەی عێراقیبووندا زەلیلی بکەن و ناسنامە کوردییەکەیشی بە پلان بسڕنەوە، ئەمە ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، تەنانەت پێش سەددام حوسێنیش ئەوانەی هاتوونەتە سەر حوکم سەرەتا بە قسە لەگەڵ کورد باش بوون، دواتر دژی وەستاونەتەوە، ناچینە ناو مێژووەوە، خۆمان لەگەڵ ئەو مێژووە دەژین!

مستەفا کازمی لە دوای بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، سێیەم کاندیدی ڕاسپێدراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، دەگوترێت ئەو پیاوە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەوەیە کورد جنێوساید کراوە و بە مەیدانیش کاری لەو کەیسەدا کردووە، وێڕای ئەمەش پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانیشدا هەیە، دەمودەستیش هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سەرۆک بارزانی و هەردوو دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی خۆیان بۆی ڕاگەیاند، ئەو پیاوەش تا ئێستا هیچ قسەیەکی ئەوتۆی نەکردووە کورد نیگەران بکات، تا ئێرە باشە، ئەگەرچی ئەوانی پێش ئەویش سەرەتا باش بوون.

بەگوێرەی ئاماژە سیاسییەکان کازمی دەتوانێت حکوومەتەکەی پێکبهێنێت، حکوومەتێک یەکسەر باوەش بە کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری و سیاسیدا دەکات، بەوپێیەی هێشتاش هێزگەلێکی گرووپگەرا لە عێراقدا هەن، دژی ئەوەن کورد مافەکانی خۆی وەربگرێت و لە ناو خۆیانیشدا دژایەتی یەکدی دەکەن، هەر ئەو عەقڵییەتەشە وایکرد قووتی خەڵکی کورد ببڕن و هێرشی سەربازیش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان.

لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە قەیرانی دارایی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە حکوومەتەکەی کازمی تووشی کێشە دەکات، ئەوەی جێی ترسە، بۆی هەیە خودی کازمیش لەژێر گوشاری ئەو عەقڵییەتە فاشیستییەی گرووپەکانی عێراق هەندێک بڕیاری ئابووری لە دژی هەرێمی کوردستان بدات، واتە کۆڵی قەیرانی دارایی بە کورد بڕێژن! بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نەوتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، دەیانەوێت هەولێر هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت و ڕۆڵی کرێگرتەی بەغدای هەبێت، ئەوەش جێی قبووڵ نییە، بەوپێیەی هەولێر بە ئاشکرا نەوتی هەناردە کردووە و خاکەکەیش هی کوردە، قسە لەسەر شەفافی و ناشەفافی داهاتەکەی ناکەم، ئەوەیان ئیشی من نییە، ئەوەندە دەزانم حکوومەت نابێت هەموو شت بۆ میدیا باس بکات!

وەک لە ڕاگەیەندراوەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە لە پەیوەست بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و پاڵپشتیکردن بۆ پێکهێنانی حکوومەتەکەی کازمی، ئەوەی لەسەر هەولێر بووە درێغی نەکردووە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باش، سەرەڕای ئەوەی هەولێر دەزانێت خودی کازمیش دواجار دەکەوێتە ژێر هەژموونی ئەو عەقڵییەتە فاشیستییەی بەغدای

مەزهەبی بەڕێوە دەبات، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە قووتی خەڵکەوە هەیە، دەخوازن وەک چەکێک لە دژی هەرێمی کوردستاندا بەکاری بهێنن، بەو ئامانجەی خەڵک لە دژی حکوومەت و دامەزراوەکانی هەرێم هانبدەن کە بە لای ئەوانەوە باشترین چەکێکە بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای ئەوەی مستەفا کازمی هێشتا هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرای بۆ دژایەتیکردنی کورد ڕانەگەیاندووە، وەلێ کورد دەبێت ئەو هۆشیارییەی هەبێت کە هیچ سیاسی و سەرکردەیەکی عێراقی بە فریشتە نەزانێت، هەلومەرجەکان و گوشارە خێڵەکی و مەزهەبییەکانی بەغدا، لە یەک سەعاتدا بۆی هەیە هەڵوێستی هەر سیاسی و سەرکردەیەکی عێراقی لە پەیوەست بە دژایەتیکردنی کورد بگۆڕێت، ئێمە باسی گۆڕانە خراپەکە دەکەین.

زۆربەی ئەوانەی بوون بە سەرۆکوەزیرانی عێراق سەرەتا لەگەڵ کورد باش بوون، دوایی خراپترین کەسیان لێ دەرچوو، تەنانەت لەپێشچاوی عادل عەبدولمەهدیشدا زۆرترین غەدر لە کوردی کەرکووک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کرا، بەوەی پرۆسەی تەعریب بەردەوام بوو و دەغڵودانی جووتیارانی کورد سووتێندران و زۆر شتی دیکەش کە ئەو پیاوە لە ئاستییاندا بێدەنگ بوو، تەنانەت نەیتوانی بارەگایەکی پارتی بباتەوە کەرکووک لەکاتێکدا پارتی زۆرترین پاڵپشتیی کابینەکەی بوو.

ئەوەی لەسەر هەولێرە پێداگریکردنە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور کە بەهۆی ئەوەی ئەوکات لایەنی عێراقی لاوازبوون، زۆربەی ماددەکانی دەستوور لە بەرژەوەندیی

کورددا نووسراونەتەوە، وەک ماددەی ١٤٠ و ئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگە و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، گرنگتریش ئەوەیە لایەنی سێیەم، واتە ئەمەریکا ئاگاداری هەر رێککەوتنێکی نێوان کورد و مستەفا کازمی بێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کورد درک بەوە بکات کازمی ئەگەر توانی حکوومەت پێک بهێنێت، بە فریشتەیی نامێنێتەوە و لە گێژاوی عێراقدا دەبێتە دەسەڵاتدار و کوردیش ئەزموونی تاڵی لەگەڵ هەر سەرۆک و سەرکردەیەکی عێراقیدا هەیە، کەوایە ئامادەسازی و یەکڕیزی بۆ قۆناغی مستەفا کازمی لە لایەنی کورددییەوە گرنگترین هەنگاوێک و پڕۆژەیەکە دەبێت کاری بۆ بکرێت.

فەیسبووک/ ٢٠٢٠/٤/٢٣

عێراقییەکان و ئەزموونی سووریا

پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی لە ڕاگەیەندراوێکیدا، هۆشداری داوەتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دۆخی ئابووری و ژیانی هاوواڵاتییانی سووریا لە پەیوەست بە دەستکەوتنی خۆراکدا.
بەگوێرەی هەواڵێکی ڕووداو پڕۆگرامی خۆراک ئاماژەی بەوە کردووە لە سووریادا دەستگەیشتن بە جۆرەکانی خۆراکی سەرەتایی و پێویست بۆ ژیانی هاوواڵاتییانی سووریایی لە ئێستادا زۆر ئەستەم بووە، بەڕادەیەک خەڵکی ژەمەکانی خواردن کەمدەکەنەوە و کەلوپەلی ناو ماڵەکانیان بۆ دابینکردنی خۆراکە سەرەتاییەکان بە پارەیەکی کەم دەفرۆش و سەرەڕای ئەوەش هێشتا خۆراکیشیان وەک پێویست دەستناکەوێت.
ستۆرییەکەی سووریا بەسە بۆ ئەوەی لە سایەی گرووپەکان لە داهاتووی عێراق بترسین، سووریاش پێشتر هەژار نەبوو، تەنانەت هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لە عێراقیش گرنگترە لە هەندێک ڕووەوە، لەسەر ئاوە، نەوتیشی هەیە، وڵاتێکی پێشکەوتوو و گەشتیاری بوو، بەڵام دۆخە سیاسییە ئاڵۆزەکەی، وڵاتەکەی لەڕووی ئابوورییەوە داتەپاند و هەژاریش بیناقاقای خەڵک و حکوومەتی گرتووە، لە پەیوەست بە دۆخی کۆمەڵایەتیشەوە نیوەی خەڵکەکەی پەرگەندەی

وڵاتان بوون یان کوژران و لە برسان مردن و لە ئاوەکانی نێوان تورکیا و یۆناندا خنکان، تەنیا بەهۆی ئەوەی هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە، لەبری دانوستاندن و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە هانایان بۆ چەک برد و پاشان دەستوەردانی وڵاتانی زلهێز و دراوسێشی هاتەسەر، سەرئەنجام ئێستا ئەم وڵاتە خەڵکەکەی لە برسان دەمرن و هۆشداریش بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدرێت لەوەی ژیانی خەڵک تەواو لە مەترسیدایە، کەچی هیچ وڵات و لایەنێک دەستی هاوکارییان بۆ درێژ ناکات، وەک ئەوەی پێویستە بۆ هاووڵاتییان، مەگەر جار جارە بۆ موزایەدەی نێودەوڵەتی دوو سێ بارهەڵگر خۆراک بچنە ئەو وڵاتەوە، ئەویش زیاتر بۆ کامپەکان و لێقەوماوانی وڵاتەکەن، لەکاتێکدا بەگشتی دۆخی وڵاتەکە تێکچووە بە ئاستێک تەمەننای مردن دەکەن.

عێراق هیچی کەمتر نییە لەوەی ببێتە سووریایەکی دیکە، ئەو ژینگەیەی لە سووریا بۆ ئاڵۆزی و شەڕی چەکداری هەبوون، لە عێراقیشدا هەن و زیاتریشن، ئەوەی نەختێک ڕایگرتووە، بەرژەوەندیی ئەمەریکایە، بەڵام کاتێک لە ڕووداوەکان ورد دەبیتەوە، ئیدی دەگەیتە ئەو باوەڕەی عێراق بەرەو قۆناغێکی مەترسدار دەڕوات و هێزە میلیشیاکانیش بەوەی هەر گرووپەی هی سەرکردە و سەرۆکهۆز و کەسایەتییەکن، دواجار سەنگەر لە یەکدی دەگرن و بۆی هەیە هەمان چارەنووسی سووریا لە عێراقیشدا دووبارە ببێتەوە.

تاوەکو ئەم چرکەساتە شیعەکانی بەغدا وێڕای ئەوەی کێشەیان لەگەڵ هەموو نەتەوە و ئاینزاکانی عێراقدا هەیە، لەنێو خۆشیاندا تەبا

نین و ئەو ناتەباییەی ئەوانیش پێمان خۆش بێت یان ناخۆش، دواجار کاریگەری لەسەر کۆی ناوچە و شوێنەکانی تری عێراق دەبێت و پرووشکی ئاگرەکەی بەغدا بە هەموو شوێنێکی ولاتدا بڵاو دەبێتەوە، ئینجا ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت، مەترسیدارتریشە لە چاو سووریادا، بەهۆی ئەوەی گرووپە میلیشیاکان چەکی زۆرتر و پێشکەوتووتر و ئابووریەکی بەهێزتریان لەدەستدایە، لەو سۆنگەیەوە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گرووپەکان، ئەگەر بگاتە ئاستی شەڕی چەکداری، یەکجار زۆر لە دۆخی سووریاش مەترسیدارتر دەبێت و ئاگرەکەی عیراق مەشخەڵی لەوەی سووریا بەهێزتریش دەبێت.

بەداخەوە دۆخی عێراق تابلۆکەی سووریامان بۆ دەگوازێتەوە بەغدا و دواجار ناوچەکانی دیکەش دەبنە بەشێک لە تابلۆ ئاڵۆز و کێشەدار و خوێناوییەکە، ژینگەکە تەواو لەبارە بۆ دووبارەبوونەوەی ئەزموونی سووریا لە عێراقیشدا.

فەیسبووک: ٢٦-٦-٢٠٢٠

پارەکەی بەغدا!

مووچە، مافێکی یاساییە و لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانە دابینی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەت بەگوێرەی داهات و ئەو پارەیەی لەبەردەستی دایە، مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەکات، بەوپێیەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە توانای قەرزکردنی پارەی نییە، وەک ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی یۆنان بەهۆی تەنگەژەی دارایییەوە خەریک بوو لە ئەندامێتیی یەکێتیی ئەورووپا دەربکرێت، دواتر بەقەرزکردن خۆی گرتەوە.

لەبیرت نەچێت، هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و کەس قەرزی نێودەوڵەتی ناداتێ و عێراقیش قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوت و دواکەوتنی مووچەی وەک کارتی سیاسی و گوشار لە دژی هەولێر بەکار دەهێنێت و لە قەرزەکانیشی پشکی هەولێر نادات، وێڕای ئەو مافە یاساییەی فەرمانبەران بۆ وەرگرتنی مووچە هەیانە، کەچی لەلایەن هەندێ گرووپ و هێزی سیاسیی ناوخۆییشەوە هاوشان لەگەڵ سیاسەتی بەغدا بابەتی دواکەوتنی مووچە لە دژی حکوومەت بەکار دەهێنرێت.

پارەکەی بەغدا هات! پارەکەی بەغدا هێشتا نەگەیشتووە! بەمزووانە

پارەکەی بەغدا دەگاتە هەرێمی کوردستان! جارێ پارەکەی بەغدا لە پەیوەست بە قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە زۆر هەڵەیە، ئەو پارەیەی لە بەغداوە دێت، هی بەغدا نییە، بەڵکوو هی خەڵکی کوردستانە و بەرکەوتەی یاسایی و نەتەوەیی و هاوواڵاتییانی کوردستانە، ئێمە هێشتا لە چوارچێوەی عێراقداین و بەگوێرەی دەستووریش لەگەڵ ئەوەی بە نەتەوە کوردین، بەزۆر بە عێراقەوە لکێنراوین، کەوایە وەک چۆن هاووڵاتی یان فەرمانبەرێکی بەغدایی و بەسرایی مافی وەرگرتنی مووچە و بودجەیان هەیە، تۆش لە هەولێر و سلێمانییەوە هەمان مافت هەیە، کاتێکیش مووچەت بۆ نایەت، ئەوە بزانە عێراق غەدرت لێ دەکات و مافت پێشێل دەکات، لەکاتێکدا تۆ ئامادەی نەوتەکەی ڕادەست بکەیت! کەچی بەغدا هێشتا چاوشارکێت لەگەڵدا دەکات.

کاتێکیش پارەکەی خۆت لە بەغداوە دێت، منەت نییە و هی خۆتە و بەگوێرەی قانوون بەغدا تەنیا لەم قۆناغەدا مافی خەرجکردنی هەیە، وەک چۆن تۆ پارەت لە بانکدایە، بەڵام هەتا ئۆکەی خەرجکردنی وەرنەگریت، مافی ئەوەت نییە هەڵبکوتیتەسەر ژمێریار و بڵێی ئێستا پارەکەمم دەوێتەوە! بۆیە کاتێکیش بانک بۆت خەرج دەکات، ئەوە هی خۆتە نەک پارەکەی بانک بێت! ڕێک گوتنی پارەکەی بەغداش هەمان شتە و غەدرێکی گەورەیە تاکی کورد لە میدیاوە لە خۆی دەکات. ئینجا کێشەی هەولێر لەگەڵ بەغداش تەنیا مووچە و پارە نییە، حکوومەت ئەو دیالۆگ و دانیشتنانەی لەگەڵ بەغدا دەیانکات بۆ ئەوەیە پارە بگەڕێتەوە ناو بازاڕ و ژیانی خەڵکی ئاسایی ببێتەوە، لەکاتێکدا دەزانێت بەغدا کارتی مووچە بە بابەتی سیاسییەوە

گرێدەدات و شەڕی نەتەوەیی و خاکی پێدەکات بە چەشنێک تا خەڵکی کوردستان برسی بن و دژی حکوومەت هەڵبستنەوە، بۆ ئەمەش بە پاڵپشتیی هەندێک گرووپ و هێز و کەسایەتیی ناوخۆیی (کورد) کە ئامانج لێی بچووککردنەوەی دۆزی کوردە لە موچەدا، ئەمەش گەورەترین هەڵەی سیاسی و نەتەوەییە لەوە زیاتر بڕەوی پێ بدرێت، بەپێچەوانەوە کێشەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی موچە گرنگە و ژیانی خەڵک و جوواڵەی بازاڕە، بەڵام سەرلەبەری مافەکانمان نییە، با هەر پارەت هەبێت، ئەگەر پۆستاڵی کۆنە بەعسی و حەشد لەسەر سەرت بن، موچە و پارە بەچی دەچن!

ئەگەر ئەو قسەیەم زۆر تەقلیدیش بێت، هەر دەیکەم! کورد شۆڕشی بۆ موچە نەکرد، بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی کیانی سیاسی و نەتەوەیی کرد، ئێستا ئەو کیانە ئەگەر تەواوی خواستەکانی کوردیش نەبن، لە قەوارەی هەرێمدا چڕبووەتەوە، کەوایە سەنگەرگرتن لەو قەوارەیە، ڕێک سوودگەیاندنە بە عێراق و سیاسەتی ئێران بۆ لاوازکردنی کورد لە هەموو بەشەکاندا، ئیدی شورەییەکی گەورەیە بڵێین پارەکەی بەغدا! گرنگە لەبری ئەوە بە بەغدا بڵێین کوا پارەکەی ئێمە، گرنگە بگوترێت کێشەی ئێمە تەنیا موچە نییە، موچە مافی یاسایی خۆمانە و کێشەی ئێمە بابەتێکی دریژمەودا و ستراتیژییە، ئەویش نەتەوەیی و داگیرکردنی خاکمان لەلایەن حەشد و ئەوانی تر‌ەوە، کورتکردنەوەی کێشەی کورد بە تەنیا لە موچەدا کارەساتی گەورەی بەدواوە دەبێت.

ماڵپەڕی شارپرێس: ٢٠٢٠/١٠/١٢

پەلکانە.. داستانی سێیەم

سبەی ساڵوەگەڕی ١٦ی ئۆکتۆبەرە، ساڵوەگەڕێک لە مێژوودا تا کورد بمێنێت، ئەویش دەمێنێت و یادی دەکرێتەوە، هێندە ڕووداوێکی کارەساتبار بوو، ئەستەمە بە وتارێک و دەیان و سەدان کتێبیشدا کاریگەری و لایەنە خراپەکانی بنووسرێنەوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین نیوەی خاکی ڕزگارکراوی کوردستان لە چەند کاتژمێرێکدا لەلایەن گرووپێکی کوردەوە (گرووپێکی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) خرایە ژێر پۆستاڵی چەکدارانی حەشدی شەعبی و ئەو گرووپە سیاسی و میلیشیاییانەی، پێشتر لە بەرەی جەنگدا بوێریی ئەوەیان نەدەکرد تەنانەت سەیری ناو چاوی پێشمەرگەش بکەن، هەردوو داستانی پردێ و دواتر سحێلا ڕاستی ئەو قسەیە دەسەلمێنن.

لە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا دوو داستان زۆر بە زەقی دیارن و تۆمارکراون، ئەگەرچی دەیان داستانی دیکەی پێشمەرگە بۆ

بەرگریکردن لە خاکی کوردستان هەن، بەڵام پردێ و سحێلا دیارترینیانن، ئەوکات دونیا و تەنانەت نیوەی لایەنە کوردییەکانیش پشتیان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، باشترە بڵێین پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، ئەو ڕۆژە گەلەکۆمەکی سیاسی و سەربازی لە کورد و پارتی کرا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێدەنگ، هەندێک هێزی کوردی لەبری ئەوەی بەرگری بکەن، بەپێچەوانەوە سەیری ئاسمانی هەولێریان دەکرد بۆ ئەوەی بۆنسۆی کەوتنی بکەن و بە چاوی خۆیان شکستی هەولێر ببینن، تەنانەت هەواڵ و ڕاپۆرتی ئامادەکراویشیان بۆ تەلەڤزیۆن و ماڵپەڕەکانیان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی لەکاتی کەوتنی هەولێردا بڵاویان بکەنەوە.

لەم دۆخە هەستیارەدا بەشێکی پێشمەرگەی کوردستان، باشترە بڵێین پێشمەرگەی پارتی و هەندێک هێزی هاوپەیمانیی پارتی گیانی خۆیان کردە سەنگەری بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان و پیلان و پلانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە دژی کورد، بەشێکی پووچەڵ کرایەوە و بە تەواوی سەری نەگرت، ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەش بڵاو نەکرانەوە کە بە ئامانجی سووکایەتیکردن بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی ئامادەکرابوون و بە هەناسەی دڵخۆشبوون بەکەوتنی هەولێر نووسران و ئامادەکرابوون، دەی سەرئەنجام بە خوێن پارێزگاری لە هەولێر کرا و هەر بە خوێنیش نەکەوت!

ناچارین لە باسکردن لە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەردا، پێشمەرگە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بکەین، ئەمە بۆ من وەک نووسەرێک خۆش نییە، بەڵام ئیتر مێژووە و دەبێت وەک خۆی بنووسرێتەوە، ئەویش بەرەی پارتی و بەرەی گرووپێک لەناو یەکێتی بوون، ئەو

بەرەیەی پارتی خاوەنی داستانی پردێ و سەحێلان کە سەرەتا لووتی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقیان لە پردێ شکاند و دواتریش لە سحێلا هەمان داستان بگرە گەورەتریش لەوەی پردێ لەلایەن پێشمەرگەکانی بادینانەوە تۆمار کرایەوە.

ئەگەرچی داستانی پردێ لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە زۆر ناوی دێت، بەڵام سحێلاش ئەگەر گەورەتر نەبێت، بچووکتریش نییە، دەکرێت هاوشێوە بن، بەڵام لە دوو ناوچەی جیاوازی کوردستاندا و بە جیاوازی چەند ڕۆژێک تۆمارکراون، شەڕی سحێلا زۆر هەستیار و چارەنووسساز بوو، بەوەی ئامانج دەستگرتن بوو بەسەر سنووری پارێزگەی دهۆک و دابڕینی هەرێمی کوردستان لە تورکیا و دەورەدانی پارتی لە چەند سنووریکی بچووکی کوردستان، خۆ ئەگەر هێرشی حەشدی شەعبی لە سحێلا سەری بگرتابووایە، هەرێمی کوردستان زۆر بچووک دەبووەوە، کەوایە هەردوو داستانی پردێ و سحێلا بوونە هۆی پاراستنی ئەو قەوارەیەی ئێستای هەرێمی کوردستان.

لە دوای ئەو دوو داستانە لە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ئیتر هێرشەکانی سوپا و حەشدی شەعبی شێوازی تریان وەرگرت، زیاتر هەنگاوی داگیرکاری خاک و ترساندنی ئەو کوردانەی سنووری داگیرکراوەکانە، واتە پرۆسەی تەعریبی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرە، ئەگەر ورد دیقەت بدەین و ڕووداوەکانیش وەک ئەوەی لە سنووری ١٦ی ئۆکتۆبەردا ڕوو دەدەن هەڵبسەنگێنین، پرۆسەی ١٦ی ئۆکتۆبەر تا ئێستاش نەوەستاوە، بە ڕووخسار و شێوازی جیاوازتر کاری لەسەر دەکرێت بۆ سڕینەوەی کورد و تەواوکەری ١٦ی ئۆکتۆبەرن، ئەویش

بە داگیرکردنی ئەو زەویوزاری گوند و ماڵە کوردانەی بەهۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتنە ژێر هەژموونی میلیشیاکانەوە، بە هەموو شێوەیەک هەڕەشەکان لە ئارادان هەر لە داگیرکردنی زەویوزارەوە تا کوشتن و دەرکردن و چاوسوورکردنەوە و زەوتکردنی ماف و سووتاندنی دەغڵودان و هەموو ئەو هەنگاوانەی دەبنە هۆی خێراترکردنی پرۆسەی تەعریب لە دژی کورد بەردەوامیان هەیە و قۆناغی مەترسیدارتر دەبڕن.

ئەگەر بە خێراییش چارەسەری سیاسی و یاسایی بۆ دۆخی ناوچەکە نەدۆزرێتەوە، هەڵمەتی داگیرکردنی خاک و تەعریبکردن لەلایەن میلیشیاکانەوە بەشێوەیەکی فراوانتر و مەترسیدارتر بەردەوامی دەبێت، ئەمە جگە لەوەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە نیوەی داهاتی نەوت بە سەدان کیڵگە و بیر کەوتنە ژێر چەپۆکی حەشدی شەعبی و پارەکەیشی لە دژی کورد بەکار دەهێنرێت بە پڕچەککردنی هێزە میلیشیاکان و تەیارکردنی ئەو کەسانەی دژی هاوولاتییانی کوردن لەو سنووورانەی کەوتنە ناو ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە.

ژمارەی ئەو شوێنانەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە داگیر کران زۆرن، ئێستاش لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی داگیرکردندان، پەلکانە یەکێکە لەو داستانانەی هەرگیز نابێت کورد لەبیری بکات، بەوەی لە سەرەتای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە تا ئێستا هاوولاتییانی کوردی ئەو گوندە کوردییە، ڕووبەڕووی هەڕەشە و هێرشی عەرەبی هاوردە دەبنەوە و ڕێگەیان نەداوە عەرەبی هاوردە هەمان ئەزموونی سەردەمی سەددام دووبارە بکەنەوە و تا ئەم چرکەساتەی ئەم وتارەی تێدا دەنووسرێت، خەڵکی پەلکانە هەڕەشەیان لەسەرە و

ئێستا عەرەبی هاوردە هەڵدەکوتنە سەر ئەو ماڵە کوردانەی گوندەکە و پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووکیش سەپۆرتی عەرەبی هاوردە بۆ دەرپەڕاندنی کوردانی پەلکانە دەکات.

خۆڕاگریی ئەو گوندە کوردییە، دەکرێت بە داستانی سێیەم ناوی بهێنرێت، بەوەی بە چەک و هێزی مرۆیی و ئازایی خۆیانەوە ڕێگە نادەن گوندەکەیان بکەوێت، ئەمە بۆ کورد و هەرێمی کوردستانیش جێی هێما و پێویستە لەڕووی سیاسی و یاساییەوە بە هەموو شێوەیەک دەنگ و ئازارەکانی هاوواڵاتییانی کوردی پەلکانە بخرێنە سەر شاشە و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان، بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تا ئەوروواپییەکانیش بۆ ئەوەی دونیا بە چاوی خۆیان هەم ئازایەتیی هاوواڵاتییانی پەلکانە و ئازارەکانیان ببینن، هەم بە پەیامێکیش بێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوەی پرۆسەی تەعریب بەردەوامە و هێشتا هێرش و پەلاماری کورد دەدرێت، لەم دۆخەشدا باسی هەڵبژاردن دەکەن، ئەویش وەک پرۆسەیەکی سیاسی بۆ داگیرکردنی یاساییانەی سنوورە فراوانەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە بە شوناس کوردستانییە و ئێستا داگیر کراوە.

پەلکانە، خۆی داستانی سێیەمی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرە و دەکرێت هەر کوردێک شانازی بە خۆڕاگریی ئەو هاوواڵاتییە جووتیارە کوردانەوە بکات، خۆ ئەگەر هەر میللەتێکی دیکە بووایە، ئێستا دەیان فیلمی لەسەر بەرهەم دەهات و سەدان ڕۆمانی لەسەر دەنووسرا، بێشک ئەو گوندە دەبێت لە ئەدەبیاتی سیاسیدا ڕەنگبداتەوە بەوەی خۆڕاگر بوونە و بە چەکی خۆیان پێشتر ڕووبەڕووی هێرشی

عەرەبی هاورده بوونەتەوە و ئێستاش بە هەمانشێوە بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆسەی تەعریب، پەلکانە بۆ خۆی داستانی سێیەمە لە دوای پردێ و سحێلا!

ماڵپەڕی وشە/ ٢٠٢٠/١٠/١٥

ڕەهەندێکی باشی بڕیارەکەی بەغدا

تێپەڕاندنی یاسای پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی لەلایەن پەرلەمانی عێراق و پەراوێزخستنی لایەنی هەرێمی کوردستان، چەند ڕەهەندێکی هەن، لە لایەک عێراقییە سوننە و شیعەکان بە یەک تیم، جارێکیتر دەستیان بۆ بژێویی خەڵکی کوردستان بردەوە و مووچەیان وەک کارتی گوشار لە دژی ئیرادەی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەکار هێنایەوە و دیسان بەڵگەی ئەوەیان نیشاندایەوە ئەگەر بۆیان بلوێت کاری زۆر مەترسیدارتریش دەرهەق بە کورد دەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو بڕیارەیان ئەگەرچی زیانی دارایی بۆ کورد هەیە، بەڵام سوودی سیاسیی زۆری بۆ کوردستان لێکەوتەوە، بەوەی ئیدی کوردیش بە تەواوی لە پێکەوەژیان لەگەڵ ئەو دەموچاوانەی بەغدا نائومێدتر دەبێت و بەشێوەیەکی تر بیر لە چارەنووسی خۆی دەکاتەوە، بە دیاریکراوی ئێمە خاوەنی ئەنجامی ڕیفراندۆمین.

بژێوی خەڵک زۆر زۆر گرنگە و لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بە گوێرەی توانا دارایی و یاساییەکان ئەو بابەتە چارەسەر بکات، پێشتریش هەنگاوی لەو بوارەدا ناوە و دواجاریش لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا ڕێککەوتن واژوو کرا بۆ ناردنی پارە، بەڵام کاتێک عێراقێکی دەوڵەمەند بە نەوت و خاوەنپارەیەکی زۆر، دووچاری داڕمانی دارایی دەبێت و لە ناچاری پەنا بۆ قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی دەبات، عێراقییەکان بە یەک تیم تۆڵەی ئەو شکستەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە و دەستە چەورەکەی شکستی خۆیان لە سەری کوردد دەسڕنەوە بە نەناردنی پارە بۆ هەولێر وا دەزانن براوە دەبن، لەکاتێکدا وڵاتەکەیان نغرۆی تەنگەژەی جۆراوجۆر بووەتەوە، هاکە دیواری ئەو عێراقە دروستکراوە بەسەریاندا داتەپی و گەیشتنەوە خاڵی سفر، چونکە ئەوان نەک هەر لەگەڵ کورد باش نین، تەنانەت لەناو خۆیانیشدا تەبا نین و ئیشوکاریان بووەتە سەنگەرگرتن لە یەکدی.

ڕاستە لەم قۆناغەدا نەناردنی پارە بۆ هەرێمی کوردستان قەیرانەکە سەختتر دەکات، بەڵام لە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکانی چاکسازیی دارایی و ئیداری، ئەو بارە قورسەی سەرشانی هەرێمی کوردستان سووک دەبێت، واتە ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق زیانی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕەهەندە سیاسییەکەدا ئەوەی بەغدا لە بەرانبەر کورددا کردی، پێش ئەوەی زیان لە پێگەی هەرێمی کوردستان بدات، جارێکیتر ئەو داوە مووەی عاتیفەی کوردی بۆ عێراق باریکتر کردەوە تا ئاستی ئەوەی هاکە بە تەواوی پسا.

ئەگەر بەغدا لەسەر ئەو عەقڵییەتەی خۆی بەردەوام بێت و بە پرۆسەی بەرنامە بۆ داڕێژراو لەڕووی سیاسی و ئابووریییەوە گوشار لەسەر کورد دروست بکات، ئەو هەستە کەمەی کورد بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ عێراقدا هێشتا کە ماویەتی، بە یەکجاری نامێنێت، هیچ کات بەزۆرەملێ میللەتەکان ناتوانن بە یەکەوە بژین، خەباتی میللەتانیش بۆ سەربەخۆیی، مێژوویێکی دێرینی هەیە و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەو هەڵوێستەی بەغداش دەبێتە هۆی تەقینەوەی زیاتری ناڕەزاییەکانی کورد لە باشووری کوردستاندا.

عێراق، خۆی لە قەیرانێکی سەختدایە و هەر ڕۆژەی سەر بە کونێکی ئاڵۆزتردا دەکات، لەکاتێدا تەواوی دەروازەکانی بەردەم کرانەوەی بەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە بۆمبی کۆنەپەرستیی مەزهەبی، شەڕ، کوشتوبڕ و ملیملانێی نێوان گرووپەکان گیراوە، ئەگەر ئەمڕۆ لە ئاست دژایەتیکردنی کورددا تەبان، ئەوا لە ناوخۆیاندا هەمووان باڵەخانە شڕەکەی عیراق دەجوولێنن بۆ ئەوەی سەیری وێنە گەورەکەی کەوتنی دەوڵەتەکە بکەن، ئەوەی لە بەغدا دەگوزەرێت، دوور و نزیک، پەیوەندی بە دەوڵەتداریییەوە نییە و کۆمەڵێک گەندەڵ و پیسخۆرن، بەهۆی شەڕی ئەمەریکا لە دژی سەددام حوسێنەوە هاتوونەتە سەر خوانی دەوڵەتی عێراق و نازانن چۆن چۆنی ئەو خوانە بەکار بهێنن! هێندە نەدیوبدین نەبێتەوە، هێندە تامەزرۆی کاری خراپن، هاکە ڕووی ڕاستەقینەیان بەشێوەیەکی تر بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرکەوت و دووچاری ئابڵووقەدانی نێودەوڵەتی بوونەوە، ئەو عەقڵییەتە کۆنەپەرستییە ئومێدی کرانەوە و گۆڕانی لێ ناکرێت و بەردەوام بە ئاقارێکی مەترسیداردا دەڕوات، بەو هەڵوێستە

دوژمنکارانەیان کارێکی ئەوتۆیان کرد کورد ئەو داوە موویەی پەیوەندییە عاتیفەیی و موجامەلەییەکانی لەگەڵ بەغدا لاوازتر بێت و هاکە بە تەواوی پسا.

ئەگەر بڕیارەکەی بەغدا دیوێکی خراپی هەبێت، دەیان دیو و ڕەهەندی باشی سیاسی هەن کە کورد لە ناخەوە زیاتر نامۆ دەبێت و ئومێدی بە عێراق نامێنێت، تا ئەو ڕادەیەی ڕۆژێک دێت، لە ئەگەری بەردەوامی ئەو عەقڵییەتەی بەغدا، ئەوا کورد و بەغدا دەستبەرداری یەکدی دەبن.

فەیسبووک: ٢٠٢٠/١١/١٦

ئیمانوێل ماکرۆن.. دووپاتکردنەوەی دۆستایەتی و پاڵپشتی

پێشتر لە ڕێگەی چەندین کەناڵی میدیایی و بۆچوونی کەسایەتییەکانەوە، بە وردی باس لە پەیوەندییە لەمێژینە و نوێکانی نێوان هەولێر و پاریس کراوە، دیارترینیان کە دەتوانین بەوپەڕی شانازییەوە باسی بکەین و وەک سیاسەتی نوێی فەرەنساش بەرانبەر بە کورد هەژماری بکەین، هەڵوێستی ئەو وڵاتەیە کە لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بوێرانە و بەگڕوتینەوە لەکاتێکدا کە وڵاتانی جیهان لە ئاست هێرش و گوشارەکانی بەغدا بۆ سەر هەولێر بێدەنگ بوون، کەچی وڵاتی فەرەنسا باوەشی بۆ هەڕێمی کوردستان کردەوە و ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسای زلهێز لە پاریس و لە کۆشکی ئێلیزێ دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی هەڕێمی کوردستان، بە زمانی دیپلۆماسیەت و نیمچە ئامۆژگاری بە بەغدای گوت ئەگەر ئەمەریکاش چاوپۆشی لە لەشکرکێشیی میلیشاکان بۆ سەر کەرکووک و هەولێر کردبێت، ئێمە ڕێگە نادەین چیتر گوشار لەسەر هەولیر بەردەوام بێت. بەڵێ، ئەو ئیمانوێل ماکرۆنەی هاتە هەولێر و لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەڕێمی کوردستان و سەرۆکوەزیرانی کوردستان کۆبووەوە و پاشانیش بۆ میدیاکان پاڵپشتیی فەرەنسای بۆ هەڕێمی

کوردستان دووپاتکردەوە و وەک لە وێنە و ڤیدیۆکانیشدا دەبینرێت ڕژدی و دۆستایەتییەکی زۆری بۆ کورد بە ڕووخساریيەوە دیارە، لەکاتێکدا سەرۆکێکی وەک ماکرۆن کە خولەک و کاتژمێرەکانی کارکردنی حساب بۆ کراوە، ماوەی نزیکەی پازدە خولەک بەیەکەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی گفتوگۆی لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی شەهید هوجام کرد و پاشانیش لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەدا وێنەی یادگاری گرت. هەموو ئەوانە کۆدن و خوێندنەوەی زۆریان بۆ دەکرێت.

لە سیاسەتدا بەردەوامیدان و نوێکردنەوەی پەیامی دۆستایەتیی نێوان دوو وڵات گرنگە، بە هاتن و پشوودانیشی لە هەولێر، ئیمانوێل ماکرۆن، ئەو دۆستایەتییەی زیاتر زەقکردەوە و پەیامێکی ڕوونتری دایە هەموو لایەک ئەگەر فەرەنسا پێشتر لە ڕێککەوتنی سایکس بیکۆدا غەدری لە کورد کردبێت، سیاسەتی نوێی فەرەنسا دەیەوێت قەرەبووی ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە، بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هاتنەی بۆ هەولێر ئاماژەیەکی دیکەشی هەیە کە جارێکی دیکە، بەڵام ئەمجارەیان لە هەولێری پایتەختی کوردستانەوە پەیامی دۆستایەتیی فەرەنسای بۆ کورد نوێکردەوە. دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا زیاتر پەرە بەو دۆستایەتییە بدرێت.

بیرمان نەچێت، کوردستان بە سامانی سروشتی دەوڵەمەندە و فەرەنساش هێزێکی گەورەی ئابووریی یەکێتیی ئەورووپا و جیهانییە، وەک نێچیرڤان بارزانیش بۆ میدیاکان جەختی کردەوە کە کوردستان هەموو پاڵپشتییەک بۆ کۆمپانیا فەرەنسییەکان دەکات بۆ کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان.

بەهاگەلێک هەن کە کاریگەریان لەسەر دۆستایەتیی نێوان فەرەنسا و کوردستان هەبووە، بابەتی پێکەوەژیان، دیموکراسی، ئاماژەکانی سێکۆلاریزمبوونی کوردستان و پاڵەوانێتیی پێشمەرگە لە شەڕی دژە تیرۆردا کە فەرەنسا مەسەلەی توندڕۆیی و تیرۆر بەهەند وەردەگرێت و بە بەراورد بە کۆی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاش، زۆرترین و قورسترین هەڕەشەی تیرۆر لەسەر وڵاتەکەی ماکرۆن هەیە، لەو نێوەندەشدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کردەوە شەڕی تیرۆری کردووە و هەوڵی وشککردنی سەرچاوەکانی گەشەی تیرۆر دەدات و مەسەلەی پێکەوەژیان و دیموکراسی و ڕێزگرتن لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە چوارچێوەی سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا جێی بایەخن و ئەمەش بەلای فەرەنساوە گرنگە. وێڕای ئەمانە، لە چەند دەیەی ڕابردوودا فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەی لاواز ببوو، لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە سووریا و عێراق و ناوچەکەدا، دەیەوێت بە قێرژنێکی نوێ ئەبدەیتی سیاسەتی خۆی لەڕووی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و کولتووریییەوە بکاتەوە، هەر هاتنی ماکرۆن بۆ هەولێر، خۆی ئەوە دەگەیەنێت ئیدی فەرەنسا بە بەردەوامی چاوێکی لەسەر هەولێر دەبێت و هەوڵی ئەوە دەدات گرفتەکانی هەولێر و بەغدا لە ڕێگەی ئاشتەوایی و دەستوورییەوە چارەسەر بکرێن، ئەو فۆکەسەش زۆر گرنگە، ئەو گەرموگوڕییەی فەرەنسا لە عێراق، هاوکات لەگەڵ ئەوەی باس لە کشانەوەی ئەمەریکا دەکرێت.

ڕۆژنامەی خەبات/ ٢٠٢١/٩/١

(٢٠٢٣)

ئەگەر بەغدا پڕۆژەیاساکەی پەسەند کرد و هەوڵێریش ڕەتی کردەوە

لە پڕۆژەیاسای بودجەی عێراقدا، ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، چەند ماددە و بڕگەیەنکن ڕاستەوخۆ شەڕی سیاسی و دەروونین لە دژی حکوومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستان، ئەوەی ڕەهەندی سیاسی هەیە، عێراق دەیەوێت لە قۆناغی یەکەمدا قەوارەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بە بارمتەگرتنی داهات و دەستگرتن بەسەر ئابووریی کوردستاندا لاواز بکات و دواتر بەیەکجاری قەوارەکەش هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەیان پڕۆژەی داهاتووی حکوومەتی عێراقە ئەگەر بۆی بکرێت!

لە سیاسەتدا سۆز و خۆشباوەڕی نییە، حیزبی سیاسی دەبێت هەردەم بە گومان و پڕۆژەی سیاسی کار بکات، تەنانەت گومان لە سپێتی ڕەنگی ماستیش بکات! مادام بڕیاری سیاسەتکردنی داوە، دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکات تەڵەی بۆ دابندرێتەوە و هێرشی

جۆراوجۆری بکرێتەسەر، لەو سۆنگەیەی سیاسەت ویژدانی نییە، بەرژەوەندییە، ئەمڕۆ نەیارتە و سبەی بۆی هەیە دۆستت بێت!

وەک نموونە، پێشتر کاکە حەمەی سەرۆکی پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، جنێوی بە پارتی دەدا و ئێستاش پارتی براکەی بۆ کردووە بە وەزیر و کاکە حەمەش هێندەی پارتییەکان بەرگری لە سیاسەتی پارتی دەکات!

ئەو نموونەیە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دیدگەی سیاسی هەر حیزب و کەسایەتییەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و کات دەگۆڕێن و کاژی نوێ دەپۆشن، بەداخەوە زۆرجار پەتای خۆشباوەڕی، کوردی دووچاری گرفتی گەورە کردووە، بەدیاریکراوی زوو زوو کورد دڵی بە بەڵێن و ڕێککەوتنە وەهمییەکانی بەغدا خۆش دەبێت و سەرئەنجام دەگەڕێینەوە خاڵی سفر، وەک ئەوەی پڕۆژەیاسای بودجە، بەڵێنەکانی بەغدای لە سفربوونەوە نزیککردەوە.

پێویستە خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە بزانن ئەوەی لە لیژنەی داراییی پەرلەمانی بەغدا کراوە، پڕۆژەی دەوڵەت و حکوومەتی عێراقە و لە ڕێگەی چەند پەرلەمانتارێکەوە حکوومەتی بەغدا دەیەوێت جێبەجێی بکات، هێشتا کورد پێیوایە ئەوە هەوڵی چەند کەسێکە! بۆ نموونە حکوومەتی عێراق، سەرەڕای ئەوەی ڕێککەوتنی لەگەڵ هەرێمدا واژوو کردووە، کەچی بەردەوامە لە کارکردنی بۆ لاوازکردنی پێگەی هەولێر، لە شازدەی ئۆکتۆبەردا لە ڕێگەی چەک و هێرشی سەربازییەوە نەیتوانی هەولێر لاواز بکات، دوای شازدەی ئۆکتۆبەر و بە تایبەتی پاش دەستبەکاربوونی سوودانی و بڕیارەکەی

دادگەی نێوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، عێراقییەکان و تەنانەت محەمەد شیاع سوودانی کە (بەشێک لە سیاسییەکانی کورد وەک فریشتە ناوی دەبەن)، بە هێواشی و لە ڕێگەی یاساوە دەیانەوێت کۆتایی بە قەوارەی کوردستان بهێنن.

سیاسییەکانی بەغدا دەزانن یەکێتی لە پارێزگەی سلێمانی بەردەوام گرفتی دابەشکردنی مووچەی هەیە، بۆ ئەوەی نێوانی حکوومەت (پارتی) و یەکێتی زیاتر تێک بدەن، هاتوون بڕگەیەکیان داناوە و ئاماژە بەوە دەکات هەر پارێزگەیەکی هەرێمی کوردستان سکالا بکات، حکوومەتی عێراق ڕاستەوخۆ پارەکەی لە پشکی هەرێمی کوردستان بۆ دەنێرێت.

بەغدا لە ڕێگەی ئەو خاڵەوە، دەیەوێت سلێمانی لە هەولێر دابببڕێت، دەزانێت یەکێتییەکان بەردەوام ئەو باسە دەوروووژێنن، بەوە دوو گۆڵ لە هەرێم دەکەن، یەکیان پەیوەندی پارتی و یەکێتی زیاتر ئاڵۆز دەبێت و سلێمانیش دەکەوێتە ژێر هەژموونی داراییی بەغداوە. لە شوێنێکی تری پڕۆژەیاسای بودجەکەدا ئاماژە بەوە کراوە نابێت حکوومەتی هەرێم نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک و نەینەوا دەربهێنێت.

پێویستە بپرسین، پڕۆژەیاسای بودجە چ پەیوەندییەکی بە دەرهێنان و دەرنەهێنانی نەوتەوە هەیە؟ بودجەی گشتی، خۆی بۆ دابەشکردنی ئەو داهاتەیە لەدەست حکوومەتدایە، نەک تەداخولی شێوازی پەیداکردنی پارە بکات، ئەمەیان لە بڕیاری سیاسی دەچێت تا ماددەیەک بێت و پەیوەندی بە یاسای بودجەوە هەبێت.

ئەو خاڵانە و خاڵەکانی دیکەش کە لە پڕۆژەیاسای بودجەی عێراقدا دیاریکراون، خودی عێراقییەکانیش دەزانن گرفتی گەورە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دروست دەکات، لە سۆنگەی ئەوەی قابیلی قەبوولکردن نین، بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کراوە وەک ئەوەی پارێزگایەک و ڕاستەوخۆ سەر بە حکوومەتی فیدراڵییەوە بێت، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی خۆی هەیە، هەر یەک لەو پۆستانەی هەرێم چەندین جار لە پۆستی وەزیری دارایی عێراق گەورەترن کە لە پڕۆژەیاساکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە داهاتی نەوت لەدەست وەزیری دارایی عێراقدا دەبێت و ئەو ئۆکەی خەرجکردنی دەداتە سەرۆکوەزیرانی کوردستان، جارێ ئەوە لە کۆمێدیا دەچێت، وەزیرێک دەسەڵاتی لە سەرۆکوەزیرانێک زیاتر بێت! مەگەر تەنیا لە عێراقی خێڵگەرا و نادەستووریدا شتی وا ڕوو بدات. ئینجا پارتی ئەوەیان هەر قبوووڵ ناکات، تەنانەت ئەگەر شازدەی ئۆکتۆبەرێکی دیکەش ڕوو بدات.

بەغدا ئەو خاڵانەی بۆ ئەوە خستووەتە ناو پڕۆژەیاساکەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن و دواتر حکوومەت کاریان لەسەر بکات و بەهۆیەوە هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووورییەوە بە بارمتە بگرێت، وەلێ هەر خودی عێراقییەکان دەزانن دەنگدان لەسەر ئەو خاڵانە چەندە سوودی بۆ عێراق دەبێت، دە هێندەش زیانی پێدەگەیەنێت، بەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان قبووڵی ناکات و بەوەش ڕێککەوتنی نێوانیان هەڵدەوەشێتەوە، وەک حکوومەتی هەرێم لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە ئێمە وەک حکوومەتی هەرێمی

کوردستان، بەهیچ شێوەیەک ئەم ستەمکاری و پێشێلکردنەی مافەکانی خەڵکی کوردستان قبووڵ ناکەین و پابەندی هیچ بڕیارێکی دیکەش نابین جگە لەو ڕێککەوتنەی پێشتر لەگەڵ حکوومەتی سووداندا کراوە.

ڕاستییەکەی بەغدا دەیەوێت ئەو ماددانەی لە پڕۆژەیاساکەدا دیاریکراون دەنگیان لەسەر بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە بایکۆتی هەرێم کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لە ماددەکاندا بکات، گریمان بەغدا ماددەکانی خستە دەنگدان و پڕۆژەیاسای بودجەش بەو شێوەیەی ئێستایەوە پەسەند کرا، ئەوکات ناکرێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی جێبەجێکردنی یاسای بودجە بێت، لە ئەگەری پابەندنەبوونی هەولێریش ڕێککەوتنامەی هەولێر و بەغدا هەڵدەوەشێتەوە و دۆخێکی نوێی سیاسی و یاسایی دێتەکایەوە، لەوانەیشە تا ماوەیەک هەولێر دووچاری قەیرانی ئابووری ببێتەوە، لەو دۆخەش ئەوەی گرفتە لەبەردەم هەولێردا ناتوانێت نەوتەکەی هەنارده بکات، گریمان نەیتوانی نەوتیش هەنارده بکات و بەغداش پارەی بۆ هەرێم نەنارد، هەموو ئەوانە بۆ هەولێر خراپن، بەڵام ئێمە باس لە سیاسەتکردن دەکەین نەک بەغدا خێرمان پێ بدات، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێتە نێو ئەو پرسەوە و سنووریک بۆ بەغدا دادەنێت، بەوەی ناکرێت میللەتێک هەناردەی نەوتی لێ ڕابگیرێت و لە ناوەندیشەوە پارەی بۆ ڕەوانە نەکرێت، ئەی ئەو خەڵکە چۆن بژین؟ بەو شێوەیە ئەو کەیسە بە جیهانی دەبێت، بەو مەرجەی هەرێمی کوردستان لە ماف و شایستە داراییەکانی خۆی خۆش نەبێت و بەهیچ یەکێک لەو ماددانەی

پڕۆژەیاساکە کە دژی کوردستانن، لە ئەگەری دەنگدان لەسەریان، ڕازی نەبێت.

٢٠٢٣/٥/٢٧

پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشایەوە!

ڕۆژانە لە عێراقدا چەندین پێشێلکاریی سیاسی و یاسایی و مرۆیی دەکرێن، کەچی دادگەی فیدراڵی لێیان بێدەنگە وەک ئەوەی بەغدا لووتکەی مەدەنیەت و پێشکەوتن بێت! کوا بڕیارەکانی ئەو دادگەیە سەبارەت بە هۆکارەکانی کەوتنی مووسڵ و سزادانی ئەو کەسانەی تاوانباری سەرەکین لە پرسەکەدا؟ کوا بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی بۆ لێپێچنەوە لە هۆکاری ململانێ تائیفی و سیاسییەکانی عێراق کە ئەو وڵاتەیان دووچاری وێرانە کردووە؟ کوا بڕیاری دادگەی فیدراڵی سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە جێبەجێ ناکرێت؟

ئێستا بەهۆی ئەو مشەخۆرییەی لە پارەی نەوتدا چنگی دەکەوێت، عێراق قۆناغ بە قۆناغ، هەنگاو بەرەو بووژانەوەی سێکتەرەکانی دەنێت، کەچی لە بەرانبەردا هەموو هەوڵێکی خۆی بەگەڕخستووە بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی بەربەست لەبەردەم بووژانەوە و پێشکەوتنەکانی کوردستاندا، لەناوخۆی کوردستانیش، عێراقییەکان بە هەموو حیزب و کوتلە سیاسییەکانیانەوە زیرەکانە بە پاڵپشتیی ئێران هەوڵی دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان حیزبە کوردییەکان دەدەن و تاڕادەیەکیش لەوەدا سەرکەوتووبوون.

ئەوەتا میدیای کوردی وەک ئەوەی دەستکەوتی بۆ میللەتەکەی دۆزیبێتەوە، دەنووسن (بەپەلە.. پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشایەوە)! لەبری ئەوەی لە مانشێتدا بنووسن دادگەی فیدراڵی سەبارەت بە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا، بە مانشێتی گەورە بە خوێنەری کوردی دەڵێن پەرلەمان هەڵوەشایەوە! لەکاتێکدا هێز نییە پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشێنێتەوە، ئەو دامەزراوەیە خوێن دروستیکردووە و بە خوێنیش هەڵدەوەشێتەوە.

بەڕای من، پەرلەمانی کوردستان لە خولەکانی پێشوو و بەتایبەتی خولی پێنجەمیدا، هۆکاری بەشێک لە کێشە سیاسییەکان بووە و زۆربەی ئەوانەیشی بوونەتە پەرلەمانتاری ئەو خولەی پەرلەمان، شایستە نین و کەسانی دەروون نەخۆشن و هەڵپەی گەیشتن بە ئیمتیازات و خۆدەوڵەمەندکردنیانە و ناتوانن دوو قسەی خێر بۆ خەڵک و حیزبەکانیان بکەن، هەیانە ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیری لە خوار هێڵی هەژاریدایە، بەڵام چونکە حیزبەکانیان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی ویستوویانە بیانبەنە پەرلەمان، دەرچوونداون و بوونەتە مااڵ بەسەر حیزب و کادیر و ئەندامانی حیزبەکانیانەوە، لەوەش خەتەرتر هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵگە نەبووە، بەداخەوە هەندێک جار دەگەینە ئەو باوەڕەی پەرلەمانی کوردستان گرفتێکە و دەبێت چارەسەر بکرێت!

سەرەڕای ئەو سەرنجانە، پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانێکی کوردستانییە و دامەزراوەیەکی گرنگی کوردە، کاتێکیش دادگەی فیدراڵی عێراق لە دژی بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی سیاسی دەدات، شووڕەییە میدیاکار و سیاسییەکانی کوردستان

دڵخۆش بن بەوەی دادگەی فیدراڵی بڕیاری نادەستوورییبوونی دریژکردنەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی داوە، میللەتێک ئەگەر نەختێک زاکیرەی باش بێت و جاش نەبێت و کۆیلایەتی قبووڵ نەبێت، لەبری دڵخۆشبوون بە بڕیارێکی لەمجۆرەی دادگەی فیدراڵی عێراق، دڵتەنگ بێت، ئەمڕۆ ئەو دادگەیە بڕیارێکی پەرلەمانەکەت هەڵدەوەشێنێتەوە، گەرەنتی چییە سبەی بڕیاری قورسترت بەسەردا ناسەپێنێت و قەوارەکەت بە گشتی ناکات ئامانج!

بەهۆی ئەوەی ململانێ حیزبییەکان لە ترۆپکدایە و بەغداش زیرەکانە سیاسەت دەکات، ئەوەتا بەشێکی زۆری کورد و میدیاکەی بە بڕیارێکی سیاسیی دادگەی فیدراڵی دڵخۆشن کە دژی یەکێک لە دامەزراوەکانی وڵاتەکەت دراوە.

ئەو دادگەیەی عێراق، ئەگەر نەختێک خەمی دەستوورییەتی و دەیەوێت پارێزگاری لە دۆسیە گرنگەکانی عێراق بکات، دەبوو لەسەر زۆر پرسی تردا بێتەدەنگ و هەڵوێست و بڕیاری خۆی هەبێت، بەڵام کاتێک بابەتەکە دێتە سەر بریاردان لە دژی هەرێم، ئەو دادگەیە تێکەڵ بە سۆز و عاتیفەی ڕەگەزپەرستییانە دەبێت و وەک بڕیارەکانی سەردەمی سەددام، دەیەوێت لە چوارچێوەی بیری ڕەگەزپەرستیی عەرەبیدا بڕیار بدات، کوا بڕیارِی دادگەی فیدراڵی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە یەکێکە لە ماددە هەرە گرنگ و کێشەدارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و پەیوەندی بە یەکلاییکردنەوەی دۆسیەیەکی گرنگ و هەستیار هەیە؟ کەچی ئەو دادگەیە وەک ئەوەی هیچ ماددەیەکی لەمجۆرە لە دەستووردا نەبێت،

بێدەنگە، لەولاوە دێت درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە نادەستووری دەزانێت!

ئەو بڕیارەی دادگەی فیدراڵی عێراق، لە خەمی پرۆسەی دیموکراسی و کاری پەرلەمانی کوردستان نییە، دیدگەیەک و هەڵوێستێکی سیاسیی گوشارئامێزە لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بۆ لاوازکردنی دامەزراوەکانی کوردستانە، بە تەنیا لە دژی پارتی نییە، کۆی ئەزموون و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەکاتە ئامانج، کەچی بەشێکی کورد لە قوواڵایی و نهێنیی بڕیارەکانی بەغدا تێناگەن و پێیانوایە بە تەنیا پارتی دەکەنە ئامانج، بڕیارەکەش هاوکات لەگەڵ بڕیاری لیژنەی داراییی پەرلەمانی عێراق و هەردووکیان ئامانجی سیاسین و دەبێت کۆی حیزب و سیاسەتووان و خەڵکی کوردستان لە دیوی دووەمیان ورد ببنەوە، ئەگەر جێبەجێ بکرێن، بڕیار و هەڵوێستی تریان بەدوادا دێت.

فەیسبووک: ٢٠٢٣/٥/٣٠

پرۆژە سیاسی و یاساییەکەی بەغدا

لە سەردەمی کابینەکانی نووری مالیکی و دواتر حەیدەر عەبادیدا، کاتێک ناکۆکی لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست دەبوو، بەغدا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە بەرانبەر هەولێردا دەکرد، دواجار هەڕەشەکان بوون بە کردار و لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا بە پاڵپشتیی گرووپێکی یەکێتی، بەغدا سەرەتا هێرشی سەربازی کردە سەر کەرکووک و دواتر بە ئاڕاستەی هەولێر و دهۆکیش جوولەی بە هێزێکی گەورە کرد کە لە ڕۆژی یەکەمی هێرشەکەیدا بەشێکی خاکی کوردستان بەهۆی پاشەکشە، دروستتر چۆڵکردنی سەنگەرەکان لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە، کەرکووک و ڕووبەرێکی فراوانی خاکی پارێزگەی کەرکووک کەوتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە. بە پێچەوانەوە لە پردێ و سحێلا بە بەرگریی پێشمەرگە بەرنامەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ وەستێندرا، بەڵام لە فەلسەفەی حوکمڕانێتی بەغدادا، کۆی بەرنامەی شازدەی ئۆکتۆبەر نەوەستاوە، تەنیا شێوازی جێبەجێکردنی گۆڕدرا.

بەغدا دەزانێت هێرشی سەربازی لە دژی هەولێر دوو جار زیانی بۆی دەبێت، جارێک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێتە دەنگ و ڕەنگە بابەتی ناوچەی دژەفڕین زیندوو بکرێتەوە، جارێکی دیکە خودی سوپای عێراق توانای شەڕی سەربازی لە بەرانبەر پێشمەرگەدا نییە، گریمان بەغدا ویستی هاوکێشەیەکی سیاسی و جوگرافی و ئابووری بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت، ئەوە ئاسان نابێت، وەک ئەوەی لە شازدەی ئۆکتۆبەردا جگە لەو ناوچانەی بە بڕیاری گرووپێکی سەرکردایەتیی یەکێتی ڕادەستکران، بەڵام ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوونە گۆڕەپانی شەڕێکی سەخت و دواجار عێراق خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی سەربازی لە بەرانبەر پێشمەرگەدا پاراست و پاشەکەشەی لە ئیرادەی هێرشەکانی کرد.

لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکدا فەلسەفەی حوکمڕانێتیی بەغدا لە دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستاندا لە هێرشی سەربازییەوە بۆ شەڕی یاسایی و پەرلەمانی بە تەواوەتی دەگۆڕدرێت و سوود لە بڕیارە سیاسییەکانی دادگەی فیدراڵی و لیژنەکانی پەرلەمانی عێراق وەردەگرن و بە ئارەزووی خۆیان بڕیاری بەرژەوەندخوازانە لە دژی کورد دەدەن.

لەم قۆناغەدا وەک دەستپێکی پڕۆژەیەکی سیاسیی (عێراق – ئێران) ئابووریی هەرێمی کوردستان بەئامانجگیراوە تا ئەو ئاستەی بەغدا دەیەوێت کوردستان لە ڕێگەی سفرکردنەوەی ئابوورییەکەیەوە بە بارمتە بگرێت و دواتر خودی قەوارەکەش بخاتە نێو ئەو شەڕە سیاسی و یاساییەی پەرلەمان کە سەرچاوەکەی لە

ڕەگەزپەرستییەوە دروست بووە، ئەوەی بەغدا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان دەیکات، پێش ئەوەی دژی حیزبێکی سیاسیی کوردی بێت، بە تەواوەتی پڕۆژەیەکی سیاسییە و دۆزی کوردی بەئامانجگرتووە.

لە پڕۆژەیاسای بودجەی عێراقدا بە ئاشکرا ئەو شەڕە یاساییە دەستپێکردووە، بەداخەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێئاگایانە یان بە ئاگاییەوە چووەتە نێو ئەو گرووپە ڕەگەزپەرستە جێبەجێکارەی پڕۆژە سیاسی و یاساییەکەی بەغداوە، سەرئەنجام تەنیا یەکێتی تێیدا زیانمەند نابێت، کۆی پرۆسەی سیاسی و دۆزی کورد بە گشتی زیانی گەورەی بەردەکەوێت، وەک چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا ئەو گرووپەی یەکێتی پێیانوابوو ئەگەر بچنە پاڵ بەغدا و کەرکووک ڕادەست بکەن، دواتر کەرکووک دەدەنەوە بە یەکێتی و لە سلێمانییەوە پۆستەکانی کەرکووک دیاری دەکرێن، کەچی دواتر نەک هەر کەرکووک نەدرایەوە یەکێتی، تەنانەت دەبێت سەرکردە باڵاکانی یەکێتی بە مۆڵەت بچنە شارەکەوە، ئێستاش ئەگەر جوان لێی وردببینەوە دەبینین کەرکووک و سنووری پارێزگەکە وەک خاکێکی دەوڵەمەندی کوردستان بەهۆی سیاسەتی هەڵەی ئەو گرووپەی یەکێتییەوە لەلایەن بەغداوە داگیر کرا و بەشێکی کورد ڕۆیشتووە و پرۆسەی بە عەرەبکردنیش تێیدا لە لووتکەدایە، بە هەمان شێوە ئەو پاڵپشتییەی ئێستای یەکێتی لە گرووپە عەرەبەکانی بەغدا، زیانەکەی بەر جەستەی کۆی ئەزموون و قەوارەی هەرێمی کوردستان و بە خودی یەکێتیشەوە دەکەوێت، لە دیدی بەغدا تەواوی قەوارەی کوردستان بەئامانجگیراوە نەک حیزبێکی دیاریکراو بە تەنیا، کەچی یەکێتییەکان وا لە خەڵک دەگەیەنن ئەوەی لە بەغدا

دەگوزەرێت دەستکەوتە بۆ کورد، لەکاتێکدا خۆیان زۆرباش دەزانن بە پاڵپشتییەکانیان لە بەغدا، پڕۆژەی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و تەعریبکردنی کوردستان خێراتر و تەواو دەکات.

ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە کورد هەڵوەستەی لەسەر بکات، خودی شەڕە گەورەکەی بەغدایە لە دژی داهاتووی کورد لە عێراقدا، لە ئێستاوە دەبێت کورد خۆی بۆ شەڕی جیاوازتر لەو شەڕانەی پێشوو و ئێستاش ئامادە بکات، شەڕەکانی داهاتووی بەغدا لە دژی کورد، شەڕی یاسایی و دەستووری و پەرلەمانی دەبن و بڕیارەکان بەپێی زۆرینەی پەرلەمانی و دادگەیی یەکلا دەکەنەوە و ئەو ڕێککەوتن و شەراکەتانەی لەگەڵ کورددا هەبوون، هەموویان دەکەونە بەر شەپۆلی ئەو پڕۆژە سیاسییەی بەغداوە، بۆیە گرنگە کورد بە پڕۆژەی نوێ ڕووبەڕووی پڕۆژەکەی بەغدا ببێتەوە.

کوردستان٢٤ (١٢-٦-٢٠٢٣)

یاسای نەوت و غاز.. مەترسییەکی چاوەڕوانکراو

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەتا پێش بڕیارەکەی دادگەی نێوبژیوانی لە پاریس، لە پرۆسەی دۆزینەوە و هەناردەکردنی نەوتدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بڕیارەکە کە پێدەچێت دیسان غەدرێکی تری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت لە کورد، بەهۆیەوە هەناردەی نەوتی کوردستان ڕاگیرا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ئاست ئەو غەدرەدا بێدەنگ بوون، سەرەڕای ئەوە ناتوانین بە شکست بۆ کەیسی نەوتی کوردستان ناوی ببەین، چونکە غەدر جیاوازە لە شکست، ئەوەی لە بەرانبەر نەوتی کوردستان کرا، غەدری عێراق بوو لە ڕێگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ بەبارمتەگردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و ڕێگریکردن لە بووژانەوەی کوردستان.

بڕیارەکەی دادگەی نێوبژیوانی لە پاریس لێکەوتەی خراپی بەدوای خۆیدا هێنا، نەوتی کوردستان سەرەتا ڕاگیرا و ئێستاش داگیر کراوە، یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی بووە هۆی ئەوەی عێراق بە سوودوەرگرتن لە گرووپێکی کوردستان و زۆرینەی پەرلەمانی، لە

پڕۆژەیاسای بودجەی سێ ساڵەی خۆیدا، چەندین مادده و بڕگەی شۆڤێنیانە بەسەر کورددا بسەپێنێت، هۆکاری بەشێکی بڕیارەکانی پەرلەمان و دادگەی فیدراڵیش بۆ ڕاگرتنی نەوتی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو بڕیارەی پاریس نەبووایە، لە یاسای بودجەدا غەدری گەورە لە کورد نەدەکرا، چونکە بەغدادییەکان ئەو بڕیارەی لە پاریس درا، وەک گوشار لە دژی هەولێریان بەکارهێنا، لەکاتێکدا عێراقی دوای سەددام حوسێن لەسەر بنەمای شەراکەت و تەوافوق لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە و بە هاوکاریی کورد و عێراقییەکان دامەزرێندرایەوە، ئێستاش ئەو بنەمایانە کاریان پێناکرێت و بڕیارەکانی بەغدا بە زۆرینەی پەرلەمانی و لە دادگەی فیدراڵی دژ بە کورد دەدرێن، کاتێک هەر پڕۆژەیاسایەک دەبردرێتە پەرلەمانەوە، ئەگەر ڕەچاوی تەوافوق و شەراکەت نەکرێت، بێگومان کورد لە زۆرینەی پەرلەمانیدا براوە نابێت، وەک ئەوەی لە بابەتی پڕۆژەیاسای بودجەدا بە زۆرینەی پەرلەمانی غەدرێکی ئاشکرایان لە کورد کرد. لێرەدا ئەوە مانای شکاندنی تەواوفوق و شەراکەتە.

لەوەش مەترسیدارتر بەڕێوەیە، دوای واژووکردنی یاسای بودجە لەلایەن سەرۆککۆمار و دواتر جێبەجێکردنی، بەغدادییەکان مشتومڕەکان لەسەر یاسای نەوت و غاز زیندوو دەکەنەوە، بەو ئاراستەیەی بە یەکجاری دەستبەسەر نەوتی کوردستاندا بگرن، بۆ ئەوەش زۆرینەی پەرلەمانی بەکار دەهێنن و بابەتی ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی بەغداش هیچ سوودێکی نابێت، ئەزموون سەلماندوویەتی وێڕای بوونی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لەسەر هەر بابەتێک، کاتێک

پەرلەمانی عیراق کۆدەبێتەوە یان دادگەی فیدراڵی بڕیار دەدات، ڕەچاوی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ناکرێت و دۆخەکە ئاڵۆز دەکەنەوە، وەک ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرەڕای ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، بەهۆی زۆرینەیەکی پەرلەمانییەوە لە بابەتی بودجەدا کەشێکی خراپ لە پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر دروستکرایەوە و لێکەوتەکانی بۆ داهاتووش بەردەوام دەبێت.

ئێستا بەغدا بەجۆرێک سیاسەت دەکات، لە لایەک حکوومەتەکەیان باسی ڕێککەوتن دەکات و لە لایەکی ترەوە پەرلەمان و دادگەی فیدراڵی بڕیاری پێچەوانەی ڕێککەوتنەکان دەدەن، لەو دۆخەشدا حکوومەت تاوانبار ناکرێت و سیاسەتی خۆشیان لە دژی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دادگەیەکی عەرەبی و پەرلەمانێکی زۆرینە عەرەبەوە بەرانبەر کورد دەسەپێنن، ئەوەیش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیموکراسی و دەوڵەتێکی مەدەنیدا نایەتەوە، چونکە عێراق ئێستا لەبری دیموکراسی کە خەونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بووەتە وڵاتێکی تاکڕەو و لەبری مەدەنیەتیش هەژموونی مەزهەبگەرا بەسەر بڕیارەکانیدا زاڵ بووە و بەردەوامیشی پێدەدەن.

لەو سۆنگەیەوە لە پرسی پڕۆژەیاسای نەوت و غازیشدا چاوەڕێی ئەوە لە بەغداییەکان دەکرێت تاکڕەوانە بڕیار بدەن و زۆرینەی پەرلەمانی دەکەنە پێوەری تێپەڕاندنی پڕۆژەیاساکە و بەئامانجگرتنی نەوتی کوردستانیش یەکێکە لە ئەگەرە هەر بەهێزەکان، تەنانەت بۆی هەیە لە دواییین کاتژمێرەکانی دەنگدان لەسەری، دەستکاریی ماددە و بڕگەکان بکەن بۆ ئەوەی دەرفەتی ڕێککەوتنی سیاسی نەهێڵنەوە، بەهۆی ئەوەی ئێستا عێراق سیاسەتی هەڕەشە و هێرشی سەربازی

بۆ شەڕی یاسا و زۆرینەی پەرلەمانی گۆڕیوە و کوردیش دەبێت بەو چەکە و یەکگوتاری ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

بەداخەوە لە بابەتی یاسای بودجەدا گوتاری کوردی یەکگرتوو نەبوو، ئەو ماددانەی لە یاساکەدا لە دژی هەڕێمی کوردستان واژوو کران، تەنیا حیزبێکی کوردی نەپێکاوە، کۆی هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی کردووەتە ئامانج و نیەتخراپی تێدایە، کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لە داهاتوویەکی تردا زیاتر دەردەکەون، ئەوکات خەڵکی کوردستان دەیبینن ئەوەی عێراق لە دژی کورد کردی، تەنیا بودجە نییە، پڕۆژەیەکی تەواو سیاسییە و سەرجەم هاووڵاتییانی کوردی بەئامانجگرتووە.

پێش قۆناغی مشتومڕی یاسای نەوت و غاز لە عێراق، گرنگە حیزبە کوردییەکان و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان هەماهەنگ و یەکگوتار بن و لەپێناو پاریزگاریکردن لە نەوت و داهاتی کوردستان ئامادەسازییەکی تەواو بکەن، چونکە یاسای نەوت و غاز چەندین جار لە یاسای بودجەش خەتەرترە، یاسای بودجە بۆ یەکسالّ و ئەوەی ئەمجارەی عێراق بۆ سێ سالّ بوو، دەتواندرێت لە خولەکانی تردا گۆڕانکاری بکرێت و بە جۆرێکی تر دابڕێژرێتەوە، بەڵام یاسای نەوت و غاز بۆ سالّێک و سێ سالّ نییە، دەبێتە سیاسەتی نەوت و غاز لە عێراق و ئەگەر لە بەرژەوەندیی بەغدا تێپەڕێندرێت، بە ژیانی دەستکاری ناکەن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پێوەی پابەند دەبێت، هاوشێوەی بڕیارەکەی دادگەی نێوبژیوانی لە پاریس کە کۆمپانیاکان و تەنانەت تورکیاش پابەندی بوون.

سیاسەتی داهاتووی بەغدا سوود لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کوردستان وەردەگرێت و بۆ بەرژەوەندیی خۆی وەبەرهێنانی یاسایی و سیاسی تێدا دەکات، ئامانجیشی بەهێزکردنی لایەنێکی کوردی نییە بەسەر لایەنێکی تری کوردیدا، بەڵکوو دەیەوێت کۆی ئەزموونی کوردستان لاواز بکات، ئەگەر ئەمڕۆ سوود لە دەنگی یەکێتی و ئۆپۆزسیۆنە کوردەکان وەردەگرێت، سبەی کاتێک پرۆژە سیاسییەکەی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بە یەکێتی و ئۆپۆزسیۆن و هەموو کوردێکیشەوە تێیدا زیانمەند دەبن، چونکە لە بنەڕەتدا بەغدا دەیەوێت جارێکی تر سەرجەم دامودەزگە و دۆسیە گرنگ و کایەکانی وڵات لە چوارچێوەی بیری شۆڤێنی عەرەبیدا پێناسە بکاتەوە و پرۆسەی تەعریب فراوانتر دەکات، تا ئەو ڕادەیەی ئەوەی بەغدای سەردەمی سەددام نەیتوانی بیکات، لە قۆناغی داهاتوودا بە فۆڕمی نوێ تەواوی دەکەن، وەک نموونەش هەر خولەی پەرلەمانی عێراق، دەبینین بابەتی شەراکەت و ڕێککەوتن و پێکەوەژیانی کورد و عەرەب کاڵتر دەکرێتەوە تا نەما، لەسەر شاشەکان قسەی ڕێکوپێک دەکەن و تۆی کورد هەست دەکەیت لە وڵاتێکی دیموکراسیدا دەژیت، کاتێکیش کار دەگاتە سەر مافەکانت وەک کورد، سەرەڕای ناکۆکیی ناوخۆییان، گرووپە جیاوازەکانی بەغدا بە شیعە و سوننەوە، هەموویان دەبنەوە یەک تیم و لە دژت بڕیار دەدەن و زۆرینەی پەرلەمانی و دادگەی فیدراڵی دەکەنە پاساوێک بۆ تێپەڕاندنی هەر ماددەیەک و هەر بڕیارێک لە دژی تۆی کورد.

ماڵپەڕی کوردستان٢٤/١٧-٦-٢٠٢٣

پارتی و کەرکووك

پارتییەکان دەبێت لەوەدا دڵخۆش بن کاتێک دەبینن گرووپە میلیشیا و نەیارانی کورد دژی ڕادەستکردنەوەی بارەگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانن لە کەرکووک شەقامەکانیان گرتووە و دژی گەڕانەوەی پارتین بۆ شارە کوردستانییە داگیرکراوەکە.
ئەم ڕەفتارە میلیشیاگەرییەی لە کەرکووکدا دەگوزەرێت، شەرمەزارییەکی نوێیە بۆ دیموکراسییەتە درۆینەکەی عێراق و ئەو گرووپە میلیشیاگەرەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا شارەکەیان داگیر و تاڵان کردووە، دیسانەوە بەڵگەیەکی دیکەیان لەسەر خۆیان ئاشکرا کرد کە ناتوانن قەبوواڵی پێکەوەژیان و ژینگەی دیموکراسییانە بکەن.
سەرەڕای ئەوەش بەو ڕەفتارە ناشیرینەیان سەلماندیان ئەوەی لە کەرکووک بەرگری لە دۆزی کورد و ڕووبەڕووی پرۆسەی بەعەرەبکردن و تاڵانکارییە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکە دەبێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانە نەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەگەر وا نییە، بۆچی گرفتیان لەگەڵ بارەگەکانی یەکێتیدا نییە؟ بەڵام دژی گەڕانەوەی پارتین بۆ شارەکە!

ترسی ئەمجارەی ئەو گرووپە میلیشیاگەرەی حەشدی شەعبی و نامەدەنییەکان بە پاڵپشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان، یەکێتییەکان و حەشدی شەعبی و ملیشیاکانیش هەترەشیان لەوە چووە ئەمجارە کەرکووکییەکان بە دەنگدان بە پارتی، سزای گرووپەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ئەو میلیشیا چەتە و ڕێگر و تاڵانچییانە بدەن کە بە ئاشکرا و لەبەرچاوی یەکێتییەکەی کاک بافڵەوە، ڕۆژانە سووکایەتی بە کوردەکان دەکەن و بوونەتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ناسنامەی کوردستانییبوونی کەرکووک و سنووری پارێزگەکە بە گشتی لەبەردەم سڕینەوەیەکی ناسنامەی کوردبوونی دایە.

سەرکردە عەرەبی و میلیشیاکان دەزانن بە گەڕانەوەی پارتی بۆ شارەکە، چیتر گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵ نابێت و وەک پرەنسیپ و باوەڕێکی پتەوی بارزانیی نەمر بۆ بەرگریکردن تا ئاستی شەڕی چەکداری لە ناسنامەی کوردستانییبوونی کەرکووک، پارتی هەڵوێستی دیکەی دەبێت و لە نزیکەوە بەگژ هەموو ئەو گوتار و ڕەفتارە عەرەبگەرا و تاڵانکاری و فاشیزمییەدا دەچێتەوە کە بە بەرنامە لە دژی ناسنامەی کوردستانییبوونی کەرکووک لەلایەن عەرەبەکانەوە بە پاڵپشتیی بەشێکی یەکێتییەکان وەک پرۆژەیەک جێبەجێ دەکرێت.

هەموو لایەک ئەو ڕاستییە تاڵە دەزانن کەرکووک بەهۆی خیانەتی بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتییەوە بەو دۆخە خراپەی ئێستای گەیشت، بەداخەوە ئێستاش پرۆژەی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە پاڵپشتیی یەکێتییەکان لە کەرکووک بەردەوامە و یەکێتی و حەشد و میلیشیاکان

لە دژی پارتی لە شارەکەدا یەکیانگرتووە و بە ئارەزووی خۆیان کار بۆ لاوازکردنی پێگەی پارتی دەکەن، دەزانن ئەگەر پارتی لاواز بکەن، کورد لاواز دەبێت، لە بەرانبەردا پارتی لە ڕێگەی گوتارێکی بەهێزی میدیایی خۆیەوە کە میدیای فەرمی پارتی سەرپەرشتیی دەکات بە توندی دژی ئەو پرۆسەی تەعریب و پرۆژەی خیانەتکارانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کار دەکات و تا ئاستێکی باش توانیویەتی ئەوەی لە کەرکووکدا دەگوزەرێت بە خەڵکی کوردستان و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و عێراقیش بگەیەنێت.

گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک، خێرێک نییە تا بە پارتی بکەن و مۆڵەتیش نییە تا پارتی لە حەشد و حکوومەتی عێراقی وەری بگرێت، پارتی حیزبێکی دێرین و کوردستانییە و خەباتی زۆری لەسەر ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکووک کردووە، مافی یاسایی و نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیەتی کە بارەگەکانی لە کەرکووکدا بکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاشتییانە، چونکە ئەو شارە بەلای پارتییەوە پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی هەیە و زۆربەی گرفتەکانی پارتیش لەگەڵ حکوومەتەکانی پێشوو و ئەوەی ئێستای عێراق لەسەر پرسی کەرکووک و ئەو هەڕەشانەیە بە بەرنامە لەسەر شوناسی شارەکە هەیە. لەبەر ئەوەیە هیچ کاتێک پارتی وەک پرەنسیپ و ستراتیژیەت و بەرنامەی سیاسیی خۆی دەستبەرداری کەرکووک نابێت، ئەگەر پارتی دەستبەرداری شارەکە ببێت، ناسنامە کوردستانییەکەی کەرکووک کاڵ دەبێتەوە.

فەیسبووک: ٢٠٢٣/٨/٢٩

دیوەکەی تری قەرەچووغ

قەرەچووغ، لە سنووری مەخموور و کەندێناوە و قەراج کە ناوچەیەکی فراوانی تەختاییە، تەنیا شاخێکە ناوچەی کەندێناوە بە مەخموور و قەراجەوە دەبەستێتەوە. لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەدواوە، بووەتە خاڵی جیاکەرەوەی پێشمەرگە و سوپای عێراق، بەڵام چیاکە لەژێر دەسەڵات و هەژموونی پێشمەرگەدایە.

لەڕووی ستراتیژیی سەربازییەوە، ئەو هێزەی چیای قەرەچووغی لەدەستدا بێت، واتە ئەو ناوچە فراوان و دەوڵەمەند بە چیمەنتۆ و گەچ و دەغڵودان و بەتایبەتی نەوتی لەژێر دەستدایە. بەداخەوە هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستییە نازانێت، بەهۆی ئەوەی ڕاوێژکارەکانی هەرێمی کوردستان گرنگی ناوچەکەیان شینەکردووەتەوە، ئەگەر لەبەر نهێنیی هەواڵگری و سەربازی و زیانگەیاندن بە پێشمەرگە نەبێت، ئێستا قسەی زۆر لەسەر ئەو هێزەی پێشمەرگە لە سنوورەکەن، دەبێت بکرێت!

بەشی زۆری ئەوانەی لە میدیای کوردیدا قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەن، بێ باکگراوندن و شارەزاییان سەبارەت بە لایەنە سیاسی و جوگرافییەکەی ناوچەکە نییە و بە ڕووکەش لەو شەڕەی چیای قەرەچووغ دەڕوانن، تەنیا ئاماژە بە چۆڵکردنی چەند سەنگەرێکی

پەکەکە و هاتنی سوپا و حەشدی شەعبی بۆ شوێنەکانیان دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا عێراق فۆکەسی تەواوی لەسەر داگیرکردنی ناوچەکە بەگشتی هەیە، بەتایبەتی چیای قەرەچووغ.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش لەو هاوکێشەیەی خوارەوە ورد ببنەوە، ئێستا دوو کیلۆمەترێک دووری چیاکە، ڕێک لەبن چیای قەرەچووغ بە دیوی لای پێشمەرگەوە کە دەڕوانێتە ناحیەی دیبەگە کە تەنیا پازدە خولەکێک لێی دوورە، کارگەیەکی گەورەی چیمەنتۆ لە گوندی خۆشاو هەیە، واتە ڕێک لەبن چیای قەرەچووغ، بەپێی زانیارییەکان ڕۆژانە ئەو کارگەیە زیاتر لە ٢٠٠ تا ٣٠٠ بارهەڵگری گەورەی چیمەنتۆ هەناردەی هەولێر و مووسڵ و کەرکووک و سنوورەکانی دیکە دەکات، هەروەها دوو سێ کیلۆمەتریش لەولای کارگەکەوە، پاڵاوگەیەکی گەورەی نەوت هەیە، ئەوە جگە لەوەی دەیان بیرەنەوت لە سنوورەکەدا هەن کە نزیکن لە سەرگەڕان.

بە تێگەیشتنی من "هیوادارم هەڵە بم" ئێستا سوپای عێراق دەیەوێت چیاکە داگیر بکات و لە بەرزاییەوە هەژموونی خۆی بەسەر کارگەی چیمەنتۆ و پاڵاوگە و بیرەنەوتەکان و تەنانەت ناحیەی دیبەگەشدا بسەپێنێت، لە قۆناغی دواتردا بێتە دیبەگە و زووڕگەزراوەوە، ئەوانەی شارەزای ناوچەکە نین، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانن، کاتێک سوپا دێتە زووڕگەزراو، ڕاستەوخۆ کارگە گەورەکەی کارەبای هەولێر دەکەوێتە مەترسییەوە، هاوکات چوارڕیانی هەولێر–مەخموور و سەرگەڕان–دووبز و گوێڕ و مووسڵ دەکەوێتە ژێر هەژموونی سوپای عێراقەوە، ڕێک ئەو خاڵەی پێش ساڵی ٢٠٠٣ کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقدا بوو.

بەداخەوە لەڕووی ئەمنییەوە هەرێمی کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی بەو سنووورە گرنگ و ستراتیژی و دەوڵەمەندە نەداوە، ئێستا پاساوێکی زۆر گرنگە پێشمەرگە هێزێکی گەورەتر و بە چەکی قورس و هەمەر و دەیان جۆری دیکەی هۆکارە سەربازییەکان ناوچەکە بپارێزێت، بەپێی زانیارییەکانم مانگی ڕابردوو پێشمەرگە، شەوانە بە هەمەر و هێزێکی گەورەوە لە نزیک کارگەکە و پاڵاوگەکە بۆسە و خاڵی چاودێریی گەڕۆکیان داناوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نیەتی بەغدا بۆ داگیرکردنی چیای قەرەچووغ و سنووورەکە. لەدەستدانی ئەو ناوچە دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتییە، زیانەکەی یەکجار زۆر گەورەیە.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

کەرکووك دوای هەڵبژاردن

ئێستا کەرکووک جیاوازتر لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، لەژێر پرۆسەیەکی هێمنانەی تەعریبکردندایە و لە چەند ساڵی داهاتوودا کاریگەرییەکانی لەسەر ڕووخساری ماندووی شارەکەدا زەقتر دەردەکەوێت، ئەو شێوازە لە تەعریبە، مەترسیدارتر و کوشندەترە وەک لە تەعریبە کۆنەکەی جاران.

عێراق لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، چەند شێوازێکی تەعریبکردنی لە کەرکووک و دەوروبەریدا جێبەجێ کرد، هەنووکە هێمن و بێدەنگتر لە چوارچێوەی پاکێجێکی عێراقی و ئێرانیدا پرۆسەکە تەواو دەکات، زەویوزاری کورد داگیر دەکرێت و بەرپرسە کوردەکان دەگۆڕدرێن و لە کاتی هەر گرژییەکدا بە تۆندی سەرکوتی ناڕەزاییەکان دەکرێت و بە تەقەی ڕاستەوخۆش گەنجانی کورد دەکوژرێن، هاوکات هێزێکی زۆری سەربازی و میلیشیا لە کەرکووک و دەوروبەریدا کۆکراونەتەوە، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر داگیرکردنی شارەکە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە.

سیاسەتێکی تری عێراق کە بەشی زۆری سیاسییەکانی کورد دەرکی پێناکەن، ئەویش بەگەڕخستنی کارەکتەری فووتێکراوی ڕاکان جبووورییە بۆ ئەوەی لە ڕووکەشدا کورد پرۆسەی تەعریبکردنی

شارەکە لە چاوی ڕاکانەوە ببینێت و تەرکیزی بۆ خودی پڕۆژە و پاکێجە عێراقی و ئێرانییەکە نەچێت، لەوەدا بەغدا سەرکەوتوو بووە، بەشی زۆری کورد بە سیاسی و ڕۆشنبیر و میدیا و قسەکەرەکانییەوە لەو پرسەدا دەڵێن ڕاکان وایکرد و وایگوت و دەبێت ڕابگیرێت! لەکاتێکدا ئەو تەنیا فەرمانبەرێکی جێبەجێکاری پڕۆژەی تەعریبە نەک پلاندارێژەر بێت.

کەرکووک لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دۆخە سیاسی و ناسنامەکەی بەردەوام بەرەو خراپی دەچێت، دەبوو حیزبەکان لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەردا بە یەکگوتاری سیاسی و نەتەوەیی ڕێگری لە پرۆسەی تەعریب بکەن، ئەوە ڕووی نەدا، تەنانەت هەندێک لەو حیزبانەی لە شارەکەدا مانەوە، زۆربەی جار بوونە گوتەبێژی ڕاکان جبووری و بەغدا، پاساوی بێمانایان بۆ داگیرکردن و تەعریبی شارەکە دەهێنایەوە، ئەمەیش هێندەی دیکە پێگەی کوردی لە کەرکووکدا لاوازتر کرد و ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ تەواوکردنی پاکێجی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە پارێزگەکەدا.

لە کۆتایی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان و کەرکووک نزیک دەبینەوە، بەشی زۆری بانگەشەکان دروشمن، سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە هێزە کوردییەکان زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگەکە مسۆگەر بکەن، کەچی دەبێت لە ئێستاوە فۆکەسی هەرێمی کوردستان و حیزبەکان لەسەر ئەو ڕاستییە تاڵە بێت، ئێستا شارەکە لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئیدارییەوە داگیر کراوە، لەو دۆخەدا هیچ گرەنتییەک نییە دەسەڵاتدارانی عەرەب بە ئاسانی پۆستی پارێزگاری کەرکووک بە کورد بدەنەوە، هەتا ئەگەر

زۆرینەی نێو ئەنجوومەنیش کورد بێت، کێشەی گەورە دروست دەکەن، ڕەنگە ئەنجوومەنەکە پەکبخرێت یان گرفتی سیاسی و تەنانەت یاسایی بۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان لە کەیسە گەورەکە بدزنەوە، ئەویش پۆستی پارێزگاری کەرکووکە بۆ کوردێک و لەنێو کوردیشدا هەرێمی کوردستان لەسەر کاندیدێک ڕێک بکەوێت.

سرووشتی هەڵبژاردن لە عێراق بە جۆرێکە لە سەروبەندی بانگەشەدا، هێزەکان لەبری پێشکەشکردنی کارنامە و پڕۆژەیان، دژی یەکدی دەوەستنەوە و سەدان چاڵی گەورە بۆ لەگۆڕنانی یەکدیدا هەڵدەکەنن، ئەمەیش لەگەڵ دیموکراسییەتی تەندروستدا نایەتەوە. سەرەڕای ئەوە گرنگە قۆناغی دوای هەڵبژاردن و مسۆگەربوونی زۆرینەی کورسییەکان بۆ کورد، ببێتە دەرچەیەک بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک دووبارە بۆ کوردێک بێت، ئەگینا کەرکووک چیتر توانای بەرگەگرتنی پارێزگارێکی عەرەبی نییە و مەترسیی جیدی لەسەر ناسنامە کوردستانییەکەی دروست دەبێت و پرۆسەی تەعریبکردن هەموو کوچەوکۆڵانێکی شارەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە جۆرە سیاسەتێک بۆ دەرکردنی کورد لە کەرکووک و گوندەوارەکانیدا بگیرێتەبەر، ئەمەیان لەژێر گوشاری عەرەبی هاوردە و پاڵپشتیی هێزە میلیشیاکان بکرێت. کەواتە قۆناغی دوای هەڵبژاردن مەترسیدارترین قۆناغێکە دەبێت کورد هەڵچوونی سەروبەندی بانگەشە فەرامۆش بکات و بە یەکگرتوویەوە بچێتە نێو شەڕە گەورەکەوە.

فەیسبووک: ٢٠٢٣/١٢/١٢

دادگەی فیدراڵی و هەڵبژاردنی کوردستان

بەپێی ئەو وادەیەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستان دیاریکردووە، کەمتر لە دوو مانگی ماوە و دانیشتنی دادگەی فیدراڵی عێراقیش سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ٢٠٢٤/١/٢١ دواخراوە.

گریمان دادگەی فیدراڵی بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە هەڵبژاردن دەرکرد، بەهۆیەوە گرفتێکی گەورە بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دروست دەبێت، چونکە کۆمیسیۆن لەسەر بنەمای بڕیارەکە ڕێوشوێنی نوێ دەگرێتەبەر و بە ماوەی مانگێکیش زەحمەتە بتوانێت تەواوی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن بکات.

هەر خۆی هەڵبژاردنی کوردستان دواکەوتووە و دادگەی فیدراڵیش دریژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندووەتەوە، لەو دۆخەدا عێراق ئەگەر نیەتی خراپ نییە، دەبوو ئاسانکاریی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی کوردستان بکات، بەڵام ئەوەی

دەبینرێت بە ئەنقەست دەیەوێت گرفت بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی کوردستان دروست بکات، ئەمەیش ئامانجێکی سیاسی و مەبەستدارە بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکەونە بۆشایی یاساییەوە و پاشانیش بەغدا وەک کارتێکی سیاسی لە دژی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنێت.

بابەتی بازنەکانی هەڵبژاردن دەکرا بۆ خولەکانی تری هەڵبژاردن وەک پڕۆژەیەک بخرێتە بەردەم پەرلەمان و کۆمیسیۆنی نوێی هەڵبژاردنەوە و ڕێککەوتنی حیزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکانیشی لەسەر بێت، بەڵام کاتێک بەغدا دەزانێت ئەو بابەتە گرفتی لەسەر هەیە، لەبری چارەسەرکردن و بڕیارێک گونجاو بدات، کاتی هەڵبژاردن دەکوژێت، لەبەر ئەوەشە گومان دەکرێت کە بەغدا نیازی باش نەبێت و شەڕێکی سیاسی لە بەرگی یاساوە بە هەرێمی کوردستان بفرۆشێت و تێکەڵ بە کەیسەکانی دیکەی کردووە!

هەرێمی کوردستان هەرچیەک دەکات و کام میکانیزمی یاسایی و سیاسی بەکار دەهێنێت، ڕەنگە کێشەیەکی ئەوتۆ نەبێت، گرنگ ئەوەیە بتوانێت لەو وادەیەی بۆ هەڵبژاردن دیاریکراوە، پرۆسەکە بەڕێوە ببات، ئەوە یەکێکە لە دەرچە و دەروازە هەرە گرنگەکانی بووژانەوەی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و دڵخۆشکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە دیاریکراوی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، بەوپێیەی ئەوان بە هەموو شێوەیەک جەخت لەسەر هەڵبژاردن دەکەنەوە، بەپێچەوانەوە دواخستنی هەڵبژاردن لەوە زیاتر، لە سوودی بەغدا و بە زیانی هەرێمی کوردستان و سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکەوێتەوە و پرسیار لەسەر

دیموکراسیبوونی هەرێمی کوردستان دروست دەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر جار جیاکاری لە نێوان عێراق و کوردستاندا لەڕووی دیموکراسییەوە دەکەن و هەرێمی کوردستان وەک نموونەیەکی باشتر لە عێراق دەهێننەوە لە جێبەجێکردنی بنەماکانی دیموکراسیەتدا سەرەڕای هەرچی سەرنجەکانیان.

بەرپرسیاریەتییەکی مێژووییە بۆ سەرجەم حیزبەکانی کوردستان بەوپەڕی بوێری و دڵسۆزییەوە ژینگەیەکی گونجاو بۆ هەڵبژاردن بڕەخسێنن و بەرەو پرۆسەکە بچن، تەنانەت لە ئاستی کەمتەرخەمییەکانی بەغداشدا هەڵوێستییان هەبێت، لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی هێندەی سیاسین، کەمتر یاسایین و شەڕفرۆشتنن بە پێگە و قەوارەی هەرێمی کوردستان.

لە عێراقدا سەدان کێشەی گەورەی سیاسی و یاسایی هەن، دادگەی فیدراڵی لە ئاستیاندا بێهەڵوێستە، کەچی هەر ڕۆژەی لەسەر پرسێکی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و بڕیار دەدات و دەیەوێت گرفت بۆ پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست بکات، گرفتێک دواجار سەرجەم حیزبەکان و خەڵکی کوردستان بەیەکەوە لێی زیانمەند دەبن.

کوردستان٢٤/ ٢٩-١٢-٢٠٢٣

(٢٠٢٤)

یەکێتی و پۆستی پارێزگاری کەرکووک

لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەرکووکەوە، یەکێتییەکان بانگەشەی وەرگرتنی پۆستی پارێزگار بە پێنج کورسی لە کۆی شازدە کورسییەوە دەکەن، ئەو گوتار و بانگەشەیە نزیکە لە بەتاڵ و ڕەنگە هیچ کادیرێکی ئەو حیزبە پۆستەکە بە چاوی خۆی نەبینێت، بەوپێیەی شارەکە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە داگیر کراوە و بەغدایەکی خۆسەپێنی تێدا باڵادەستە، بەهیچ جۆرێک ناچێتە نێو هاوکێشەیەکی ئەوتۆوە پۆستەکە بداتە کوردێک!

گریمان ئەو کوردە لە سیاسەتی حکوومەتی عێراقیشەوە نزیک بێت، هێشتا مەحاڵە، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، خودی شازدەی ئۆکتۆبەر بۆ ئەوەبوو کەرکووک لەژێر دەستی کورد دەربهێنن، ئێستا چۆن بە پێنج یان حەوت کورسی دەیدەنەوە کورد!

ئەوە ڕاستە لە کۆی شازدە کورسی، یەکێتی پێنج کورسیی ئەنجوومەنەکەی مسۆگەر کرد و لەنێو لیستەکانی هەڵبژاردندا زۆرینەیە، بەڵام واقیعێک هەیە بەتەنیا بەو پێنج کورسییەوە، هەتا

ئەگەر بەغداش تەداخولی هەڵبژاردنی پۆستی پارێزگار نەکات، هێشتا ناتوانێت پۆستەکە ببات. پێنج کورسییەکەی یەکێتی و دوو کورسییەکەی پارتی، واتە حەوت، هێشتا دوو کورسی کەمترە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستەکە، گریمان یەکێتی توانی کورسییەکەی کۆتاکانیش لە بەرژەوەندیی خۆیدا یەکلا بکاتەوە، هێشتا پێویستی بە کورسییەکی تری عەرەب یان تورکمانەکانە، ئەوە ئەگەر بتوانێت دوو کورسییەکەی پارتی لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە، جارێ بۆ ئەوەیان زووە، چونکە پارتی هەڵوێستی کۆتایی ڕانەگەیاندووە، تەنیا ئامادەیی خۆی بۆ دیالۆگی پێکهێنانی حکوومەتە خۆجێییەکان دەربڕیوە.

ئەگەر یەکێتی لە هەولێر دژی حکوومەت و گرفت بۆ قەوارەی هەرێم دروست بکات و لە ئاست هەڕەشەکانی بەغدا بێهەڵوێست و دڵخۆشکەر بێت، لە ڕێگەی کادیر و میدیاوە لە دژایەتیکردنی پارتی بەردەوام بێت، هەڵوێستی پارتییش قورس دەبێت، لەو دۆخەدا ناکرێت لە کەرکووک چاوی لە کورسییەکانی پارتی بێت بۆ بەرژەوەندیی حیزبی و بەدەستهێنانی پۆستی پارێزگاری شارەکە، کەواتە ئەگەر یەکێتی بە سیاسەتی خۆیدا نەچێتەوە، پێناچێت پارتی بە ئاسانی دەنگەکانی خۆی بخەتە نێو بازنەی بەرژەوەندییەکانی یەکێتییەوە.

سەرەڕای ئەوەش پێناچێت دۆخی کەرکووک، بەهۆی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە باش بێت، بەو مانایەی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکان، هیچ لە شێواز و ڕەفتاری داگیرکاری و پرۆسەی تەعریبکردنی کەرکووک ناگۆڕێت، عەرەبەکان بە پرۆژە کار لەسەر

تەعریبی شارەکە دەکەن. لەکاتێکدا لەسەر هیچ شتێک تەبا نەبن، لە دژایەتیکردن و لێدان لە بەرژەوەندییەکانی کورد کۆک و هاوڕان و دەچنە نێو یەک سەنگەرەوە و سێرە لە کورد دەگرن.

وەکچۆن لە شازدەی ئۆکتۆبەردا، عەرەبەکان هەمووان هاوهەڵوێست و لە بابەتی بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی و ڕاگرتنی نەوت و برسیکردنی خەڵکی کوردستان و نەناردنی مووچەی فەرمانبەران و بودجەی حکوومەت و ئێستاش هێرشی درۆنی بۆ سەر هەولێر و بە دیاریکراوی بەئامانجگرتنی فڕۆکەخانەی هەولێر کە ڕۆژانە بە هەزاران هاوواڵاتی سڤیلی کورد و بیانی و گەشتیار لەو فڕۆکەخانەیەوە گەشت دەکەن، ئەگەر بە ئاشکراش پشتگیری لەو سیاسەتەی بەغدا نەکەن، بە ئاماژەی بێدەنگبوون پشتگیریی خۆیان بۆ دژایەتیکردنی کورد دووپات دەکەنەوە، لە پرسی یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووکیشدا هاوهەڵوێست دەبن و ڕەنگە دەیان گرفت دروست بکەن بۆ ئەوەی پۆستەکە نەکەوێتە لای کورد، ئەگەر خۆشیان نەتوانن پڕی بکەنەوە، بە وەکالەت یان بە بەتاڵی دەیهێڵنەوە.

جارێکی دیکە فۆکەس دەخەمەوە سەر ئەوەی شارەکە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە داگیر کراوە، بۆیە چەند مانگی داهاتوو بۆ کورد و بەتایبەتی بۆ یەکێتی لە دۆسیەی یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک، قورس و ئاڵۆز دەبێت.

فەیسبووک: ٢٠٢٤/١/٤

مۆدێلی نوێی هەڕەشەکان

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، تەنیا لە عێراق و سووریا بەتایبەتی لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا، نزیکەی ٢٠٠ هێرشی درۆنی و مووشەکی کراونەتە سەر بنکە سەربازی و ڕاوێژکارییەکانی ئەمەریکا.

ئەگەرچی واشنتۆن هەڵوێستی بەرانبەر ئەو هێرشانە هەبووە، بەڵام هیچیان هێندەی هێرشەکەی سنووری عێراق و ئوردن کاریگەریان لەسەر دەروونی ئەمەریکا دروست نەکرد کە بەهۆیەوە ژمارەیەک سەربازی ئەمەریکی کوژران و بریندار بوون. ئەمەش وەک قۆناغێکی تری گەشەسەندنی هێرشی گرووپە چەکدارییەکان بۆ سەر ئامانجەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەژمار دەکرێت.

ئێران لە ئیدارەدانی گرووپە چەکدارییە میلیشیاییەکانی ناوچەکەدا، دەستێکی باڵای هەیە و بەردەوام پاڵپشتیی ماددی و سەربازی و سیاسییان دەکات، لەوەدا چەند ئاماجێکی هەیە، وەک دوورخستنەوەی فۆکەسی ئەمەریکا لەسەر ڕەوشی ناوخۆی تاران

بۆ ئەوەی بەر بە ناڕەزاییەکانی هاووڵاتییانی ئێرانی بگرێت، ئەو ترسەی تاران هەمان ترسی پێش ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەددام حوسێنە، کاتێک ئەمەریکا بۆ تێکشکاندنی سەددام سیاسەتێکی ئەوتۆی پەیڕەو کرد لەگەڵ ئەوەی پاساوی جۆراوجۆری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکە دروستکرد، هاوکات عێراقییەکانی هاندا بۆ ئەوەی لەناوخۆدا هاووڵاتییانی عێراق تامەزرۆی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام بن، پاشان بە هێرشی سەربازی و بە پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە، پەیکەرە سیاسی و سەربازییەکەی سەددام حوسێن ڕووخێندرا.

لە لایەکی ترەوە ئێران دەیەوێت بەو هێرشانەی کارێک بکات جۆرێک گۆڕانکاری لە ڕوانگە و سیاسەتی ئەمەریکا پەیوەست بە تاران ڕووبدات و واشنتۆن هەندێک نەرمی بەرانبەر تاران بنوێنێت و گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی کەم بکاتەوە، ئەوەیان دووبارە لە واقیعەوە، هەتا ئەو کاتەی ئێران بە تەواوەتی خۆی ڕادەستی ئەمەریکا نەکات، ئەو ئامانجەی تاران بەدینایەت. ئەوەتا جۆ بایدن لە پەیوەست بە هێرشەکەی سنووری ئوردن و عێراق، جەختی کردەوە هێرشەکە لەلایەن ئەو گرووپانەوە ئەنجام دراوە کە لەلایەن ئێرانەوە سەپۆرت دەکرێن و هۆشداری ئەوەشی دا ئەوانەی هێرشەکەیان ئەنجامداوە، سزا دەدرێن.

ئێران بە پاڵپشتیکردنی ئەو گرووپانە دەیەوێت لە ناوچەکەدا خۆی وەک ئایکۆنێکی گرنگی نێودەوڵەتی لەڕووی چەکدارییەوە نیشان بدات بەوەی دەتوانێت بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی هەبێت، ئەگەر پێکی نەکەن، گرفت و تەنگەژەی سیاسی و ئەمنی

دروست بکات، هەموو ئەوەشی بۆ ئەوەیە، بیگەڕێننەوە سەر مێزی دانووستاندن بەتایبەتی لەگەڵ ئەمەریکادا، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی ئێران خەریکە وڵاتێکی گەورەی وەک عێراقیش بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت، لەکاتێکدا ئەمەریکا خوێن و خەرجییەکی زۆری لە ڕزگارکردنیدا ڕشت و خەرج کرد، ئەنجامەکەی ئێران لێی سوودمەند بووە بە بەکارهێنانی هەندێک گرووپی سیاسی و چەکداری شیعەی نزیک لە تاران کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی بەغدا هەیە، تەنانەت ئێستا ئەو گرووپانە داوای دەرکردنی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن.

لێرەدا گرنگە باسی هێرشە درۆنی و مووشەکییەکانی سەر ساری هەولێریش بکەین، بەئامانجگرتنی هەولێر چەند ڕەهەندێکی هەیە، یەکەمیان لێدانە لە ئەمەریکا بۆ ئەوەی ئاستی پاڵپشتییەکانی بۆ هەولێر کەم بکاتەوە، دووەمیان بەئامانجگرتنی خودی پێگەی هەولێرە بۆ ئەوەی چیتر ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ بەهێزبوونی خۆی نەگرێتەبەر و دەستەمۆی ئێران و بەغدا ببێت و هەژموونی گرووپە چەکدارییەکانی نزیک لە تاران و بەغدا قبووڵ بکات، ئەو گرووپانەش بە ئاشکرا دژایەتیی ئەمەریکا دەکەن، ئەمەیان بۆ کورد قورسە، سەرباری گلەیی و نیگەرانییەکان، ئەمەریکا ڕۆڵێکی باڵای لە پاراستنی هەرێمی کوردستاندا هەیە و هەولێریش بەهیچ شێوەیەک نایەوێت کارێک بکات ئەو پشتیوانییە گەورەیەی واشنتۆن لەدەست بدات، بۆیە زوو زوو هێرشی درۆنی و مووشەکی دەکرێتە سەر هەولێر.

خاڵێکی دیکە زۆر گرنگە هەمووان فۆکەسی بخەنە سەر، ئەویش لێدانە بەردەوامەکانە لە پەرەسەندنی ئابووری و بووژانەوەی هەرێمی کوردستان، ئەو پەرەسەندنە ساڵانی پێش ٢٠١٣ دەستپێکرد و بەهۆیەوە کوردستان بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیت، دواتر گرفتی هەناردنی بودجە و مووچەیان بۆ کوردستان دروستکرد و شەڕی داعشی هاتە سەر، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ یشەوە، جگە لە ڕووە سیاسییەکەی، ئابووریی کوردستان بەئامانج گیرا و سەدان گرفتی گەورەیان بو هەولێر دروستکرد و ئێستاش بە ڕاگرتنی هەناردەی نەوت و بڕینی بودجە و دەرکردنی یاسای بودجە بەشێوەیەک کە دەیان بۆمبی بۆ هەولێر تێدایە، واتە بە پرۆژە دژایەتیکردنی کوردستان دەکرێت، دادگەی فیدراڵیش چەندین بڕیاری لە دژی کوردستان دەرکردووە، تەنانەت دامەزراوە سیاسی و یاساییەکانی کوردستانیش بەئامانجگیراون، لەگەڵ ئەوەشدا بەغدا بەهیچ شێوەیەک نایەوێت هەنگاوی کرداری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەولێردا بنێت، سەرباری هەموو ئەوانە، ئێستا هەولێر لەلایەن گرووپە چەکداریە نایاساییەکانەوە بەئامانجگیراوە، هەموو ئەوانە لەگەڵ ئەوەی ڕەهەندی سیاسییان هەیە، ڕەهەندێکی گەورەی ئابووریشیان هەیە و دەیانەوێت پێگەی کورد لاواز بکەن و ئابوورییەکەی تێک بشکێنن.

وەک دەبینرێت مۆدێلی هەڕەشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر وڵاتان و ئامانجەکان جۆرێک گۆڕانکاری نوێیان بەخۆیەوە دیوە، ئەگەر جاران کەسێک بە پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە خۆی دەگەیاندە ئامانجێک و بە خۆتەقاندنەوەی، زیانی لە بارەگەیەک یان هاوواڵاتیان دەدا، ئێستا

ئەو هەڕەشەیە مۆدێلێکی نوێی وەرگرتووە، بووەتە هێرشی درۆنی، بەمەش شێوازی بەرگریکردن و پاراستنی ئەمنیەتی شارەکان و وڵاتەکان لەبەردەم گۆڕانکاریدایە.

هەوڵێر دەبێت ئەو ڕاستییە قبووڵ بکات کە لەنێو زۆنی هێرشی درۆنەکاندایە و پێویستی بە شێوازی بەرگریکردنی نوێ هەیە، ئەگەر پێشمەرگە لەسەر زەوی دەتوانێت بەر بە تانکی میلیشیاکان بگرێت، دەبێت بە هەمان شێوەش بە میکانیزمی نوێ بەر بە درۆنەکانیش بگیرێت، وەک گوتمان مۆدێلەکە گۆڕاوە و پێویستی بە پاڵپشتیی ئەمەریکا و هاویمانان و مەشقکردن لەسەر چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی درۆنەکان دەبێت، چونکە هێرشی درۆنەکان لە یەککاتدا ئامانجی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستانیان لەپشتەوەیە، هەتا هەوڵێر ئەکتەرێکی سیاسیی ناوچەیی بێت، هێرشەکانیان بەردەوامیان دەبێت، کەوایە وەک چۆن سەنگەرەکانی پێشمەرگە تۆندوتۆڵ کراون، میکانیزمی تۆندوتۆڵ بۆ هێرشی درۆنەکانیش دەتوانێت بەر بە هێرشەکان بگرێت.

کوردستان٢٤/ ٢٩-١-٢٠٢٤

نەوتی عێراق و پەیکەرەکەی سەددام

بەپێی ئاماریێکی نوێی کۆمپانیای سۆمۆی بەبازاڕکردنی نەوت، عێراق تەنیا لە مانگی یەکی ٢٠٢٤دا، بڕی زیاتر لە ١٠٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە و بە گوێرەی ئاماریێکی دیکەی وەزارەتی نەوتی عێراقیش، لە ساڵی ڕابردوودا(٢٠٢٣)، زیاتر لە یەک ملیار بەرمیل نەوت، لەلایەن عێراقەوە هەناردەی دەرەوەی وڵات کراوە.
دەزانم تۆی خوێنەر، کاتێک لە سەرەتادا ئەم وتارەت خوێندەوە، فۆکەست تەنیا چووە سەر ئاماریێکی بێ ڕۆح و تووشی ڕاچڵەکین نەبوویت! ئەوەیان ڕەنگە ئاسایی بێت، ڕۆژانە میدیاکان سەبارەت بە زۆر پرس ژمارە بڵاو دەکەنەوە و مێشکی مرۆڤی عێراقییان بە ژمارەی بێ ڕۆح و ئەنجامەوە کە هیچ سوودێکیان نییە، پڕ کردووە! ئەگەر هەڵوەستەیەک بکەین و ژمێریارێک بێنین و داوای لێ بکەین کە داهاتی ئەو ملیار بەرمیل نەوتەی لە ماوەی یەکساڵدا هەناردە کراوە، کۆبکاتەوە و دواتر بە خزمەتگوزارییەکان و خۆشگوزەرانی و شکۆی مرۆڤی عێراقی بەراورد بکەین، دەبینین زۆرینەی هاووڵاتییانی عێراقی لە وڵاتێکی وێرانەدا دەژین و بە ئاشکرا سامانە سرووشتییەکانی وڵات لەلایەن کەمینەیەکەوە دەستی بەسەردا

گیراوە یان زەوت کراوە و زۆرینەی خەڵکەکەشی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

عێراق، بەپێی هەناردەی نەوت، یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان، واتە داهاتێکی گەورەی بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە بەدەست دەکەوێت، ئەگەر وڵاتێکی دادپەروەر بووایە، خەزێنەی دەوڵەت سەرڕێژ دەبوو، بەمەش خۆشگوزەرانییەکی هاوشێوەی ئەورووپا ڕووی لە عێراق دەکرد، ڕەنگە یۆنانی و ئیتاڵی و ئیسپانییەکیش داوای مافی پەنابەریان لە عێراق دەکرد، بەڵام جوان دیقەتی هاوکێشەکە بدەن، ئێستا هاوواڵاتیی عێراقێکی دەوڵەمەند، ئەو وڵاتانە وەک ترانزێتی پەڕینەوە، واتە هەڵاتن لە چنگ عێراق بەکار دەهێنن!

سەرەڕای ئەو داهاتە گەورەیەی نەوت، دەبینین ڕێژەیەکی نزمی داهاتەکە دەچێتە گیرفانی هاوواڵاتییانی عێراقییەوە، ئەویش زیاتر بە مووچەیەکی کەم لە داهاتی نەوتدا سوودمەند دەبن، کەچی دیوەکەی دیکەی هاوواڵاتییان لەو داهاتە سوودمەند نین و هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی و دادگە و پەرلەمان و حکوومەت و دامەزراوەیەک و تەنانەت نووسەر و ڕۆشنبیران و میدیایەکیش لەسەر ئەو ملیۆنان خەڵکە نایەنە دەنگ کە هیچ مووچەیەکیان نییە و سامانی نەوت بۆیان بووەتە بەدبەختی، لەکاتێکدا نەوت سامانێکی گشتییە و دەبێت هی هەموو عێراقییەک بێت، ئەوانەی مووچەخۆریش نین، دەبێت پشکیان لە داهاتی نەوتدا هەبێت، ئێستا کە نادرێت، بێگومان گەندەڵی و ستەمکارییە، بەرانبەر ئەو خەڵکە دەکرێت.

ئەو زۆرینەیەی هاوواڵاتیی عێراقی کە سوودمەندی داهاتە زەبەلاحەکە نین، لە دۆخێکی یەکجار خراپدا دەژین، خەریکە هیچ

ئومێدێکیان بە داهاتووی خۆیان و منداڵەکانیان نامێنێت، بەهۆی ئەوەی دەوڵەت هیچ هاوکارییەکی ماددی ئەو خەڵکە زۆرینەیە ناکات، (سیاسەتی کەیفی خۆتە و بۆخۆت بژی) پەیڕەو دەکرێت، دەبینین کەمینەیەکیش لە بەرپرسان و کەسە نزیکەکانیان و ئەوانەی لە سەرچاوەی داهاتە گەورەکەوە نزیکن، بە خێرایی کۆشک و تەلار و باڵەخانەی گەورە بەرەو ئاسمان دەبەن و پڕۆژەی بزنسی گەورە دەکەنەوە، وەک ئەوەی نەوتی ئەو وڵاتە، تەنیا مافی خۆیان بێت، بە ئارەزووی خۆیان تەخشان و پەخشانی دەکەن.

هاوواڵاتیی عێراقی لەگەڵ ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەکی خۆڕایی نییە، بەهۆی ئەو شەپۆلی بەکۆمپانیاکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان و پەیڕەوکردنی سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی بەناو ئازادەوە، (لە عێراق بووەتە بازاڕی بێسەروبەری)، خەریکە دەخنکێنرێت، تەنانەت مردنیش بووەتە پارە، تۆی هاوواڵاتیی عێراقی، ئەگەر دووچاری نەخۆشییەکی قورس ببیت، لە نەخۆشخانەکانی حکوومەت، زۆر زەحمەتە شوێنی خەوتن دەست بکەوێت، ناچاریت بە پارەی خۆت، بچیت لە نەخۆشخانە ئەهلییەکاندا بمریت! ئەگەر پێشەکی پارەت نەدابێت، تەنانەت تەرمەکەشت بە کەسوکارت نادرێتەوە! سەیری ئەو کۆمێدیایە بکەن، لە دۆخی ئەوەی هەموو شتەکان بەرەو بەکۆمپانیاکردن دەبەن، تەنیا خزمەتگوزارییەک بە خۆڕایی پێشکەشی هاوواڵاتییان دەکرێت، ئەویش دەرهێنانی کارتی دەنگدانە! بۆچی؟ ئیشیان بە دەنگەکەتە بۆ ئەوەی شەرعیەت بە گەندەڵییەکانیان بدەنەوە!

عێراق، بێئاگایە لەوەی لە دەروونی ئەو خەڵکە زۆرەدا، خەریکە جۆرێک لە ناڕەزایەتی و هێزی کپکراو خۆی ڕادەپسکێنێت، ئەگەر ئەو ناعەدالەتی و گەندەڵییە بەردەوام بێت، ئەو لەشکرە زۆرەی سوودمەندنەبووان لە داهاتی نەوت، لە دەسەڵات هەڵدەستنەوە و تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێن، کەچی ئەو بێباکییەی دەسەڵاتدارانی عێراق، هێندە تۆخ بووەتەوە، هاکە جەماوەرە گەورە ناڕازییەکە تەقینەوە، ئەوکات لە شێوەی شۆڕشێکی جەماوەریدا کۆشک و باڵەخانە دروستکراوەکان بە پارەی دزراوی نەوت، فریایان ناکەون و هاوشێوەی پەیکەرەکەی سەددام حوسێن دەخرێنە خوارەوە.

ڕاستە لە دۆخی شۆڕشدا هەموو شتەکان بەرەو باشی ناچن، بەڵام ئەگەر دۆخەکە تێک بچێت، بە یەکجاری لە هەموومان تێک دەچێت، دەسەڵاتدارانی عێراق دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەن، ئەو لەشکرە زۆرەی خەڵکی ناڕازی و کپکراو، ئەگەر بێنە سەر شەقام، ژمارەیان هێندە زۆرە، بە کوشتنی کەسێک و سەدانیان، جوولانەوەکە ناوەستێت، کاتێک دێن بڕیاریان داوە بۆ هەڵسانەوە گەورەکە و دەزانن دەبێت قوربانی بدەن، ئەو هەڵسانەوەیەش پێشبینیکراوە، لە سۆنگەی ئەوەی خەڵکی عێراق ڕۆشنبیر و کراوە نیین تا ڕێگەی هەڵبژاردن و سیاسی بگرنەبەر، دەی دیقەت بدەن، زۆربەی دەسەڵاتدارانی عێراق، کورسییەکانیان بە ئاشتییانە چۆڵ نەکردووە، ئەو سەدامەی ڕۆژگارێک خەڵکی وێنەکەیان ماچ دەکرد، پاش چەند ساڵێک هەر ئەو خەڵکە خەونیان بە شکاندنی پەیکەرەکەیەوە دەبینی و دواجار خستییانە خوارەوە.

فەیسبووک: ٢٠٢٤/٢/٢٣

بەغدا و پڕۆژەی ڕاسیزمیانەی دژە کورد

حکوومەتی بەغدا لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی سیاسی لە دژی پێگەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان خۆبژێویەکەی وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەربەخۆیی نەمێنێت، هەناردەکردنی نەوتی هەولێری ڕاگرت، ئەمە پڕۆژەیەکی تەواو سیاسیی ڕاسیزمیانەی دژە کوردە، بەوەی بەغدا نایەوێت تۆی کورد هەبیت و بە داهاتی خۆت بژیت.

حکوومەتی بەغدا کاتێک مانگانە بڕە پارەیەک بۆ مووچەی فەرمانبەران بە ناتەواوی دەنێرێت، لە خەمی تۆی نییە، بەڵکوو لە ترسی ڕای گشتیی کوردستان و عێراق و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە وەک ئەوەی خێر بە کورد بکات، وەرزانە ئەو بڕە پارەیە ڕەوانە دەکات.

دیقەت بدەن، بەغدا ئامادەیە زیان بە بودجەی خۆی بگەیەنێت، بەڵام تا ئێستا ڕێگەی بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەولێر (هەرێمی کوردستان) نەداوە و تەنانەت بەربەستی جۆراوجۆریشی خستووەتە بەردەم هەوڵەکانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەولێر.

لەکاتێکدا نەوتی هەولێر ڕاگیراوە دروستتر داگیر کراوە! لەسەر بەغدایە خەڵکی کوردستان بژیەنێت و مانگانە بە ڕێکوپێکی بەرکەوتە

و شایستە داراییەکانی فەرمانبەران و حکوومەتی کوردستان بەپێی یاسا بنرێت، کەچی هەموو سەرەمانگێک وەک ئەوەی داوای خێری لێ بکەیت، گرفت بۆ مووچەی فەرمانبەران دروست دەکات و چاوشارکێ لەگەڵ هەولێردا دەکات.

سەرەڕای ئەوەش ئێستا بە مەبەست کێشەیەکی نوێی دروستکردووە، بەتەنیا مووچەی پێشمەرگە ڕەوانە ناکات بۆ ئەوەی ئەو هێزە پاڵەوانەی کە بەخوێن بەرگری لە خاک و حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکات، متمانەیان لاواز بێت و دەرگەی پەلاماردانی کوردستان بۆ لەشکرەکەی بەغدا والا بکەن.

گرنگە خەڵکی کوردستان دوور لە ململانێی حیزبی و بە چاویلکەی نەتەوەییەوە سەیری ڕووداوەکان بکەن و ئەو واقیعەی هەیە وەک خۆی لێی تێ بگەن، بەغدا هیچ کات لەگەڵ هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەیدا نیازپاک نەبووە، هەتا بۆی بکرێت، ئەوەی بەدەستیشمان هێناوە، لێمانی دەسەنێتەوە، ئەو کەمە دۆستایەتییەی لەگەڵ گرووپێکی سلێمانیشدا هەیەتی، گەمەیەکی سیاسییە و یەکێتییەکان لێی تێناگەن لەوەی ئامانجی بەغدا لە دروستکردنی ئەو دووبەرەکییەدا لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە نەک خۆشەویستی بۆ ئەو گرووپەی سلێمانی.

وەک نموونەی داگیرکردنی کەرکووک، کاتێک بەشێک لە یەکێتییەکان پاڵپشتیی بەغدایان کرد بۆ ڕادەستکردنی شارەکە، ئەوان پێیان وابوو دوای نەمانی پارتی لە کەرکووک، پۆستە باڵاکان و ناوەندییەکانی کەرکووک بە کادیرە یەکێتییەکان پڕ دەکرێنەوە، کەچی هەمووی درانە عەرەب و کوردەکانیش خەریکە دەبنە کەمینەیەک لە

کەرکووکدا، سەرەڕای ئەوە ئێستا بەرپرسانی یەکێتی، دەبێت بە مۆڵەتی هێزە ئەمنییەکانی بەغدا، سەردانی کەرکووک بکەن.
بە گوێرەی ئاماژە سیاسییەکان بێت لەوە دەچێت قەوارەی هەرێمی کوردستان مەترسیی جدیتری لەسەر بێت وەک ئەوەی خەڵکی درکی پێ دەکەن! بۆیە دژایەتیی توندی دەکرێت و دەیانەوێت بیناقاقای قەوارەکە بگرن، لەو دۆخەدا پێویستی بە پاراستن و پارێزگاریکردنە نەک دژایەتیکردنی، ئەوەش بە هەموو ڕەنگ و دەنگەکان و هەڵوێستێکی گشتگیری نەتەوەییانەی کوردان دەکرێت بۆ پاراستنی هەولێر وەک ناوەندێکی سیاسیی کوردان.
ئەو قەوارەیەی هەرێمی کوردستان هی تاکە حیزبێک نییە، بەخوێنی هەمووان دروست کراوە، لەدەستدانیشی زیانەکەی تەنیا بۆ حیزبێکی دیاریکراو نییە، بۆ هەموو کوردێکە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

فەیسبووک: ٢٠٢٤/٧/٨

دەنگدەری پارتی

لە ماوەی ڕابردوودا، دادگەی فیدراڵی عێراق، ژمارەیەک بڕیاری دژ بە هەرێمی کوردستان دەرکرد، ڕاستییەکەی هەموویان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوون و مەبەست لێیان لاوازکردنی پێگەی پارتی بە پلەی یەکەم و دواتر زاڵبوونی هەژموونی حکوومەتی بەغدا بوون بەسەر کار و ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ڕاگرتنی نەوت، دواخستنی هەڵبژاردن بۆ چەند جارێک و نەهێشتنی کورسیی کۆتاکان (پێکهاتەکان) کە دواتر بە گوشاری پارتی، پێنج کورسییان گەڕاندەوە، دروستکردنی گرفت بۆ مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە، چەند بڕیارێک و نەخشەڕێگەیەک بوون بۆ لێدان لە پارتی، بەڵام نەیانتوانی لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو بن، چونکە پارتی خاوەن جەماوەرێکی جێگیر و پێگەیەکی تۆکمەی هەیە، لە سیاسەتیشدا بە درێژایی تەمەنی خۆی، لەنێو یارییە

جۆراوجۆرەکاندا کارەکتەرێکی بەهێز و لە سیناریۆ سیاسییەکاندا قاڵ بووەتەوە.

هاوشان لەگەڵ ئەو بڕیارەکانی بەغدا، میدیای بەرهەڵستکار و ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی پارتی و حکوومەت(کابینەی نۆیەم)، بڕیارەکانی بەغدا وەک کارتێکی بەهێزی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردن لە دژی پێگەی پارتی بەکار دەهێنن و وەبەرهێنانی سیاسی تێدا بەجۆرێک دەکەن گوایە لە دوای هەڵبژاردنی مانگی ١٠ی ئەمسااڵ، پارتی دەنگەکانی خۆی ناهێنێتەوە! ئەوە تەنیا شەڕێکی دەروونییە و ئاماژەی نەخوێندنەوەی بارە سایکۆلۆژییەکەی دەنگدەری پارتی دەگەیەنێت کە سەرەڕای هەر دۆخ و شتێکی نەخوازراو، پارتییەکان دەنگ بە پارتی دەدەن.

ئاساییە پارتی لە هەڵبژاردندا ترسی هەبێت، حیزبی سیاسی دەبێت لە هەر هەڵبژاردنێکدا بترسێت بۆ ئەوەی باشتر ئامادەسازی بکات. لە هەڵبژاردندا هێزەکان بەریەک دەکەن و هەوڵی بردنەوە دەدەن، پارتی باش لەوە تێگەیشتووە. شتێکی دیکەش هەیە، ئەگەر نیگەرانییەکیش هەبێت، دەنگدەرانی پارتی هەرگیز ناچن دەنگ بە حیزبێکی دیکە بدەن! یان دەنگ بە پارتی دەدەن یان بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن، لەبەر ئەوەی دەنگدەری پارتی لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەگی ئەوەی تێدا نییە تا بتواتێت دەنگ بە یەکێتی و گۆڕان و نەوەی نوێیەک بدات! لە هەموو هەڵبژاردنەکانیشدا دەرکەوتووە دەنگدەرانی پارتی ڕێژەی بەشداریان لە هەڵبژاردندا بەرز کردووەتەوە.

داڤید پاتریک هۆتۆن، لە کتێبی "سایکۆلۆجیای سیاسی" کە حەمەڕەشید وەریگڕاوەتە سەر زمانی کوردی و یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی پێویستە کادیر و ڕۆشنبیریی حیزبەکان بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن هەڵبژاردن چییە و لە سایکۆلۆژیای ئەندامانی حیزب و دەنگدەرانی هەڵبژاردن تێبگەن. داڤید پاتریک هۆتۆن لەبارەی سایکۆلۆژیای ئەندامانی حیزبەوە، پێیوایە هاوشوناسی حیزبی بە تێپەڕبوونی کات بەرەو جێگیربوون دەچێت و بەرهەڵستی گۆڕان دەکات.

ئەو بۆچوونە شیکارییە دەروونییە ڕێک بۆ ئەندامانی پارتی وەک ڕاستییەکی بەڵگەنەویست دەشێت، سەرەڕای هەر دۆخێک تەنانەت ئەگەر لەگەڵیشدا هاوڕا و کۆکیش نەبن، ئەندامانی پارتی هەر بە پارتیبوون دەمێننەوە، هاوشێوەی نێو ڕێکخستنەکانی یەکێتی هەوڵی دروستکردنی حیزبی نوێ و ئینشیقاق نادەن، چونکە بڕیاریان داوە پارتی دەبن و تەواو! بۆیە ڕۆژی دەنگدان بە سۆز و خرۆشەوە، دەچنە بنکەکان و واژوویەک بەسەر ڕەنگە زەردەکەدا دەهێنن!

داڤید پاتریک هۆتۆن، ئەو پرسە وردتر دەکاتەوە و ڕای وایە، ڕەنگە حیزب لە هەندێک هەڵبژاردندا شکست بهێنێت، ڕەنگە لە کاتی گەیشتنی بە دەسەڵات و حوکمدا، کاری نابەجێ ئەنجام بدات، ڕەنگە لە هەندێک پرسدا تەبەنیی سیاسەتگەلێک بکات لەگەڵ دیدی تۆدا نەگونجێت، بەڵام هەر پاڵشتیی حیزب دەکەیت، چونکە حیزبی خۆتە و لە ئەنجامی ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر ئەوەندەی گرنگی بە خودی حیزبەکە دەدەن، بایەخ بەو پرسانە نادەن کە لە هەڵبژاردنەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

هێزە بەرهەڵستکارەکانی بەرانبەر پارتی هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشوو و بە تایبەتی ئەوەی ئێستاش کە چەند مانگێکی ماوە بکرێت، وێنایەکی ئەوتۆ بۆ پارتی دەکێشن و بەمەبەست تیشک دەخەنە سەر دواییین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکانی عێراق گوایە پارتی دەنگی پێویستی نەهێنا و ئەمەیش وەک کەوتنی یەک بەدوای یەکی پوولی دۆمینە ڕاڤە دەکەن و دەڵێن مادام پارتی لەو هەڵبژاردنەدا، نەیتوانی وەک پێویست دەنگ بهێنێت، ئیدی ئەندامەکانی لێی دەبنەوە و کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنەکەی کوردستانیش دەبێت، بەڵام لە سۆنگەی بۆچوونەکەی داڤید پاتریک هۆتۆنەوە بێت، بانگەشەی بەرهەڵستکارانی پارتی، ڕاست نییە و دووچاری هەڵە تێگەیشتن بوونەتەوە و هێشتا نەیانتوانیوە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە دەنگدەر و ئەندامانی پارتی هەڵسەنگێنن.

ئەوە ڕاستییەکەیە، ئینجا هەر کەس پێی خۆشە یان ناخۆش کەیفی خۆیەتی، دەنگدەری پارتی، دەنگدەرێکی ڕاڕا نییە و تەواو جێگیرە. بەپێچەوانەوە ئەوە ئەندامان و دەنگدەرانی نەیاری پارتین هەر ڕۆژەی سەر بە حیزبێک و باڵێک و گرووپێکن و هەر هەڵبژاردنەی لیست و ڕەوتی جیاوازیان لێ دەبێتەوە، بەڵام دەبینن و هەڵبژاردنەکەش نزیکە، دەنگدەری پارتی لە دژی پارتی دەنگ بە لایەنێکی تر نادات، بگرە سەرەڕای بەربەست و دەستوەردانەکانی بەغداش، پارتی سوپرایزی هەڵبژاردنی دەبێت.

هۆتۆن لەوبارەیەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو ئەندامەی بە توندی لەگەڵ حیزبدا هاوشوناسی دەکات، زانیارییە ناپەسەند و نەویستراوەکانی سەر حیزب، بەلاوە دەنێت یان پشتگوێیان دەخات،

تەنانەت ئەو کاتەش کە لەسەر زۆر پرسی پڕبایەخ، لەگەڵ پاڵێوراوەکەی حیزب ناکۆک بێت و جیاوازی زۆری لەگەڵدا هەبێت.

هەڵبژاردن یارییەکی سیاسیی ئاڵۆزە و هەموو حیزبەکان لێی دەترسن، بۆیە ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی هەوڵی شێواندنی پێشوەختەی ئەنجامەکان لە ڕێگەی پروپاگەندەوە دەدات بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر سایکۆلۆژیەتی جەماوەری دەنگدەر دروست بکات.

نموونەیەکی زیندوو، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکانی پارتی، هەموویان پێکەوە سەرقاڵی بانگەشەیەک بوون گوایە پارتی شکست دەخوات، کەچی پارتی ژمارەی کورسییەکانی زیاد کرد و ٤٥ کورسیی پەرلەمانی هێنا و حکوومەتیشی پێکهێنایەوە.

ئەوە زاکیرەی ئەو جەماوەرە جێگیر و دێرینەی پارتی بوو لە کاتی هەڵبژاردندا وەکوو لە سایکۆلۆجیای سیاسیدا جەخت لەسەر لایەنی سایکۆلۆژیی ئەندامان و دەنگدەرە جێگیرەکانی حیزب کراوەتەوە کە ئەندامان و دەنگدەرانی حیزبێک زانیارییە ناپەسەند و نەویستراوەکانی سەر حیزب پشتگوێ دەخات و دەنگ بە حیزب دەدەن.

ئەوە ڕاستە ئەو هەڵبژاردنە بۆ کوردستان و بەتایبەتی بۆ پارتی هەستیارە، هەستیارییەکەی لەوەدایە بەغدا هەوڵ دەدات دەستوەردانی تێدا بکات، ئەمەیشی لە بەرژەوەندیی خۆی و لە زیانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و سەرجەم حیزبەکانیش دەکەوێتەوە. کەواتە هەستیاری هەڵبژاردنەکەدا لەوەدایە دوای هەڵبژاردن گرنگترین کارێک ئەوەیە حیزبەکان چیتر ڕێگەخۆشکەر نەبن بۆ

دەستوەردانەکانی بەغدا، بەڵکوو پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان گرنگترین کارێکە حیزبەکان پێویستە بیکەن.

ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن بەغدا بە پاڵپشتیی دەرەکی، هەوڵی لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان دەدات و ئەوەی لە بەرانبەر ئەو نەخشەڕێگە و هەوڵە دوژمنکارییەی بەغدا وەستاوەتەوە، پارتییە، ڕاستییەکیش هەیە دەبێت عێراقی و ئۆپۆزسیۆنی کوردستان لێی تێبگەن، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ئەگەری دەستوەردانی بەغداوە هەر چییەک بێت، پارتی بەهۆی پێگە و ئەمری واقیع و دۆخی سیاسیی کوردستان و هێزی سەربازی و ئەو فۆرمە حیزبایەتییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و پاڵپشت بەو جەماوەرە زۆر و جێگیرەی پابەندن بە پارتییەوە، هیچ هێزێکی عێراقی و تەنانەت سەرجەم حیزبە کوردستانییەکان ئەگەر پێکەوەش سیناریۆ لە دژی پارتی بەڕێوە ببەن، ناتوانن پارتی لە پێگەی سیاسی و دەسەڵاتدا بهێننە خوارێ!

کوردستان٢٣/٢٤-٧-٢٠٢٤

پارێزگارە یەکێتییەکە لەژێر هەژموونی پۆستاڵدا

یەکێتییەکان لە پرسی بەدەستهێنانی پۆستی پارێزگاری کەرکووکدا، وەکوو خۆیان ناویان ناوە "سەرکەوتن" و ئاهەنگیان بۆی گێڕا و هەڵمەتی میدیاییان بۆ گەورەنیشاندانی پرسەکە ڕێکخست. ئەوەیان زیاتر پەیوەندی بە هەڵچوونی سیاسی و حیزبییانەی یەکێتییەکانەوە هەیە نەک سەرکەوتنێکی واقیعی بووبێت.

یەکێتی لەکاتێکدا پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەردەگرێت، پێکهاتەی تورکمان و بەشێکی عەرەبەکان و پارتی لەخۆی نیگەرانتر کرد، سەرەڕای ئەوەی وەکوو دەگوترێت لەبری پۆستی پارێزگاردا، بەشی زۆری فەرمانگە گرنگەکانی شارەکە و قەزا و ناحیەکانی کەرکووکی داوەتە عەرەبەکان و کاک ڕێبوار تەها تاکە کەس دەبێت لەنێو دەیان بەرپرسی دیکەدا کە فەرمان لە حەشدی شەعبی و بەغدا وەردەگرن.

لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تا ئێستا، ئەوەی لە کەرکووک حکومڕانی کردووە، یاسا و دامەزراوەکان نییە، بەڵکوو هەژموونی پۆستاڵ و سەربازگەیە. لەو ژینگەیەدا پارێزگارە کوردە یەکێتییەکە دووچاری دەیان گرفتی ئەمنی و خزمەتگوزاری و ڕەتکردنەوە دەکرێتەوە، شارێک بە سەرباز دەورە درابێت، یاسای تێدا نابێت،

ئینجا پارێزگارێکیش حیزبەکەی خۆی بیەوێت ڕاستییەکان بشارێتەوە و ڕووخساری داگیرکەران جوان نیشان بدات، نموونەیەکی یەکجار خراپ پێشکەش دەکات.

بۆچی ناتوانێت پرسی تەعریب ڕابگرێت و هەڕەشەی سەر جووتیارە کوردەکان چارەسەر بکات؟ حیزبەکەی بەشێک بووە لە هۆکاری دووبارە تەعریبکردنەوەی پارێزگەکە و شاربەدەرکردنی کوردانی کەرکووک، ئێستاش بەشی زۆری پۆستەکان لەو حکوومەتە خۆجێییەدا لای کورد نامێنن و بۆ بەرژەوەندیی گرووپەکان و بەغدا بەکار دەهێندرێن.

پارێزگارێک شارەکەی لەژێر پۆستاڵدا پان کرابێتەوە و ژمارەی حەشد و میلیشیای داگیرکار تێیدا لە ژمارەی سڤیلەکانی زیاتر بێت، چۆن دەتوانێت پارێزگاری لە شوناسی کوردستانیبوونی کەرکووک بکات؟ چۆن دەتوانێت تەعریب نەهێڵێت؟ ئایا ڕاگرتنی تەعریب لە سیاسەتی یەکێتیدا ڕەنگی داوەتەوە؟ بێگومان نەک هەر ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو یەکێتی بۆ ئافەرینێک و لەپێناو لاوازکردنی پارتی لە کەرکووک، شارەکەی بە خەڵکەوە خستە ژێر پۆستاڵی میلیشیاکانەوە! حیزبێک ئەوەی کردبێت، ئێستا بوێرەی ئەوەی نابێت ڕووبەڕووی تەعریب و داگیرکارەکان ببێتەوە.

پۆستە باڵاکان کە پشکی کوردن و لە بەغدا لای یەکێتی بوونە، بە سەرۆککۆمارەکەی ئێستایشەوە، جگە لە لاوازکردنی پێگەی کورد، هیچ خێرێکیان بۆ کورد نەبووە و بەهیچ جۆرێک بۆ بەرژەوەندی و بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد بەکار نەهێناون، بەپێچەوانەوە

وەکوو پێگەیەکی حزبی بۆ دامەزراندنی کادیرانی یەکێتی و لێدان لە هەولێر و کارکردن بۆ پێگەی یەکێتی لە بەغدا بەکار هێنراون.
لە سەردەمی سەرۆککۆمارەکانی یەکێتیدا، کورد خاکی داگیر کرا، هێرشی سەربازی کرایە سەر، مووچە و بودجەی بڕا، نەوتی ڕاگیرا، شەڕی سیاسی و یاسایی لە دژ کرا، هەر ڕۆژەی جۆرە هەڕەشەیەک لە کورد کرا و دەکرێت، یەک سەرۆککۆماری یەکێتی، فززەیان لێوە نەهات و کاک لەتیف ڕەشیدەکەی ئێستاش لە بێهەڵوێستیدا بێوێنەیە.

فەیسبووک: ٢٠٢٤/٨/١٣

فرۆشتنی نەوت

کاتێک هەرێمی کوردستان خۆی نەوتی دەفرۆشت، وێڕای هەرچی سەرنجێک، بە داهاتەکەی مووچە دابەش دەکرا، هەرکە جار جارەش دووچاری کێشەی داوکەوتنی مووچە دەبووەوە، ئۆپۆزسیۆن و مووچەخۆرانی کوردستان ناڕەزاییان لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕی و داوای مووچەیان دەکرد.

هەمووان دەڵێن مووچە مافێکی فەرمانبەرانە و دەبێت حکوومەت دابینی بکات، منیش ئەوە دەزانم و دەڵێم مووچە مافێکی یاساییە و پێویستە حکوومەت دابینی بکات، بەڵام کاتێک حکوومەتی عێراق نەوتت ڕادەگرێت و داهاتەکانت وشک دەکات و سەرجەم کارتە یاسایی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت سەربازییەکانی لە دژی هەولێر بەکار دەهێنێت و خەزێنەی حکوومەتەکەی هەولێرت بەتاڵ دەکات، ناکرێت ئۆپۆزسیۆن و مووچەخۆری هەرێمی کوردستان گلەیی لە حکوومەتەکەی هەولێر بکەن، دەبێت دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی هەولێرەوە و بە بەغدا بڵێن بە ئاشکرا غەدر لە کوردستان دەکەیت.

ئەگەر ڕاست دەکەن و کۆیلە و بەکرێگیراوی حەشدی شەعبی نین و بۆ سیاسەتی بەغدا و ئێران کار ناکەن، فەرموو بچنە سەر شەقام و

لە دژی ئەو چاوشارکێیەی حکوومەتی بەغدا کە لەگەڵ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستاندا دەیکات خۆپیشاندان بکەن و مەردانە بە بەغدا بڵێن مادام نەوتت ڕاگرتووین و سەرچاوەکانی داهاتی کوردستانت لاواز کردووە، دەبێت مووچەی خەڵکی کوردستانیش کە بە یاسا بۆی دیاریکراوە هاوشێوەی فەرمانبەرانی عێراق بدەیت و پارەی پڕۆژەکانی کوردستانیش دابین بکەیت.

کاتێک لە ئاست ئەو بێویژدانی و پێشێلکارییەی بەغدا بێدەنگیت، کەچی لە دژی هەولێر دەنگت بەرز دەکەیتەوە، تۆ ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە نیت، بەڵکوو بەکرێگیراوی سیاسەتی حەشد و گرووپەکانی نزیک لە ئێرانیت و کار بۆ بێگانە لە دژی حکوومەتەکەی خۆت دەکەیت.

دەبێت ئیدی بەڕاشکاوی بگوترێت کە چوار دەوڵەتە نەیارەکەی کورد چەندە گرفتن لەبەردەم بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان، لەنێوخۆی کوردستانیشدا گرفتێکی گەورەتر هەیە ئەویش خەڵکێکی زۆری کورد لە ناهۆشیاری یان بە پڕۆژەی سیاسیی چوار دەوڵەتەکە و لە ڕێگەی هەژموونی میدیا و دەزگە هەواڵگرییەکانی دژە کوردستانەوە، پێگەی هەولێر بەئامانج دەگرن، ئەگەر بابەتەکە بژێوی و دواکەوتنی مووچەیە، ئەوەتا ئێستا ڕوونە ئەوە بەغدایە مووچەی کوردستان نانێرێت و وەکوو کارتی سیاسی بەکاری هێناوە، بۆچی بێدەنگن؟ بۆچی داوا لە هەولێر دەکەن بۆ مووچە؟

هەمووان دەزانن لە دوای ڕاگرتنی نەوتەوە، بە قانوونی عێراقی دەبێت حکوومەتی بەغدا مووچەی کوردستان دابین بکات، گریمان لە لیستی مووچەدا گرفتێک لەسەر چەند ناوێک دروست دەبێت، ناکرێت

بەهۆیەوە مووچەی هەموو فەرمانبەران ڕابگیرێت. بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان لەوە هۆشیار بکرێنەوە مووچە کارتێکی سیاسییە لە دژی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ئینتیمایان بۆ حکوومەت و خاک و نیشتمانەکەیان نەمێنێت، لەو دۆخەشدا زاڵبوون بەسەر هەولێردا ئاسانتر دەبێت.

لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەسەر ئاستی عێراق و ئێران و ناوخۆی کوردستان، گوشارەکان لەسەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی ئەو کابینەیەی حکوومەت هەموو بواریٚکی گرتەوە، لە ئابووریيەکەی درا، مووشەکی ئاراستە کرا، دادگەی فیدراڵی بەکار هێندرا، یاسای بودجەی عێراق غەدری لە کورد کرد، مووچە و بودجە وەکوو کارتی گوشار لە دژی کابینەکە بەکار دەهێندرێن، لەسەر ئاستی ناوخۆش، پارە و پۆستی بەغدا درایە هەندێک حیزبی کوردی بۆ ئەوەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەن، دەستکاریی کورسیی پێکهاتەکان کرا و ئەنجامدانی هەڵبژاردن کێشەی بۆ دروستکرا. بە کورتی هەرچی بۆیان کرا بۆ لێدان لە کابینەی نۆیەم، دریٚغیان نەکرد و هەموو ڕۆژێکیش چاوەڕێی بەرهەمی دژایەتییەکەیان بوون بە کەوتنی کابینەکەی مەسرور بارزانی، بەڵام بۆچی ئەو کابینەیە لە ئاست ئەو هەموو گوشارەدا توانی خۆی ڕابگرێت؟

ئێمە دەوڵەت نین و لەوەش خراپتر دراوسێی چوار دەوڵەتی نەیارین، واتە لەڕووی جوگرافییەوە زیندانیکراوین و ناتوانین بەڕووی جیهاندا بکرێینەوە، کاتێکیش دەوڵەت نیت، ناتوانیت قەرز بکەیت و مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتاندا بکەیت و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی خۆت

سەربەخۆیانە بەگەڕ بخەیت، کاتێک دەوڵەت نیت، تەنانەت ناتوانیت پڕۆژەی ستراتیژیش جێبەجێ بکەیت و چەک بکڕیت و خۆت بەهێز بکەیت.

لە نموونەی شەڕی داعشدا، بەغدا ئامادە نەبوو یەک دینار و یەک فیشەک بداتە کوردستان بۆ ئەوەی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا بکەوێت، ئێستاش کاتێک مووچە نادات و سەدان گوشاری دروستکردووە بۆ ئەوەیەتی حکوومەتەکەی هەولێر لاواز بکات و پێگەی هەرێمی کوردستان لە نەخشەدا بسڕنەوە، ئەگەر ئەو نیەتەی بەغدا سەرکەوێت، هەموو کورد پێکەوە زیانمەند دەبن.

ئەوەی توانیویەتی قەوارەی هەرێمی کوردستان و حکوومەتەکەی هەولێر بپارێزێت، سیاسەتی بەرگریکارانەی پارتی بووە، لەبەر ئەوەشە کاتێک لە بەغدا تیرێک ئاراستەی کوردستان دەکرێت، یەکسەر جەستەی پارتی دەپێکێت، لەوەدا بەغدا زۆر باش درکی بەوە کردووە، بە پێدانی پۆستێکی کارگێڕی، یەکێتی و هاوشێوەکانی ئامادەن تەنانەت قەوارەی هەرێمی کوردستانیش هەڵوەشێننەوە، بۆیە کاتێک بەغدا گوشارەکانی لەسەر هەولێر توند دەکات، بەشێکی میدیای کوردی بە میدیا فەرمییەکانی یەکێتیشەوە، پێش عێراقییەکان لە دژی کوردستان دێنە دەنگ و هەوڵ دەدەن دەنگی نارەزایی لە دژی حکوومەتی کوردستان زیاد بکەن.

ئەمە تەواو پڕۆژەیەکی سیاسییە بۆ لێدان لە قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە هێشتا بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان لەو مەترسییە تێنەگەیشتوون، ئەگەر هەولێر بکەوێت هەمووان دەکەون.

فەیسبووک: ٢٠٢٤/٨/٢٣

حەلبووسی و پێشمەرگە

پاش ئەوەی محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی دەرکراوی پەرلەمانی عێراق دژی پێدانی چەک بە پێشمەرگە هەڵوێستی ڕاگەیاند، ئەمە بووە هۆی لێکدانەوەی زۆر بۆ قسەکانی و بەشێکی زۆرینەی کوردان بە تایبەتی لە زۆنی هەولێردا بە سیاسی و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسەوە ئەو هەڵوێستەی حەلبووسی بە بێوەفا و دژە کورد لێک دەدەنەوە.
دژایەتیکردنی حەلبووسی بۆ پێشمەرگە لە هەر گۆشەیەکی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتبێت، کێشەیەکی گەورە نییە تا نیگەرانییەکی قوڵ دامانبگرێت، ئەوەی کێشەیە، هێشتا سیاسیی کورد هەن نیگەرانی ئەو جۆرە قسانەن، لەکاتێکدا دەبوو لەدوای ڕاپەڕینەوە بای ئەوە تێگەیشتنمان بۆ عەقڵیەتی شۆڤێنی عەرەب هەبێت کە دۆستی کورد نین و حەلبووسی و هیچ عەرەبێکی دیکەش نابنە دۆستی کورد، لەو سۆنگەیەوە پێویستە کورد پشت بەناو دۆستەکانی لە بەغدا نەبەستێت و هەمیشە بۆ هەڵوێستی هاوشێوەی حەلبووسییەکان ئامادە بێت.
بەشێکی سیاسەتکردن لە کوردستان لەسەر بنەمای سۆز و عاتیفە بونیادنراوە، بۆیە لەپڕدا ئەو ئەفسانە و وەهمانەی لە ڕێگەی

بانگەشەی میدیاوە دروستکراون، پووچەڵ دەبنەوە و خەڵکی نائومێد دەبن، سالانێک مێشکی کۆمەڵگەی کوردستان بەوە پڕ کرا گوایە حەلبووسی دۆستی کوردە، کەچی ئەوەتا لەپڕ نەک هەر دۆستمان نەما، دوژمنیش دەرچوو.

کاتێک سوودانی هاتە سەر حوکم، لەلایەن کوردەوە بە شانوبالێدا هەڵگوترا گوایە لە سەرۆکوەزیرانەکانی پێش خۆی باشتر دەبێت و ئومێدی ئەوەی لێدەکرا، بەشێک لە کێشەکانی نێوان کورد و عێراق چارەسەر بکات، بەڵام لە سەردەمی سوودانیدا، نەک چارەسەری کێشەکان نەکران، گەورەتربوون، نەوتمان بە بارمتە گیرا و نانبڕاوکراین، وەکوو خێریش مووچەی خەڵکی کوردستان دەنێرن و پرسی کوردیش لە عێراقدا لەوپەڕی خراپیدایە، بەوەی سیاسییەکانی بەغدا نایانەوێت چیتر وەرەقەی کورد بخوێننەوە .

لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانەکانی پێش سوودانیدا، کورد بۆ پرسی سیاسی و ماددەی سەدوچل و جێبەجێکردنی دەستوور و کەرکووک و پێشمەرگە و بابەتی سیاسی دەچووە بەغدا، کەچی لە سەردەمی سوودانیدا کورد بۆ مووچە دەچێت، مووچەی مانگێکیش نەک بۆ گفتوگۆ لەسەر بودجە و مووچەی سالێکی کوردستان شاند بچنە بەغدا.

پرسی کورد لە عێراق بە مەترسیدارترین قۆناغی گەیشتووە، دۆخەکە لە پرسی سەربەخۆییەوە گۆڕاوە بۆ ماددی و برسیکردنی کورد، هەموو مانشێتەکانی میدیای کوردی بوونەتە هاتونەهات و هاوتاکردنی مووچە، لەکاتێکدا ئێمە بۆ مووچە نەچووینە شاخ و شۆڕشمان بۆ هاوتاکردنی مووچەکان نەکرد، بۆ ئەوە چەکمان لە دژی بەغدا هەڵگرت و خوێمان ڕژا، سەربەخۆ بژین.

حەلبووسی تەنیا نییە، سەر بە عەقڵییەتێکی ڤاشیزمی عەرەبییە و هەزارانی وەکوو ئەو دژی کوردن و ناتوانن کورد وەک نەتەوەیەک و پێشمەرگەش وەکوو هێزێکی کوردستانی قەبووڵ بکەن، ئیدی پێویست ناکات لەوە زیاتر خۆمان لە خشتەبەرین و پێمانوابێت سبەی لەمڕۆ باشتر دەبێت، پێچەوانەکەی ڕاستە، سبەی زۆر لەمڕۆش خراپتر دەبێت .

دەبێت کورد بە هەر جۆرێک بێت، خۆی پڕ چەک بکات و ئامادەسازی تەواو بۆ قۆناغێکی مەترسیداری داهاتوو بکات کە هیچ دوور نییە بگاتە شەڕ و پێکدادانی سەربازی، چونکە عێراق بە هەموو جۆرێک دژی کوردە، تەنانەت ئێستا چەکی ئابووری و دارایی وەک کاریگەرترین چەک لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنێت لە ڕێگەی دابەشکردنی موچەوە سیاسەتێک پەیڕەو دەکات و دەیەوێت متمانەی خەڵکی کوردستان بە حکوومەت و پرۆسە سیاسییەکەی کوردستان لاواز بکات و بە جدی کار لەسەر نەهێشتنی ئینتیمای خەڵکی کوردستان دەکات .

لەبری ئەوەی هەمووان بەیەکەوە ڕووبەڕووی ئەو تەوژمەهەڕەشەیەی بەغدا ببەنەوە و سەنگەری کوردستان بپارێزن و بەهێزی بکەن، کەچی بەشێک لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان چوونەتە نێو بازنەی بەرژەوەندییەکانی بەغداوە و لە دژی قەوارەی کوردستانن و ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەوەی بەغدا پرۆژە سیاسییەکەی لە دژی کوردستان جێبەجێ بکات.

فەیسبووک: ٢٠٢٤/٩/٢١

(٢٠٢٥)

ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستان لەلایەن بەغداوە

ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستان لەلایەن بەغداوە، لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە گرێبەستە نەوتییەکانەوە نییە، ئەو بڕیارەی بەغدای شیعە، لەو ڕوانگەیەوە دێت سیاسییەکاتی عەرەب لە بەغدا، پێیانوایە بەهێزبوونی پێگەی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ بە شکستی بەغدا دەشکێتەوە، ڕێک ئابووریی کوردستان بۆ ئەو مەرامە سیاسییە بەئامانج گیرا.

بەغدا لە ڕاگرتنی هەناردەی نەوتدا، ئەگەرچی لەڕووی ئابوورییەوە زیانی زۆری بەرکەوتووە، بەڵام قازانجی دیکەی کرد، وەکوو ئەوەی دەزانێت بیرکردنەوە و زاکیرەی بەشێکی کورد، هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە هۆشیارییەی کە هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەولێرەوە، باشترین بژاردە و بەهێزترین پێگەی بۆ کورد لە ناوچەکەدا دروست دەکرد، ئەوەش ترسی لای بەغدا دروستکرد و هانای بۆ لایەنی دەرەکی برد تا نەوتەکە ڕاگیرا.

خاڵێکی تر ئەوەیە، بەغدا لە ڕاگرتنی نەوتدا، توانی هەست و سۆزی بەشێکی خەڵکی کوردستان بجووڵێنێت، لەکاتێکدا خۆی نەوتەکەی ڕاگرت و ئابووریی کوردستانی گەمارۆ دا و مووچە و بودجەش وەک خێر دەنێرێت، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بەشێکی خەڵکی

کوردستان، ڕەخنە ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، لەکاتێکدا دەبێت دژی بەغدا بێنەدەنگ و داوای مووچەی لێ بکەن، ئێ ئەوەی دەستیبەسەر ئابووریی کوردستاندا گرتووە هەولێر نییە بەغدایە، بەهۆیەوە مووچە و بودجەی کوردستان گرفتی بۆ دروست بووە.

لەلایەکی ترەوە، نەوت بۆ کورد خەریک بوو دەبووە گەورەترین ئایکۆنی ئابووری و کاریگەریی لەسەر بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و جوگرافی و نەتەوەیی کورد دروست دەکرد و لە بازاڕی وزەدا ناوی کوردستان دەهات، لەمەودوا ئەگەر نەوتیش هەنارده بکرێتەوە، ئەو ئایکۆنەی کوردستان زەحمەتە بۆ کورد بێت، ڕەنگە وەکوو نەوتی عێراق مامەڵەی پێوەبکرێت.

زیان و گرفتی ڕاگرتنی نەوت چەندە گەورە بوو، ئەو دژایەتییەی بەشێکی خەڵکی کوردستان لەژێر هەژموونی یەکێتی و هەندێک حیزبی ئۆپۆزسیۆن بۆ دۆسیەی نەوت و پێگەی هەرێمی کوردستان هەیە، وایکردووە بەغدا شەرعیەت بە ڕاگرتنی بدات و سوود لەوە وەربگرێت ئەو هێزە کوردییە لە دژی کورد خۆی بەکار بهێنێتەوە، ئەوەتا هەر ئەو کوردەیە لەلایەن بەغداوە نانبڕاو کراوە و بودجەی دەستبەسەردا گیراوە، کەچی داوای تەوتینی مووچە و تەسلیمبوونی سەد لە سەدی هەولێر بە بەغدا دەکەن، ڕێک خۆکوژی نەتەوەییە و نابێت ڕوو بدات.

کورد میللەتێکی بێ زاکیرەیە، بەرژەوەندیی خۆی نازانێت، بەداخەوە هەندێک جار دەگەمە ئەو باوەڕەی پێویستە بە شێوازێکی تووندڕۆییانە ڕاست بکرێتەوە! بۆ ئەوەی ڕاستەڕێ بکرێتەوە و بە ئاراستەی

بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ئاراستە بکرێت، ئەگینا لە دونیادا نییە، میللەتێک دژی خۆی بوەستێتەوە و حەز بکات خۆی تەسلیمی دوژمنەکەی بکات.

ئەڵمانەکان لە بەرەی جەنگدا شکان و وڵاتەکەیان تەخت کرا، بەڵام ئیرادەیان نەشکا، ئەوەتا ئێستا ئەڵمانیا یەکێک لە جوانترین و پێشکەوتووترین وڵاتی جیهانە و گەلەکەشی سەربەرزن. بۆچی؟ میللەتەکەی میللەتن و وەک کورد نین حەز بە شکستی خۆیان بکەن، ئەو کوردەی حەز بکات بەغدا دەستبەسەر تەواوی دۆسیە ئابووری و سیاسی و کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستاندا بگرێت، بشفڕێت و ئاڵای کوردستان بکاتە جل و بیپۆشێت، هەر بەکرێگیراوی بەغدایە.

فەیسبووک: ٢٠٢٥/١/١٠

یاسای گەڕاندنەوەی زەویوزار

یاسای گەڕاندنەوەی زەویوزار بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەرکرا و سەرۆککۆماریش پەسەندی کرد، لە پراکتیکدا هیچ کاریگەرییەکی نابێت، بەوپێیەی جێبەجێکردنی لە بەرژەوەندیی کوردە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

پێمان خۆش یان ناخۆش بێت، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە، دۆخی کەرکووک لەڕووی تەعریبەوە هەتا دێت بەرەو خراپتر دەچێت و پرۆسەکە بە سەختی بەردەوامە و لێرەش ناوەستێت.

ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سەرگەڕان و گوندی شەناغە ڕوویدا، ڕاستە دریژکراوەی گوشارە بەردەوامەکانی عەرەبی هاوردەیە لە سنوورەکەدا، بەڵام کاتێک لە سەروبەندی پەسەندکردنی یاساکەدا سوپای فەرمیی عێراق ڕێگری لە جووتیارانی کورد دەکەن بۆ کێڵانی زەوییەکانیان، خۆی لە خۆیدا پەیامێکی مەترسیدارە و دەیانەوێت بە کورد بڵێن دڵتان بەو یاسایە خۆش نەکەن و ئەوەی حوکمی سنوورەکە دەکات هێزی چەکدارە نەک یاساکان.

لەڕووی لۆژیک و بەپێی بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەییش بێت، بەغدا ناچێت کارێک بکات لە دژی ئەو عەرەبانەی زەویی کوردیان داگیر کردووە، واتە ئەو یاسایەی دەریان کردووە، خۆڵکردنە چاوی خەڵکە و مەبەستیان ئەوەیە کێشەیەکی تر بخەنە سەر کێشەیەکی

دیکەوە، دەکرێت بۆ خافڵاندنی کورد بێت، ئەگینا بەغدا هیچ کات نایەوێت بڕیارێک لە دژی عەرەبەکان لە بەرژەوەندیی کوردان بدات، تەنانەت ئەو یاسایەی دەریشیان کردووە، جێبەجێکردنی ئاستەمە، وەکچۆن دەستووریان جێبەجێ نەکرد، ئەو ماددانەیان فەرامۆش کرد کە لە بەرژەوەندیی کوردن، دیاریترینیان ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە لە کاتی خۆیدا ئەگەر جێبەجێ بکرابوایە کەرکووک دەگەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر ئێستا بیانەوێت کار بەو ماددەیە بکەن، کەرکووک ڕەنگە لەدەست کورد دەربچێت.

لەوەش خراپتر ئەوەیە، تاکە حیزبێک لە هەرێمی کوردستاندا بەرگری لە پرسی کورد لە سنوورەکە دەکات، ئەویش پارتییە، پارتیش وەک حیزب کە سەرۆکایەتیی حکوومەت دەکات، نازانێت ئیدارەی کام شەڕ و ململانێ لەگەڵ بەغدا بدات !

جارێک شەڕی مووچە و جارێک جێبەجێنەکردنی دەستوور و جارێکی دیکە ڕووبەڕووبوونەوەی لێشاوی گوشارەکانی بەغدا و شەڕی دادگەی فیدراڵی و گرووپە میلیشیاکان و سەدان شەڕفرۆشتنی دیکەی بەغدا بە هەولێر.

خراپتر لەوەش حیزبەکانی کوردستان نەک هەر پاڵپشتیی پارتی ناکەن لە بەرانبەر ئەو هەموو زوڵم و پلان و پیلانی مەترسیدارەی بەغدا، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی بەغدا کار دەکەن و هەوڵی لاوازکردنی پێگەی هەولێر دەدەن، ئەگەر ئەو ئیرادە بەهێزەی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەبووایە، دەمێک بوو، هیچ شتێک بەناوی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان نەدەما و دەگەڕاینەوە خاڵی سفر.

فەیسبووک: ٢٠٢٥/٢/١٩

مارکێتینگی نەوت و بەغداش چی لە هەولێر دەوێت؟

کاتێک پرۆسەی دۆزینەوە و بەرهەمهێنان و دواتر بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان، گەیشتە ئاستێکی بەرز و بەخێرایی بووە ئایکۆنێکی بەهێزی ئابووری و ناوی کوردستانیش کەوتە سەر نەخشەی وزەی جیهانییەوە، بەشی زۆرمان لە هەرێمی کوردستان لە دڵسۆزیمان بۆ پرۆسەکە، لە ڕێگەی هۆکاری میدیایی و سیاسی و وتار و هەموو بوارەکانی دیکەوە کەوتینە دۆخی زۆرترین مارکێتینگەوە بۆ نەوتی کوردستان، دواتر عێراق نەوتی کوردستانی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر پێگەی خۆی بینی و خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کرد و کەیسەکەی بردە دادگەکانی دەرەوەی وڵات.

مارکێتینگ لە بازاڕی کار و بەرهەمهێنانی هەر کاڵا و سامانێکی سروشتیدا، زۆر گرنگ و خاڵێکی درەوشاوەیە بۆ زیاتر ناساندنی بەرهەمەکە و سەرنجی کڕیار و بەکاربەری زۆرتر بۆ خۆی ڕادەکێشێت و بەهۆیەوە قازانجی گەورەتر دەکات.

مارکێتینکی نەوتی کوردستانیش چەند ئامانجێکی هەبوو، سیاسی و ئابووری گرنگترینیانن، بەداخەوە ئەو مارکێتینگەی بۆ نەوتی کوردستان کرا، بە زیانی دۆسیەی نەوتەکە و ئابووریی کوردستان کەوتەوە، نەک لەبەر ئەوەی مارکێتینگەکە بەمەبەستی خراپ کرابێت، بەپێچەوانەوە ئامانج لێی بە بەهێزی نیشاندانی پێگەی کوردستان بوو لە ڕێگەی وزەوە.

بە بەهێزی نیشاندانی پێگەی کوردستان لەڕووی وزەوە کە ئابووری بڕبڕەی پشتی مانەوە و بەهێزبوونی هەر وڵاتێک و ئەکتیڤبوونی حکوومەتەکانە، ئێ بەغدا نایەوێت پێگەی کوردستان بەهێز و حکوومەتی هەولێریش ئەکتیڤ بێت، ئەمە وایکرد عێراق هەڵوەستە بکات یان دروستتر بەئاگابێتەوە لەوەی نەوت خەریکە پێگەی هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکەوە دەکاتە دەوڵەتێک، بۆیە هەترەشی لەو پێگە ئابووری و گەشەسەندنە خێرایەی پرۆسەی نەوتی کوردستان چوو، دواجار لە ڕێگەی دادگەی پاریسەوە، دەستی بەسەر کەیسی نەوتی کوردستاندا گرت و ئێستاش شەڕی برسیکردنی خەڵکی کوردستان دەکات.

ڕاگرتنی نەوتی کوردستان، ڕوانگەیەک و سیاسەتێکی فاشیستیانە و دوژمنایەتییەکی ئاشکرای بەغدایە بەرانبەر بە هەولێر کە ئامانج لێی سنووردانانە بۆ پێشکەوتنی کوردستان و سڕینەوەی ناوی

کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی و دوورخستنەوەی بەرژەوەندیی وڵاتانە لەگەڵ هەوڵێردا.

ئامانجێکی دیکەی بەغدا، برسیکردنی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەوەی جەماوەر بکەونە دۆخی ناڕەزایەتی و بێمتمانەیی بەرانبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە بەشێکی خەڵکی کوردستان لەو گەمە سیاسییەی بەغدا تێناگەن و کوێرانە پشتگیریی بەغدان، لەوەش خراپتر ئۆپۆزسیۆنی کوردستان بوونەتە گوتەبێژی سیاسییە نەیارەکانی کورد بۆ جووڵاندنی سۆزی خەڵکی کوردستان لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبییان کە ئەمە لە زیانی پێگەی کوردستان کەوتووەتەوە.

نەوت تاکە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی کوردستانە، ئەگەر ئێستا هەناردە بکرابووایە، هێندە چاومان لە بەغدا نەدەبوو وەک ئەوەی پارەی خێرمان بداتێ، هەموو سەرەمانگێک چاوشارکێ لەگەڵ هەوڵێردا دەکات. مووچە دەنێرین و نانێرین! لیستی مووچە واژوو دەکرێت و تەیف سامی سەفەری کرد!

ئەمە ئەگەر دوژمنایەتیکردنی کورد و پرۆژەی سیاسیی ڕێگریکردن لە گەشەی کوردستان نەبێت، ناردنی مووچە چ پەیوەندی بە سەفەری تەیف سامی و نازانم چی و چیترەوە هەیە! ئەدی بۆچی لە کاتی سەفەری تەیف سامیدا مووچەی خۆیان دواناکەوێت؟ بەڵام کاتێک

دەگاتە سەر مووچەی هەولێر، تەیف سەفەر دەکات یان دەڵێن پارەی کاش نەماوە و هەزار و یەک چاوشارکێی دیکە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا دەکەن، کەچی خەڵکە سادەکەش لەژێر هەژموونی میدیای فەرمیی ئۆپۆزسیۆن و سۆشیاڵمیدیاکانیانەوە لەبری ئەوەی ڕەخنە لە بەغدا بگرن، دەڵێن خەتای حکوومەتی هەولێرە مووچە نادات، لەکاتێکدا ئەوەی نەوتی ڕاگرتووە بەغدایە، حکوومەتی هەولێریش ئەگەر خۆی مووچە بدات، دەبێت بە داهاتی نەوت بیدات، ئێ ئەگەر بەغدا نەوتەکەی ڕاگرتبێت، چۆن مووچە بدات!

جگە لە نەوت، ئێمە ئێستا خەریکە مارکێتینگ بۆ کەرتی کشتوکاڵ و هەناردەکردنی بەرهەمەکانیشی دەکەین، بەڕای من، بۆ ئەو قۆناغەی کوردستان، دەکرێت زۆر پڕۆژەی گرنگ هەن، بە نهێنی و دوور لە چاوی کامێراکانەوە بکرێن و جێبەجێ بکرێن و گەشەیان پێ بدرێت، کاتێک تۆ دەڵێی هەنار هەنارده دەکەم و کوردستان دەکەینە سەرچاوەیەکی بەهێزی بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و چاومان لەوەیە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانمان وەک جێگرەوەیەکی نەوت یان سەرچاوەیەکی تری داهات بخەینە بازاڕە جیهانییەکانەوە، بێگومان دواجار بەغدا لەوەش بە ئاگادێتەوە و ڕەنگە هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هەموو مامەڵەیەکی نێودەوڵەتی لەو بوارەدا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا قەدەغە بکات، ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، بەغدایە، نەیارە سەرسەختەکەت، ئێ لایەنە

یاساییەکەیشی بەدەستەوەیە و دەتوانێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە یاسا لە دژت بەکاری بهێنێت و ڕێگری لە گرێبەست و مامەڵە نێودەوڵەتییەکانت بکات.

زاری کرمانجی: ٢٠٢٥/٥/٥

تابووری پێنجەم

عێراقی ئێستا بە چەند ئاراستەیەکدا دەڕواتە پێش، ئاراستەیەکیان دامەزراوەکانی بونیاد دەنێتەوە بە جۆرێک بە هێواشی دەبێتە دەوڵەتێکی بە سیستەم دیکتاتۆریەتی کەسی و چەند سەرکردەیەک لەنێو خۆیاندا لەسەر پشکەکانیان لەڕووی ژمارەی چەکدار و ئابووری و پۆستی سیاسییەوە ڕێککەوتوون و وڵاتەکەش بەو جۆرە گەشە دەکات کە ئەو ژمارە سەرکردەیە نەخشەڕێگەی ئاراستەکان دیاری دەکەن.

لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەددام حوسێنەوە، ئەمەریکا کاری زۆری بۆ بەدیموکراسییبوونی عێراق کرد، بەڵام لە هیچیان سەرکەوتوو نەبوو، بەناچاری دەستبەرداری پڕۆژەی بەدیموکراسییبوونەکەی بوو، ئێستاش هەوڵەکانی لەوەدا چڕکردووەتەوە بەغدا لە تاران دابببڕێت و خۆی لەگەڵ ئەو دۆخ و نەخشەڕێگەیەدا بگونجێنێت کە ئێران لە عێراق داینـاوە، هاوکات بە یاسا کار بۆ دەرکردنی ئەمەریکییەکان لە عێراق دەکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی جێبەجێکردنی پڕۆژە سیاسییەکەدا هیچ چاودێرێکی زلهێزیان بەسەرەوە نەبێت.

بەڵگەش بە ئاشکرا دیارە عێراق پشت لە بنەکاکانی دیموکراسییبوونی سیستەمی حوکمڕانێتی دەکات و کار بۆ ناوەندگەرایی و بە سەنتەرکردنی بەغدا و تواندنەوەی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لەژێر هەژموونی عەرەبی و شیعەگەرا دەکات و زەمینەی پەشیمانبوونەوە لە سیستەمی هەرێمبوون خۆش دەکات، بە جۆرێک ئەگەر کورد پێشمەرگەی نەبووایە، دەمێک بوو بە گورزی سەربازی، قەوارەی هەرێمی کوردستانیان هەڵدەوەشاندەوە. لەکاتێکدا عێراق بەپێی دەستوور فیدراڵییە، کەچی ڕێگە بە دروستبوونی هەرێمی دیکە نادات و ئەوەیشی باسی هەرێمی دیکە بکات، وەک ئەوەیە تاوانێکی گەورەی کردبێت.

لە ئەگەری درێژەدان بەو عەقڵییەتی بەسەنتەرکردن و پەراوێزخستنەی پێگەی سیاسیی هەولێر، پێدەچێت گرفتەکانی هەولێر و بەغداش تووندتر ببن و پێکدادانی گەرمیشی لێ بکەوێتەوە، چونکە هەولێر نایەوێت بەتەنیا پارێزگایەک بێت و دەستبەرداری پێگە سیاسی و هەرێمییەکەی خۆی نابێت، ئەمەیش لای عێراقییە فاشیستەکان قەبوواڵ ناکرێت کە کوردیش سەنتەری سیاسیی خۆی "هەولێر" هەبێت، بۆیە لە چەند ڕێگەیەکەوە کار بۆ لاوازکردنی پێگەی هەولێر دەکەن.

مووچە و بودجەی دەبڕن و دادگە و یاسا مەبەستدارەکانیان لە دژی هەرێمی کوردستان وەک ماکینەیەکی بێویژدان خستووەتەگەڕ، لەنێوخۆی هەرێمی کوردستانیشەوە پارە دەدەنە چەند حیزبێکی نزیک لە سیاسەتی خۆیان و تاران بۆ ئەوەی شەڕی حکوومەتی

هەرێمی کوردستان بۆ تەواوکردنی پڕۆژە سیاسییەکەی بەغدا و تاران بکەن.

پڕۆژە سیاسی و ڕەگەزپەرستییەکەی بەغدا، ئامانجەکەی سەرەتا لاوازکردن و دواتر هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، ئێستا مامەڵەی هەرێمبوونی لەگەڵدا ناکەن و تەنانەت بە پارە خەڵکێکی زۆری کوردیان کڕیوە بۆ جوانکردنی ڕووخساری حوکمڕانانی بەغدا گوایە حکوومەتی بەغدا باشترە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمە بەشێکە لە پڕۆژە سیاسییەکە و بەداخەوە خەڵکانێکی کورد کە حیزبیان هەیە و ڕۆشنبیرن و سیاسین، بەشێکی پڕۆژەی بەغدا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکەن تا ئەو ئاستەی زۆر جار کارەکتەرانی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەککاتدا ناچارن شەڕی سیاسییەکانی بەغدا و تابووری پێنجەم لە هەرێمی کوردستان بکەن!

بەداخەوە کارەکتەرانی تابووری پێنجەم و بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە جێبەجێکردنی پڕۆژە سیاسییەکەی بەغدا بۆ بەسەنتەرکردن و دیکتاتۆرییەتی بەغدا، بوونەتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی لاوازبوونی پێگەی کوردستان، لەکاتێکدا ناکۆکییە سیاسییەکان نابێت لەسەر حیسابی پێگەی کورد بێت، کەچی ئەوەی دەبینرێت و لە هەڵوێستییاندا هەست دەکرێت، هەندێک لەو حیزب و کەسایەتییە سیاسییە کوردییانە لەپێناو دەستکەوتێکی ماددی و حیزبی، سڵ لە چوونە باوەشی بەغدای دیکتاتۆرییەت ناکەن و هەموو ئومێدێکیان بووەتە کەوتنی هەولێر لە بەرانبەر ئالّنگارییەکانی بەغدا.

ڕەنگە زۆر کەس بڵێن ئەو تەوژمە دژایەتییەی بەغدا تەنیا فۆکەسی لەسەر پارتییە و بە لاوازبوونی پارتیش، ئیدی بەغدا کێشەی لەگەڵ کورددا نامێنێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجی سەرەکیی بەغدا خودی قەوارەی هەرێمی کوردستان و پەڕوبااڵکردنی کوردە لە چوارچێوەی عێراقێکی ناوەندگەرادا، ئەوەی وایکردووە ئێستا تەنیا پارتی ئامانجە سەرەکییەکەی بەغدا بێت، ئەو توانا بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە و ئاڵنگارییەی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە بە ئاشکرا بە بەغدا دەڵێت نەخێر و بووەتە گەورەترین بەربەست و هەڕەشەی بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژە سیاسییەکەی بەغدا و بە کردەوەش پارتییەکان توانیویانە بەرەو ڕووی بەغدا و تاران بوەستنەوە تا ئاستی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ ڕێگریکردن لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

فەیسبووک: ٢٠٢٥/٦/٨
ماڵپەڕی هەرێم نیوز: ٢٠٢٥/٦/٨

کۆنەکەی گۆڕان و تازەکەی سوودانی

کۆنەیەکی گۆڕان کە ئێستا وەک سیاسەتمەدار و چاوێرێکی سیاسی خۆی دەناسێنێت، لەبری ئەوەی ڕەخنە لە حکوومەتە فاشیزم و موچەبڕەکەی بەغدا بگرێت، وەک گوتەبێژی بەغدا، هۆکاری نەهاتنی موچە، دەخاتە ئەستۆی حکوومەتی هەولێر و بارەگای بارزانی.
گرنگە خەڵکی کوردستان باش بزانن بۆچی و لەبەرچی بەغدا موچە نانێرێت؟ ئەگەرچی پارتییەکان زۆریان لەمبارەیەوە گوتووە و من نامەوێت بە درێژی دووبارەیان بکەمەوە. تەنیا دەڵێم بەغدا دەیەوێت لە ڕێگەی بەبارمتەگرتنی نەوت و داهاتەکەیەوە، بەر بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت، لە قۆناغی ئێستاشدا بە دروستکردنی ناڕەزایەتیی ناوخۆیی و دنەدانی هێزە سیاسییەکان، لەنێوخۆدا قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز بکات و دواتر کار لەسەر نەهێشتنی قەواڕە دەستوورییەکەش دەکات.
هەر کوردێک ئەگەر نەختێک هەستی نەتەوەیی هەبێت، وێڕای هەرچی سەرنجمان لەسەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان بە پارتی و یەکێتی و حیزبە سیاسییەکانەوە، نابێت هیچ کەس و لایەنێکی سیاسیی

کوردستان، بەغدای فاشیزمی دژە کورد وەک فریادڕەس بناسێنێت و هەرێمی کوردستانیش وەک دۆزەخ !

بەغدای ئێستا، سیستەمێکی سیاسی و نادیموکراسییە و فاشیزمیانە دەڕوانێتە پێگەی کورد و نایەوێت هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیەشی، لەسەر چەندین ئاستدا کار دەکات، وەک بەبارمتەگرتنی دارایی و مووچەی هەرێمی کوردستان و کڕینی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان وەک ماکینەیەکی دروستکردنی ئاڵۆزی و کارکردنیان بە بەرنامە بۆ نائومێدکردنی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی متمانەیان بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان نەمێنێت. هاوکات ئەو تاپێە کاری جددی لەسەر جوانکردنی ڕووخسارە ناشیرینەکەی بەغدا دەکەن و وەک فریشتە لە میدیاکانیاندا نیشانی خەڵکی کوردستانی دەدەن.

ئەو کۆنە گۆڕانە و گوتەبێژی ئێستای بەغدا، پارتی تۆمەتبار دەکات بەوەی عینادی سیاسی لەگەڵ بەغدا دەکات و بەهۆیەوە مووچە نایەت! ئەم جۆرە وتارە پۆپۆلیستییە بە ئاشکرا کار بۆ جوانکردنی بەغدا دەکات، لەکاتێکدا باش دەزانێت بەغدا ئەو هێزە متمانەپێکراوە نییە ئومێدی لەسەر هەڵبچندرێت و پارتیش لەڕووی سیاسییەوە حیزبێکی عیناد نییە، بەڵکوو لە دۆخە قورس و ئاڵۆزەکاندا کاتێک مەترسی دەکەوێتە سەر پێگەی سیاسیی هەولێر، هەڵوێستی وەردەگرێت و ڕووبەڕووی هێزە عەرەبی و کوردییەکان دەوەستێتەوە.

لە چانسی پارتیدا حیزبەکانی کوردستان لە ئاست بەغدا بێهەڵوێستن، بگرە بەشێکیان چونکە پارە لە بەغدا وەردەگرن، کار بۆ پڕۆژە سیاسییەکەی عێراق دەکەن بە جۆرێک ئەوەی بەغدا بەرانبەر کورد پێی ناکرێت، ئەوانەی ناوخۆ، لە ڕێگەی میدیای فەرمی و سۆشیاڵمیدیا و سیاسییەوە بۆی دەکەن.

لەم دۆخەشدا کاتێک پارتی هەڵوێست وەردەگرێت، بە عینادی سیاسی تۆمەتباری دەکەن و بڕیارە ستەمکارییەکانی بەغدا وەک موچەبڕین و دۆسیەی نەوت و دروستکردنی دووبەرەکیی ناوخۆیی و بەرگرتن بە پێشکەوتنەکان، خەتاکەی دەخەنە ئەستۆی پارتی، هەموو پاساوەکانیان ئەوەیە پارتی هەوڵێر ڕادەستی بەغدا ناکات .

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت هۆکارەکەی بارەگای بارزانی و کابینەی نۆیەم نییە، پێویستە ئەو کۆنەیە بزانێت ئەوە سیاسەتی بەغدایە چاوی بە پێشکەوتنەکانی کوردستان هەڵنایەت و ترسی لە بەهێزبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە و دەیەوێت لە ڕێگەی دروستکردنی کێشەوە بنکۆڵی دامەزراوەکانی کوردستان بکات و بە پاڵپشتیی گوتەبێژەکانیشی لە هەرێمی کوردستان، کاری جددی بۆ لێدان لە قەوارەکە دەکات.

دەبوو ئەو کۆنەیەی گۆڕان بای ئەوە زانیاری هەبوایە کە بەغدا بشفڕێت و هەرچیەکیش بۆ کورد بکات، هەر دوژمنە و هەرگیز نابێتە پایتەختێکی دادپەروەر و بە یەکچاو سەیری هەموو هاووڵاتییەکی عێراقی بە کورد و عەرەب و تورکمان و پێکهاتەکانی ناکات، بەڵکوو

تێڕوانینی حوکمڕانیی بەغدا، زاڵمانە و سەد لە سەد ڕەگەزپەرستانەیە، بە جۆرێک عەرەب و لەنێو عەرەبیشدا شیعە لەسەرووی هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانی دیکەوە دادەنێت. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم فۆرمە لە سیاسەتکردنەی بەغدا، زۆر ئاستەمە، پایتەختێک لەبری دیالۆگ، داوا دەکات خۆی ڕادەست بکەیت، پایتەختێک ڕووی لە دیکتاتۆری و مەزهەبی و پشتی لە دیموکراسی و مافە مەدەنییەکانی هاوواڵتییان بێت، جیابوونەوەی کورد لێی، ئەرکێکی مرۆیی و سیاسی و نەتەوەیی و ئەخلاقی کوردستانییە.

فەیسبووک: ٢٠٢٥/٧/١٠

بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١- سێبەرەکانی جەنگ/ چیرۆک/٢٠١٢

٢- ئیسلامی سیاسی لە گوتاری توندڕەوییەوە بۆ خەونی خەلافەت/٢٠١٧

٣- کورد لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا/ ٢٠١٨

٤- ئیسلامی سیاسی فریودان و تیرۆریزم/ ٢٠١٨

٥- ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە/ ڕۆمان/ ٢٠١٩

٦- پژمین/ ڕۆمان/ ٢٠٢١

٧- ئازادی و مانەوە لە بازنەی چەقبەستوویيدا/ ٢٠٢٢

٨- خوێن و ئیرۆتیک/ ئەدەبی/ ٢٠٢٢

٩- شوناس و هەڕەشە/٢٠٢٥